گەندەڵی لە سربیا

نووسینی: بۆریس بیگۆڤیچ و بۆشکۆ میاتۆڤیچ (سەرنووسەران)

رەنگرێژی: زۆران م. بلاگۆیڤیچ

بڵاوکراوەی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی لیبرال – دیموکرات، بەلگراد

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
محەممەد مستەفا قەرەداغی

www.pertwk.com

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوبەرێتی خانەی وەرگێڕان

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- **ناوی کتێب: گەندەڵی لە سربیا**
- **نووسەر: بۆریس بیگۆڤیچ و بۆشکۆ میاتۆڤیچ**
- **وەرگێڕ: محەممەد مستەفا قەرەداغی**
- **زنجیرە:**
- **تایپ و نەخشەسازی: کمال عبدالهادی**
- **دیزاینی بەرگ:**
- **چاپخانەی:**
- **تیراژ:**
- **ژمارەی سپاردن: ی**

www.pertwk.com

گەندەڵی لە سربیا

دراگۆمیر ئەنتۆنیچ

بۆدیمیر بابۆڤیچ

دراگۆر هیبەر

زۆران ئیڤۆشیڤیچ

دراگۆلیوب کاڤران

بۆشکۆ میباتۆڤیچ

بۆژو ستۆیانوڤیچ

زۆران ڤاسیچ

میریانا ڤاسۆڤیچ

سلۆبۆدان ڤۆکۆڤیچ

ئەم پرۆژەیە لەلایەن

(سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ پرۆژە تایبەتەکان)ەوە پارەی بۆ دابین کراوە

ناوەرۆك

وشەی بەرایی 9

پێشەكی 13

پێناسەی گەندەڵی 15

هۆ بنەڕەتییەكانی گەندەڵی 21

میكانیزمە بنەڕەتییەكانی گەندەڵی 30

گەندەڵیو بەرتیلكاری لە نەریتە باوەكانی سربیادا 45

پێناسەی بەرتیلو واتا بەرامبەرەكانی 45

پەیوەندیی نەریتی باو (ترادیسیۆن)و گەندەڵی 46

ئەو هۆو بارودۆخانەی كە پشتگیری لە گەندەڵی دەكەن 51

دوو چیرۆكی باو دەربارەی گەندەڵی 55

ئەنجامی ئەو رووپێوانەی كە لەسەر گەندەڵی ئەنجام دراون 58

بیرۆكەو ئەزموونەكانی گەندەڵی 58

بیروڕای خەڵكی سربیا دەربارەی دیاردەكەو پراكتیزەكردنی گەندەڵی 58

ئەزموونی خاوەن پرۆژە تایبەتەكان لەگەڵ گەندەڵیدا 101

دەرخستنی گەندەڵی 153

گەندەڵی لە دادگادا 166

گەندەڵی لە دامودەزگا گشتییەكاندا 175

گەندەڵی لە ئاگاداریی تەندروستیدا: گەندەڵی یان پارەكێشانەوە؟ 232

رووتاندنەوەیەكی گشتی 244

هۆیەكانی گەندەڵی ...

هۆیە ئابوورییەكانی گە

هۆیە سیاسییەكانی گە 262

هۆیە یاساییەكانی گەند

سەرەنجام 299

كاریگەرییەكانی گەندەڵی 304

جۆرەكانی گەندەڵیو كاریگەرییان 304

دەرەنجامە ئابوورییەكانی گەندەڵی 318

لایەنە كۆمەڵایەتییەكانی گەندەڵی 338

سەرەنجام 343

ستراتیژیی دژە گەندەڵی 344

ستراتیژییە بنەڕەتییەكان 346

www.pertwk.com

سیاسەت و جەنگان دژ بە گەندەڵی 352
ئاکارەکان و جەنگان دژ بە گەندەڵی 358
لە ڕێسابەدەربوونی ژیانی ئابووری 362
چاکسازیی سیستمی دادوەری 375
چاکسازیی سیستمی دارایی 394
چاکسازیی دامودەزگا گشتییەکان 407
دامەزراوە سەربەخۆکانی
پلانی کارکردن ....

وشەی بەرایی

گەندەڵی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە هێندەی کۆنیی کۆمەڵگە کۆنەو تەنیا لە کاتێکدا باسی کراوە یان لەسەری نووسراوە کە دوو جۆرە بارودۆخ هاتبنە گۆڕێ. یەکەم لە کاتێکدا هێندە ئازادی لە وڵاتدا بوو بێت کە بتوانرێت هەرچۆن بێت لەسەری بنووسرێت. دووەم لە کاتێکدا کە گەندەڵی تین دەسێنێت و بەناو گشت دامەزراوەکانی کۆمەڵگەو دەوڵە

گەندەڵی هێندە لە نزیکەوە پا

لەناوبردنی کارێکی گران دەبوو. لە کاتێکدا من نامەوێت خۆم بخەمە نێو لێشاوی بابەتی زانستی ڕەگەزی مرۆڤناسییەوە (anthropology)، یاخود نێو پێناسەکردنی سروشتی مرۆڤ یان ئەو مشتومڕەی کە داخۆ مرۆڤ لە بنەڕەتدا چاکەیە یان خراپە، دەتوانم ئەوە بڵێم کە سروشتی مرۆڤ لە هەندێك لایەنەوە لەبارە بۆ ئەوەی بکەوێتە بەر گەندەڵی و لاوازی لە ئاستی زاڵبوونی بەسەر خۆویستیدا. گەر ئێمە خۆپەرست و شەڕانی بووین ئەوە بەسە بۆ ئەوەی شوێن ئارەزووە خۆڕسکەکان (غریزە) بکەوین. بەڵام گەر چاك و خاوەن ڕەوشت بووین پێویستمان بەوەیە کەم تا زۆر هەوڵ بدەین کە بەسە ئارەزووە خۆڕسکەکانماندا زاڵ ببین. کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا ژیا ئەوا دەکەوێتە بەر چەندین فریودان و کەم کەسیش هەیە وەك (ئۆسکار وایەڵد) دان بەمەدا بنێت: من دەتوانم بەرگری لە هەموو شتێك بکەم بێجگە لە فریودان.

ئەم چەند ڕستەیە نە هەوڵدانە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە گەندەڵییەوە بکەینە وەیشوومەیەکی کۆمەڵایەتی و نە بۆ دڵساردکردنەوەشە لە ململانێکردن دژ بە گەندەڵی، بەڵکو بۆ ئاگادارکردنەوەیە لە بەرفراوانیی ئەو دیاردەیەو بەرگریکردنی.

ئێمە لەبارەی ململانێیەکەوە دەدوێین کە دژ بە وەیشوومەیەکی کۆمەڵایەتییەو کۆمەڵگە لەناو دەبات و پێوەرە یاسایی و ئاکارییەکان پووچەڵ دەکاتەوەو بەرژەوەندیی گشتی و بوونی زۆرینەی خەڵك دەخاتە مەترسییەوە.

کاتێك کە بەرژەوەندیی گشتی یان جەماوەر پارێزگاریی لێنەکرا، گەندەڵی پەرە دەسێنێت. دارایی دەوڵەت و کەلوپەلی دەوڵەت ئامانجی تەواوی گەندەڵیی ڕێکخراوو تاوانی ڕێکخراوە. ئەو دەوڵەتانەی بارودۆخیان سەقامگیر نییەو ئەو کۆمەڵگەیانەی لە گۆڕانکاریدان زۆرتر بەرەو رووی گەندەڵی دەبنەوە بەهۆی گۆڕانکاریی

www.pertwk.com

پێوەرە یاسایی و ئاکارییەکانەوە.

لە هەندێك ولاتانی سۆشیالیستی پێشوودا گەندەڵی رەگی هەبووە لە رژێمە پێشووەکەدا. چەندە قەیرانی ئەو کۆمەڵگەیانە درێژەیان کێشابێت هێندە مەودای گەندەڵییەکەیان فراوانتر بووە. کاتێك کە گەندەڵی دەگاتە قەوارە گەورەکانو کاتێك کەلێن دەخاتە نێو گشت خزمەتگوزارییەکانو دامەزراوو رێکخراوەکانەوەو خۆی گەیاندە ناو هەموو کەلێنەکانی کۆمەڵگەوە ئەوسا داڕزانێکی گشتیی زۆرتر روودەدات. سەرەتا پۆلیس هاوکاریی تاوانکاران دەکاتو پاشان رێکیشیان دەخات. فەرمانبەرانی گومرگ هاوکاریی قاچاغچییەکان دەکەنو پاشان خۆیان قاچاغچێتی رێك دەخەن. دادگا، چاودێریی تەندروستی، پەروەردەو بە تایبەتیش ئابووری دەکەونە ژێر کاریگەریی گەندەڵیی رێکخراوەوە. پێکەوە ژیان لە هەردوو حاڵەتی ئاسایی و نادروستدا دێتە گۆڕێ. هیچ ململانێیەك لە دژی هێزە یەکگرتووەکانی گەندەڵی نییەو هەموو یەکێك لەو ئەرکەدا هاوکارە. ئەمە حاڵەتێکە دەشێت پێی بووترێت دزیکراسی. گشت هێزە کاریگەرەکانی کۆمەڵگە لە دزینی شمەکی گشتیدا یەك دەگرنو یەك هێزی کەمینەی دزێتی پێکدەهێنن.

گەر هاووڵاتییە شەرفمەندەکان راست نەبنەوەو لە پشتەوە لەتەکیاندا نەجەنگێن یاسای دزەکان بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت. تەنانەت لەوەش خراپتر هەموو یەکێکی تێوەدەگلێتو رەوشتو یاساو خەڵکی دەکاتە شتێکی بێماناو ململانێی نێوان چاکەو خراپەو هەروەها ئاسایی و نادروست لەناو دەباتو بزاوتی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان وێران دەکاتو داڕزانو وێرانبوون وەك چارەنووس دەچەسپێنێت. لەبەر ئەوە یەکەم هەنگاوو گرنگترین هەنگاوی هەموو چاکسازییەکی دیموکراسی دەبێت جەنگی دژ بە گەندەڵی چەندوچوونیی تیا نەکرێت.

دراگولیوب میئینۆڤێ
سەرۆکی ئەنجومەنی گەل
کۆمەڵەی یۆگۆسلاڤیا

www.pertwk.com

پێشەکی

گەندەڵی یا بەرتیل هێندەی تەمەنی دەوڵەت کۆنە، لەبەر ئەوە ململانێش بۆ سەرکوتکردنی کۆنە. شانبەشانی گەشەکردنی چالاکیی ئابووری‌و پەرەسەندنی دەستتێوەردانی حکومەت لە کاروبارە بازرگانییەکانداو بە بیرۆکراسیکردنی کۆمەڵگە، گەندەڵیی زیاتر پەرەدەسێنێت. لەبەر ئەوە بووەتە یەکێك لە کێشە هاوچەرخە گەورەکانی جیهان. ئاشکرایە کە ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بەرەو رووی یۆنانییە کۆنەکان بووەتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەوان کۆمەڵێك یاسایان بووە بۆ بەربەستکردنی دیاردەکە. زاراوەی گەندەڵی میکیاڤیلی لە پۆلیبای وەرگرتووە کە بە جۆرێتیی تێکدانی هێز ئاماژەی بۆ دەکات. بیرۆکەی گەندەڵی‌و داتەپینی دەسەڵات لە ئینگلتەرە لە سەدەی هەژدەهەمدا لەگەڵ بەرتیلکاریدا دەستنیشان کراوە. ئەمڕۆکە زۆرجار وا لە گەندەڵی دەگەین کە بەکارهێنانێکی نایاسایی پلەو هێزی کۆمەڵایەتییە بۆ دەستکەوتی تایبەتیی کەسی. وەك دێڤید هیوم ئاماژە بەوە دەدات کە دەوڵەت هێزێکی گەلێك زۆری هەیەو هەڵبژاردنەکان لە رێی بەرتیلەوە کپ دەکرێن. هاوکات مۆنتسکیو بیرو بۆچوونی وابوو کە هەر دەسەڵاتێك بەلای خراپ بەکارهێناندا دادەشکێنێت، لەبەر ئەوە دەبێت لە رێی دەسەڵاتێکی ترەوە سنووری بۆ دانرێت. ئەو بیرو بۆچوونانەی کە لە مێژووی بیری کۆمەڵایەتیدا ئاماژەیان پێدرا ئەوە دەگرنە خۆ کە لە هەر شوێنێك هێزو کاریگەریی سیاسی هەبێت، کەم تا زۆر گەندەڵیش هەیە. لە تیۆریی سیاسیدا ئەو چەمکە هەیە، کە تا رادەیەك رێکەوتنێکی گشتیی لەسەرە، ئەویش ئەوەیە کە هێزو کاریگەریی سیاسی "نابێت بە کڕین‌و فرۆشتن بێت" هەروەك چۆن ژیانی مرۆڤو مافی هاوسەرگرتن‌و لەدایکبوون‌و ئازادیی وتن‌و کۆمەڵبەستن‌و خۆشەویستی‌و هەستی ئایینی... تاد نابێت ببنە کڕین‌و فرۆشتن. هەروەها ئامانجە بازرگانییەکەش نابێت پلەیەکی رەسمی بێت کە ئەمەش لەوە سەرچاوە دەگرێت وا لە سیاسەت بگەین کە بەرژەوەندیی گشتییەو سەدە لە دوای سەدە لە یاساکانی جیهانی شارستانییەتیدا کۆ کراونەتەوە. جاروبار لە نێوان ئەو بنەمایانەدا کە بە گشتی پەسەند کراون لە پراکتیزەکردندا جیاوازییەکی گەورە هەیەو خراپ بەکارهێنانی پایە رەسمی‌و سیاسییەکان لە رێی یاسای تاواناوە سزا دراوە.

ئەو بنەمایانەی خراونەتە بەرچاو، هەرچەندە بە گشتی پەسەند کراون، رێ ناگرن لە گەشەکردنی گەندەڵی‌و لە پەرەسەندن‌و تەشەنەکردنی لە شێوەی دیاردەیەکی بەربڵاوی گشت وڵاتانی جیهان. ئەم راستییە لە لایەکەوە ژمارەیەکی زۆر لە توێژەرەکان دەیسەلمێنن‌و لەلایەکی تریشەوە ئەو ریسواییانەی کە رۆژانە نەك هەر وڵاتە گەشەنەسەندووەکان، بەڵکو وڵاتە گەشەسەندووە لیبرال – دیموکراتەکانیش دەهەژێنن.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە هۆو میکانیزمەکانی گەندەڵی لە سربیا روون بکاتەوەو لە گەورەترین دەرەنجامەکانی گەندەڵی بگات. ئەوەش لەسەر بنەمای پێشینە تیۆرییەکان‌و ئەو بابەتە وەگەڕخراوو ئەزموونگەرییانەی کە لە بەردەستدان. لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە ئەزموونگەرییانەو بۆ ئەوەی پێناسەیەك بۆ ئەو ستراتیژییەی دژە گەندەڵی بکەین کە دواتر دەکرێتە پلانی کار. گەشتی دوور دەبێت لە یەکەم هەنگاوەوە دەست پێبکات کە ئەویش پێناسەکردنی دیاردەی گەندەڵییە.

پێناسەی گەندەڵی:

گەندەڵی دەشێت بە چەند شێوەیەکی جیاواز پێناسە بکرێت. لە هەموو ئەو پێناسانە بەرفراوانتر ئەوەیە کە (ڤایتۆ تانزی) کردوویەتی، وەك ئەو دەڵێت: گەندەڵی بە ئەنقەست گوێنەدانە بە بنەمای پەیڕەوکاری بەو مەبەستەی ئەو کەسە خۆی یان ئەو کەسانەی پەیوەندییان پێوەی هەیە سوودمەند بن لەو ڕەفتارە. بنەمای پەیڕەوکاری ئەوە دەخوازێت کە لە بڕیارداندا پەیوەندییە کەسییەکان یا هەر جۆرە پەیوەندییەکی تری نێوان بەشدارانی مامەڵەکە کاریگەرییان نەبێت. ئەم بنەمایە بەشێکە لە کارکردنی بازاڕی تەواو کە بە بازاڕێکی دوور لە بازاڕی بەکەسکراو پێناسە دەکرێت.

لەسەر بناغەی ئەو پێناسەیەی تانزی دەتوانین بگەینە ئەو سەرەنجامەی کە دوو حاڵەتی پێویست هەن کە پێشێلکردنی بنەمای پەیڕەوکاری دەتوانرێت بە گەندەڵی ناو ببرێت. یەکەم، پێویستە کە نیازبوون هەبێت — لە خۆوە لاوازبوونی دەستپاکی، بۆ نموونە، بەهۆی زانیاریی نادروستەوە نابێتە گەندەڵی. دووەم، پێویستە لە ئەنجامی ئەو لاوازبوونی دەستپاکییەوە سوودێك بەدەست هاتبێت، یاخود دەستکەوتێکی کەسی بەدی هاتبێت. لاوازبوونی دەستپاکی، بۆ نموونە، بەهۆی ڕەنگی ئەو کەسەی لە مامەڵەکەدا بەشدار بووە ڕەگەزپەرستییە نەك گەندەڵی.

بەدەستهێنانی سوودێك یان بەدیهێنانی دەستکەوتێکی کەسی بۆ ئەو کەسەی کە بڕیارێکی ناڕەوای وا دەدات کە داشکاندن بێت بەلایەکدا گەلێك شێوەی هەیە. ئەوەی خەڵکی بە گشتی لەسەری پێکهاتوون ئەوەیە کە گەندەڵی دەچێتە چوارچێوەی پارە وەرگرتنەوە (ئەم جۆرە گەندەڵییە زۆرجار پێی دەوترێت بەرتیل)، بەڵام دەستکەوتی هاوچەشن دەشێت دیاریی گرانبەها بگرێتەوە، وەك کرێیەك کە لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکدا دەدرێت، خشڵێکی گرانبەها بۆ خێزانی ئەو کەسەی کە خاترانەکەی کردووە، یاخود دانانی کوڕەکەی لە فرمانێکدا کە مووچەیەکی باشی پێوەردەگرێت (کارێکی کەمیش ئەنجام بدات)، بێگومان ئەمانە دەبنە گەندەڵی.

بەدەستهێنانی سوود یان بەدیهێنانی دەستکەوتی کەسی دەشێت هاوکات بێت لەگەڵ بڕیارە خاترانەکەدا (ناڕەواکەدا) بەڵام ئەم دوو کردارە دەشێت لە دوو کاتی جیاوازدا ئەنجام بدرێن. ڕوونتر بڵێین، ئەو بڕیارە خاترانەیەی کە لەلایەن کەسە گەندەڵەکەوە دەردەکرێت، پابەندبوون بە چاکەدانەوەکەوە بە شێوەیەکی نارەسمی بەڵام زۆر بە توندی ڕێك دەخات بە جۆرێك کە پابەندبوونەکە فەرامۆش نەکرێت و بەدەستهێنانی سوودە کەسییەکە بشێت بخرێتە داهاتووەوە. ئەگەر خزمەتە بەرامبەرەکە فرمانێك بوو کە مووچەی باشی بۆ کوڕەکەی تیابێت، بەڵام کوڕەکە تازە چۆتە زانکۆ ئەوا دیارە کە لە نێوان کاتی دوو کردارەکەدا ماوەیەك هەیە. سەرباری ئەوە، لە ڕێکەوتنە گەندەڵەکاندا زۆرجار خزمەتە بەرامبەرەکە دیاری نەکراوە، بەڵام تەنیا پابەندبوونێك بۆ کەسە گەندەڵکارەکە دانراوە کە لە داهاتوودا سوودە کەسییەکە بۆ گەندەڵکراوەکە دابین بکات.

تیۆریی کۆڵمەن سەبارەت بە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی تاکەکەس لەم ڕووەوە بەکەڵکە، بە پێی ئەو تیۆرە ئەو سەرمایەیە بریتییە لە بڕی ئەو گازندانەی لە کەسەکە دەکرێت لەسەر بنەمای ئەو خزمەتانەی پێشکەشی کردوون. بۆ نموونە، فەرمانبەرێکی میری لە بەشی مۆڵەتی هێنانی کەلوپەلی بازرگانی، کاتێك کە بە خاترانە چەند مۆڵەتێك بۆ کەسانێك دەردەکات پێویست ناکات یەکسەر داوای خزمەتە بەرامبەرەکەیان لێبکات، بەڵام ئەو

خزمەتە بەرامبەرە بۆ داهاتوو لە ئەستۆ دەگیرێت. هەر مۆڵەتێکی بە خاترانە دەرکراو دەچێتە سەر سەرمایە کۆمەڵایەتییەکەی فەرمانبەرە میرییەکە بەو واتایەی کە گازندەی کەسانی تری لەسەر زۆر دەبێت. چەندە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی کەسەکە گەورەتر بوو، هێندە سوودی لە داهاتوودا زۆرتر دەبێت.

سەرەڕای ئەمە، دەبێت جیاوازی لە نێوان سەرجەم سەرمایەی کۆمەڵایەتیی کەسەکەو پوختەی ئەو سەرمایەدا بکەین. پوختەی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی کەسێك بریتییە لە بڕی ئەو خزمەتە بەرامبەرانەی کە دەبێت لە داهاتوودا بۆی دابین بکرێتو بڕی ئەو خزمەتە بەرامبەرانەی لێدەردەکرێت کە ئەو کەسەش خۆی دەبێت لە داهاتوودا دابینی بکات. با ئەو پەیوەندییانە لەیاد نەکەین کە لە دەرەنجامی پابەندبوونەکانی بنەماڵەی کۆرلیۆنیدا دروست دەکرا (رۆمانو فیلمی العراب – Godfather). ئاشکرایە کە دۆن ڤیتۆ کۆرلیۆنی لەو دەوروبەرەی خۆیدا کەسێك بوو کە گەورەترین سەرمایەی کۆمەڵایەتیی هەبوو.

لەو جۆرە بارودۆخانەدا، سەرمایە کۆمەڵایەتییەکە دەبێتە میراتی، کاتێك کە کوڕەکەی بوو. (دۆن)ی نوێ سەرکەوتووانە ئەو سەرمایەیەی وەگەڕ خست لە دامەزراندنی پایەی خۆیدا لەنێو بازاڕە پەیوەندارەکەدا.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دیاریکردنی کاتی نێوان بڕیارە خاترانەکەی گەندەڵبووەکەو خزمەتە بەرامبەرەکەی گەندەڵکارەکە بەو جۆرەیە کە خزمەتە بەرامبەرەکە لە دواییدا دەبێت. دەشێت لە حاڵەتی گەندەڵیدا ئەمە بە پاشەکی ناو ببرێت. بەهەرحاڵ لە هەندێك باردا پێشەکی هەیە. بۆ نموونە، لە هەندێك وڵاتانی ئاسیادا ئەندامانی پەرلەمان یان فەرمانبەری میری لەگەڵ دەستبەکاربوونیاندا پێشەکی پارەیان بۆ دەخرێتە ناو زەرفەوە، بێئەوەی دیاری بکرێت پێویستە چی بکرێت واتە کام بڕیاری خاترانەیان لێ چاوەڕوان دەکرێت. تەنیا لە دواییدا خزمەتێك داوا دەکرێت یان بڕیارێکی خاترانە دەخرێتە بەردەم.

ئەو پێناسەیەی لای سەرەوە بۆ گەندەڵی بریتییە لە چوارچێوەیەکی شیتەڵکاری بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردەیە. بەهەرحاڵ، بەکارهێنانی ئەم پێناسیە وەك بنەمایەك بۆ بڕیاردان لەمەڕ ئەو چالاکییە تێبینیکراوەدا، واتە بڕیاردان لەوەی ئاخۆ گەندەڵی هەیە یا نا، چەند کێشەیەکی پێوەگرێدراوە. بە تایبەتی تا رادەیەك کارێکی گرانە کە بە شێوەیەکی کارا بتوانرێت خاترانە لە بڕیارداندا پێناسە بکرێت، واتە شکاندنی بنەمای دەستپاکی. بڕیاردان لەوەی کە ئاخۆ یاسایەکی رەسمی شکێنراوە گەلێك ئاسانترە. بەهەرحاڵ، لە گەلێك حاڵەتدا یاسای رەسمی نییەو بڕیاردان ئەو مافی خەملاندنەیە کە فەرمانبەرە میرییەکە هەیەتی. ئەگەر فەرمانبەرە میرییەکەی کە مۆڵەتی کەلوپەل هێنانەکەی دەرکردووە مافی خەملاندنی ئەوەی هەبێت کە بۆ کێ ئەو مۆڵەتە دەردەکاتو بە گشتی بەرژەوەندیی نیشتمانی وەبەرچاو گرتبێت یاخود پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی، زۆر کارێکی گرانە بڕیار لەوە بدرێت کە ئاخۆ یاسا شکێنراوەو بە تایبەتیش ئاخۆ بە ئەنقەست شکێنراوە، چونکە هیچ یاسایەکی توندوتۆڵ یا رەسمیی ئەوتۆ نییە. سەرباری ئەوە رەنگڕشتنی کات لە نێوان دابینکردنی خزمەتەکە لەلایەن گەندەڵبووەکەوەو خزمەتە بەرامبەرەکە لەلایەن گەندەڵکارەکەوەیە کێشەی شیتەڵکاری دروست دەکات لە بڕیاردانی گەندەڵبووەکە سەبارەت بە سوودە تایبەتەکەی. ئەگەر خزمەتە بەرامبەرەکە دەستنیشان نەکرێت (ئەو خزمەتە بەرامبەرە چییە کە دەبێت دابین بکرێت) واتە ئەگەر لایەنە گەندەڵبووەکە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکەی بخاتە گەڕ، زۆر گرانە بتوانرێت ئەو حاڵەتی دووەمەی کە پێویستە بۆ گەندەڵی، کە ئەویش بەدەستهێنانی سوودی تایبەتە، دیاری بکرێت. ئێمە لە پێناسەکردنی سوودی تایبەتدا بەرەو رووی کێشەیەك دەبینەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کەسێك یان خێزانەکەی لە مەسەلەکەوە گلاون. بەهەرحاڵ، لە هەندێك حاڵەتی دیاریکراودا

www.pertwk.com

خزمەتە بەرامبەرەکە بۆ ڕێکخراوێك دابین دەکرێت کە گەندەڵبووەکە تیایدا ئەندامە، بۆ نموونە حیزبێکی سیاسی. بەو شێوەیە ژمارەی ئەوانەی لە زنجیرەی کارەکەدان زیاد دەکات و سەرباری ئەوەی کە دەستنیشانکردنی سوودە تایبەتەکە گرانتر دەکات.

لەپاڵ ئەو پێناسەیی (تانزی)دا، ئەمڕۆکە زۆرجار پێناسەیەکی کارای "بانکی جیهانی" بەکار دەهێنرێت کە دەبێت: گەندەڵی بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی (جەماوەر)، بۆ بەدەستهێنانی سوودی تایبەت. ئەم پێناسەیە هۆی گەندەڵی لە دەسەڵاتی گشتیدا ڕەچاو دەکات و گەندەڵی دەبەستێتەوە بە دەوڵەت و بە چالاکییەکانییەوە و دەستتێوەردانی لە بازاڕ و بوونی کەرتی گشتی. بە واتایەکی دی، بەکارهێنانی ئەم پێناسیە ئەو ئەگەرە بەدەر دەکات کە لە کەرتی تایبەتدا گەندەڵی هەبێت. ئەم پێناسەیە هاودەنگە لەگەڵ بیروڕای "بێکەر"ی ئەمریکایی کە خەڵاتی نۆبلی پێبەخشراوە و دەڵێت: "گەر دەوڵەت نەهێڵین، ئەوا گەندەڵی نامێنێت".

لە بنەڕەتدا، پێناسەکەی تانزی بۆ گەندەڵی لە هەموویان باشترە. یەکەم، پێناسەکەی بانکی جیهانی پێویستی بە هەندێك لە توخمەکانی (بنەماکانی) شیتەڵکارییە و ئەمە وایکردووە شیتەڵکردنی میکانیزمی گەندەڵی کارێکی گران بێت. دووەم، پێناسەکەی تانزی پێویستە لە پێشتر دانرێت چونکە ڕێگە بەوە دەدات کە لە کەرتی تایبەتدا سەرنج لە گەندەڵی بدرێت، لە کاتێکدا پێناسەکەی بانکی جیهانی بە تایبەتی لەتەك دەوڵەت یاخود کەرتی گشتیدا مامەڵەی گەندەڵی دەکات. میکانیزمی ئەم دوو جۆرە گەندەڵییە تا رادەیەك جیاوازن و دواتر بە درێژی لێی دەدوێین. هەرچەندە پێناسەی تانزی باشترە، بەڵام پێناسەی بانکی جیهانی توانای ئەوەی داوە کە گۆشەنیگا بخرێتە سەر گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا کە لە قەبارە و دەرەنجامەکانیدا دیاردەیەکی گەلێك گرنگە. زۆربەی توێژینەوەکانی ئەم سەردەمە سەبارەت بە گەندەڵی مامەڵە لەتەك گەندەڵیی کەرتی گشتیدا دەکات، یاخود لەتەك ئەو گەندەڵییەی کە لەژێر سەرپەرشتیی دەوڵەتدایە. لەبەر ئەوە ئەم توێژینەوەیە مامەڵە لەتەك گەندەڵیی لە کەرتی گشتیدا دەکات کە بەهۆی بەربڵاوی و دەرەنجامەکانییەوە بووەتە دیاردەیەکی گەلێك گەورە لە سربیا. هۆیەکی دی بۆ ئەم دیاریکردنە دەگەڕێتەوە بۆ زۆر بەربڵاویی کەرتی گشتی لەم وڵاتەدا. ئەم کەرتە، بە مانا گشتییەکەی، هەر تەنیا دامودەزگا گشتییەکان ناگرێتەوە بەڵکو هەروەها کۆمپانیا گشتییەکانیش یاخود ئەوانەی کە پێیان دەوترێت کۆمپانیای ئیشتیراکی و تاکو ئێستاش بەشێکی دەستڕۆیە لە ئابووریی سربیادا، دەگرێتەوە. بەو پێیە، ئێستە و دواتر لەم دەقەدا تەنیا گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا تاووتوێ دەکرێت.

چەند وشەیەك سەبارەت بە لایەنی ئاکار لە پێناسەی گەندەڵیدا:

لای ژمارەیەکی زۆری خەڵك گەندەڵی بریتییە لە شتێك کە پەسەند نییە لە لایەنی ڕەوشتەوە، یاخود شەرێکە دەبێت دژی بجەنگێین چونکە دژ بە پرینسیپە بنەڕەتییەکانی ڕەوشتە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاکە گەلێك حاڵەت هەن کە گرانە بتوانرێت لە ڕووی ڕەوشتەوە بڕیار لەوە بدرێت کە کەسێك گەندەڵیی کردووە. با ئەم حاڵە وەك گریمانەیەك وەربگرین، هەرچەندە ڕێتێدەچێت کە لە ڕاستیشدا شتی لەو جۆرە ڕوو بدات: لە هاوینی ساڵی 2000دا پۆلیس لە یەکێك لە شارە بچوکەکانی سربیا لاوێکی خوێنگەرمی بزووتنەوەی "ئوتپۆر"ی گرت. باپیری ئەو کوڕە لاوە دەیزانی کە ئەگەری ئەوە گەلێك زۆرە کە کوڕەزاکەی لەلایەن پۆلیسەوە لێدانێکی باش بخوات. لەبەر ئەوە چوو بۆ ماڵی دراوسێیەکی کە پۆلیس بوو و ماوەی سی ساڵێك بوو دەیناسی. سەد مارکی ئەڵمانیی دا بە پۆلیسەکە و داوای ئەوەی لێکرد کە کوڕەزاکەی ئازار نەدرێت. پۆلیسەکە پارەکەی وەرگرت. بۆ

www.pertwk.com

سبەینێ لاوەکە ئازاد کرا بێئەوەی لەشی شین و مۆر ببێتەوە. کەواتە، هیچ گومان لەوەدا نییە کە گەندەڵی لە مەسەلەکەدا هەیە. ئایا لە رووی ئاکارەوە ئەم کردارە دەبێت رەخنەی لێبگیرێت؟ چونکە ئەو پرسینەوەیەی کە بە دوای ئەم مەسەلەیەدا دێت پەیوەندار نییە، ئەو شیتەڵکاریی گەندەڵییەی کە بە دوایدا دێت لە رووی ئاکارەوە میانگر دەبێت. لەو رووەوە ئەو پێناسەیەی گەندەڵییە دەچێتە خانەی میانگرییەوە.

ئامانجی شیتەڵکاریی گەندەڵی لە سربیا کە لێرەدا دێت ئەوەیە کە ئاست و هۆو میکانیزمی ئەو گەندەڵییە بزانرێت، هەروەها دەرەنجامەکانی یاخود کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندیی کۆمەڵگەو چۆنێتیی دابەشبوونی ئەو بەرژەوەندییە، نەك مامەڵەکردن لەتەك تاوانبارکردنی ئاکاری ئەوانەی کە گەندەڵ بوون و ئەوانەش کە گەندەڵکارن. هەڵوێستی ئاکاری دانەری ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە گەندەڵی لە بنەڕەتدا خراپەکارییەو ئەم هەڵوێستەش جێی چەندوچوون نییە.

سەرەڕای ئەوە، ئێمە زۆر بە سانایی لەسەر ئەوە کۆکین کە باشترین شت لە بەردەستدا ئەوەیە کە پۆلیس نابێت کەسانێکی لاو بگرن و لێیان بدەن لەبەر ئەوەی بەرهەڵستیی رژێمێك دەکەن، جا هەر رژێمێك بێت نەك هەر رژێمە کۆنەکەی سربیا. پاشان ئیتر گەندەڵی لەو جۆرە نابێتە کارێکی پێویست، جا ئەو گەندەڵییە وەك ئەوەی حاڵەتە گریمانەییەکە، بە پێی بەها ئاکارەکان بێت یا نا.

هۆ بنەڕەتییەکانی گەندەڵی:

لە جیهانی ئابووریدا بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی هەموو ئەوانەی لە کاروباری بازرگانیدا کار دەکەن، بە واتایەکی تر هەموو ئەوانەی کە تێکەڵ بە پەیوەندییە ئابوورییەکان دەبن، هاوچەشن لەو رووەوە کە ئامانج پترکردنی بەرژەوەندیی تایبەتە. لەبەر ئەوە، هاندەری بنەڕەتیی ئەو خەڵکەی تێکەڵ بە پەیوەندییە ئابوورییەکان دەبن بەرژەوەندییەکی خۆپەرستانەیە. (ئادەم سمیپ) داهێنەری زانستی ئابووریی سەردەم بەر لە زیاتر لە دوو سەدە بە ئاشکرا ئەم بۆچوونەی خستۆتە روو: نانەوا بەهۆی گیانی خۆنەویستییەوە نییە نانمان بۆ دابین دەکات، یاخود بە تەنگ ئەوەوە بێت کە ئێمە برسیمان نەبێت، بەڵکو لەبەر خاتری ئەو قازانجەیە کە لە نانفرۆشتنەکە دەیکات.

هەریەك لە ئێمە ئامادەیە شتێك وەگەڕ بخات یان هەر سەرچاوەیەك کە هەیەتی (موڵك، پارە، کاتی کار، رەنجدان، ...... تاد.) تەنیا لە کاتێکدا کە لەو وەگەڕخستنە بەهایەکی زیاتری دەستکەوێت لە بەهای ئەو شتە وەگەڕخراوە. هەروەها هەریەك لە ئێمە هەوڵی ئەوە دەدات کە جیاوازیی نێوان بەهای وەگەڕخستنەکەو ئەوەی کە بەرهەم دێت بگەیەنێتە ئەوپەڕی. هیچ کەس ناتوانێت هێندەی ئەم کارەم بداتێ کە دەتوانم بیکەم، ئەمەش بریتییە لە شێوەیەکی دیاریکراوی ئەو بەئەوپەڕکردنە، هەرچەندە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئەمە کارێکی وێرانکەر بێت. بە واتایەکی دی، خەڵکی لە هەموو حاڵێکدا بە شێوەیەکی ئابوورییانەی ژیرانە رەفتار دەکەن.

شێوەیەکی تایبەتیی ئەو بەئەوپەڕکردنە رەفتاری گەڕانە بە دوای دەستکەوتدا. دەستکەوت بریتییە لە سەرجەم ئەو داهاتانەی کە زیاترە لەو هەلی تێچوونانەی کە بەستراونەتەوە بە داهاتەکەوە. ئابووریناسەکان دەڵێن کرێ ئەو بەرهەمەیە کە زۆرترە لە هەلی تێچوونەکانی وەگەڕخستنی سەرچاوەیەکی دیاریکراو. ئەو ئابووریناسانەی رێڕەوێکی مارکسییان هەیە بە دەستەکەوت دەڵێن (زێدە قازانج).

هەریەك لە ئێمە دەیەوێت دەستکەوتی چنگ بکەوێت یاخود بیگەیەنێتە ئەوپەڕی. بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەین

www.pertwk.com

ئامادەین کە سەرچاوەکانمان بخەینە گەڕ تاوەکو بتوانین کاریگەری بخەینە سەر ئەو بڕیارانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی بەدیهێنانی دەستکەوت لە توانادا بێت.

بێگومان هەندێك شێوە رەفتاری هەوڵدان بۆ دەستکەوت بە گەندەڵی ناژمێردرێن، هەرچەندە لەو بارودۆخانەدا هەندێك حاڵەتی گەندەڵی هەن کە هیچ دەستکەوت لە گۆڕێ نییە، گەورەترین و بەربلاوترین و لە رووی دەرەنجامەکانییەوە ترسناکترین شێوەکانی گەندەڵی ئەوانەن کە بەستراونەتەوە بەو بارودۆخانەی کە دەستکەوت تیایدا دێتە گۆڕێ، ئەوسا گەندەڵی دەبێتە هۆیەك بۆ دروستکردن یا بەدەستهێنانی داهات.

با لە رێی نموونەیەکی گریمانەیی دەستتێوەردانی دەوڵەتەوە پەیوەندیی نێوان گەندەڵی و دەستکەوت وەبەرچاو بگرین. بە بێگوێدان بە هاندەرەکان دەوڵەت بڕیاری دا کە هێنانی مۆز لە دەرەوەی وڵات بکاتە بڕی 100 تەن لە ساڵێکدا. ئەم سنوور بۆدانانە بووە هۆی دەرکردنی مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان کە تەنیا دە کۆمپانیا دەیتوانی ئەو مۆڵەتە وەرگرن و هەریەکەیان 10 تەن مۆز بهێنێت. با وا دابنێین کە گشت مۆزەکان بە هەمان نرخی کڕین دەستدەکەون و هەموو کۆمپانیاکانیش توانایان وەك یەکە واتە هەمان نرخی تێچوونی لە دەرەوەهێنانیان دەکەوێتە سەر بۆ هەر یەکەیەك (نرخی تێچوونی گواستنەوە، تێچوونی دابەشکردن، تێچوونی دەستمایە... تاد). بۆ ئاسانکردن با وا دانێین کە تێکڕای نرخی تێچوون نزیکە لە کەمترین نرخی تێچوون و هەروەها بەهۆی گەندەڵیشەوە هیچ تێچوونێك نییە. گەر وا دانێین کاری داواکاری مۆز یەکسانە بە:

نرخ (ن) = 6500 – 30 بڕ (ب) و تێکڕای نرخی تێچوون و کەمترین نرخی تێچوون نەگۆڕن.

تێکڕای نرخی تێچوون = کەمترین نرخی تێچوون = 2000 دینار بۆ یەك تەن

لێرەوە دەتوانین لەو کاریگەرییەی دەستتێوەردانی دەوڵەت ورد ببینەوە کە لەسەر دروستکردنی دەستکەوت و هەروەها لەسەر دروستبوونی گەندەڵی هەیە.

وێنەی 1 – 1

مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانی مۆز – هاوکێشەی بازاڕ



ئەگەر سنووردانان بۆ لە دەرەوەهێنانی مۆز نەبوایە یاخود گەر دەستتێوەردانی دەوڵەت نەبوایە ئەوا نرخە هاوکێشەییەکە کەمتر دەبوو لەو نرخەی کە سنووردانان بۆ هێنان لە رێی مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان هێنایە کایەوە (ن < ن1) و هەروەها هاوکێشەیی بڕیش گەورەتر دەبوو (ب > ب1). کەمکردنەوەی دابینکراو و پترکردنی هاوکێشەیی نرخ دەبێتە هۆی دروستبوونی دەستکەوت (رووبەری ن، ن1 دیاری دەکات). بۆیە لەم حاڵەتەدا داهات لە رێی دەستتێوەردانی دەوڵەتەوە دروست بوو، لەگەڵ بوونی داهاتیشدا ئەگەری گەندەڵی پەیدا دەبێت

www.pertwk.com

وەك هۆكارێك بۆ بەدیهێنانی دەستكەوت. وردتر شتەكە دیاری بكەین دەڵێین هاندەر هەیە بۆ گەندەڵكردنی ئەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت كە مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانی مۆز دەردەكەن و بەمەش بەلای كەمەوە بەشێك لەو دەستكەوتە بەدەست دێت كە لە ڕێی دەستتێوەردانی دەوڵەتەوە دروست دەبێت. نرخی ئەو شیتەڵكارییە پەیوەندارانەی نموونە گریمانەییەكەمان لە خشتەی $(1-1)$دا كراوە بە لیست.

خشتەی $(1-1)$

مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانی مۆز: كاریگەریی لەسەر تەرخانكردنی سەرچاوەو دابەشبوونی خۆشگوزەرانی

	نەبوونی دەستتێوەردانی دەوڵەت	دەستتێوەردانی دەوڵەت و نەبوونی گەندەڵی	دەستتێوەردانی دەوڵەت و بوونی گەندەڵی
نرخی هاوكێشەیی	2000	3500	3500
بڕی هاوكێشەیی	150	100	100
كۆی تێچوون	300000	200000	200000
خۆشگوزەرانیی كۆمەڵایەتی	375500	300000	300000
دەستكەوت	–	150000	150000
ئاستی گەندەڵی	–	–	10149999

زۆر گرنگە تێبینیی ئەوە بكرێت كە لەم حاڵەدا سەرجەم بڕی خۆشگوزەرانی كەم دەبێتەوە بەهۆی دەستتێوەردانی دەوڵەتەوەو بەدەر لە بوونی گەندەڵی. بەم جۆرە دەستتێوەردانی دەوڵەت لەم حاڵەدا لە چەند ڕوویەكەوە دژە بەرهەمهێنەرە. یەكەم، سەرجەم خۆشگوزەرانیی كۆمەڵایەتی كەم دەكاتەوە (ڕووبەری ن. ACD بچوكترە لە ڕووبەری ن. BD). دووەم، ڕێ بۆ گەندەڵی خۆش دەكات لە ڕێی دروستبوونی دەستكەوت بەهۆی دەستتێوەردانی دەوڵەتەوە، هەروەها بوونی هاندەر بۆ فەرمانبەرە گەندەڵەكان كە لە داهاتە دروستبووەكە بەشێك بەدەست بێنن. سەرەڕای ئەمەش كۆی ئاستی گەندەڵی گەر بە پارە لێكبدرێتەوە كەمە بە بەراورد لەتەك بەهای دەستكەوتەكەدا. هەروەها گەلێك گرنگە تێبینیی ئەوە بكرێت كە لەم حاڵەدا گۆڕان لە گەندەڵیدا نابێتە هۆی گۆڕان لە تەرخانكردنی سەرچاوەكاندا، بە جۆرێكی ئەوتۆ كە هیچ گۆڕانێك لە بڕی سەرجەم خۆشگوزەرانیی كۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵكو تەنیا لە دابەشكردنەوەیدا گۆڕان هەیە. گومان لەوەدا نییە كە لەم حاڵەتەدا چاكترین چارەسەر نەهێشتنی دەستتێوەردانی دەوڵەتە، واتە لە ڕێسا بەدەربوون. لە ڕێی ئەوەوە، لەلایەكەوە خۆشگوزەرانیی كۆمەڵایەتی زۆرتر دەبێت، لەلایەكی تریشەوە، دەستكەوت نامێنێت و ئەگەر گەندەڵبوون لەناودا نامێنێت. لەبەر ئەوەیە، لەم حاڵەتەدا هیچ كێشەیەك سەبارەت بە ستراتیژیی دژە گەندەڵی

www.pertwk.com

نییە. بەهەرحاڵ، هەندێکجار دروستبوونی دەستکەوت بەهۆی دەستتێوەردانی دەوڵەتەوە نییە بەڵکو پێکهاتەیەکی تایبەتی بازاڕەوەیە. نموونەیەکی وەبەرچاوی ئەمە قۆرخکردنی سروشتییە کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بەوە پاساو دراوەتەوە کە دروستکردنی بەرهەمێکی تایبەت لە بازاڕدا تەنیا لەلایەن کارسازەوە ئەنجام دەدرێت. لەبەر ئەوە پێشبڕکێ لە حاڵەتی قۆرخکردنی سروشتیدا لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند نییە. کێشەکە لەوەدایە گەر دەستتێوەردانی دەوڵەت نەبێت، واتە رێسای ئابووریی قۆرخکردنی سروشتی، ئەوا رەفتاری قۆرخکردنی وا پەیدا دەبێت کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خستنەبازاڕو بەرزبوونەوەی نرخ، ئەوسا دروستبوونی دەستکەوت (قازانجی قۆرخکردن). دەستتێوەردانێکی تەواوی دەوڵەت (رێسای ئابووری) دەتوانێت، هەر هیچ نەبێت وەك پرینسیپێك، ببێتە هۆی هاوکێشەیەك کە خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی بگەیەنێتە ئەوپەڕیو بوونی دەستکەوت لەناو ببات. بەهەرحاڵ، (قۆرخچییەکان) هاندەرێکی وایان هەیە کە ئەو رێکخەرە گەندەڵ بکەنو لەو رێیەشەوە رێگە بە سوودی ئابووریی ئەو یاخود دەستکەوت بدەن. با لە میکانیزمی ئەم دەستکەوت دروستکردنو گەندەڵیبوونە ورد ببینەوە لە رێی نموونەیەکی گریمانەییەوە دەربارەی دابینکردنی ئاو، ئەمەش وەك نموونەیەکی وەبەرچاوی قۆرخکردنی سروشتی. هەروەك نموونە گریمانەییەکەی پێشوو، لەبەر خاتری ئاسانکردن با وا دابنێین کە تێکڕای نرخی تێچوونو کەمترین نرخی تێچوون یەکسانن. سەرەڕای ئەوەش گەر وا دانێین کە هێمای داخوازیی ئاو ئەمەیە:

نرخی (ن) = 702 – 7 بڕ (ب)

هەروەها تێکڕای نرخی تێچوونو کەمترین نرخی تێچوون نەگۆڕن:

تێکڕای نرخی تێچوون = کەمترین نرخی تێچوون = 2 دینار بۆ یەك م3 ئاو.

دەتوانین لە کاریگەریی ئەو جۆرە دەستتێوەردانەی دەوڵەت لەسەر دروستبوونی دەستکەوتو گەندەڵی ورد ببینەوە لە حاڵەتی قۆرخکردنی سروشتیدا (وێنەی 1 – 2).

گەر دەستتێوەردانی دەوڵەت نەبێت ئەو قۆرخچییە ئەو دەستکەوتەی وەریدەگرێت (سوودی ئابووری) دەگەیەنێتە ئەوپەڕی لە رێی کەمکردنەوەی ئاستی خستنەبەردەست (ب1 < ب)، کە ئەمەش (لە حاڵەتی قۆرخکردندا) دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هاوکێشەی نرخ (ن1 > ن). ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی (ن ACD < ن BD)و دروستبوونی دەستکەوت (ن AC ن1). بە پێچەوانەی ئەوەوە، دەستتێوەردانی تەواوی دەوڵەت (بۆ ئاسانکاری، دەست لە راستی هەڵبگرینو وا دانێین کە دەستتێوەردانی تەواوی دەوڵەت بەو دەستتێوەردانەی دەوڵەت دەستنیشان بکەین کە لە گەندەڵی بەدوورە) دەستکەوت لەناو دەباتو نرخ لەگەڵ کەمترین نرخی تێچووندا یەکسان دەکاتو خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێتە ئەوپەڕی. بەو پێیە، ئەمە دەبێتە هاندەرێك بۆ قۆرخچییەکان کە رێکخەران (ئەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت کە بەرپرسیارن لە رێسا ئابوورییەکان) گەندەڵ بکەنو بڕی دەستکەوتە وەرگیراوەکە بگەیەننە ئەوپەڕی. بە پێچەوانەی ئەو حاڵەتە گریمانەییەی پێشووەوە، لەم حاڵەتەدا گۆڕان لە ئاستی گەندەڵیدا، بێگومان دەبێتە هۆی گۆڕان لە تەرخانکردنی سەرچاوەکانداو هەروەها گۆڕان لە سەرجەم خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی کەمتر دەبێت. لەم حاڵەتە گریمانەییەدا لە رێسا بەدەربوون ناشێت ببێتە ستراتیژیی سەرەکیی دژە گەندەڵی. وردتر بڵێین، ئەمە بەرژەوەندیی گەندەڵکارو بەرژەوەندیی ستراتیژیی دژە گەندەڵی هاوتا دەکات، یاخود تەواو پووچەڵکردنەوەی رێسا شتێکە کە بە چاکی لە بەرژەوەندیی گەندەڵکارە. ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوچوونی

تەرخانكاریی خۆشگوزەرانی (دوا ئاستی ژیان) یاخود كەمكردنەوەی خۆشگوزەرانی لەو بارودۆخانەدا لەبری بەرزكردنەوەی. لەبەر ئەوە، لە ڕێسا بەدەربوون چارەسەرێكی باش نییە.

وێنەی (1 – 2)

ڕێكخستنی قۆرخكردنی سروشتی لە كاروباری ئاودا



خشتەی (1 – 2)

ڕێكخستنی قۆرخكردنی سروشتی لە كاروباری ئاودا: تەرخانكردنی سەرچاوەكان و دابەشبوونی خۆشگوزەرانی

	نەبوونی دەستتێوەردانی دەوڵەت	دەستتێوەردانی دەوڵەت و نەبوونی گەندەڵی	دەستتێوەردانی دەوڵەت و بوونی گەندەڵی
نرخی هاوكێشەیی	352	2	352 – 2
بڕی هاوكێشەیی	50	100	100 – 50
كۆی تێچوون	100	200	200 – 100
خۆشگوزەرانیی كۆمەڵایەتی	26250	35000	– 26250 35000
دەستكەوت	17500	–	17500 – 1
ئاستی گەندەڵی	–	–	17500 – 1

ئەو لێدوانەی پێشوو، ئەوەی نیشان دا كە لە زۆربەی حاڵەتەكاندا، هەوڵدان بۆ دەستكەوت یان ئارەزووی داگیركردنی ئەو دەستكەوتە بووەتە بارودۆخێكی پێشینە بۆ گەندەڵی. بە واتایەكی دی بارودۆخە پێشینە ئابوورییە بنەڕەتییەكەی گەندەڵی ڕەفتارێكی ژیرانەیە بۆ بابەتە ئابوورییەكان. بەهەرحاڵ، ئەمە تەنیا بارودۆخێكی پێویستە بەڵام هەموو شتێك نییە. بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی، لە ڕاستیدا بارودۆخی پێشینەیی تر

پێویستە هەبن.

بارودۆخی پێشینەیی بۆ گەندەڵی لە بنەڕەتدا دەستتێوەردانی دەوڵەتە (پاساودانی هەبێت یا نا). زۆرجار دەوڵەتە هاوچەرخەکان دەست لە کاروباری بازرگانی وەردەدەن. لە کاتێکدا لەم قۆناغەدا پرسیار سەبارەت بە پاڵنەرەکانی یاخود سەبارەت بە پاساودانی دەستتێوەردانی دەوڵەت ناکەین، بوونی ئەو دەستتێوەردانە خاکێکی بەپیت بۆ گەشەکردنی گەندەڵی دەڕەخسێنێت.

میکانیزمە بنەڕەتییەکانی گەندەڵی

جۆرەکانی گەندەڵی:

بۆ وردبوونەوە لە میکانیزمی گەندەڵی، هەندێك گریمانەی بنەڕەتی پێویستن. یەکەم، گریمانەی تیۆری ئەوەیە کە هەموو دەستتێوەردانێکی دەوڵەت کارێکی باشە، واتە ئێمە مامەڵە لەتەك حاڵەتێکی خێرخوازیدا دەکەین کە تاکە ئامانجی ئەوەیە خۆشگوزەرانیی کارمەندەکانی بگەیەنێتە ئەوپەڕی، بەڵام هەروەك پێشتر تێبینی کرا ئەو جۆرە دەوڵەتە تەنیا لە دووتوێی کتێبەکاندا هەن و هێشتاکە لە راستیدا بوونیان نییە.

ئەگەر دەوڵەتێك خێرخواز بێت، یەکەم پرسیار ئەمەیە: چۆن پیادەکردنی گەندەڵی لە تواناداا دەبێت؟ لە رووی تیۆرییەوە، دەشێت لە تیۆری دەسەڵاتدارو میللەتدا بۆ وەڵامەکە بگەڕێین. وردتر بڵێین مرۆڤ دەتوانێت ئەوە بکاتە گریمانە کە بوونی ناچیزەیی زانیاریی نێوان دەسەڵاتدار (دەوڵەت، دەسەڵاتی یاسادانان) کە یاساکانی بەڕێوەبردن دیاری دەکات و کارمەندان (فەرمانبەرانی دەوڵەت) کە ئەو یاسایانە دەخەنە گەڕ. کارمەندان یاخود فەرمانبەران هەمان ئەو ئامانجانەی دەوڵەتە خێرخوازەکەیان نییە. ئامانجی سەرەکیی کارمەندەکە ئەوەیە کە خۆشگوزەرانیی خۆی بگەیەنێتە ئەوپەڕی. بۆ ئەوەی دەوڵەت کۆنترۆڵی کاری کارمەند بکات، پێویستە بە تەواوی لەبارەی کارەکەیەوە ئاگادار بکرێت. بەهەرحاڵ، لە راستیدا ناچیزەییەکی سروشتیی گەلێك گەورە هەیە لە زانیارییەکاندا. کارمەندەکان گەلێك زیاتر لەبارەی چالاکییەکانیانەوە دەزانن لەچاو دەوڵەتدا کە لێرەدا مەبەست دەسەڵاتی یاسادانانە. کاکڵەی تیۆریی کارمەند ئەوەیە کە لە بارودۆخی زانیاریی ناچیزەدا کارمەندانی دەوڵەت بە جۆرێك رەفتار دەکەن کە ئامانجە تایبەتەکانیان (زۆرکردنی خۆشگوزەرانیی خۆیان) بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەو کارەوە بەدی دێت کە لەلایەن دەسەڵاتدارەوە (دەسەڵاتی یاسادانانی دەوڵەت) پێیان بەخشراوە. لەبەر ئەوە، لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییەدا ئێمە مامەڵە لەتەك دەوڵەتێکی خێرخوازو فەرمانبەرێکی بەدڕەفتاری دەوڵەتدا دەکەین. هەروەك لینینییەکان پێناسەی دەکەن ئێمە هەر کەسەو لە ئاستی خۆمانەوە مامەڵە لەتەك کۆمەڵێك بێ ئابڕوودا دەکەین. بە واتایەکی دی گەندەڵی دەرەنجامی ناچیزەیی زانیاریی نێوان دەوڵەتێکی خێرخوازو کارمەندە شەڕخوازەکانی دەوڵەتدایە.

بەهەرحاڵ، لێرەدا مەسەلەی سەلماندنی ئەم لێکدانەوە تیۆرییە دێتە گۆڕێ، هەر هیچ نەبێت بۆ هەندێك کۆمەڵگە، وردتر بڵێین سەلماندنی گریمانەی دەوڵەتی خێرخواز. بۆیە بۆچوونێکی تیۆریی بریگر خرایە بەرلێکدانەوە کە ئەمیش لە گریمانەی دەوڵەتێکی شەڕخوازەوە دەست پێدەکات. لێرەدا ئەوە کراوەتە گریمانە کە تاکە ئامانجی دەوڵەت زۆرکردنی داهاتەکەیەتی، واتە تاکە ئامانجی پێشەوایانی دەوڵەت زۆرکردنی خۆشگوزەرانیی تایبەتی خۆیانە. لەم حاڵەتەدا ئێمە مامەڵە لەتەك، وەك دەڵێن، دەوڵەتێکی تالانچیدا دەکەین، یان هەروەك لەم دواییەدا ناوی لێنرا دەوڵەتێکی دزیکراتی. زۆرجار دەوڵەتێکی دزیکراتی بە دیکتاتۆری یان بە رژێمێکی نادیموکراتی دەستنیشان دەکرێت، لە کاتێکدا دەوڵەتێکی خێرخواز بە دیموکراتی دەستنیشان

دەکرێت. بێ ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە ئەم گریمانەیە ڕوونکردنەوەیەکی توندوتیژە. دیکتاتۆرییەکی دزیکراتی بریتییە لە چوارچێوەیەکی پەسەند بۆ ڕوونکردنەوەی میکانیزمی گەندەڵی لە زۆر وڵاتدا.

لە ناو چوارچێوەی ئەو چەمکەدا، کەسە دیکتاتۆرەکە لە ڕاستیدا تەنیا هەر جەردەیەکەو هەر هێندە لە دیکتاتۆری دەگات کە هۆیەکە بۆ زۆرکردنی خۆشگوزەرانیی خۆی، واتە زۆرکردنی داهاتو سامانی. لەم حاڵەتەدا گەندەڵی تەنیا میکانیزمێکە بۆ زۆرکردنی داهاتی دیکتاتۆرەکە. مەرجی پێویست بۆ زۆرکردنی داهات ئەوەیە کە دیکتاتۆرەکە بۆ زۆرترین کات بە دیکتاتۆری بمێنێتەوە تاوەکو سەرکەوتوو بێت لەوەدا کە تا لە توانایدایە تاڵانی بکات. لەبەر ئەوەی کاندیدی تر هەن بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا چونکە ئەوانیش دەیانەوێت لەبری دیکتاتۆرەکە خۆیان ببنە دیکتاتۆرو لەو ڕێگەیەشەوە خۆشگوزەرانیی خۆیان باش بکەن، دەبێت دیکتاتۆرەکە زۆر بە ئاگادارییەوە لە تاڵانییەکە بەشی ئەندامانی لای سەرووی دەسەڵات بدات تاوەکو لە هەڵپەی بەدیهێنانی ئاواتەکانیان کەم بکاتەوە. بە واتایەکی دی دابەشکردنێك هەیە لە تاڵانییەکەدا. لەم ڕووەوە گەندەڵیی فەرمانبەرانی دەوڵەت دیاردەیەکی ڕەمەکی نییە، بەڵکو زۆر چاك ڕۆڵێکی بە ئەنقەستە لەنێو تاڵانکردنە بەدەستگاکراوەکاندا.

جیاوازییەکی گەلێك گەورە هەیە لە نێوان گەندەڵیی بەنێوەندکراوو بەنێوەندنەکراودا. نموونە پێشووەکەی گەندەڵی (وێنەی 1 و نەخشەی 1) لەسەر بنەمای گریمانەیەك بوو کە لە دەرەوەهێنانی مۆز تەنیا مۆڵەتێك پێویست بوو کە بە تایبەتی لەلایەن یەك فەرمانبەری دەوڵەتەوە دەردەکرا، بە جۆرێکی وا کە قۆرخکردن هەبێت لە بازاڕی گەندەڵیدا. گەر لە ڕووی تەکنیکییەوە، ئەو مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانە لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە دەربکرایە، ئەگەری ئەوە دەبوو کە ڕێکەوتنێکی ژێر بە ژێر لە نێوانیاندا ببێت بۆ پێکهێنانی یەکگرتنێکی (کارتێلێکی) تەواو. بە پێی ئەو دەرەنجامانەی تیۆریی ئابووریی خۆماڵی واتە تیۆریی ڕێکخراوە پیشەسازییەکان، هیچ جیاوازییەك لە نێوان هاوکێشەی قۆرخکردنو هاوکێشەی لە حاڵەتی یەکگرتنی (کارتێلی) تەواودا نییە. ئەو جۆرە پێکهاتەیەی بازاڕ، واتە بە پیشەسازیکراوی ڕێکخراوی گەندەڵی، پێی دەوترێت گەندەڵیی بەنێوەندکراو.

بە پێچەوانەوە، دەشێت وا دانێین کە بۆ لە دەرەوەهێنانی مۆز چەند مۆڵەتێك پێویستە کە هەر یەکە لەو مۆڵەتانە بریتییە لە حاڵەتێکی پێویست بۆ لە دەرەوەهێنانی ئەو شتە، بەڵام هەر بە تەنیا یەکێك لەوانە نابێتە مۆڵەتی تەواو، (بۆ نموونە لەپاڵ مۆڵەتە سەرەکییەکەی لە دەرەوەهێنانەکە ئەو مۆڵەتانەش هەبن کە لەلایەن پشکنینی خاوێنیو دەزگای پاراستنی تەندروستیو بانکی نێوەندی...... تاد دەردەچن) تەنیا لە کاتێکدا کە گشت ئەو مۆڵەتانە بەدەست هاتن ئەوا بابەتەکە دەتوانرێت لە دەرەوە بهێنرێت. هەر یەکە لەو مۆڵەتانە لەلایەن دەزگایەکی جیاوازی دەوڵەتەوە دەردەچێت کە سەر بە یەك بەش نین، یاخود لەلایەن فەرمانبەری جیاجیاوە کە ژێربەژێر ڕێك نەکەوتوون. ئەم پێکهاتە گەندەڵییەی بازاڕ پێی دەوترێت گەندەڵیی بەنێوەندنەکراو.

پرسیاری سەرەکی سەبارەت بە ڕێکخستنی پیشەسازییانە ئەوەیە، ئەو بارودۆخانە چین کە پشتگیری لە دروستبوونی گەندەڵیی بەنێوەندکراو یا بەنێوەندنەکراو دەکەن. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەشێت تیۆریی یەکگرتن (کارتێل) بەکار بهێنرێت. هەموو ئەو فاکتەرانەی (هۆکارانەی) کە کاریگەرییان هەیە لە دروستبوونو مانەوەو ئەنجامدانی یەکگرتندا (کارتێلدا)، کاریگەرییان هەیە لە دروستکردنو مانەوەی گەندەڵیی بەنێوەندکراودا. ئەمەش لە سەروو هەموو شتێکەوە پەیوەندیی هەیە بە ئەگەری شکاندنی یەکگرتن (کارتێل)و

www.pertwk.com

جێبەجێکردنی سزایەکی ماقووڵ. هەر بەهۆی ئەمەشەوە بوو کە لە رووسیای کۆمۆنیستدا گەندەڵیی بەنێوەندکراو زۆر بەربڵاوبوو. دامودەزگای سەرەکی بۆ ئەنجامدانی یەکگرتنی گەندەڵیی بەنێوەندکراو (KGB) بوو، کە ئامرازی دۆزینەوەی شکاندنی ئەو گەندەڵییە بەنێوەندکراوەی بەدەستەوە بوو، هەروەها شێوازی بۆ سزادانی پێشێلکاران دەدۆزییەوەو بە خێراییش ئەنجامی دەدا. هەر لەم رووەوە، هەمان دەرەنجام ئاماژە بەو گەندەڵییە بەنێوەندکراوە دەدات کە لە ژێر سەرپەرشتیی خانەوادەی جینۆڤیسی خەڵکی نیۆرکدا بوو. نەبوونی دامودەزگای لەو چەشنە دەبێتە هۆی دروستبوونی گەندەڵیی بەنێوەندنەکراو. لەبەر ئەوە دەوڵەتێکی بەهێزو پابەندنەبوو (بۆ نموونە بە دەزگا دیموکراتییەکانەوە) رێگە بە بوونی گەندەڵیی بەنێوەندکراو دەدات. دەوڵەتی لاوازیش بێ ئەوەی ئەوە رەچاو بکرێت کە پابەندە یا نا بارودۆخی پێویست بۆ گەندەڵی بەنێوەندنەکراو دێنێتە گۆڕێ. نموونەی گەلێك لە وڵاتانی ئەفریقیا ئەمە دەسەلمێنن. وڵاتە لاوازەکانی ئەفریقیا شوێن بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دەڕەخسێنن کە بەشێکی زۆر لە دەزگاکانی دەوڵەت یاخود فەرمانبەرانی دەوڵەت دەگرێتەوە. هۆی سەرەکی بۆ بووژانەوەی گەندەڵی لە رووسیای دوای کۆمۆنیست لاوازبوونی هێزی دەوڵەتە کە تا ئێستا ئاستێکی بەرزی دەستتێوەردانی لە ئابووریدا هێشتۆتەوەو بووەتە هۆی ئەوەی کە گەندەڵییە بەنێوەندکراوەکە بگۆڕێت بۆ گەندەڵییەکی بەنێوەندنەکراو. لەبەر ئەوە هیچ دژبەیەکییەك لە بووژانەوەی گەندەڵی لە رووسیادا نییەو دەبێت لە گۆڕانی رێکخراوە پیشەسازییەکەیدا بە دوای هۆی ئەمەدا بگەڕێین.

گومان لەوەدا نییە کە لە بارودۆخی دەوڵەتی خێرخواز یان دیموکراتیدا ئەگەر گەندەڵیی بەنێوەندنەکراو زۆرترەو لە بارودۆخی دەوڵەتی دزیکراتیدا ئەگەر گەندەڵی بەنێوەندکراو زیاترە. بەهەرحاڵ، ئەم پرینسیپە هەموو کاتێك راست دەرناچێت. فاکتەری سەرەکی بۆ گەندەڵیی رێکخراوی پیشەسازی هێزی دەوڵەتە یاخود توانای دەرکردنی ئەو رێسایەی کە خۆی دایدەڕێژێت جا ئەو رێسایە هەر جۆرە تایبەتمەندییەکی هەبێت. (بۆ وەبیرهێنانەوی گەندەڵی لە ئەڵمانیای نازیدا بڕوانە خانەی 1).

خانەی (1)

گەندەڵی لە ئەڵمانیای نازیدا:

بوارێکی گرنگ لە مەیدانەکەدا بۆ تاڵانی:

ئایا لە ئەڵمانیای هیتلەردا گەندەڵی هەبوو؟ هەندێکجار مرۆڤ ئەوە دەبیستێت کە ئەوە دەوڵەتێك بووە گەندەڵی تێیدا بنبڕ کراوە. بۆ سەلماندنی ئەوە باسی ئەو راستییە دەکەن کە لە هیچ کام لە کامپی دەستگیرکراوەکاندا یەك گیراو نەیتوانیوە بۆ خۆ ئازادکردن بەرتیل بە پاسەوانەکان بدات. لە کاتێکدا کە بەرپەرچی ئەوەی لای سەرەوە نادەینەوە، دەبێت ئەوە بوترێت کە ئەمە نیشانەی بنبڕکردنی گەندەڵی نییە لەو وڵاتەدا. بە پێی بەڵگەیەکی بڕواپێکراو (وەزیری هێزە جەنگاوەرەکانی هیتلەر ئەلبێرت سپیر) گەندەڵترین پیاوی نازی لە ئەڵمانیا هێرمان گۆیرینگ بوو کە دووەم پیاو بوو لە رژێمەکەدا (لە مەسەلەکانی سیاسەتی ناوخۆدا پیاوی یەکەم بوو). لەبەر ئەوەی گۆیرینگ دەسەڵاتێکی گەورەو نائاسایی هەبوو لە دابینکردنی سەرچاوەکان بە نرخێکی کەمتر لە بازاڕ، گومان نەبوو لەوەدا کە گەلێك لە کۆمپانیا ئەڵمانییەکان بە پەرۆش بوون کە بەرتیلی

بدەنێ تاوەکو سەرچاوەی لەبارو گونجاویان دەست بکەوێت (بۆ نموونە کرێکار بە بێگاری)، یاخود بۆ ئەوەی کۆنتراکتی گەورە وەك بەشێك لە دەستکەوتی گشتی بەدەست بێنن، بە تایبەتی بۆ هێزە چەکدارەکان. بەڵگەیەکی ناڕاستەوخۆی گەندەڵی گۆیرینگ جیاوازیی نێوان سامانەکەی بوو کاتێك کە خۆیو هاوڕێکانی دەسەڵاتیان گرتە دەست لەچاو ئەو کاتەدا کە لە دەسەڵات لابران. لەو کاتەدا کە تانکە رووسییەکان خۆیان دەکرد بە دەوروبەری شاری بەرلینداو هیتلەرو دامودەزگاکەی خۆیان بۆ نزیکترین ژێر زەمینە قایمەکان دەکوتا، هیتلەر بە سپیری وت: "تۆ پێت وایە من نازانم کە گۆیرینگ گەندەڵە؟ ئەو بووە نموونەیەك کە بوونی گەندەڵی لە دەوڵەتەکەماندا شیاو بێت!" (سپیر 1965). لەبەر ئەوە گەندەڵی لە ئەڵمانیای نازیدا تەواو بەنێوەندکراو بوو. ئەم گەندەڵییە بۆ پاسەوانانی کەمپی دەستبەسەراگیراوەکان دەستی نەدەدا (ئەو جۆرە گەندەڵییە ئەوپەڕی سزای هەبوو، ئەگەری جێبەجێکردنی نەبوو لەو حاڵەتەدا بەهۆی بێویژدانیو هێزی دەوڵەتەوە)، بەڵام گەندەڵی بۆ سەرانی نازی دەستی دەدا. ئەوەی کە دەتوانرێت بکرێتە سەرەنجام ئەوەیە کە دەوڵەتی بەهێز مانای بەنێوەندکردنی گەندەڵییە.

لەگەڵ گشت ئەو مەترسییەی کە لە گشتاندنێکی ساکارەوە دێتە گۆڕێ، ئەم خشتەیەی لای خوارەوە دەشێت وەك رابەرێکی جۆرەکانی گەندەڵی بەکاربهێنرێت:

خشتەی (1 – 3)

جۆرەکانی گەندەڵی

جۆرەکانی فەرمانڕەوایی	دیموکراسی	دیکتاتۆری
سیمای دەوڵەت	خێرخواز	دزیکراسی
سەرچاوەی گەندەڵی	کێشەی ئاژانس	سیمای دەوڵەت
بەهێزیی گەندەڵی	نامسۆگەر	گەورە
سیمای گەندەڵی	بەنێوەندنەکراو	بەنێوەندکراو

شێوەکانی گەندەڵی:

بە پێی میکانیزمی گەندەڵی یاخود دەرەنجامە ئابوورییەکانی دەتوانرێت چەند جۆرێك (لایەنێك) لە گەندەڵی دەستنیشان بکرێت:

أ) ئەو گەندەڵییەی رێدەدات لەپاڵیدا رێساکان (یاساکان) جێبەجێ بکرێن.

ب) ئەو گەندەڵییەی رێدەدات باز بەسەر رێساکان (یاساکان)دا بدرێت یان بشکێنرێن.

ج) ئەو گەندەڵییەی کە دەبێتە هۆی گۆڕان یان داڕشتنی رێسا (یاسا) نوێیەکان.

نموونە گریمانەییەکەی پێشوو دەربارەی لە دەرەوەهێنانی مۆز دەشێت بۆ لێکدانەوەی ئەو جۆرە گەندەڵییانەی لای سەرەوە بەکار بهێنرێت، یاخود بۆ دەرخستنی جیاوازی لە پەرۆشبوونو دەرەنجامەکاندا لە

www.pertwk.com

هەر جۆرێك لە جۆرە جیاجیاكانی گەندەڵی. ئەوە بە گریمانە دانراوە كە سیاسەتی دەوڵەت لە سنووردانان بۆ لە دەرەوەهێنانی مۆز لەسەر بناغەی دانانی مۆڵەتە بۆ هێنانی. گەر وا داینێین كە مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان دەدرێت بە گشت كۆمپانیا پەیوەندارەكان بە پێی چەند مەرجێكی تایبەت كە تیایاندایە. لێرەدا گەندەڵییەك سەرهەڵدەدات كە رێ دەدات یاسا جێبەجێ بكرێت. وردتر بڵێین فەرمانبەرانی دەوڵەت كارەكانیان بە ناتەواوی ئەنجام دەدەن‌و دەركردنی مۆڵەتەكان دوا دەكەوێت كە ئەوەش مەترسیی هەیە لەسەر چالاكیی بازرگانیی ئەو كۆمپانیایانەی كە هەوڵی ئەو مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانەیانە. بەو پێیە رەفتارێكی ماقووڵی ئەو كۆمپانیایانە ئەوەیە كە ئامادەن بۆ ئەوەی بڕێكی دیاریكراو پارە بدەن تاوەكو ئەو مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانەیان بە خێرایی بۆ دەرچێت. بە واتایەكی دی ئەوان ئامادەن كە پارە بدەن بەو مۆڵەتەی كە خۆی بە خۆڕایی‌و بە پێی یاساكان مافی تەواوی وەرگرتنیان هەیە.

لەوانەیە دوو هۆ هەبن بۆ ئەو رەفتارە ناوبراوەی فەرمانبەرانی دەوڵەت. یەكەمیان ئەوەیە كە هاندەر نییە بۆ ئەوەی كار بە باشی بكەن. ئەوان مووچەكەیان هەروەك خۆیەتی بێئەوەی گوێ بدرێتە خێرایی یا باشیی كارەكەیان، لەبەر ئەوە رەفتاری گەشبینانەی فەرمانبەرانی دەوڵەت لەسەر بنەمای كەمكردنەوەی ئەركە (تێچوون) بەرامبەر ئەو داهاتەی وەریدەگرن. دووەم، لەبەر ئەوەی دەزانن كە كۆمپانیاكان ئامادەن كە بەرتیلیان بدەنێ بۆ بە خێرایی دەركردنی مۆڵەتەكان فەرمانبەرانی دەوڵەت بە جۆرێك هەڵسوكەوت دەكەن كە ئەگەری بەرتیل پێدانەكەیان زیاتر ببێت لە بەرامبەر بە خێرایی كردنی پرۆسەی دەركردنی مۆڵەتەكە. چەندە دەركردنی مۆڵەتەكان زیاتر دوا بخەن، ئەگەری پێدانی بەرتیل لەلایەن كۆمپانیاكانەوە گەورەتر دەبێت.

تەنانەت بواری گەورەتر بۆ گەندەڵی لەم جۆرە دروست دەبێت گەر دەوڵەت بڕیاری ئەوە بدات كە ژمارەی مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان سنووردار بكات لە رێی دەركردنی ئەو مۆڵەتانە بە پێی ریزبەندیی گەیشتنی داخوازییەكە (یەكەم بە، یەكەم جار خزمەت دەكرێیت). ئەوسا هەموو كۆمپانیایەكی لە دەرەوەهێنان بە پەرۆشی ئەوە دەبێت كە لە رێی بەرتیلدان بەو فەرمانبەرانەی مۆڵەتەكان دەر دەكەن بچنە ریزی پێشەوەی لیستی لە دەرەوەهێنەرەكان، یاخود بازیان پێبدەن بەسەر ئەو هێڵانەدا كە دروستیان كردووە.

ئەو جۆرەی تر لە گەندەڵی كە لێرە بەدوا باسی دەكەین ئەوەیە كە دەبێتە هۆی بە لاڕێدابردن یاخود ڕێساشكاندن. وردتر بڵێین، هەریەك لەو كۆمپانیایانەی كە لە دەرەوە مۆز دێنن بەرژەوەندییان لەوەدایە كە بڕی ئەو مۆزەی دەیهێنن زۆرتر بێت (چونكە چەندە مۆزەكە زیاتر بكرێت، سوودەكە زۆرتر دەبێت، هەر وەك ئەو دەستكەوتەی كە بەدەست دێت). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە ئەوان پەرۆشی ئەوە دەبن كە لە رێی گەندەڵكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە بتوانن بڕی ئەو مۆزە زیاتر بكەن كە رێ دراوە بە كۆمپانیاكەیان بیهێنێت. لەم رێگەیەوە ئەوان بڕی سەرجەم ئەو مۆزەی رێی پێدراوە لە دەرەوە بهێنرێت زۆر دەكەن‌و ئەمەش دەچێتە سەر ئابووریی وڵات بە گشتی. سەرەڕای ئەوەش ئەو كۆمپانیانەی كە ناویان لە لیستی وەرگرتنی مۆڵەتدا نییە بەرژەوەندیی ئابوورییان لەوەدایە كە لە رێی تێهەڵكێشكردنی ناوەكانیان لە لیستەكەدا بتوانن مۆز لە دەرەوە بهێنن. بە واتایەكی دی داخوازیی مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانی تر هەیە، یاخود دابینكردنی گەندەڵی هێنانی بڕێكی زۆرتری مۆزی لێدەكەوێتەوە. گەر مۆڵەتی نوێ‌و نایاسایی دەركرا، ئەوا ڕێساكان دەشكێنرێن‌و دەوڵەت لە هەڵوێستێكدا نابێت كە بە دروستی ڕێساكان یاخود یاساكان كە ئامانجیان، هەر هیچ نەبێت لە بنەڕەتدا، ئەوەیە كە خۆشگوزەرانیی كۆمەڵایەتی بگەیەننە ئەوپەڕی. بە واتایەكی دی، ئەم جۆرە گەندەڵییە بڕی مۆزی لە

دەرەوەهێنراو زۆر دەکات یاخود بڕە راستەقینەکە گەورەترە لەو بڕەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بڕیاری لەسەر دراوە.

رووداوی (2)

دەستتێوەردانی دەوڵەت بەرژەوەندییە تایبەتەکان بەسەریدا زاڵ دەبن:

بستەی زەمینی، تۆو، بابەتەکانی کات بەسەربردن:

نموونەیەکی وەبەرچاوی دەستتێوەردانی دەوڵەت کە بەرژەوەندیی تایبەتی بەسەریدا زاڵە، بەرهەمهێنانی بستەی زەمینییە (فستق العبید) لە ئەمریکا. ڕێساکانی چوونە نێو ئەم بوارە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك بەربەستی کارگێڕی دانراون. لە دەرەوەهێنانی ئەم جۆرە بستەیە گەلێك ئاڵۆزەو پشك دانراوە بۆ ئەو بڕەی هەریەك لەو بەرهەمهێنەرانەی ئێستا لە بوارەکەدان بەرهەمی دێنن. وا دانراوە (رۆکەرو پۆرمان 1990) کە کاریگەریی ئەو ڕێسایە لەسەر خۆشگوزەرانیی خەڵك لە ماوەی نێوان 1982و 1987دا باش نەبووە. دوا ئاستی زیان نزیکەی 32 ملیۆن دۆلاری ئەمریکایی بووەو سوودیش لە بەکارهێنەرانەوە بۆ بەرهەمهێنەران نزیکەی 255 ملیۆن دۆلاری ئەمریکایی بووە. بۆچی ئەم جۆرە دەستتێوەردانە دژە بەرهەمهێنانەی دەوڵەت بمێنێت؟ ژمارەی بەرهەمهێنەرانی بستەی زەمینی لە ئەمریکا تا رادەیەك کەمە (تەنیا 23046 بە پێی زانیاریی ساڵی 1982)و سوودی ئابووری (گۆڕینی خۆشگوزەرانی) واتە ئەنجامی ئەو ڕێسا ناوبراوە بە تێکڕا دەگاتە 11100 دۆلاری ئەمریکایی بۆ هەر بەرهەمهێنەرێك. لەبەر ئەوە بەرهەمهێنەرانی بستەی زەمینی پەرۆشییەکی یەکجار زۆریان هەیە بۆ ڕێکخستن و دامەزراندن یان هێشتنەوەی سیاسەتی ڕێکخەر کە لەسەر بنەمای سوود بێت. لەلایەکی ترەوە، بەکارهێنانی بستەی زەمینی لە ئەمریکا یەکجار زۆرن (لە رووی پراکتیکەوە گشت دانیشتوانەکەن) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕێکخستنی ئەو گروپە پەیوەنداره یەکجار زۆری تێدەچێت. تێکڕای زیانی زێدە داهاتی بەکارهێنەر بەهۆی ئەم پرۆگرامە ڕێکخراوەوە دەگاتە تەنیا 1.23 دۆلار واتە گۆڕانی خۆشگوزەرانیی هەریەکە لە ئەندامانی ئەو گروپە بەهۆی نەهێشتنی ئەو دەستتێوەردانەی دەوڵەتەوە یا لە ڕێی لە ڕێسا بەدەربوونەوە شتێکە دەشێت پشتگوێ بخرێت. بەکارهێنەران هێندە بایەخ بەوە نادەن کە خۆیان، لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە، خۆیان ڕێك بخەن و دەستتێوەردانە دژە بەرهەمهێنەرەکەی دەوڵەت بەربەست بکەن. ئەی بەرژەوەندیی گشتی؟ بەهەرحاڵ هیچ کەس بەتەنگییەوە نییە.

رووداوی (3)

دەستتێوەردانی دەوڵەت و لەبیرچوونەوە:

مەڕ بۆ داهاتە:

لە کۆتایی ساڵانی چلەکاندا جەنگی کۆریا دەستی پێکرد، هەر زوو سەربازە ئەمریکاییەکان بەوەیان زانی کە کۆریا وڵاتێکی شاخاوییەو ئاووهەوایەکی ساردی هەیە. جلوبەرگە سەربازییەکەیان بەکەڵکی ئەو کارەی ئەوێیان نەدەهات. سەرکردەکانیان بڕیاری ئەوەیان دا کە گشت جلوبەرگەکان بگۆڕن بە جلوبەرگی خوری. لەبەر ئەوە یاسا بۆ یارمەتیدانی بەرهەمهێنانی خوری دەرچوو، ئەو جوتیارانەی کە یارمەتییەکە دەیگرتنەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان دەستیان کرد بە مەڕ بەخێوکردن و دابینکردنی خوری. ساڵ هات و ساڵ چوو، جەنگی

کۆریا کۆتایی هات و سوپای ئەمریکا جلوبەرگێکی نوێیان وەرگرت کە لە قوماشێکی دەستکردی ئاسایی دروست کرابوو، پاشان جەنگ رووی کردە ڤێتنام کە کێشەی سەرمای تێدا نەبوو. تاکە شتێك کە هیچ کەس بیری نەکەوتەوە لابردنی ئەو رێسایە بوو کە هیچ کەس پێویستی پێی نەمابوو، بێگومان بێجگە لەو جوتیارانەی کە بەردەوام بوون لەسەر وەرگرتنی یارمەتی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو خورییەی هیچ کەس پێویسیتی پێی نەمابوو. کات تێپەڕی و سوپای ئەمریکا جەنگی لە عێراق و کوێت هەڵگیرسان و لەژێر پلە گەرمییەکی زۆر بەرزدا، لە کاتێکدا هێشتا جوتیارەکان هەر بەردەوام بوون لەسەر بەرهەمهێنانی خوری و وەرگرتنی یارمەتی لە بودجەی حکومەتی نێوەندی. تەنیا لە سەردەمی ئیدارەی کلینتندا یەکێك تێبینیی ئەوەی کرد کە ئەو یارمەتییە هێشتاکە دەدرێت، ئەوەش وەك بەشێك لە پرۆژەی چاکسازیی دامودەزگا گشتییەکان. بێگومان یارمەتییەکە یەکسەر راگیرا و هیچ کەسیش تێبینیی هیچ دەرەنجامێکی نەکرد، بێگومان، بێجگە لە جوتیارەکان کە یارمەتییەکەیان لەدەست چوو. ئەو پرسیارەی کە دەبێت بکرێت ئەمەیە:

ئەو جوتیارانە لە هەڵبژاردنی پێشووی ئەمریکادا دەنگیان بۆ کێ دا؟

رووداوی (4)

دەستتێوەردانی دەوڵەت لە بارودۆخی دەستبەسەراگرتنی سروشتیدا:

ئایا میلتۆن راست بوو؟

(میلتۆن فرێدمان) نۆبڵ وەرگری خەڵکی شیکاگۆ لە ساڵی 1962دا وتوویەتی کە رێکخستن قۆرخکردنی سروشتی کارێکی دژە بەرهەمهێنەرە و دەبێت ئەوە بۆ بازاڕ بەجێبهێڵرێت. هەڵوێستی سەرەکی ئەوەیە کە تێچوونی ئەو رێکخستنە لە سوودە کۆمەڵایەتییەکەی زۆرترە. بۆ پتر لێدوان، فرێدمان دوو بەڵگەی هێناوەتەوە. یەکەم، دەستبەسەراگرتنی سروشتی بەندە بە تەکنۆلۆژییەوە و هەموو تەکنۆلۆژییەکیش لە گۆڕاندایە بە شێوەیەکی وا کە دەستبەسەراگرتنی سروشتی دەبێتە دیاردەیەکی کاتی و لەگەڵ گۆڕانی تەکنۆلۆژیدا ئەویش لەناو دەچێت. دووەم، کاتێك کە لەناو چوو یاخود کە پێشبڕکێ دامەزرا ئاژانسە رێکخەرەکە دەمێنێت و ئەوە رێکدەخات کە نابێت رێکبخرێت – بازاڕی پێشبڕکێ. ئایا میلتۆن راست بوو؟ سەبارەت بە بەڵگەی یەکەم، ئێمە هێشتا چاوەڕێی بەڵێنەکانیانین کە بێنەدی. لە هەندێك بواردا (بۆ نموونە پەیوەندیی تەلەفۆن) پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بووەتە هۆی لەناوچوونی قۆرخکردنی سروشتی لە زۆر بەشی ئەم بوارەدا. بۆ نموونە، پەیوەندییە بێتەلەکان قۆرخکردنی شێوە تەقلیدییەکەی تەلەفۆنی زەمینی شکاند، ئەوەی کە پێی دەوترا تۆڕی ناوخۆ. بەهەرحاڵ، ئەوە مسۆگەر نییە کە چۆن پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا دەبێتە هۆی گواستنەوەی ئاو بە بێ بۆری. تەنیا ئەو کاتەش دەتوانین بڵێین میلتۆن راست بووە. سەبارەت بە بەڵگەی دووەم، ئەو راستنەبوونە، پەیدابوونی پێشبڕکێ یاخود لە رێسا بەدەرکردن (بەڵام هی گۆڕان لە داخوازیدا) بووە هۆی لەناوبردنی ئاژانسە رێکخەرەکە. هەروەها گۆڕانکارییەکانی بواری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان بووە هۆی لەناوبردنی رێکخستنە ئابوورییەکانی زۆر لە بەشەکانی ئەو بوارە. لەبەر ئەوە، نابێت ترسمان لەوە هەبێت، هەر هیچ نەبێت لە ئەمریکا، کە هەر هێندەی دەزگاکان دامەزران ئیتر نەتوانرێت چاکسازییان تێدا بکرێت.

ئەو دوو جۆرە گەندەڵییەی باس کران بەشێکن لەوەی کە پێی دەوترێت گەندەڵی بەڕێوەبردن یان ئەو

گەندەڵییەی کە لەسەر بنەمای بڕیاری خاترانە لەلایەن فەرمانبەری دەوڵەتەوە دەدرێتو دەبێتە هۆی ئەوەی کە جێبەجێکردنی ڕێساکانی دەوڵەت بێ بەلاداو داشکاندن کارێکی لە توانا بەدەربێت. بەهەرحاڵ، خراپترین جۆری گەندەڵی لە درەنجامەکانیدا ئەو جۆرەیە کە پێی دەوترێت گەندەڵیی سیاسیی. ئەمە ئەو جۆرە گەندەڵییەیە کە دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕێساکان یاخود یاساکان بەو شێوەیەی کە لایەنگریی بەرژەوەندیی (تایبەتی) گەندەڵکارەکانی تێدابێت.

لە حاڵەتە گریمانەییەکەی لە دەرەوەهێنانی مۆزدا، بەرژەوەندیی ماقووڵی ئەوانەی کە لە دەرەوە دەیهێنن ئەوەیە کە لە دەرەوەهێنان سنووردارتر بکەن یان هاوکێشەیەکی نوێ بۆ بازاڕ دابنێن کە سەرجەمی دەستکەوت زۆرتر بکات، بێگومان ئەمەش بە مەرجێك کە ئەوان بەردەوام مۆڵەتی لە دەرەوە مۆز هێنانیان هەبێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان (لە ڕێی کرداری هاوبەشەوە) پەرۆش بن بۆ کاریگەریی خستنە سەر نوێنەرە هەڵبژێراوەکانی خەڵکی، واتە بەشە یاساییەکە، هەروەها بۆ ئەوەی (لە ڕێی گۆڕینی یاساوە) هێنانی مۆز سنووردارتر بکەن. لەم ڕێگەیەوە گەندەڵی وا دەکات کە بەرژەوەندیی تایبەتی گروپێك یان چەند تاکە کەسانێك وەك بەرژەوەندییەکی کۆمەڵایەتی بسەپێنرێت، یان تەنانەت بکرێتە کارێکی ڕەسمی لە ڕێی دانانی ئەو ڕێسایانەی کە تەواو خاترانەکارین.

بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا گەندەڵی لە هەندێك ئاستدا شتێکە ناتوانرێت خۆی لێبەدوور بگیرێت. نە دەتوانرێت بە تەواوی بنبڕ بکرێتو نە لە تواناشدایە کە سیستەمێك دابنرێت کە تەواو بەرگری لە گەندەڵی بکات. بەڵام دەتوانرێت بەربەست بکرێتو ئاستی گەندەڵییەکە کەم بکرێتەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە. جیاوازیی سەرەکیی نێوان ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئاستی گەندەڵی تیایاندا بەرزەو ئەوانەی کە ئەو ئاستە تیایاندا نزمە دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی لە پێشنەگرتنە کۆمەڵایەتییەکان. لەو کۆمەڵگەیانەدا کە گەندەڵی کەمە لە پێشینەیان بریتییە لە بەهای نوێ یاخود زۆرکردنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگە. بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەدا کە گەندەڵی زۆرە لە پێشینەیان دابەشکردنەوەی ئەو بەهایانەیە کە هەن، یاخود دابەشکردنەوەی خۆشگوزەرانییە نەك داهێنانی بەهای نوێو زۆرکردنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی. ئەو کۆمەڵگەیانە لەناو گەندەڵیدا دەتلێنەوەو هیچ ڕوانگەیەکیان نییە.

www.pertwk.com

گەندەڵی و بەرتیلکاری لە نەریتە باوەکانی سربیادا

پێناسەی بەرتیل و واتا بەرامبەرەکانی:

بە پێی فەرهەنگی (ماتیکاسرپسکا) بەرتیل لە زمانی سربیدا بە مانای ئەو پارە یا شتە بەهادارەیە وەك دیاری یا قەرەبوویەك کە بەهۆیەوە کەسێك (بە تایبەتی یەکێك کە خاوەن دەسەڵاتە و کاریگەریی هەیە) وا لێدەکات کە نیازی بدەرەکە بەدی بێنێت (زۆرجار بە شێوازێکی ناڕەوا و نایاسایی). وشەی (هۆشمەندی) وشەیەکی کۆنترە کە بە مانای بەرتیل یا بەرتیلکاری هاتووە. وشەی گەندەڵی تا رادەیەك درەنگتر هاتۆتە ناو بەکارهێنانەوە.

سەرچاوەی کۆنتر کە باس لە بەرتیل و بەرتیلکاری دەکات، ئەو تۆمارانەی (ئوسقوف مۆیسیی پیترۆڤیچ)ە کە لە سەدەی هەژدەدا ئاماژە بە خەرجیی دارایی دەکات. یەکێك لە ستوونە گەورەکانی خەرجیی کۆشکی ئوسقوفی ناوبراو دیاری یاخود بەرتیل بووە. ئوسقوف لە سەردانێکی رەسمیدا بۆ ڤیەننا لە ساڵی 1731دا ئەوەی نووسیوە کە هەموو یەکێك لەوێ چاوەڕێی دیاری یا بەرتیلێك بووە، لە دەرگای سەرەکیی قەیسەر، نووسینگەی جێگری سەرۆك، ژووری پێشوازی، هەروەها بۆ بەدیهێنانی بەرتیلێك کە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵایەتیدا بگونجێت فەرمانبەرێك کە ناوی رێکرۆن بووە ئەم تێبینییەی هەیە: (هاوینی نوێی ئەو نامرێت). لە رۆمانەکەیدا کە بە ناوی (پاتنیکا)وەیە جاکۆڤ ئیگنیاتۆڤیچ لە 1988دا ئەمەی تێبینی کردووە: ئەم ئاژەڵە دەبینیت. سەرێك دەبڕرێت و دووان دەهێنرێنە ژوورەوە. تۆ دەزانیت، جوتیار هێشتا هەر بە باشی بەرتیل بۆ دادوەریان دێنن. هەروەها (دۆسیتیی ئۆبرادۆڤیچ)یش دەبێت بەرتیل بدات: ئەو سەرسام بوو لەوەی کە نووسینگەی بەڕێوەبەرە باڵاکان کە لە دادگان هەوڵ دەدەن کاریگەریی بخەنە سەر لە رێی ئەو بەرتیلانەوە کە ئاو لە دەم دەزێنێت. ڤوك ستیفانۆڤیچ لە فەرهەنگەکەیدا ئەم شیعرە دەڵێت: ئەو لادێییانەی کاری هەڵەیان کرد/ نەفرەت بێت لەوەی کە بەرتیل وەردەگرێت. ئەم شیعرە بە روونی ئامانجی ئەوانە لێکدەداتەوە کە ئاواتیان بەدەستهێنانی پلەوپایەیەکی بەرزی تایبەتە.

پەیوەندیی نەریتی باو (ترادیسیۆن) و گەندەڵی:

نەریتی باوی سربیا هەڵوێستێکی نەرمی هەیە سەبارەت بە بەرتیل و بەرتیلکاری، بەڵام تەواو ئاگادارە لە بوونی، هەروەها لەو راستییەش کە ئەم دیاردەیە زۆر بە گران بنبڕ دەکرێت.

بە پێی باوەڕی باو هەموو خەڵاتێك بەرتیل نییە، هەر لەبەر ئەمەشە کە لە ژیانی رۆژانەدا جیاوازییەکی بە روونی دیاریکراو هەیە لە نێوان دەعوەت، دیاری، دیاری پێدان، کەسێك بردن بۆ دەعوەت لەگەڵ بەرتیلداندا.

پێوەرە ئاساییەکانی ئاکار ئاهەنگ و رێوڕەسمەکان بە کارێکی زۆرەملی دیاری دەکات بۆ ئەوەی دیاری بۆ یەکێك بهێنرێت، ئەو دابونەریتانە بە زۆری بەستراونەتەوە بە خولەکانی ژیانەوە (لەدایکبوون، بە کریستیانکردن، هاوسەرخواستن، ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی خواستنی هاوسەری نوێوە) هەروەها هەندێك رووداوی گەورە و گرنگی کەسێك یا خێزانەکەی کە دارایی و خەرجییەکی زۆری دەوێت (خانووکردن، یان ئەوەی پێی دەڵێن گواستنەوە بۆ ناو خانووی نوێ). دیارییپێدان لەو بارودۆخانەدا بە هەر شێوەیەك بێت بە بەرتیل ناژمێررێت. هەروەها ئەوە بە بەرتیل ناژمێررێت کە کەسێك یارمەتیت دەدات بۆ تەواوکردنی کارێکی دیاریکراو، دواتر تۆش بۆ نانخواردنی نیوەڕۆیەك بانگی دەکەیت یاخود دیارییەکی بچوك یان پارەی پێشکەش دەکەیت. ئەوە بە دەعوەت یان بە

ڕێزلێنان دەژمێررێت. بە پێی پێوەرە ئاساییەکان، تەنانەت مرۆڤ دەبێت پابەند بێت بەوەی کە ڕێزلێنانەکەی (پێزانینەکەی) بە شێوازێکی ماددی دەربڕێت. ئەگەر وا نەکات کۆمەڵگە وای بۆ دەچن کە ئەو مرۆڤێکی سپڵەیە.

بەهەرحاڵ، گەر تۆ دەعوەتی ژەمەخواردێن بکەیت یا دیارییەك یاخود پارە پێشکەش بە کەسێك بکەیت بەرلەوەی ئەو کارێکت بۆ بکاتو لە دوای ئەوە ئەوەی تۆ داوات لێکرد ئەو بۆی کردیت، ئەوە بە بەرتیل دادەنرێت.

نەریتە باوەکە بیروڕایەکی نێگەتیڤی هەیە لەسەر ئەو کەسەی کە بەرتیل وەردەگرێت. تاوانبارکردن لەلایەن بیروڕای گشتییەوە گەلێك ڕەقترە لە ڕووی بەرتیل وەرگردا لەچاو بەرتیلدەردا. تاوانبارکردنەکە لەبەر ئەوەیە کە ئەو کەسەی بەرتیل وەردەگرێت ئەو کارە تەنیا لە چاوچنۆکییەوەیە، نەك بەهۆی هیچ پێویستییەکی بنەڕەتی، لەبەر ئەوە تاوانبارکردنەکەی ئەم گەورەترە. هەروەها ئەو بڕوایە هەیە کە ئەو پلەوپایەو دەسەڵاتو هێزی خۆی بۆ ئەوە بەکار دێنێت کە ئەو شتەی هی خۆی نییە یاخود پێویستی پێی نییە بەدەست بهێنێت. بە تایبەتی کاتێك تاوانبارکردنەکە گەورە دەبێت گەر کەسی ناوبراو بە ڕێگەیەکی ناشایستە گەیشتبێتە ئەو پلەوپایەیە. ئەو بڕوایەش هەیە کە پلەوپایەکە لە خۆیدا هێندە دەستکەوتو بوونی ماددی مسۆگەر دەکات کە دەبوایە ئیتر بەرتیلی وەرنەگرتایە. ئەو دەربڕینەی کە دەڵێت "قازی ڕۆناوی چەور دەکات" ئاماژە بەو جۆرە حاڵەتە دەدات. بەرتیل وەرگرتن بە پێی نەریتە باوەکە تاوانێکی گەلێك گەورەیە کە نەك هەر تەنیا لە ناوبانگی خۆی کەم دەکاتەوە بەڵکو لە ناوبانگی خانەوادەکەشی. ئەو ڕووداو یان نەخۆشییانە، کە لە ڕێی هەموو کەسدان، گەر تووشی یەکێك بێت کە بەرتیل وەرگر ناسراوە وا لێك دەدرێتەوە کە ئەمە سزایەکی خوداییە بۆ ئەو کارە بەدەی. تەنانەت لە دوای مردنیشی هەر بە چاوێکی خراپ تەماشا دەکرێت. ئەم چیرۆکە ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە: جوتیارێك لە سەرەمەرگدا بوو، جوتیارەکانی دی لە دەوری کۆ ببوونەوە، کاتێك خەریك بوو بۆ دواجار چاولێکبنێت، یەکێك مۆمێکی داگیرسانو خستییە ناو دەستی جوتیارەکەو ئەویش بێئەوەی چاوی بکاتەوە وتی: "سوپاس بۆ هەڕەشەکەت".

بیروڕا سەبارەت بەو کەسەی کە بەرتیل دەدات جۆراوجۆرەو لەسەر بناغەی حاڵەتەکانە. ئەگەر بەرتیلدەرەکە هیچ ڕێگەیەکی تری لە پێش نەبوو بۆ چارەکردنی داخوازییە یاساییەکەی، ئەوا هەڵوێستە نەریتییەکەی کۆمەڵگە تاوانبارنەکردنە. نەریتە باوەکە بە بێدەنگی ڕەزامەندەو تێگەیشتنی تەواوی هەیە بۆ ئەو کەسەی کە لە ڕێی بەرتیلکارییەوە هەندێك بڕیار یا یەکلاکردنەوەی کارێك خێراتر دەکات یا بەدەستی دێنێت، چونکە دەزانن کە دەزگاکانی دەوڵەت یان فەرمانڕەوایان، یاخود فەرمانبەرانی دەوڵەت کە نوێنەری فەرمانڕەوایانن هەمیشە دەتوانن بیانوو بدۆزنەوە بۆ دەرنەکردنی بڕیارێك. خۆ ئەگەر یەکێك سوور بێت لەسەر پابەندبوونی دەسەڵات بە خێرایی ئەنجامدانی ئەرکەکەیو بە بێ هیچ قەرەبوویەك، فەرمانڕەواکە یان فەرمانبەرەکەی دەوڵەت تووڕە دەبێتو هەوڵی ئەوە دەدات کە جارێکی دی تۆڵەی لێبکاتەوە. ئەو پەندەی کە دەڵێت: "ناشێت هەژار لەلایەن کەسێکەوە هەڵسەنگێنرێت کە دڵو دەروونێکی شەیتان ئاسای هەبێت" بێهێزیی تەواوی تاکەکەسو هێزداریی تەواوی دەوڵەت یا حکومەت دەخاتە بەرچاو.

لەگەڵ هێزی فەرمانڕەوایاندا هاندەری ئابووریش هەیە. لەبەر ئەوەی داواکارەکە بە شێوەیەکی ئاسایی خەڵکی دەرەوەی شارەو فەرمانبەرەکانیش لە ناو شاردان، ئەوە بۆ داواکارەکە ساناترو هەرزانترە کە بەرتیل بە کارمەندەکە بدات لەبری ئەوەی کە چەند جارێك بۆ هەمان مەبەست بچێت بۆ شارو بگەڕێتەوە.

ئەم جۆرە پێدانو وەرگرتنەی بەرتیل لە چەند سەدەیەکەوە لەم وڵاتەدا بووەو بنبڕکردنی گرانە بە تایبەتی

www.pertwk.com

لەبەر ئەوەی بووەتە بەشێك لە فۆلكلۆرەكەی و رووداوێكی رۆژانە. ئەو راستییەی كە فەرمانڕەوا یان ئەو كەسەی كە بەرتیل وەردەگرێت سزا نادەن تاوەكو ببێتە نموونەو هەمیشە بە شێوەی كارا ئەگەری ئەوە دەبینرێت كە بەرتیلدەرەكە زۆر دڵڕەقانەتر سزا دەدرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی كە جۆرە گوێپێنەدان و بێهیوایی لەوەی كە ئەو راستییە بگۆڕێت ببێتە نەریتێكی باو، هەروەها بوونی ئەو دەربڕینە یا پاساودانەوەیەی كە گشت كەس دەیزانێت: هەموو كەس ئەم كارە دەكات! بۆ ئەوانەی كە هێشتا هەستی پەشیمانییان تێدایە.

بێ رەچاوكردنی ئەوەی چەند ئەم جۆرە بەرتیلە ساكارو بێ زیانە لەلایەنی گشتی خەڵكەوە شیاوەو تاوانبار ناكرێت و یاخود لەگەڵ چارەنووسدا رێكەوتوون و كەس دەنگی لێوە نایەت، بەڵام لە ناوەرۆكیدا مەترسیدارە بۆ دروستكردنی ئاووهەوایەك كە لە رێی ئەو شێوە بەرتیلانەی كە مەترسییان كەمترە لەوانی دی ئەو خووە دروست ببێت كە هەموو شتێك ئاسانتر جێبەجێ دەكرێت گەر چەور بكرێت. بە پەسەندكردنی ئەو بۆچوونەی كە هەموو شت ئاسانتر دەبێت گەر كەسێك بەرتیلی پێدرا، ئێمە دەگەینە دژبەیەكییەكی ئەوتۆ كە واتای پێوەرە ئاساییەكان دەگۆڕێن. ئەمڕۆ زۆرجار ئەمە دەبیسترێت: ئەم كارەم بۆ بكە، میوانداریيەكت دەكەم. وشەی "میوانداری" – دەعوەت – لەم ناوەرۆكە دەربڕینەدا تەنیا رازاندنەوەیەكی وشەی بەرتیلەو تەواو لە مانا رەسەنەكەی خۆی دووركەوتۆتەوە. وشەی "میوانداری" كە هەمیشە لە سنووری پیاوەتیدا بووەو بەهاو واتای سەرڕاستی هاتووە ئێستا بووەتە ئاماژە بۆ چالاكیی پڕ تاوان. گەر ئەم بە هەڵە بەكارهێنانە بەردەوام بێت، ئەوا لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتدا بارودۆخێك دێتە پێش كە نەوەكان زمانی باپیرانیان بەكار دێنن بەڵام مانای وشەكانیان بە پێچەوانەوە دەبێت. وشەی "بەرتیل" بزر دەبێت هەروەك چۆن وشەی "هۆشمەندی" بزر بوو، بەڵام گەندەڵی هەر دەمێنێت. بەهەرحاڵ، بەدەر لەو چیرۆكەی لای سەرەوە كە سەبارەت بە جوتیارو مۆمەكە بوو، ئەوە دەردەكەوێت كە ئەم پرۆسەیە گەلێك زیاتر بەردەوام دەبێت لەوەی كە مرۆڤ بیری لێدەكاتەوە. لەسەر خاكی كۆماری یۆگۆسلاڤیای سۆشیالیستی فیدراڵیی پێشوو، كاتێك كە جەنگ هەڵگیرسا پرۆسەی رزگاركردنی خەڵكی لە شارە "داگیركراوەكاندا" و گواستنەوەیان بۆ شوێنە "ئازاد" یا بێ مەترسییەكان بە شێوەیەكی بەربڵاو پەیدا بوو. بەم كارە دەوترا: دەربازكردن، فرۆشتن، رزگاركردن، بەڵام لە راستیدا بەرتیلكارییەكی كلاسیكی بوو. بەرتیلپێدراوەكان ئەو كەسانە بوون كە ئەو دەمە هێزی سەربازی یان سیاسییان هەبوو، بەرتیلدەرەكانیش ئەندامە نزیكەكانی خانەوادە یان هاوڕێیانی ئەو كەسە بوون كە لە شوێنە داگیركراوەكاندا بوون. لە زۆربەی حاڵەتەكاندا لایەنێكی سێیەم لە كارەكەدا بوو كە دەكەوتە نێوان لایەنە پەیوەندارەكانەوە. بوونی لایەنی سێیەم، میانگرەكە، شتێكی ئاشكرایە لە حاڵەتی بەرتیلە رێكخراوەكاندا. لەو حاڵانەدا بەرتیلەكە پارە بوو و بەزۆرییش بە پارەی بیانی هێزدار بوو، یان كۆنتراكتی فرۆشتن بوو كە بەو پێیە ئەو كەسەی كە بەرتیلەكەی دەدا شتومەكەكانی خۆی دەفرۆشت بەو كەسەی كە بەرتیلەكەی وەردەگرت (ئەم حاڵەتە كەم بوو).

لەسەر خاكی نیشتمانیی سربیا پێشتر ئەم شێوە بەرتیلكارییە بووەو لە كاتی هەموو جەنگ و داگیركارییەكاندا تێبینی كراوە. (شیعرە فۆلكلۆرییەكە دەڵێت: ماركۆ سێ بار خەزنە وەردەگرێت، ژنە موسڵمان و ئافرەتە دیلەكان ئازاد دەكات. ماركۆ سێ بار خەزنە دەدات، میللەتی هەژار بەرەو ئازادی دەبات).

نەریتی باو تەواو پشتگیری لە پێدان و وەرگرتنی بەرتیل دەكات لەو حاڵەتانەدا. گیان بەوەیە ئەم جۆرە بەرتیلكارییە تەنیا لە بارودۆخی جەنگدا هەیە. كاتێك كە جەنگ كۆتایی دێت ئەو بارودۆخە نامێنێت كە دەبێتە هۆی ئەم جۆرە بەرتیلانە. نەریت زۆر بە توندی پارە یان هەر جۆرە قەرەبووكردنەوەیەك تاوانبار دەكات، بگرە

www.pertwk.com

نەفرەتیشی لێدەکات کە دەدرێتە کەسێك هێزی لەدەستدایە بۆ ئەوەی کاریگەریی بخرێتە سەر تاوەکو پارەدەرەکە سوود وەرگرێتو کەسێکی دی زیانی لێبکەوێت. ئەم حاڵەتانە زۆرجار لە نەریتە میللییەکاندا دەبینرێنو بە شێوەیەکی ئاسایی پەیوەندییان بە شایەتیی درۆوە هەیە دژ بە کەسێکی بێتاوان بە مەبەستی سوودی تایبەت. ئەم حاڵەتە بەزۆری دەستپێشی کەسێکە کە هێزی لەدەستدا بێتو لە ڕێی بەرتیلکاری یان پارەکێشانەوە لە کەسێك کە داوای بە یاساییکردن، شایەتیی درۆ، هێنانەوەی بەڵگەی درۆ بۆ ئەوەی سزایەکی توند بسەپێنێت بەسەر کەسێکدا کە چاو بڕاوەتە سامانەکەی. تا ڕادەیەك ئەوە شتێکی نائاساییە کە کەسێکی خاوەن هێز بەرتیل بە یەکێك بدات کە بێهێزە، بەڵام گەلێك حاڵەت ڕاستەوخۆ لە دوای ساڵی 1945 ڕووی دا کە تەنانەت تاوەکو ئەمڕۆش بە ترسەوە باسی دەکرێتو بەڵگەی بوونی ئەو جۆرە بەرتیلکارییەن.

ئەو هۆو بارودۆخانەی کە پشتگیری لە گەندەڵی دەکەن:

هۆی گەندەڵی بە پێی نەریت، سەبارەت بە لایەنی بەرتیل وەرگر چاوچنۆکییە. چاوچنۆکی سیفەتێکی تاکەکەسە کە هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی، بێ جیاوازیی ڕەگەزو ئایین، لێی بەئاگان. بەرتیلو بەرتیلکاری هەمیشە هەیە، بەڵام بارودۆخی وا هەیە کە پاڵپشتە بۆ پەرەسەندنی بەرتیلکاری، بارودۆخیش هەیە بەو جۆرە نییە. لەسەر ئاستی گشتیی پێشینە بارودۆخی بنەڕەتی بۆ گەشەکردنی بەرتیلو بەرتیلکاری لە یەك وشەدا کۆ دەبێتەوە: "بێ یاسایی". هەر لەو کاتەدا کە دەوڵەتو دەزگاکانی دەست بە لاوازی یان داڕوخان دەکەنو هێزی تاکەکەسێك دەست دەکات بە زاڵبوون بەسەریاندا، گەندەڵی بە خێرایی تیشکی خۆی دەگەیەنێتە گۆڕەپانەکە. ئەوانەی کە ئەرکێکی تایبەتی دەوڵەتیان لەسەرەو لە پلەو شوێنێکدان کە یەکەم کەس بن تێبینیی ئەو لاوازییەی دەزگاکانی دەوڵەت بکەنو بڕیار لەوە بدەن ئاخۆ هیوا یا ڕێگەچارەیەك هەیە بۆ ئەو کەموکوڕییانە. گەر خەمڵاندنەکەیان بەو جۆرە بوو کە ناتوانرێت شتێك بکرێت یاخود هیوایەك بۆ ئەوە نییە، ئەوسا دیسپلین دەشکێتو خەڵکی ترسیان کەم دەبێتەوە یاخود هەر نامێنێتو ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەسێتیی تاکەکەس بگۆڕرێت. ئەو وتەیەی کە دەڵێت "فریوم مەدە" حاڵی ئەو کەسە دەردەخات کە توانای ئەوەی هەیە میوە قەدەغەکراوەکە بۆ خۆی ببات. لەو بارودۆخانەدا مرۆڤ بە وردی سەرنج لە چالاکیی سەرپەرشتیارەکەو هاوڕێکارانی دەداتو هەوڵ دەدات بزانێت کارو کاردانەوەکانیان چۆنە. پەیوەندییەکانی نێو سیستەمەکە بە پێی پرینسیپی دەفرە هاوتاکان دەست بە کارکردن دەکات، ئەمەش بە مانا نێگەتیڤەکەی لاوازیی دامودەزگاکان ئاشکرا دەبنو بە خراپی بەکار دێن. بەشەکەی تر مەسەلەی تەکنیکە، یاخود هەروەك هەمیشە لە سربیا دەوترێت "جەردەیی دەست پێدەکات". ئەمە بە ڕوونی لە نەریتە باوەکەدا باسی لێکراوەو بە وشەی ساکار لە شێوەی ئەم پەندە میللییانەیەدا دەربڕاوە: "تاوەکو شەو بۆ یەکێك دانەیەت، ڕۆژ بۆ یەکێکی دی هەڵنایەت"، "بۆ یەکێك جەنگو بۆ یەکێك برا".

لە دەوروبەری ناوخۆکەدا یاخود کۆمەڵگە چەند شێوە ڕەفتارێك دەشێت لێك جیا بکرێنەوە:

* کۆمەڵگەیەك کە بە بیرو تێگەیشتنی گەورەپیاوەوە کار دەکاتو تیایدا ڕێسا پەسەندکراوەکانی ڕەفتار یان پێوەرە باوەکانی یاسا ڕێزیان لێدەنرێت.
* کۆمەڵگەیەك کە بە بیرو تێگەیشتنی گەورەپیاو کار ناکات کە تیایدا یاساکانی ڕەفتارەکانی نەریت ڕێزیان لێناگیرێت.

* کۆمەڵگەیەك کە لە کاتی گواستنەوەدایە یاخود لە نێوان دوو سیستم یان دوو دەسەڵاتدایە.

لە حاڵەتی یەکەمدا کەمترین بارودۆخ هەیە بۆ گەشەکردنی گەندەڵی. سیفەتی سەرەکیی ئاکاری کۆمەڵگەی گەورەپیاو ڕێزگرتنی کارو هەروەها ئەو بەهایانەی کە لە ڕێی کارەوە دروست دەبن (وانەیەکی ئاکار: بە بێ بێکاری نان نییە)، هەروەها ڕێزگرتن لە بەڵێن چ بە وتن بێت یان بە نووسین (وانەیەکی ئاکار: مرۆڤ بە بەڵێنەکەی پابەند دەبێت و گا بە شاخەکانییەوە). پابەندێتییەکی تری وێنەی کۆمەڵگەی گەورەپیاو گوێدانە بە خانەوادە، لەبەر ئەوەشە کە خۆی لە هەر چالاکییەکی مەترسیدار بەدوور دەگرێت تاوەکو ئازار بە خۆی یان بە خانەوادەی نەگەیەنێت بەهۆی کردارەکانییەوە. هەر لەبەر ئەوەش کە بەرتیل و بەرتیلکاری، لەنێو شتەکانی تردا، چالاکییەکن مەترسییان تێدایە، بۆیە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئاکاری کۆمەڵگەی گەورەپیاودا دژ بەیەکن. کاردانەوەی کۆمەڵگەی ناوخۆ رەقەو دەبێتە هۆی بە گشتی تاوانبارکردن و ناوزڕاندنی ئەو کەسەی کە ڕێساکانی یاسا باوەکانی رەفتار دەشکێنێت و سەرەنجامیش وای لێدێت بوونی لە کۆمەڵگەدا لە توانا بەدەر بێت. لەو کۆمەڵگەیانەدا کە ئاکاری گەورەپیاویان هاتۆتە سەر کەمترین رادە یاخود هەر نییە، ئەوا سیستمی بەهای دی بە ڕێی دەکات. شوێنکەوتنی کارو بەڵێن توخمی سەرەکیی ئەم سیستمە نین، بەڵکو بە کەموکووڕی دادەنرێن. دووڕوویی، کە کارێکی ئاسانەو هیچ ئەرکێکی نییە بەهۆیەوە شتومەك بەدەست دێت، ئەمەش تایبەتمەندییەکی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەیە. دووفاقی لە رەوشتدا بە ئاشکرا لە مامەڵەکردن لەتەك کەلوپەلی دەوڵەت و هی تایبەتدا دەردەبڕێت، کەلوپەلی تایبەت خاوەنێکی هەیەو ڕێزی لێدەگیرێت. کەلوپەلی دەوڵەت وا دادەنرێت کە خاوەنێکی راستی نییەو بەو پێیە رەفتاری لەتەکدا دەکرێت. گەر نوێنەرانی کەلوپەلی دەوڵەت کەسانێکی راستی بن، ئەو بڕوایە لە ئارادایە کە دەشێت ئەوان قاییل بکرێن کە چاو لە ئاستی هەندێك رەفتاردا بنووقێنن. ئەوەی کە لەم ڕووەوە زۆر بەربڵاوە ئەمانەیە: دەوڵەت بەم کارە بچوکەی ئێمە پەکی ناکەوێت، بۆ تۆش باشەو بۆ منیش. لەبەر ئەوەی نە هیچ تاوانبارکردنێك لەلایەن کۆمەڵگە ناوخۆییەکەوە روو دەدات و نە کاردانەوەیەکی ئەوتۆش لەلایەن ئەوانەوە کە پاراستنی کەلوپەلی دەوڵەتیان لەئەستۆیە، بۆیە قاییلکردن کارێکی ئاسانە. ئەم پەندانە روونکەرەوەیەکی باون بۆ گەندەڵی: ئەوەی درێل نەیبڕێت، پارە دەیبڕێت، ئەم دەست ئەو دەست دەشوات، قەلەڕەش چاوی قەلەڕەشی تر دەرناهێنێت.

گواستنەوە، وەك ئەو کاتەی کە گۆڕان لە سیستمدا دەبێت، یاخود کاتی نێوان دوو دەسەڵات کە لە ناو خەڵکدا هەمیشە بە بێ یاسایی ناودەبرێت، ئەو ماوەیەیە کە بە تەواوی پشتگیری لە گەندەڵی دەکات. لەگەڵ هەرەسهێنانی فەرمانڕەوایان و سیستمەکەدا هێماکانیشیان هەرەس دێنێت. دەوڵەت و بەهاکانی و کەلوپەلی پشتیان لێدەکرێت بێئەوەی کەس هەبێت پارێزگارییان بکات. تەنانەت مەترسییە هێماییەکانیش بۆ ئەنجامدانی هەندێك چالاکی کە ئەوسا مەترسیدار بوون نامێنێت. دەوڵەت بۆ هەموان دەبێتە شتێکی خۆڕایی و زۆر کەس ئەوە بە هەل دەزانن کە سوودێك بۆ خۆیان بەدەست بێنن. هیچ شتێکی دی گرنگ نییە. رەوشت و پێوەرە باوەکانی رەفتار دەبنە شتی "بەسەرچوو" و "پشتگوێخراو" و ئەوانەش کە ئەو رەوشت و پێوەرانە پەیڕەو دەکەن پێیان دەڵێن "بێتوانا". بەرتیل و بەرتیلکاری دەبنە شتێکی گشتی و هێماکانی بەهای کۆمەڵگەی کۆن گاڵتەیان پێدەکرێت. ئەوەی باشە نەریتە باوەکە لەگەڵ ئەو جۆرە ماوانەدا ئەزموونی هەیەو بەم پەندە لێی دەدوێت: هیچ کەس نەبوو تا بەیانی مۆمەکەی بۆ داگیرسێنێت، هەر شتێك کە سووا نامێنێت.

www.pertwk.com

دوو چیرۆکی باو دەربارەی گەندەڵی:

1) ئایا وەزیر دەخوات؟ ئەمە چیرۆکێکی باوە کە لە زۆر کاتو شوێنی جیاوازدا جێی خۆی کردۆتەوە. بابەتە باوەکە گۆڕانی کەسێکی گەورەیە لە کەشو دۆخێکی دیاریکراودا. بەر لە رۆیشتنی کەسە کۆنەکە، گەلێك چیرۆکی ترسناك کەوتە پێش هاتنی گەورەپیاوە نوێیەکەو ترسێکی زۆری خستە ناو خەڵکەکەوە، لەبەر ئەوە کۆبوونەوەیەك رێکخرا لەلایەن سەرۆکی خانەوادەکانەوە، لەوێدا ژیرترین کەسیان ئەم پرسیارەی قوت کردەوە: ئایا ئەوەی کە تازە دادەنرێت دەخوات. کاتێك ئامادەبووان بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە ئەوەی پرسیارەکەی کرد بەم جۆرە دووا: باشە، کەواتە هیچ کێشەیەك نابێت، ئێمە باشی دەرخوارد دەدەین!

2) پیاوێك ناوی دێسیمیر بوو، لەدایکبووی شوێنێك بوو لە نزیك پرانیانی، ئەم پیاوە دەهێنرێتە بەردەم میکائیلی گەورەی فریشتەکان. ئەم دێسیمیرە لە ژیانی دنیای سەر زەویدا چاوی دەبڕییە ژنی خەڵکی، زۆری دەخواردەوە، ئۆکۆردیۆنی لێدەداو، بە بێ یاریی کاغەز (قومار) هەڵی نەدەکرد. کەمە کەمە گوناهەکانی تۆپەڵ دەبوون. پیاو راست بڕوات کاری باشەشی دەکرد: لە هەینیی غەمگیندا دەچووە کەنیسە، بە رێکوپێکی رێزی بۆ یۆحەنای مەعمەدان دەردەبڕی، هەر کاتیش لە قوماردا بیبردایەتەوە پارەی بە کەنیسە دەدا. بەڵام کاتێك کە گشت ئەوانە خرانە تەرازووەوە هێشتاکە خراپەکانی زاڵتر بوون. فریشتە میکائیل تەماشایەکی دێسیمیری کردو لە تەرازووەکەی روانیو تاڵە موویەکی دایە دەستی کە بە سەریدا بپەڕێتەوە. ئەوسا دێسیمیر تکای لە میکائیل کردو وتی: بیکە بە خاتری خوداو یۆحەنای مەعمەدان کەمێك چاکتر تەماشای تەرازووەکە بکە! فریشتە میکائیل هەڵوێستەیەکی کردو لێی نزیك بووەوەو وتی دەبێت پێکەوە تەماشای بکەینەوە. دێسیمیر بەوە قاییل بوو، ئەم خۆی هەر ئەوەی دەویست، کاتێك کە فریشتەکە بە ماندوویەتییەوە خراپەکاریو کردارە چاکەکانی دەخستەوە سەر تەرازووەکە، دێسیمیر هەلی بۆ هەڵکەوتو بە دزییەوە کەمێك دراوی زێڕی خستە سەر تای کردارە چاکەکان. میکائیل دەستی بە کێشان کردەوەو ئەمجارەیان کردارە چاکەکان زاڵ بوونو لەوە سەرسام بوو و باشتر سەرنجی لێدا، ئینجا کە بینی چیی لە بەردەستدایە، کەمێك بەملاو ئەولادا هات، بەڵام وای پیشان دا کە هیچی نەدیوەو لەبەر خۆیەوە وتی لەوانەیە لەبەر ماندوویەتی بە هەڵە چووبم، پاشان دراوە زێڕەکانی هەڵگرتو لقە دارێکی دا بە دێسیمیرو ئەویش بەرەو بەهەشت بەسەریدا پەڕییەوە. دواتر خوا بەمەی زانیو میکائیلی لە کارەکەی دەرکردو جوبرائیلی دانا بۆ کێشانەی چاکەو خراپەو لەناو خەڵکیشدا سەرەڕای چیرۆکەکە ئەو بڕوایە هەر مایەوە کە بە پارە دەشێت گیان بکڕێتو لەناویش ببرێت.

***

گەندەڵی یاخود بەرتیلکاری بەشێکە لە گشت کۆمەڵگەی شارستانیی سەردەمو نەتەوەیکدا. نەتەوەیەکی شارستانی نییە کە ئاگاداری ئەم دیاردەیە نەبێتو خەڵکی سربیاش لەمە بەدەر نین. لیستی نموونەکانی ژیانی رۆژانەو پەیوەندییان بەم دیاردەیەوە بە ئاشکرا ئاماژەن بۆ بوونی بەرتیلو بەرتیلکاری لەم هەرێمەدا. چەندین پێوەری ئاسایی کە پەیوەندیی ئەندامەکان رێك دەخەن وەك پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگەی ناوخۆییو کۆمەڵگە فراوانترەکە، کاتێك کە مامەڵە لەتەك بەرتیلو بەرتیلکاریدا دەکەن ئاڵۆزیی ئەم دیاردەیە دەردەخەن. هێشتاکەش بە بێ گوێدان بە ناسکیی خودی گەندەڵی، لە نەریتی باودا وەك دیاردەیەکی رێزلێنەگیراوو پڕ تاوان تەماشا دەکرێت. هیچ کەس بە ئاشکرا بە باشی باسی ناکاتو هەموو وەك شەڕێکی گەورە تەماشای دەکەن کە پێویستە

www.pertwk.com

بنبڕ بکرێت، بەڵام یەکسەر گومانی ئەوە دەردەبڕن کە ئەو کارە لە تواناداد بێت. ئەزموونی سەدەیەك کە لە ناو سیستمی دابە گشتییەکان و ئاهەنگەکان و ئەو کارانەی ڕێوڕەسمن هەروەها داهێنانەکانی خەڵکیدا بەرجەستە بووە ئەوە دەردەخات کە نەریتی باو زۆر بە روونی لە جۆرە جیاجیاکانی بەرتیل و بەرتیلکاری و گەندەڵی دەگات و لە یەکیان جیا دەکاتەوە. زۆر باش ئاگاداری ئەو مەترسییانەیە کە بەم دیاردەیەوەیە و ئەو هێزە گەورەیەی کە هەیانەو توانای هەڵتەکاندنی هەموو ئەو بەهایانەی هەیە کە کۆمەڵگەی لەسەر بنیات نراوە. لە ڕێی پەندو ئاکارەکان و تەنانەت گاڵتەو گەپەوە دیاردەی گەندەڵی و ئەوانەش کە بەشداریی تێدا دەکەن دیاری دەکرێن. بەهەرحاڵ، خەڵکی ڕەمەکیش بەتەنگەوەن. لە مێژووی خۆیاندا گەلێك جار بە هەڵەدا چوون و ئەزموون ئەوەی فێر کردوون کە هەر بەڵایەك گەورەتری هەیەو ئەوەی دادپەروەری بەلاوە دەنێت دەرەنجام هەر تووشی ئازار دەبێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە خەڵکی ڕەمەکی بڕوا بەوە ناکەن دە دەیبینن و دەیبیستن. کارێکی ئاسانە کە بە گشتی گەندەڵی تاوانبار بکرێت، بەڵام مرۆۆ دەبێت بەردەوام بێت و لەو دەرگایە بدات کە تاوانبارکردنەکەی ئاراستە دەکرێت. ئەمە هۆی ئەو دیاردەیەیە کە هەڵوێستێکی ڕاستەوخۆو بەهێز نییە سەبارەت بە بەرتیل و بەرتیلکاری و گەندەڵی لە نەریتە باوەکەدا بەڵکو بیروڕای خەڵکی لەسەر بنەمای هەریەك لەو حاڵەتانە دروست دەبێت کە یەك لە دوای یەك دێنە گۆڕێ.

نەریتی باو لە بیری خەڵکیدا ئەزموونی ژیانی سەبارەت بە گەندەڵی و ململانێکردنی بە درێژایی سەدەیەك نەخشاندووە. هیچ کەس بە بوونی گەندەڵی دڵخۆش نییەو هەموو کەس پێی خۆشە کە ئەو دیاردەیە نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەکە هێشتا هەر هەیە. خەڵکی ڕەمەکی ئاگایان لەمەیەو ئاگاشیان لەو ململانێیەیە کە لە دژی دەکرێت.

ئەنجامی ئەو ڕووپێوانەی کە لەسەر گەندەڵی ئەنجام دراون

بیرۆکەو ئەزموونەکانی گەندەڵی:

بیروڕای خەڵکی سربیا سەبارەت دیاردەکەو پراکتیزەکردنی گەندەڵی.

پێشەکی:

هەرچەندە ئەو بڕوایە لە ئارادایە کە گەندەڵی دیاردەیەکی وەبەرچاوی سەردەمی هاوچەرخە، بەڵام بەربڵاوی و قووڵیی ڕەگەکانی لە هەندێك کۆمەڵگەدا پابەندە بە سروشتی شتەکان و کەش و هەوای گشتیی ئاکار (بەها) لەو کۆمەڵگەیەدا. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لە پرۆسەی گۆڕانکاریی سیستمەکانیاندان (هەروەك ئەوەی کە ئەمڕۆکە لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا ڕوو دەدات و یۆگۆسلاڤیاش دەگرێتەوە) لەم ڕووەوە لە بارودۆخێکی تایبەتی ناسکدان. سەردەمەکانی گۆڕانکاریی گەورەو خێرای بواری سیاسی و ئابووری، پرۆسەی لێکدابڕانی کۆمەڵایەتی بەدوادا دێت کە ئەمەش هەر تەنیا تەقینەوەی دامەزراوەکان و پچڕاندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناگرێتەوە بەڵکو دەبێتە هۆی قەیران بۆ سیستمی بەهاکان و ئەو پێوەرو ستاندەرە ئاکارانەی کە لەکاردان. بە شێوەیەکی گشتی گۆڕانکاریی دامودەزگا دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی لێکدابڕانی سیستمی ئەو بەهایانەی بەدوادا بێت کە لە رابوردوودا بووبوونە بناغە بۆ بە گشتی پەسەندکردن و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی. لەبەر ئەوەی سیستمی بەها نوێیەکان هێشتا تەواو دانەمەزراوە، لە ڕاستیدا گۆڕان لە بارە سیاسی و ئابوورییە کۆنەکەوە بۆ نوێیەکە سیمای پێکدادانێکی سەختی بەهاکان دەگرێتەخۆ کە لە شێوەی

www.pertwk.com

بەرەلاییەکی کۆمەڵایەتی و بەدەربوون لە ڕێسا ئاکارییەکاندا دەبێت. ئەو توێژینەوە بەراوردکارییانەی کە لە سەردەمی دوای کۆمۆنیستدا لە ولاتانی ڕۆژهەلات و خوارووی ڕۆژهەلاتی ئەوروپادا ئەنجام دراون ئەوە دەردەخەن کە هەموویان لە حاڵەتێکی بەربلاو و گەورەی بەرەلاییدا بەشدارن لەسەر ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و لەسەر ئاستی تاکەکەسیش. وەك کاردانەوەیەکی خەڵکی بۆ بارودۆخە کۆمەڵایەتییە بەرەڵاکە، زۆرجار رەفتاری لادەرانەی جۆراوجۆر سەر هەڵدەدات جا ئەوە بەهۆی گۆڕانکارییەوە بێت یان وەك هەوڵێك بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو حاڵەتەدا (مێرتۆن). هەندێك لەو کاردانەوانە (هەستکردن بە نەبوونی یارمەتی، بێ ئومێدی، ڕێڕەوی نالەبارو بە توندوتیژی شکاندنەوە بەلای خۆکوشتندا) بوونەتە جۆرە شێوەیەکی نادیاری گۆڕانکاری، لەبەر ئەوەی ئەوانە لە ڕوویەکەوە پاشەکشەیەکی سایکۆلۆژین سەبارەت بە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، رەفتارێکی گەلێك بەربلاو لە شێوەی کاردانەوەیەکی بابەتی بۆ ئەو بارودۆخە دەشێت خۆگونجاندن بێت لەتەك ئەو جۆرە هەڵوێستە لە کۆمەڵگەدا، ئەویش بە خۆڕاهێنان و پەسەندکردنی ئەو ڕێسا نوێیانەی کە بۆ هەڵسوکەوت دانراون، تەنانەت گەر دژ بە هێماکانی ئاکارو بەهاکانی ئەو کەسەش بن.

بەهەرحاڵ، کاردانەوەیەکی کاری گەورە بۆ ئەو هەڵوێستە بەرەلاییەی کۆمەڵگە دەشێت پەسەندکردنی (بەجیهانیکردنی) ئەو هەڵوێستانەو جۆرە جیاوازەکانی رەفتارە نوێکراوەکە بێت کە زۆرجار شێوەیەکی تاوانکاریی هەیە. بە شێوەیەکی بنەڕەتی، ئەو جۆرە رەفتارە لادەرانەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە دەستییەوە ناڵێنراوە، دەبنە پێوەر بۆ رەفتاری "ئاسایی"و "دروست" لە هەڵوێستی دیاریکراودا. زۆرجاریش ئەمانە جۆرە کارێك دەبن کە بە گران دەتوانرێت هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان گەلێك لەو یاسا لاڕێیانەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەندن و پێکبەستنەوەی تەواوی ڕێسا ئاکارییەکان و یاساییەکان لەگەڵ بە ئازادی پراکتیزەکردنی نائاکاری و تواندا دیاری بکرێت. گەلێك لە دیاردەکان سیمای سەردەمی "گۆڕان"ن لەو کۆمەڵگەیانەدا: "ئابووریی ڕەش"، گۆڕانکاریی نائاسایی لە مامەڵە ئابووری و بازرگانییەکاندا، قاچاغچێتی، بازرگانیی نادروستی دراو – پارە –، دزیکردن لە کۆمپانیا، سەرهەڵدانی خانووبەرەی ڕێپێنەدراو، لەنێو گشت ئەمانەشدا "بەرتیلکاری و گەندەڵی" لای زۆر کەس چیدی (لە سایەی نەبوونی یاسا جددییەکاندا) بە خراپەکارییەکی ئاکاری یان یاسایی گرنگ ناژمێررێن. پراکتیزە بەربڵاوەکەی شکاندنی پێوەرە ئاکاری و یاساییەکان مانای قەدەغەکردنەکە پووچ دەکاتەوە، بەڵکو لەبری ئەوە ئەو کارانە وەك شتێکی "ئاسایی" یان عورفێك دادەنرێن کە ئەمەش نیشانەیەکی ئاشکرای بوونی بەرەلایی ناون کۆمەڵگەیە. ئەم جۆرە "گۆڕانکارییە سایکۆلۆژییە" لەلایەن هاوولاتییانەوە "کەش و هەوایەکی ئاکاری" تایبەت پێکدێنێت کە دواتر لە بەرژەوەندیی قووڵکردنی بەرەلاییەکەی نێو کۆمەڵگەو لە ڕێسا بەدەرکردن و دارمانی کۆمەڵایەتییە. شیتەڵکارەکانی ئەمڕۆی سیستمی دوای کۆمۆنیست وای دادەنێن کە "بە شێوەیەکی دروست" لەوانەیە کاتێکی گەلێك زیاتر "لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیانەدا" پێویست بێت بۆ بەهێزکردنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراندنەوەی پەیوەندییە پساوەکانی کۆمەڵگەو پاشان بۆ بەرەوپێشبردنی بارودۆخی ئابووری (ئەندورکا).

پرۆسەی لێکدابڕان و حاڵەتی بەرەلایی بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەم دە ساڵەی دواییەدا بە کۆمەڵگەی سربیاوە دیارە، هەرچەند نیشانەکانی دەتوانرێت لە رابوردووشدا دیاری بکرێت، هەر لە سەردەمی پێش دەستپێکردنی گۆڕانکارییە سیاسیی و ئابوورییەکانەوە. ئەو بارودۆخەی کە بووە هۆی ئەو پرۆسەیە و پەیدابوونەوەی زۆر باش زانراوە: مەسەلە چارەسەرنەکراوەکانی بوونە دەوڵەت و دەستوورو خراپبوونی باری

www.pertwk.com

ئابووری (بەهۆی سزا نێودەوڵەتییەکانەوە خراپتر بوو)، ئەزموونی هەڵوسانی لەڕادەبەدەر، هەژاربوونێکی زۆرخراپ و بوونی جیاوازی لەناو جەماوەردا، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، تێکچوو - شێت - بەهۆی جەنگەوە، ئاوارە، کێشە ناوخۆییە سیاسییەکان و شەڕوشۆڕ. توێژینەوە ئەزموونییەکانی بیروڕاکان، هەڵوێست و ئەزموونی هاووڵاتییان سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵی و پراکتیزەکردنی، ئەو دەرەنجامانەی کە ئێمە لێرەدا دەیانخەینە روو لەسەر بناغەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەن. هەرچەندە ئەو خەملاندنە بابەتییانەی کە خەڵکی کردوونی تەنیا لایەنێکی کەمی راست و دورستی هەنووکەیی دەردەخەن، وردتر بڵێین، دەشێت ئەوان لە ژێر کاریگەریی قاڵبە نەگۆڕاوە بەربڵاوەکاندا و هەواداریی بیروبۆچوونە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان و شتی دی لەم جۆرەدا بن، پێکهاتە بابەتییەکەی راستی بە شێوەیەکی بەهێز کاریگەری دەخاتە سەر رەفتاری خەڵکی و لەم رێیەشەوە خۆی دەبێتە راستییەکی کۆمەڵایەتیی پەیوەندار (بێرگەرو لەکمان 1960). گەر بمانەوێت لە رەگوڕیشەو بارودۆخی بڵاوبوونەوەو چاکترین رێگەکانی جەنگان دژ بە گەندەڵی لەناو کۆمەڵگەدا بگەین، پێویستە رێز لەم راستییە بگیرێت.

نموونە:

رووپێوکردنی بیروڕای خەڵکی دەربارەی گەندەڵی لە 23 تا 31 کانوونی دووەمی 2001 ئەنجام درا لە رێی وەرگرتنی 1632 نموونەوە (پلان بۆ 1640 دانرابوو) کە گشتی لەسەر خاکی وڵاتی سربیا بوو، کۆسۆڤۆو میتۆهیای لێبەدەر بێت. نموونەکە لەسەر کەسانی گەورە بوو کە لە 82 شوێن یاخود 82 فەرمانگەی کۆمەڵگە لە سنووری 60 شارەوانیدا وەرگیرابوو. رووپێوەکە لەسەر شێوازی رێژەیی ئەنجام درا کە لەسەر شەش بنەما بوو: توخم، تەمەن، پلەی خوێندەواری، باری نیشتەجێ - شار، لادێ - ، نەتەوەو سەر بە ناوچە دیموگرافییە فراوانترەکان.

پێکهاتەی نموونەکە لە رووی توخم - جێندەر -وە بەم جۆرە بوو: نێر 50.2٪، مێ 49.8٪. پێکهاتەی تەمەنی ئەوانەی رایان وەرگیرابوو: 18 - 29 ساڵ 24.9٪ بوو، 30 تا 39 ساڵ 15.9٪ بوو، 60 ساڵ و زیاتر 19.4٪ بوو. بە پێی پلەی خوێندەواری پێکهاتەی نموونەکە بەم جۆرە بوو: ئەوانەی 4 ساڵی سەرەتایی یان کەمتریان تەواو کردووە 11.7٪، 8 ساڵی قوتابخانەی سەرەتایی 23.1٪، دواناوەندی 38.8٪، ئامادەیی و زانکۆ 16.1٪.

پێکهاتەی نموونەکە بە پێی پیشە ئەمانەی تیابوو: کرێکاری ناکارامەو نیمچەکارامە 19.7٪، کارمەندان 16.5٪، خاوەن پرۆژە تایبەتەکان 3.9٪، شارەزایان 12٪، بێ پیشە 13.9٪. بە پێی باری کارکردن: ئەوانەی لە کۆمپانیاکانی دەوڵەت/ سۆشیال 32.8٪، کۆمپانیای تایبەت 12.4٪، بۆ خود کارکردن 5.6٪، خانەنشین 12.3٪، بێکار 14.5٪، کابانی ماڵ 13.5٪، خوێندکار 6.9٪، نەزانراو 2٪.

تێڕوانینی دیاردەی گەندەڵی:

گەندەڵی وەك کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و/ یان تایبەت:

هاووڵاتیانی سربیا لەو بڕوایەدان کە دیاردەی گەندەڵی یەکێك لە گرنگترین ئەو کێشانەی کە ئەمڕۆکە بەرەوڕووی کۆمەڵگەی سربیا دەبێتەوە. کاتێك وەڵامەکانی ئەوانەی کە راپرسییان پێکرا سەبارەت بە گرنگترین

مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا، کێشەی گەندەڵی (12٪) بوو کە لە بەرامبەر بە کێشەکانی وەکو هەژاری (26٪ی وەڵامەکان)، ناسەقامگیریی سیاسی (22٪)و تاوان (15٪). لەناو هەر 10 هاووڵاتیدا یەك هاووڵاتی لەو بڕوایەدایە کە مەسەلەی گەندەڵی لە پێشینەی کێشەکانە، ئەم بڕیارلێدانەش لە ئاستی مەترسی یاخود زیانە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە (لە کاتێکدا کە 14٪ی تریش ئەم کێشەیە بە پلەی دووەم دادەنێن بە پێی گرنگییەکەی).

پێویستە لەم کاتەدا تێبینیی ئەوە بکرێت کە گەندەڵی بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی ترسناك دادەنرێت تەنانەت گەر لەتەك کێشەکانی بارودۆخی ئابووریی لاواز، بێکاری، لاوازیی ئاگاداریی تەندروستی و ڕۆشنبیری، پیسبوونی ژینگەو لاوازیی پەیوەندیی نێوان ڕەگەزە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکاندا.

هەرچەندە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی گەندەڵی لەنێو لیستی گرنگترین کێشکاندا دانراوە، بەڵام زۆر بە کەمی وەك گرنگترین کێشەی تاکەکەس دیاری کراوە (تەنیا 7٪). لەم ڕووەوە کێشەکانی نزمیی ئاستی ستاندەری ژیان یاخود هەژاری لای زۆرینەی هاووڵاتییان لە پێشینەن (48٪)و دیاردەی دیکەیان بەدوادا دێت کە هۆکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشەیە، وەك نزمیی باری ئابووری (9٪)، بێکاری (9٪). بە وەبەرچاوگرتنی زیانەکانی گەندەڵی لەسەر ئاستی تاکەکەس، تا ڕادەیەك ڕێژەیەکی زۆرتری هاووڵاتییان (9٪) گەندەڵی لە پلەی دووەمی گرنگترینەکاندا دادەنێن، بەڵام هێشتا هەر بە کێشەیەکی کەم بایەختر دادەنرێت لەچاو هەژاری، تاوان، بێکاری، هەروەها لاوازیی خزمەتگوزارییەکانی ئاگاداریی تەندروستیدا.

کاتێك لیستی کێشە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان لەسەر بنەمای تێکڕای وەڵامەکان ئامادە دەکرێت (بۆ پلەی یەکەمو دووەمی گرنگی)، دەرەنجامەکان ئەوەیان سەلماندووە کە گەندەڵی لە چوارەم پلەدایە لە دوای هەژاریو ناسەقامگیریی سیاسی و تاوان (خشتەی 3 – 1).

خشتەی 3 – 1

کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەو تاکەکەس (پلەی یەکەمو دووەمی گرنگی) بە ڕێژەی سەدی

دیاردەکان	کێشەی کۆمەڵایەتی	کێشەی تایبەتی کەس
ناسەقامگیریی سیاسی	16	8
لاوازیی پەیوەندیی ڕەگەزە جۆراوجۆرەکان	6	3
گەندەڵی	12	7
لاوازیی بارودۆخی ئابووری	10	9
تاوان	17	10

www.pertwk.com

بێکاری	7	12
پیسبوونی ژینگە	2	3
لاوازیی ئاگاداریی تەندروستی	3	9
کێشەکانی پەروەردە	1	3
هەژاری، نزمیی ستادەری ژیان	24	33
شتی دی	1	1
نازانێت/ وەڵام نییە	1	2
کۆ	100	100

بە پێی ئەو خشتەیە، دەشێت بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە گەندەڵی تا رادەیەك مەودایەکی فراوانتری هەیە وەك کێشەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی پاشان وەك کێشەیەکی گرنگی تاکەکەس: تێکرا 12٪ی هاووڵاتییان وەك گرنگترین (زیانبەخشترین) دیاردە (لەناو چوار دیاردەی زۆر گرنگدا) بۆ سەرجەم کۆمەڵگە دەیبینن و 7٪ی هاووڵاتییان گەندەڵی کاریگەریی بووە لەسەریان (حەوتەم لە رووی گرنگییەوە). زنجیرەی گرنگییەکە هەمدیسان بەهۆی زۆریی ژمارەی کێشەکانی ترەوە (بێکاری، لاوازیی ئاگاداریی پاراستنی تەندروستی، ناسەقامگیریی سیاسی) کە کاریگەرییەکی گەورەتری لەسەر تاکەکەس هەیە. ئەم زانیارییانە دەشێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوە دەربخەن کە رووداونی گەندەڵی "بچوك" پەیوەندیی بە راهاتن (خۆپێوەگرتن)ی تاکەکەسەوە هەیە کە تیایدا خۆی بەشدارەو سوودێکی تایبەتی لێوەردەگرێت.

بیروڕای گەندەڵی:

نیمچە پشتگیرییەکی بوونی هەندێك "خوو"ی هاووڵاتییان بۆ هەندێك دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگەکەماندا لەو زانیارییەدا بەدی دەکرێت کە کۆ کراونەتەوە دەربارەی ئەو شتانەی کە هاووڵاتییان بە گشتی لە ژێر چەمکی گەندەڵیدا ریزیان دەکەن. گەندەڵی لەلایەن نزیکەی 60٪ی ئەوانەی کە بیروڕایان وەرگیراوە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی زیانبەخش دانراوە. رێژەیەکی ترسناك (28٪) بڕوایان وایە کە دیاردەیەکی ئاساییە ("شتێکە کە هەمیشەو لە گشت کۆمەڵگەیەکدا بووەو هەمیشە هەر دەشمێنێت."). رێژەی 7٪ بڕوای وایە کە گەندەڵی "شەڕێکی پێویستە"، یاخود شتێکی نەشیاوە بەڵام بەکەڵکە. هەروەها 2٪ی تر گەندەڵی بە هۆکارێك دادەنێن بۆ چارەسەرکردنێکی خێراو سەرکەوتووی هەندێك لە کێشەکانی کۆمەڵگە. بە کورتی، زۆرینەی هاووڵاتییان گەندەڵی بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی دادەنێن "کە دەبێت بە هەموو شێوەیەك دژی بجەنگێن".

کام کردارانە بە "گەندەڵی" دادەنرێن؟

نەبوونی تاوانبارکردنێکی ئاشکرا بۆ گەندەڵی دەشێت، تا رادەیەك، بەهۆی نەبوونی تێگەیشتنێکی تەواوی ئەم دیاردەیەوە بێت لەلایەن هاووڵاتییانەوە، یاخود ئەو تێکەڵییەی کە هەیە سەبارەت بەوەی کە دەبێت کام شتە بە دیاردەی گەندەڵی دابنرێت. هەرچەندە کە تێگەیشتنێکی تەواو چەسپاو هەیە سەبارەت بەوەی کە "گەندەڵی" لە بنەڕەتدا شتێکە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند نییەو "تاوانبار دەکرێت"، بەڵام رێکەوتنێکی گشتی لەسەر

www.pertwk.com

ئەوە نییە کە کام کردارانە بەم دیاردەیە دادەنرێن. زۆرجار تێکەڵی سەبارەت بە تاوانباکردنی هەندێك جۆری گەندەڵی هەیە کاتێك کە مامەڵە لەتەك ئەم کردارانەدا دەکرێت: "بەر لە هەڵبژاردن پارە بە حیزبە سیاسییەکان دەبەخشرێت"، "پەیوەندیکردنی کەسی بە نوێنەری شارەوانییەوە بۆ بەدەستهێنانی رێگەدان بە کارێکی گەشەکردن"، "دیاری پێشکەش بە پزیشکێك بکرێت" هەروەها "پارەیەکی زیاتر بدرێت بە پارێزەر لەبەر ئەوەی کە لە دادگادا پارمەتیی تۆمەتبارکراوی داوە". لە گشت ئەوانەی لای سەرەوەدا زیاتر لە سێیەکێکی ئەوانەی کە رایان وەرگیراوە بڕوایان وایە کە ئەوانە "لە راستیدا گەندەڵی" نین. ژمارەیەکی وەبەرچاوی دیش لەو بڕوایەدان ئەوە گەندەڵی نییە کە "خزمەتێك پێشکەش بکرێت بۆ بەدیهێنانی مۆڵەتی نەهاتن بۆ سەرکار" (28٪)، "هەوڵدان لای فەرمانبەرێکی پلە بەرز بۆ دامەزراندنی یەکێك لە ئەندامانی خێزان" (27٪)، یاخود "پەیوەندیی تایبەت بخرێتە کار بۆ رزگارکردنی کەسێك لە ئەرکی سەربازی" (19٪).

ئاشکرایە، ئەو چالاکییانەی کە سوود گۆڕینەوەیان تێدایە لە رێی پێشکەشکردنی هەندێك خزمەتەوە، وەك ماف پێدان، ئاسانکاری بۆ بەرخوردارییی ئەوانەی کە زۆر ناسیاون – واتە ئەوەی کە لەناو خەڵکیدا بە "بەکارهێنانی پەیوەندییەکان" دادەنرێتو بەشێك لە "ئاکارە ترادیشنەکان" پێکدێنێت لە دیاردەی گەندەڵی بەدەر کراون. بە پێچەوانەوە هاووڵاتییان بەدەستهێنانی هەر جۆرە بەرخوردارییەك کە لە رێی پارەدانو پارەوەرگرتنەوە بێت بە گەندەڵیی دادەنێن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە چەمکی گەندەڵی، لە هەستی هاووڵاتیدا، بەر لە هەموو شتێك بەستراوە بە پارەدان یاخود بەدیهێنانی سوودێکی دارایی (بۆ نموونە: "پارەدان بە فەرمانبەرێکی دەوڵەت بۆ ئەوەی بڕی باج کەم بکاتەوە"، "پارەدان بە پۆلیسی هاتوچۆ بۆ ئەوەی مۆڵەتی لیخوڕینەکەت لێنەسێنێت". ئەو تێڕوانینە بۆ گەندەڵی لەلایەکەوە بەستراوە بەو شێوە ئاکارە ترادیشنانەی کە هێشتا باونو لەلایەکی تریشەوە پاساودانەوەیەکی کەسەکەیە بۆ ئەو بەشدارییە بەرفراوانەی لە بەکارهێنانی پەیوەندییەکانی وەك رێگەیەك بۆ بەدەستهێنانی پلەیەکی بەرخورداری کە کاریگەریی دەبێت لەسەر مافو پابەندییە مەدەنییەکان.

هۆ بنەڕەتییەکانی گەندەڵی:

هاووڵاتییان لەو بڕوایەدان کە سەرجەم "قەیرانە ئاکارییەکان"ی کۆمەڵگە، هەژاریی پەرەسەندووی کۆمەڵگەو نەبوونی پەیرەوکردنی یاسا لە هۆیە بنەڕەتییەکانی گەندەڵین (و گرنگییان وەك یەکە) لەم بارودۆخەی ئێستاماندا. خشتەکەی لای خوارەوە دابەشبوونی تێکڕای ژمارەی ئەو وەڵامانەن کە دراونەتەوە بۆ ئەو پرسیارەی لەبارەی هۆ بنەڕەتییەکانی گەندەڵیی بەربڵاوی نێو کۆمەڵگە کرابوو (سێ وەڵام پێشکەش کرابوو، خشتەی 3 – 2).

خشتەی 3 – 2

هۆ بنەڕەتییەکانی گەندەڵی (کۆبووەوە)

هۆکان	رێژە	پلە

www.pertwk.com

	٪	
هەژاریی گشتی	15	3 – 2
نەبوونی ئاکارو دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا، قەیرانی ئاکار	17	1
ناتەواویی سیستمی دادگا	8	4
بۆماوەی سیستمی کۆمۆنیستی پێشوو	5	8 – 7 – 9
خراپیی یاسادانان بۆ ئەم بوارە	6	6 – 5
دەنگو سزا نێودەوڵەتییەکان	5	8 – 7 – 9
سیستمی سیاسی	4	– 10 11
سیستمی ئابووری	3	– 12 13
نەبوونی کۆنترۆڵێکی کارگێڕیی ئاشکرا	4	– 10 11
کەمیی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت	6	6 – 5
بێ یاسایی/ پەیڕەو نەکردنی یاسا	15	3 – 2
دەستتێوەردانی حکومەت لە کاروباری بازاڕدا	1	14
سروشتی مرۆڤ، خەڵکی لە گشت شوێنێك ئارەزوویان لە گەندەڵییە	5	8 – 7 – 9
شتی تر	0	15
نازانێت/ وەڵام نییە	3	– 12 13

گەر ئێمە (بە پێی مەرجو بە مەبەستی شیتەڵکردن) هۆکانی گەندەڵی بکەین بە سێ جۆر هۆ "سیستم، بابەتی – دەرەکی – ، خودی" ئەوا دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لە تێڕوانینی هاوولاتییەوە بۆ دروستبوونی گەندەڵی بە زۆری هۆی کاریگەریی لاوازیی سیستمەکەیە (پەیڕەونەکردنی یاسا، ناتەواویی سیستمی دادگا، یاسادانانێکی نالەبار، سروشتی سیستمی سیاسیو ئابووری...تاد)و، کەمتر بەرپرسیارێتییەکە دەگێڕنەوە بۆ بارودۆخە بابەتییەکان (جەنگ، سزا سەپێنراوەکان، هەژاریی گشتی) هەروەها بۆ سیما خودییەکانی کۆمەڵگەو خەڵکی وەك تاکەکەس.

تەنیا 1٪ لەوانەی کە رایان وەرگیرابوو بڕوایان وابوو کە دەستتێوەردانی حکومەت لە بازاڕدا کاریگەریی هەیە لەسەر گەندەڵی، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە بیروڕای خەڵکی سربیا تێگەیشتنێکی روونی نییە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی دەستتێوەردانی دەوڵەت. بە پێچەوانەوە، لە پلەی یەکەمی هۆی گەندەڵیدا قەیرانی ئاکاری کۆمەڵگە وەبەرچاو دەگرن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خەڵکەکەمان هێشتاکە بڕوایان بە ئاکارەکانە وەك

میکانیزمێك بۆ سەقامگیرکردنی ڕێکخستنی کۆمەڵگە، یان وەك بەربەستێك لە بەردەم دروستبوون و بڵاوبوونەوەی گەندەڵیدا.

گرنگترین هۆی گەندەڵی:

بیروڕای هاووڵاتیان دەربارەی گرنگترین هۆی گەندەڵی کە لە کۆمەڵگەکەماندا بڵاوبۆتەوە ئەو دەرەنجامانەی لای سەرەوە دووپات دەکەنەوە و هەروەها ڕووناکیش دەخەنە سەر ئەو شتانەی دەبنە هۆی ئەوەی کە گەندەڵی بە ئاشکرا، لە ڕووی ئاکارەوە، ناکرێت دیاردەیەکی یەك واتا لە تاوانبارکردندا. بڕوایەك کە لەناو خەڵکیدا بڵاوە ئەوەیە کە گەندەڵی "دیاردەیەکی دروستکراوە" و کێشەی سەرەکی لە نەبوونی سیستمی "پەیڕەوکردنی یاسا"دایە، کە بە زۆری مانای "بێ یاسایی" دەگرێتەوە، یاخود ڕێزنەگرتنی یاساکان (23٪)، پاشان خراپیی یاسادانان لەم بوارەدا (6٪)، ناتەواویی سیستمی دادگا (6٪)، هەروەها نەبوونی کۆنترۆڵێکی کارگێڕیی ئاشکرا (2٪). هۆکانی دروستبوونی گەندەڵی کە هاووڵاتییان دیاری دەکەن دەشێت لە سەروو هەموویەوە (بە شێوەیەکی گشتیتر) بخرێنە لایەنی "هۆکانی سیستم"ەوە (بۆ نموونە: بۆ ماوەی سیستمی کۆمۆنیستیی پێشوو، سیستمی سیاسی، سیستمی ئابووری، دەستتێوەردانی حکومەت لە کاروباری بازاڕدا). هەروەك ئەوەی لە حاڵەتی پێشوودا باس کرا، هەڵسەنگاندنەکە بە گشتی، بنچینەی هۆیەکان لە زۆربەی بەشدا لە لاوازیی بۆماوەی خودی "سیستم"دا دەبینێتەوە (نزیکەی نیوەی وەڵامەکان). هۆکارە دەرەکییەکان، بارودۆخە بابەتییە نالەبارەکان ("هەژاریی گشتی" 17٪، "جەنگ و سزاکان" 6٪، "کەمیی مووچەی فەرمانبەران" 4٪) بە شێوەیەکی سەرەکی هۆی بنەڕەتیی ئەو گەندەڵییە بەربڵاوەی ناو کۆمەڵگە بوون کە لەلایەن نزیکەی زیاتر لە چواریەکێکی هاووڵاتییانەوە کرابوونە لیست. بەرپرسیارێتی خستنە ئەستۆی خودی کۆمەڵگە ("ناپاکی و نەبوونی ئاکار لە کۆمەڵگەدا، قەیرانی ئاکار" 20٪، "سروشتی مرۆڤ، خەڵکی لە گشت شوێنێك ئارەزوویان لە گەندەڵییە" 5٪) لەلایەن بڕێك کەمتر لە چواریەکێکی ئەوانەی رایان وەرگیراوە.

هەرچەندە ئەوان دان بەوەدا دەنێن کە هۆیەکی گرنگی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دەشێت لە بارودۆخی گشتیی ئاکارەکانی کۆمەڵگەدا بەدی بکرێت – لە قەیرانی گشتیی ئاکاردا – ئاشکرایە کە کۆمەڵگە (هاووڵاتییان) خوازیارن لە دوایین دەرەنجامەکاندا ئەرکی بەرپرسیارێتیی ئاکاری لە ئەستۆی خۆیان بکەنەوە و بیخەنە ئەستۆی سیستم (لاوازیی سیستم) و هەروەها بارودۆخە بابەتییەکان (هەژاریی گشتی).

تێڕوانین لە دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگەکەماندا:

هەڵسەنگاندنی بەربڵاویی گەندەڵی:

هاووڵاتییان بڕوایان وایە کە گەندەڵی لە ڕابوردوویەکی نزیك و لە ئێستاشدا دیاردەیەکە بە ڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەدا بڵاو بۆتەوە (نیشانەی "زۆربەرز" و "بەرز" لەلایەن نزیکەی 80٪وە دیاری کراوە). تێڕوانین لە مەودای بەربڵاویی گەندەڵی لە کۆمەڵگەی سربیادا بە ئاشکرا کاریگەریی ئەو ئاواتە گشتییە پۆزەتیڤانەی دانیشتوانی پێوە دیار بوو کە لە کارئەنجامدانی دەسەڵاتدارانی نوێ چاوەڕوانیان دەکرد، هەروەك لە

رووپێوەکانی تردا تێبینی کراوە (خشتەی 3–3).

خشتەی 3 – 3

بەربڵاویی گشتیی گەندەڵی (بە ڕێژەی سەدی ٪)

ماوە (کات)	زۆرکەم	کەم	مامناوەند	بەرز	زۆربەرز	نازانم	تێکڕا
پێنج ساڵ لەمەوبەر	2	2	15	37	40	4	4.16
ئەمڕۆ	1	3	15	40	36	5	4.14
تا پێنج ساڵی دی	6	15	24	10	6	39	2.93

ئەو دەرەنجامە گشتییەی دەشێت بیگەینێ لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە بەدەست هاتوون، جیاوازییەکی گرنگی ئەوتۆی نییە لە تێڕوانین لە بەربڵاویی گەندەڵی لە رابوردوودا (پێنج ساڵ لەمەوبەر)و لە ئەمڕۆدا گەر هەر کەسێك تێبینیی تێکڕای تێڕوانینی ئەوانە بکات کە رایان وەرگیراوە لەبارەی بەربڵاویی گەندەڵی لەو دوو ماوەیەدا (بە پێی پێوەرێك لە 1 تا 5، لە زۆرکەمەوە تا زۆربەرز). لە ئێستادا 4.14، لەم رووەوە، تەنیا کەمێك لەبارترە لە رابوردوو (4.16). بەهەرحاڵ، هیوایەکی تا رادەیەك بەربڵاو هەیە کە مەودای گەندەڵی لە داهاتوودا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکات (ئەو هیوا پۆزەتیڤانەش بەستراون بە گۆڕانی دەسەڵاتەوە لە سربیا). بە شێوەیەکی گشتی، هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ بەرامبەر بە فەرمانڕەوایانی نوێ کاریگەریی هەیە لەسەر خەملاندن و چاوەڕوانکردنی بەربڵاویی دیاردە نێگەتیڤەکانی کۆمەڵگە.

ئەو بوارانەی کە گەندەڵی تیایاندا زۆر بەربڵاوە:

تێڕوانین لە بەربڵاویی گەندەڵی بە گشتی، وەك یەکێك لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی یا وەك بەشێك لە هەندێك لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ناشێت بە نیشاندەرێکی بڕواپێکراوی راستەقینە دابنرێت. تا رادەیەکی زۆر ئەوانە پشت بە ئەزموونەکانی تاکەکەسان دەبەستن، هەروەك ئەوەی هەندێك بەشی دانیشتوان بەرەوڕووی سەرچاوە گرنگەکانی زانیاری و سۆزداری بکرێنەوە سەبارەت بە پەیامە پەیوەندارەکان. هەروەها ئەو جۆرە خەملاندنانە پەیوەندییان بەو هەڵوێستە گشتییەوە هەیە کە خەڵکی بەرامبەر بە سیستەمە سیاسییەکە یان رژێم هەیانە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرپرسیارێتییەی دەوڵەت هەیەتی لە بەرامبەر کۆمەڵگدا بە گشتی. ئەم رووپێوەی ئێمە بۆ هەڵوێستی هاووڵاتییان بەرامبەر گەندەڵی رێك لە کاتی گۆڕانی دەسەڵاتدا بوو لە سربیا و یۆگۆسلاڤیادا، ئەمەش وای کرد کە دڵنیابوون لە دروستکردنی "چوارچێوە رێبەر"ێك بۆ تێڕوانین و بڕیاردانی خودیی هاووڵاتییان کارێکی لە توانا بەدەر بێت. توێژەرەکان وای بۆ دەچن کە ئەم هۆکاری نەبوونی چوارچێوە رێبەرە کاریگەرییەکی کەمتری بووە لەسەر هەڵسەنگاندنی گەندەڵی لە هەندێك لە بوارەکاندا چونکە تێڕوانینەکە لە ماوەیەکی گەلێك لەپێشترەوە دروست بووە و کێشەی گەورەتر لە هەڵسەنگاندنی دامودەزگاکاندا هەیە. بەهەرحاڵ هێشتاکە هەر بڕوامان وایە، لەبەر ئەوەی کە دامودەزگاکانی سەرۆك و حکومەت (لە یۆگۆسلاڤیا و

سربیادا) لە هۆشی هاووڵاتییاندا وەك بۆچوونێکی بە تاکەکەسکراو دێنە بەرچاو. هەڵسەنگاندنەکەیان بە زۆری بەندە بەو هەڵوێستەیانەوە کە هەیانە بەرامبەر بەوانەی کە ئێستا لەو پۆستەدان. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە مرۆڤ لە لێکدانەوەی دەرەنجامەکاندا گومانی هەبێت.

بە رەچاوکردنی ئەو گومانە، دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە، بە پێی بۆچوونی هاووڵاتییان، گەندەڵی دیاردەیەکی یەکجار بەربڵاوە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا: لە نێوان 50٪ تا 58٪ی ئەوانەی رایان وەرگیراوە وای بۆ دەچن کە گەندەڵی "زۆر"و "گەلێك زۆر" هەیە لە گشت ئەو بوارانەی ناو لیستەکەدا (تا رادەیەك پەروەردەی لێدەرکرابوو کە تەنیا سێیەکێکی ئەوانەی رایان وەرگیرابوو بە گەندەڵ ناویان هێنابوو). بە پێی تێکڕای ئەو نمرانەی هاووڵاتییان دایاننابوو، دەتوانرێت ئەو دەرەنجامە دیاری بکرێت کە ئەم دیاردەیە بە رادەیەکی گەورەتر لەم دەزگایانەدا هەن: گومرگ (4.47)، دادگا (4.18)، پۆلیس (4.16). خشتەی (3 – 4).

تێکڕای نیشاندەری هەڵسەنگاندنی بەربڵاویی گەندەڵی (کە بەهۆیەوە خەملاندنی بەربڵاوی ئەم دیاردەیە لە گشت ئەو لایەنانەی لە لیستەکەدان کورت کراوەتەوە) – یەکسانە بە ڵ = 7.1[1]. بۆ بەراوردکردن ئەم نیشاندەرە لە رووپێوێکی بچوکتردا لە بولگاریا بەهاکەی 5.9[2] بوو. کاتێك خەملاندنی بەربڵاویی گەندەڵی لەسەر بنەمای لیستێکی فراوانی دامودەزگاکان ئەنجام درا، وەڵامەکان ریزبەندییەکی تەواو هاوچەشنیان دەرخست (خشتەی A1 لە پاشکۆکەدا).

خشتەی 3 – 4

ئەو بوارەی کۆمەڵگە کە گەندەڵی بە زۆری تیایاندا بەربڵاوە

(بە رێژەی سەدی ٪)

بوار	تێکڕای	زۆرکەم	کەم	ناوەند	زۆر	گەلێك زۆر	نازانم
ئاگاداریی تەندروستی	3.96	2	4	18	43	30	2
پەروەردە	3.20	15	17	35	26	10	6
دەزگای شارەوانی	3.78	1	5	28	36	22	6
گومرگ	4.47	1	1	7	29	55	7
دادگاکان	4.18	1	4	13	35	40	7
پۆلیس	4.16	2	4	13	34	42	5
کۆمپانیا ئیشتراکییەکان (دوەڵەت)	3.96	1	4	21	35	30	8

[1] نیشاندەری لأ کۆی ضەند تاکە نیشاندەریَك یا نمرەی ضەند تاکە بواریَکەوە دەرهیَنراوە = ب، دوایی دابەشکراوە بەسەر ذمارەی ثیَرسەتەکان یان نمرەکاندا = ن واتە:
لأ = ب/ ن ثاشان بە ثلە لە 1 تا 10 نیشان دراوە. 1 ئاماذەیە بۆ کەمترینء 10 ئاماذەیە بۆ زۆرترین هیَزی دیاردەکە.

[2] بە ثیَی یەکطرتن 2000، نیشاندەرەکانی طەندەلَي.

کۆمپانیا تایبەتەکان	3.96	4	10	23	28	25	11
کۆمپانیا گشتییەکان	3.77	2	7	25	27	25	13
دەزگـــای کۆمـــاری سربیا	3.84	1	5	23	32	24	14
دەزگا ناوخۆییەکان	3.83	1	6	24	32	25	11
حیزبە سیاسییەکان	3.78	2	7	24	28	24	16
ســــــەرکردایەتیی دەوڵەت	3.79	5	11	14	21	33	16

بڕیارلێدان لە ڕێی تێکڕایی ئەو دەرەنجامانەی بەربڵاویی گەندەڵی کە لەلایەن هاووڵاتییانەوە دیاری کراون، ئەو بوارانە یان دامودەزگایانەی کە لەم وڵاتەدا بە زۆری ئەم دیاردەیەیان پێوە دیارە دەزگاکانی گومرگ (4.35)، دەزگـای بـاج (4.12)، دادگـا (4.11)و پـۆلیس (4.06). بـە پێـی خەمڵانـدنی هاووڵاتییـان گەنـدەڵی کـەمترین ڕادەیەتی لە سەرۆکایەتی یۆگۆسلاڤیادا (2.42)، نووسینگەی ئامار (2.58) هەروەها سوپا (2.73).

گـەر وەك دامودەزگایـەك نووسـینگەی ئامـار بـەدەر بکـەین، هاووڵاتییـان تـەواو لـەوە ئاگـادار نـین کـە ئـەو دەرەنجامانـەی سـەبارەت بـە شـوێنی گەندەڵییـە زۆر کـەم سوپا و سـەرۆکی ئێسـتای دەوڵـەتی فیـدراڵ دەگرنـەوە، ئەمەش بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ پشـتگیری لـەو گریمانەیـە دەکات (دڵنیـابوون لـە دەرەنجامـەکانی هەنـدێك لـە ڕووپێوە پێشووەکان پتر دەکات) کە ئەو دەزگایانە لـەلای هاووڵاتییانـەوە گـەورەترین متمانـەیان هەیـەو هـەروەها گـەورەترین دروسـتیی یاسـایی. بەشـێك لـەو تێڕوانینـەی سـەبارەت بـە سـەرۆکی ئێسـتای یۆگۆسـلاڤیا هەیـە (بـە "پیاوەکـــانی ســەرۆکیشـــەوە") بـــوونی "بـــۆن و بەرامەیـــەکی پـــاکی"یـــە کـــە بەهۆیـــەوە ڤۆیســـلاڤ کۆشـــتۆنیکا هەڵبژاردنەکانی بردەوە.

پێڕستی تێکڕایی هەڵسەنگاندنی بەربڵاویی گەندەڵی لە گشت بوارەکاندا (وەك لە حاڵـەتی پێشـوودا هـەژمار کراوە) بڕەکەی بەم جۆرەیە: ڵ = 6.0.

کاتێك کە تێڕوانینـی هاووڵاتییـان شـیتەڵ دەکرێـت سـەبارەت بـەوەی لـە کـام بوارانـەدا بـەربڵاویی گەنـدەڵی زۆرترین یان کەمترینە، مرۆڤ دەگاتە پێکهاتەیەکی هاوچەشن. ئەمجارەش هەمدیسان پتر لـە نیـوەی هاووڵاتییـان ئاماژە بە دەزگای گومرگ دەدەن (سی وەلامەکان)، پۆلیس و دادگا – وەك "مەڵبەنـدە" سـەرەکییەکانی گەنـدەڵی، لەلایـەکی تـرەوە سـەرۆکایەتیی یۆگۆسـلاڤیای فیـدراڵ (30٪)، سـوپا (21٪)و نووسـینگەی ئامـار بـەو دەزگایانـە دانراون کە کەمترین گەندەڵییان تێدایە.

ئەو پیشانە (گروپانە) کە هەڵگری گەندەڵین:

هاووڵاتییـــان پێیـــان وایـــە کـــە زۆربـــەی فەرمانبـــەران، لەســـەر ئاســـتی نـــاوخۆو کۆمـــاریش، کـــە لـــە بەشـــە جێبەجێکەرەکانی حکومەتدان بەشدارن لە گەندەڵیدا. هەروەك خەمڵاندنی بـەربڵاویی گەنـدەڵی لـە هەنـدێك بوارو

دامودەزگاکاندا، ئەو بڕوایەش هەیە کە پتر لە ای گشت فەرمانبەرانی دەوڵەت لە گەندەڵیدا بەشدارن.

بەو شێوەیە هیچ جیاوازییەك نییە لە خەملاندنی بەربڵاویی گەندەڵی لەسەر ئاستی کۆمار (تێکڕایی 2.98) یاخود ئاستی ناوخۆ (2.90). گەندەڵی نەك هەروەك دیاردەیەکی بەربڵاو دەبینرێت بەڵکو وەك دیاردەیەکی گشتیش.

دیاریکردنی ئەو پیشەو گروپە کۆمەڵایەتییانەی کە بەشداری سەرەکین لە پراکتیزەکردنی گەندەڵی ئەوە دەردەخات کە دیسانەوە خزمەتگوزاریی گومرگ لە ریزی پێشەوەیە. پتر لە ل هاووڵاتییان لەو بڕوایەدان کە "گشت" یان "زۆربەی" فەرمانبەرانی گومرگ لە گەندەڵیدا بەشدارن (تێکڕایی 3.17). بە پێی ئاستی گەندەڵییە خەملێنراوەکە لە دوای ئەوان بەڕێوەبەرە گشتییەکانی کۆمپانیاکانی دەوڵەت دێن (تێکڕایی 3.11)، بەڵام گشت پیشەکانی دی کە لە لیستەکەدان تا رادەیەکی زۆر نیشانەی ئەوەیان پێوە دیارە کە ئارەزووی گەندەڵییان هەبێت (خشتەی A2 لە پاشکۆدا). تێکڕایی پێرستی رێژەی بەربڵاویی گەندەڵی لە گشت پیشەکاندا پێکەوە (پێوەری 1 تا 10) بەم جۆرەیە: ڵ = 5.5.

رەخنەیەکی یەکجار گەورەی هاووڵاتییان لەم رووەوە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی، جیاوازیی نەکردنە، لەبەر ئەوە دەتوانین هۆکەی وەك ئەگەرێك گەورە بگێڕینەوە بۆ ئەو ئارەزووە گشتییەی کە بۆ رادیکالیزم هەیەو دەستی بەسەر کۆمەڵگە گرتووە لەم کاتەدا کە لە بارودۆخی گۆڕانکاریی سیاسیی و هەڵچووندایە.

وێنەی 3 – 1

پیشەکان بە پێی ئاستی بەشدارییان لە گەندەڵیدا

www.pertwk.com

گەندەڵی لە دابینكارییە گشتییەكاندا:

بڕوایەكی گشتیی خەڵكی ئەوەیە كە گەندەڵی كاریگەرییەكی لاوەكیی دابینكاریی گشتیی (دەوڵەت)ە كە ناتوانرێت خۆی لێبەدوور بگیرێت. ئەمەش بە تایبەتی پەیوەندیی بە هەندێك بوارەكانەوە هەیە وەك "كارە گشتییەكانی ئاوەدانكردنەوەی وڵات" (تێكڕایی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی 4.14)، پەروەردە (4.11)و پۆلیس (4.04). سەبارەت بە ئاگاداریی تەندروستیی مرۆڤ دەشێت تێبینیی ئەوە بكات كە تێكڕایی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی بۆ ئەوانەی كە پارە پێشكەش دەكەن زۆرترە لەو تێكڕاییە بەرزەی كە بە گشتی لەم بوارەدا هەیە (4.11 : 3.96)و مانای ئەوەیە هاووڵاتییان بڕوایان وایە كە ئەمە چەقی گەندەڵییە لەم بوارەدا (خشتەی 3 – 5).

خشتەی 3 – 5

خەملاندنی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە دابینكاریی گشتیی (دەوڵەت)دا[3]

بوار	تێكڕایی	زۆر	تا رادەیەك	ناوەند	هەندێك	نییە	نازانم
ئاگاداریی تەندروستی	4.11	35	36	15	3	1	9
پەروەردە	3.26	10	27	32	18	2	11
كۆمپانیا گشتییەكان	3.81	21	33	28	4	0.5	13
دامودەزگای دەوڵەت	3.86	25	30	26	4	1	13
پۆلیس	4.04	34	33	13	7	1	2
سوپا	3.20	14	23	19	2	17	15
پرۆژە گشتییەكان (ئاوەدانكردنەوەی وڵات)	4.16	38	24	12	5	1	19

شێوە ئاساییەكانی گەندەڵی و كاریگەرییە كۆمەڵایەتییەكانی بە پێی بیروڕای زۆربەی هاووڵاتییان (46٪) گەندەڵی لە كۆمەڵگەكەماندا بە زۆری بۆ خۆ دزینەوە لە پابەندییە یاساییەكان و پێوەرەكان بەكار دێت، پاشان بۆ هەوڵدانی گۆڕینی ئەو پێوەرە یاساییانەی كە هەن لەپێناوی دەستكەوت و بەرژەوەندیی كەسێكدا (24٪)، پاشانیش هەوڵدانی خەڵك بۆ بەدیهێنانی هەندێك ماف كە بە پێی پێوەرە یاساییەكان مسۆگەر دەكرێن (20٪). دەشێت ئەو جۆرە وەڵامانە لە بەر رۆشنایی لیستە پێشووەكەی ئەنجامەكاندا روون بكرێنەوە كە هۆ سەرەكییەكانی گەندەڵی، بە پێی بۆچوونی هاووڵاتییان، بەستراونەتەوە بە سیستەمەوە. لەبەر ئەوە، وا لە گەندەڵی دەڕوانرێت كە "وەڵامدانەوەیەكی گونجاو"ی تاكەكسانە بۆ "هەڵەكانی" سیستەم – رێگەو هەوڵدانێكە

(3) تێبینی: تێكراییەكە بە ئێصقوانەوە هەژمار كرابوو – لە 1 (كەمترین طەندەلبوون)ەوە بۆ 5 (زۆرترین طەندەلبوون)، واتە بەرزترین تێكرایی زۆرترین طەندەلییە.

www.pertwk.com

بۆ خۆدزینەوە یاخود گۆڕینی ئەو پێوەرانەی کە ڕێگە بە پاراستنێکی گونجاوی مافەکان یا بە بەدیهێنانیان نادەن. بەهەرحاڵ، ئەم لێکدانەوەیە دژبەیەکیی تێدایە لەتەك ئەو سەرەنجامانەی کە لە هەڵوێستی هاووڵاتییانەوە بوو لەمەڕ ئەو مەترسییانەی کە هەندێك جۆری گەندەڵی هەیانە بۆ سەر گشت کۆمەڵگە، چونکە بە پێی بۆچوونی هاووڵاتییانی سربیا ترسناکترین جۆری گەندەڵی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوەیە کە بە ئامانجی گۆڕینی ئەو یاسایانەیە کە هەن لەبەر سوودو بەرژەوەندیی تایبەت (44٪)، دوای ئەوە گەندەڵی لە خۆدزینەوە لە یاسا (31٪). ئەو گەندەڵییەی بۆ هێنانەدیی مافەکانی هاووڵاتییانە زۆرکەم وەك مەترسییەکی گرنگی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکرێت (تەنیا 9٪)و بەشێك لەوانەی پرسیاریان لێکراوە (7٪) بڕوایان وایە کە تەنانەت ئەم جۆرە گەندەڵییە دەشێت بۆ کۆمەڵگە بەسوود بێت (خشتەی 3 – 6).

خشتەی 3 – 6

رادەی بڵاوبوونەوەو مەترسی و سوودی هەندێك جۆری گەندەڵی

بۆ گشت کۆمەڵگە (بە ڕێژەی سەدی ٪)

جۆری گەندەڵی	بڵاوبوونەوە	مەترسیی کۆمەڵایەتی	سوودی کۆمەڵایەتی
بۆ بەدەستهێنانی مافەکان	20	9	7
بۆ خۆدزینەوە لە یاساکان	46	31	1
بۆ گۆڕینی یاساکان	24	44	1
سوودی نییە	–	–	75
نازانم	10	17	17

هەرچەندە بە گشتی گەندەڵی تاوانبار دەکرێت، بەڵام بەشێك لە هاووڵاتییان وای بۆ دەچن کە لە هەندێك بارودۆخدا پاساو بۆ بەکارهێنانەکەی بهێننەوە: کاتێك کە بەشداری دەکات لە بەدیهێنانی ئەو مافانەی کە بە پێی یاسا مسۆگەر کراون، بەڵام لەو ڕێیەوە کە یاسا دیاریی کردووە بەدی نایەت. ئەمە بڕواکەی "مێرتۆن" دەسەلمێنێت سەبارەت بەوەی کە جۆرە جیاوازەکانی ڕەفتاری لادان – لەناو گەندەڵییەکانی دیدا – زۆرجار لە کاردانەوەی هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیی ناچیزەوە سەرهەڵدەدەن، واتە ئەو هەڵوێستەی کە دژ بە یەکبوونێکی

گرنگی تێدایە لە نێوان ئامانجە کۆمەڵایەتییە پەسەندکراوەکانو ئەو ڕێگەیانەی کە لە بەردەم کەسێکدا هەن بۆ بەدیهێنانیان.

بنچینەکانی ئەو خەملاندنەی بۆ بەرفراوانیی گەندەڵی کراوە هەروەك باس کرا، خەملاندنی بەرفراوانیی گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا لەلایەن هاووڵاتییانەوە، ڕەنگدانەوە خودییەکانە بۆ ڕاستی. بەهەرحاڵ، ئەوەی کە جێی بڕواپێبوون بێت دەشێت هەر هیچ نەبێت تا ڕادەیەك بسەلمێنرێت گەر مرۆڤ ئەو بنچینە ئەزموونییانە بزانێت کە لەسەری داڕێژراون: ئایا لەسەر بنچینەی ئەزموونی تایبەتیی تاکەکەسە، یان ئەو هەڵوێستانەی کە لەسەر بنچینەی بڕواو زانیارییەکانی کۆمەڵە پرسیارلێکراوەکەیە، یاخود کاریگەریی هۆکانی ڕاگەیاندنە. زانینی بنچینەکانی تێڕوانینی هەڵوێست لەمەڕ گەندەڵی دیسان مەرجێکی پێشەکییە بۆ پلاندانانی کارکردن بۆ "بەرگری پەیداکردن"ی جەماوەر دژ بەم جۆرە ڕەفتارە لادەرانەیە.

پتر لە 50٪ی هاووڵاتییان بڕیارلێدانەکەیان لەسەر بنچینەی ئەزموونی تایبەتیی خۆیان یان ئەزموونی دەوروبەریان – خەڵکانی زۆر نزیکیانە. لەو ژمارەیە پێنج یەکی ئەوانەی ڕایان وەرگیراوە ئەوە ڕادەگەیەنن کە خۆیان بەشدارییان بووە لە پیادەکردنی گەندەڵیدا، ئەمەش دروستیی ئەو خەملاندنە بابەتییەی هاووڵاتییان کە بۆ بەربڵاویی گەندەڵی کردوویانە پتر دەکات. بەهەرحاڵ، لە هەمان کاتدا ئەو ڕاگەیاندنانە دەشێت بە شێوەیەکی خەملێنراو وەك پێوەرێك بەکار بهێنرێن بۆ زانینی مەودای ڕاستیی بەرفراوانیی لەبارбوونی هاووڵاتییانی سربیا بۆ بەشداریکردنو پیادەکردنی گەندەڵی کە هەروەك دەبینرێت گەلێك گەورەیە. نیوەکەی تری وەڵامەکان پەیوەندییان بە سەرەنجام دۆزینەوەیەکی ناڕاستەوخۆوە هەیە، ئەویش یان لەسەر بناغەی زانیارییەکانی میدیا (ڕاگەیاندن)، یاخود لەسەر بناغەی تێبینیکردنی جیاوازیی نێوان داهاتی فەرمانبەرانو ئاستی پێوانەیی ژیانیانە (وێنەی 3 – 2).

وێنەی 3 – 2

بنچینەی خەملاندنی مەودای بەرفراوانیی گەندەڵی چییە؟ (٪)



www.pertwk.com

هەڵوێستی هاووڵاتییان لەمەڕ گەندەڵی:

هەڵوێستی بنەڕەتیی هاووڵاتی لەمەڕ گەندەڵی بە زۆری نێگەتیڤەو[4] زۆربەی دانیشتوان گەندەڵی وەك وەیشوومەیەکی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکەن. بەهەرحاڵ سەرەنجامەکانی رووپێو ئەوە دەردەخەن کە تەنانەت لەسەر ئاستی پرینسیپ "دەنگێکی کز"ی سەرنجڕاکێش بۆ هەڵوێستەکان هەیە کە دەشێت پاساو بێت بۆ ئەو سەرەنجامەی کە بوونی ئاستێکی وەبەرچاوی بێ یاسایی (بەرەڵایی)و قەیرانەکانی ئاکارە لە کۆمەڵگەدا.

کاتێك راستەوخۆ لە هەڵوێستی هاووڵاتییان لەمەڕ گەندەڵی ورد دەبینەوە، واتە کە لەسەر بنەمای پرسیارکردن بێت لە تاکەکەس، مرۆڤ مەوداو ئەو بارودۆخانەی بۆ شیتەڵ دەبێتەوە کە تیایدا گەندەڵی پاساو دەدرێتەوەو دەتوانرێت ئەو بە سەرەنجام بگیرێت کە لەم رووەوە لەناو خەڵکیدا بڕێکی باش تاوانبارکردنی بنەڕەتی و بە کۆمەڵ بۆ گەندەڵی هەیە: هەندێك کەمتر لە نیوە (44٪) بڕوایان وایە کە ئەو کارە "هەرگیز پاساوی نییە" سێیەکێکی تریش دەڵێن "زۆرجار پاساوی نییە" وەك هۆیەك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو یان سوودێك.

وێنەی 3 – 3

هەڵوێست لەمەڕ پاساودانی گەندەڵی وەك رێگەیەك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێك



بەهەرحاڵ پێنج یەکێکی هاووڵاتیان، کە تەنانەت لە ئاستێکی سەرەکیدا نین، بە تەواوی گەندەڵی وەك رێگەیەك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی تایبەتی بەلاوە نانێن. بەشێکیش هەڵوێستیان ساغ نەبۆتەوە (9٪)، کەمێك لە سەروو دەیەکەوە بڕوایان وایە کە ئەم کارە لە هەندێك بارودۆخدا پاساوی هەیە (13٪)و رێژەیەکی یەکجار کەم بێ هیچ مەرجێك پاساوی دەداتەوە (کەمتر لە 1٪). کاتێك ئەوانەی کە رایان وەرگیرا ئەو تاکە دەربڕینە روونکەرەوانەیان خرایە بەردەم کە لەسەر بنەمای کام هەڵوێست سەبارەت بە گەندەڵی بڕیاری لێدەدرێت دابەشبوونی وەڵامەکان وەك لای خوارەوە بەدەست هات:

خشتەی 3 – 7

لە بنەماوە پەسەندکردنی گەندەڵی (بە رێژەی سەدی ٪)

---

(4) ثيَوةريَك كة 10 دةربڕينى تيَدا بوو، لةسةر بنةماى ثرسياركردنى راستةوخؤ بوو لة هةلويَستى هاوولآتييان لةمةڕ طةندةلي ورد دةبووةوة.

www.pertwk.com

هەڵوێست	(أ)	(ب)	(ج)	(د)
تەواو پەسەند	3	4	4	3
کەمێك پەسەند	5	8	9	4
بڕیــــاری لەســـــەر نەدراوە	9	13	20	7
کەمێك ڕەتکردنەوە	15	16	17	15
تەواو ڕەتکردنەوە	63	55	41	67
نازانم	4	4	8	5
تێکڕا	1.65	1.84	2.09	1.54

(أ) شـتێکی پەسـەندە کـە نوێنـەرانی کۆمەڵـەی نیشـتمانیو ئەنـدامانی حکومـەت پـارە، دیـاری یـاخود خزمەتکردن لە تاکەکەسانی جیاواز یان لە ڕێکخراوەکان وەربگرن.

(ب) بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی چارەسەری کێشەیەك بکات پێویستە مرۆڤ پارە یان دیاری پێشکەش بەو نووسەر یان فەرمانبەرە بکات کە کارەکە پەیوەندیی پێوە هەیە.

(ج) ئەگەر نووسەر یان فەرمانبەرێك داوای پارە بکات بۆ چارەسەری کێشەکەم ئەوا دەیدەمێ.

(د) شـتێکی پەسـەندە کـە فەرمانبـەرانی وەزارەتـەکان، شـارەوانیو دەزگاکـانی شـار پـارەو دیـاری یـاخود خزمەتکردن لە تاکەکەسانی جیاواز یان لە ڕێکخراوەکان وەربگرن.

ئەو دابەشبوونەی لای سەرەوەی وەڵامەکان ئەوەش نیشان دەدات کە لەسەر ئاستی سەرەکی گەندەڵی بە زۆری ڕەت دەکرێتـەوە نـەك بـە پێچـەوانەوە – ئەمـەش هـەروەك دیاردەیـەکی گشـتی بێـت یـان هۆیـەك بێـت بـۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی تایبەت. بەهەرحاڵ، جیاوازی هەیە لە مەودای پەسەندکردنی پیادەکردنی گەندەڵی، بە پێی ئەنجامدەرە سەرەکییەکانو ئەو کەسەی کە سوودی لێدەبینێت. هاووڵاتییان زۆر بەلای ئەوەدان، تەنانەت لەسـەر ئاسـتی پریسـیپ، کـە ئـەو جـۆرە کارانـە پەسـەند بکـەن گـەر خۆیـان وا ببیـنن کـە ڕۆڵـی کەسـێکیان هەیـە چارەسـەری کێشـەیەك دەکـات، پاشـان لـەو بـارەدا کـە هەڵوێسـتێك وەردەگـرن بەرامبـەر ڕەفتـاری کەسـانی دی (فەرمانبەرانی حکومەت). بە واتایەکی دی، ئەوان زۆر بەلای ئەوەدان کە میانگیری لەو هەڵوێستانەدا بکەن کە گەندەڵیی تێدا بەکار دێت بۆ بەدیهێنانی سوودو ئامانجەکانی خۆیان.

کاتێـك کـە لەسـەر بنچینەی ئـەو دەربڕینانـەی کـە لـە پێوەرەکـەدا پیـادە کـراون تیکڕایـی نیشـاندەری پەسـەندبوونی گەنـدەڵی بـە شـێوەیەکی سـەرەکی هـەژمار دەکرێـت کـە دەشـێت تـا ڕادەیـەك لـە ئاسـتێکی نزمـدا ببینرێــــــــــــــت کـــــــــــــــە یەکســـــــــــــــانە بــــــــــــــــە ڵ = 4.1[5]. هەرچەندە بە گران دەتوانرێت لەم ڕووەوە بەراوردێکی ورد بکرێت، بەڵام دەبێت ئەوە بووترێت کە هەمان نیشاندەری پەسەندکردنی گەندەڵی لە بولگاریا بەهاکەی بەم جۆرەیە: ڵ = 1.5[6].

---

(5) تێکراىى نيشاندةرى هةلَويَست لةمةر طةندةلَي لةسةر بنضينةى ئةو ثرسيارانةن كة لة ثيَوةرى هةلَويَستةكانى (ليكةرتوَظ) وةرطيراوة كة 10 دةربرين دةطريَتةخؤ.

(6) بة ثيَى: "داهاتوويةكى خاويَن"، ثلانكاريى دذة طةندةلَي بؤ بولطاريا، يةكطرتن، 2000، ل68.

www.pertwk.com

هەڵوێست لەمەڕ گەندەڵی، واتە بوون یان نەبوونی تاوانبارکردنێکی ئاکارانەی ئەم دیاردەیە، دیسانەوە لەسەر بنچینەی پرسیارێکی خەیاڵی (هەستە خەیاڵییەکانی کەسێك کە لە هەڵوێستی گەندەڵکردندایە) تاقیکرایەوە. پرسیارەکە بەم جۆرە بوو: "کاتێك کە هاووڵاتییەك پارە یان دیارییەك دەدات بە کارمەندێکی نووسەرو ئەو کارەی کە ویستی بەدی هات، ئەو کەسە لەوانەیە چۆن هەست بکات؟". وەڵامەکان بەم جۆرە بوون:

وێنەی 3 – 4

ئەو کەسەی کە بەرتیلێك دەدات چۆن هەست دەکات؟



باوترین کاردانەوەی سۆزداریی ئەو هاووڵاتییانەی کە ناچار کراون بەرتیل بدەن، بە پێی وەڵامی ئەوانەی پرسیاریان لێکرابوو، بریتی بوو لە تووڕەیی (28٪). هەستی "شەرم" کە نیشاندەرە بۆ پێوەرێکی ئاکاریی ناخی کەسەکە یاخود "سزایەکی ناخ" سیمای تەنیا چواریەکێکی وەڵامەکان بوو. بەتەنگەوە نەهاتن یان تەنانەت قاییلی کە پەیوەندییان بەم کردارەوەیە لەلایەن سێیەکێکی ئەوانەی رایان وەرگیراوە دەربڕراوە. هەروەها ئەو ژمارە وەبەرچاوەی ئەوانەی کە ئامادە نەبوون وەڵام بدەنەوە نیشانەیەکی وەبەرچاوە کە لە کۆمەڵگەدا ئاستێکی وەبەرچاوی "خووپێوەگرتن"ی ئەم دیاردەیە هەیە بە جۆرێك کە دەبێتە شتێکی ئاسایی رۆژانەو نابێتە هۆی بە رووداوەستانێکی ئاکارانە یان رکلێبوونو تاوانبارکردنی.

لەباربوون بۆ بەشداریکردن لە گەندەڵیدا:

ئەو زانیارییانەی لای سەرەوە کێشەیەکی سەرەکی دەردەخەن کە نەگونجان لە نێوان هەڵوێستی سەرەکیی بێزاریی ئاکارانە سەبارەت بە گەندەڵیو هەڵوێستو رەفتار لە بارودۆخی راستیدا کاتێك کە پێویستییەکی راست هەیە بۆ بەدیهێنانی سوودی تایبەتیی کەس. بۆیە ئەو بێزارییە دەربڕاوەی هاووڵاتییان سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵی (واتە ئەو راگەیاندنانەی کە لەبارەی دیاردەی قەدەغەکراوی گەندەڵی دەربڕراون) دەشێت تەنیا وەك پێوەرێکی خەملێنراو بۆ بە راستی پەسەندکردنی کۆمەڵایەتیی دیاردەکە پەسەند بکرێت، یاخود بۆ بە راستی لەباربوونو ئامادەبوونی ئەندامانی کۆمەڵگە کە خۆیان لە پرۆسەی گەندەڵیدا بەشدار بن. توێژینەوەکە هەوڵی ئەوەی داوە کە ئەو لەباربوونە بکاتە بڕ، واتە ئامادەباشیی پێشەکی بۆ بەشداری لە گەندەڵیدا.

www.pertwk.com

کارایی گەندەڵی وەك هۆیەك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان:

ئامادەیی هاوولاتییان بۆ بەشداریکردنیان لە پیادەکردنی گەندەڵیدا، بێ رەچاوکردنی هەڵوێستە ئاکارییەکان، بە زۆری بەوەوە بەندە کە ئاخۆ وەك هۆیەك تەماشا دەکرێت کە دەشێت بە شێوەیەکی کارا کێشەکانی کەسێك لە کۆمەڵگەدا چارەسەر بکات یاخود چارەسەرکردنیان ئاسان بکات. هەڵسەنگاندنی هاوولاتییان سەبارەت بە کارایی یان بە ئامرازکردنی گەندەڵی بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە رێی ئەم پرسیارە خەیاڵییەوە تاقی کرایەوە: "ئەگەر بیانەوێت سەرکەوتووانە کێشەیەکی دیاریکراو چارەسەر بکەن، بەلای تۆوە چۆن ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو خەڵکە یەکێك لەم شتانەی خوارەوە بکات؟".

ئاشکرایە وەها تەماشای گەندەڵی دەکرێت کە هۆیەکی گەلێك کارایە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە تایبەتەکانی تاکەکەس، بە پێی بۆچوونی ئەوانەی رایان وەرگیراوە 75٪ی خەڵکی کۆمەڵگەکەمان "زۆر رێی تێدەچێت" یاخود "رێی تێدەچێت" پارە بدەن 81٪ – یان دیارییەك، هەروەها بە هەمان رێژە خزمەتگوزاری، وەك هەوڵدانێك بۆ ئەوەی سەرکەوتووانە کێشەکەیان چارەسەر بکەن (خشتەی 3 – 8). تێکڕایی نیشاندەری ئەو کارایییە (بەئامرازکردنە)ی گەندەڵی کە تێبینی کراوە (لە هەر سێ شێوەکەیدا) بەم جۆرەیە: ڵ = 7.3.

خشتەی 3 – 8

چەندە ئەگەری ئەوە هەیە خەڵکی یەکێك لەم شتانە بکات (بە رێژەی سەدی)

	زۆر رێی تێدەچێت	رێی تێدەچێت	باش رێی تێدەچێت	بە هیچ جۆرێك رێی تێناچێت	نازانم
پارە دەدات بە فەرمانبەر	28	47	14	4	7
دیاری دەدات بە فەرمانبەر	36	45	9	3	6
پیاوەتییەك لەگەڵ فەرمانبەردا دەکات	37	44	9	2	7

ئامادەیی کەس بۆ بەشداری لە گەندەڵیدا:

گەندەڵی پرۆسەیەکی گۆڕینەوەیە کە هەردوو کرداری بەرتیل دان و بەرتیل وەرگرتن دەگرێتە خۆ. تاقیکردنەوەی ئامادەیی کەسە هاوولاتییەکەش بۆ بەشداریکردن لە گەندەڵیدا هەردوو لاکە دەگرێتەوە. پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا هاوولاتییان بەرتیل دەدەن؟. سەرەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی هاوولاتییان (تەنانەت ئەوانەش کە هەڵوێستی بنەڕەتییان ئەوەیە کە گەندەڵی پاساو نادرێت) لەوەن کە لەژێر فشاری بارودۆخ و هەڵوێستی وادا کە هیچ رێگەیەکی دیکەیان بە دەستەوە نەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەشداری لە گەندەڵیدا بکەن لە رێی بەرتیلدانەوە. تەنیا ب هەرگیز بەرتیل نادەن، زیاتر لە نیوە، بەرتیل نادەن گەر رێگەیەکی تر هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان. ب ئەگەر پارەیان هەبێت بەرتیل دەدەن و 3٪ لە گشت

حاڵەتێکدا بەرتیل دەدەن. ئەمە مانای ئەوەیە کە پتر لە ای ئەوانەی رایان وەرگیراوە ئامادەن بەشداری لە گەندەڵیدا بکەن، واتە ئامادەیی نیشان دەدەن بۆ میانگیریکردن و لادان لە بڕواکانی خۆیان سەبارەت بەم مەسەلەیە لە هەندێك بارودۆخداو لە کاتی نەبوونی بریگر (ئەڵتەرنەتیڤ)دا.

ئەو هەڵوێست و کێشانەی کە لەلایەن هاووڵاتییانەوە وەك پاساوی بەشداریکردنیان لە گەندەڵیدا بە زۆری بەستراوە بە بوارەکانی ئاگاداریی تەندروستی و لەسەر کار دامەزراندن (خشتەی 3 – 9).

خشتەی 3 – 9

لە کام هەڵوێستدا تۆ بەرتیل دەدەیت؟ (بە رێژەی سەدی ٪)

خزمەتگوزاری	بەڵێ	نەخێر	نازانم
بۆ ئەوەی باجی گومرگ نەدەیت لەسەر سنوور	35	48	17
بۆ ئەوەی کارێکی رۆژانەت دەستبکەوێت (یا بۆ کەسێکی دی)	41	42	17
بۆ ئەوەی باجێکی کەمتر بدەیت	18	71	10
بۆ ئەوەی منداڵەکەت پلەیەکی باشتر بهێنێت لە قوتابخانەدا (لە تاقیکردنەوەی ساڵانەدا دەرچێت)	9	83	7
بۆ ئەوەی مۆڵەتی خانووکردن وەربگریت	27	58	15
بۆ ئەوەی داوایەك لە دادگادا ببەیتەوە	21	63	16
بۆ ئەوەی چارەسەرێکی پزیشکیی باشتر بکرێیت	51	34	15
بۆ ئەوەی سزای بەدرەفتاری لێوەرنەگیرێت	16	68	16
بۆ ئەوەی لە خزمەتگوزارییەکی گشتی سوودمەند بیت (تەلەفۆن، کارەبا، ئاو)	29	54	16
شتی دی	2	10	88

زۆرترین ئامادەیی بۆ بەرتیلدان بۆ ئەوەیە کە خزمەتگوزارییەکی تەندروستیی باشتر بەدەست بهێنرێت (51٪)، یاخود بۆ چارەسەرکردنی کێشەی لەسەر کار دامەزراندن (41٪). هەروەها رێژەیەکی وەبەرچاو هی مامەڵەکردنە لەتەك گومرگدا (35٪)، سوودە گشتییەکان (27٪) و بەدەستهێنانی مۆڵەتی خانووکردن. ئامادەیی بۆ گەندەڵی کەمترین رێژەی هەیە کاتێك کە مامەڵە لەتەك کێشەکانی بواری پەروەردەدا دەکرێت (9٪).

بە گشتی، ئاستێکی بەرزی ئامادەیی هەیە بۆ گەندەڵی. تێکڕایی نیشاندەری ئامادەیی بۆ بەشداریکردن لە پیادەکردنی گەندەڵیدا (لە هەموو ئەو شێوانەدا کە کراونەتە لیست) بە پێوەری 1 تا 10 بریتییە لە: ڵ = 6.9.

ئامادەیی بۆ بەرتیل وەرگرتن:

دووەم لایەنی ئامادەیی هاووڵاتییان بۆ بەشداری لە گەندەڵیدا هەڵوێستە سەبارەت بە پەسەندکردنی

www.pertwk.com

گەندەڵی. هەروەها ئەوەش بە شێوەیەکی بەرچاو بەربڵاوە کە هاووڵاتییان هەمان نەگونجان لەم بارەیەوە ئاشکرا دەکەن (لادان لەوەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم دیاردەیە تاوانبار بکرێت) نزیکەی نیوەیان ئامادەن. لە هەڵوێستێکی گریمانەییدا[7] بەرتیلێکی پێشنیازکراو وەربگرن، لەمانەش 8٪یان بە بێ هیچ مەرجێك. ترسان لە سزا سێیەکێکی خەڵکی لەم کارە دوور دەخاتەوەو 44٪ بە بێ هیچ مەرجێك ئەم کارە تاوانبار دەکەن و رەتی دەکەنەوە.

وێنەی 3 – 5

ئایا بەرتیل وەردەگریت؟



چەند ئەزموونێکی گەندەڵی:

فشاری هاوبەشی گەندەڵی:

ئەزموونی هاووڵاتییان سەبارەت بە پیادەکردنی گەندەڵی، هەندێك فشاری تێدایە لەلایەن فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی وا بکەن بەرتیل پێشکەش بکرێت، یاخود ئەو فشارەی کە دەخرێتە سەر فەرمانبەری دەوڵەت کە بەرتیل وەربگرێت. سەرەنجامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بە گشتی فشاری نێوان هاووڵاتییان و کارمەندانی حکومەت بە بێ دەنگییەو زۆرجار راستەوخۆ نییەو لە دووتوێی کاری تردایە.

خشتەی 3 – 10

سالی رابوردوو، کاتێك کە تۆ پەیوەندیت لەگەڵ کارمەندانی حکومەتدا بوو، چەند جار ئەمانە روویان داوە؟:

	هەمیشە	لە زۆربەی	تەنیا جاروب	هەرگیز	نازانم

(7) ثرسيارةكة ئةمة بوو: طـةر خؤت وا دابنيَيت كة نووسـةر (فةرمانبـةر)يَكـىء مووضـةيةكى كـةمت هةيـةء يـةكيَك ثـارة، ديـارى يـان خزمةتطوزارييـةكى بةرامبـةرت بـؤ ثيَشـنياز دةكـات تـاوةكو كيَشـةيةكى بـؤ ضارةسـةر بكـةيت، تـؤ لـةو كاتـةدا ضـى دةكةيت؟

		کاتەکاندا	ار		
راستەوخۆ داوای پارە، دیاری یان پاوەتییەك دەکەن	3	14	32	39	13
راستەوخۆ داوا ناکەن، بەڵام ئەوە دەردەخەن کە بەتەمای پارە، دیاری یان پیاوەتییەکن	10	37	22	18	12
نە بە راستەوخۆ داوا دەکەن و نە ئەوەش دەردەخەن کە بەتەمای پارە، دیاری یان پیاوەتییەکن، بەڵام تۆ ئاماژە بەوە دەدەیت کە دەشێت رێکەوتنێکی لەو جۆرە ببێت	5	15	20	45	14

لە وەڵامی ئەوانەوە کە رایان وەرگیراوە دەگەینە ئەو بڕیارەی کە تەنیا لە چەند حاڵەتێکی کەمدا کارمەندانی حکومەت بە راشکاوی داوای پارە، دیاری یان پیاوەتییان لێدەکەن (17٪)، بەڵام لە ژمارەیەکی زۆرتری حاڵەتەکاندا ئەوە دەردەکەوێت ئەوان بەتەمای شتێکی لەو جۆرەن (47٪). تەنیا بی هاووڵاتییان ئامادەن دان بەوەدا بنێن کە ئەوان رەفتارێکی دەستپێشخەریی وایان کردووە کە دەشێت بە گەندەڵی دابنرێت، واتە فشاریان بەکار هێناوە بە مەبەستی گەندەڵکردن.

لەبەر ئەوە نیشاندەری تێکرایی سەرجەم فشاری گەندەڵی بە شێوەیەکی وەبەرچاو نزمترە لە نیشاندەری لەباربوون بۆ گەندەڵی، ڵ = 3.3. هەر بۆیە ئەو گەندەڵییەی لەلایەن هاووڵاتییانەوە ئەنجام دەدرێت تەواو لە ئەنجامی سەپاندنێکی ئاشکراوە نییە، بەڵکو لە ئارەزووی پەسەندکردنەوەیەو هاندەرەکەی ئەو بۆچوونەیە کە ئەمە لەبارترین رێگەیە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیو پێویستییەکانیان.

کەوتنە بەر فشاری گەندەڵی:

کاتێك کە هاووڵاتییان ئەو کەوتنە بەر فشاری بەرتیلدانەی خۆیان لە هەڵوێستی راستو دروستدا دەخەملێنن، وێنەیەکی تەواو جیاواز دەخەنە بەرچاو. لەم حاڵەتانەدا، لەنێو چەندینی تردا، سانسۆری خود بە شێوەیەکی وەبەرچاو کەمترە بە پێی ئارەزوولێبوون یا لێنەبوونی وەڵامەکە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە. خەمڵاندنی کەوتنە بەر فشاری بەرتیلدان لە هەڵوێستی جیاوازدا ئەوە دەردەخات کە ئەم فشارە بە زۆری لە بواری ئاگاداریی تەندروستیدا هەیە یاخود لەلایەن پزیشکەکانو ستافە پزیشکییەکانی ترەوە (26٪ی هاووڵاتییان دەڵێن کە لەم دواییانەدا بەو ئەزموونەدا تێپەڕیون). پۆلیس (19٪)، فەرمانبەرانی گومرگ (17٪)، هەروەها فرۆشیارەکان (16٪)و زۆر لە پیشەکانی دی بەلای ئەوەدان کە لەم رووەوە فشار بخەنە سەر هاووڵاتییان (خشتەی A3 لە پاشکۆداو وێنەی 6 – 3).

خشتەی (6 – 3): نیشاندەرەکانی فشاری گەندەڵی



نیشـاندەری فشـاری گەنـدەڵی کـە کارمەنـدانی حکومـەت دەیخەنـە سـەر هاووڵاتییـان (بـۆ گشـت پیشـەکان پێکەوە) ئاستێکی بەرزەو یەکسانە بە ڵ = 7.4 (پێوەری 1 تا 10).

هەندێك ئەزموونی گەندەڵی:

زۆربەی هاووڵاتییان (65٪) بە راشکاوی دان بەوەدا نانێن ئەوان لە هەڵوێستێکدا بووبن کە بەرتیل بدەن، لە کاتێکدا نزیکەی 30٪ دان بەوەدا دەنێن کە کاری وایان کردووە. 27٪ وتیان کە بەرتیلدان سەرکەوتوو بووە (ئـەوان ئـەو خزمەتگوارییـەیان بەدەسـت گەیشـتووە هـەروەك چاوەڕوانیان دەکـرد). نزیکـەی 19٪ی ئـەو هاووڵاتییانـەی لـە هەڵوێسـتی بەرتیلدانـدا بـوون، بەرتیلەکـەیان لـە "یـەك شـوێن" داوە، 5٪یـان لـە دوو شـوێن و 3٪یان لە سێ شوێن یان زیاتر. بە پێی وەڵامی ئەوانەی بەشدارییان لە پیادەکردنی گەندەڵیدا کردووە، لەو حاڵەتانەدا کە چەند جارێك بەرتیلیان داوە، ئەو کارمەندانەی حکومەت کە بەرتیلیان پێدراوە بە زۆری پلەی جیاوازیان بووە (7٪)، هەندێکیشیان هەمان پلەیان بووە (1٪).

وێنەی 3 – 7

ئاستی بەنێوەندنەکردنی گەندەڵی



وێنەی 3 – 8

کاریگەریی گەندەڵی



www.pertwk.com

لەو وەڵامانەوە کە دراونەتەوە دەتوانین بڕیار لەوە بدەین کە "بڕە پارەیەکی دیاریکراو" بۆ بڕی بەرتیلەکە لە زۆربەی جارەکاندا "زانراوە" (21٪ وتیان کە پێوەرێکی تازەدانراو هەیە)، لە 9٪ی هاووڵاتییان پرسیاری ئەوەیان لێکراوە کە بڕە پارەکە چەندەو 3٪یش بە شێوەیەکی دی بڕەکە زانراوە. لە وردبوونەوە لە هەندێك ئەزموونی بڕیاردان لە بڕی بەرتیلەکە پرسیارێك بۆ تاقیکردنەوەی بەکار هێنرا، ئەو پرسیارەش ئەوەی دەرخست کە هەندێك لەوانەی راپرسییان پێکراوە راستیی ئەزموونەکەیان لە پیادەکردنی گەندەڵیدا دەشارنەوە.

جەنگ دژ بە گەندەڵی:

توانای سەرکوتکردنی گەندەڵی لە کۆمەڵگەکەماندا:

بڕوای هاووڵاتییان سەبارەت بە توانای کۆمەڵگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی بەم جۆرە دابەش دەبێت: پتر لە نیوە بڕوایان وایە کە گەندەڵی دیاردەیەکە هەموو کات هەیە، یان دەشێت تەنیا تا رادەیەك کەم بکرێتەوە. کەمێك کەمتر لە نیوە بڕوایان وایە کە بەربڵاویی ئەم دیاردەیە دەشێت بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکرێتەوە یان دەکرێت بە تەواوی سەرکوت بکرێت.

وێنەی 3 – 9

ئایا گەندەڵی دەشێت سەرکوت بکرێت؟



ئاواتەکانی هاووڵاتییان:

زۆرینەیەکی زۆری هاووڵاتییان لەو بڕوایەدان کە "فەرمانڕەوایانی کۆن" هیچ هەوڵێکی جیددییان نەداوە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی. لەلایەکی تریشەوە وا لە فەرمانڕەوایانی نوێ چاوەڕوان دەکرێت کە لەم رووەوە هەنگاوی بەرچاو بگرنە ئەستۆ. تێکڕایی نیشاندەری ئارەزوونەبوونی فەرمانڕەوایانی پێشوو بۆ جەنگان دژ بە گەندەڵی بەرزە، ڵ = 9.4، لە کاتێکدا هەمان نیشاندەری ئارەزوونەبوونی فەرمانڕەوایانی نوێ بۆ جەنگان دژ بەم دیاردەیە لە داهاتوودا بەم جۆرەیە: ڵ = 1.2.

www.pertwk.com

وێنەی 3 – 10

ئارەزوونەبوونی فەرمانڕەوایان بۆ جەنگان دژ بە گەندەڵی



ئاواتەکان سەبارەت بە چالاکییەکان و کارایی فەرمانڕەوایانی نوێ لەم بوارەدا گەلێك گەشبینانەیە، نەك هەر تەنیا لە مەسەلەی جەنگان دژ بە گەندەڵی بەڵکو سەبارەت بە خەملاندنی دوایین لەباربوونیشیان بۆ گەندەڵی. نزیکەی 60٪ی هاووڵاتییان وا چاوەڕوان دەکەن کە نوێنەرانی فەرمانڕەوایانی نوێ "گەلێك کەمتر" یان "کەمتر" لەبار بن بۆ گەندەڵبوون لەچاو ئەوانی پێش خۆیاندا. تەنیا 2٪ بڕوایان وایە کە ئەمان لەبار دەبن بۆ گەندەڵی، هەروەها لە 14٪ چاوەڕوانی جیاوازییەکی بەرچاو ناکەن.

وێنەی 3 – 11: ئاواتەکان سەبارەت بە فەرمانڕەوایانی نوێ



سەرەنجامە بنەڕەتییەکان:

شیتەڵکردنی زانیارییەکانی ئەو توێژینەوە ئەزموونییەی کە لەمەڕ تێڕوانین، هەڵوێستو ئەزموونی هاووڵاتییانە سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵی ئەنجام دراوە دەمانگەیەنێتە هەندێك سەرەنجامی گشتی. یەکەم، زۆرینەی هاووڵاتییان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەوان ئاگاداری ئەوەن کە گەندەڵی ڕاستییەکە لە کۆمەڵگەکەیانداو بووەتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی. گەندەڵی بە یەکێك لە چوار کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگ دانراوە. هاووڵاتییان وا دەبینن کە ئەم دیاردە لادەرانەیە لە مەودایەکی کەمتردا بە کێشەی خۆیانی دابنێن (پلەی حەوتەم بە پێی گرنگی)، لەوانەیە ئەو بڕە "کەم"ەی گەندەڵی ڕەچاو بکەن کە خۆیان بەشداریی تێدا دەکەنو سوودیان پێدەگەیەنێت. وردتر بڵێین، تێڕوانینیان لەمەڕ گەندەڵی پەیوەستە بە گەندەڵیی "گەورە" کە خۆیان بەشداریی تێدا ناکەنو زانیارییەکی ناڕاستەوخۆی کەمیان لەبارەیەوە هەیە.

دووەم، بیروڕایەکی یەکگرتوو نییە سەبارەت بە گەندەڵی وەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی تەواو زیانبەخش "کە دەبێت بە گشت شێوەیەك دژی بجەنگن". بەکەمدانانی ئەو مەترسییانەی کە بە گشتی بۆ سەر کۆمەڵگە هەیەتی نیشانەیەکە کە کۆمەڵگە، هەر هیچ نەبێت بەشێکی، لەگەڵ دیاردەی گەندەڵیدا ڕاهاتوونو ئامادەن، هەر هیچ نەبێت تا ڕادەیەك، خۆیان لە بەرامبەریدا ڕابگرن. بەهەرحاڵ، هێشتاکە زۆرینەیەکی ئەوانەی کە ڕایان وەرگیراوە هەر هەڵوێستێکی نێگەتیڤیان لە بەرامبەر گەندەڵیدا هەیە، واتە وەك وەیشوومەیەك تەماشای دەکەن کە دەبێت بە گشت شێوەیەك دژی بجەنگن.

سێیەم، بە تەنیا یەك بیرۆکە نییە لەلایەن جەماوەرەوە سەبارەت بە گەندەڵی. سەربارى هەمووی ئەم دیاردەیە بەستراوەتەوە بە پارەدان یان سوود بەدیهێنان لە ڕێی پارەوە، لە کاتێکدا زۆر چالاکی کە پابەندبوونی دوو لایەنی تێدایە بۆ پێدانی (خزمەتکردن، دیاری، بەرخورداری)و بوونەتە بەشێك لە نەریتی ئاکاری کۆمەڵگە لە گەندەڵی بەدەر کراون. دیاریکردنی بەشێکی وەبەرچاوی پیادەکردنی گەندەڵی لە ڕێی پابەندبوونەوە کە ڕەگوڕیشەی هەیە لە ناو پێوەرەکانی ئاکارە نەریتییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ بنەمایەکی سایکۆلۆژی نەك هەر بۆ خۆگرتن لەبەریدا، بەڵکو هەروەها بۆ پاساودانی ئەم دیاردەیە.

چوارەم، هاووڵاتییان، بەر لە هەموو شتێك، پێیان وایە کە هۆی گەندەڵی بە لاوازی لە سیستەمی (یاسادا) دابنێن. جەختکردنە سەر لاوازیی سیستەمو کەمێکیش لەسەر بارودۆخە بابەتییەکان لە دوایین شیتەڵکردندا، مانای ڕەتکردنەوەی ئەرکی بەرپرسیارێتییە ئاکارییەکەی خودی کۆمەڵگە دەگەیەنێت. هاووڵاتییان دەستتێوەردانی حکومەت وەك هۆی گەندەڵی لە سربیا دانانێن.

پێنجەم، ڕێکەوتنێکی گشتی لە ناو هاووڵاتییاندا لەسەر ئەوە هەیە کە گەندەڵی دیاردەیەکی بەربڵاوە لە کۆمەڵگەدا. سەرەڕای ئەمەش، گەندەڵی نەك هەروەك دیاردەیەکی بەربڵاو تەماشا دەکرێت بەڵکو وەك دیاردەیەکی گشتیش. لەم ڕووەوە لێکجیاکردنەوەی ناتەواوی بڕیارلێدانەکانو تێڕوانینەکان سەبارەت بە هەندێك لایەن، دامەزراوەکانو پیشەکان دەشێن وەك ئەنجامی بزاڤە ڕادیکاڵە سیاسییەکە لێکبدرێنەوە، هەوەرها بە هی ئەو ڕەخنە یەکجار پەرەسەندووەی کۆمەڵگە بە گشتی کە بەرامبەر بە ڕژێمی پێشوو هەیبوو لە دوای ڕووداوەکانی ئەیلوولو تشرینی یەکەم لە سربیا. هاوکات هیوای تا ڕادەیەك بەربڵاو هەیە کە مەودای گەندەڵی لە داهاتوودا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم ببێتەوەو ئەو هیوا پۆزەتیڤانەش بەستراون بە گۆڕانی ڕژێمەوە.

شەشەم، لە چوارچێوەی ئەو تێڕوانینە گشتیو ناتەواو لێکجیاکراوەی کە هەیە بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی

لە کۆمەڵگەدا، هەندێك بوار هەر زیاتر پێوەیان دیارە: هاووڵاتییان بڕوایان وایە کە ئەم دیاردەیە بە زۆری لە خزمەتگوزاریی گومرگ، یاسا و پۆلیسدا خۆی دەنوێنێت و کەمتر لە سەرۆکایەتیی یۆگۆسلاڤیا و لە سوپادا هەیە. کاتێك لەسەر ئەو پیشەو گروپە کۆمەڵایەتییانە دەدوێین کە وەك مەڵبەندی سەرەکیی گەندەڵی تەماشا دەکرێن یەکەم شوێن خزمەتگوزاریی گومرگ و ئینجا بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانی دەوڵەت ناو دەبرێن، بەڵام گشت پیشەو گروپەکانی دی، بە شێوەیەکی بەرچاو، وا تەماشا دەکرێن کە دەکەونە بەر گەندەڵی.

حەوتەم، دابینکاریی گشتی (داهات) وەك مەڵبەندی ئەوەی کە پێی دەڵێن گەندەڵیی گەورە ناو دەبرێت. ئەمە بە تایبەتی راستیی پێوە دیارە لە دەستکەوتی دەوڵەت لە بواری کارە گشتییەکانی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و ئاگاداریی تەندروستی و پۆلیسدا.

هەشتەم، هەڵوێستی سەرەکیی هاووڵاتییان لەمەڕ گەندەڵی بە زۆری نێگەتیڤە و لەلایەن زۆربەی جەماوەرەوە وەك وەیشوومەیەکی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێت بگەینە ئەو سەرەنجامەی کە گەندەڵی نە بە گشتی و نە بە بێ مەرج بە دیاردەیەکی تاوانبارکراو دەژمێررێت. بەشێك لە هاووڵاتییان هەڵوێستێکی دژ بە یەك دەردەبڕن کە رەنگدانەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییە بێیاساییە درێژخایەنەکەیە و تیایدا گەندەڵی خۆی وەك هۆیەکی کارا پیشان داوە لە چارەسەرکردنی گرنگترین کێشەکانی تاکەکەسدا. ئەم هەڵوێستە هەروەها دەرەنجامی ئەو ئارەزووەی خەڵکییە (کە لەسەر ئاستێکی جیهانی تێبینیی لێدەکرێت) بۆ لادان لە پرینسیپەکانیان لەو هەڵوێستانەدا کە گەندەڵی بەکار دێت بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان.

نۆیەم، ئاستێکی بەرزی ئامادەیی لە خەڵکیدا هەیە بۆ بەشداریکردن لە گەندەڵیدا، واتە ئامادەیی بۆ میانگیری و لادان لە پرینسیپەکانی خۆیان لە هەندێك بارودۆخداو کاتێك کە بریگرێکی دی نەبێت. ئەم جۆرە ئامادەییە بە تایبەتی لەو هەڵوێستانەدا هەیە کە مامەڵە لەتەك کێشە سەرەکییەکاندا دەکرێت و بەر لە هەمووشیان چارەسەرکردنی نەخۆشی و لەسەر کار دامەزراندن.

دەیەم، لە کاتێکدا کە دیدی هاووڵاتییان جیاوازە سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵگە دەتوانێت چارەسەری کێشەی گەندەڵی بکات، هیواکانیان بۆ ئاییندەو بۆ فەرمانڕەوایانی نوێ سەبارەت بە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردە لادانە کۆمەڵایەتییە ئەوپەڕی گەشبینانەیە.

ئەزموونی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان لەگەڵ گەندەڵیدا:

پێشەکی:

ئامانجی ئەم رووپێوە بەر لە هەموو شتێك وردبوونەوەیە لە باری ئەو گەندەڵییەی کە پەیوەستە بە خاوەن پرۆژە تایبەتەکانی سربیاوە، لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە ئەزموونیانەی کە لە بەردەستدان. هەروەها لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە بڕیاردانە لەسەر کۆمەڵێك ڕێسا بۆ سەرکوتکردنی. بەر لە لێکدانەوەی ئەو زانیارییە ئەزموونییانەی کە لە بەردەستدان پێویستە بە کورتی تێبینیی ئەو بارودۆخە تایبەتانە بکەین کە لە وڵاتانی تردا نین و بوونەتە هاندەر بۆ پەرەسەندنی گەندەڵی لە سربیادا، بەر لە هەمووشیان، هەندێك لەو مەسەلە تایبەتانەی کە نەبوونەتە سیمای ئەو وڵاتانەی تر کە لە قۆناغی گواستنەوەدان.

یەکەم، پارچەپارچەبوون یاخود لێکهەڵوەشاندنی یۆگوسلاڤیا سەرەڕای لێکهەڵوەشاندنە جوگرافیاییەکەی بووە هۆی لێکهەڵوەشاندنی سیاسی و یاسایی و سیستمی ئابووری. لەگەڵ لێکهەڵوەشاندنی بواری ئابووریدا،

لێکهەڵوەشاندن یاخود گۆڕان هەبوو لە بەهاکانی ئەو سیستمەی ئەو کاتە هەبوو. پارچەبوونی وڵاتەکە بووە هۆی جەنگ لەسەر خاکەکەی و وەك دەرەنجامێکی ئەو پارچەبوون و جەنگەش کەمبوونی چالاکیی ئابووری رووی داو لێشاوی ئاوارە زۆر بوو و بە گشتی هەژاری لەنێو سەرجەم دانیشتواندا پەرەی سەند.

دووەم، وەك دەرەنجامێکی جەنگ سربیا بۆ ماوەی دە ساڵی تەواو کەوتە بەر سزا سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەو بارودۆخانەدا ئەوانەی کە لەو کاتەدا هێزیان بەدەست بوو بە شێوەیەکی رێکوپێك سووری شمەك و سەرمایەیان لە بازاڕی یاساییەوە راگوێزا بۆ بازاڕی نایاسایی. رێنماییە سیاسییە پەسەندکراوەکانی ئەوانەی کە لە سەرەوە حوکمیان دەکرد لەلایەن گەلێك کەسانەوە پشتگیریی لێدەکرا کە تیایاندا بوو لە فەرمانڕەواکانەوە نزیك بوون، هەشیان بوو هێندە لێیان نزیك نەبوون چونکە بەشێکیان مان و ژیانی ئابووریی نیشتمانییان لەوەدا دەبینی و ئەوانی دیش هەلی خۆیان بۆ سوودێکی خێراو نایاسایی لەوەدا دەبینی. ئەمە لەلایەکەوە ئەو کەمە کۆنترۆڵە گشتییەی، کە سیمای رژێمی کۆمۆنیست بوو، کەم کردەوەو لەلایەکی ترەوە وەگەڕخستنی جۆراوجۆری زیاد کرد. ئەو رەفتارە نیمچە یاساییەی کارکردنی بازرگانی لەلایەن خەڵکییەوە بە شێوەیەکی فراوان تاوانبار نەدەکرا، بەڵکو زۆرجار بە رێزەوە پەسەند دەکرا چونکە ئەمە رێگەیەك بوو بۆ بەدەستهێنانی شمەکی جۆراوجۆر کە زۆرجار لە بازاڕدا کەم بوون. ئەو سزایانە کە چالاکیی ئابوورییان کز کرد، بوونە هۆی لەدەستدانی کار لە گەلێك کەس و نزمکردنەوەی ئاستی ژیانی زۆربەی دانیشتوان. سەرەڕای ئەوە دەرەنجامێکی دیکەی ناچارکردنی سەدان هەزار خەڵك بوو کە روو بکەنە ئابووریی نایاسایی و قاچاخچێتیی سەرپێیی کە کارێکی وای کرد بتوانن بە شێوەیەکی سادە بژین.

سێیەم، بەهۆی هاتنەکایەی فرەلایەنییەکی سیاسیی سنووردارەوەو هەروەها پەرەسەندنی کەرتی تایبەت ژمارەیەك لەو پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی کە بە گشتی پەسەند کرابوون لەناو برد. ئەو کارە بازرگانییانەی کە مامەڵەی لە نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی/ دەوڵەتدا بوو کوتوپڕ لەو دەستبەسەراگرتنە سیاسی و یاساییە رزگار بوو کە چەندین ساڵ بوو لە ئارادا بوو. لە راستیدا مامەڵە بازرگانییەکان لە کۆنترۆڵی بەهێزی حیزب رزگاری بوو، هاوکات دەسەڵاتی سیاسی نەیتوانی بڕیار لە نێوان ئابووریی بازاڕو ئەو جۆرە ئابوورییەدا بدات کە نیوە بازاڕەو نیوە کۆنترۆڵکراوە. لەبەر ئەوە نیازێکی سیاسی روون نەبوو بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی کە لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکەدا گونجاو بێت. چالاکییە بازرگانییەکان ئاژاوەیان تێکەوت. ژمارەیەکی زۆرتر کۆمپانیای بەدەسەلات دامەزران. ئارەزووی خێرا بەدیهێنانی سامان، وەك چاولێکەرییەکی گەورەپیاوانی بواری سیاسی – ئابووری، بووە بڕوایەکی بەربڵاوی پەسەندکراو لای زۆرینەی بازرگانەکان. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە رێکەوتنی گومانلێکراو لە نێوان کۆمپانیا تایبەتەکان و بەڕێوەبەرە کۆمۆنیستەکانی کۆمپانیا گشتییەکانی دەوڵەتدا دروست ببێت. لەبەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ شتومەکەکانی دەوڵەت/ گشتییەکان وا تەماشا دەکرا کە هی کەس نین، هیچ کەس بەرپرسیار نەبوو لە رێکەوتنە نابەجێیەکانی ئەم کۆمپانیایانە. گەورەپیاوانی سیاسەت و ئابووریش بەشێك بوون لەو کەلتوورەی سەرانی فەرمانڕەوا، لەبەر ئەوە نەیانتوانی هاوکارییەك بکەن لە رووی دەرەنجامە یاساییەکانەوە. گۆڕینی شتومەکەکانی دەوڵەت/ گشتی بۆ شتومەکی تایبەت دواخرا بۆ ئەوەی کە بە بێدەنگی بکرێتە شتومەکی تایبەت (کەسی). پاڵەوانانی ئەم بە هی کەسکردنە سەرانی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی پێشوو، هەروەها گەورەپیاوانی (سۆشیالیستی) بواری ئابووریی سیاسی بوون. لە رێی دواخستنەوە نیشانەی تاڵانی شاردرایەوە. دەبێت ئەوە

www.pertwk.com

لەیاد نەکەین گەلێك کەس کە پەیوەندییان بە فەرمانڕەوایانەوە نەبوو، ئەو بارودۆخە نوێیەیان بۆ چالاکیی نایاسایی بەکارهێنا. دەرەنجامی ئەو جۆرە سیاسەتە دەشێت لەو راستییەدا رەنگ بداتەوە کە دوو سێیەکی کۆمپانیا تایبەتەکان لە سربیا کە پتر لە 30 کارمەندیان هەیە ئەندامی کەلتووری "سەرانی فەرمانڕەوا"ی کۆمۆنیست یا منداڵەکانیان (ڤۆکۆڤیچ).

ئەو حاڵەتانە (هەوڵدراوە بە پێی توانا تێبینییەکان کورت بن) تا ئەوپەڕی لە بەرژەوەندیی گەشەکردنی گەندەڵی بوون. بە تایبەتی گەر ئەوەمان لەیاد بێت کە سیستمی یاسایی وڵات بە تەواوی هەڵوەشابوو (دواتر بە درێژی لەمە ورد دەبینەوە)، ئەمەش وەك هۆیەکی سەرەکیی گەندەڵی دەبینین. لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستمە یاساییە کەمەدا فەرمانڕەوا سیاسییەکان کە لەو کاتەدا هێزیان بەدەستبوو زۆرترین بەشدارییان هەبوو. سەرەتا بە ناوی بەرژەوەندیی باڵاوە چاویان لە مەسەلەکە نووقان، پاشان سەرانی فەرمانڕەوا بەرەبەرە چوونە ناو "بازرگان"یەوە. ئەمە بوو هۆی ئەوەی کە نموونەیەکی نێگەتیڤ بدات بە هەموو ئەوانەی لە مامەڵە بازرگانییەکاندا بەشدارییان دەکرد. ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی باس کران، لەلایەك بوونە هۆی ناکۆکیی بەها کۆمەڵایەتییەکان و قەیرانی ئاکار، لەلایەکی تریشەوە بوونە هۆی زۆربوونی هەژاریی کۆمەڵگە بە گشتی. هەژاری، وەك یەکێك لە هۆیەکانی گەندەڵی لەلایەن "ئەرەستۆ"وە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. لە "سیاسەت"دا ئاماژە بەوە دەدات خەڵکی هەژار، کە بەشێکن لە سیستمی دادوەری و هێزی جێبەجێکردن، بەهۆی هەژارییانەوە دەشێت گەندەڵ بن (ئەرستۆ). ئەم هەڵوێستە تەواو لەتەك ئەوەی "ویبەر" یەکدەگرێت کە ئاماژە بەوە دەدات بیرۆکراسییەکی بەرپرسیارو پیشەوەر پێویستە بە باشی پاداشت بدرێتەوە. کاردانەوەی هاووڵاتییانی سربیا تا رادەیەك بەم جۆرە بوو، ئەوان هۆ سەرەکییەکانی گەندەڵی لە کارکردنی سیستمی دادوەری و قەیرانی ئاکارو هەژاریی گشتیدا دەبیننەوە.

هێندەی کە پەیوەندیی بە سیستمی داراییەوە هەیە، دەشێت مرۆڤ لەو هەڵوێستە کلاسیکییەوە دەست پێبکات کە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دەوڵەتی یاساو دەوڵەتی پۆلیسی، یاخود هەروەك ئەم حاڵەتەی لەمەڕ خۆمان، لە نێوان حوکمی یاساو دەوڵەتێکی گەندەڵدا ئەو خاڵەیە کە تیایدا یاسا دەبێت بۆ ئەوانە پیادە بکرێت کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان لە دەستدایە، لەبەر ئەوە هێزی جەستەیی ناچارکردنی جەستەیی بەکار دێنێت (شێڤیلێ). مەرجی پێشەکی ریزگرتنە لە پرۆسەکارەکە چونکە کۆمەڵگەی یاساپەروەر یاخود حوکمی یاسا لەسەر بنەمای دادە، لەبەر ئەوەی پرۆسەکاریی دادپەروەر بە گشتی رەفتارێکی یەکسان بەرامبەر بە هەمووان دەگرێتە خۆ. بە پێچەوانەوە پرۆسەکاریی ناداد یەکێك لە بەشداران وەك باشتر وەبەرچاو دەگرێت و ئەوی دیش بە خراپ (پێریلمان). گەلێك کورتتر بڵێین، حوکمی یاسا ئەوە دەگرێتە خۆ ئەو دەوڵەتەی کە بەشی جێبەجێکردن تیایدا ملکەچە بۆ کۆمەڵێك یاسا کە "بە شێوەیەکی زۆرەملی دەسەپێنرێت و لە هەمان کاتدا دەبێتە چوارچێوەو بنچینەو سنووری هێزەکەی" (شێڤیلێ)، لەبەر ئەوە حوکمی یاسا رێ لە فەرمانبەرانی حکومەت دەگرێت کە لە خۆوە کار بکەن و ئەمە پیادەکردنێکی یەکسانی یاسا مسۆگەر دەکات لە هەڵوێستی وەك یەك یان هاوشێوەدا بێ ئەوەی گوێ بە بەشدارەکان بدرێت. مامەڵەیەکی یەکسانی گشت بەشدارەکان لە کارکردنە یاساییەکانداو رێزگرتنی مافە بنچینەییەکانی هاووڵاتی بێ گوێدانە ئایین، رەگەز، سیما جەستەییەکان، سامان، پلەوپایە لە کۆمەڵگەدا، ئەندامبوون لە رێکخراوێکی سیاسیدا پەیوەندیی کەسی یا خێزانی لەتەك ئەوانەی دادوەرییەکە دەکەن، شوێن لە پلەکانەی هێزدا... تاد بەشێکن لە سیما بنچینەییەکانی. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرینسیپانە،

ئەوە پێویستە کە مەرجێکی دی جێبەجێ بکرێت بۆ بەدیهێنانی دەسەڵاتێکی دادوەریی سەربەخۆ، ئەوەش بوونی چینێکی سەربەخۆی "دادوەران"ە (ویبەر). ئەو چینە دادوەرە پێویستە ڕۆڵی کۆمەڵایتیی خۆیان بزانن کە "ڕێزە پیشەیی"یەکەیان هەروەها "ئامادەییان بۆ جێبەجێکردنی پیشە یاساییەکە" دەگرێتە خۆو پێویستە (هەڵگری ڕەوایی شێوە یاساییەکەی خۆیان بن" (رادبرو). لە دواییدا بە تایبەتی ئەوە گرنگە هەموو دەوڵەتێك کە حوکمی یاسای تێدایە، با وای ناو بنێین، پێویستە گونجانێکی فراوان بۆ پەسەندکردنی "یاسا وەك بەهایەکی تایبەت لە گشت لایەنەکانی ژیاندا" مسۆگەر بکات (ئەلبرێخت)، هەروەها ئەو بڕوابوونە پێویستە بە شێوەیەکی بەرفراوان هەبێت کە هێزو خراپ بەکارهێنانی دەشێت و دەشبێت کەم بکرێتەوە، بە تایبەتی لە ڕێی یاساوە. لە کۆتاییدا، دەتوانین ئەوە بکەینە سەرەنجام، چەندە زۆرتر ئەم نموونە تیۆرییەی بە کورتی خرایەڕوو جێبەجێ بکرێت، هێندە گەندەڵی لەو کۆمەڵگەیەدا کەمتر دەبێت. چەندە لادان لەو نموونەیە گەورەتر بێت، ئاستی گەندەڵی گەورەتر دەبێت.

نموونەی وەرگیراو:

ڕووپێویی گەندەڵی لەنێو خاوەن پرۆژە تایبەتەکاندا لە نیوەی یەکەمی مانگی شوباتی ساڵی 2001دا ئەنجام درا لەسەر 327 نموونەی وەرگیراو لە کۆگاو کۆمپانیا تایبەتەکان لە چل شارەوانیی لەسەر خاکی وڵاتی سربیا بێجگە لە کۆسۆڤۆو میتۆهیا. شێوازێکی لێکدراوی دەستپێکردن و بە ڕێژە نموونە وەرگرتن بەکار هێنرا. 21.1٪ی ڕووپێوە شوێنکارەکانی دروستکردنی گرتۆتەوەو 42.9٪ی ئەو شوێنکارانەی گرتەوە کە هی دروستکردن نەبوون، هەوەرها 11.9٪ی ئەو کۆمپانیایانەی گرتەوە کە هی دروستکردنن و 21.1٪ی ئەو کۆمپانیایانەی هی دروستکردن نین. پێکهتەی خاوەنێتیی ئەو کۆمپانیا و کۆگایانەی کە ڕووپێوە کرابوون بەم جۆرە بوو: 78٪ تایبەت، بەرپرسیارێتیی تەواو، یەك خاوەن. 7.3٪ تایبەت، هاوبەشی. 9.5٪ کۆمپانیای بەرپرسیارێتیی سنووردار، یەك خاوەن. 4٪ کۆمپانیا کە بەرپرسیارێتییەکی بێسنووری هەیەو چەند خاوەنێك. 0.3٪ کۆمپانیای هاوپشکی تایبەت. 0.6٪ کۆمپانیای هاوپشك، خاوەنێتیی تێکەڵ. 0.3٪ نەزانراو. قەبارەی کۆمپانیا بە پێی ژمارەی ئەو کارمەندانەی دەوامی تەواو دەکەم بەم جۆرە بوو: 69.7٪ کەمتر لە 5 کارمەند. 24.8٪ لە 6 تا 20 کارمەند. 5.2٪ 21 کارمەند یا زیاتر. 73.1٪ی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ خاوەنەکانیاندا بووە. 10.1٪ لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی یان سەرۆکی دەستەی کۆمپانیاکە. 4.9٪ لەگەڵ هاوبەشێکدا. 6.1٪ لەگەڵ بەڕێوەبەرداو 3.3٪ی چاوپێکەوتنەکاندا لەگەڵ کارمەندانی تری کۆمپانیا یان دووکاندا. شتێکی سەرنجڕاکێشە کە 83.3٪ی نموونەکان خاوەنەکانیان یەك تاکە پشکدارن. 13.2٪ دوو پشکدارو تەنیا 3٪ سێ پشکدار یا زیاتریان هەبوو. سەرەڕای ئەوەش، بە پێی وتەی ئەوانەی کە ڕایان وەرگیراوە زۆرینەی خاوەنەکان کە 60٪ بوو تاکەکەسەو 34.9٪ خێزانێکەو 4.5٪ جۆری ترە. زۆرینە خاوەنەکان 91.1٪ قەوارەی کارە دامەزراوەکەیان نەگۆڕیوەو 3.7٪ گۆڕیویانەو 5.2٪ نەزانراوە. 96٪ی کۆمپانیاکان هەر لە دامەزراندنیانەوە تایبەت بوون ئەوانی دی کۆمپانیا گشتییە بە تایبەتکراوەکان یان لقی تایبەتی کۆمپانیا گشتییەکانن یاخود کۆمپانیا گشتی و بیانییە "تێکەڵ"ە بە تایبەتکراوەکانن.

گەندەڵی لە دادگادا:

بە وەبەرچاوگرتنی ئەو گریمانەیەی کە لە پێشەکییەکەدا باس کرا، شیتەڵکردنی مەوداو بڵاوبوونەوەی گەندەڵی پێویستە لە شیتەڵکردنی سیستمی یاساییەوە دەست پێبکات. یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی ئەو شیتەڵکردنە ئەوەیە کە هاووڵاتییان چۆن تێیدەڕوانن، هەروەها ئەوانەی سەر بە کارە بازرگانییەکەن چۆن هەڵی دەسەنگێنن. ڕووپێوێکی پێشووتر (بەڵگە 1997) بیروڕایەکی ناجۆری هاووڵاتییانی یۆگۆسلاڤیا سەبارەت بە دادگا دەردەخات. متمانەکردن بە دادگا وەك دەزگایەك لەلایەن کەمتر لە سێیەکی هاووڵاتییانەوە (30.9٪) دەربڕابوو. بە پێچەوانەوە نزیکەی نیوەیان (45.6٪) متمانەیان پێی نەبوو. ئەوانی تریان (23.5٪) بێلایەن بوون یاخود نەیانتوانیبوو بڕیاری لێبدەن. لە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی ڕووپێوەکەدا "ئایا دادگاکان لە یۆگۆسلاڤیا پرۆسەیەکی دادگایی ڕەوا مسۆگەر دەکەن؟". تەنیا کەمتر لە لە سێیەکێکی (23.6٪) هاووڵاتییان لە وەڵامدا وتبوویان کە بە تەواوی لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان. قایلنەبوون بەو بۆچوونە لە سەروو نیوەوە بوو (51.8٪)و ئەوانی دی (24.3٪) نەیانتوانیبوو ساغی بکەنەوە. ڕووپێوێکی دی (پەیمانگەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان 1997) ئەوە نیشان دەدات، گەر ئەوانەی لێ لابەین کە وەڵامیان نەداوەتەوە، تەنیا بەشێکی کەمی هاووڵاتییان (4.3٪) لە سربیا متمانەیان بە دەزگای دادگا هەیەو کەمتر لە چواریەکێك (23٪) بڕێك متمانەیان هەیە. بە پێچەوانەوە نزیکەی دوو پێنج یەکی ئەو هاووڵاتییانەی کە بیروڕایان دەربڕیبوو (39.6٪) متمانەیان بە دەزگای دادگا نەبوو، ئەوانەش کە بڕێکی کەم متمانەیان هەبوو سێیەکێك بوون (33.1٪). نوێترین ڕووپێومان کە ئەنجامەکانی لە خشتەی (3 – 11)دا نیشان دراوە ئەوە دەردەخات کە هاووڵاتییان تێڕوانینێکی ئەوپەڕی خراپییان هەیە سەبارەت بە سیستمی دادگا لە وڵاتدا.

خشتەی 3 – 11

هەڵسەنگاندنی سیستمی دادگا، بە پێی بیروڕای خەڵکی دادگا

	هەمیشە	بەزۆری	زۆرکەم	هەرگیز	نازانم	نیشاندەر (1 – 5)	پلە
بەدادە	5.1	23.3	37.9	22.4	11.3	3.59	4
ڕەوایە	4.6	18.5	40	25.8	11	3.72	3
خێرایە	3.6	11.4	40.1	34.2	10.7	3.96	1
کراوەیە	7.7	21.6	33	24.5	13.2	3.57	5
متمانەی	4	14.5	40.4	26.6	14.3	3.81	2

www.pertwk.com

پێدەکرێت							
بەتوانایە	6.9	19.7	39.7	18.4	15.3	3.56	6

تەنیا لە کەمێك زیاتر لە چواریەکی حاڵەتەکاندا (28.4٪) بڕوای وایە کە دادگاکان دادپەروەرن و جیاوازی ناکەن و سێ پێنج یەکیش (60.3٪) بڕوای وایە ئەو دادپەروەرییە زۆرکەم هەیە یان هەر لە راستیدا نییە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هاووڵاتییانی سربیا نکووڵی لە دادپەروەری و بێلایەنیی دادگا دەکەن هەروەها نکووڵی لە رەوایيشی دەکەن (65.8٪)، خێرانی و کارایی (74.3٪)، کراوەیی (57.5٪)، متمانەپێکراوی (67.1٪)، هەروەها توانای جێبەجێکردنی بڕیارەکانیان (58.1٪). ئەو زانیارییە ئەزموونییەی کراوەتە لیست، بەر لە هەموو شتێك، ئەوە دەردەخات کە هاووڵاتییان دادگا، وەك ناوبژیوانێك لە ناکۆکییەکاندا، بە بڕواپێنەکراو هەڵدەسەنگێنن. کۆنترۆڵی فەرمانڕەوایان لەسەر دادگاکان راستەوخۆیە و هاووڵاتییان بە شێوەیەکی راستەوخۆ هەستی پێدەکەن. بە شێوەیەکی گشتی هەست بەوە دەکرێت کە هەر بڕیارێکی دادگا لەبەر ئەوەی شتێکی لە بەرچاوە دەشێت ببێتە هۆی دەستکاریکردن و دانانی کەسێك یا بابەتێکی ئابووری لە شوێنێکی نایەکساندا. سەرەڕای ئەوەش، بڕیارەکان یەکسەر هەستیان پێدەکرێت، پێویست بەوە ناکات کات تێپەڕ ببێت، هەروەك لە هەندێك هەڵوێستی تردا ئەمە دەبینرێت، بە جۆرێکی وا کە دەتوانرێت هەست بە کاریگەریی فەرمانڕەوایان لەسەر دەزگایەکی دیاریکراو بکرێت.

دادگا، وەك دەزگایەك کە ناتوانرێت لە دوایین چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی بواری بازرگانیدا دەستبەرداری بین، لە رووپێوەکەماندا کە لە ناو خاوەن پرۆژە تایبەتەکاندا ئەنجام درابوو تەنانەت کەمترین نمرەی هێنابوو. ئێمە سیستمی دادگامان لە رێی پێوەرێکی شەش پلەوە هەڵسەنگاندبوو کە لە دووتوێی کۆمەڵێك پرسیارەوە بوو. خشتەی (3 – 12) سەرەڕای کورتە دابەشکردنێکی وەڵامەکان بەهای ناوەندیی ژمێرەیی دەگرێتە خۆ، هەروەها نیشاندەری هەندێك لە سیماکانی دادگا لە روانگەی خاوەن پرۆژە تایبەتەکانەوە.

نزیکەی پێنج یەکێکی ئەوانەی رایان وەرگیراوە وتوویانە (هەمیشە، تەواو، زۆرجار، بە زۆری) کە دادگاکان خێرا و متمانەپێکراو و رەوا و بەتوانان، هەروەها کەمتر لە چواریەکێك وتوویانە کە لە بەردەم هەمووانیدا کراوەیە. گەلێك کورتتر بڵێین، بە زۆرینەی سێ چارەك لە کۆی سەرجەم خاوەن پرۆژە تایبەتەکان نکووڵی لەوە دەکەن کە دادگاکانی سربیا وەك پێویست بە دەستوبرد بن لە بڕیار دروستکردندا، یا متمانەیان پێبکرێت کە بڕیار دەرکردنەکانیان بە شێوەیەکی شەرەفمەندانە بێت و نکووڵیش لە نەبوونی گەندەڵی و داشکاندنەوە دەکەن و بڕواشیان وایە توانای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی خۆیان نییە. هەروەها بە زۆرینەی دوو سێیەك نکووڵی لەوە دەکەن دادگا بە شێوەیەکی یەکسان لە بەردەم هەمووانیدا کراوە بێت. ئەو هەڵسەنگاندنەوەی دەزگاکانی دادگا تا رادەیەك وەك ئەوەی پرۆژە تایبەتەکان وایە لە رووی جۆری کۆمپانیا یان دووکانەوە (هـ = لە 0.082 تا 0.184). لە هەمان کاتدا، خاوەن دووکانە تایبەتەکان لە هەڵسەنگاندنی رەوایی دادگاکاندا لە خاوەن کۆمپانیا تایبەتەکان رەقترن (هـ = 0.210). ئەو زانیارییانەی خرانە روو ئەوەش دەردەخەن کە خراپترین نمرە دراوە بە خێرایی یان کارایی دادگاکان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە بازرگانییەکاندا، پاشان بە متمانەپێبوون، لە کاتێکدا گەر بە پێی بارودۆخەکە تەماشای بکەین باشترین نمرە بە کراوەیی دراوە. ئەمەش دەشێت ئەوە بگەیەنێت کە: دادگاکان

کراوە نین، کاتێکیش کە کراوە دەبن سست و متمانەپێنەکراو و ناڕەوان.

خشتەی 3 – 12

هەڵسەنگاندنی سیستمی دادگا، بە بۆچوونی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان

	هەمیشە	بەزۆری / زۆرجار	زۆرکەم/ هەندێکجار	هەرگیز	نازانم	نیشاندەر (1 – 5)	پلە
بەدادە	1.51	8.45	7.81	5.6	6.7	3.60	4
ڕەوایە	1.81	2.86	0.91	6.5	8	3.79	3
خێرایە	1.5	6.85	1.63	5.2	4.9	4.10	1
کراوەیە	5.81	7.15	0.11	7.4	9.5	3.51	6
متمانەی پێدەکرێت	1.51	1.06	1.21	8	8.3	3.80	2
بەتوانایە	4.01	4.95	6.91	6.8	7.3	3.56	5

شیتەڵکردنی بەراوردکاریی ئەو دوو خشتەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لە نێوان تێڕوانینی هاووڵاتییانی سربیا لە سیستمی دادگا لەگەڵ هەڵسەنگاندنیدا لەلایەن خاوەن پرۆژە تایبەتەکانەوە (نیشاندەرەکانیشیان وەك یەکن). هەردووکیان سستی بە پلەی یەکەم دیاری دەکەن، پاشان بێمتمانەیی و ناڕەوایی و نەبوونی دادپەروەری. تاکە جیاوازییەك، کە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، ئەوەیە کراوەیی و توانایی بەلای خاوەن پرۆژە تایبەتەکانەوە بە بەراورد لەگەڵ هاووڵاتییاندا جێگۆڕکێیان کردووە. ئەمە گشتی ئەوە دەگەیەنێت کە پشتگیریکردنی دادگا لە دابینکردنی بارودۆخی یەکسان لە بازاڕی شمەك و کارکردن و سەرمایەدا متمانەی پێناکرێت. ئەوەش دەگەیەنێت کە پێشبڕکێ لە نێوان پاڵەوانانی بواری ئابووریدا یەکسان نییە. پێشێلکردنی ئەم یەکسانییە بە یارمەتیی پەیوەندییە تایبەتی و حیزبە سیاسییەکانەوەیە. کەسانی دیش هەمان هەوڵ دەدەن، کاتێك بەرژەوەندییەکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە و گەندەڵی بەکار دێنن کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پێویستی بۆ گەندەڵی. فەرمانبەرانی حکومەتیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەرتیل وەردەگرن و بەمەش ئەو یەکسانییە لاواز دەکەن و دەبنە هۆی گەندەڵی خستنە بەردەم[8]. وەك دەرەنجامێکیش بەشدارانی بازاڕ هەست بە نائارامی دەکەین. ئەوان ناتوانن پێشبینیی ڕەوتی پێشبڕکێکەیان بکەن و ناشتوانن پلانی داهاتوویان دابنێن بۆ چالاکییە بازرگانییەکانیان.

خاوەن پرۆژە تایبەتەکان لە هەڵسەنگاندنی جۆرێتیی کاری دادگادا کۆکن. وردتر بڵێین، لە هەمان رووپێودا کە تیایدا جۆرێتیی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن فەرمانبەرانی حکومەتەوە دابین دەکرێن هەڵسەنگێنرابوو، ئەوان بە هەمان شێوە وەڵامیان سەبارەت بە جۆرێتیی کاری دادگادا بووەوە. نزیکەی سێ چارەکیان (73.4٪)،

(8) با ئةوة لة ياد نةكةين كة لة بنةرِةتدا طةندةلَي بريتيية لة ثيَشيَلكردني رِيَساكاني ياساي كاركردن لة مامةلَةي بازاردا.

لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆیان دەسەڵاتدارانی دادگایان بە لاواز هەڵسەنگاندبوو (تا رادەیەك لاواز، لاواز، زۆر لاواز) لە جێبەجێكردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی دابینی دەكەن (نیشاندە 3.9). ئەو نمرە خراپانەی كە خاوەن پرۆژە تایبەتەكان دابوویان بە دەزگاكانی دادگا، كە بە كۆڵەكەیەكی سیستەمی دیموكراسی دادەنرێت كە ئەویش دابەشكردنی هێزە، گرنگیی سەرەكییە بۆ تێگەیشتن لە سەرجەم دیاردە كۆمەڵایەتییەكان لە كۆمەڵگەی سربیاداو لەبەر ئەوەش یەكێكە لە كلیلە سەرەكییەكانی تێگەیشتن لە گەندەڵی نەك هەر لێرە بەڵكو لە گشت شوێنێك. لە هەمان كاتدا نمرەی كەم بۆ كاری دادگاكان نیشانەی بڕوانەبوونە بە باری یاسایی. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت كە دابەشكردنی دەسەلات لە نێوان بەشەكانی یاسایی و جێبەجێكردن و دادوەریدا تەنیا هەر بە سەرزاری هەیە. خاوەن پرۆژە تایبەتەكان، هەروەها هاووڵاتییانیش ئەمەیان بە روونی دەربڕیوە: لەلایەكەوە دەسەڵاتی دادوەری لەژێر كۆنترۆڵی راستەوخۆی دەسەڵاتی جێبەجێكردندایە، یان وردتر بڵێین، لەژێر دەسەڵاتی یەك حیزبی سیاسیدایە، لەلایەكی تریشەوە لەبارە بۆ گەندەڵبوون و لەبەر ئەو هۆیانەش ئێمە بڕوامان پێی نییە چونكە ئەزموونی چەندین ساڵ ئەوەمان پێدەڵێت.

بە پێچەوانەی ئەم هەڵوێستەوە، خاوەن پرۆژە تایبەتەكان وا لە دەسەڵاتدارە دیموكراتە نوێیەكان چاوەڕوان دەكەن كە گۆڕانكاری لە سیستەمی دادوەریدا بكەن. وردتر بڵێین، نزیكەی دوو سێیەكیان (65.2٪) بڕوایان وایە كە ئێستا (دوای گۆڕانەكان) پێویستە سیستەمی یاسایی وڵات لە ناكۆكییە بازرگانییەكاندا پشتگیرییان بكات. لەلایەكی ترەوە پتر لە پێنج یەكێكیان (22.3٪) دەڵێن كە ئەو پشتگیرییەیان لێناكات. كاتێك كە مامەڵە لەتەك رابوردوودا دەكرێت، بۆ نموونە سێ ساڵ لەمەوبەر بارودۆخەكە بە تەواو بە پێچەوانەوە بوو، تەنیا 15.3٪ دەیانووت كە كەم تا زۆر لەلایەن سیستەمی یاساییەوە پشتگیری دەكرێن و نزیكەی سێ چارەكیان (73.1٪) دەیانووت كەم تا زۆر ئەو پشتگیرییەیان نییە. ئەو ئەنجامانەی خرانە بەرچاو ئەوە دەگەیەنن كە خاوەن پرۆژە تایبەتەكان بڕوایەكی تەواو زۆریان بە دەسەڵاتدارە نوێیەكان هەیە. ئەوان بە ئومێدن كە دەسەڵاتدارانی نوێ چارەسەری كێشە هەنووكەییەكەی كۆمەڵگەی سربیا بكەن: سیستەمی دادوەری. بەو جۆرە خاوەن پرۆژە تایبەتەكان بە ئومێدی ئەوەن كە دەسەڵاتداران دادگاكان لەژێر چنگی بەهێزی دەسەڵاتی جێبەجێكردن رزگار بكەن و سەرفراز بن لە گشت ئامرازە سەركوتكەرەكان: پۆلیس، داواكارە گشتییەكان، دادگا و دەزگاكانی چاكسازی.

لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە ئەزموونییانەی خرانە روو و لێكدرانەوە دەشێت ئەو سەرەنجامە بەدەست بێت كە بە بێ بڕوابوونی هاووڵاتییان بە دەزگاكانی دادگا، هیچ دڵنیاییەكی سایكۆلۆژی بۆ تاكەكەس بەدی نایەت لە مسۆگەركردنی مافەكانی لە بەردەم دادگادا. گەر ئەو جۆرە دڵنیاییەش نەبوو، ئەوا كەسەكە كاسبكار بێت یان هاووڵاتییەك ناچار دەبێت زۆر كەناڵی دی، كە زۆرجار نایاساییشن، بەكار بهێنێت بۆ بەدیهێنانی مافەكانی، یەكێكیش لەو كەناڵانە گەندەڵییە. ئەو هاووڵاتییە یا ئەو خاوەن پرۆژە تایبەتە كە بڕوای بە دەزگای دادگا نەماوە، كاتێك كە لە بەردەم دادگادا دەوەستێت زۆرجار وای پێخۆشە كە نوێنەرە یاساییەكەی (پارێزەرەكەی) پەیوەندیی تایبەتیی لەگەڵ دادگادا هەبێت، پاشان، بۆ نموونە، ئەوەی بەلاوە گرنگە كە باری یاسایی پرۆسە یاساییەكەی چییە و چەند كات دەخایەنێت یان توانا پیشەوەرییەكانی نوێنەرە یاساییەكەی چین. هەنگاوێكی بچوك دەمێنێت بۆ داڕشتنی ئەم پرسیارانە كە زۆرجار بەرەورووی نوێنەری یاسایی دەكرێنەوە: "ئایا پەیوەندیت لەگەڵ دادگادا هەیە؟" هەروەها "چەند پارەی تێدەچێت؟".

ناکارایی خزمەتگوزارییە گشتییەکان وەك پێشینە مەرجێکی گەندەڵی:

بەرلەوەی شیتەڵکردنەوە سەبارەت بە قەبارەو بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە سربیا ئەنجام بدرێت، پێویستە ئەو زانیارییە ئەزموونییانەی بەدەست هاتوون سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی جۆرێتی و کارایی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە بۆ پرۆژە تایبەتەکان دابین کراون شیتەڵ بکرێنەوە. یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی هەر چالاکییەکی بازرگانی جۆرێتی و گونجاندنی رێکخەرە یاساییەکانە لەگەڵ بارودۆخی بازاڕدا. سەرەڕای ئەو رێکخەرانە ئەوەی کە گرنگییەکی گەلێك زۆری هەیە جۆرێتیی ئەو خزمەتگوزارییانەیە کە لەلایەن دەزگا خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە دابین دەکرێن، هەر لە شارەوانییەوە تاوەکو وەزارەتە ناوخۆییەکان و فیدراڵەکان. ئەوانە کەش و هەوایەکی کۆمەڵایەتی پێکدێنن یاخود ئەو دەوروبەرە (ژینگەیە)ی کە ئێمە گەلێك جار وەك زۆر لەبار یان زۆر نالەبار بۆ گەشەکردنی پرۆژەی تایبەت هەڵیدەسەنگێنین. جۆرێتی، بۆ زۆر لەوانە، لەتەك کارایی و خێراییدا بێلایەنییش دەگرێتە خۆ. لەبەر رۆشنایی ئەمەدا خزمەتگوزارییە گشتییەکان بریتین لە پشتگیریی لۆجستی بۆ هەر بابەتێکی بازرگانی. بە بێ ئەم پشتگیرییە ئەنجامدانی چالاکیی بازرگانیی هاوچەرخ تا رادەیەك لە توانا بەدەر دەبێت.

لە خشتەی (3 – 13)دا هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزراییە گشتییەکان دەخەینە بەرچاو هەروەك لەلایەن خاوەن پرۆژە تایبەتەکانەوە کراوە. دابەشبوونی وەڵامەکان و نێوەندی ژمێرەیی و نیشاندەرو هەروەها پەلدانان بۆ هەر خزمەتگوزارییەك بە پێی هەڵسەنگاندنەکەی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان دانراوە.

ئەنجامە پیشاندراوەکانی لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکە بە ئاشکرا ئەوە دەردەخەن کە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان نمرەی[9] زۆرخراپ دەدەن بە جۆرێتی و کارایی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. لەلای سەرووی لیستەکەدا راگرتنی رێگەوبان، دادگاکان، پەرلەمان، هەروەها ئاگاداریی تەندروستی دێن. بە پێچەوانەوە، سوپا، فەرمانگەی پۆستە، کۆمپانیای پەیوەندیی تەلەفۆنی، بانکی نیشتمانی، بەشی گەرمکردنەوە هەروەها کۆمپانیای ئاو تا رادەیەك نمرەیەکی تێکرایی باشتریان پێدرابوو. ئێمە لێرەدا سێ جۆر خزمەتگوزاریمان هەیەو بە پێی دۆخەکانیان ناومان لێناون بوارەکانی "دەوڵەت"، "گشتی"و "ناوخۆیی". لەو سیانە بواری "دەوڵەت" یاخود دەوڵەت و دامەزراوەکانی خراپترین نمرەیان وەرگرتووە. شیتەڵکردنێکی فراوانتر ئەوە پیشان دەدات کە لە ناو گشت خزمەتگوزارییە گشتییەکانی بواری "دەوڵەت"دا، هەروەك لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەی پێدرا، خراپترین نمرە درا بە دەسەڵاتدارانی دادگاو دادوەری پاشان پەرلەمان و خزمەتگوزاریی گومرگ. سەبارەت بە بواری "گشتی" خراپترین نمرە درابوو بە راگرتنی رێگەوبان، ئاگاداریی تەندروستی و پەروەردە. لەبەر ئەوەی بۆ ئەم سێ خزمەتگوزارییە داراییەکی وەبەرچاو پێویستە، جۆرێتیی خزمەتگوزارییەکانیشیان راستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ باری گشتیی دارایی کۆمەڵگەدا هەیە. بەهۆی ئەوەشەوە کە باری گشتیی کۆمەڵگە تا ئەوپەڕی لاوازە ئەوە شتێکی لۆژیکییە کە ئەو خزمەتگوزارییانەی لەلایەن ئەو قەوارە گشتییانەوە پێشکەش دەکرێن ئاستێکی نزمیان هەبێت. جۆرێتی گەلێك لەو خزمەتگوزارییانە لەژێر کاریگەریی هەندێك هۆکار (فاکتەر)دان کە بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێن، بە تایبەتی خزمەتگوزارییەکانی بواری پێکهاتەی ژێرخانەیی. لە بواری "ناوخۆیی"دا خراپترین نمرە بەو خزمەتگوزارییانە درابوو کە درێژەپێدانی کارەکانی بەشی جێبەجێکردنە لە حکومەتی

---

[9] نرخی (1) واتە زۆر باشە، نرخی (5) واتە زۆر خراپە.

ناوخۆییدا، وەك كۆكردنەوەی باج و پشكنینی خزمەتگوزارییەكان.

خشتەی 3 – 13

جۆرێتی و كارایی ئەو خزمەتگوزارییانەی لەلایەن دەزگا گشتییەكانەوە دابین دەكرێن

	زۆر باش	تا رادەیەك باش	تا رادەیەك خراپ/ خراپ	زۆر خراپ	نازانم	نیشاندەر (1 – 5)	پلە
خزمەتگوزاریی گومرگ	1.51	5.92	3.91	4.43	4.3	3.71	5
حكومەتی فیدراڵی و وەزارەتەكان	0.92	1.43	0.61	1.03	6.1	3.42	11
وەزارەتی بازرگانیی دەرەوە/ فیدراڵ	0.61	4.42	6.61	1.64	6.8	3.62	7
حكومەتی ناوخۆیی	1.22	0.53	5.51	1.03	1.8	3.69	12
بانكی نیشتمانی (مەڵبەندی)	4.03	5.52	9.1	9.52	2	3.02	17
دەسەڵاتدارە ناوخۆییەكان	2.43	8.33	9.51	5.3	4.6	3.26	14
ئاگاداریی تەندروستی	2.11	9.95	0.42	3.2	4.3	3.7	24
پەروەردە	2.13	3.04	2.81	6.2	5.8	3.47	9
پۆلیس	3.12	7.04	3.72	1.4	4.6	3.32	13
سوپا	5.84	8.62	4.4	8.91	3.2	2.72	20
دەزگای باج	2.12	4.84	0.72	6.9	5.5	3.63	6
خزمەتگوزاریی پشكنین	2.	4.83	9.82	7.2	5.8	3.62	8

www.pertwk.com

						42	
19	2.77	4.9	6.7	7.8	7.82	2.85	فەرمانگەی پۆستە
18	2.85	5.5	8.3	0.2	3.93	2.15	کۆمپانیای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان
10	3.44	2.6	9.6	2.81	3.94	1.23	کۆمپانیای هێزی کارەبا
15	3.16	4.6	2.8	6.31	2.02	4.35	کۆمپانیای ئاو
16	3.07	6	1.02	4.81	5.52	2.83	بەشی گەرمکردنەوە
1	4.37	4.3	2.3	2.45	1.73	0.31	راگرتنی رێگەوبان
2	3.90	1.6	6.31	7.12	4.74	0.31	دادوەری
3	3.72	8.1	2.62	9.62	9.02	0.61	پەرلەمان

هەڵسەنگاندنەکانی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان لەگەڵ ئەو راستییانەدا دەگونجێن کە لەو فەلسەفە سیاسییەوە وەرگیراون و دەڵێت: سەرکەوتن و نشوستیی هەر کەسێك، لێرەدا مەبەست خاوەن پرۆژەی تایبەتە، بە شێوەیەکی وەبەرچاو پابەندە بە سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی نەك هەر (کۆمەڵگە) سنووردارەکەوە، بەڵکو بە هی ئەو کۆمەڵگە فراوانەی کە تیایدان، یاخود دەوڵەتەکە (دۆرکین). کاتێك کە ئەم خاڵە کەمێك فراوانتر روون بکەینەوە، دەبینین سەرکەوتنی و هەر بەو هۆیەشەوە جۆرێتیی ئەو خزمەتانەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان پێشکەشی دەکەن، تا رادەیەکی زۆر، بەندن نەك هەر بە دەسەڵاتدارانی شارەوانی و دەوڵەتەوە، بەڵکو هەروەها بە بارودۆخە گشتییە کۆمەڵایەتییەکەو بە بارودۆخە کۆمەڵایەتی و مێژووییە بۆماوەکەش. ئێمە لەو بڕوایەداین کە بارودۆخە کۆمەڵایتی و مێژووییەکە دەشێت، لە رێی چالاکیی سەلارانەی دەسەڵاتدارە سیاسییەکانەوە، بگۆڕرێت یان راست بکرێتەوە، یاخود کاریگەرییەکەی تا رادەیەك پووچەڵ بکرێتەوە. ئەمانەش، بەر لە هەموو شتێك، لە رێی بنیاتنانی سیستمێکی تەواوی رێکخەرە (رێسا) یاساییەکانەوە کە دەبێت لەلایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە جێبەجێ بکرێت.

ئەو وڵاتانەی لە قۆناغی گواستنەوەدان و لەنێویشیاندا سربیا رووبەڕووی گەلێك کێشە دەبنەوە لەوانەش کێشەی جیاوازی لە خستنەگەڕی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا. ئەوان، بەر لە هەموو شتێك کرانە چەمکێك وەك خزمەتگوزارییەکی سەرانی فەرمانڕەوا. لەبەر ئەوەی سەرانی فەرمانڕەوا سەر بە یەك حیزب بوون، بنەمای دانان و بەرزکردنەوەی کادیرە فەرمانبەرەکان ملکەچکردن و خزمایەتی بوو نەك ئەزموون و جۆرێتیی کار. بەهۆی ئەو نموونەی بێ خاوەنییەو ئاشتیی کۆمەڵایەتی و خزمایەتییەوە هەموو ئەو خزمەتگوزارییانە بە بێ جیاوازی بوونە هۆی ئاگاداریکردنی ئەو زیادەیەی کە لە هێزی کاردا هەبوو. پرۆسەی خستنە سەرکار بە زۆری بە پێی چەند بنەمایەکی تایبەت جێبەجێ دەکرا. هاوکات لەگەڵ گۆڕانە سیاسییە درێژە چاوەڕوانکراوەکەی سربیادا، ترس سەبارەت بە دڵنیایی کارەکەیان لەناو کارمەنداندا پەرەی سەند. ئەم ترسە لەو پاشەکشەیەوە دروست بوو

کە هۆکەی دەرکردنی سەدان هەزار کرێکار بوو لە کارەکانیان یان بە زۆرەملێ مۆڵەت پێدانیان. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێکی کەم لەنێو کۆمەڵگەدا زۆر بە خێرایی دەوڵەمەند بوون. ئەم سامانە بە زۆری لە مامەڵە ئابوورییەکانی نێوان کەرتی تایبەتی نوێو کەرتی گشتیی/ دەوڵەتدا بەدەستهات. پاڵەوانانی ئەم "رێکخستنە بازرگانییە" ئەندامانی سەرانی سیاسەتمەدار بوون. سزانەدانی سامان کۆکردنەوە بە رێگەی نایاسایی لەلایەن ئەو کەسانەوە کە نزیك بە دەسەڵاتداران بوون بووە فشار لەسەر سیستمی هەڵوێستە ئاکارییەکانی هەموو کەسێك. ئەمەش بووە هۆی پوانی ئاکارە بازرگانییەکانو داڕزانی سیستمی بەها کۆمەڵایەتییەکان.

لەلایەکی ترەوە لەگەڵ پەرەسەندنە خێراکەی هەژاریدا هاتنەخوارەوەیەکی خێرای مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت رووی داو بەهۆی ئەوەشەوە دیسیپلینی کار لاواز بوو. کەمبوونەوەی مووچە، لاوازیی دڵنیایی لەکار، فراوانبوونی بەرپرسیارێتیی گشتیی کۆمەڵایەتیو ترسی ئەوەی کە زۆر لەوان لەگەڵ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسیدا کارەکانیان لەدەست بچێت هاندەرێك بوون بۆ زیادرکردنێکی خێرای ئارەزووی تا ئەوپەڕی وەگەڕخستنی کاتی مانەوەیان لەسەر کارەکانیان. لە راستیدا، هەموو ئەمە هانیدان کە هێندەی لە تواناياندا بێت گشت خزمەتگوزارییەکانیان بکەنە پارە، لەبەر ئەوەی ئەوەش بە رێگەی یاسایی ناکرێت بادانەوەیان بەلای گەندەڵیدا زیادی کرد. خۆپاساودانەوە کارێکی ئاسان بوو: کە خەڵکی تر دەتوانن بیکەن، ئەی من بۆ نەیکەم، بە تایبەتی کە ئەو مووچە کەمەشم پێبدرێت.

دروستکردنی کەسانی پیشەوەر لەنێو فەرمانبەرانی حکومەتدا مەرجێکی پێشەکییە بۆ بەرزکردنەوەی جۆریتیو کارایی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن دەزگا گشتییەکانەوە پێشکەش دەکرێن. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لە بەسیاسەتکردن دوور بخرێنەوەو بەو جۆرەش لە گۆڕانکاریی سیاسی بپارێزرێتو چاکتر خەڵاتکردنو مسۆگەرکردنی پلە بەرزکردنەوە لەسەر بنەمای تواناو زانیاری بێت نەك بنەمای ملکەچبوون. سەرەڕای ئەوە، پێویستە سیستمێکی ناوخۆو دەرەکی دابمەزرێنرێت بۆ کۆنترۆڵکردن دژ بە نالەبار بەکارهێنانی فەرمانگە. هەروەها ئەوەش پێویستە هێندەی لە توانادا بێت کاری فەرمانبەران رێك بخرێت بەمەش مافی بڕیاردەرکردنیان بە بێ هیچ بەندو مەرجێك کەم بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا پێویستە رۆڵی دەوڵەتو بیروکراسی لە مامەڵە ئابوورییەکاندا کەم بکرێنەوە. بە واتایەکی دی چەندە بازاڕ لە کۆمەڵگەدا زۆر بێت، هێندە گرنگیی دەوڵەت گەورەتر دەبێتو ئەگەر گەشەکردنی گەندەڵی کەمتر دەبێتەوە. واتە کەمترین دەستتێوەردانی دەوڵەت، کەمترین گەندەڵییە.

فەرمانبەری حکومەتو بڵاوبوونەوەی گەندەڵی:

لە پێشەکییەکەدا وتمان کە گەندەڵی کەم تا زۆر لە گشت کۆمەڵگەیەکدا سەرهەڵدەدات. وڵاتە دەوڵەمەندو لە رووی یاساوە رێکوپێكو خاوەن نەریتی دیموکراتیی دووروودرێژ لە گەندەڵی پارێزراو نین. لەگەڵ ئەوەشدا سیستمێکی یاساییو خاوەن میراتێکی کەلتووریو مێژوویی، دەستتێوەردانی دەوڵەت تیایدا هۆی سەرەکییە بۆ گەندەڵی. وەك هۆیەکی دیاریکراوی گەندەڵی بە تایبەتی جۆری بچوك، لەبەر ئەوەی هەموو وڵاتێك رووبەڕووی نابێتەوە، دەتوانین ناوی هەژاری بهێنین. لەگەڵ زۆربوونی هەژاریشدا مەودای گەندەڵی پەرەدەسێنێت. ئاشکرایە کە زۆربوونی دەستتێوەردانی دەوڵەت کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی گەندەڵی هەیە، یان کە لە شوێنێك پەیوەندییە ئابوورییەکان لە رێی کۆمەڵێك رێساوە رێکخرابێت کە دەشێت لێکدانەوەی یان

www.pertwk.com

جێبەجێکردنیان ئەگەری فرۆشتنی خزمەتگوزارییەکان لەلایەن فەرمانبەرە حکومەتییەکانەوە گەورەتر بکات. فرۆشتنە نایاساییەکەی ئەو خزمەتگوزارییانە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێکهاتە پلەکانەیەکەی دەسەڵات لەبەر ئەوەی لەم ڕێگەیەوە چینەکانی لای سەرەوە ئەوانەی لای خوارەوەی خۆیان بە ملکەچی دەهێڵنەوە بێ گوێدان بە بڕی مووچەو چونکە بەشێك لە داهاتەکانیان لە ڕێی پارە نایاساییەکەی فرۆشتنی خزمەتگوزارییەکانەوە قەرەبوو دەکرێتەوە. نرخی "گرنگیی" پلەکاری کەسێك لە پلەکانەکەدا هەر تەنیا بە بڕی مووچە ناپێورێت، بەڵکو لە ڕێی ئەگەری بوونی ئەو بڕە پارە نایاساییەی فرۆشتنی "خزمەتگوزارییەکان"یشەوە. بێگومان ئەمە لەلایەکەوە زیاتر سەرنجڕاکێشیان دەکات و لەلایەکی تریشەوە وریاتر دەبن. هەر لەبەر ئەوەیە لە زۆربەی ئەو مامەڵانەدا کە لایەنی دەوڵەتی تێدایە ئەوە شتێکی زۆر باوە کە کارمەندێك، پارە وەگەڕخەرێك، هەر هێندەی کە بوونە لایەنی دووەم لە مامەڵەیەکی ئابووریدا کەم تا زۆر گەندەڵی دەبێت. مەودای گەندەڵییەکەو تەنانەت بوونیشی بەندە بە هێزی دەوڵەتەکەوە.

هاوکات لەگەڵ زیادبوونی چالاکیی ئابووریی دەوڵەتدا، ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕێژەیەکی وەبەرچاوی پارە، کە ئەم دەست و ئەو دەست دەکات، لە شێوەی بەرتیلدا زیاد بکات، لەبەر ئەوە نرخی تێچوون بەهۆی بەرتیلەوە زیاد دەکات و بە زۆری جۆرێتیی خزمەتگوزاریی دابینکراو یان مامەڵەکە ئاستی دێتە خوارەوە. گەلێك خزمەتگوزاری دەشێت دووچاری بەرتیلکاری ببن، هەر لە مامەڵەکانی پارە خستنەگەڕو داهاتە گشتییەکانەوە تا بە خاترانە قەرزپێدان و پشکی لە دەرەوەهێنانی شمەکی ناوازە، ئینجا دەرهێنانی هەموو جۆرە مۆڵەتێك تەنانەت بۆ بچوکترین شت. یەکێك لە پرینسیپە سەرەکییەکانی بیرۆکراسی کە بناغەی هێزە کۆمەڵایەتییەکەی لەسەر بنیات دەنێت داهێنانی ڕێسا و ئەرکە نوێیەکانە، هەروەها گەشەکردنی توانستی خۆی بە جۆرێك کە دەبێتە دەربڕێکی تایبەتی ئەوانە. لەبەر ئەوە گرنگییەکەی زیاتر دەبێت و هەڵوێست متمانەپێکراوتر دەبێت. هاندەرێکی دی بۆ کار ڕێکخستن و لە ڕێی ئەوەشەوە دروستکردنی چەندین لەمپەر لە بەردەم خاوەن پرۆژە تایبەتەکاندا، ئەو ئەگەرەیە کە ئەو خزمەتگوزارییانە بە شێوەیەکی نایاسایی بە پارە بفرۆشرێن. نرخی "خزمەتگوزاری" هەمیشە هاوڕێژەیە لەتەك قەبارەی مامەڵەکەدا. بەو پێیە، نەك هەر تەنیا داخوازی زۆر دەبێت، بەڵکو ئامادەیی ئەو لایەنانەش کە پەیوەندارن بۆ بەرتیلدان لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی مامەڵەکە زیاتر دەبێت. لێکۆڵینەوە لە بڵاویی گەندەڵی کارێکی ناخۆشە بەهۆی نەبوونی زانیاریی ئامارگریی تەواو سەبارەت بە مەودای ئەو دیاردەیە. ناچارکردن (گەڕان بە دوای)و پێشنیازکردنی بەرتیل زۆربەی جار بە نهێنی دەکرێت – بێ ئەوەی شایەت هەبێت چونکە ئەوە کارێکی نایاساییە لە نێوان بەشدارانی مامەڵەیەکی ئابووریدا. لەبەر ئەمە دەکرێت لێکۆڵینەوە لە مەوداکەی تەنیا لەسەر ئەو حاڵەتانە بنیات بنرێت کە لە ڕێی دادگاوە ئاشکرا بوون، یاخود لە ڕێی ئەو ڕووپێوانەوە کە بە پێی سیستمێك ئەنجام دراون.

پرۆسەکاریی بە ڕێبازکراو لە سنوورێکی کەمدا بەکار دێت و نادروستە نەك هەر لەو کۆمەڵگەیانەدا کە لە گۆڕاندان، بەڵکو لە کۆمەڵگە گەشکردووەکانیشدا چونکە "وێنەیەکی تاریك"ی تاوان (گەندەڵیش)یان تێدایە. تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەدا کە گۆڕانکاریی بەگوڕی کۆمەڵایەتی و ئابووریيان تێدایەو ئەو کۆمەڵگەیانەش کە دادگا و ڕۆژنامەوانی ئازادیان تێدا نییە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت. کەواتە پرۆسەکاری بە ڕێبازکراوی دووەم، کە ڕووپێوە لە بەردەم ئێمەدا دەمێنێت کە تا ڕادەیەك پرۆسەکارێکی دروست بێت بۆ دەستنیشانکردنی مەودای بڵاوبوونەوەی بەرتیل. ئەو بەربەستەی لە ڕێی ڕووپێودایە ئەوەیە کە ناتوانێت بگاتە بەرزترین دەسەڵاتداران و

بەشدارییان لە بەرتیلکاریدا. دووەم کێشە لەو راستییەوە سەرهەڵدەدات کە رووپێو ئاستی راستەو دروستیی گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا پێوانە ناکات بەڵکو بەر لە هەموو شتێك تێڕوانینی هاووڵاتییان سەبارەت بە مەودای بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە پیشان دەدات.

ئەنجامەکانی رووپێو ئەوە دەردەخەن کە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان، بە پێی ئەزموونی خۆیا، بە زۆرینەیەکی پتر لە نیوە (52.9٪) دەڵێن ئەوە شتێکی باوە کە "ئەم جۆرە شتە" بکەن، واتە "هەمیشە یان زۆرجارو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا" بەرتیل بە کارمەندانی دەوڵەت بدەن بۆ "تەواوکردنی هەندێك شت". هەروەها پتر لە سێیەکێك (36.1٪) وتوویانە بەرتیلدان بە کارمەندانی دەوڵەت بۆ "ئەو شتانە" تا رادەیەك زۆر کەمە. تەنیا (3.1٪)ی حاڵەتەکان هەرگیز بەرتیلدانی تێدا نییەو (8٪)یش نازانن. ئەمە مانای وایە کە نزیکەی نۆ دەیەکی (88.9٪) خاوەن پرۆژە تایبەتەکان، بە پێی وتەی خۆیان، بەلای کەمەوە جارێك لە جاران بەرتیلیان بە کارمەندانی دەوڵەت داوە لە بەرامبەر خزمەتێکی تایبەتدا. ئەو زانیارییەی کە خراوەتە روو ئەوەمان پێدەڵێت کە بەرتیلدان بە کارمەندی دەوڵەت بارودۆخێکی پێویستە لە ئەنجامدانی چالاکیی ئابووریدا. ئەم کارە هێندە بڵاوە کە بووەتە باو. هیچ جیاوازییەکی وەبەرچاو نییە سەبارەت بە جۆری کۆمپانیا (کرامەر ج = 0.142) یاخود قەبارەی.

ئەزموونە مەیدانییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەگەر لە کاتی تۆمارکردنی کارێکی بازرگانیدا بەرتیل نەدەیت بە فەرمانبەری حکومەت ئەوا خێرا کارمەندی تەندروستی یان باج دەگاتە سەرت. هەمان شت راستە سەبارەت بە خزمەتگوزاریی گومرگ هەروەها ئەو فەرمانگەیانەی کە مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان یان ناردنە دەرەوە دەردەکەن، یاخود ئەو دەزگا ناوخۆییانەی کە مۆڵەتی کار یان خانوو دروستکردن دەردەکەن لەو شوێنانەدا کە سەرنجڕاکێشن.

وێنەی 3 – 12

دووبارەبوونەوەی گەندەڵی لە کاتی دامەزراندنی پرۆژەکاندا



مرۆڤ دەتوانێت بگاتە ئەو سەرەنجامەی کە گەندەڵی کارێکە بە شێوەیەکی فراوان لەناو کارمەندانی دەوڵەتدا بڵاو بۆتەوە، ئەم بڕیارلێدانەش لە رێی ئەو زانیارییانەوە دەرکەوتووە کە پتر لە نیوە (52.3٪)ی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان وتوویانە ئەوان هەمیشە پێشەکی دەزانن (هەمیشە، زۆرجار، بە زۆری) ئەو بڕە پارەیەی "پارەدانی زیادە" کە دەبێت بۆ جۆرەها خزمەتگوزاری بدرێت چەندە. لە هەمان کاتدا نزیکەی سێیەکێك (30.9٪) تەنیا

www.pertwk.com

هەندێکجار یان زۆرکەم دەزانن کە بڕی ئەو پارەیەی بۆ گەندەڵی دەبێت بدرێت (بەرتیل) چەندە. تەنیا 4.3٪ی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان دەزانن کە بەرتیل دەبێت بدرێت، هەرچەندە بڕی تەواو یان جۆری ئەو خزمەتگوزارییە کە دەبێت وەك بەرتیل پێشکەش بکرێت بە تەواوی نازانن. زۆر ڕێی تێدەچێت کە ئەوان تەنیا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ – لە ڕێی ئەزموونی کەسێکی ترەوە – ئاگاداری ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بن.

زانیاریی سەرەکی سەبارەت بە گەندەڵی لە وڵاتێکی دیاریکراودا بەندە بە ڕێکخستنە پیشەسازییەکەیەوە یاخود "پێکهاتەی بازاڕەکەی"، بە واتایەکی دی، ئایا گەندەڵی بە نێوەندکراوە یاخود نانێوەندکراوە.

وێنەی 3 – 13

ئایا پێشەکی دەزانیت بڕی ئەو بەرتیلە چەندە کە دەبێت بیدەیت؟



دەشێت ئەمە باشتر بەدی بکرێت لەسەر بنەمای زانیارییەکان کە ئاخۆ ئەو خزمەتگوزارییەی کە لەلایەن کارمەندێکی گەندەڵی دەوڵەتەوە جێبەجێ دەکرێت پێویستە یەکجار یان زیاتر پارەی بۆ بدرێت. چەند جارێك پارەدان بۆ هەمان خزمەتگوزاری گەندەڵییەکی بەنێوەندنەکراو دەردەخات. بە پێی ئەنجامەکانی ڕووپێو نزیکەی هەر سێیەکێك (31.8٪) – هەروەك خۆیان دەڵێن – لە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان ناچار کراون کە دووبارە بۆ هەمان خزمەتگوزاری پارە بدەنەوە (هەمیشە، زۆرجار، بە زۆری)، هەروەها پارەپێدانێکی پتر لەوە هەر پێنج یەکێك 20٪ (هەندێکجار)و حەوت یەکێك (13.1٪) زۆرکەم. ئەمە هەروەها مانای ئەوەیە کە نزیکەی دووسێیەك (65.1٪) ناچار بوون دوو جار یان زیاتر پارە بۆ هەمان خزمەتگوزاری بدەن. دابەشبوونی ئەو وەڵامانەی کە سەبارەت بە جۆری کۆمپانیاکانن ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە خاوەن کۆگاکان زۆر جار، بەڵام لە ڕووی ئامارگرییەوە زۆر گرنگ نییە، ژمارەی جاری پارەدانیان دووهێندە یان زیاتر بوو، لەچاو خاوەن کۆمپانیاکاندا (کرامەر ج = 0.190).

وێنەی 3 – 14

دووبارەبوونەوەی چەندین جار پارەدان بۆ خزمەتگوزاری



www.pertwk.com

گەر گەندەڵکارەکە ئەو خزمەتگوزارییەی کە لەسەری پێکهاتوون بۆ نەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا کە پارەی داوە، ئەوا کێشەیەکی نائاسایی دروست دەبێت. لەو بارەدا ئێمە گەندەڵییەکمان هەیە بێکەڵکە یاخود گەندەڵییەکە مامەڵەکەی زۆری تێدەچێت لەبەر ئەوە پێویستە میکانیزمێك بۆ چاودێریی ئەنجامدانی گەندەڵییەکە دابنرێت. ئەنجامەکانی رووپێو ئەوە نیشان دەدەن کە لە دوای "پارەپێدانە زیادەکە" خزمەتگوزارییەکەی کە لەسەری رێککەوتوون جێبەجێ دەکرێت: "هەمیشە" 8.3٪ی حاڵەتەکان، "زۆرجار" 40.1٪، "بە زۆری" 15٪، "هەندێکجار" 11.9٪، "زۆرکەم" 3.4٪، "هەرگیز" 1.5٪. ئەوانەی کە نازانن 19.9٪. بەهای نێوەندیی ژمێرەیی یەکسانە بە (3). بە پێی ئەو زانیارییەی کە خراوەتە روو ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەگەرێکی زۆر هەیە ئەو "خزمەتگوزارییەی" کە پارەی بۆ دراوە دابین بکرێت. وردتر بڵێین، بەرتیلدەرەکە دڵنیاییەکەی لە بۆ دابینکردنی "خزمەتگوزارییەکە" تەنیا تا رادەیەکە. دەشێت ئەمە ئەو مانایە ببەخشێت کە هەندێك فەرمانبەری حکومەت، بە تایبەتی ئەوانەیان کە پلەکارێکی نزمیان هەیە، جاروبار، ئارەزوویان وایە کە داهاتێکی پترو بەڵێنو پارە بەدەست بێنن لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتو توانستی ئەواندان. ئەو خزمەتگوزارییەی کە لەسەری پێك دێن زۆرجار، کە ئەمە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، خاوەن کۆگاکان زیاتر بەدەستی دێنن لەچاو خاوەن کۆمپانیاکاندا (کارمەر ج = 0.203). خاوەن کۆگاکان زۆرجار پەیوەندییان لەگەڵ کارمەندانی ئاستی خوارەوەدایە یان ئەوانەی کە ئاستی دەسەڵاتیان کەمترە، لەبەر ئەوە تا رادەیەك ئەگەری بەدیهێنانی خزمەتەکەی کە پارەی بۆ دراوە زیاترە. لەلایەکی ترەوە خاوەن کۆمپانیاکان مامەڵە لەتەك کارمەندانی پلە بەرزتردا دەکەن چونکە دەسەڵاتی ئەو خزمەتەی هەوڵی بۆ دەدرێت لە ئاستێکی بەرزتردایە یاخود لە سنووری هەوڵی کارمەندی ئاستی خوارەوەدا نییە کە هەندێکجار ناتوانن ئەوەی دەیگرنە ئەستۆ جێبەجێی بکەن. هەر ئەمەشە هۆی ئەوەی کە ئەو "خزمەتە"ی لەسەری پێك دێن هەمیشە بەدی نایەت. ئەمە ئەو گریمانەیە دەسەلمێنێت کە کارمەندانی ئاستی خوارەوە جاروبار خزمەتێك دەفرۆشن کە لە سنووری دەسەڵاتیاندا نییە.

وێنەی 3 – 15

ئەگەر کارمەندێکی دەوڵەت گەندەڵ کرا، ئایا لە راستیدا خزمەتەکە بەدەست دێت؟



www.pertwk.com

خاوەن پرۆژە تایبەتەکان، لەسەر بنەمای ئەزموون، لەو بڕوایەدا نین کە لە چوارچێوەی ئەم ئامرازە بیروکراسییەدا کە هەیە بتوانن خۆیان لە گەندەڵی بپارێزن. بۆ ئەوەی خۆ لە "پارەدانی زیادەی ناچاری" بەدوور بگرن لە ڕێی هەوڵدان لەگەڵ کارمەندێکی حکومەتیی تردا یاخود لە ڕێی سەرووکارەکەیەوە بە تەواوی ڕەت کرایەوە لەلایەن 13.5٪ی خاوەن پرۆژە تایبەتەکانەوە. نزیکەی لە نیوە زیاتر (51.3٪) دەڵێن ئەم چالاکییە هەندێکجار یان زۆرکەم لەو پارەدانە زیادەیە دەیانپارێزێت. بە پێچەوانەوە 7.3٪ی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان بڕوایان وایە کە بەهۆی بینینی سەرووکاریان فەرمانبەرێکی دی هەمیشە دەشێت خۆیان لە بەرتیل و پارەپێدانی زیادە بەدوور بگرن، 14.4٪ پێیان وایە کە ئەمە "بەزۆری" یان "زۆرجار بەو جۆرەیە. بە گشتی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان دەڵێن بە شێوەیەکی بەرچاو لە فەرمانبەرە حکومەتییە گەندەڵەکان پارێزراو نابن لە ڕێی پەنابردنە بەر ئەوانەی سەروو خۆیان یان رووکردنە کارمەندێکی دی. ئاشکرایە کە دەستتێکەڵکردن هەیە لە خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتدا، هەندێکجار ئەوە بە ئاشکراو هەندێکجاریش ژێربەژێر یا نادیار.

ئەمە زانیارییەکی دی دەسەلمێنێت کە لە رووپێوەکەدا هەیە، ڕوونتر بڵێین، پتر لە نیوە (52.2٪) دەڵێن کە بۆ ئەو کارەی بۆیان دابین کراوە (هەمیشە یان تاکوتەرا) ڕاستەوخۆ داوای پارە، دیاری یان پیاوەتییەکی بەرامبەریان کردووە (بۆ نموونە زستانە گەشتێکی خۆڕایی). ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ داوا ناکەن، دواتر چاوەڕوانی ئەوەن قەرەبوویەکی "ڕەوا"یان بۆ بکرێتەوە لە بەرامبەر ئەو خزمەتانەی کە دابینیان کردووە. خاوەن پرۆژە تایبەتەکان لە پتر لە دوو پێنج یەکی حەڵەتەکاندا وتوویانە کە فەرمانبەرە حکومەتییەکان بە ئاشکرا ئەوەیان دەرخستووە کە بە هیوای پارەی دیاری یان خزمەتێکی بەرامبەرن پێشکەشیان بکرێت. لە هەمان کاتدا پتر لە سێیەکێك (37.6٪) ئامادەییان دەرخستووە بۆ بەرتیلوەرگرتن لە حاڵەتە تایبەتەکانداو تەنیا (11٪)یان بەهیوای وەرگرتنی بووە. لەبەر ئەوە بەرتیلکاری نەك هەر بووەتە دیاردەیەکی بڵاو، بەڵکو تا ڕادەیەك بووەتە ڕووداوێکی گشتی. ئەو خستنە ڕووە گشتییە بەهۆی کاریگەریی نەبوونی ترس لە دوایین سزادان و هەروەها نەبوونی ترس لە تاوانبارکردنی ئاکاری لەسەر ئاستی فراوانیی کۆمەڵگە. نەبوونی ترس لە سزادان لەو ڕاستییە سەرچاوە دەگرێت کە هەر تەنیا فەرمانبەرانی حکومەت بە تەواوی گەندەڵ نەبوون بەڵکو هەروەها دەسەڵاتە سیاسییەکانیش. بۆ پاراستنی خۆیان لە دوایین سزا، دەسەڵاتە سیاسییەکان ڕێکخستنە یاساییەکانی وڵاتیان لەناو بردووە، ئەم ڕاستییەش لەلایەن پێکهاتەکانی لای خوارەوە قۆزراوەتەوە. بە شێوەیەکی فراوان تاوانبارکردنی ئاکاری لەلایەن کۆمەڵگەوە بوونی نییە لەبەر ئەوەی کەسانێکی زۆر، گەر تەنانەت لەگەڵ دیاردەکەشدا نەبن، تاوانبارکردنەکە بەند دەکەن بە بارودۆخەکانەوە، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بۆ هەندێك کەس ئەوە تاکە ڕێگەی مانەوەیە و بۆ هەندێکی دی ڕێگەیەکە بۆ "ئەوەی وا لە هەندێك کار بکەن کە بکرێت". لە هەمان کاتدا گەندەڵی دەبێتە ڕێسایەکی تەواو بەربڵاوی هەڵسوکەوت بە تایبەتی لە نێوان دەوڵەت و

هاووڵاتییەکانیدا.

لە کۆتاییدا ئێمە دەگەینە ئەم پرسیارە سەرەکییە: خاوەن پرۆژە تایبەتەکان ساڵانە لە داهاتەکەیان چەندە بەرتیل بە فەرمانبەرانی حکومەت دەدەن؟ لە رێی ئەم پرسیارەوە، متمانەپێکراوترین زانیاریمان بەدەست گەیشت سەبارەت بەوەی چەند لەو خاوەن پرۆژانە دەبێت پارە بدەن بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە زیادەکان. تەنیا چواریەکێك (24.8٪) بەرتیل نادەن. پتر لە نیوە (5708٪) بەرتیل دەدەن و دەریشیان خستووە کە بە پێی داهاتەکەیان بڕی بەرتیلەکە چەندە. لە کاتێکدا بەشێکی گرنگ (17.4٪) نەیانتوانیوە ئەوە بڵێن. زۆرترین رێژەی دووبارەبوونەوەی ئەو "باجگرتنە" لە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان لەلایەن فەرمانبەرە حکومەتییەکانەوە لە 1٪ تا 10٪ دەبێت. لێرەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لە نێوان کۆمپانیاکان و کۆگاکاندا.

لەبەر ئەوەی خاوەن پرۆژە تایبەتەکانی ناوخۆ بە ناچاری نەبێت نایانەوێت باسی داهاتی گشتیی خۆیان بکەن، وەڵامەکانیان سەبارەت بە رێژەی ئەو بەرتیلەی دەیدەن بە بەراورد لەگەڵ سەرجەمی داهاتیاندا دەبێت بە تێڕامانێکی زۆرەوە وەربگیرێت. ئەوەی کە تا رادەیەك زانراوە ئەوەیە کە بڕی بەرتیلەکە بەندە بە جۆری چالاکییەکەوە، یاخود ئاستی سەرنجڕاکێشانی و مەودای ئەو کارە بازرگانییەی کە مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت.

وێنەی 3 – 16

رێژەی سەدیی سەرجەم ئەو داهاتەی کە بۆ بەرتیلکاری بەکاردێت



ئەزموونی مەیدانیی رووپێوکاران ئەوە دەردەخات کە زۆرجار پارە ئەم دەست و ئەو دەست دەکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی جێ دوکان و چێشتخانە هەروەها بۆ جۆرەها مۆڵەتی خانووکردن لە شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی شارە گەورەکاندا. لە هەمان ئاستدا بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان و پارەی گومرگ، بە تایبەتی هی ئەو شمەکانەی کە کەمتر دەهێنرێن. ئەو شتانەی کە رووپێو ناتوانێت پەی پێببات تاوانی رێکخراوە، یاخود لە دەرەوەهێنانی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان، جگەرە، خواردنەوە ئەلکهولییەکان.

ئەو پرسیارەی بەرەوڕووومان دەبێتەوەو ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین ئەوەیە کە چەند لە کاتی کارکردن و بەو هۆیەشەوە وزەی کارکردن و سەرچاوە لەدەست خاوەن پرۆژە تایبەتەکان دەچێت لە ڕێی بەرتیلدان بە کارمەندانی حکومەت یان هاوچەشنەکانیان. سێیەکێك (33.9٪) وتوویانە ئەوان کاتیان لەدەست ناچێت، یان هەروەك یەکێکیان وتوویەتی: "جیزدانی پارەکەت دەردێنیت و دەیدەتە دەست و هەموو شت لەوێدا کۆتایی دێت". لە هەمان کاتدا پێنج یەکێك (20.8٪) دەڵێن کە کەمتر لە 1٪ی کاتەکەیان دەبات. بەهەرحاڵ، نزیکەی چواریەکێك (23.8٪) دەڵێن بۆ بەرتیلدان بە فەرمانبەرانی حکومەت، یان بە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا گشتییەکان یان کۆمپانیاکانی دەوڵەت لە نێوان 1٪ تا 25٪ی کاتی خۆیان لەدەست دەچێت و 4.3٪ی تریش دەڵێن ڕێژەکە لەوە بەرزترە. بەشێکی تر (17.1٪) نەیانتوانیوە هەڵیسەنگێنن. پرسیارێك لە بەردەمدایەو ناتوانین خۆمانی لێ لادەین ئەمەیە: بۆچی هەندێك لە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان هێندە کات لەدەست دەدەن بۆ جێبەجێکردنی "پابەندییەکانیان" بەرامبەر بە فەرمانبەرە حکومەتییەکان؟ ئەو کاتە بۆیە لەدەست دەدەن چونکە، هەروەك خۆیان دەڵێن، هەوڵی ئەوە دەدەن خۆیان لە "پارەدانی زیادە" بەدوور بکەن یان هەر تەنیا ئەو کاتە پارە بدەن کە هیچ چارەیەکی تریان نەبێت.

وێنەی 3 – 17

ڕێژەی سەدیی ئەو کاتی کارکردنەی کە بەهۆی گەندەڵییەوە لەدەست خاوەن پرۆژە تایبەتەکان دەچێت



لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی ڕووپێوەکە کە خراونەتە بەرچاو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت گەندەڵی بە شێوەیەکی فراوان هەیەو تا ڕادەیەك بووەتە مەسەلەیەکی گشتی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بە بێ شەرم یان ترس هەوڵی پارە یان خزمەت دەدرێت و چاوەڕێی دەکرێت. پرسیاری دوای ئەوە بە پێی گرنگییەکەی ئەمەیە: کام لایەنانەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە هەموو زیاتر گەندەڵییان تێدایە؟ ئەنجامەکانی ئەم بەشی ڕووپێوەکە سەبارەت بە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان لە خشتەی (3 – 14)دا خراوەتە بەرچاو. مرۆڤ بە تەواوی دەتوانێت تێبینیی ئەوە بکات کە بەرتیل بە زۆری لەو دەزگایانەدا هەیە کە مامەڵە لەتەك بەدەستهێنانی شوێنی بینا یان دروستکردنی بینا بە شێوەی کاتی پاشان مۆڵەتەکانی لە دەرەوەهێنان و بۆ دەرەوەناردن، هەروەها بەدەستهێنانی بەڵێندەرایەتییە (کۆنتراکتە) حکومەتییەکان، پاشانیش بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەکانی تەلەفون و کارەبا. لە کۆتایی لیستەکەدا دەزگای باج و تۆمارکردنی کۆمپانیا و ڕەزامەندبوون لەسەر نرخی نوێ بۆ شت فرۆشتن هاتوون. ئەمە وا دەگەیەنێت کە گەندەڵی زۆرتر لەو خزمەتگوزارییانەدا هەیە کە ئەگەری داهاتیان بۆ خاوەن پرۆژە تایبەتەکان زۆرترە. مۆڵەتی بیناکردن دەشێت بەهایەکی گەورەی لە بازاڕدا هەبێت

www.pertwk.com

چونکە نرخی بینا لە ناوچەیەکی داخراوی ناوشاردا دەشێت چەند جارێك هێندەی نرخی تێچوونی دروستکردنی بینایەکی نوێ بێت – هەمان شت بەسەر مۆڵەتەکانی لە دەرەوەهێنان و ناردنەدەرەوەدا دەچەسپێت.

خشتەی 3 – 14

ئارەزووی کارمەندانی کەرتی گشتی بۆ بەرتیل، بەرتیل بۆ ئەمانە:

	هەمیشە	زۆرجار	هەندێکجار زۆرکەم	هەرگیز	نازانم	نیشاندەر	پلە
مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان	5.5	11.3	9.1	5.5	68.5	3.06	2
مۆڵەتی ناردنەدەرەوە	5.5	8.3	7	5.8	73.4	3.02	3
دۆکیومێنتی گومرگ	5.8	13.4	8.9	8	63.9	2.96	6
مامەڵەی پارەی بیانی و پشکنین	3.7	12.8	12	8.6	63	2.67	10
دەزگای باج	4	21.4	39.7	17.1	17.7	2.12	17
پۆلیسی دارایی	7	27.8	34.9	13.8	16.5	2.69	9
تۆمارکردنی کۆمپانیا	4	19.6	34.3	19.9	12.3	2.30	16
پشکنینی تەندروستی	4.9	22.3	37.6	13.1	22	2.52	14
پشکنینی پلاندانانی شارستان	4.3	22	32.8	12.2	28.7	2.59	12
تۆمارکردنی رێکەوتنی مامەڵەی بازرگانیی بیانی	2.8	9.8	10.7	7.6	69.1	2.58	13
شوێنی بینا بەدەستهێنان (وەرگرتن)	11.3	28.2	21.4	6.7	32.4	3.1	21
مۆڵەتی کارکردن	5.8	25.1	31.5	13.1	24.5	2.66	11
بەدەستهێنان (وەرگرتن)ی	11.9	30.9	26.8	11	19.6	2.97	5

تەلەفون و کارەبا							
بەڵێندەرایەتی (کۆنتراکتی) حکومەتی	8.3	11.3	12.3	7.3	60.9	2.98	4
بەڵێندەرایەتی حکومەتی ناوخۆیی	6.1	21.8	24.4	9.5	38.2	2.8	18
بەڵێندەرایەتی کۆمپانیای دەوڵەت	8.6	21.7	26	9.5	43.3	2.84	7
ڕەزامەندبوون لەسەر گۆڕینی نرخ	2.4	24.1	14.7	11.9	56.9	2.40	15

ئەو زانیارییانەی لای سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە هیچ تاکە دەسەڵاتێك لە بەرامبەر گەندەڵیدا پارێزراو نییە، بێگوێدانە ئەوەی کە بە چ جۆرێك خۆیان دەخەنە بەرچاو. هەروەك لە سەرەتاوە وتمان ئاستی گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا پابەند نییە بە ئاکاری کەسەکەوە بەڵکو بەو داهاتەوە کە دەشێت گەندەڵییەکە بەدیبهێنێت، هەروەها پەیوەندیی بە کارایی ئامرازە سزاییەکانەوە هەیە. ئەمە دەشێت لە ڕێی ئەو ڕاستییەوە بسەلمێنرێت کە مۆڵەتی بیناکردن لەلایەن حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەوسای سربیاوە لە حەقدە شاری زۆر گەورەدا دەردەکرا. بە پێی رووپێوەکە گەندەڵیی فەرمانبەرانی شارەوانی لەو شارانەدا هەروەك هی ئەو شارانە وابوو کە لەژێر دەسەڵاتی یەکگرتنی هێزە سۆشیالیستەکاندا بوو (کرامەر ج. < 0.115). ئاستی گەندەڵیی دەزگاکانی شارەوانی و خزمەتگوزاری، بێگوێدان بەوەی کام حیزبە لەسەر دەسەڵاتە بەرز بوو، بەڵام پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێت کە دەزگاکانی شارەوانی (فەرمانبەرە هەڵبژێراوەکانی ناو دەزگاکە) تا رادەیەك گەندەڵتر بوون (نیشاندەر 3.51).

لە کۆتایی لیستی گەندەڵیی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا ناوی دەزگای باج هاتووە. ئەمەش بەهۆی چەند فاکتەرێکەوەیە، بەر لە هەمووی ناڕێکوپێکی لە دانانی بنەمای باجدا. وردتر بڵێین، کۆمپانیا تایبەتەکان و خاوەن پرۆژە تایبەتەکان سەرکەوتوون لەوەدا کە بنەمای باجەکەیان تا ئەوپەڕی کەم بکەن لە ڕێی بەکارهێنانی چەندین میکانیزم و ئیتر پێویست بەوە ناکات کە دەزگای باج گەندەڵ بکرێت بۆ بەدیهێنانی کەمترین باج.

دووەم پلەی کەمیی گەندەڵی هی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و ڕەزامەندبوون لەسەر نرخی نوێی فرۆشتن بوو. سەبارەت بە حاڵەتی یەکەم، تۆمارکردنی کۆمپانیا بەهایەکی کەم بایەخی هەیە لە بازاڕی ناڕەسمیدا چونکە لە سربیا سەدان هەزار کۆمپانیای تۆمارکراو هەن کە کاریان وەستاوە. بە واتایەکی دی تۆمارکردنی کۆمپانیا هیچ سوودێکی نییە. حاڵەتی دووەمیش کە ڕەزامەندبوونە لەسەر نرخی نوێ بۆ فرۆشتن، بە هەمان شێوە کەم بایەخە لە بازاڕی ناڕەسمیدا لەبەر ئەوەی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان کەمجار لەو شوێنانەدا پرۆژەی بازرگانی ئەنجام دەدەن کە تیایدا دەوڵەت نرخ دادەنێت. گەر تەنیا دەزگای باج و تۆمارکردنی کۆمپانیاکان پێکەوە بخەینە روو ئەوا ڕێژەیەکی نزمی گەندەڵی پێکدێنن (نیشاندەر کەمتر لە 2.5)، ئەو خزمەتگوزارییانەی زۆرتر گەندەڵن (نیشاندە لە سەروو 3) شارەوانی و خزمەتگوزاریی شار بۆ دەرکردنی مۆڵەتی بیناکردن، هەروەها خزمەتگوزاریی گومرگ دەگرنە خۆ. نزیك بەمان لە پلەی گەندەڵیدا حکومەت و وەزارەتەکانێتی (بە تایبەتی وەزارەتی کاروباری بازرگانیی دەرەوە)، هەروەها کۆمپانیاکانی هێزی کارەبا و پەیوەندیی تەلەفۆنی. هەموو ئەوانی دی پلەی گەندەڵییان ناوەندە.

لەسەر بنەمای ئەو زانیاریيانەی رووپێوەکە دەریخستوون زۆر ئاشکرا دیارە کە گەندەڵی لە سربیا گەیشتۆتە گشت شوێنێك. زۆر وردتر بڵێین، بەرتیلکاری بووەتە حاڵەتێکی پێویست، بەڵام تەواو نا، تەنانەت لە گرتنە ئەستۆی بچوکترین کاردا. لە روانگەی فەرمانبەرانی حکومەتەوە، وەك گەندەڵترین بەشی کۆمەڵگە، بەرتیلکاری وەك دیاردەیەکی ئاسایی تەماشا دەکرێت یاخود هەروەك بە نووسەری ئەم بابەتە وترا، بووەتە باجێك کە دەوڵەت نەیتوانیوەو ناشتوانێت کۆی بکاتەوە. دەرەنجامی ئەو باج نەدانە مووچە کەمەکەیەتی کە لە بەرامبەر ئەو کارەی ئەنجامی دەدات وەریدەگرێت. ئەو راستییەی کە ئەم "باج"ە (پارەدانی جۆراوجۆر) لەلایەن ئەو کەسانەوە دەدرێت کە نەدەبوو بیاندایە، کێشەی ئەم نییە بەڵکو کێشەی دەوڵەتە. بە تایبەتی لەبەر ئەوەی هەر چالاکییەکی بازرگانی، هەروەك بەشێك لە فەرمانبەرانی حکومەت بۆی دەچن، چالاکییەکی گومانلێکراوە. گەندەڵی هێندە بڵاوبۆتەوە بووەتە سیستمێك و چووەتە ناو سیستمی کۆمەڵایەتی – ئابووری و هەروەها سیاسی لە سربیادا. ئەمە لە نێوان شتەکانی دیدا دەرەنجامەکانی رووپێو دیاریی کردووە. لەم رووەوە جیاوازیی ئامارگری سەبارەت بە جۆری کۆمپانیا تایبەتەکان، چالاکییەکانی و مەودای چالاکیی بازرگانی نییە.

جۆرە بنەڕەتییەکانی گەندەڵی:

سێ جۆر لە گەندەڵی کە سیمای کۆمەڵگەی سەردەمن، ئەمانەن: پارەیەکی زیادە بدرێت بە فەرمانبەری حکومەت لە بەرامبەر بەدیهێنانی مافێك کە بە پێی یاسا کەسێك یان بابەتەکارێك ئەو مافەی پێدراوە، پاشان بەرتیلکاری بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافێك کە بە پێی یاسا یان یاسا لاوەکییەکان ئەو کەسە ئەو مافەی نییە. دوایین جۆریان ئەو بەرتیلکارییەیە کە بۆ گونجاندنەوەی یاسایەك یان رێسایەکی یاسای لاوەکی (چەندین جۆر یاسای ناوخۆیی و رێساکان) تاوەکو لەگەڵ بەرژەوەندیی کەسە گەندەڵکارەکەدا بگونجێت. مەودای ئەم سێ جۆرە گەندەڵییەمان لە خشتەی (3 – 15)دا خستۆتە روو.

ئەو ئەنجامانەی خراونەتە روو ئەم راستییانە دەردەخەن: یەکەم، رێژەیەکی زۆر وەڵام بە "نازانم" دراوەتەوەو دووەم، ئەو جۆرە گەندەڵییەی کە زۆر باوە بەرتیلکارییە بۆ گەیشتن بە مافەکان. ئەو ئاستە بەرزەی وەڵامە ساغنەکەراوەکان دەرەنجامی ئەو راستییەیە کە خاوەن پرۆژەی تایبەت یاخود هاووڵاتیی ئاسایی بە شێوەیەکی کارا ناتوانن بە ئاسانی جیاوازی لە نێوان بەدیهێنانی ماف و یاساشکێنیدا بکەن. کێشەی دووەم ئەوەیە کە مەسەلەی راپرسییەکەیان پێخۆش نییە. ئەوان هەر هێندە بەتەنگەوە دێن بزانن ئاخۆ دەبێت پارەی زیادە بدەن بۆ خزمەتگوزارییەك یان نا. دوایین راستیش ئەوەیە کە تا رادەیەك لە رووی سایکۆلۆژییەوە ئەوەت لا ئاسانترە کە کردارەکەت لە ریسزی بەدیهێنانی مافدا دابنێیت نەك وەك یاساشکاندن.

خشتەی 3 – 15

جۆرەکانی گەندەڵی، بەرتیلکاری بۆ ...... (بە رێژەی سەدی)

	بەدیهێنانی مافەکان	یاسا شکاندن	یاسا گۆڕین	نازانم
مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان	24.8	20.2	4.6	50.5

www.pertwk.com

مۆڵەتی ناردنەدەرەوە	23.2	20.2	4	52.6
دۆکیومێنتی گومرگ	18	28.7	4.6	48.6
مامەڵە پارەی بیانیو پشکنین	16.5	29.4	6.7	47.4
دەرزگای باج	25.4	42.2	10.4	22
پۆلیسی دارایی	25.1	45.9	8.6	20
تۆمارکردنی کۆمپانیا	38.2	22.6	10.7	28.4
پشکنینی تەندروستی	29.1	35.8	9.2	26
پشکنینی پلاندانانی شارستان	29.7	31.8	9.5	29.1
تۆمارکردنی رێکەوتنی مامەڵەی بازرگانیی بیانی	21.1	22	5.5	51.4
شوێنی بینا بەدەستهێنان (وەرگرتن)	36.1	28.4	8	27.5
مۆڵەتی کارکردن	46.2	21.7	7	25.1
بەدەستهێنانی (وەرگرتنی) تەلەفۆنو کارەبا	52.9	17.7	4.9	24.5
بەدەستهێنانی بەڵێندەرایەتی (کۆنتراکتی)حکومەتی	27.2	16.8	7	48.9
بەدەستهێنانی بەڵێندەرایەتی حکومەتی ناوخۆیی	39.4	19	6.1	35.5
بەدەستهێنانی بەڵێندەرایەتی کۆمپانیای دەوڵەت	37.3	20.5	5.8	36.4
رەزامەندبوون لەسەر گۆڕینی نرخ	30.9	19.3	8	41.9

یەکەم جۆری گەندەڵی کە بەدیهێنانی مافێکە، دەرەنجامی ئەم راستییانەیە: ئامرازە بیرۆکراسییەکان لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا بەدیهێنانی مافەکان دوور دەخەنەوە یاخود لە رێی لێکدانەوەی ترەوە رێ لە کەسێك یان بابەتەکارێك دەگیرێت ئەو مافە بەدەست بێنێت. بەهۆی ئەوەوە بەکارهێنەری ئەم مافە ناچارە "پرۆسەکارەکە خێرا بکات" کە لەلایەن ئامرازە بیرۆکراسییەکانەوە بەربەستی بۆ دانراوە، ئەمەش لە رێی دابینکردنی پارەی زیادەوە. هەمان شت راستە هێندەی پەیوەندیی بە جۆرێتیی خزمەتگوزاریشەوە بێت. پارەی زیادە دان بۆ بەدیهێنانی مافەکان وا لەلایەن فەرمانبەرانی حکومەتەوە لێك دەدرێتەوە کە بیانوو بێت بۆ ئەوەی کە دەشێت لە هەندێك بارودۆخدا هەندێك پێکهاتەی پرۆسەکارەکە "پشتگوێ بخات". هەمان شت راستە سەبارەت بە بەدیهێنانی ماف "بە بێ دواخستن" ئەگەر بەرتیلێکی چاوەڕوانکراو یان سەپێنراو شتەکان نەگۆڕێت، ئەوا سیمای سەرەکیی ئەم بەرتیلە ئەوەیە کە فەرمانبەرە حکومەتییەکە یاسا ناشکێنێت بەڵکو بازی بەسەردا دەدات یاخود پلەکارەکەی

خۆی بە خراپی بەکار دێنێت. بەم شێوەیە مەترسیی لەسەر خۆی کەم دەکاتەوە. ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە بوونی ئەم جۆرە گەندەڵییە لە هەمووی بڵاوترە. بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە گەندەڵییە بەهۆی پەیوەندیی زوو زووی خاوەن پرۆژە تایبەتەکانە لەگەڵ فەرمانبەرە حکومەتییەکاندا لە هەوڵدانیاندا بۆ بەدیهێنانی مافەکان. بە پێی راگەیاندنی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان گەندەڵی لە پێناوی بەدیهێنانی مافەکاندا زۆرجار لە کاتی بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریی کارەباو تەلەفۆن، مۆڵەتی کارکردن، بەدەستهێنانی پەیوەندی لەتەك کۆمپانیای دەوڵەتدا، بەدەستهێنانی شوێنی بینا، رەزامەندبوون لەسەر نرخی نوێی فرۆشتن، مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان و بۆ دەرەوەناردن، هەروەها تۆمارکردنی کۆمپانیا.

دووەم جۆری گەندەڵی واتە شکاندنی رێساکان کە دەرەنجامی ئەم زنجیرە رووداوانەیە: فەرمانبەرێکی حکومەت بۆ ئەوەی بتوانێت لە رێی خزمەتگوزارییەکەوە پارە کۆ بکاتەوە، دان بە خۆیدا دەگرێت لە بەرامبەر ئەو مەعمیلەیدا کە رێساکان دەشکێنێت (جۆرەها بڕە پارەی سزای بەدکاری، شمەك لە گومرگ دەربازکردن...... تاد). لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتەدا جیاوازییەکی روون نییە لە نێوان گەندەڵی و تاواندا مەترسییەکەی بۆ هەردوولا، گەندەڵکارو گەندەڵکراو، زیاترە. بڕی مەترسییەکە، سەرەڕای بەهای مامەڵەکە کار دەکاتە سەر نرخی خزمەتگوزارییەکە. هەر لەبەر ئەوەش کە ئەم جۆرە گەندەڵییە مەترسیدارترە بۆیە تا رادەیەك بوونی کەمترە لەچاو ئەو گەندەڵییەی کە ئامانجی بەدیهێنانی مافەکانە. بە پێی راگەیاندنی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان رێساشکاندن، وەك جۆرێك لە گەندەڵی، لە هەمووی باوترە بۆ بەدەستهێنانی دۆکیومێنتی گومرگ، مامەڵەی پارەی بیانی، دەزگای باج، پۆلیسی دارایی پاشان بۆ پشکنینی تەندروستی و پلانی شارستانی و هەروەها تۆمارکردنی رێکەوتنی بازرگانیی بیانی.

سێیەم جۆری گەندەڵی، کاریگەریی خستنەسەر گۆڕینی یاساکانە، ئەمە لە رۆژئاوادا کراوەتە کارێکی یاسایی (رەوا) و ناونراوە (لۆبی) فشارکردن. ئەمە لێرە کەمتر گەشەی کردووە، هەر هیچ نەبێت هێندەی کە پەیوەندیی بە خاوەن پرۆژە تایبەتەکانەوە دەبێت کە زۆر پێدەچێت بەهۆی ئەوەوە بێت کە کاریگەریی کۆمەڵایەتییان تا رادەیەك کەمەو لە پلەوپایەیەکی وادا نین کە بەشداری لە دەرکردنی یاسا یا رێساکاندا بکەن. لەوانەیە هەندێك لە وەڵامەکانیان سەبارەت بەم لایەنە پێوەنانی (مبالغە) تیادا بێت بۆ راستیی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکەیان. لەلایەکی ترەوە پرۆژە تایبەتە گەورەکان کە پەیوەندیی زۆر نزیکیان لەتەك رژێمی پێشوودا بووە، زۆر پێدەچێت کە گەورەترین بەشی چالاکیی گەندەڵییەکەیان ئاراستەی کارمەندانی دەوڵەت یان سیاستەتمەداران کردبێت وەك هەوڵێك بۆ گۆڕینی یاساکان یاخود رێسای یاسا لاوەکییەکان.

سەرەنجام، بە پێی راگەیاندنی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان سیمای بنەڕەتیی گەندەڵی لە سربیادا بەدیهێنانی مافی بابەتەکانی کاروبارە. گەر بێت و بەراوردی ئەم هەڵوێستە بکەین لەگەڵ ئەنجامەکانی راپرسیی بیروبۆچوونی خەڵکیدا، ئەوە روون دەبێتەوە کە هاوڵاتییان و بابەتەکانی کاروبار بە زیادەوە "باجیان لێوەردەگیرێت" لەلایەن کارمەندانی دەوڵەتەوە. لەبەر ئەوەی دیسپلینی حکومەت لە کۆمەڵگەدا گەلێك لاوازەو باج کۆکردنەوە جیاوازیی هەیەو لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر دەگۆڕێت، هەمان شت راستە هێندەی پەیوەندیی بەم "باج"ەشەوە هەبێت لە راستیدا هەموو کەس ئەو باجە نادات تەنها ئەوانە نەبێت کە چاریان ناچارە. بڕەکەی بەندە بە ویست و ئارەزووی فەرمانبەرە حکومەتییەکەو پەیوەندیی خاوەن پرۆژەکە بە دەسەڵاتدارە سیاسییەکانەوەو چەندەش وریا و زۆرزانە. ئەم "باجە" زیادەیە یاخود بەرتیلە بووەتە رێگەیەکی پێویستی

ژیانو کاروبار ئەنجامدان. لە کۆتاییدا دەبێت بڵێین کە گەندەڵی زۆرکەم دەگاتە دادگا یاخود هەر ناگات. هەر بەهۆی ئەمەشەوەیە کە تاوانبارکردنە ئاکارییەکەی لەلایەن فراوانترین پێکهاتەی کۆمەڵگەوە زۆر کەمەو خۆ گەر هەشبێت ئەوا زۆر نەرمە.

گەشەکردنی گەندەڵی لە سربیا:

لە کۆتاییدا پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئاخۆ گەندەڵی لە سربیادا بەرەو زۆربوون یان کەمبوون دەچێت. ئاشکرایە کە رووپێوی لەم جۆرە لە رابردوودا ئەنجام نەدراوە، لەبەر ئەوە ئێمە هەوڵی ئەوەمان داوە لە رێی خاوەن پرۆژە تایبەتەکانەوە ئەوە ساغ بکەینەوە کە هەڵوێستی ئەمڕۆ لەو رووەوە چۆنە بە بەراورد لەتەك سێ ساڵ لەمەوبەردا. ئەو ئەنجامانە بایەخێکی کەمیان هەیە، بەڵام هیچ رێگەیەکی ترمان لە بەردەستدا نییە. لە خشتەی (3 – 16)دا هەڵسەنگاندنی خاوەن پرۆژە تایبەتەکانمان خستۆتە روو سەبارەت بە بارودۆخی گەندەڵیی خزمەتگوزارە گشتییەکان لە ئێستاو لە سێ ساڵ لەمەوبەردا.

خشتەی 3 – 16

گەندەڵی لە سێ ساڵ لەمەوبەرو لە ئێستادا. هەڵوێستەکە چۆنە؟

	باشترە	وەك خۆیەتی	خراپترە	نازانم
مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان	8.9	19	3.1	69.1
مۆڵەتی ناردنەدەرەوە	10.7	20.5	3.4	65.4
دۆکیومێنتی گومرگ	9.8	23.2	4	63
مامەڵە پارەی بیانیو پشکنین	8.9	25.7	4	61.5
دەرزگای باج	15	57	7.3	19.9
پۆلیسی دارایی	15.9	55	7.3	21.7
تۆمارکردنی کۆمپانیا	16.8	49.2	4	30
پشکنینی تەندروستی	12.8	58.1	3.4	25.7
پشکنینی پلاندانانی شارستان	11.6	52.9	3.9	32.1
تۆماركردنی رێکەوتنی مامەڵەی بازرگانیی بیانی	10.4	23.2	1.8	64.5
شوێنی بینا بەدەستهێنان (وەرگرتن)	14.1	45	5.5	35.5
مۆڵەتی کارکردن	17.1	45	5.2	32.7
بەدەستهێنانی (وەرگرتنی) تەلەفۆنو کارەبا	11.9	53.5	10.7	23.9
بەدەستهێنانی بەڵێندەرایەتی	9.8	29.7	2.4	58.1

(کۆنتراکتی)حکومەتی				
بەدەستهێنانی بەڵێندەرایەتی حکومەتی ناوخۆیی	17.1	40.7	4.9	37.3
بەدەستهێنانی بەڵێندەرایەتی کۆمپانیای دەوڵەت	11.3	45.6	7.3	35.8
رەزامەندبوون لەسەر گۆڕینی نرخ	13.1	41.3	4.6	41

بەرلەوەی ئەنجامەکانی رووپێوەکە بخەینە روو، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان لەو بوارانەدا گەندەڵی هەڵدەسنگێنن کە خۆیان مامەڵەیان لەتەکدا دەکەن. بۆ نموونە، نزیکەی 70٪یان لەوانە نین کە لە دەرەوە شمەك دێنن لەبەر ئەوە سەبارەت بە گەندەڵی لە بازرگانیی دەرەوەدا وەڵامەکەیان بە "نازانم"ە. لەلایەکی ترەوە هەریەکێك لەوان بە تەنیا خۆی ناشێت لە هەموو ئەو بوارانەدا ئەزموونی هەبێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە بە رادەیەکی بەرچاو ژمارەی "نازانم" لە ستوونەکەدا زۆرە. ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەوان ئەو بوارانە هەڵناسەنگێنن بێ ئەوەی ئەزموونی خودییان نەبێت یان زۆر کەم بێت. ئەم راستییە ئەو گریمانەیەمان دەسەلمێنێت کە سەبارەت بە جۆرێتیی زۆرباشی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بوو.

هاوکات، ئەو زانیارییانەی پێشکەش کراون ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە هەڵسەنگاندنی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان ئەوەیە کە لە سربیا هەندێك کەمبوونەوە لە گەندەڵیدا هەیە. بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەیەکی زۆرتر، دوو تا چوار هێندە بە پێی بوارەکان، هەن کە بڕوایان وایە بارودۆخ سەبارەت بە گەندەڵیی ئێستا باشترە لە سێ ساڵ لەمەوبەر. ئەمەش دەشێت دوو مانا ببەخشێت: یەکەم، خاوەن پرۆژە تایبەتەکان، وەك لایەنێکی پەیوەندار چاوەڕوانی ئەوە لە دەسەڵاتدارانی نوێ دەکەن کە گەندەڵی کەم بکەنەوە، هەر بۆیەش تا رادەیەك بەو جۆرە وەڵامەکانیان دەردەبڕن. دووەمیش ئەوەیە کە لەتەك گۆڕانە سیاسییەکانی ساڵی 2000دا، پێدەچێت گەندەڵی لە سربیا کەم بووبێتەوە.

کاری بازرگانی، گەندەڵی و ژینگە (دەوروبەری) کار:

ژینگەی کار وەك بڕی گشت ئەو هۆکارانە پێناسە کراوە کە کاریگەرییان لەسەر چالاکیی کۆمپانیاکان لەسەر ئەو بڕیارانە هەیە کە خاوەن پرۆژەکان دەریدەکەن.

خشتەی 3 – 17

فاکتەرەکانی چالاکیی سەرکەوتووانەی کارە بازرگانییەکان

	بێ کێشە	کێشەی ...	کێشەی ...	کێشەی ...	نازانم	نیشاندەر (1 – 5)	پلە
پارە دابینکردن	5.2	13.5	30.3	47.1	3.9	4.05	4
تەلەفۆن، کارەبا، رێگەوبان	17.	32.	30.	18.	1.5	3.14	13

	1	1	9	3			
باج و ڕەسم	3.7	10.1	28.4	56	1.8	4.31	1
سیاسەتی ئابووری	3.2.4	11.6	25.4	52.3	8.3	4.24	2
هەڵاوسان	15.3	15	19.3	48	2.4	3.78	7
نرخی گۆڕینەوەی پارە	22.3	16.5	20.8	37.3	3.1	3.44	11
کارکردنی دادگا	15.3	22.3	22.6	27.2	12.5	3.38	12
گەندەڵی	4.3	12.2	22.6	53.5	7.3	4.19	3
تاوان و ئاژاوەی ناوشار	16.8	16.8	17.1	39.1	10.1	3.59	10
تاوانی ڕێکخراوو مافیا	15.3	12.8	17.1	40.7	14.1	3.71	9
چالاکیی بواری پارە لەلایەن کۆمپانیاکانی دەوڵەتەوە	9.5	11.6	25.7	43.4	9.8	3.93	5
چالاکیی بواری پارە لەلایەن کۆمپانیا تایبەتەکانەوە	10.4	15.6	23.5	39.8	10.7	3.80	6
ژمارەیەکی زۆر لە خزمەتگوزاریی پشکنین	10.4	19.6	27.2	40.1	2.8	3.75	8

لە خشتەی (3 – 17)دا ئێمە هەڵسەنگاندنی خاوەن پرۆژە تایبەتەکانمان خستە ڕوو کە چۆن فاکتەرەکان هەر لە سیاسەتی ئابوورییەوە تا جۆرێتیی پێکهاتە خانەییەکە کار دەکەنە سەر پراکتیزەکردنی کاری بازرگانی یاخود جۆرێتیی ئەو پراکتیزەکردنە.

ئەنجامەکانی ڕووپێو بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدەن کە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان ئەم شتانە وەك بەربەستێك تەماشا دەکەن کە لە ڕێی گەشەکردنی چالاکیی کارە بازرگانییەکاندان: بەر لە هەموو شتێك بڕی باج و ڕەسم پاشان توخمە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئابووری، گەندەڵیی بەردەوام و نەبوونی پارە دابینکردن. بە پێچەوانەوە بچوکترین کێشە، هەرچەندە نیشاندەرێکی بەرزیشی هەیە، لە ناسەقامگیریی نرخی گۆڕینەوەی پارەی ناوخۆدا دەبینرێت، هەروەها وەگەڕخستنی دادگاو پێکهاتە ژێرخانەییەکان (تەلەفۆن، کارەبا، ڕێگەوبان).

لە هەمان کاتدا پێویستە تێبینیی ئەوە بکەین کە نیشاندەرەکان بۆ گشت فاکتەرە سەرنجلێدراوەکانی چالاکیی کاری بازرگانی بەهایەکی گەلێك بەرزیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە سەرنج لە گرنگترینەکان بدەین. سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە ڕێژەی باجی پرۆژە تایبەتەکان (بە تایبەتی دوکان) زۆر بەرز نییە، بەڵام ڕەسمی ترو پارەی ناڕاستەوخۆ کە هەندێکجار بە گران دەتوانرێت دیاری بکرێن، گەلێك زۆرەو نایەکسانە. باج و ڕەسمی تر پێکەوە، کە لە بنەڕەتدا تاکە شتێکن جێی بایەخی خاوەن پرۆژە بن چونکە مووچەی کارمەندان پتر

www.pertwk.com

لە 120٪ دەبێت. لەبەر ئەوە، ئەوان ناچارن کە بەشێك لەو مووچەیە بە شێوەیەکی نایاسایی بدەن. پێشتر ئەوەمان زانی کە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان ئەوەیان راگەیاندووە کە گەندەڵی لە دەزگای باجدا کەمترینە، ئێستاش دەبینین کە سیاسەتی باج لە پلەی یەکەمدایە (بەهۆی نەگونجان و رێژەی بەرزیی سوودی باجی نەدراوەوە) وەك فاکتەرێك کە گەشەکردنی پرۆژەی تایبەت کز دەکات.

سیاسەتی ئابووری، وەك نموونەی دووەم، ئەوە نیشان دەدات کە دیدی خاوەن پرۆژەکان نیشاندەرێکی تەواوە. ئاشکرایە کە دەسەڵاتدارە سیاسییەکان بۆ پتر لە دە ساڵ راڕابوون لە نێوان ئابووریی بازاڕ و ئەو ئابوورییەدا بۆ بازاڕ بەپلان کراوە. بەهۆی ئەم ناسەقامگیرییەوە، کە پەیوەندیی بەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمەوە نییە، لێرە دەستتێوەردانێکی گەورە هەیە لەلایەن حکومەتەوە کە هێشتا هەر بەردەوامە هەرچەندە پشتگیریی لە ئابووریی بازاڕ ئاشکرا کردووە. بەهۆی ئەمەوە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان سیاسەتی ئابووری بە فاکتەرێکی زۆر رێگر دادەنێن لە بەردەم چالاکیی کاری بازرگانیدا. بە واتایەکی دی دەستتێوەردانی گەورە و فراوانی دەوڵەت بووەتە فاکتەرێك بۆ کەمبوونی پەرەسەندنی پرۆژە تایبەتەکان.

سێیەم، باری پێکهاتە ژێرخانەییەکە گەلێك خراپە: تۆڕی رێگەوبان تێکچووە، لە زستاندا بەردەوام کارەبا کەمبوونەوە بووەتە شتێکی ئاسایی. خزمەتگوزاریی تەلەفۆنی ئاسایی ئەرکێکی زۆری بەسەرەوەیە، هەروەها تەلەفۆنی مۆبایل مسۆگەر نییە و نرخی ئەو ئاستە خزمەتگوزارییانەی دابینی دەکات گەلێك گرانە. سەرەڕای ئەو راستییانەی لای سەرەوە کە سەبارەت بە ناتەواویی خزمەتگوزارییەکان پێیان وایە کە هەرچەندە کەمترین فاکتەرە بەڵام گرنگترینیانە لە کەمکردنەوەی چالاکیی کاری بازرگانیدا و بەهۆی ئەوەشەوە کەمبوونەوەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی. بەراوردکردنی بایەخی ئەم فاکتەرە و کاریگەرێتییەکەی لەسەر چالاکیی بازرگانی لەگەڵ گرنگیی سیاسەتی باج یاخود سیاسەتی ئابووریی جیهانیدا یان لەگەڵ ئەگەری پارە دابینکردندا (فراوانکردنی چالاکییەکان یان جۆرێتی)، خاوەن پرۆژە تایبەتەکان بە روونی بریاریان لێداوە و لەم رێیەشەوە دەیانەوێت بڵێن: جۆرێتیی پێکهاتە ژێرخانەیی، سیستمی دادگا، پارەیەکی سەقامگیر، ئەمانە گشت گرنگن، بەڵام بۆ پێشکەوتنی ئابووری لە پێش بوون بۆ سیاسەتێکی میانڕەوی حکومەتی و رێڕەوێکی ئاشکرای بازاڕ سەبارەت بە سیاسەتی ئابووری لەگەڵ گشت توخمە پەیوەستەکانیدا و دەزگایەکی گشتیی خاوێنی بێ گەندەڵی، هەروەها لابردنی قۆرخکردن لەلایەن کۆمپانیاکانی دەوڵەت، گشتی بن یان تایبەت.

سەرەنجام:

گەندەڵی بە هێندەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کۆنە. بە هاوتەریبی لەتەك گەورەبوونی هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گەشەسەندنی بیروکراسی و دەستتێوەردانی دەوڵەت لە مامەڵەکانی بازاڕدا گەشەی کردووە. لە هۆ سەرەکییەکانی گەندەڵی لە کۆمەڵگەی سربیادا: نەبوونی حوکمی یاسا، تێکئالۆزیی بەها کۆمەڵایەتییەکان، بوونی دەستتێوەردانی تەواوی دەوڵەت و کەمیی داهاتی کارمەندانی دەوڵەت. نەبوونی حوکمی یاسا ریشەیەکی کۆنتری هەیە، لە کاتێکدا کە تێکالۆزیی بەها کۆمەڵایەتییەکان یاخود قەیرانی ئاکاری و هەژاری دیاردەی نوێن. کاتێك کە دەڵێین نەبوونی حوکمی یاسا مەبەستمان نەبوونی کۆنترۆڵە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە و کارنەکردنی دەزگاکانی سیستمەکە و ئاستێکی نزمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بە گشتی.

یەکێك لە مەرجەکانی گەشەکردنی گەندەڵی جۆرێتی و کارایەتیی ئەو چالاکییانەیە کە هی خزمەتگوزارییە

گشتییەکانە. ئەنجامەکانی رووپێو ئەوە دەردەخەن کە جۆرێتیی کاری ئەو خزمەتگوزارییانە وەك پێویست نەبووە لە بەرامبەر پێویستییەکانی خاوەن پرۆژە تایبەتەکاندا. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نێگەتیڤانە ئەو کارە هەڵسەنگێنراوە وەك: تا رادەیەك لاواز، لاواز، زۆر لاواز.

بە پێی ئەزموونی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان بەربڵاوترین جۆری گەندەڵی لە بەدەستهێنانی شوێنی بینادایە، پاشان لە کاتی بەدەستهێنانی مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان و ناردنەدەرەوەداو بە دەستهێنانی بەڵێندەرایەتی (کۆنتراکتی) حکومەتی و بەدەستهێنانی خزمەتەکانی تەلەفۆن و هێزی کارەبادا. بە پێچەوانەوە کەمترین بەرتیلکاری لە بوارەکانی دەزگای باج و تۆمارکردنی کۆمپانیا و رەزامەندبوون لەسەر نرخی هوێ بۆ فرۆشتن.

لەو سێ جۆرەی گەندەڵی کە بەدیهێنانی مافەکان و شکاندنی رێسا یا یاسا لاوەکییەکان و کاریگەریی خستنەسەر گۆڕینی یاسا یان بڕیاری یاسا لاوەکییەکانە، لەوانە لە هەموویان بلاوتر لە سربیا بەدیهێنانی مافەکانە. لە هەمان کاتدا کاریگەریی خستنەسەر گۆڕینی یاسا و بڕیاری یاسا لاوەکییەکان نرخێکی کەمی هەیە لە بازاڕی نارەسمیی خزمەتگوزارییەکاندا، چونکە کاسبکارە بچوکەکان لە سربیا بواری ئەوەیان نییە توخنی دەسەڵاتی یاسایی حکومەت بکەون.

پشتگیریکردنی دەسەڵاتی دادوەری لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاریگەریی لەسەر ئەو راستییە بووە کە گەلێك جۆری بەرتیلکاری و گەندەڵی بە بێ سزادان مانەوە. بەهۆی ئەوەشەوە گەندەڵی فراوان بوو بە جۆرێك بووە بەشێکی تەواوکەری کارە بازرگانییەکان، یاخود چووەتە ناو گشت کەلێنەکانی کۆمەڵگەوەو تا رادەیەك بووەتە چالاکییەکی ئاشکرای خەڵکی. لەلایەك هەژاری و قەیرانە ئاکارییەکان و لەلایەکی تریشەوە سەرقاڵیی زۆربەی دانیشتوان بە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانەوە رێیان لەوە گرت کە هاوولاتییان بە فراوانی ئەم دیاردە کۆمەلایەتییە سەرگۆنە بکەن.

لە هەمان کاتدا، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان وەك هاوولاتییانی تری سربیا چاوەڕێی ئەوە دەکەن لەو دەسەڵاتدارانەی بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردراون کە ئاست و مەودای گەندەڵی لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا کەم بکەنەوە. ئەوان هەروەها راستەوخۆ ئەوەیان راگەیاندووە کە ئێستا گەندەڵی تا رادەیەك کەمترە، بۆ نموونە، لە سێ ساڵ لەمەوبەر.

پاشکۆ:

خشتەی (1 – A)

تێبینیکردنی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە هەندێك بوارو دامەزراوەکاندا (بە ٪)

	1	2	3	4	5	نازانم	تێکرایی	پلە
سەرۆکی یۆگۆسلاڤیا و ستافەکەی	30	18	12	7	13	20	2.42	19
سەرۆکی سربیا و ستافەکەی	6	10	18	17	29	20	3.65	– 67
کۆمەڵەی نیشتمانیی یۆگۆسلاڤیا	8	20	23	14	13	22	3.05	15

www.pertwk.com

کۆمەڵەی نیشتمانیی سربیا	9	19	22	15	13	22	3.07	13
حکومەتی فیدراڵ	10	19	22	13	15	21	3.06	14
حکومەتی کۆمار (ناوخۆ)	10	18	21	14	16	21	3.09	12
وەزارەتی ئابووری	5	9	22	20	19	25	3.52	– 8 9
سوپا	18	23	22	13	11	13	2.73	17
خزمەتگوزاریی گومرگ	1	3	11	23	52	10	4.35	1
دەزگای باج	1	4	16	27	40	11	4.1	22
دادگاکان	2	6	15	27	41	10	4.11	3
پۆلیس	2	6	16	26	41	9	4.06	4
کۆمپانیای پۆستەو پەیوەندیی تەلەفۆن	4	11	27	23	20	16	3.52	– 8 9
کۆمپانیای وزەی کارەبا	3	9	25	23	24	16	3.65	– 6 7
ئاژانسی بەتایبەتکردن	2	7	17	17	26	31	3.85	5
خزمەتگوزاریی تۆمارگریی کۆمەڵایەتی	4	12	22	17	14	31	3.35	11
ژووری بازرگانی	3	10	19	19	15	33	3.49	10
بانگی نیشتمانی	13	16	20	13	15	24	3.03	16
نووسینگەی ئامار	15	17	17	6	7	37	2.58	18

[لە "گەندەڵی بە هیچ جۆرێك نییە" (1) تا "زۆر بڵاوە" (5)].

خشتەی (A – 2)

تا چ رادەیەك ئەم پیشانە لەنێو گەندەڵیدان (بە ٪)

پیشە	1	2	3	4	9	تێکرایی
بەرێوەبەرانی کۆمپانیا گشتییەکان (دەوڵەت)	3	4	1	3	5	– 3

www.pertwk.com

	2	5	6			11
مامۆستایان	5	2 0	5 7	1 2	6	– 2 20
پرۆفیسۆرانی زانکۆ	7	2 7	4 6	7 1	4	– 2 40
کارمەندانی وەزارەتەکانی کۆمار	1 3	3 2	4 0	4	1 1	– 2 62
کارمەندانی دەزگاکانی شار	1 3	3 3	4 3	3	8	– 2 61
دادوەران	1 7	4 3	3 0	5	6	– 2 76
پارێزەران	2 2	3 8	2 8	5	6	– 2 82
پۆلیس	2 3	3 9	2 7	5	5	– 2 85
فەرمانبەرانی گومرگ	4 0	3 5	1 4	6	6	– 3 17
سەرکردایەتیی دەوڵەت (سەرۆك، وەزیرەکان ...تاد)	1 8	2 4	3 2	1 3	1 3	– 2 55
پزیشکەکان	2 1	4 0	3 0	6	3	– 2 78
خاوەن پرۆژە تایبەتەکان و کاسبکاران	2 3	3 6	2 6	6	8	– 2 84
فەرمانبەرانی بانك	1 0	2 8	4 5	7	1 0	– 2 47
کارمەندانی (پشکنەرانی) شارەوانی	2 4	3 3	3 3	4	6	– 2 81
فرۆشیارانی ئەو کۆگایانەی شمەکی ناوازەیان هەیە	2 5	3 5	2 7	5	7	– 2 86
سەرکردەکانی حیزبە سیاسییەکان	1 5	2 7	3 6	6	1 5	– 2 61
فەرمانبەرانی حیزب، تێکۆشەرە سیاسییەکانی ناوخۆ	1 4	2 8	3 6	7	1 5	– 2 58
فەرمانبەرانی کۆمپانیا گشتییەکان (کارەبا، پۆست، گەرمکردنەوە)	1 2	2 8	4 1	7	1 2	– 2 50
ڕۆژنامەنووسان	1 0	2 0	3 9	1 3	1 8	– 2 31

ڕوونکردنەوە: (1) نزیکەی گشتیانی تێدان.   (2) زۆربەی تێدان.

www.pertwk.com

(3) تەنیا هەندێکیانی تێدان. 4) نزیکەی هیچ کەسی تێدا نییە. 9) نازانم/ وەڵام نییە.

تێبینی: تێکڕایی نمرەی بڵاوبوونەوە بە پێچەوانەوە هەژمارکراوە لە 1 (کەمترین گەندەڵبوون) تا 4 (زۆرترین گەندەڵبوون)، کەواتە زۆرترین تێکڕایی بە زۆرترین گەندەڵی هەڵسەنگێنراوە.

خشتەی (A – 3)

کێ هەوڵی داوە بەرتیل لە هاووڵاتی وەربگرێت؟ (بە ٪)

	بەڵێ	نەخێر	تووشی ئەو هەڵوێستە نەبووم	نازانم
پزیشکان و ستافی تەندروستی	26	29	43	2
مامۆستایان	5	36	56	2
پرۆفیسۆرانی زانکۆ	4	23	71	2
کارمەندانی شارەوانی	12	33	52	2
کارمەندانی کۆمپانیای سوودی گشتی	9	33	56	2
دادوەران و فەرمانبەرانی دادگا	9	22	67	2
فەرمانبەرانی گومرگ	17	15	64	3
پۆلیس	19	22	55	3
نوێنەرانی کۆمەڵەی نیشتمانی/ سەرکردەکانی حیزب	1	15	75	10
کارمەندانی وەزارەت	3	16	78	3
باجگران یان پشکنەران	11	22	64	3
فەرمانبەرانی بانك	4	32	61	3
فرۆشیاران	16	37	44	4
خاوەن پرۆژە تایبەتەکان	1	22	85	73
تێکۆشەرانی ئەو حیزبە سیاسییانەی کە لە دەسەڵاتدان لە شارەوانییەکەمدا	4	24	69	3
کەسانی دی				

دەرخستنی گەندەڵی

گەندەڵی لە دادگادا:

پێشەکی

پێناسەی گونجاوو بابەتەکانی گەندەڵی:

گشتیترین چەمکی گەندەڵی لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا ئەوەیە کە لە جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا یا لە فرمانو کاروباردا ئەو شتە بکرێت کە رێگەی پێنەدراوە (نەدەبوو بکرایە، چاوەڕوان نەدەکرا)، یاخود نەکردنی ئەو شتەی کە ئەرکی سەرشانە (دەبوو بکرایە، چاوەڕوان دەکرا) لە بەرامبەر چاکەیەکی بەرامبەردا کە بە پارە بێت یان داواکردنی سوودی تر. کاتێك گۆشەنیگا لەسەر دادگا بێت ئەو وشانە زۆر گونجاون. گەر لایەنی رەسمیی جێبەجێکردنی ئەرکێکی دادگاوە بەرچاو بگرین، دەبینین گەندەڵی دەشێت ببێتە هۆی زۆربەی حاڵەتەکانی دەرکردنی بڕیارە جۆراوجۆرەکانی دادگا، جا ئەو بڕیارانە نادروست (ناڕەوا) بن یان دروست، بە جۆرێك کە ئامانجی گەندەڵی بەخێراکردن یا مسۆگەرکردنی دەرکردنێتیو هەروەها لابردنی هەڕەشەی پەسەندنەکردنی بڕیارەکە، یا خود لابردنی مەترسی لەوەی کە بڕیارێکی نادروست بدرێت. هەروەها دەرنەکردنی بڕیارێك کە دەبوایە دەرکرایە هەمان مەبەستی هەیە. بەهەرحاڵ، دەشێت گەندەڵی چالاکییەکی نادروست یا نەکردنی چالاکییەك کە پەیوەندیی بە مەسەلەی ترەوە هەیە (بۆ نموونە داوا دادوەرییەکان) بکاتە ئامانجی (دەرەنجامی) خۆی، یاخود شتێك کە کاریگەریی لەسەر ناوەرۆکی بڕیاری دادگا دەبێت (بۆ نموونە گەندەڵیی شارەزایانی دادگا یان شایەتەکان)، یاخود چالاکییەکی رەسمیی تر کە کاریگەریی لەسەر بەدیهێنانی ئەو مافانە هەیە کە بوونیان نییە یاخود بەدەستنەهاتنی ئەو مافانەی کە هەن (بۆ نموونە، دەرکردنی قەواڵەی نادروست بۆ بەخاوەنکردنی زەوی، یاخود دۆکیومێنتێکی گشتیی تر، راستاندنی دۆکیومێنتی ساختە، شتی دی لەو جۆرە).

گەر مرۆڤ ئەوە لە بەرچاو بگرێت، گەندەڵی لە دادگادا دەشێت ئەم بەشدارانە (بابەتانە)ی تیابێت:

* دادوەران، پیشەوەران یان (زۆرکەم) دادوەرانی دەستەی سوێندخۆرانو دەزگاکانی دادگا (سەرۆکی دادگاکان یان بەشەکانی دادگا) کە لە بڕیارەکانی دادگادا بەشداری دەکەن (لەژێر کاریگەریی گەندەڵیدا) ناڕاستەوخۆ لە رێی کاریگەریی خستنەسەر دادوەرێك یاخود لە رێی هەندێك چالاکیی ترەوە (بۆ نموونە سپاردنی دادوەرییەك بە دادوەرێکی "شیاو" یان سەندنەوەی لە دادوەرێکی "نەشیاو")، یاخود راستەوخۆ بۆ نموونە لە رێی دەرکردنی بڕیارێك کە کاریگەریی بۆ کاتی پێشووتر هەبێت. بێگومان دەشێت کە باس لە گەندەڵیی نێو دادگا بکرێت.
* داواکاریی گشتی، وەك ئامرازێك بۆ حوکمدانی تاوانباران. راستەوخۆش بەهۆی ئەو رەها (پێویستەی) دەسەڵات (بڕیاردان لەسەر تاوانبارکردنی کەسێك، یان لابردنی تاوان خستنەپاڵ، بۆ نموونە بەهۆی خەملاندنی مەترسییە کۆمەڵایەتییەکەی بڕیارێکەوە یان بەهۆی تواناوە، ...تاد).
* پارێزەران، ناڕاستەوخۆ (کاریگەری دەخەنە سەر دادگا)، یان راستەوخۆ (بۆ نموونە لە رێی بەکارهێنانی مافە رێکارییەکانیانەوە).
* شارەزایانی دادگا لە جێبەجێکردنی یاسادا، چ یاسای تاوانباران یان یاسای مەدەنی (سیڤیل) بێت، لە

یاسای یۆگۆسلاڤیادا رۆڵێکی یەکجار نائاساییان هەیەو زۆرجار ئەنجامی کارە یاساییەکان پشت بە روانگەو بۆچوونی ئەمان دەبەستێت.

* کارمەندانی دادگا (فەرمانبەری جێبەجێکەر، نووسەران، فەرمانبەرانی ئارشیفی دادگا، بانگەوازکاران‌و هیدی لەم جۆرە) کە لە رێی کاری نایاسایی یان نەکردنی کاری یاساییەوە دەتوانن کاریگەری بخەنە سەر دەرەنجامەکانی کارە یاساییەکانی دادگا یان بەدیهێنان (یان نەهێنانی) هەندێك ماف.

* لێکدەرەوەو وەرگێرەکان کە دەتوانن بە ئانقەست لە رێی بە هەڵەگەیاندن یا وەرگێران‌و لێکدانەوەی دەربرینەکانی بەشدارانەوە یاخود لە رێی بە هەڵە گەیاندنی دەربرینی کەسانی دی بۆ بەشداران، کاریگەری بخەنە سەر بڕیارەکانی دادگا.

بەشێکی گەورەی دیاردەی گەندەڵی لە دادگادا، ناڕاستەوخۆ، بریتییە لە گەندەڵبوونی شایەتەکان.

دەرەنجامەکانی گەندەڵی:

گەر کاری دادگا وەبەرچاوگرین، ئەوە روون دەبێتەوە کە ئێمە مامەڵە لەتەك شێوەیەکی یەکجار ترسناکی گەندەڵیدا دەکەین. پەیامی دادگا، وەك بە گشتی دەوترێت، ئەوەیە کە بنەمای دەستووری‌و یاسایی بەدی بهێنێت‌و پارێزگاری لە ماف‌و بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسان بکات. گەر تێڕوانینی هاووڵاتییان بەرامبەر بە دادگا وابێت کە ئامرازێکە بە یاسایی کار ناکات‌و کاریگەریی دەخرێتە سەر ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی لاوازبوونی پابەندبوون بە یاساو ئاکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە. دادگای گەندەڵ نەك هەر تەنیا هوشیاریی یاسایی‌و بڕوابوون بە یاسا دەفەوتێنێت‌و ئەو بیرۆکەیەش کەم دەکاتەوە کە دەبێت رەفتار لە سنووری یاسادا بێت بەڵکو زۆربوونی گەندەڵی لە بوارەکانی دیکەشدا دروست دەکات.

لەگەڵ گەندەڵیی دادگا، بەدەر لە یەك حاڵەت کە مەرجی خۆی هەیە، ئامانجەکە (وەك شتێکی بابەتی تێبینی دەکرێت، نەك هاندەری سایکۆلۆژیی تاکەکەسێك) کە دەبێت بەدەست بێت لە رێی گەندەڵییەکەوە لە دەرەوەی دادگادایەو دادگا تەنیا میانگرێکە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەدا.

ئەو حاڵەتە بەدەرەی کە تیایدا ئامانجی گەندەڵییەکە لەناو چوارچێوەی خودی دادگادا بەدەست دێت ئەو گەندەڵییەیە کە ئامانجە بەدوورگرتنە (کەمکردنەوە) لە تاوان یان سزایەکی دی. رووداوێکی ژیان، شکاندنی یاساکان روو دەدات، کە لەوێشەوە زنجیرەی گەندەڵی دەست پێدەکات. ئامانجەکە نەهێشتنی کاری ئاسایی دادگایەو ئەمەش لەناو دادگادا بەدی دێت. (لێرەدا گەندەڵی هەمدیسان کاریگەریی لەسەر رێزگرتنی پابەندبوون بە یاساوە هەیە لە بوارەکانی تردا: ئەگەر ئەو بڕوایە هەبێت کە دەشێت لە رێی گەندەڵییەوە تاوانکار لە بەرپرسیارێتیی سزا بەدوور بگیرێت، کە ئەمە بەدووربوون لە بەرپرسیارێتیی گەندەڵیش دەگرێتەوە، ئەوا کاری چوونە ناو گەندەڵی لە بوارەکانی دیدا ئاسانتر دەکات).

لە حاڵەتی دیدا دەرکردن یا دەرنەکردنی بڕیارێکی دادگا دەشێت ببێتە هۆی بەدیهێنانی "ماف"ێك کە خۆی نییە، یاخود بەدووربوون لە هەندێك "پابەندێتی"ی تر بە یارمەتیی گەندەڵی، یان بەرژەوەندێکی تایبەت کە لە دەرەوەی دادگادایەو لە هەر لایەنێکی چالاکییەکانی مرۆڤدا بێت.

لەبەر ئەمە گەندەڵی لە دادگادا، بە گشتی، دوو دەرەنجامی نالەباری هەیە. لەلایەك سیستمی دادگا، کە توخمێکی کارای دەسەڵاتە، هەڵدەتەکێنێت، لەلایەکی تریشەوە کارکردنی یاسایی پەیوەندییەکانی ئەو بوارە

گەندەڵ دەکات کە گەندەڵییەکەی لێوە هاتووە بۆ ناو دادگا. نموونەیەکی تری گەندەڵی لە ناکۆکییەکی بازرگانیدا سەبارەت بە جێبەجێکردنی (کۆنتراکت)ێك دەرەنجامەکەی نەك هەر تەنیا کارکردنی نالەباری دادگایە، بەڵکو هەروەها لاوازکردنی بەرپرسیارێتی (کۆنتراکت) بەڵێندەرێتییە کە دەبێتە هۆی مەترسی لەسەر سیستمی ئابووری.

یاخود گەندەڵی لە ناکۆکییەکی کارگێڕیدا، کە بە مەبەستی پووچکردنەوەی بڕیارێکە بە شێوەی یاسایی دەرکراوە، وەك دەرەنجامێکی ئەو ناکۆکییە خستنەکارێکی نادروستی دەزگایەکی دەوڵەتە.

بەهەرحاڵ ئەم کاریگەرییە زیانبەخشەی گەندەڵیی ناو دادگا بەم دەرەنجامە راستەوخۆیانەوە ناوەستێت. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش، بەئاگابوون، چ راست بێت یان هەڵە، لە ئەگەری بوونی گەندەڵی لە دادگادا ئەوەش دەگرێتەوە کە بەئاگابوون هەیە سەبارەت بە ئەگەری خۆ بەدوورگرتن لە بەرپرسیارێتی لە گەندەڵی، کە دیسان ئەمەش دەبێتە هۆی پەرەسەندنی گەندەڵی لە چالاکییەکانی تردا.

هەر لەبەر ئەمەشە کە نابێتە زۆر پێوەنان گەر بڵێین گەندەڵی لە دادگادا ترسناکترین جۆری گەندەڵییەو چالاکترین کاری دەوڵەت وێران دەکات، بۆیە پێویستە زۆر بە توندی سەرکوت بکرێت.

گەندەڵی لە دادگاداو بەرپرسیارێتیی تاوانکاری:

هیچ کەس لەوانەی کە بەشداری لە پرۆسەکارەکانی دادگادا دەکەن ناشێت بەرپرسیار بکرێن بۆ بیروبۆچوونێك کە دەربڕاوە لە کاتی دەرکردنی بڕیارێکی دادگادا، لە داوایەکدا کە بۆ تاوانێکە لە کاتی جێبەجێکردنی کارێکی دادگادا ئەنجام دراوە نابێت کەسەکە بگیرێت بە بێ رەزامەندیی ئەنجومەنی نیشتمانی، هەروەك لە بەندی 96 خاڵی، لە دەستووری کۆماری سربیادا هاتووە.

مافی دادوەر لە هەڵەکردندا یەکێکە لەو شتانەی کە سەربەخۆیی دادگا زامن دەکات. بەڵام مافی هەڵەکردن شانبەشانی هەندێك مافی تر کە لە یاسای دادگای پرۆسەکاریدا هەیە (یاسای سزایی، مەدەنیو کارگێڕی)، هەروەك ئەوەی کە ئازادە لە هەڵسەنگاندنی بەڵگەدا، دەشێت ببنە پەردەیەك کە لە پشتییەوە گەندەڵی سەر هەڵدەدات.

لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلە سزاییانەی کە مامەڵە لەتەك ئەو گەندەڵییەدا دەکەنو لەلایەن دادوەرانو بەشدارانی تری پرۆسەکارەکەوە جێبەجێ دەکرێن زۆر بە دەگمەن لەم وڵاتەدا ئاشکرا دەبنو داوایان لەسەر دەبێت، مەسەلەی کاردانەوەی دادگا بۆ گەندەڵی لەناو دادگادا تەنیا ژمارەیەکی کەم حاڵەتی قەبە کە گەندەڵی تیادا ساغ بۆتەوەو بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئاشکرا کراوە، بۆ نموونە، ساغبوونەوەی پارەدان لە شێوەی بەرتیلدا یان هەندێك حاڵەتی قەبەی دیکە.

بەرپرسیارێتیی سزایی لە بەرامبەر گەندەڵیدا لە یاسای سزادانی ئێستای کۆماری سربیادا ئەمانە دەگرێتەوە:

* دادوەران – بەندی 243، بۆ شکاندنی یاسا لەلایەن دادوەرەوە لەبەر بەدەستهێنانی سوودێك بۆ خۆی یان کەسێکی دی.
* شایەتەکان – بەندی 206، بە درۆ شایەتیدان.
* پارێزەران – بەندی 179 خاڵی 2، خراپ بەکارهێنانی متمانە.

* وەرگێڕەکان و لێکدەرەوەکان – بەندی 207.

گەندەڵی بەشدارانی تری سیستمی دادگا بە داواکاری گشتیشەوە یاسای گشتی خراپ بەکارهێنانی پلەوپایە یان دەسەڵاتی ڕەسمی دەیگرێتە خۆ[10].

کەمیی ژمارەی ئەو حاڵەتانەی گەندەڵی کە خراونەتە بەر دادگا بێگومان نیشانەی ئەوە نییە کە مەودای گەندەڵی کەمە، بەڵکو ئەنجامی سیمای دیاردەکە خۆیەتی و هەروەها ئەو کێشانەی کە بەندن بە دەستکەوتنی بەڵگەوە. بۆ پشتگیریی ئەم بۆچوونە مرۆڤ دەتوانێت ئاماژە بە ئەنجامەکانی ئەو ڕووپێوە بدات کە بۆ ئەم پرۆژەیە ئەنجام دراوە و بە پێی ئەو ڕووپێوە دادگا شانبەشانی خزمەتگوزاریی گومرگ و پۆلیس یەکێکە لە بوارە هەرە گەندەڵەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش بە پێی بۆچوونی ئەوانەی ڕاپرسییان پێکراوە. چالاکیی پەرەسەندووی دەزگاکانی چاودێری و تەنگپێهەڵچنین دەشێت ببێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە دادوەرە گەندەڵەکان و بەشدارانی دیکەی دادگا، بخرێنە بەر لێپرسینەوەی یاسایی. بێگومان ئەمە بەکەڵکیشە و ڕەواشە، بەڵام پێدەچێت گۆڕەپانی ڕاستیی جەنگان دژ بە گەندەڵی لە دادگادا شوێنێکی دی بێت نەك بواری ڕێگرتن لە تاوانکار.

گەندەڵیی ناڕاستەوخۆ:

شێوەی ستاندەر یان نموونەی گەندەڵی لە دادگادا ئەو هەڵوێستەیە کە تیایدا دادوەر بڕیارێکی هەڵە دەردەکات، یاخود بەشدارێکی دیکەی پرۆسەکە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بڕیار دەدات بەشداری بکات (شایەت یان شارەزایەکی دادگا بەشایەتیدانێکی نادروست، داواکاری گشتی لە ڕێی کەمکردنەوەی توانای یاسا) لە دەرکردنی بڕیارێکی هەڵەدا. گەندەڵی لەلایەن لایەنێکی داوا دادوەرییەکەوە دروست دەبێت (یاخود لە پێناو بەرژەوەندیی ئەودا ئەنجام دەدرێت) و گەندەڵبووەکەش دادوەرەکە یان بەشدارێکی ترە.

لەم وڵاتەدا مرۆڤ دەتوانێت تێبینیی جۆرێکی تر لە گەندەڵیی ناڕاستەوخۆ بکات کە زۆر ئەگەری ڕوودانی هەیە و ترسناکترین گەندەڵیشە. لە دەرکردنی بڕیارێکی ساختەدا، ئەوە تێبینی کراوە، هاندەرەکە سوودێکی دیاریکراوی ناڕاستەوخۆیە: کە ڕێکخستنێك لە دەستەی دەسەڵاتداری باڵای دادگا یان بەرخوردارییەکی دی دەکرێت. بڕیارە ئاسان دانراوە هەڵەکان کە دەرچوون بە دڵی دەزگاکانی دەوڵەت یان حکومەت دەبن و ئەوانەی دەوڵەت بەڕێوە دەبەن هەروەها سەرانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان سیاسەتمەداران.

ناتوانرێت هێڵێکی جیاکەرەوەی ئاشکرا لە نێوان ئەم جۆرە گەندەڵییە و گەندەڵیی کلاسیکدا بکێشرێت. ئەگەر دادوەرێك (یان کەسێکی دی) بە نایاسایی بە ئاراستەی سوودی تایبەتی ئەندامێکی سەرانی فەرمانڕەواکار بکات، ئەمە حاڵەتێکی کلاسیکی گەندەڵییە. ئەگەر یاسا بە نادروستی جێبەجێ کرا بۆ بەدیهێنانی سوودێکی دەوڵەت (نموونەی کلاسیکیی ئەمە چەوسانەوەی ڕکەبەرە سیاسییەکانە، یاخود بەخشینی بەرخوردارییەك بەو کەسانەی لە ڕووی سیاسییەوە دەرکەوتوون)، پاشان کارێکی گرانە بڕیار لەسەر هێڵێکی جیاکەرەوە بدرێت لە نێوان گەندەڵی و دادگایەکی ژێردەستەدا – ئەو دادگایەی کە بڕیار بە پێی

[10] ڕەشنووسی یاسای طؤڕانء ڕاستکردنەوەی یاسای سزا لە کؤماری سربیا کە لە نیسانی 2001دا هاتە طؤڕآ، ضەند تاوانبارکردنێکی دیکەی لە بواری طەندەڵیدا تێدایە (بؤ نموونە طەندەڵي لە ثرؤسەی بەتایبەتکردندا، طەندەڵي لە داهاتی طشتیدا)، بەڵآم هیض تاوانبارکردنێکی نوآ نییە بؤ طەندەڵي لە دادطادا.

www.pertwk.com

دەستووروو یاسا دەرناکات، بەڵکو بە پێی ئارەزوو یان بەرژەوەندیی ئەوانەی کە وڵات بەڕێوە دەبەن. تەنانەت ئەو هێڵە جیاکەرەوەیە نادیارتر دەبێت گەر مرۆڤ ئەوەی لەیاد بێت کە لەو کتێبە یاساییانەماندا کە بابەتە سەرچاوەیەکی یاسان، بەرژەوەندیی چینی فەرمانڕەوا کە دەوڵەت بەڕێوە دەبەن تیایدا رەچاو کراوە. ئەی ئاخۆ لێکدانەوەو جێبەجێکردنی یاسا گەڕانێك نییە بە شوێن ئەو ئارەزووەدا؟ ئەم حاڵەتانەی گەندەڵی وامان لێدەکات کە ئەم گریمانەیە بخەینە بەرچاو: گەندەڵیی دادگا لەسربیا دیاردەیەکە بووەتە سیستەمو بۆ لەناوبردنیشی ستراتیژییەکی سیستمدار پێویستە.

گەندەڵی و داواکاری گشتی:

داواکاری گشتی ئامرازێکی سەربەخۆی دەوڵەتە کە حوکم بەسەر ئەواندا دەدات کە تاوانێکیان ئەنجام داوە یاخود ئەو کارانەی کە بە پێی یاسا دەبێت سزا بدرێن، هەروەها هۆکارە یاساییەکان بەکار دێنێت بۆ پاراستنی باری دەستووریو یاسایی.

نووسینگەی داواکاری گشتی وەك ئامرازێکی حوکمدان:

لە مەسەلەی سزا یاساییەکاندا داواکاری گشتی وەك ئامرازێکی حوکمدان ئامادەیە. ئەو پرینسیپانەی کە نووسینگەی دادوەری گشتییان لەسەر رێکخراوە سەبارەت بە رۆڵەکەی ناشێت کە تاکە زامنکاری کارە یاساییو کاریگەرییەکەی بێت، بەڵکو هەروەها دەشێت ببێتە مەیدانێك بۆ دەسەڵاتی ئارەزووکاریو ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی کە بە باشی کۆنترۆڵ ناکرێنو کەلێنێکی ئازاد بۆ گەشەکردنی گەندەڵی دەهێڵنەوە. لەو رووپێوە ئەزموونگەرییەی کە سەبارەت بە گەندەڵییە لە سربیا و لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خرایە روو، داواکاری گشتی بە شێوەیەکی دابڕاو سەرنجی لێنەدراوە. راگەیاندنەکان سەبارەت بە گەندەڵی لە دادگادا پەیوەندییان بە داواکاری گشتییەوە هەیەو هیچ توخمێکی وا لە ئارادا نییە کە پشتگیری لەوە بکات کەم تا زۆر گەندەڵی لەنێو داواکارە گشتییەکاندا هەیە لەچاو بەشەکانی تری دادگادا. لەبەر ئەوە لێرەدا پێویستە مرۆڤ ئەو رێساو پرینسیپانە دەستنیشان بکات کە پەیوەندییان بە کارکردنی نووسینگەی داواکاری گشتییەوە هەیەو یارمەتیدەرن لە گەشەکردنی گەندەڵیدا.

نووسینگەی داواکاری گشتی بەشێکی باڵای دەسەڵاتە کە بە باشی رێکخراوەو گەلێك باشترە لە هەر بەشێکی دیی سیستمی یاساییمان. داواکاری گشتیی کۆماری سربیا لە کارەکەیدا بەرپرسیارە لە بەرامبەر کۆمەڵەی نیشتمانیداو داواکارە گشتییەکانی ئاستی خوارەوە لە بەرامبەر ئەمدا بەرپرسیارن. داواکاری گشتیی کۆمار مافی ئەوەی هەیە رێنماییە سەپێنەرەکان بۆ داواکارە گشتییەکانی ناوچەو شارەوانییەکان دەربکات، چ رێنمایی گشتی بێت یان ئەوانەی کە تایبەتن بە مەسەلەکانی تاکەکەس (لە ناوچەو شارەوانی). داواکاری گشتیی کۆمار دەتوانێت داوایەکی دادوەری لە داواکارێکی گشتیی ئاستی خوارەوە وەربگرێتەوە بۆ لای خۆی یان بیگوێزێتەوە بۆ داواکارێکی گشتیی تر. رێنماییەکە دەشێت ببێتە هۆکارێك بۆ کاریگەری خستنەسەر داواکارێکی گشتیو لە هەمان کاتدا ببێتە "پەردەیەك" بۆ ئەم داواکارە گشتییە.

www.pertwk.com

نووسینگەی داواکاری گشتی بە شێوازە هاوکارییەکی تایبەت کار لەتەک دادوەری لێکۆڵینەوەو پۆلیسدا دەکات بۆ بەڕێوەچوونی کرداری لێکۆڵینەوە. پرۆسەکاری لێکۆڵینەوەکە لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەوە سەرۆکایەتی دەکرێت‌و بڕیار لەوە دەدات کام بەڵگانە دەبێت کۆ بکرێنەوەو پشتیان پێببەسترێت، هەر ئەم بە پلەی یەکەم بڕیار لە گرتن یان بەرەڵاکردنی گومانلێکراو دەدات، یان بڕیار لەسەر راگرتنی پرۆسەکارە دادوەرییەکە یان تەواوکردنی پرۆسەکاری لێکۆڵینەوەکە دەدات‌و مەسەلە دادوەرییەکە دەخاتە بەردەست داواکاری گشتی بۆ ئەوەی دادگا دەستبەکار بێت. سەبارەت بەو گشت چالاکییانە داواکاری گشتی دەستپێشخەریی لەم لایەنانەوە هەیە: پێشنیازی گرتن یان بەربوون دەکات، داوای چاوگێڕانەوە بە گرتندا دەکات، پێشنیازی بەهەندوەرگرتنی بەڵگە دەکات (هەروەها بەڵگەی تری نوێ کە دەشێت کاریگەریی لەسەر ماوەی گرتن هەبێت)، بڕیار لەسەر وەکارخستنی یاداشتی تاوانبارکردن یان نەبوونی بیانوو بۆ ئەو کارە دەدات، هەروەها بڕیار لەسەر وەلانانی یاداشتی تاوانبارکردن دەدات. لە یاداشتی تاوانبارکردندا ئەو تاوانکارەکە دیاری دەکات. لەو کارەدا ئەو بە تەنیا پابەندە بە دەستووروو یاساوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە داواکاری گشتی دەسەڵاتێکی فراوانی ئارەزووکاریی هەیە.

لە بەدواداچوونی "سیاسەتی تاوانبارکردندا"، مرۆڤ دەتوانێت تێبینیی ئەوە بکات کە نووسینگەی داواکاری گشتی جۆرێك لە سەربەخۆیی سیاسیی هەیە. ئاشکرایە کە هەندێك یاسای تاوان لە دەمێکدا جێبەجێ دەکرێن‌و لە دەمێکی تردا ناکرێن. ئەو چالاکییانە لە سەردەمێکدا بە شێوەیەك پێناسە دەکرێن‌و لە سەردەمێکی تردا بە شێوەیەکی تر. ئەم سیاسەتی تاوانبارکردنە نابێت ببێتە (هەروەك نەشبووە) ئەنجامێك بۆ هەڵسەنگاندنی داواکارە گشتییەکە (کە دەشێت بە پێی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە بگۆڕێت)، بەڵکو دەبێتە ئەنجام بۆ هەڵسەنگاندنی دەزگای تری دەوڵەت یان نێوەندی هێزە سیاسییەکان. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئەم سیاسەتە ناگۆڕێت (نەشگۆڕاوە) نەك تەنیا لە رووی کاتەوە، بەڵکو لە رووی نوێنەرانی هەندێك لە گروپە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە. هەڵوێستی هەندێك لە "گەورەپیاوان" لە بەردەم یاسادا ئەنجامی گەندەڵییەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیە.

هەروەها پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوان نووسینگەی داواکاری گشتی‌و پۆلیسدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە مافی هەیەو (ئەرکی خۆشیەتی) کە داوا لە پۆلیس بکات (هەروەها لە بەشەکانی تری حکومەت‌و لەنێویشیاندا دادگاو دامەزراوە یاساییەکانی تر) بۆ کاری پێویست‌و راگەیاندن‌و زانیاری سەبارەت بەو شتانەی کە لە سنووری شارەزاییاندایە، بە شێوەیەکی گشتی داواکاری گشتی چاوەڕێی هەنگاونانی پۆلیس دەکات‌و کاتێکیش ئەو هەنگاوە دەنرێت نووسینگەی داواکاری گشتی ئامرازێکی لەباری بەدەستەوە نییە کە بتوانێت پۆلیس ناچار بکات ئەو چالاکییە گونجاوانە ئەنجام بدات کە پەیوەندییان بەو دۆزینەوانەوە هەیە کە ئامانجیان تاوانبارکردنە. ئەو ئامرازانەی کە لە بەردەستیدان بە هێندەی پێویست بەکار نایەن، لەبەر ئەوە، ئەوە بەندە بەم سێ لایەنەوە: دادوەری لێکۆڵینەوە، داواکاری گشتی‌و پۆلیس کە ئاخۆ هێندە راستی کۆ دەبێتەوە کە مرۆڤ بتوانێت باس لە ئاشکراکردن‌و سزادانی تاوانێك یان بەڵگەی تەواو بۆ دەرکردنی یاداشتێکی تاوانبارکردن‌و بڕیاری تاوانبارکردن بکات، هەرچەندە ئەوە تەواو لە بەرچاوی جەماوەر ئاشکرایە (لە رێی باری داراییەوە، یاخود پەیوەندیی نێوان داهات‌و سامانەوە) کە ئەو کردارو تاوانانە هەن. بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین ئەمە بوارێکی گەندەڵییەو لێرە گەندەڵی هەیە هەندێك توخم هەن کە مرۆڤ بتوانێت بە باشی وەبەرچاویان بگرێت، بەڵام

هەروەها بڕوابوونیش بەوە لە ڕێی وتی وتییەوە. هەرچەندە سەبارەت بە نووسینگەی داواکاری گشتی ژمارەی ئەو داوا یاساییانەی کە کاریان تیا کراوە تا رادەیەك کەمترە لەچاو ئەوانەی دادوەراندا.

نووسینگەی داواکاری گشتی وەك چەکێکی پاراستنی دەستووریێتی و یاسایی:

داواکاری گشتی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە چارەسەرێکی یاسایی تایبەت دژ بە هەر بڕیارێکی کارای دادگا بکات، تەنانەت ئەوانەش کە مەسەلەی نایاساییین، کاتێك کە بۆی دەرکەوێت ئەو بڕیارە یاسایەك یان پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتیی شکاندووە. بە شێوەیەکی کردەیی داواکاری گشتی داخوازییەك دەخاتە کار بۆ پاراستنی یاسایی، بە گشتی، ئەمە بە دەستپێشکەریی ئەو لایەنە دەبێت کە بە بڕیارەکە قاییل نییە لە رووی سەرەنجامە یاساییەکانی دادوەرییەکەوە لە بڕیاردان لەسەر دەستپێشکەریی لایەنێکی داواکەدا، داواکاری گشتی چەکی دەسەڵاتی ئارەزووەکاری بەدەستەوەیە و لە هەڵوێستێکی وادا یەکە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن بە شێوەیەکی دیار کاریگەریی لەسەر رەوت و دەرەنجامەکانی کاری دادگا هەبێت. بە شێوەیەکی کارا داواکارانی گشتی بە شێوەیەکی زۆر جیاواز مامەڵە لەتەك هەمان مەسەلە دادوەرییەکاندا دەکەن کە دەبێتە هۆی بە سەرەنجامگەیشتن سەبارەت بە بوونی گەندەڵیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. مەودای ئەم ئەگەرە گەورەترە کاتێك مرۆڤ مەودای دەسەڵاتی داواکاری گشتی وەبەرچاو بگرێت کە بڕیار لەوە دەدات چارەسەرێکی یاسایی تایبەت وەگەڕ بخات بۆ دەرکردنی فەرمانێك بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی بڕیارێکی کارای دادگا تا ئەو کاتەی بە تەواوی بڕیار لەسەر چارەسەرە یاساییە تایبەتەکە دەدرێت.

دواخستنی ئەو جێبەجێکردنە دەشێت بەس بێت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی یەکێك، یاخود بە شێوەیەکی دیار زیان لە بەرژەوەندیی لایەنەکەی تر بدات بە جۆرێك کە ئەمە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ دەستتێوەردان.

کار ئەنجامدان ئەم نیشاندەرەی سەلماندووە. ئێستا دەشێت تێبینیی ئەوە بکرێت داواکاری گشتیی کۆماری فیدراڵ زۆرجار داخوازی دەردەکات بۆ پاراستنی یاساییەتی دژ بەو بڕیارانەی کە ڕێگە بە جێبەجێکردنی بڕیارێکی یاسایی دادگا دەدات. پرۆسەکارەکە لەو کاتەدا گشت دەسەڵاتە دادوەرییەکانیشی تێپەڕاندبێت بە ئەگەری ئەوەشەوە کە داواکاری گشتی داخوازی دەربکات بۆ پاراستنی یاساییەتی. تەنیا کاتێك کە پرۆسەکاری جێبەجێکردن دەستی پێکرد، داواکاری گشتی دەردەکەوێت و بەلای کەمەوە جێبەجێکردنەکە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دوادەخات.

ڕۆڵی داواکاری گشتی زۆر دیارو زۆر ناسکە. داواکاری گشتی پێویستە دەسەڵاتێکی ئارەزووکاریی فراوان و بنەڕەتیی هەبێت. هاوکات ئەو دەکەوێتە نێوان دادوەران و سیاسەتی دەوڵەت و پۆلیسەوە.

هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی ئەوە بە گریمانە نەکرێت کە نووسینگەی دادوەری گشتی دەکەوێتە بەر گەندەڵی. شتێکی ئاشکرایە کە زۆرجار بەوجۆرە بووە، لە هەمان کاتیشدا زۆر کارێکی گرانە ئەم گەندەڵییە بە بەڵگەوە دەربکەوێت. چالاکییەکانی "داواکاری گشتی" دەبێت بە ژێرکارو بڕیارەکانی بەشەکانی ترەوە (دادوەری لێکۆڵینەوە، پۆلیس) هەروەها پەیوەندییە پلەییەکان و ئەو دەسەڵاتانەش کە بابەتە ڕاست و یاساییەکان هەڵدەسەنگێنن.

ئەم ڕێکخستنە پلەییەی نووسینگەی داواکاری گشتی پێویستە یەکەم بەربەست بێت لە بەردەم گەندەڵیدا. ئەوانی تر پەیوەندیی بە هەڵوێستی گشتی دادگاوەیە.

گەندەڵی لە دادگادا:

پێشەکی:

گەندەڵی لە دادگادا زۆرەو زۆرجار باس کراوە. دەربڕینەکانی ئەو بابەتە زیاتر گشتینو روون نینو سەرەڕای ئەوەش چەواشەکارن. لە دادگادا ئەم بابەتە یا باس ناکرێت یان تەنیا بەچرپە دەبیسترێت. بەهەرحاڵ، چیرۆکی جۆراوجۆر دێتە ناوەوەو هەمووشیان رێیان تێدەچێت. ئەمە هۆیەك بوو بۆ کۆمەڵەی دادوەرانی سربیا کە لە ئازاری 1998دا داوای مێزگردێك بکاتو پرسیارێك بە روونی ئاراستەی بەشدارە بەڕێزەکان بکات (هاوڕێکاران، پارێزەران، شارەزایانی دادگا، پسپۆرانی سایکۆلۆژی، زانایانو کەسانی دی) – ئایا گەندەڵی لە دادگادا هەیە؟

لەگەڵ ئەوەشدا کە گفتوگۆ سەبارەت بەو مەسەلەیە زۆر جیددیو ترسناك بوو، هیچ ناوێك نەکەوتە ناو ناوانەوە. بەهەرحاڵ، لە هەمان کاتدا ئەوان بە راڕاییەوە قاییلیان نیشان دا. بەهەرحاڵ گەر گەندەڵی لە هەموو کۆمەڵگەدا هەبێت ئەی بۆچی لە دادگادا نەبێت؟ کەواتە ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ڤایرۆسی گەندەڵی پەلاماری دادگاشی دابێتو ئەو دادوەرانەی کە بەرتیل وەردەگرن ئەم نازناوەیان بەسەردا بڕاوە "وەرگرەکان".

ئەی دەشێت "وەرگر" چی وەرگرێت؟ هەموو شت: پارە، شوققە، دیاری، هەڵبژاردن بۆ دادگایەکی بالاتر، پلەوپایەی وەزیری، پلەی سەرۆکایەتیی دادگایەك، پۆستێکی سیاسی، بەرخێکی سوورکراوە یان بێچووە بەرازێك، قاوەڵتیو نانخواردن، جۆرەها خزمەتگوزارییو یان هەرجۆرە بابەتو سوودێکی کەمبایەخ. ئەی ئەوە دەشێت چی بدات؟ بوارێکی زۆر گەورە لە بەردەمیدا نییە: بڕیار دەرکردنێك بەو جۆرەی کە فەرمانی پێکراوە. کەواتە گەندەڵی لە دادگادا لە شێوەی گۆڕینەوەی هەر بڕیارێکی نابەجێ بە هەر سوودێکی نابەجێ، ئەمەش تەواو لەگەڵ وشە لاتینییەکەدا (corruptio) یەك دەگرێت کە مانای: گەندەڵ، خراپبوو، پیسبوو، گومڕابوو، فرۆشراو دەبەخشێت.

جیهان گەندەڵیی وا دەبینێت کە خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتی گشتییە بە ئامانجی بەدیهێنانی سوودێکی دارایی یا نادارایی. سوودە داراییەکە هەر بە تەنیا پارە نییە بەڵکو شمەکی تریش دەگرێتەوە. سوودی نادارایی بریتییە لە هەر سوودێك یا بەرخوردارییەك یان دەستکەوتێکی ناداریی تر. کەواتە گەندەڵی تەنها بە پارە یان شمەك ئەنجام نادرێت، بەڵکو لە رێی دابینکردنی پێویستیو بەرژەوەندەکانیشەوەیە، وەك: بەرزکردنەوە لە پلەوپایەو کاردا، پۆستێکی سیاسی، پلەوپایەیەکی دیار، پلەوپایەیەکی پیشەیی، پلەوپایەیەکی بەرخورداریو شتی دی لەم جۆرە. ئەمانە شتێکی باون لە کۆمەڵگەی سربیادا.

ئەم جۆرە بۆچوونە سەبارەت بە گەندەڵی لە رێسای ژمارە 7ی یاسای ئاکاری دادگا بەم جۆرە تێبینیی لێکرابوو: "دادوەر ناتوانێت بڕیار دەربکات کاتێك کە بیەوێت یا چاوەڕوانی ئەوە بێت کە سوودێك بۆ خۆی یان کەسێکی دی دابین بکات". هەروەها رێسای 6 ئەوە بیری دادوەر دەخاتەوە کە: "پێویستە دادوەر خۆی لە گشت کردارێك بەدوور بگرێت کە نائاساییە یان وا دێتە بەرچاو، هەروەها لەو کردارانەی کە دەبنە هۆی بێ متمانەیی، گومان دروستکردنو لەناوبردنی بڕوا، یان بە شێوەیەکی تر متمانە بە دادگاو ئامانجەکانی لاواز دەکات".

نیشانە:

کە مەرجی پێشەکی بۆ گەشەکردنی گەندەڵی هەبێت ئەوا هەمیشە گەندەڵی دەبێت، بێگوێدانە ئەو

www.pertwk.com

ڕاستییەی کە دەنگوباسەکان نادیارن و بەشداران بێ ناون. ئەمە بەسەر دادگادا دەچەسپێت.

ئەم بڕوایە بە قووڵی لە ناخی هاووڵاتییاندایە، لەبەر ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیان لەوەی کە گەندەڵی لە دادگادا هەیە. لە ڕووپێوێکدا لە شوباتی 1997دا لەلایەن "بەڵگە – Argument"ەوە ئەنجام دراوە 200 هاووڵاتی لەوانەی کە ڕووبەڕووی دادگا نەبوونەتەوە وەك نموونە وەرگیرابوون، 71٪ی ئەوانەی ڕایان وەرگیرابوو بڕوایان وابوو کە گەندەڵی لە دادگادا هەیە. لە ڕووپێوێکی دیکەی هەمان ئاژانسدا لە شوباتی 1998دا کە تیایدا 100 کەس لەوانەی کە بەرەوڕووی دادگا ببوونەوە بە نموونە وەرگیرابوون، 95٪ی ئەوانەی ڕایان وەرگیرابوو بڕوایان وابوو کە گەندەڵی لە دادگادا هەیە، کە ئەوەش بە زۆری لە مەسەلە دادگاییە ئابوورییەکاندایە (42٪)و هەروەها لە مەسەلەکانی تاواندا (28.4٪). ئەوانەی لە ڕێی خاوەن دەسەڵاتی سیاسییەوە ئەنجام دراوە (40٪)، دادوەران (36.8٪)، پارێزەران (13.8٪)و شارەزایانی دادگا (8.4٪). لە ڕووی ئەوەوە کە گەورەترین فشار لەلایەن ئەو سیاسەتمەدارانەوە بووە کە لە دەسەڵاتدان (47.4٪)، کەسانی بەهێزی بواری بازرگانی (17.9٪)، تاوانکاران (14.7٪). هەروەها (95٪)ی ئەوانەی ڕایان وەرگیراوە دەڵێن کە مەسەلە دادگاییە تایبەتە گرنگەکان هەردەم دەدرێنە هەندێك دادوەر. (57.9٪)ی ئەوانەی ڕایان وەرگیراوە دەڵێن کە گەندەڵیی دادگا کاریگەرانەتر سەرکوت دەکرێت لە ڕێی لەناوبردنی فشاری سیاسەتمەداران لەسەر دادگا. (32.6٪)ی ئەوانەی ڕایان وەرگیراوە دەڵێن گەندەڵی لە ڕێی بەرزکردنەوەی مووچەی دادوەرانەوە لەناو دەبرێت.

لە ڕووپێوێکدا کە لە شوباتی 1998دا لەلایەن (کۆمەڵەی دادوەرانی سربیا)وە ئەنجام درا، دادوەران خۆیان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە گەندەڵی لە دادگادا هەیە. لە (95٪)ی دادوەری دادگاکانی بەلگراددا: 21 دادوەر وتوویانە کە گەندەڵی هەیە، 39 دادوەر وتوویانە فشار هەیە لەسەر دادگا، 33 دادوەر وتوویانە کە بڕیارەکانی دادگا دەشێت کاریگەرییان بخرێتە سەر، 54 دادوەر وتوویانە کە گەندەڵی دەگاتە ڕێژەیەکی ترسناك گەر باری دارایی دادوەرەکان و کارمەندانی تری دادگا باش نەکرێت، 45 دادوەر وتوویانە ئەو مەسەلە دادوەرییانەی گرنگییەکی تایبەتییان هەیە دەدرێن بە هەندێك دادوەر، 40 دادوەر وتوویانە ئەو ڕێکخستنی کارکردنەی کە هەیە خزمەتی گەندەڵی دەکات لە دادگادا.

هاوکات کۆمەڵەی دادوەران لە ناو پارێزەرانی بەلگرادا ڕووپێوێکیان ئەنجام دا. لە 69 بەشدار: 17یان بڕوایان وایە کە گەندەڵی لە دادگادا هەیە، 43یان دەڵێن کە فشار لەسەر دادگا هەیە، 28یان دەڵێن کە پەیوەندیی تایبەت دەشێت کاریگەریی لەسەر دادگا هەبێت، 50 دەڵێن کە گەندەڵی دەگاتە ڕێژەیەکی ترسناك گەر باری دارایی دادوەرەکان و کارمەندانی تری دادگا باش نەکرێت، 32 دەڵێن کە ئەو ڕێکخستنی کارکردنەی کە هەیە خزمەتی گەندەڵی دەکات لە دادگادا.

کەواتە دادگا بەرگریی نییە بەرامبەر بە گەندەڵی. بە پێی ڕووپێوێك کە لە 1997دا لەلایەن (بەڵگە Argument)ەوە ئەنجام دراوە، گەندەڵی بە زۆری لە ئاگاداریی تەندروستی، خزمەتگوزاریی شارەوانی، هەروەها لە دادگادا هەیە. بە پێی ئەم ڕووپێوە، ڕیزبەندیی گەندەڵی بۆ خوارەوە بەم جۆرە بوو: خزمەتگوزاریی گومرگ، دادگا، پۆلیس، ئاگاداریی تەندروستی، دامودەزگاکانی کۆماری، شارو شارەوانی. بە پێی وتووێژەکانی ئەو مێزگردەی کۆمەڵەی دادوەران کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەروەها لە دیاریکردنی هاووڵاتییانەوە، مەڵبەندی گەندەڵی لە دادگادا ئەمانەن: دادگاکانی بازرگانی، لێکۆڵینەوە، جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا و کەمکردنەوەی سزاکان. دادگای بازرگانی ئەو بڕیارانە دەردەکات کە پەیوەندییان بە مەسەلە

بازرگانی و یاساییەکانەوە هەیە، هەروەها بە تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و نابووتبوونەوە. لەبەر ئەوەی لەو بارودۆخانەدا بەهێزترین پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی نێوەندە جۆراجۆرەکانی هێز هەیە، دەسەڵاتداران تەواو شکستیان هێنا لە کاتی بڕیاردان لەسەر ئەم مەسەلە دادگاییانە. زۆرجار هۆیەکەش دەوڵەت بوو بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندیی ئەو بەشدارانەوە کە بازرگانییە نیمچە یاسایی و نایاساییەکان ئەنجام دەدەن.

هەروەها لێکۆڵینەوە ئەنجامی گەندەڵییە، بە تایبەتی لەو بارانەدا کە یەکێك تیایدا گیراوە. هەروەها کارلێك هەیە لە نێوان دادگا و پۆلیس و داواکاری گشتی و دامەزراوە چاکسازییەکان و پارێزەراندا. جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا دوایین قۆناغە لە دابینکردنی پاراستنی دادگادا. ئەگەر ئەمە بکرێتە سەربەخۆ، ئەوسا پاراستنی دادگا نامێنێت تەنانەت کاتێك کە بڕیارێکی دروستی دادگا هەبێت لەبەر ئەوەی کە قۆناغی جێبەجێکردن دوایین هەلە بۆ گەندەڵکردنی دادگا. گریمانەکان و گلەییەکانی هاوولاتییان ئەوە دەردەخەن کە گەندەڵی دەستی بەسەر بواری گرنگی کەمکردنەوەی سزاکانیشدا گرتووە. ئەوەی کە بەشداری لە زۆرکردنی ئەو گەندەڵییەدا دەکات ئەو بڕوانامە (ڕاپۆرتە) پزیشکییانەن کە گومان لە دروستییان دەکرێت. لە هەریەك لەم بوارانەدا گەندەڵی دەسەڵاتە ئارەزووکارییەکەی دادوەر پشتگیریی لێدەکات.

گەندەڵی نە ڕادەگەیەنرێت و نە بڵاویش دەکرێتەوە و کارێکی ڕوون نییە بەڵکو شاراوەیە و بە بێ شایەت و بەڵگەیە. لەگەڵ ئەوەشدا نیشانە هەن کە دەبنە هۆی نەمانی متمانە یاخود دروستبوونی گومان. ئەوان مەسەلەیەکی دادگایی لە دادوەرێك دەسێننەوە و دەیدەن بە یەکێکی دی. گواستنەوەی دادوەرێك بۆ دادگایەکی جیاواز یان بۆ بەشێکی تری هەمان دادگا، دروستکردنی لیژنەیەك بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، سپاردنی هەندێك مەسەلەی دادگایی بە هەندێك دادوەر لەو ڕێیەشەوە خۆدزینەوە لەو خشتەیەی دادگا کە لە بەردەستدایە، پلە بەرزکردنەوە لە دوای بڕیارە گومانلێکراوەکان، شتی دی لەم جۆرە.

گەندەڵی هەر بە تەنیا بە دادوەرەوە نەبەستراوە بەڵکو بە کارمەندانی دادگاشەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ڕێی کارکردنیانەوە لە خزمەتگوزارییە کارگێڕییەکانەوە دەتوانن هەندێك مەسەلەی دادگایی "ببەستنەوە" بە هەندێك دادوەرەوە، یاخود لە ڕێی لابردنی یاداشتی ئامادەبوون یان هەر فێڵێکی ترەوە بەربەست لە بەردەم هەلومەرجی گرێدانی دادگاییەکەدا دابنێن.

شارەزایانی دادگاش دەکەونە بەر گەندەڵی، ئەمانە ناتوانن ئەوەی کە پێی دەوترێت دەربڕینی بەڵگەی تایبەت، ڕەت بکەنەوە، یاخود گەلێك وردتر بڵێین ڕاپۆرتی ناڕاست بدەن. گەندەڵی لە دادگاکاندا دەشێت بەشێك بێت لە ڕێکخراوەیەکی فراوانتر کە پەیوەندیی لەگەڵ پۆلیس و داواکاری گشتی و پارێزەراندا هەیە.

هۆکان:

گەندەڵی وەك گیای بژار وایە، هەر هێندەی مەرجی تەواو هەبێت یەکسەر دەڕوێت. لەبەر ئەوە وەڵامەکانی ئەم پرسیارە گرنگییەکی یەکجار گەورەیان هەیە: چی بووە هۆی ئەوەی ئەو "کەشە" لە دادگاماندا دروست ببێت بۆ خێرا گەشەکردنی گەندەڵی؟

یەکەم، نەبوونی سەربەخۆیی، وەك ئەنجامێکی داڕمانی ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان، یاسا بووە قوربانیی توندوتیژی، یاسایی بووە قوربانیی بەرژەوەندی و دادگا بووە قوربانیی حیزبێکی سیاسی. ئەم شکستییە لە ڕێی "کوشتنی" دادوەرییەوە لە دادگاوە دەستی پێکرد کە بووە "ئاواتی چینی فەرمانڕەوا"، ئەو دادگایەی کە

www.pertwk.com

بووبووە دامەزراوەی چینێك. ئاواتی چینی فەرمانڕەوا لە حیزبدا بەرجەستە بوو "پێشڕەوەکەی" کە نەك هەر دادگا خرابووە ژێر کۆنترۆڵییەوە بەڵکو بەشەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنی حکومەتیش. دادگا بەستنەوە کاریگەریی ئایینیشی پێوە دیارە بەهۆی "ئامانجە مێژووییەکەیانەوە" و لەبەر ئەوەی ئەو ئامانجانە خراونەتە ناو دەستوورو یاساوەو بە پێی ئەوە بڕیارەکان دەردەکەن، ئەم کاریگەرییە "یان راستتر وایە بڵێین بەلاداشکاندنە" ببووە بەشێك لە سەربەخۆییە رەسمییەکە. دادگا ناسنامەی خۆی ونکردو رێ بۆ بیرکردنەوە بە بیری ژێردەستەیی خۆش بوو تا بێتە ریزەوەو خزمەتی ئارەزووە سیاسییەکانی حیزبی فەرمانڕەوا بکات. لەبەر ئەوەی ئەو ئارەزووە دواتر گۆڕدرا بۆ نێوەندە ناڕەسمییەکانی دەسەڵات، دادگا لەسەر ئەوە "راهات" کە خزمەتی ئاغایەکی تر بکات کە ئەمەش "ئامادەباشییەکی چاك" بوو بۆ ئەوەی لەسەر خزمەتکردنی هەر ئاغایەك بێت رابێت.

شانبەشانی لەدەستدانی سەربەخۆیی، سیاسەت هاتە نێو دادگاوە. ئەندامێتیی حیزب، هەرچەند بە رەسمی نەبوو، بەڵام مەرجێکی پێویست بوو بۆ کاری دادوەر. ئەوەی کە ئەو مەرجە نەنووسراوەی جێبەجێ نەکردایە نەیدەتوانی ببێتە دادوەر. ئەوەشی کە مەرجەکەی تیابووایە پابەندێتی و بەرپرسیارێتیی حیزبی دەبوو لە کاتی ئەنجامدانی دەسەڵاتە دادگاییەکەدا. ئەو مەرجە، لە دوایین دەیینەی سەدەی رابردوودا گرنگیی خۆی لەدەست نەدابوو، هەرچەندە کەمێك هێورتر بوو، بەڵام لەم چەند ساڵەی رابردوودا جارێکی دی هێزی پەیدا کردەوە لە رێی خواستە سیاسیەکانەوە بە جۆرێك کە نوێنەرایەتیی حیزبیی فەرمانڕەوا لە دادگادا وەك نوێنەرایەتیی نێو ئەنجومەنی نیشتمانیی لێهات. لە نیشانە ئاشکراکانی کاریگەریی سیاسی لەسەر دادگا ئەمانە بوون: پراکتیزەکردنی پێکهێنانی لیژنە تایبەتەکان لە مەسەلە دادگاییە ناسکەکاندا – ئۆپەرێتە دادگاییەکانی بیل کلینتن و ئەوی تر "فریشتەکانی بەزەیی"، کردنی هۆڵەکانی دادگا بە یانەیەکی سیاسی، پرۆسەکارە سیاسییەکان، دادگاییکردنی نایاسایی، گرتنی لەیاسابەدەر – جۆرەها خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی دادوەری. بەم جۆرە رێزی دادگا لەناو چوو. لەبەر ئەوە مرۆڤ نابێت لەوە سەرسام بێت کە یەکەمجار دادگا خۆی بە بێ دەسەڵات بینییەوە پاشان خرایە ژێر ئاگاداریی بەشی دەسەڵاتی بەجێهێنان. لە رێی ئەم سەرپەرشتیکردنەوە (کە تیایدا بەرژەوەندییەکانی سەرانی سیاسەت و تاوانکاران تێکەڵ ببوو) کاریگەری لەسەر دادگا بڵاو بووەوە، لەلایەن ئەوانەی کە لەپاڵ دەوڵەت و لەپاڵ رێکخراوە سیاسییەکاندا بوون هەروەها هێزی نێوەندە تاوانکارەکان و کەسانی خاوەن دەسەڵاتدا. بۆیە دادگا وای لێهات کە ئامادەی کاریگەری خستنەسەر بێت و بەوجۆرەش بتوانرێت گەندەڵ بکرێت.

باری دارایی دادوەران باش نییە. دادوەران لە ئاستی هەژاریدا دەژین بە مووچەیەك کە لە ئاستی کەمترین خۆراك دابینکردندایە، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە دووان لەسەری جێی شەرمەزارییە. دادوەران مافی ئەوەیان نییە کە کارێکی تر بکەن بۆ پاڵپشتی داهاتیان، کە ئەمەش بارەکەیان سەختتر دەکات بە تایبەتی گەر کێشەی خانوویان چارەسەر نەکردبێت. بێگومان ئەمە کاریگەریی لەسەر ئەگەری گەندەڵی هەیە چونکە ناهەمواریی دارایی بەرگری لە بەرامبەر هەڵفریواندندا لاواز دەکات. هەژاربوون و ناچاریی دادوەران دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی جۆرێتیی کاری دادوەری چونکە زۆر لە دادوەرە شارەزاکان هەوڵی کاری وایان دا کە مووچەکەیان باشتر بێت و ئەرکەکانی دادوەرییان دایە دەست ئەو دادوەرە هاوڕێکارە نەشارەزاو بێتوانایانەی کە دەکەونە ژێر کاریگەریی کەسانی ترەوە.

سیستمی یاسایی وڵات زۆر خراپ رووخاوە. دەستووری سربیا لەگەڵ دەستووری کۆماری یۆگۆسلاڤیای فیدراڵدا ناگونجێت چونکە لە پێش ئەوەوە دانراوە نەك لە دوای ئەو. ژمارەیەکی زۆر لە یاساکانی حکومەتە فیدراڵەکە لەتەك دەستووری یاسایی کۆماری یۆگۆسلاڤیای فیدراڵدا ناگونجێن چونکە لە کاتی دەستوورە پێشووە فیدراڵییەکەدا دەرچوون. گەلێك لە یاساکانی کۆمار لەگەڵ دەستووری سربیادا ناگونجێن چونکە لە کاتی دەستووری ئەوسای کۆماردا دەرچوون. زۆر لە یاساکانی کۆماریش لەگەڵ یاساکانی حکومەتی سربیادا ناگونجێن چونکە بێ هەمئاهەنگی دانراون. یاساکە تەواو ئاستێکی لاوازی هەیە. ئاژاوە لەنێو رێساکاندا هەیە. لەناو ئەو بێ سەروبەرییەدا، دادگا ناکاراکان ئاژانسە "کاراکانی" قەرز کۆکردنەوە شوێنیان گرتنەوەو دادگاکان تەنیا بەکەڵکی سیاسەتی حیزبایەتی دێت، بە تایبەتی هێندەی کە پەیوەندیی بە بڕیارەکانی هەڵبژاردنەوە بێت. ئەو دادوەرانەی کە ملکەچ بوون پلەوپایەی وەزاریو سەرۆکایەتیی دادگاکانیان پێبەخشرا، ئەمەش نیشانەیەکی روونی ئەوەبوو کە دادگا هەر لەلایەن دەوڵەت خۆیەوە گەندەڵ کراوە. دادگایەکیش کە ئامادە بێت بەوجۆرە کار بکات ئاماژە بە ئامادەبوونیشی دەدات کە لەلایەن کەسانی ترەوە گەندەڵ بکرێت.

هەروەها گەندەڵی لە رێی رووپایی ئەو فەرمانبەرانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو یاساییەوە هان دەدرێت کە بە ئاشکرا پشتگیری لە سەربەخۆیی دادگا دەکەنو لە ژێریشەوە فشار دەخەنە سەر دادگاکان چونکە دەزانن کە دادوەرەکان خۆیان لە بیری تەسکی سیاسی رزگار نەکردووە.

گەندەڵی لە دەزگا گشتییەکاندا:

گەندەڵی لە هێزی پۆلیسدا:

پێشەکی:

گەندەڵی دیاردەیەکە زۆر گرانە بڕیار لە بوونی بدرێتو پێوانە بکرێت. لەم چەند پەڕەیەدا سەرەتا هەندێك سیمای گشتیو هۆی گەندەڵی هێزی پۆلیس دیاری دەکەین، پاشان لە ئەنجامەکانی رووپێوی پێشوو ورد دەبینەوە سەبارەت بە گەندەڵی لە هێزی پۆلیسی سربیادا. یەکگرتوویی پۆلیس یەکێکە لە مەسەلە سەرەکییەکان، گەر گرنگترینیان نەبێت، کە شایانی ئەوەیە لە کرۆکی بایەخپێدانی هەر وردبوونەوەیەکدا بێت لە شێوازی کار ئەنجامدانی پۆلیسو رۆڵی لە کۆمەڵگەدا. لە هەندێك وڵاتدا وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانو شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) لێدوان سەبارەت ئەم کێشەیە چڕەو لە گشت لایەنێکەوەیە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە رێی ئەوەوە کێشەی گەندەڵیی پۆلیس لەم وڵاتانەدا چارەسەر دەکرێت. هەروەها ئەوە راست نییە کە گەندەڵی تەنیا لەو وڵاتانەدا هەن کە باس کران یاخود لەوی بەربڵاوە. تەنیا هەر لەسەر ئاستو سیمای دیموکراسی جێی بڕواپێبوونە کە ئەوەش بەهۆی سیستمە سیاسییەکەو کراوەیی هێزی پۆلیسەوە هاتۆتە دی.

لەبەر ئەوەی کاری سەرەکیی هێزی پۆلیس بەرپرسیارێتییە لە جێبەجێکردنی یاساکان، گەندەڵی لەناو ریزەکانیدا دەبێتە لە بنەڕەتەوە پووچەڵکردنەوەی ئەو خزمەتگوزارییانەی ئەم دەزگایە دەیەوێت پێشکەشی بکات. بۆیە پێویستە پێناسەیەکی وردی ئەو گەندەڵییە بکەین کە پەیوەندیی بە پۆلیسەوە هەیە. بە پێی ئەو

پێناسەیەی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گەیشتووە، چەمکی گەندەڵی هەموو چالاکییەك و هەموو هەڵەیەك دەگرێتەوە کە کەسێك لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەیدا یان پەیوەندار بە ئەرکەکەیەوە وەك قەرەبوویەك هەوڵی دیارییەك، بەڵێنێك یان هەر سوودێکی تر بدات و قبووڵی بکات.

بە پێی نووسەرە ئەمریکاییەکان چەمکی "گەندەڵیی پۆلیس" پەیوەندە بەو جۆرە رەفتارەوە کە دەشێت سزا بدرێت کاتێك کە بەهۆی دەسەڵاتە رەسمییەکەیەوە هەندێك قەرەبوو یان سوودی راستی یان چاوەڕوانکراو کە رێپێنەدراوە قبووڵ بکات یان چاوەڕوانی قبووڵکردنی بکات. پێناسەیەکی راستەوخۆتر ئەوەیە کە لە 1973دا لەلایەن "کۆمیتەی راوێژکاریی نیشتمانی سەبارەت بە پێوەرە ستاندەرەکان و ئامانجەکانی سیستمی یاسایی تاوان"ەوە بەم جۆرە کراوە: "گەندەڵی لە پۆلیسدا بریتییە لەو چالاکییانەی کە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی پۆلیس دەگرێتەوە بە ئامانجی بەرجەستەکردنی دەستکەوتی تایبەت بۆ ئەوانەی سەر بە پۆلیسن و ئەو چالاکییانەی کە مەترسیدارن یان دەشێت مەترسیدار بن لەسەر ئەوەی کە یاسا بە بێ بەلادا داشکاندن جێبەجێ بکرێت، یان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی تر، پاراستنی چالاکییەکی نایاسایی لە دەست پۆلیس بێ گوێدانە ئەوەی کە ئاخۆ ئەو ئەندامی سەر بە پۆلیسە یارمەتیی کاروباری کەسێکی پێدەدات و هاوکات رێ لە کاروباری کەسێکی دی دەگرێت".

لێرەدا چەند پێناسەیەکی گەندەڵی هەن هەروەها هەوڵدان بۆ دیاریکردنی توخمە دەستوورییەکانی. لەم چەند لاپەڕەیەدا گەندەڵی لە دوو توخمی دەرکەوتوو پێکدێت، بوونی لە چالاکییەکی دیاریکراوداو بە شێوەیەکی هاوکاتی یان بە ئەنقەست نەبوونی چالاکی. توخمی یەکەم ئارەزووی بەدیهێنانی سوودێکی تایبەتە. هەندێك نووسەر زیاتر پێی لێدادەگرن و دەڵێن کە پۆلیس بە گشتی دەشێت گەندەڵ ببێت گەر لە سیستمی دەسەڵاتدا پلەیەکی وای دەست بکەوێت کە بیخاتە سەروو یاساوە. لەم بۆچوونەوە، کە تا رادەیەك لە بیرۆکەی بنەڕەتیی گەندەڵییەوە سەری هەڵداوە، بەرزترین ئاستی گەندەڵیی پۆلیس لە دەوڵەتێکی پۆلیسیدایە.

توخمی دووەم بریتییە لە شکاندنی رێسایەکی دیاریکراو لە رێی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی رەسمییەوە، بێگومان لەلایەن کەسێکەوە کە پلەیەکی رەسمیی هەیە.

پۆلیسێکی گەندەڵ توانای نییە دژ بە گەندەڵی بجەنگێت لە کۆمەڵگەدا، بەهەمان شێوە کۆمەڵگەیەکی گەندەڵ چالاکی وەگەڕ ناخات بۆ لەناوبردنی گەندەڵی لە هێزی پۆلیسدا. پێویستە مرۆڤ ئەو سەرنجەشی بخاتە سەر کە پۆلیس تا مەودایەکی زۆر کاریگەریی لەسەر سروشت و جۆری پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە هەیە. بەهۆی ئەو پلە تایبەتەی لە کۆمەڵگەدا، پۆلیس لە هەموو لایەکەوە دەکەوێتە بەر فشاری گەندەڵی. لە خوارەوە (لە تاوانکارانەوە)، لە لاوە (لەو هاووڵاتییانەوە کە تاوانکار نین بەڵام لە کاتێکی دیاریکراودا بەرژەوەندیی لە شکاندنی یاسادایە، لەسەریشەوە (لە دەزگاکانی شار و شارەوانی، کۆمار... تاد). ئارچیباڵد رایز، دامەزرێنەری پۆلیسی بەلگراد، ئەوەی دەرخستووە کە پیشەی پۆلیس "لەوانەیە ئەو پیشەیە بێت کە ئەندامەکانی بکەونە بەر گەورەترین فریودان". یەکێك لە هۆیەکانی ئەو فشارە ئەو راستییەیە کە مافی ئارەزووکاریی پۆلیس زۆر دەرکەوتووە چونکە زۆرجار و تا گەورەترین رادە ئەوە بەندە بەوانەوە کە ئاخۆ یاسا جێبەجێ دەکرێت یا نا.

لەبەر ئەوەی پۆلیس تا رادەیەك بە بەردەوامی قەرەبوویان پێدەدرێت بۆ ئەوەی ئەرکی خۆیان جێبەجێ ناکەن. دەتوانین بڵێین کە گەندەڵیی پۆلیس دیاردەیەکی خۆجێیە. لەگەڵ زۆربوونی تاواندا، بە تایبەتی ئەو تاوانانەی کە پەیوەندییان بە بەنگکێشانەوە هەیە، قەرەبوو پێشکەشکردن تا ئەوپەڕی زۆر دەبێت، هەرچەندە کە

www.pertwk.com

لە گەوهەردا هەر خەڵکێکی ئاسایین بەڵام هەندێکیان وەك سوپەرمان تەماشا دەکرێن و ژمارەیەکی زۆریش لە پۆلیس بەلای ئەوەدان کە خۆیان بەو جۆرە ببینن.

لەبەر ئەوەی سەرکردەی پۆلیس لە هەر ئاستێکدا بەرپرسیارە لە باری پۆلیسەکانی و کارئەنجامدانیان بۆیە بەرپرسیارە لە مەسەلەی گەندەڵیش. گەورەترین کێشەش بۆ ئەو، بڕیاردانە لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ لەو یەکەیەی ئەودا گەندەڵی هەیە. لە هەموو شوێنێك ئەم دیاردەیە هەیە، بەڵام هەمان چالاکی مەرج نییە ببێتە کارێکی گەندەڵی لە گشت شوێنێك. گەر لە شوێنێك ئەوە ئاسایی بێت کە پۆلیسێك پارەی کوپێك قاوە نەدات، ئەوە لە شوێنێك یان وڵاتێکی تر دەشێت وەك کارێکی گەندەڵی مامەڵە بکرێت.

بە گشتی گەندەڵی دیاردەیەکە بەستراوەتەوە بە کەسێکەوە. بەهەرحاڵ، حاڵەت هەیە تیایدا چالاکییە نائاساییەکان دەبنە سیمای گشت بەشەکە بە جۆرێك تەنانەت ئەفسەرە بەرپرسەکەش تیایدا بەشداری دەکات. ئەمە گەندەڵییەکی ڕێکخراوە چونکە بەندە بە هێزی پۆلیسەوە وەك ڕێکخراوێك. دوایین شت کە دەبێت بووترێت ئەوەیە کە لە هەندێك حاڵەتدا گەندەڵی دەشێت شانی بدرێتە بەر (تەنانەت هانیش بدرێت) لەلایەن گروپە سیاسییە کاریگەرەکانەوە، تەنانەت لەلایەن خودی کۆمەڵگەشەوە.

پاشان ئێمە مامەڵە لەتەك "گەندەڵییەکی ژینگەیی"دا دەکەین کە خراپترین شێوەی گەندەڵییە.

سەقامگیری و نەبوونی سەقامگیری یاخود پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان گرنگییەکی گەورەی هەیە لە سەرهەڵدانی گەندەڵیدا بە گشتی و ئینجا سەرهەڵدانی گەندەڵی لە هێزی پۆلیسدا. لە بارودۆخی ناسەقامگیریی کۆمەڵگەو دامەزراوەکاندا وا دەرکەوتووە کە بەرگری لە کاریگەریی گەندەڵی کەمترە. پۆلیس کۆمەڵگە لە تاوان دەپارێزێت، بەڵام گەر لەوە گەیشت کە تاوانکارانی گەورەو بگرە گەورەترین تاوانکاران لە لوتکەی پایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندان، ئەوسا دەتوانێت ئاراستەی ڕێڕەو یان سیستمی بەهای خۆی بگۆڕێت. دڵسۆزیی ئەو بەرامبەر بە کۆمەڵگە دەگۆڕێت یان هەر نامێنێت. لەم ڕووەوە پۆلیس دەکەوێتە هەڵوێستێکی تایبەتەوە چونکە لە گشت گروپێکی کۆمەڵایەتیی تر زیاتر ئاگاداری تاوانکاریی هەموو کەسێکە، نەك هەر تەنیا ئەوانەی کە بە ڕەسمی وەك تاوانبار دیاری کراون.

گەندەڵیی پۆلیس لە ژێر کاریگەریێتیی سروشتی سیستمی پۆلیسیشدایە. هەڵوێستێك کە لەنێو شارەزایانی پۆلیسدا بڵاوە ئەوەیە کە سیستمێکی لێکدابڕاوی پۆلیس کە تیایدا هێزی پۆلیسی ناوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکاندایەو تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیە لە ئامرازی پۆلیسی نێوەندی، بەوە گەشەکردنی گەندەڵیی پۆلیس ئاسان دەبێت. ئەمریکا کراوەتە نموونەو لە ئەوروپاشدا هۆڵەندەو بەلچیکاو سویسرا. (ئەوە دژبەیەکییە کە ئەو سیستمانەی وا باس دەکرێن تا ڕادەیەکی زۆر لەبارن بۆ گەندەڵی و لەوەدا ناکاران، لە هەمان کاتدا وا باس دەکرێن کە دیموکراتین. ئەمەش پرسیارێك قوت دەکاتەوە: ئاخۆ دەشێت سیستمێکی پۆلیسی بە دیموکراتی دابنرێت یان نا، گەر بێت و تۆوی گەندەڵی ناکارایی تێدابێت؟). لەگەڵ ئەوەشدا گەندەڵی دەشێت لەو سیستەمەدا هەبێت کە پێی دەوترێت سیستمی بەنێوەندکراوی پۆلیس، جیاوازییەکە لەوەدایە کە لەم حاڵەتەیاندا ئەوە ڕەچاو دەکرێت کە بە شێوەیەکی گشتی گەندەڵی خۆی ناهاوێتە ئاستە بەرزەکە. بەڵام گەر گەندەڵی تێکەوت ئەوسا ناتوانرێت ڕێ لە بڵاوبوونەوەی بگیرێت بەناو گشت دەزگاکەدا کە ئەمەش ئەو مەسەلە فۆلکلۆرییە ئاکارییە دەسەلمێنێت کە دەڵێت: ماسی لە سەرییەوە بۆگەن دەکات.

گەندەڵیی پۆلیسی سربیا:

ئەمە بارودۆخی سربیا بوو بەر لە رووخانی رژێمی میلۆسۆڤیچ، رژێمەکە سزا نێودەوڵەتییەکانی کردبووە بیانوو بۆ گشت ئەو هەڵبژاردەکارییەی کە لە لێکدانەوەو جێبەجێکردنی دەستوورو یاسادا دەیکرد. سیستمێکی ناڕوون بەهۆی جۆرەها کاری کاتی کە حکومەتی کۆمار یان فیدراڵ دەیانگرتە بەر هێندەی تر تەمومژاوی ببوو. بەرزبوونەوەی ئارەزوو بۆ خۆدزینەوە لە پارەی زۆری گومرگ کە ئەمەش بووە هۆی زۆربوونی گەندەڵی چونکە ئەو گروپانەی پەیوەندییان بە مەسەلەکەوە بوو هەوڵی ئەوەیان دەدا کە خۆیان لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە بەدەرکەن.

لەگەڵ ناڕوونیی سیستمەکەشدا کە دەتووت لە پشت پەردەیەکی ئاسنەوەیە کۆماری یۆگۆسلاڤیا تەنانەت لەو کاتەشدا ئاگاداری بڵاوبوونەوەی گەندەڵی بوو. لەمەشدا چالاکیی هێزە دیموکراتەکانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشدارییان هەبوو، هەروەها ئەزموونی بەردەوامی رۆژانەی ئەو هاووڵاتییانەی کە پەیوەندییان لەتەك فەرمانبەرانی دەوڵەتدا بوو.

ئێستا تەواو بەڵگە هەستپێکراوەکانی ئەو مەودا تۆقێنەرو ناوەرۆکەی گەندەڵیو تاوانی رێکخراو ئاشکرا بوو کە دەوڵەتو پێکهاتەکانی تر بەشدارییان تیا کردووەو هەمووشیان لە ژێر کۆنترۆڵی حیزبە فەرمانڕەواکانی ئەوسادا بوون. جەماوەر لەوە ئاگادار نەبوون کە هیچ کەسێك سزا درابێت بەهۆی بەرتیل وەرگرتنەوە هەرچەندە ئەو کارە بە تاوان دانرابوو[11]. لە هەمان کاتدا تاوانەکارێکی نێودەوڵەتییە چونکە دەکەوێتە بەر ئامرازە نێونەتەوەییەکان چ ماددی بێت (بۆ نموونە یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناوی یاسای هەڵسوکەوت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی یاسا)، یاخود رەسمی بێت (رێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە تاوانی سەراپا جیهانیی رێکخراو کە لە کۆتایی 2000دا لە پالێرمۆ ئیمزا کراوە، رێکەوتننامەی یەکێتیی ئەورووپا سەبارەت بە جەنگان دژ بە گەندەڵی کە فەرمانبەرانی دەستە ئەورووپاییەکان یان فەرمانبەرانی دەوڵەتە ئەندامەکانی یەکێتیی ئەورووپا دەگرێتە خۆ).

زانیارییەکی راستو دروست نییە سەبارەت بە گەندەڵی بە شێوەیەکی گشتی، هەمان شت راستە هێندەی پەیوەندیی بە گەندەڵیی هێزی پۆلیسی سربیاوە هەبێت. بەهەرحاڵ، لەبەر ئەوەی دەوڵەتەکەمان یەکێکە لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان، گومان لەوەدا نییە کە پۆلیسمان دەستی بۆ نەبرابێت. هەروەها ئەوەش ئاشکرایە ئەوانەی لە ریزی پۆلیسدا لە لوتکەی سەرەوەی پلەوپایەدان (یان خێزانەکانیان) لەو مووچانەوە دەوڵەمەند نەبوون کە وەریان گرتووە. گەندەڵی لەم جۆر یا ئەو جۆر سەرچاوەی سەرەکیی سامانی نوێیان بووە. بێگوێدان بەوەی ئاخۆ ئەو گەندەڵییە نادیارە، چالاکە، هی تاکەکەس یا رێکخراو بووە، یاخود "گەندەڵییەکی ژینگەیی" بووە، بڕوایەکی فراوان هەبوو کە پۆلیسی سربیا بە تەواوی گەندەڵە.

بەهەرحاڵ جەماوەر نەیدەزانی ئاخۆ وەزارەتی کاروباری ناوخۆی سربیا چ کارێکی پێویستی ئەنجام داوە بۆ مامەڵەکردن لەتەك گەندەڵیداو بۆ سەرکوتکردنی. بەمجۆرە چالاکییەکانی بەشەکانی کۆنترۆڵکردنی ناوخۆ کە لە وەزارەتی کاروباری ناوخۆی سربیادا هەبوو بە پەردەیەکی نهێنی رووپۆش کرابوو. ئەمە بە تەواوی

---

(11) یاسای سزای كؤماری یۆطۆسلاظیای فیدرالأ بەندی 179 (بەرتیل وەرطرتن) هەروەها یاسای سزای كؤماری سربیا بەندی 254 (بەرتیل وەرطرتن)ء بەندی 255 (بەرتیلدان). هەندیَك تاوانی دیكەش دەطریَتەوە كە دەكەویَتە دووتویَی ضەمكی طەندەلَییەوە. لە كاتی طؤڕینء ضاككردنی یاسای سزا لەوانەیە كاریَكی بەسوود بیَت كە طەندەلَی وەك كاریَكی تاوانكاریی تاكەكەس تەماشا بكریَت، لەسەر بنەمای ثیَناسە نیَودەولَەتییەكە.

www.pertwk.com

کاریگەریی ئەو کارانەی کەم کردەوە کە لەوانەیە دژ بە گەندەڵی ئەنجام درابن. خۆ ئەگەر ئەو کارانە بووبن و ئاشکرا نەکرابن، ئەوا هیچ کاریگەرییان لەسەر بیروبۆچوونی جەماوەر نەبووە.

ئاستی کۆمەڵایەتی و دارایی هێزی پۆلیس توخمێکی گەلێك گرنگە لە مەسەلەی گەندەڵیی پۆلیسدا. تەنانەت ئەرەستۆ جەخت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی دەکات، کاتێك باس لەوپەڕی بێزاربوون لە خزمەتگوزاری دەکات کە لە سەرەتادا هەر لە کۆیلەکان پێکهاتبوو، لە کاتێکدا کە ئەسینایییە ئازادەکان گاڵتەیان بەو پیشە نوێیە دەهات. بە گشتی بیروڕای لەم جۆرە لەمڕۆشدا ماوە. گەر ئەو ئاستە کۆمەڵایەتییە پارەپێدانێکی ناتەواویشی بێتە پاڵ، ئەوسا پۆلیس زۆر لێقەوماو دەبێت و دەشێت تووشی گەندەڵی ببێت.

بەر لە سەرەتای ساڵی 1998 (کاتێك کوشتاری چەکدارانە پەرەی سەند)، دامەزراندن لە ریزی پۆلیسی سربیا لە کۆسۆڤۆ زۆر باوبوو و خەڵکی هەوڵیان بۆ دەدا. ئەوانەی کە سەر بە وەزارەتی کاروباری ناوخۆ بوون، نەك هەر زێدەمووچەیەکی تایبەتیان وەردەگرت (کە ئەمە شتێکی ئاساییە)، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی بە بڕێکی زۆری پارەو شتومەکی تری بەنرخەوە لە کۆسۆڤۆ دەگەڕانەوە. ئەوەی جێی نیگەرانی بوو، بەشێك لەو شتومەکانە لە شێوەی بەرتیلدا لەو ئەلبانیانە وەرگیرابوون کە پێویستیان بە تۆمارکردنی ئوتومبێل یان مۆڵەتی لێخوڕین، بڕوانامە بۆ کڕین یا فرۆشتنی شتێك یان هەرجۆرە چالاکییەکی دی بوو. گەندەڵیی پۆلیس کاریگەریی گەورەی لەسەر توانای ئەم دامەزراوە هەیە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە پێی سپێرراوە و ئەو کاریگەرییەش دەشێت راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت. کاریگەریی راستەوخۆ کرۆکی گەندەڵیی پۆلیسە: وەك پێویست کاردانەوەی نابێت لە بەرامبەر شکاندنی یاسا و رێساکاندا. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، گەندەڵی کاریگەرییەکی نێگەتیڤی هەیە لەسەر توانای پۆلیس بە جۆرێکی وا کە پۆلیس زیاتر جێی رەخنە بێت، تەنانەت زیاتر لەوەی کە شیاوێتی. تەنانەت گەر گەندەڵیی پۆلیس دیاردەیەکی تا رادەیەك سنووردار بێت، لە دەزگاکانی میدیادا تایبەتمەندییەکی ناسکی هەیە و بەو هۆیەشەوە کاریگەرییەکەی چەندبارە زۆرتر دەبێت.

زانیاریی دەربارەی گەندەڵیی پۆلیس تەنیا هەر لە رێی میدیاوە بڵاو نابێتەوە. ئەگەر پۆلیسێك یان دەورییەکی پۆلیس هەموو رۆژێك لە چێشتخانەیەك نان بخۆن و پارە نەدەن، خەڵکەکەی تر کە بۆ نانخواردن لەوێن بە گومانەوە دەگەنە ئەو سەرەنجامەی کە خاوەن چێشتخانەکە بێباکە لەوەی کە شتێکی رێپێنەدراو بکات یان لە راستیدا ئێستا کردوویەتی. قسە لە بارەی ئەمەوە بڵاو دەبێتەوە و وتی وتییەکەش هەر تەنیا ئەو تاکە پۆلیسە ناگرێتەوە بەڵکو گشت هێزی پۆلیس. لە سربیا دەزگا هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە وتی وتییە. زۆرجار هاووڵاتییان دەتوانن ئەوە ببینن کە پۆلیسێك بە گەرمی چۆنوچاکیی کەسێك دەکات کە لە جیهانی خراپەکاریدا ناسراوە و سەر بە بازاڕی رەشە.

زۆرجار، گەر نەڵێین زۆربەی جار، گەندەڵی پەیوەندیی بە شکاندنی یاسای هاتوچۆوە هەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ئەوە رووداوێکی رۆژانەیە. هیچ کاتێك پۆلیس کارێکی رێلێگرانەی نەکردووە لە رێی ئاگادارکردنەوەی شۆفێرەکان یان بەربەستکردنیان بەر لەوەی یاسا بشکێنن و هەڵوێستێکی ترسناك بۆ خۆشیان و بۆ خەڵکیش بهێننە گۆڕێ. بە شێوەیەکی گشتی، پۆلیس لە بەرامبەر شوێنی هەڵوێستە ترسناکەکەدا هەڵوەستەی دەکرد. پاشان پارەی سزای هاتوچۆ لە یاساشکێنەرەکان کۆ دەکرایەوە و زۆرجاریش رێکەوتن دروست دەبوو، شۆفێرەکە هەندێك کەمتری لە بڕی پارەی سزاکە دەداو دەیدا بە پۆلیسەکە بە بێ ئەوەی قەواڵە (وصل) بۆ پارەکە بکات. سەرەڕای ئەوە دەرکردنی تۆمارکردنی ئوتومبێل بە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی یاسایی

سەبارەت بە بنەڕەتو ڕەسەنیی ئوتومبێلەکە هەبێت کە ئەمەش هۆیەکی باوە بۆ بەرتیلدانو بەرتیل وەرگرتن لەلایەن ئەوانەی سەر بە وەزارەتی کاروباری ناوخۆن.

گەندەڵیی پۆلیس بەندە بە ئابووریی ڕەشەوەو لە کاتی جیاوازییە گەورەکانی نێوان نرخی گۆڕینەوەی دینار لە بازاڕی ڕەسمیو بازاڕی ڕەشدا، ئەوانەی سەر بە وەزارەتی کاروباری ناوخۆ بوون ڕۆڵی بازرگانیی پارەی بازاڕی ڕەشیان دەبینی. لە سەردەمێکی ساڵانی نەوەدەکاندا ئەوان یەك دوو ڕۆژ بەر لە گشت فەرمانبەرانی دی (بەر لە خانەنشینەکانیش) مووچەکانیان بە دینار وەردەگرتو بە نرخێکی باش پارەی بیانییان پێدەکڕی (چونکە دینار لای هاووڵاتییان نەبوو). هەر هێندەی نرخی پارەی بیانی سەردەکەوت، بەو نرخە بەرزە نوێیە دەیانفرۆشتەوە. ئەو پۆلیسانەی بەشداری لە پارەکێشانەوە یان "پاراستنی" چێشتخانەو کۆگاکاندا دەکەنو بۆ ئەم خزمەتگوزارییانەش لەگەڵ ئەو تاوانکارانەدا پارەکە بەش دەکەن کە لەلایەن خاوەنە پارەلێکێشراوەکانەوە پێیان دراوە. ئەندامانی پۆلیسی سربیا بە شێوەیەکی پراکتیك هەندێك خاوەن دوکانی بچوکیان ناچار کردووە کە ئیمزای هاوبەشبوون لە بەشێکی دوکانەکەیاندا بکەن تاوەکو لە پارەکێشانەوە پارێزراو بن. ئەم جۆرە تاوانبارکردنە ئاشکرا دەکران (هەرچەندە هەموو کاتێك وەك پێویست ڕاستو دروست نەبوو)و هەرگیز نکوڵییان لێنەدەکراو هیچ کەسیش لە بەرامبەریاندا بەرپرسیار نەدەکرا.

لە کاتی کەمیی گازۆیلدا هەندێك پۆلیس "ئیستگەی گاز"ی خۆیان هەبوو، ئەوان تانکەری گازیان پەیدا کردبوو بۆ پەیوەندکاران لەتەك "لە دەرەوەهێنەران"ی سەر بە کۆمپانیا حکومەتی یان گشتییەکاندا. ئەو پەیوەندکارانە بەشێك لە داهات (دەستکەوت)ەکەیان وەردەگرت کە لە جیاوازیی نرخی هێنانو نرخی فرۆشتنەوەدا بوو.

پۆلیسی سربیا خراپ بەکارهێنرا بۆ ئەوەی چالاکییە نایاساییەکان کە لەلایەن کەسانێکەوە یاخود کۆمپانیا گشتییەکانەوە کە پەیوەندییان بە لە دەرەوەهێنانی گازۆیل، جگەرە... تاد، هەبوو ئاسان بکەنو بیشارنەوە. ئەمەش بە شێوەیەك ئەو ڕاستییە هاندەری بوو کە تاوەکو گۆڕانکارییە دیموکراتییەکانی ساڵی 2000 کۆماری یۆگۆسلاڤیای فیدراڵ لە ژێر نەهامەتی کەوتنە بەر جۆرەها سزای نێودەوڵەتیدا بوو کە بە شێوەیەکی دیار بەشداری لە ڕووخاندنی ئاکاری جەماوەرو سیستمی ئەو بەهایانەدا کرد کە پەرەسەندنی تاوانیان کەم کردبوو.

سەرباری کارە پارێزەرەکانی ناو یاسای سزایی، سزای کردارەکانی گەندەڵی لەو یاسایانەدا پێشبینی دەکرێت کە چالاکییەکان پۆلیس ڕێك دەخات. یاسای مەسەلە ناوخۆییەکانی سربیا (بەندی 50) ئەوە وەك شکاندنێکی ترسناکی پابەندێتی بە کارو ئەرکەکانەوە دیاری دەکات کە کەسێك بەهۆی پەیوەندیی کارەکەیەوە شتێکی تایبەت یان سوودێکی دارایی بۆ خۆی یان کەسێکی دی بە شێوەیەکی نایاسایی بەدەست بێنێت. بە شێوازێکی هاوچەشن شاردنەوەی شکاندنە گەورەکانی پابەندبوون بە کارو ئەرکەکانەوە کە لەلایەن سەرووکارە ڕاستەوخۆکانەوە شارەزایانە ئەنجام دەدرا.

نەبوونی متمانە بە پۆلیس:

لە ڕووپێوێکی ساڵی 1994دا کە لەلایەن زانکۆی کراوەی سەبۆتیکاوە ئەنجام درابوو، پۆلیس سەبارەت بە متمانە لەلایەن جەماوەرەوە پلەی سێیەمی بەرزی هێنابوو لە دوای کەنیسەو سوپا.

www.pertwk.com

خشتەی 4 – 1

متمانەی جەماوەر بە پۆلیس (٪)

شوێن	زۆر	ناوەند	کەم	نییە	نازانم
سربیا	21.5	22.2	17.5	31.8	7.7
مۆنتینیگرۆ	29.3	21.3	13.8	7.7	17.9

خشتەکە جیاوازییەکی گەورە لە بیرورا سەبارەت بە پۆلیس لە سربیا و مۆنتینیگرۆ نیشان دەدات. لە سربیا تەنیا 43.7٪ی ئەوانەی رایان وەرگیراوە متمانەیەکی زۆر یان ناوەندییان بە پۆلیس هەیە. لە مۆنتینیگرۆ ئەو رێژەیە تا رادەیەك بەرزتر بوو (60.5٪) لەنێو یانزە لەو دامەزراوانەی کە رووپێوەکەیان لە بارەیەناوە کرابوو (حکومەت، پەرلەمان، سەرۆك کۆمار، دادگای دەستووری، سوپا، پۆلیس، پەروەردە، کەنیسە، خزمەتگوزاریی تەندروستی، راگەیاندن، یەکێتییە کرێکارییەکان) پۆلیس لە پلەی سێیەمی گروپی ئەو دامەزراوانەدا دانرابوو کە متمانەیەکی زۆریان هەیە (لە دوای سوپا و کەنیسە). لەگەڵ ئەوەشدا، هاوکات پۆلیس لە سربیا پلەی چوارەمی بەدەست هێنا لە گروپی ئەو دامەزراوانەدا کە هیچ متمانەیەکیان پێنەدرابوو (لە دوای پەرلەمان، یەکێتییە کرێکارییەکان، راگەیاندن – میدیا –).

توێژینەوەیەکی ئەزموونگەری لە 1996دا لە بەلگراد ئەنجام درا (نیکۆلیچ ریستانۆڤیچ) 42.4٪ی وەڵامەکان نێگەتیڤ بوون سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئاخۆ پۆلیس کارایە لە جەنگان دژ بە تاواندا، هەروەها 31.5٪ی ئەوانەی رایان وەرگیرابوو بە "نازانم" وەڵامیان داوەتەوە. 72.1٪ی تر لەوانەی کە رایان وەرگیراوە ئەوەیان راگەیاندووە کە ئەوان قوربانیی تاوانی ئاسایی بوون لە نێوان ساڵانی 1991 – 1996داو تەنیا سێیەکێکیان سەریان لە پۆلیس داوە سەبارەت بەو تاوانانە.

بە زۆری هۆی تۆمارنەکردنی شکات لەلای پۆلیس لەو بڕوایەوە بووە کە "پۆلیس هیچ ناکات". لە هەمان کاتدا زۆربەی ئەوانەی شکاتیان تۆمار کردووە، ئەو شێوازە کارکردنەی پۆلیسیان بەدڵ نەبووە لەمەڕ شکاتەکە. رێژەی ئەوانەی کە بەدڵیان نەبووە لە سنووری نیوە (بۆ دزی) و سێ چواریەك (بۆ دەستدرێژیی سێکسی). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە، بۆ نموونە، لە 100 قوربانیی دزی تەنیا 15یان ئەو شێوە یارمەتییەی پۆلیسیان بەدڵ بووە سەبارەت بەو هەڵوێستە ناسکەی کە خۆیان تیا دیوەتەوە.

رووپێوێکی بەناوبانگ لە ناوەڕاستی ساڵی 1997دا لە سربیا ئەنجام دراو ئەوەی نیشان داوە کە 84٪ی ئەوانەی کە دەنگیان وەرگیراوە بڕوایان وایە کە لەم وڵاتەدا تاوانی رێکخراو هەیەو هەروەها ئەوان هەست دەکەن بە راستی لە رووی سایکۆلۆژیو داراییەوە لە مەترسیدان. تاوانی رێکخراو، بە پێناسەکەیدا هەمیشە بەشداریی دەزگاکانی دەوڵەت دەگرێتەوە لە چالاکییە نایاساییەکاندا. بە پێی ئەو توێژینەوە ئەزموونگەرییەی لە ساڵانی 1996و 1997دا ئەنجام درا (سلاڤۆیڤیچ) بڕوانەبوونی هاووڵاتییان بە پۆلیس بەردەوام لە زیادبووندایە. لە کاتێکدا کە لە نیوەی دووەمی ساڵی 1993دا جیاوازیی رێژەی ئەوانەی کە بڕوایان بە پۆلیس نەبوو (50٪) و ئەوانەش کە متمانەیان هەبوو (44٪) تەنیا (– 6) بوو. لە ساڵی 1996دا جیاوازییەکە گۆڕدرا بۆ (– 18). لە

1997دا جیاوازییەکە لە دوو هێندە تێپەڕی کرد: نزیکەی دوو سێیەکی هاووڵاتییان (61٪) بێ متمانەییان دەربڕیوەو کەمتر لە سێیەك (31٪) متمانەیان هەیە، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە جیاوازیی نێگەتیڤ 30 بوو. لە 1997دا جیاوازییەکی نالەباری گەورەتر تۆمار کرا، تەنیا لە ئۆکرانیا (– 40)و لە بێلاڕووسیا (– 47)و لە بۆلگاریا (– 50). لە مۆنتینیگرۆ هەمدیسان جیاوازییەکە نێگەتیڤ بوو بەڵام برەکەی (– 11) بوو. لە کۆماری چیك (– 9)و لە کرواتیا (سفر) بوو. لە سلۆڤاکیا جیاوازییەکە پۆزەتیڤ بوو (+1) هەروەك ڕۆمانیا (+ 2)، هەروەها لە هەنگاریا جیاوازییە پۆزەتیڤەکە (+ 17) بوو. لە کاتێکدا لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا هێزی پۆلیس بریتییە لە دامەزراوەیەکی بەهێزی یەکگرتوو، پۆلیس لە سربیادا خۆی لە ڕیزی دەزگا نایاساییەکاندا دەبینێتەوە کە بە شێوەیەکی نایەکگرتوویی کار دەکەن.

ڕووپێوێك کە لە کانوونی دووەمی 2001دا لە سربیا ئەنجام دراو وەك بەشێك لەم پرۆژەیە لە بەشی سێیەمدا بە تەواوی خراوەتە ڕوو و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، لەبەر ئەوە لێرەدا تەنیا بە کورتی لە هەندێك لە دەرەنجامەکان ورد دەبینەوە کە سەبارەت بە پۆلیسە. لەناو ئەو پرسیارانەی لەو کەسانە کرابوون کە ڕاپرسییان پێکرابوو پرسیارێکیان داوای ئەوەی لێکردبوون کە ناوی یەکێك لەم هەشت دامەزراوانە (سوپا، کەنیسە، پەروەردە، سەرۆکی کۆماری یوگۆسلاڤیای فیدراڵ، ئاگاداریی تەندروستی، ئەکادیمیای زانستو هونەری سربیا، حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان، پۆلیس) یەکێکیان دیاری بکەن کە لە هەموویان زیاتر جێی متمانەن. تەنیا 2٪ی ئەوانەی ڕایان وەرگیرابوو وتبوویان کە پۆلیس لە هەموویان زیاتر جێی بڕوایانەو پۆلیس خرابووە دوایین پلە کە هەشتەمە.

هۆیەکانی بێ بڕوایی هاووڵاتییان بەرامبەر پۆلیس جیاوازن، کاریگەریی سیاسەت لەسەر پۆلیسو سەرنەکەوتنی لە چارەسەرکردنی چەند کێشەیەکی یەکجار گرنگی کوشتن بێگومان بڕوای هاووڵاتییان بە هێزی پۆلیس کەم دەکاتەوە. بێگومان زانینو بڕوایان سەبارەت بەوەی کە پۆلیس گەندەڵە یەکێکە لە گرنگترین دەرەنجامەکانو پێدەچێت لە هەموویان گرنگتر بێت.

بڵاوبوونەوەو قووڵیی ڕەگی گەندەڵی یەکێکە لە وێرانکارترین جۆری تاوان. ئەی کەواتە چۆن دەشێت هاووڵاتییان متمانە بە خزمەتگوزارییەك بکەن کە ئەم دیاردەیە تەواو کاریگەریی لەسەر کردبێت؟ لەبەر ئەم هۆیەیە کە ڕووپێوە نوێیەکان داڕمانی متمانە بە پۆلیسی سربیاو یوگۆسلاڤیا دووپات دەکەنەوە. لەناو ئەو دامەزراوانەی کە بابەتی ڕووپێوەکە بوون، ئەوانەی ڕایان وەرگیراوە دەزگای پۆلیسو پۆلیسیان داناوە بە پلەی دووەم یان سێیەم، یەکسەر لە دوای یان لە پێش دادگاکانەوە.

لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە بیروڕایان لەمەڕ مەودای گەندەڵی لە هێزی پۆلیسدا، 76٪ی ئەوانەی ڕایان وەرگیرابوو لەو بڕوایەدا بوون کە ئەو دیاردەیە زۆر یان گەلێك زۆرە لەو بوارەدا. خزمەتگوزاریی گومرگ بە پلەی یەکەم بوو بە ڕێژەی 84٪و دادگاکانیش سێیەم بوون بە 75٪.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری "گەندەڵی لە کوێ زۆرترین بڵاوبوونەوەی هەیە؟" 12.4٪ وەڵامەکانیان "لەناو پۆلیسدا"، لە کاتێکدا کە 31.4٪ وتبوویان لە خزمەتگوزاریی گومرگداو 12.3٪ بڕوایان وایە کە گەندەڵی زۆرترین بڵاوبوونەوەی لە دادگاکاندایە. بۆ وەڵامی پرسیارێکی پێچەوانە "لە کوێ گەندەڵی کەمترین بڵاوبوونەوەی هەیە؟" تەنیا 0.6٪ی ئەوانەی ڕایان وەرگیرابوو وتوویانە لەناو پۆلیسدا. خراپترین پلە بۆ خزمەتگوزاریی گومرگو دادگاکان دانرابوو (0.5٪ بۆ هەریەکێکیان) هەروەها بۆ سێ دامەزراوەی تریش.

کاتێك پرسیاری ئەوەیان لێکر تا چ مەودایەك ئەندامانی هەندێك لە پیشەکان لە گەندەڵییەوە گلاون، پۆلیس لەلایەن 62٪ی ئەوانەی رایان وەرگیرابوو هەڵبژێررابوو. لەگەڵ ئەوەشدا 23٪ی ئەوانەی رایان وەرگیرابوو بڕوایان وابوو کە گشت ئەندامانی پۆلیس بەشدارن لەو گەندەڵییەدا، هەروەها 39٪ بڕوایان وایە کە لەو رووەوە ئێمە مامەڵە لەگەڵ زۆرینەیاندا دەکەین. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پلەی یەکەم بۆ بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا سۆشیالەکان دانرابوو (32٪ + 45٪)، پلەی دووەمیش بۆ فەرمانبەرانی گومرگ (40٪ + 35٪). کەوابوو پۆلیس دیسان خرایە پلەی سێیەم. لە کۆتاییدا هاووڵاتییان بڕوایان وایە کە هێزی پۆلیس تا ئەوپەڕی گەندەڵە لە پەیوەندییاندا بە داهاتی گشتی (دەوڵەت)ەوە، هەرچەندە هەندێك کەمتر لە کارە گشتییەکان (تێکڕایی 4.16) یاخود ئاگاداریی تەندروستی (تێکڕایی 4.11). تێکڕایی بۆ هێزی پۆلیس (4.04)ە.

پۆلیسی سربیا زۆر گەندەڵە، کە ئەمەش دەرەنجامێکی گەلێك نێگەتیڤی هەیە لە جێبەجێکردنی یاساو لە سەرکوتکردنی گەندەڵیدا. کاتێك کە ئەو دامەزراوەیەی ئەرکەکەی پاراستنی یاساو یاساپەروەرییەو دەبێت دژ بە گشت جۆرە تاوانێك بجەنگێت، بە گەندەڵیشەوە، کە خۆی خراپ تووشی ڤایرۆسی گەندەڵی بووبێت، ئەوسا زۆر گرانە چاوەڕوانی ئەوەبین کە لە بوارو دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەدا شوێنی چاکسازی ببێتەوە. ئەو هەوڵە کەمەی پۆلیس هاندەرێك بۆ هاووڵاتییان و خاوەن پرۆژە تایبەتەکان دابین دەکات کە یاسا بشکێنن، یاخود بە فرتوفێڵ کارەکانی خۆیان مەیسەر بکەن.

گەندەڵی لە خزمەتگوزاریی گومرگدا:

گەر بازرگانێك کە شت لە دەرەوە دەهێنێت پارەی گومرگ نەدات یان بڕی پارەی تەواو نەدات، ئەمە وا دەکات کە دەستکەوتی دەستگیر ببێت. بازرگانەکانی تر کە گومرگ دەدەن، هاوکێشەیی نرخی شمەکە هێنراوەکان، بە پێی ئەو جۆرە تێچوونە گشتییە دروست دەبێت (نرخی کڕین بە پێی رەسمی گومرگ زیاد دەبێت). لەبەر ئەوەی نرخی تێچوونی ئەو کەمترە (کەم بووە بەهۆی ئەو بڕە رەسمی گومرگەی کە نەیداوە)، جیاوازیی نێوان ئەو تێچوونانەو نرخە هاوکێشەیی شمەکەکە دەبێتە دەستکەوت بۆی. لەبەر ئەوە هەموو شمەکهێنەرێك هاندەرێکی هەیە کە پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی خۆی لە پارەدانی رەسمی گومرگ بدزێتەوە یاخود پەنا بباتە بەر گەندەڵی تاوەکو شمەکەکانی لە پارەی رەسمی گومرگ رزگار بکات. پارەی نەدراوی رەسمی گومرگ (چ هەمووی بێت یان بەشێکی) راستەوخۆ دەبێتە هۆی دروستبوون و دەستگیربوونی دەستکەوت.

ئەنجامەکانی راوەرگرتنی جەماوەر، هەروەها رووپێوی ئەزموونەکانی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان ئەوە دەردەخەن کە خزمەتگوزاریی گومرگ وەك گەندەڵترین خزمەتگوزاریی دەوڵەت تەماشا دەکرێت. ئاسەواری چەند ساڵەی خزمەتگوزاریی گومرگ لای حکومەتی فیدراڵ لەژێر رابەرایەتی (میهالی کێرتین)دا بە ئاشکرا کۆمەڵێك ئەنجامی هێنایە دی کە ناتوانرێت بە ئاسانی لەناو ببرێن. لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا یەکێتییەك لە نێوان خەڵکی یان کۆمەڵە کەسانێك کە سەر بە خزمەتگوزاریی گومرگن لەگەڵ خەڵکانێك کە سەر بە پۆلیسن لە هەردوو بەش خزمەتگوزاریی ئاسایشی جەماوەرو خزمەتگوزاریی ئاسایشی دەوڵەتدا دروست بوو. لە گشت شوێنەکانی دەرچوون لە سنووردا سەرەڕای فەرمانبەرانی گومرگ ئەفسەرانی پۆلیسیشی لێیە بە بەرگی رەسمی و بە بەرگی ئاساییشەوە. پۆلیس کۆنترۆڵکردنی پاسپۆرت ئەنجام دەدات و ئاسایش لەو شوێنی لە سنوور دەرچووندا

www.pertwk.com

دەپارێزێت. لەبەر ئەوە ئەنجامدانی هەر جۆرە گەندەڵییەك بە تایبەتی لە بواری خزمەتگوزاریی گومرگدا، پێویست بە بەشداریی پۆلیس دەكات. خۆ گەر ئەوان بەشداری نەكەن دەتوانن زۆر بە ئاسانی رێ لە زۆربەی خراپەكارییەكانی گومرگ بگرن. سەرەڕای ئەوە بوونی هێزی پۆلیسی پاك و كارا لەسەر سنوور دەبێتە نیشانەیەك بۆ ئەفسەرانی گومرگ كە خۆیان لە گەندەڵی نەگلێنن، یاخود پرۆسەكاری گومرگ بە ئەنقەست بكەنە بەرەڵایی.

ئەو یەكێتییەی نێوان گومرگ و پۆلیس لە گەندەڵیدا كە لای سەرەوە ناوبرا، ئەو راستییە گەورەی دەكات كە ئەو دوو خزمەتگوزارییە لەسەر سنوور بواری ئەركەكانی خۆیان جیا نەكردۆتەوە. ئەو تێكەڵبوونەی كارەكان، بەهۆی دانانی "میهالی كێرتیز"ەوە بە بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی گومرگی فیدراڵ، زۆرتر بوو. كێرتیز بڕواپێكراوی ئاسایشی دەوڵەت بوو، لەبەر ئەوە هەر بە گەیشتنی دەستتێوەردانی پۆلیس لە پرۆسەكاری گومرگ زۆرتر بوو بە تایبەتی لەلایەن خزمەتگوزاریی ئاسایشی دەوڵەتەوە. سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەكی زۆر لە ئەفسەری تازە دامەزراوی گومرگ یان راستەوخۆ لە ئاسایشی دەوڵەتەوە دەگوێزرانەوە بۆ ئەوێ یاخود ناڕاستەوخۆ ئەوانە بوون كە پەیوەندییان بە ئاسایشی دەوڵەتەوە هەبوو (بۆ نموونە ژنە هاوسەرانی ئەفسەرانی ئاسایشی دەوڵەت).

گەندەڵیی ئەفسەرانی گومرگ (پێكەوە لەگەڵ گەندەڵیی هاوڕێكارانیاندا لە هێزی پۆلیس)، یاخود میكانیزمەكانی گەندەڵی، كە بە ئامانجی نەدانی رەسمی تەواوی گومرگە، بە واتایەكی دی بۆ سوود بەدەستهێنانە، دەشێت گەلێك شێوەی هەبێت.

یەكەم، نەبوونی تۆماری لە دەرەوەهێنان (شت دەربازكردن) كە بریتییە لە چاكترین چارەسەر بۆ لە دەرەوەهێنەرەكە (بە تەواوی بەدەربوون لە رەسمی گومرگ). ئەم شێوازە لە هەموو ئەوانی تر جێبەجێكردنی گرانترە، لەبەر ئەوەی دەبێت ژمارەیەك ئەفسەری گومرگ گەندەڵ بكرێن، یاخود تۆڕێك لە ئەفسەری گەندەڵ دروست بكرێت (پۆلیس و گومرگ) و كار بەشكردن لە نێوانیاندا یەكلا بكرێتەوە. لە سربیا دەربازكردنی شمەك یاخود بە شێوەیەكی پراكتیكی دەربازبوون لە گومرگ بە لۆرییە شمەكەوە زۆرجار لە شوێن دەرچوونی سەر سنوور لە "هۆرگۆش" رووی داوە بەهۆی ئەو رەنگرێژییە تایبەتەی لە سنوور دەرچوون. میكانیزمەكە لەسەر بناغەی گەندەڵیی ئەو ئەفسەری پۆلیسەیە كە یەكەم جار لە شوێنی دەرچوون لە سنوور تووشی لۆرییەكە دەبێت و لەبری ئەوەی بینێرێت بۆ گۆڕەپانی وەستان بۆ پاكتاوكردنی گومرگ، ئەفسەرەكە راستەوخۆ دەینێرێت بۆ رێگە سەرەكییەكە. لەبەر ئەوەی ژمارەیەكی زۆر شایەت (ئەفسەر) لەوێن، پێویست بە هاوكاریی ئەوانیش دەكات، بە واتایەكی دی تێهەڵكێشكردنیان لە زنجیرەی گەندەڵیدا. لەبەر ئەوەش كە دەربازكردنی ئۆتومبێلەكە ئەوە دەگرێتە خۆ كە شۆفێرەكە هەموو بەڵگەنامەیەكی پێویستی پێ نییە گەر دواتر لەسەر رێدا وەستێنرا، دەبێت ئەوە بە گریمانە وەربگیرێت كە لەم زنجیرە گەندەڵییە زۆر ئەگەری ئەوە هەیە كە پۆلیسی هاتوچۆ یان ئەو دەورییانەی كە لۆری بۆ پشكنین و داواكردنی بەڵگەنامەكان رادەگرن بگرێتە خۆ. زۆرجار بۆ خۆدزینەوە لە كۆنترۆڵی پلێتی مۆڵەت دادەنراو فەرمانی رەزامەندیی ساختە بۆ گواستنەوە بەكار دەهێنرا.

لەبەر ئەو هۆیانە ئەم جۆرە گەندەڵییەی ئەفسەرانی گومرگ، هەرچەندە زۆر بەكەڵكە بۆ بازرگانە لە دەرەوەهێنەرەكان، زۆركەم بەكار هاتووە بە بەراورد لەگەڵ جۆرەكانی تری گەندەڵیدا كە دواتر باسیان لێدەكەین. وا دیارە كە لەو حاڵانەدا بەكارهاتووەكە بازرگانە لە دەرەوەهێنەرەكە ئاستێكی سیاسیی بەرزی هەبێت، یان

پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ خزمەتگوزاریی ئاسایشی دەوڵەت و پۆلیسدا هەبێت چونکە لەم حاڵانەدا ئەو لۆرییانە کە بە گومرگدا تێپەڕین بە خێراییەکی زۆر دەڕۆن و لەژێر پارێزگاریی پۆلیسداو بێ ئەوەی هیچ تۆمارێکی شمەکەکان و مۆڵەتی گومرگیان پێبێت.

شێوازێکی تری شمەك دەربازکردن کە تا رادەیەك کاریگەرەو کەمتر مەترسیدارە ئەوەیە کە پێی دەڵێن ترانسێتی ساختە. بێگومان هەموو شمەکێك کە بۆ ترانسێت (تێپەڕبوون) بێت رەسمی گومرگی لێناسەنرێت. لە دوای هاتنە ناو وڵاتەوە لۆرییە بارهەڵگرەکە تۆمار دەکرێت، یاخود هەر بارەکەی تۆمار دەکرێت و بەڵگەنامەی شیاوی بۆ دەردەکرێت، بە واتایەکی دی ئەو بەڵگەنامەیەی کە ئاراستە رۆیشتنی خاوەن بارەکە دیاری دەکات بۆ گەیاندنییەتی بە وڵاتێکی دی. وێنەیەك لە بەڵگەنامەکە دەدرێت بە شۆفێری لۆرییە بارهەڵگرەکەو وێنەکەی تر دەچێتە ناو بەڵگەنامەکانی گومرگەوە. سەرەڕای ئەوەش، بە پشتبەستن بەو خاڵەی کە دەرچوون لە وڵات رادەگەیەنێت، شۆفێرەکەو لۆرییە بارهەڵگرەکە ماوەیەکیان پێدەدرێت بۆ ئەوەی لە وڵات دەرچن. لە خاڵی چوونە دەرەوەدا بەڵگەنامەکانی لۆرییە بارهەڵگرەکە لەگەڵ ئەو بەڵگەنامانەدا بەراورد دەکرێن کە لە نێوان فەرمانگەکانی گومرگدا دەگۆڕێنەوەو لە دوای دەرچوون لە وڵات هیچ پابەندییەك بە رەسمی گومرگدانەوە نامێنێت. ترانسێت بۆ لە دەرەوەهێنانی شمەك بێ ئەوەی پارەی رەسمی گومرگ بدرێت، ئەوە شتێکی پێویست بوو کە ئەفسەرانی گومرگ لە دوو فەرمانگە یان دوو خاڵی پەڕینەوەی سنووردا گەندەڵ بکرێن. لە یەکەم فەرمانگە یان خاڵی پەڕینەوەی سنووردا شۆفێری لۆرییە بارهەڵگرەکە ئەفسەرە گەندەڵەکەی گومرگ دەبینێت و ئەویش بەڵگەنامەی بۆ دروست دەکات نەك بە پێی ئەوەی کە لە راستیدا هەیە بەڵکو بە پێی ئارەزووی ئەو بازرگانەی کە لە دەرەوە ناردوویەتی. لەگەڵ ئەوەشدا کە لۆرییەکە پڕە لە جگەرەو بۆ بازاڕی ناوخۆشە، ئەفسەری گومرگەکە ئەوە تۆمار دەکات کە، بۆ نموونە، بستەی زەمینییەو بۆ مەکدۆنیا دەچێت. لۆرییە بارهەڵگرەکە دێتە ناو وڵاتەوە بێ ئەوەی رەسمی گومرگ بدات و جگەرەکانیش لە بازاڕی ناوخۆدا بە قازانجێکی زۆر بۆ لە دەرەوەهێنەرەکە دەفرۆشرێت. لە خاڵی پەڕینەوەی سنوور بەرەو مەکدۆنیا، ئەفسەرێکی گەندەڵی دیکەی گومرگ پرۆسەی دەرچوونی لۆرییە بارهەڵگرەکە بە فرتوفێڵ رێك دەخات و بەڵگەنامەی تەواوی بۆ دروست دەکات هەروەك گوایە بە راستی بەرەو مەکدۆنیا دەرچووبێت.

دووەم شێوازی خۆدەربازکردن لە رەسمی گومرگ، نەدانی رەسمە بۆ ئەو شمەکەی لە دەرەوە هێنراوە تۆمارکراوانە کە مانای ئەوە دەبەخشێت بنەمایەکی ساختە بدۆزرێتەوە بۆ بەدەرکردن لە رەسمی گومرگدان. ئەم شێوازە گەندەڵییە کەمێك سادەترە، هەرچەندە لە ئەنجامداندا زۆرجار وا پێویست دەکات کەسێکی دەرەوەی خزمەتگوزاریی گومرگ لە زنجیرەی گەندەڵییەکەدا بێت بۆ ئەوەی بنەمایەکی نادروست بۆ لە رەسمدان بەدەرکردنەکە دابین بکات. ئەم شێوازە زۆرجار لەو حاڵەتانەدا بەکار دێت کە ژمارەیەکی جۆراوجۆری بنەما هەبن بۆ بەدەرکردن لە رەسمی گومرگدان. رێسا ئاڵۆزەکانی بازرگانی دەرەوەی کۆماری یۆگۆسلاڤیای فیدراڵ و ژمارەیەکی زۆر بەدەرکردن، ئەگەری ئەم جۆرە گەندەڵییەی بەرز کردۆتەوە بە تایبەتی لەو بارودۆخانەدا کە بەشێکی زۆری شمەکە لە دەرەوەهێنراوەکە بریتی بێت لە یارمەتیی مرۆیی کە لە رەسمی گومرگ بەدەر کراوە. لەبەر ئەوە، ئەوە گرنگ بوو کە بسەلمێنرێت کە شمەکە هێنراوەکە بریتییە لە یارمەتیی مرۆیی و پێویستە لە رەسمی گومرگ بەدەر بکرێت. دەرەنجامەکانی ئەوجۆرە بەدەرکردنە جیاوازیی گەلێك گەورەی نێوان هەژمارکردنی ئەو رەسمە گومرگیانەی کە هەر بە ناوە لەگەڵ ئەوەی کە بە راستی وەرگیراوە. بە پێی زانیاریی

ساڵی 2000، ئەو جیاوازییە نزیکەی 1400 ملیۆن دینار بووە یاخود نزیکەی 30٪ی کۆی ئەو رەسمە گومرگییەی بەناو بووە. هەرچەندە بەشێك لەو بەدەرکردنە یاساییە، بەڵام کە رێژەی بەدەرکردنەکە بگاتە نزیکەی سێیەکی رەسمە گومرگییە بەناوەکە، ئەوە گومانی تێدا نییە کە زۆر لەو بەدەرکردنانە بەهۆی گەندەڵییەوە بوون، مەرج نییە هەر گەندەڵی ئەفسەرانی گومرگ بێت هەرچەندە ئەوان بەشێکی دانەبڕاوی زنجیرەکەن.

سەرەڕای ئەوەش، ئەم شێوازە گەندەڵییە لە کاتی خستنەڕوو و کۆکردنەوەی رەسمی گومرگ لەو هاووڵاتییانەی کە بە سنووردا شمەك دێنن بەکاردێت. کۆنترۆڵکردنێکی هەرەوەزیی گومرگ بۆ (5 – 6) ئۆتومبێل ئەنجام دەدرێت و بۆ گشتیان رەسمی گومرگ هەژمار دەکرێت و کۆ دەکرێتەوە بۆ یەکێکیان نەبێت، ئەو کەسەی کە لە کاتی خۆیدا بەرتیلی داوە بە کەسی شیاو، ئەو شمەکانەی کە پارەی رەسمی گومرگی بۆ نەداون لە سنوور دەپەڕێنێتەوە. لەبەر ئەوەی پشکنین لە یەك کاتدا بۆ چەند ئۆتومبێلێك ئەنجام دەدرێت. شایەت بە گران دەتوانێت ئەوە ساغ بکاتەوە کە کێ بە راستی پارەی گومرگی داوەو کێ نەیداوە، ئەمەش وا دەکات کە ئەم جۆرە گەندەڵییە ئاسانتر بێت.

بەردەوام کێشەی سەرەکیی لەم حاڵەو لە هی هاوچەشنیشدا بەرتیلدانەکەیە چونکە پارەدان لە کاتی پەڕینەوە لە سنوور لە رووی هونەرییەوە ئاسان نییەو کاتێکی زۆری دەوێت. بەهۆی ئەمەوە زۆرجار پارەدانەکە لەلایەن کەسێکی ناوبژیکەرەوە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لەگەڵ کەمبوونەوەی نرخی تێچووندا. کەسە ناوبژیکەرەکە پارەی چەند مامەڵەیەك دەدات لەبری چەند گەندەڵکارێك. لەم کردارانەدا شتێکی پێویستە زۆر بە وردی چەند شتێك بە درێژی ساغ بکرێنەوە، وەك کاتی کارکردنی ئەفسەرانی گومرگ، چ کاتێك هەریەك لەو گەندەڵکارانە لە سنوور دەپەڕینەوە...... تاد. زۆرجار ئەوە پێویست دەکات کە ئەم جۆرە کردارانە فەرمانبەرانی باڵای یەکێك لە خاڵەکانی پەڕینەوەی سەر سنووری تیابێت. بە تایبەتی ئەوەش گرنگە کە میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی هاوچەشن مسۆگەر بکرێت، واتە ئەو میکانیزمانەی کە بەهۆیانەوە گەندەڵکارەکان دەتوانن شوێن جێبەجێکردنی رێکەوتنە نارەسمییەکە بکەون یاخود دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پارەیان بۆ داوە.

پار چەند کێشەیەك لە جێبەجێکردنی رێکەوتنە نارەسمییەکانی گەندەڵیدا لە پاش گۆڕانی ستاف لە خزمەتگوزاریی گومرگی فیدراڵ هاتە گۆڕێ. هەندێك لەو ئەفسەری گومرگانەی کە لەسەر گەندەڵی دەرکرابوون لەو هەلویستەدا نەبوون کە ئەو خزمەتانە دابین بکەن کە پێشەکی پارەیان بۆ وەرگرتبوو. ئەفسەرە گەندەڵەکان ئەو پارەیەیان خەرج کردبوو کە پێشەکی وەریانگرتبوو، نەشیان دەتوانی چیدی خزمەتەکە پێشکەش بکەن. گەندەڵکارەکان نەیاندەزانی چۆن کێشەکە چارەسەر بکەن.

سەرباری ئەوە رەسمی گومرگی کاریگەر دەشێت کەم بکرێتەوە لە رێی نرخدانانێکی خاترانەکاری بۆ شمەکەکان، یاخود بە کەمکردنەوەیەکی کاریگەری بنەمای گومرگەکە کە زۆرجار لە رێی دەرکردنی قەواڵەی ساختەوە یان قەواڵەیەك بە بڕە پارەیەکی کەمتر لە نرخی شمەکەکان ئەمە پیادە دەکرێت. ئەم کەمکردنەوەیەی بنەمای گومرگ دەشێت لە رێی پۆلێنکردنی جۆری شمەکەکانەوە بێتە دی. بە پێی زانیاریی گومرگ پتر لە 95٪ی ئەو شتانەی بە دزییەوە هێنراون بۆ سربیا جلوبەرگی دروستکراوی "چین"ن. بێگومان دابینکردنی شمەکی بە دزییەوە هێنراو بۆ بازاڕی ناوخۆ بە روونی ئەوە دەردەخات کە ئەمە مەسەلەی تۆمارکردنی نادروستی شمەکە لە دەرەوە هێنراوەکانە. پتر لە 95٪ی ئەو شتە بە دزییەوە هێنراوانەی کە لە کۆگاکانی ناوخۆدا دەخرێنە بەردەست شتی بە دزییەوە هێنراوی جۆراوجۆرن. ساختەکردن لە لیستی شمەکەکاندا بەو

مەبەستەیە کە نرخی شمەکەکان کەم بکرێتەوە، چونکە جلوبەرگێکی بە دزییەوە هێنراو کە بایی 12 مارکی ئەڵمانییە ئەو رەسمی گومرگەی بۆی دەدرێت گەلێك کەمترە لەوەی کە هەمان ئەو شتە کە هێنراوەو لەسەر نرخە راستییەکەی‌و بە بێ خاترانە نرخی دانراوە کە دەشێت نزیکەی 100 مارکی ئەڵمانی بێت. لەم حاڵەدا بەشێك لە رەسمی گومرگ کۆ دەکرێتەوەو بازرگانە لە دەرەوەهێنەرەکەش تا رادەیەك قایلە چونکە ئەم میکانیزمی گەندەڵییە تا رادەیەك ئاسانەو پێویستی بە دروستکردنی تۆڕێك لە فەرمانبەری گەندەڵ نییە، یەك تەنیا پیاوی گونجاو لە کاتی گونجاودا بەسەو ئەمەش تا رادەیەك بە ئاسانی بەدی دێت.

لە کۆتاییدا، کەمکردنەوەی کاریگەرانەی رەسمی گومرگ دەشێت لە رێی پۆلێنکردنەوەی شمەکەکان بەدەست بێت، یان لە رێی ساختە دیاریکردنی شمەکەکان کە دەبێتە هۆی بەکارهێنانی رێژەیەکی نزمتری بڕی گومرگ. ئەم شێوازە بە تایبەتی لە ولاتێکی وەك سربیادا شایستەیە کە ژمارەیەکی زۆر یان مەودایەکی گەورەی بڕی گومرگ هەیە. وردتر بڵێین، تاوەکو دەرچوونی یاسای نوێی رەسمی گومرگ لە ئایاری 2001دا، بڕی گومرگ مەودایەکی فراوانی هەیە (0 – 40٪)و ژمارەیەکی زۆر بڕی گومرگ هەبوو (تەنانەت 37). لە هەمان کاتدا، بەرهەمی هاوچەشن رێژەیەکی تەواو جیاواز بڕی گومرگیان هەیە. بۆ نموونە، شیشی گرێداری ئاسن بۆ کۆنکرێت رێژەی بڕی گومرگەکەی 3٪ بوو، لە کاتێکدا کە شیشی ئاسنی رێك بۆ کۆنکرێت رێژەی بڕی گومرگەکەی 21٪ بوو. هۆی ئەم جیاوازییە، وا دانراوە کە ئارەزووی پاراستنی پیشەسازیی شیشی ئاسنی رێکی خۆماڵی دروستکراو بێت (سارتید)، بەلاَم شیشی ئاسنی گرێدار لە ناو ولاَتدا دروست نەدەکرا. دەرەنجامی ئەو جیاوازییەی باس کرا، گەندەڵیی خزمەتگوزاریی گومرگ ئەوەبوو کە لە دەرەوەهێنانی شیشی ئاسنی کۆنکرێت تا مانگی تشرینی یەکەمی پار هەمووی بە جۆری شیشی ئاسنی گرێدار پۆلێن کرابوو، بێ ئەوەی ئەوە رەچاو بکرێت کە شیشەکە گرێدارە یان رێکە. لەبەر ئەوە ژمارەیەکی زۆر رێژەی بڕی گومرگ‌و جیاوازیی گەورەی نیوان ئەو بڕانە بۆ بەرهەمی هاوچەشن بووە هۆی ئەم جۆرە گەندەڵییە. هیچ بیانوویەك بۆ ئەم سیاسەتە گومرگییە نییە. پیشەسازە خۆماڵییەکە نەپارێزرا، چونکە رێژەی بڕی رەسمی وەگەڕخراو 3٪ بوو نەك 21٪. پرۆسەکاری گومرگ روون نەبوو، ئەوەش بووە هۆی گەندەڵی. لێرەدا کەس براوە نەبوو، بەڵکو هەموو دۆڕاو بوون – بێگومان بێجگە لە ئەفسەرە گەندەڵەکانی گومرگ کە رێگەیەکی تریان بۆ بەرتیل وەرگرتن دۆزییەوە.

بە پێی خەملاَندنێکی نارەسمی بەلاَم باوەڕپێکراو کە لەلایەن خودی خزمەتگوزاریی گومرگی فیدراڵەوە دەرچووە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی گومرگ یاخود فەرمانبەرانی دەوڵەت کە لەو خزمەتگوزارییەدا کار دەکەن بەشدارن لە گەندەڵیدا. تەنیا لە رێی دەرکردنی ئەوانەو دامەزراندن‌و مەشقپێکردنی کەسانێکی نوێ‌و جێبەجێکردنی رێسا نوێیەکان (لە یاسای رێکەوتننامە)و پێناسەکردنی پرۆسەکاری نوێ‌و تەکنۆلۆژیای باشترەوە ئەو بارودۆخە بۆ خزمەتگوزاریی گومرگی فیدراڵ دێتە دی کە هاوولاَتییان وەك گەندەڵترین خزمەتگوزاری تەماشای نەکەن.

حکومەتی فیدراڵ‌و کۆماری: دەستتێوەردانی دەوڵەت‌و گەندەڵیی حکومەتی فیدراڵ‌و جێبەجێکردنی رێساکانی بازرگانیی دەرەوە:

تاوەکو گۆڕانکارییەکان لە یاساکانی بازرگانیی دەرەوەدا لە سەرەتای ئایاری 2001دا دەرنەچوو، دەبوایە

www.pertwk.com

ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمەکان بە پێی یاسای لە دەرەوەهێنان مۆڵەتیان پێبدرایە. بە پێی پۆلێنکردنی پێوانەیی نێودەوڵەتی بۆ بەرهەمەکان ئەو یاسایە 482 بەرهەم یا هێڵی رەسم دەگرێتەوە. ئەوانەش نزیکەی 4.5٪ی تێکڕای ژمارەی بەرهەمەکان دەبن، هەروەها نزیکەی هەمان بەشداریشی لە سەرجەمی لە دەرەوەهێنراوەکاندا هەیە.

لەو ژمارە بەرهەمە نزیکەی 100 بەرهەمیان دەبێت مۆڵەتەکانیان هەولی بۆ بدرێت بەهۆی رێکەوتنە نێودەوڵەتییەکانەوە – چونکە بەرهەمی وەك بابەتی تەقینەوە، بابەتە ژاراوییەکانو بەرهەمی دیی لەو جۆرە بە پێی مۆڵەت دەبنو ئەوانە لەو وڵاتانەشدا کە بازرگانیی دەرەوەیان بە پێی لیبراڵترین یاسایە دەبێت بە مۆڵەت بێت. ئەو 203 مۆڵەتانەی تریان بۆ ئاسنو پۆڵا یان ئەو بەرهەمانەی هی ئاسنو پۆڵان، هەروەها 90ی تریان بۆ بەردەوامییپێدانو پارێزگاریکردنی شتومەکە ناوخۆییەکانە (لۆری، تراکتۆرو هیدی لەو جۆرە). 47 حاڵەتی یاسای مۆڵەتپێدان هەن کە مامەڵە لەتەك بەرهەمە کشتوکاڵیو خۆراکییەکاندا دەکەن. سەرەڕای ئەوە بەرهەمی دیکە هەن یاسای مۆڵەتپێدان دەیانگرێتەوە، وەك جلە کۆنو هەندێك ئامێری پزیشکی (EKG)و کۆمپرێسەرو شتی دیکە، کە کۆی گشتییان نزیکەی (40)ە، بێ ئەوەی بزانرێت هۆی چییە.

گەورەترین کێشە لە دەستنیشانکردنی ئەو مۆڵەتانەدا، خودی (نامەوزوعی)و نەبوونی روونی لە بڕیار دروستکردندا. فەرمانبەران مۆڵەت بۆ ئەو کۆمپانیایانە دیاری دەکەن کە داوای مۆڵەتیان کردووە بۆ ئەو شمەکانەی کە بە روونی دیاری کراونو بە نرخێکی دیاریکراو بۆ مامەڵە بازرگانییەکە بە پێی بڕو بەهای شمەکەکان. سەرەڕای ئەوە فەرمانبەرە حکومەتییەکان مافی دەرکردنی مۆڵەتەکە یان رەتکردنەوەیان هەیە لەسەر بنەمای بڕیارێکی خودی (نامەوزوعی) بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتییەوە کە مەبەست پیشەسازکارانی خۆماڵییە، یاخود بە ناوی پاراستنی هاوکێشەیی وڵات لە پارەداندا. ئەم هێڵە سەرەکییانە وا دەکەن کە فەرمانبەرە حکومەتییەکان بتوانن بە ئاسانی خزمەتگوزارییەکانیان لەمەڕ دەرکردنی مۆڵەت پێشکەش بکەن، یاخود گەندەڵ ببن.

گەورەترین ژمارەی مۆڵەت بۆ لە دەرەوەهێنانی بەرهەمە خۆراکییەکان (بنێشت، بنێشتی بێ شەکر، شەکر، مۆز، چکلێت... تاد.) یان ئەو بەرهەمانەی کە قازانجێکی تەواو زۆریان دەبێتو بۆ بازرگانە لە دەرەوەهێنەرە گەورەکان تەرخان کراوە، کە زۆرجار لە دەسەڵاتدارەکانەوە نزیکن، بۆ نموونە: Delta M. Genex (هەروەها ئەو کۆمپانیانەی بەشێکن لە Genex)، Nelt، Trgovin Stankom، Deljug لەناو ئەو کۆمپانیایانەدان. سەرەڕای ئەوەش زۆرجار کۆمپانیای بچوکتر، کە دوو سێ کارمەندێکیان هەیە، لە مەسەلەکەدانو مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانی هەندێك بەرهەمیان وەردەگرت، بۆ نموونە کۆمپانیای پیشەسازییە خۆراکییەکانی دنیا کە ناونیشانی لە تۆمارکردنەکەیدا (بەلگراد بولڤاری رێڤۆلجییە 276) نووسرابوو (هیچ کارگە یان پیشەسازییەك لەو ناونیشانە نەبوو)، هەرچەندە کە لە ساڵی 2000دا مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانی بایی یەك ملیۆن دۆلاری ئەمریکایی چکلێتی وەرگرتبوو.

دیاردەیەکی خۆشی تر ئەو نرخە کەمە ناڕاستەیە کە بە پێی ئەوە شمەکە هێنراوەکان تۆمار دەکراو بەو شێوەیەش گەندەڵی رووی دەدا. وردتر بڵێین، ئەو بڕە پارە کەمەی شمەکە هێنراوە مۆڵەتپێدراوەکە تا رادەیەکی وا کەم بوو کە گومان نەخرێتە سەر یاسایی بەخشینی مۆڵەتەکە. سەبارەت بەو نرخە ناڕاستانەی کە لەسەر مۆڵەتەکان دەخرانە روو، پێشەنگی ئەم کارە کۆمپانیایەك بوو بە ناوی CG نێودەوڵەتی کە بەشێکە لە

Genexو لەژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی (رادۆمان بۆژۆڤیچ)دایە. ئەم کۆمپانیایە رێی پێدرا 6100 تەن مۆز بهێنێت بەو نرخە تۆمار کراوە کە تێکڕا لە (10) سەنت کەمتر بوو بۆ هەر کیلۆیەك. سەرەڕای ئەوەش، ئەو کۆمپانیانەی تر کە لە ژێر کۆنترۆڵی (Genex)دا بوون مۆڵەتی هێنانی 1500 تەنی تریان پێدرابوو. بە هەموو بازرگانەکانی دی تەنیا مۆڵەتی هێنانی 900 تەن مۆزیان پێدرابوو. تێکڕای ئەو نرخەی بۆشیان دانرابوو 40 تا 50 سەنت بوو بۆ هەر کیلۆیەك.

شتێکی سەیرە کە دژبەیەکییەکی تا رادەیەك گەورە لە نێوان بڕی ئەو مۆڵەتە دەرچووانەو ئەوەی بە راستی هاتووە هەبێت. لە هەندێك بارودۆخدا کە ئەوەی بە راستی هاتووە چەند جارێك هێندەی ئەوەیە کە لە مۆڵەتە دەرچووەکاندایە. ئەمە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گەندەڵییەکی گەورە دەردەخات لە خزمەتگوزاریی گومرگدا یان لەو دامەزراوانەی کە دەبێت یاساکانی بازرگانیی دەرەوە جێبەجێ بکەن. بۆ نموونە، ئەو مۆڵەتە دەرچووانەی بۆ هێنانی تریلەو تراکتۆر بوون لە ساڵی 2000دا بایی 9 ملیۆن دۆلاری ئەمریکایی بوون، کە کۆی هێنانی ئەم بەرهەمانە لە 20 ملیۆن دۆلاری ئەمریکایی تێپەڕیوە. هەروەها بۆ پاس بەهای مۆڵەتی دەرچوو 2.1 ملیۆن دۆلاری ئەمریکایی بووە، کە هێنراوەکان بە بڕی 5.1 ملیۆن دۆلاری بووە. بۆ لۆریی بارهەڵگر بەهای مۆڵەتەکان 7 ملیۆن دۆلار بووەو ئەوەی کە هاتووە لە بایی 18 ملیۆن دۆلار تێپەڕیوە. بۆ عەرەبانەی لاتەنیشتی ماتۆڕ مۆڵەت بۆ هێنانی بایی 1.12 ملیۆن دۆلار دەرچووبوو، کە هێنراو لەبایی 10 ملیۆن دۆلار تێپەڕیبوو. گەر ئەوە وەبەرچاو بگرین کە بڕێکی زۆر مۆز لە بازاڕی میوەو شوێنەکانی تر فرۆشرابێتو پارەکەشی یەکسەر درابێت، تێبینیی ئەوە کراوە کە کۆمپانیای CGی نێودەوڵەتی (Genex) بڕی 3400 تەن مۆزی هێناوە بۆ کۆمپانیای میوەی نیریتڤا لە شاری نۆڤی ساد 0ئەو شارەی کە رادۆمان بۆژۆڤیچ تیایدا پەروەردە بووە) کە ئەو کۆمپانیایە لە تۆماری دەزگا ئامارییەکانی حکومەتی فیدراڵدا نییە. لەمەوە چەند شتێك دەشێت بکرێنە سەرەنجام، لە سەروو هەموویەوە ئەوەیە کە لە رێی ئەم کۆمپانیایەوە (Genex) مۆزی خستە بازاڕەوەو بە پارەی حازرو بەهۆی ئەوەشەوە خۆی لە باجی فرۆشتەنی دەرباز کرد، هەروەها داهاتەکەشی لە گشت تۆمارەکانی کۆمپانیا دەربکات. دوای ئەوە، وەزارەتی بازرگانیی دەرەوەی حکومەتی فیدراڵ هەندێك بنەمای تایبەتیی هەیە بۆ دەرکردنی مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان، لەناو ئەوانەدا بنەمایەکیان ئەوەیە کە کۆمپانیا بچوکە تایبەتەکانو تەنانەت کۆمپانیاکانی کەرتی گشتیش ئەو هەلەیان پێنەدراوە کە بە ئازادی شت لە دەرەوە بهێنن، بە تایبەتی هێنانی بڕی وەها گەورە. ئاشکرایە لەم حاڵەتەدا ئەم بنەمایە تێبینی ناکرێت.

هەروەها دەشێت تێبینیی ئەوە بکرێت کە لە کاتی هەرەسهێنانی رژێمی پێشوودا بە رێژەیەکی زۆر مۆڵەت دەرکرا. بۆ نموونە لە 6 تا 10ی تشرینی یەکەمی 2000، لە کۆی 18 مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانی شەکر بۆ ساڵی 2000، 16 مۆڵەتیان دەرچوو.

لە کۆتاییشدا، مرۆڤ دەبێت ئاماژە بەو کادیرانە بدات کە لە وەزارەتی بازرگانیی دەرەوەی پێشوودا مۆڵەتیان دەردەکرد.

وا دانرابوو کە گوایە مۆڵەتدان لەبەر کاریگەریی ئەو کەسانەدایە کە پەیوەندییان بە دەزگای ئاسایشی دەوڵەتەوە هەیە. ئەمە دەشێت لەو راستییەوە بەرجەستە بووبێت کە کەسی سەرەکی لە لیژنەی مۆڵەتدا ژنی سەرۆکی دەزگای ئاسایشی دەوڵەت بوو. لە حاڵەتی رێکەوتنە بازرگانییە زۆر ناسکەکانی شمەك لە دەرەوەهێناندا، مۆڵەتەکان لەلایەن وەزیری بازرگانیی دەرەوەی ئەوسا پەسەند دەکرا کە بەرپرسێکی رەسمیی

www.pertwk.com

پایەبەرزی (JUL) بوو.

خانەی 1

ڕێساکانی مامەڵەی بازرگانیی دەرەوە:

بە پێی ئارەزوولێبوون و لێنەبوون نا:

ڕێکوپێکترین بواری کارکردنی بازرگانی لە سربیادا لە ساڵانی (1990)ەکاندا بازرگانیی دەرەوە بوو. لە دەرەوەهێنان بە پێی بەشە ڕێژەیی بوو. کاتێك لە 1999دا ئەو بەشە ڕێژەییە نەما، بەکارهێنانی مۆڵەت بۆ لە دەرەوەهێنان و ناردنە دەرەوە بڵاو بووەوە. پشکی لە دەرەوەهێنان لەلایەن وەزارەتی بازرگانیی دەرەوەی حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ ژووری بازرگانیی فیدراڵدا دەبەخشرا. مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان و ناردنە دەرەوە لەلایەن وەزارەتی فیدراڵەوە دەردەهات. سەرەڕای ئەوە مرۆڤ دەبوایە کۆمپانیایەکی ببوایە کە بۆ چالاکیی بازرگانیی دەرەوە تۆمار کراوە و ئەوەش پێویستی بە بوونی هەندێك مەرج بوو سەبارەت بە ژمارەی کارمەندان و پێوانە تەکنیکییەکانی و ئەو پارە دانراوەی کە هەیەتی (رصید). هەروەها پابەندییەك هەبوو کە دەبوایە لە هەر تاکە ڕێکەوتنێکی بازرگانی پارەیەکی بیانیی دانراو لە بانکی نیشتمانیدا ببێت، هەروەها بە زۆرەملێ دەبوایە بەشێك لەو پارە بیانییەی کە لە ناردنە دەرەوە بەدەست دەهات بە نرخی ڕەسمی بفرۆشرایە بە بانك (کە ئەو نرخەش بە دڵی بازرگانە نێرەرەکان نەبوو). بێگومان، بۆ ئەو گشت پابەندییانە، یان بۆ جێبەجێکردنە ڕاستییەکەیان یاخود بە ناو (بە درۆوە) جێبەجێکردنیان بڕوانامەی ئەنجامدانی گونجاویان بۆ دەردەکرا. لەبەر ئەوەی ڕێکەوتنی بازرگانیی دەرەوە قازانجی گەورە بەدەست دێنێت، خاوەن پرۆژە تایبەتەکان، بە زۆری لە دەرەوەهێنەرەکان، گەلێك بە پەرۆشی دەرکردنی هەر کام لەو بڕوانامانە یا مۆڵەتانەن. لەبەر ئەوە کەمتر ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو بەڵگەنامانە بە پێی ئارەزووبوون یا نەبوونی تایبەتەوە دەربکرێن، بەڵکو بە پێی بنەمای بازاڕ – بۆ ئەو کەسەی پارەی زیاتر دەدات.

کۆنترۆڵکردنی نرخ لەلایەن دەوڵەتەوە:

کۆنترۆڵی دەوڵەت یاخود دیاریکردنی نرخ، وەك دەستتێوەردانێکی دەوڵەت زۆرجار دەخرێتە کار. بە تێکڕایی 40٪ی نرخەکان لە سربیا لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی دەوڵەتدایە لە کاتێکدا کە لە هەندێك سەرودەمدا ئەو ڕێژەیە تا 60٪ ڕۆیشتووە.

ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی دەوڵەت ناشێت دەرەنجامی تایبەتی نەبووبێت. بەر لە هەموو شت کۆنترۆڵکردنی نرخ ئەو کاریگەرییە نێگەتیڤەی خۆی دەرخستووە و ناتوانرێت خۆی لێبەدوور بگیرێت – بادان بەلای زۆرکردنی مەوداکەیدا. بە بڕیاردان لەسەر هێشتنەوەی کۆنترۆڵکردنی نرخ، حکومەتی سربیا ناچار بوو یارمەتیی دارایی بدات بەو پیشەسازییانەی کە نرخ تیایاندا لەژێر کۆنترۆڵدا بوو. بەم شێوەیە خۆی خستە هەڵوێستێکەوە کە دەبوایە ئاستی نرخی بەرز بکردایەتەوە بۆ ئەو شتانەی کە نرخی تێچوونە بنەڕەتییەکانی ئەو پیشەسازییە پێکدێنن. زۆرجار ئەمەش کەڵکی نەبوو، چونکە نرخی تێچوونی کاری کۆمپانیاکان بە پێی ئەو نرخە کۆنترۆڵکراوە بەرزتر بوو لە سەرجەمی داهاتیان، لەبەر ئەوە کۆمپانیاکان زیانیان دەکرد.

نموونەی ئەم جۆرە بەرهەمانە لە سربیا بەرهەمە بنەڕەتییەکانی بابەتەکانی خۆراك بوو، لە سەردەمی

www.pertwk.com

دەسەڵاتی (SPS)و لایەنە هاوکارەکانیدا. زۆرجار بەهۆی نرخی زۆر بەرزەوە کە میکانیزمێکی شیاوی ئەوتۆی بە دواوە نەبوو کە هاندەر بێت بۆ پیشەسازکارەکە تاوەکو هەر ئەو بەرهەمە دروست بکات. لەبەر ئەوە هاوکێشەی دابینکردنی شیاو نەبوو بۆ ئەوەی گشت خواستەکان بەدیبێنێت بەو نرخەی کە هەیە. کەمیی دابینکاری بووبووە هۆی نائاسایی لە خستنە بازاڕداو کەمی و دروستبوونی ریزگرتن لە بەردەم کۆگاکاندا. لەبەر ئەمە هەندێك لە بەکارهێنەران ئامادە بوون کە بڕێك پارەی زیاتر بدەن تاوەکو ژمارەیەکی گونجاو لەو بابەتە بەرهەمەیان دەست بکەوێت، بۆ نموونە، شەکر بە نرخی کۆنترۆڵکراو هەرگیز لە کۆگاکاندا نەدەبینرا. کەواتە مرۆڤ نابێت لە گەندەڵبوونی بەڕێوەبەری کۆگا سەرسام بێت کە پارە یان خزمەتێکی بەرامبەر وەردەگرێت.

کۆمپانیا گشتییەکان:

کۆمپانیا گشتییەکان واتە کۆمپانیاکانی دەوڵەت کە خزمەتگوزاریی پێکهاتە ژێرخانەییەکان دابین دەکەن زۆرجار دەبنە مەڵبەندی گەندەڵی. وردتر بڵێین، ئەوە شتێکی ئاساییە کە نرخی خزمەتگوزارییەکانی ئەم کۆمپانیایانە کەمکراوەن، زۆرجار تەواو لە خوار ئاستی نرخی تێچوونی دابینکردنەکەیانەوەن. دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە لەژێر کاری ئەو دیاریکردنەی نرخەکاندا، بە هێندەی بڕی پێویست نابێت. ئەو سیاسەتەی نرخی خزمەتگوزاریی پێکهاتەی ژێرخانەیی، لە سربیا بە پاراستنی ئاستی ژیان لێك دەدرایەوە، هەرچەندە تا رادەیەك وای لێهاتبوو کە هەمیشە ببێتە بەشێك لە شاڵاوی هەڵبژاردن. لەبەر ئەوەی لە بازاڕی ئازاددا، نرخە هاوکێشەییەکانی ئەم خزمەتگوزارییانە بەرزترن، بەکارهێنەران ئامادە بوون کە نرخێکی بەرزتر بەو خزمەتگوزارییانە بدەن. بەهۆی دیاریکردنە کارگێڕییەکانەوە ئەو نرخە زیادکراوە یاسایی نییە، بێگومان دەبێت خۆی بگۆڕێت بۆ پارەدانێکی نایاسایی، یاخود گەندەڵیی ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە خزمەتگوزارییانە دابین دەکەن. گەندەڵی لە بەستنی هێڵێکی تەلەفون بۆ بەشدارێکی نوێ نموونەیەکی باوە لە سربیا (نموونەی خانەی 2).

خانەی 2

گەندەڵی لەپێناو بەستنی هێڵی تەلەفونی نوێدا:

"بوتڵێك – مەی – بە 200 مارکی ئەڵمانی"

سیاسەتی رەسم لای کۆمپانیای "تیلیکۆم سربیا" لەسەر بنەمای نرخی تێچوونی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان نییە. لەبەر ئەوە لە زۆر حاڵەتدا کۆمپانیای پەیوەندییە تەلەفونییەکان دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی بەلاوە گرنگ نییە. نموونەیەکی باو نرخی هێڵێکی نوێی تەلەفونە. بەو نرخەی ئێستای ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان داخوازییان بۆ تەلەفون پێشکەش کردووەو دوای ئەوە دەبێت بۆ ماوەیەکی درێژ چاوەڕوان بکەن. لەو بارودۆخانەدا ئەوان ئامادەن کە لە ڕێی پارەدانەوە کاریگەری بخەنە سەر سەرەگرتنیان بۆ هێڵی تەلەفونەکەیان. هەندێکجار "پەیوەندی" بەکار دێت، کە ئەویش هەر بریتییە لە گەندەڵی، لەم حاڵەتەدا بە خستنەگەڕی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی ئەو کەسەی لە پلەوپایەیەکدایە دەتوانێت "ئاگای لە" هێڵی تەلەفونەکە بێت. جۆرێکی جیاوازی گەندەڵی بە خێراییکردنی ئەو هێڵی تەلەفونەیە کە تازە رەزامەندیی لەسەر کراوە. ئارەزوونەبوونی کارمەندانی کۆمپانیای تیلیکۆم سربیا دەشێت ببێتە هۆی چەند مانگێك چاوەڕوانیکردن بۆ

www.pertwk.com

هێڵێکی تەلەفون کە رەزامەندیی لەسەر کراوە. لەبەر ئەوە کاری پێویست لەلایەن کرێکاری تایبەتەوە دەکرێت کە هەر سەر بە خودی "تیلیکۆم"ن. روونتر بڵێین بەکارهێنەری تەلەفونە نوێیەکە دەبێت دامەزراندنی وایەری ناوماڵەکە رێك بخات لەسەر حسابی خۆی. لەبەر ئەوەی کەم لەو بەکارهێنەرە نوێیانەی تەلەفون زانیاریی تەکنیکیی پێویستیان لەو کارەدا هەیە، کارەکە دەدرێت بە یەکێك لە کرێکارانی تیلیکۆم.
زۆرجار لەئەستۆگرتنی ئەو کارە لەلایەن کرێکارەکەوە سەرەڕای دانانی وایەرەکانی ناوماڵ بەستنی هێڵەکەش بە تۆڕی تەلەفونەوە خێرا دەکات. بە پێی وتەی بەکارهێنەرانی نوێی تەلەفون، نرخی ئەم خزمەتگوزارییە زۆر جیاوازیی هەیە (لە نێوان 200 تا 500 مارك بۆ گشت خزمەتگوزارییەکە). هەندێکجار نرخی ئەم خزمەتگوزارییە دێتە خوارەوەو لەوانەیە بیانوویەکی ماقوولیشی لەتەکدا بێت: "دوو سەد مارکێکم بدەرێ تا بوتڵێك مەی بکڕم بۆ ئەوانەی کە دەیبەستن".

دەزگای باج:

باجدان کارێکە بێ ئەوەی خۆی لێبەدوور بگیرێت دەبێتە هۆی نزمکردنەوەی ئاستی ژیانی باجدەران لەبەر ئەوەی لەو داهاتە کەم دەکاتەوە کە هەیانە. لە مەسەلەی باجداندا لە بنەڕەتدا هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان قەوارە یاساییەکانو تایبەتەکاندا. دامەزراوەکان دەیانەوێت کەمترین باج لە قازانجەکەیان بدەن، لە کاتێکدا هاوولاتییان دەیانەوێت کەمترین باج بۆ داهاتو شتومەکەکانیان بدەن. بێگومان رێگەیەك لە بەردەم ئەوانەدا بێت کە دەیانەوێت باج نەدەن رێگە کلاسیکییەکەی خۆدزینەوەیە لە باج، بەڵام لە زۆر ولاتدا بریتییە لە چالاکییەکی پڕ مەترسی کە زۆرجار تاوانکارییەك دەگرێتە خۆ (مرۆڤ دەبێت مەسەلە هۆشمەندییەکەی "ئال کاپۆنی"ی لەیاد بێت). لەلایەکی ترەوە، هەمیشە گەندەڵی دەکرێتە بریگرێکی ماقووڵ بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت لە ئەرکی باجدانەکەیان کەم بکەنەوە. بۆ نموونە فەرمانبەرێکی حکومەت لە دەزگای باج دەتوانێت راپۆرتی باجەکە بە خاترانەوە هەژمار بکاتو بنەمای باجەکان کەم بکاتەوە یاخود رێژەیەکی باشتر بۆ باجەکە دابنێت بە شێوەیەك کە باجەکە کەم ببێتەوە گەر هەر تەواو لەسەر هاوولاتییەکەی لانەبات. هەروەها بەهای شتومەکە تایبەتەکان دەشێت بە خاترانەکاری بخەمڵێنرێت، بە جۆرێکی وا کە بەها خەمڵێنراوەکە چەند جارێك کەمتر بێت لە بەهای لە بازاڕدا. لە رێی ئەمەوە بنەمای باجەکە دێتە خوارەوەو بەوجۆرەش بڕی باجی داواکراو کەم دەبێتەوە. سەرەڕای ئەمە، دەشێت کەسانی دی بخرێنە نێو بازنەی گەندەڵییەکەوە، بۆ نموونە ئەوانەی کە وردبینیی دارایی دامەزراوەکە دەکەن لەسەر ئەو دوا روونکردنەوە داراییە قاییل بن کە قازانجی کەمتر نیشان دەداتو لە رێی ئەوەشەوە باری باجی قازانج لەسەر شانی دامەزراوەکە کەم دەکاتەوە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی "ڤیلوسۆڤیچ"دا سیستمی باج لە سربیا بریتی بوو لە دروستکەرێکی تایبەتیی بەهێز بۆ گەندەڵی. دەرەنجامەکانی رووپێو ئەوە دەسەلمێنن کە هاوولاتییان دەزگای باج یەکسەر لە دوای گومرگ دادەنێن وەك دامەزراوەیەك کە گەندەڵییەکی زۆری تێدایە (4.12). یاسای باج لە سربیا زۆر ئاڵۆز بوو و بە گران مرۆڤ لێی تێدەگەیشت. ژمارەیەکی زۆر باجی جیاواز هەبوون، ئەوەی زیاتر جەختی لەسەر دەکرا ئەو باجە بوو کە ئاراستەی خەرجی دەکرا (باجی فرۆشتەنی)، هەروەها باجی دەرامەت. هەروەها بوارێکی گەورە هەبوو بۆ ئارەزووکاری لە کارئەنجامدانی دەوڵەتداو هەروەها بۆ ئارەزووکاری لە بڕیاردانی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا. شێوازە پراکتیکییەکەی وەگەڕخستنی سیستمی باج ئەوە نیشان دەدات کە لە راستیدا چەندە کارا

بووه. کاتێك مرۆڤ سروشتی تەواوی سیستمی ئابووری‌و سیاسیی سربیا وەبەرچاو دەگرێت، دەتوانێت بە ئاسانی بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە دەسەلاتداران بە ئەنقەست وایان کردووە هەندێك گروپ‌و کۆمپانیا گەورەکان کە بەڕێوەبەرەکانیان لەنێو سەرانی سیاسیدان (بە زۆری وەزیرەکان)، هەڵوێستێکی بەرخورداری وایان بۆ بەدی بێت (کە باجێکی کەمکراوە بدەن)، یاخود بە بێ ئەوەی تووشی سزا ببن‌و بێ ترس لە هیچ بەرپرسیاربوونێك بە تەواو لە باجدان دەرباز ببن. ئەمە بریتی بوو لە یەکێك لەو شێوازانەی بەخشینی بەرخورداری بۆ هەندێك کۆمپانیا‌و تەنانەت بۆ تەواوی پیشەسازییە ئابوورییەکان. لەلایەکەوە، لە ڕێی باج نەدانەوە دەیانتوانی نرخەکانیان کەمتر بکەنەوە کە ئەمەش وای دەکرد پێشبڕکێی ناو بازاڕ تا ئەوپەڕی نایەکسان بێت‌و بتوانن ئەو پێشبڕکێیە لەناو ببەن، واتە دامەزراندنی پێکهاتەیەك بۆ بازاڕێکی بێ پێشبڕکێ. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر نرخەکان کەم نەکەنەوە، ئەوا لەبەر ئەوەی سەرجەمی نرخی تێچوون گەلێك کەمترە بە بەراورد لەگەڵ داهاتدا، ئەوا ئەو بازرگانە بەرخوردارکراوانە دەستکەوتێکی گەورەیان دەستگیر دەبێت.

لە پێکهاتەی سیستمی دارایی سربیادا، مەسەلەیەکی گرنگ باجدانە لەسەر مووچە. مووچە زۆر بە ئاسانی باجێکی زۆری لەسەر دانراوە. ڕوونتر بڵێین، بە پێی یاسا پەیوەندارەکان، بۆ هەر دینارێکی مووچە کۆمپانیاکان پابەند کرابوون کە پتر لە یەك دینار بدەن بۆ باج‌و شتی دی. ئەو جۆرە ئەرکە گرانەی باج بۆ مووچە بووە هۆی پەرۆشییەکی ڕاستەوخۆ بۆ خۆدزینەوە لەم باجە‌و ئەمەش بە گەلێك شێوە بەدی دەهات. لە پێش هەموو شتێکدا، "بازاڕێکی ڕەش"ی گەورە بۆ کار پێکهێنرا. وا خەمڵێنراوە کە تا ئێستا ئەم بازاڕە بەلای کەمەوە یەك ملیۆن کەس دەگرێتە خۆ. سەرەڕای ئەوەی کە تەنانەت ئەو کرێکارانەی لە بازاڕی ڕەسمیدا بوون زۆرجار بە پێی ستاندەرەکان پارەیان پێ نەدەدرا، بەڵکو لە ڕێی ڕێکەوتن یان شێوازێکی لەو جۆرەوە دەبوو تاوەکو لە باج دەرباز بن. هاندەرێك بۆ بوونی گەندەڵی‌و کاری "بازاڕی ڕەش" دەرەنجامی ئەو ڕاستییە بوو کە زۆربەی ئەو کرێکارانەی کە لە "بازاڕی ڕەش"ی کارکردندا بوون، بە ڕەسمی لە شوێنێکی دی دامەزرابوون. بە واتایەکی دی، ئەوان لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی ڕەسمیی کارەوە پاراستنی کۆمەڵایەتییان مسۆگەر کرد. لەبەر ئەوە ئەوان هان دەدران کە بچنە "بازاڕی ڕەشی کار"ەوە. لە سەرەتاوە بەڕێوەبەرو کرێکارەکان بەشێك لەو قازانجەیان بەش دەکرد کە لە ڕێی خۆدزینەوە لە باجی مووچەوە دروست دەبوو.

گەندەڵی لە دەزگای باج، یان سیستمی باج لە سربیای سەردەمی دەسەلاتی میلۆسۆڤیچدا بووبووە سیمبوڵی سەرانی بازرگانیی ئەو سەردەمە‌و شێوازی باوی بازرگانیی ئەنجامدان. دەوڵەمەندبوون لە ڕێی تاوان‌و، بێگومان، گەندەڵیشەوە بووبووە شتێکی ئاسایی‌و "ڕێساکان"ی کاری بازرگانیی نوێ.

ئاشکرایە کە چوونە نێو ئەو کارە ڕێکخراوە "داخراو"انە پارەی باشی دەوێت. تەنیا ئەوانەی کە هەڵبژێراون دەتوانن بە بێ سزادان خۆیان لە باج دەرباز بکەن‌و لەسەر پارەکیشانەوە بەردەوام بن، قاچاغچێتی ڕێك بخەن، بواری قەرزیان بە پێی چەند مەرجێکی تایبەت بۆ بڕەخسێت‌و زۆرجار بە بێ ئەوەی سوودی بچێتە سەر. ئەو کۆمپانیایانەی کە زۆر بە چاکی ڕێساکانیان پەیڕەو دەکرد نەیاندەتوانی لەسەر پێشبڕکێ بەردەوام بن لە ڕووی ئەوانەدا کە باج نادەن‌و هەموو ڕێسا‌و پێوەرەکان دەشکێنن‌و ئەو پارانە بەکار دێنن کە لە بانکی نیشتمانییەوە بەدەستیان هاتووە. بەم شێوەیە گەندەڵی بووە پێکهێنەرێکی چالاکیی کارگێڕی‌و بەشێك لە "تێچوونی کاری بازرگانی" کە ناتوانرێت خۆی لێ بەدوور بگیرێت.

ئەنجامەکانی ڕووپێو ئەوەیان نیشان داوە کە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان 1٪ی تا 10٪ی بوودجەی ساڵانەیان

بۆ بەرتیلدان تەرخان کردووە. بەم شێوەیە گەندەڵی بووەتە "شێوازێکی کارکردنی بازرگانی" لە سربیادا. مەرجی پێشەکی بۆ ئاستێکی بژێویی بەرزترو بەهۆی ئەوەشەوە ڕێزلێنانی کۆمەڵایەتی لە ڕێی پرۆژەدارییەکی سەرکەوتووەوە مسۆگەر نەدەکرا، بەڵکو لە ڕێی تۆڕکاریی سیاسی و گەندەڵییەوە دەبوو. پشت بە یەکبەستنی ئابووریی نێوان کۆمپانیاکانی دەوڵەت و ئەو کەسانەی دەسەڵاتی سیاسییان لەدەستدایە بەهێزتر بوو. کاری بازرگانیی سەرکەوتوو ناتوانرێت بە بێ زانیاریی دەوڵەت جێبەجێ بکرێت، یان زۆرجار، بە بێ بوونی کەسێك کە لە پلەوپایەیەکی سیاسیی بەرزدایە.

قۆرخکردنی بازاڕو کۆسپەکان:

هۆیەکی گرنگی گەندەڵی لە سربیا پێکهاتەی قۆرخکراوی بازاڕەکەی بوو. توێژینەوەی ئەزموونی، یاخود پێوانەکردنی هێزی قۆرخکردن بە پێی ستاندەرەکانی ئابووریی ئاماری ئەوە دەردەخەن کە بازاڕی سربیا لە دەیینەی ڕابردووەوە تا ڕادەیەکی زۆر قۆرخ کرابوو. ئەم ڕاستییە بە تەنیا خۆی نابێتە هۆی سەرسامییەکی گەورە. ئەمە دەرەنجامێکی سروشتیی ئەو ڕووداوانە دەردەخات کە لەسەر خاکی یۆگۆسلاڤیای پێشوودا ڕوویان دا. لە چەند دەیینەی پێشوودا کۆمپانیا لە سربیا سەری هەڵدا هەروەك لە گشت کۆمارەکانی ناو دەوڵەتی یەکگرتووی ئەوسا بە ڕەچاوکردنی بازاڕی تەواوی یۆگۆسلاڤیای پێشوو. تەنیا وەك بەشێك لەو بازاڕە یەکگرتووە ئەو کۆمپانیایانە بەرەوڕووی پێشبڕکێ دەبوونەوە. سەرەڕای ئەوە، لەبەر ئەوەی بازاڕگەلێك گەورەتر بوو لەوەی ئەمڕۆ، کۆمپانیاکان دەیانتوانی کاریگەریی پۆزەتیڤی ئابووریی پێوانەییان هەبێت.

لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی یۆگۆسلاڤیای پێشوودا و سەربەخۆبوونی کۆمارەکانی ئەوسای و بوونیان بە دەوڵەتی دانپیانراو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، باری ئابووری بە تەواوی گۆڕا، لە سەروو هەمووشییەوە ئەو بازاڕە یەکگرتووەی ئەوسا لە شەوو ڕۆژێکدا دابەش بوو بە چەند یەکەیەکی بچوکترو داخراوو بووە هۆی بارودۆخێك کە زۆر کۆمپانیا بە بێ پێشبڕکێ مانەوە، یان هەندێك لە پیشەسازییەکان بوونە قۆرخکارییەکی کلاسیکی. سەرەڕای ئەوە، لەبەر ئەوەی کە بازاڕە نوێیەکە گەلێك بچوکتر بوو، هەندێك لە کۆمپانیاکان توانییان لە ڕێی کەمکردنەوەی توانای بەکارهێنانەوە ئەو بڕە داخوازییەی کە هەیە دابینی بکەن. هاوکات لەگەڵ پرۆسەی قۆرخکردنی بازاڕی سربیادا مرۆڤ دەتوانێت هەست بە نەبوونی هەندێك بەرهەم بکات، بە تایبەتی ئەوانەی کە ئەوسا لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە دابین دەکران کە سەر بە کۆمارە پێشووەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکە بوون. هەر لە هەمان کاتدا مرۆڤ دەتوانێت تێبینیی ئەوپەڕی نەشیاویی ئەو پێکهاتە ئابوورییە بکات کە ئێستا هەیە.

ئەوە تەواو ئاشکرایە کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان پێکهاتەی قۆرخکاریی بازاڕ لە سربیا و پەرۆشی بۆ گەندەڵیدا هەیە. بارودۆخی قۆرخکاری ڕێگە بە کۆمپانیایەك دەدات کە قازانجی پەرەبسێنێت و بگاتە سەروو ئەو بڕەی کە لە بارودۆخی بوونی پێشبڕکێ و بازاڕی ئازاددا بە دەستی دێنێت — بە واتایەکی دی، دەستکەوت دەبێت. کە ئەمە وەبەرچاو گیرا، شتێکی ئاساییە کە قۆرخکاران ئارەزووی ئەوە بکەن ئەو بارودۆخەیان بۆ درێژترین ماوە بمێنێتەوە، خۆ گەر بکرێت هەردەم بەردەوام بێت. لەبەر ئەمە، ئامادەبوون بۆ گەندەڵکردنی فەرمانبەرانی حکومەت تاوەکو هانیان بدەن بۆ دەستتێوەردانی بازاڕ لە بەرژەوەندیی ئەمان. لەگەڵ هاتنی کۆمپانیایەکی نوێ بۆ نێو چالاکیی قۆرخکارەکان قازانجی ئەمان کەم دەبێتەوە، بۆیە ئەو قۆرخکارانەی کە هەن بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن بە ڕوویدا بوەستن. لە ڕێگرتن لە هاتنە ناو بازاڕو پەرەسەندنی پێشبڕکێدا

ئەوان پەنا بۆ گەندەڵی دەبەن. ئەو پرۆسەی گەندەڵییەی کە لەلایەن قۆرخکارانەوە بەکار دەهێنرا، هەروەها ئەو راستییەش پشتگیری لێدەکرد کە چالاکییەکانی دەسەڵاتدارانی پێشووی سربیا تا رادەیەکی زۆر رەمەکی بوو. ئەندامانی سەرانی فەرمانڕەوا دەسەڵاتێکی زۆریان پێدرابوو بە جۆرێك کە جەماوەری خەڵك نەیاندەتوانی بە هیچ جۆرێك کۆنترۆڵی بکەن. قۆرخکاران لە راستیدا بەشێك لە دەستکەوتەکەیان لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی دەوڵەتدا بەش دەکەن کە یارمەتییان داون لە بەدیهێنانی ئەو بارودۆخەدا.

چەندین نرخی گۆڕینەوە:

هەندێك وڵات نرخی گۆڕینەوەی جۆراوجۆر بۆ پارەی بیانی بەکاردێنن. تێگەیشتن لە لۆژیکی ئابووریی ئەو جۆرە چارەسەرییە کارێکی گرانە. بەهەرحاڵ، بێ گوێدان بە هاندەرەکان، لە سربیای سەردەمی میلۆسۆڤیچدا، رۆژانە بەلای کەمەوە دوو نرخی گۆڕینەوە هەبوو. نرخی رەسمی بەسترابوو بە مارکی ئەڵمانییەوە، لە کاتێکدا کە لەسەر شەقام نرخێکی دانراوی بازاڕی ئازاد هەبوو، هەروەها ئەو نرخەش هەبوو، کە وەك پێی دەوترا، نرخی پارەی نوێنراو کە نرخێك بوو بۆ مامەڵەکاریی حسابی پارەی نوێنراو. لەگەڵ سیاسەتی فراوانیی پارەدا کە پەیڕەو دەکرا جیاوازیی نێوان نرخی رەسمی و نرخی گۆڕینەوەی پارەی بیانی لە بازاڕدا بەردەوام زۆرتر دەبوو بە جۆرێك کە لە دوایین ساڵی فەرمانڕەوایی میلۆسۆڤیچدا نرخی گۆڕینەوەی مارك لە بازاڕدا بە تێکڕایی پێنج هێندەی نرخی رەسمییەکەی دەبوو. دەسەڵاتداران سوور بوون لەسەر جێبەجێکردنی ئەو نرخە نەگۆڕە زۆر کەمەی پارەی بیانی. مرۆڤ ناتوانێت بڕیار لەوە بدات چی بووە هۆی ئەو سیاسەتە. بە واتایەکی دی، ئایا هۆکە گەمژەیی بوو، یا نەبوونی زانیاریی سەرەتایی سەبارەت بە سیاسەتی ئابووری، یاخود مەسەلەکە زیاتر لەوە ئاڵۆزتر بوو. ئەو جۆرە جیاوازیی نرخی گۆڕینەوەیە ئەگەرێکی زۆری گەندەڵی هێنایە گۆڕێ. کڕینی پارەی بیانی بە نرخی رەسمی و فرۆشتنەوەی بە نرخی بازاڕ، بێگومان کردارێکی بازرگانیی وابوو کە قازانجێکی باشی هەبوو یاخود کردارێك بوو کە دەستکەوتێکی زۆری دروست دەکرد.

بواربوون بۆ کڕینی پارەی بیانی بە نرخی رەسمی، بێگومان، تەنیا بۆ ئەو بەرخوردارکراوانە بوو کە ئامادەی ئەو بارودۆخە بوون یان ناچار دەکران پارەیەکی زۆر بدەن. بە تایبەتی ئەم راستییە بەسەر کاروباری بانك و مامەڵەکانی بازرگانیی دەرەوەدا دەچەسپا (بڕوانە خانەی 3).

خانەی 3

گەندەڵی و چەندین نرخی گۆڕینەوە:

بانکێك لە بەلگراد:

یەکێك لە تایبەتمەندییە بازرگانییەکانی بانکە ناوخۆییە گەورەکان بەرخورداریکردنی هاوکارانییەتی، بێگومان، بەوەی کە پێی دەڵێن قەرز بە دینار لەسەر بناغەی پارەی بیانی. ئەمە، بە شێوەیەکی سادەکراو، بەم جۆرە دێتە بەرچاو: لە کاتێکدا نرخی گۆڕینەوەی دیناری بەناوو دیناری راستی هەر شەش دینار یەك مارکە، مەعمیلێك بە بڕی 100000 مارك دینار وەردەگرێت، واتە 600000 دینار وەردەگرێت بۆ دوو ساڵ بە قازانجی 10٪ی ساڵانە کە لە کاتی گێڕانەوەی پارە سەرەکییەکەدا هەژمار دەکرێت و دەدرێت. بێگومان مەعمیلەکە 100000 مارکی ئەڵمانی لە بازاڕ دەکڕێت. دوای دوو ساڵ نرخی دینار دادەبەزێت و 20 دینار دەبێتە یەك

ماركی ئەڵمانی. كە مەعمیلەكە 600000 دینار بداتەوە، یاخود بە ناو 100000 مارك، ئەو تەنیا پێویستی بە 30000 مارك هەیە یان 36000 مارك گەر سوودەكەی لەگەڵدا هەژمار بكرێت. كەواتە پوختەی قازانجی مەعمیلەكە لەم كردارەدا 64000 ماركە. شتێكی زۆر ئاشكرایە كە ئەوەی قەرزێكی وا باشی پێببەخشرێت زۆر بە دڵفراوانییەوە ئامادەیە كە بەشێك لەو قازانجە چاوەڕوان نەكراوە لەگەڵ كەسێكی دیدا بەش بكات. لەگەڵ كێ؟ لەگەڵ كەسی گونجاو لە شوێنی گونجاودا.

خانەنشینیی تایبەت و بەخشین بە هاووڵاتییان:

خانەنشینی بەهۆی كەمئەندامێتییەوە دەدرا بەو كەسانەی كە توانای كاركردنیان نەماوە. ئەم چارەسەرییە بە شێوەیەكی كارا لە گشت دەوڵەتێكی شارستانیدا هەیە. بەهەرحاڵ، گەلێك كەس كە هێشتا توانای كاركردنیان هەیە لەم بارودۆخەدا هەوڵی ئەوەیانە كە پارەی خانەنشینی كەمئەندامێتی وەربگرن. ئەو جۆرە پارەی خانەنشینییە داهاتێكی زیادەو قازانجێكی خۆڕاییە دەستیان دەكەوێت (بۆ نموونە، چارەسازیی خۆڕایی بۆ نوێكردنەوەی شیاوی rehabilitation). روونتر بڵێین لە رێی دابینكردنی ئاسوودەیی و خانەنشینیی كەمئەندامییەوە داهاتێكی چەسپاو و قازانجێكی خۆڕایی بەدەست دێنن. لەبەر ئەوە، ئەو كەسانەی ئارەزوو دەكەن مووچەی خانەنشینی بەدەست بێنن و مافی ئەوەیان نییە كە ئەوەیان بۆ بكرێت، ئامادەن بۆ ئەوەی ئەو فەرمانبەرانەی حكومەت گەندەڵ بكەن كە بڕیار لەسەر پێدانی ئەو مووچەیە دەدەن. لە سربیا "نرخ"ی بڕیاردان لەسەر مووچەی خانەنشینیی كەمئەندامی نزیكەی پێنج هەزار ماركی ئەڵمانییە. ئاستی گەندەڵییەكە بڕی ئەو پارە قازانجەی كە گەندەڵكارەكە (بە درۆ خانەنشینكراوەكە) چاوەڕێیە لە داهاتوودا بەدەستی بێنێت. لەبەر ئەوەی تا رادەیەك كارێكی گرانە خانەنشینیی كەمئەندامێتی بە كەسێك ببەخشرێت كە توانای كاركردنی تەواوی مابێت، گرنگترین كاندیدانی ئەم جۆرە گەندەڵییە ئەو كەسانەن كە بەشێك لە توانای كاركردنیان ماوەو ئارەزوو دەكەن وا نیشان بدەن كە هیچ توانای كاركردنیان نییە. گەندەڵی لەم جۆرە دەشێت بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ وردبینیی لێبكرێت لە رێی ژمارەی ئەو كەسانەی كە خانەنشینیی ئاسایی و خانەنشینیی كەمئەندامییان پێبدرێت.

یارمەتیی دارایی دەوڵەت بۆ خاوەن كارگەكان:

میكانیزمی بەدەستهێنانی یارمەتیی دارایی بۆ خاوەن كارگە بەستراوە بە چەندێتی و جۆرێتیی ئەو بەرهەمەی كە دابین دەكرێت. بۆ نموونە، بۆ یارمەتیدانی بەرهەمهێنانی شیر بڕی ئەو شیرەی دابین دەكرێت و ئەو چەورییەی كە تیایدایە پێوانە دەكرێت. خاوەن كارگەكە بەپەرۆشە لە رێی گەندەڵكردنی ئەو كەسەوە كە پێوانەی ئەو پێوەرە ناوبراوانە دەكات و بەڵگەنامەی تەواوی بۆ دەردەكات، بڕی ئەو یارمەتییەی كە وەریدەگرێت زۆرتر بكات. بە واتایەكی دی، لە رێی گەندەڵكردنی ئەو كەسەی كە پێوانەی ئەو پێوەرانە دەكات، دەتوانێت راپۆرتێكی ساختە بەدەست بێنێت بەو چەندێتی یان جۆرێتییەی كە بەرزترە لەو پێوەرانەی شمەكە دابینكراوەكە. ئەو كەسەی كە بڕوانامەكە دەردەكات یارمەتییەكە نادات، بەڵكو ئەو هەر تەنیا میانگرێكە لەم پرۆسەیەداو لەبەر ئەوە ئەو بە تەواوی پێوانەكردنی چەندێتی و چۆنێتیی بەلاوە گرنگ نییە. لەلایەكی ترەوە، كڕیارێكی بازاڕی سەوزە كە لە گیرفانی خۆی پارەی شمەكە كڕاوەكان دەدات زۆر مەبەستێتی كە زۆرترین و

www.pertwk.com

باشترین جۆرێتی بەدەست بێنێت. هەموومان کاتێك کە شتێك لە بازاڕی سەوزە دەکڕین بە تایبەتی بەتەنگ ئەوەوە دەبین کە لە جۆرێتی و چەندێتیی ئەو شتەی وەریدەگرین ورد ببینەوە. ئەو کەسەی کە بڕوانامەی شمەکە وەرگیراوەکان دەردەکات بۆ یارمەتیدانی دارایی بێگومان ئەو کەسە بەتەنگەوەهاتووە نییە.

پاراستنی تەندروستی بەخۆڕایی:

لەو چەند دەیینەی رابردوودا لە سربیا سیستمی پاراستنی تەندروستی بەخۆڕایی هەبوو، ئەمە هەر هیچ نەبێت لە رووی تیۆرییەوە. ئەم سیستمە لەسەر بنەمای ئەوەی پێی دەڵێن دڵنیایی تەوزیمیی تەندروستی دانرابوو. هەموو هاووڵاتییەك، بە پێی ئەو بنەمایەی باس کرا، ناچار دەکرا کە بڕێك پارە بدات بە سندووقی نێوەندیی دەوڵەت بۆ دڵنیایی تەندروستی. بەو پێیە، لە کاتی نەخۆشیدا ئەوان پاراستنی تەندروستیی خۆڕاییان پێشکەش دەکرێت. لە زۆر وڵاتداو بەهۆی گەلێك هۆکارەوە ئەو جۆرە سیستمی پاراستنی تەندروستییە یاخود دابینکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکییە دەبێتە هۆی دابینکردنێکی ناتەواوی خزمەتگوزارییەکان. لەبەر ئەوە، ئەو هاووڵاتییانەی کە هەوڵی خزمەتگوزاریی پزیشکی دەدەن پەرۆشی ئەوەن لە رێی گەندەڵکردنی پزیشکەکان یان ستافە پزیشکییەکانی ترەوە ئەو خزمەتگوزارییە پزیشکییە بەدەست بێنن. نرخی خزمەتگوزاریی پزیشکی لە دەرەوەی دەزگا رەسمییەکاندا بۆ هەر کەسێکی نەخۆش زۆر گرانە. بە واتایەکی دی، هەموو کەس ئامادەیە پارەیەکی تا رادەیەك زۆر بدات بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی شیاو. لەبەر ئەوەی ئەو خزمەتە ناتوانرێت لە رێی ئەم پرۆسە ئاساییەوە دەستگیر ببێت، بوار بۆ گەندەڵی پەیدا دەبێت. گەندەڵی دەشێت پەیوەندیی بە خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانەوە (پشکنینی پزیشکی، چارەکردن، عەمەلیات، لە نەخۆشانە نواندن، ... تاد.) یاخود بە خزمەتگوزارییەکانی ترەوە (بارودۆخێکی باشتر لە نەخۆشخانەدا، مامەڵەیەکی باشتر لەلایەن ستافە ناپزیشکییەکەوە، ... تاد.) هەبێت. سەرەڕای ئەوە دەشێت گەندەڵی لە خزمەتگوزاریی تەندروستیدا گەلێك جۆر بێت، لەگەڵ پارەداندا، دیاریی گرانبەهاش دەگرێتەوە، هەروەها پەرەپێدانی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی گەندەڵکراوەکە، یا هەر جۆرە خزمەتێکی بەرامبەری تر کە نەخۆشەکە دەتوانێت دابینی بکات.

داهاتی گشتیی دەوڵەت و فرۆشتەنی:

بۆ ئەوەی دەوڵەت کاروباری بەڕێوە بچێت، پێویستی بەوەیە جۆرەها شمەك و خزمەتگوزاری بەدەست بێنێت. لەمانەش، بۆ نموونە، ئامێری کۆمپیوتەر کە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بەکار دێت، یاخود ئەو ئوتومبێلانەی لەلایەن دەزگای گومرگەوە بەکار دەهێنرێن. سەرەڕای ئەمە ئەو شمەکە یەدەکانەی لەلایەن دەوڵەتەوە فراهەم دەهێنرێت بۆ دەستتێوەردان لە بازاڕ گەر زانیی بارودۆخەکە بۆ ئەوە گونجاوە. لە بنەڕەتدا، پێویستە ئەو گشت شمەك و خزمەتگوزارییانە لە رێی شیاوترین کارسازانەوە دابین بکرێن، یاخود بە کەمترین نرخ بۆ هەمان جۆرێتیی دیاریکراو. بەو جۆرە کردارانە کاریگەرێتیی یاسای ئابووری جێبەجێ دەکات، هەروەها خەرجییەکانی بوودجە کەم دەکرێنەوە. جێگەی نیگەرانییە ئەو کارمەندانەی دەوڵەت کە بەو کارەوە خەریکن پەرۆشی ئەوەن ئەو بنەمایانە بشکێنن. هەڵوێستێکی ژیرانەی ئەوان ئەوەیە نە ئابوورییەکی گشتیی کاریگەریان بەدڵە و نە کەمکردنەوەی بوودجەی خەرجیی دەوڵەت، ئەوان بە تایبەتی دەستکەوتی خۆیان بەدڵە. گەر پیشەسازێك ئامادە بێت بۆ گەندەڵکردنیان بۆ بەدەستهێنانی کارێك یان بۆ گەیاندنی بەرهەمەکەی بە دەوڵەت

ئەوا، لە بنەڕەتدا، ئامادەن کە ئاسانکاریی بۆ بکەن لە بەرامبەر، بۆ نموونە، ڕێژەی 2٪ بخەنە سەر حسابی بانکەکەی. بێگومان گەر بە پارەی دەستی بێت ئەوا باشتریشە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ: ئایا پیشەسازان ئامادەن بۆ ئەو جۆرە کەینوبەینە؟ بێگومان، هەموویان ئامادەن، بێجگە لەوانەی کە زۆر شیاون، خۆ ئەوانیش ئامادەی ڕێکەوتنی لەو جۆرەن گەر لەو بڕوایەدابن کە خەڵکی تر هەن هەوڵی گەندەڵکردنی فەرمانبەرانی حکومەت دەدەن. پیشەسازەکان ئامادەن کە فەرمانبەرانی حکومەت گەندەڵ بکەن تاوەکو بە نرخێکی باشتر کارێکیان پێبسپێرێت و گشت ئەو نرخی تێچوونانەی پێبگرنەوە کە بەرزترین لە هی پیشەسازکارەکان، هەروەها لە ڕێی ئەوەوە قازانجێکی تایبەت بەدەست بێنن.

گەلێك دەوڵەت پرۆسەکارێکی ڕەسمیی ئەوتۆیان بۆ کار بەدەستهێنان خستۆتە گەڕ کە ئەگەری گەندەڵیی فەرمانبەرانی حکومەت لەم بوارەدا تەواو کەم بکاتەوە. ڕێکەوتنە تایبەتەکان یان ڕاستەوخۆکان (داخراوەکان) چاکترین کار ڕەخساندنە بۆ گەندەڵیی فەرمانبەرانی حکومەت، لەبەر ئەوە گەلێك لە دەوڵەتەکانی سەردەم خۆیان لەم پرۆسەکارە بەدوور دەگرن. بێگومان سربیای سەردەمی میلۆسۆڤیچ دەوڵەتێکی لەو جۆرە نەبوو و بەدەستهێنانی کارە گشتییەکان هەمیشە لە ڕێی ڕێکەوتنی تایبەتەوە بوو کە وا چاوەڕوان دەکرێت لە کاتی زنجیرە دادگاییەکانی ئەمسالدا زانیاریی تەواو سەبارەت ئەو بەدەستهێنانانە ئاشکرا بکرێت. ئەو کار ڕەخساندنەی باس کرا لە ژینگە پێشووە ئابوورییە یاساییەکەی سربیادا چەند ئەگەرێکی گەندەڵی دروست دەکرد. ڕووپێو ئەوەی پیشان داوە کە ڕێژەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان هەر بێ سێ و دوو دەزانن کە بەدەستهێنانی کاری گشتیی ئەو چالاکییەیە کە گەندەڵیی زۆری تێدایە (وەك بوارێکی تایبەت کە دەبێتە هۆی گەندەڵی کارە گشتییەکان – یاخود ئەو کارانەی کە پەیوەندییان بە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەوەیە – بە 4.16 دانرابوو). سەرەڕای ئەمەش، بەدەستهێنانی کاری گشتی لە دەزگای ئاگاداریی تەندروستیدا وەك ئەوەی کە زۆرترین کاریگەریی گەندەڵیی لەسەر بێت ناوبراوە و 4.11ی بۆ دانراوە.

میکانیزمەکە لە خۆیدا زۆر سادەیە. گەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە سەرجەمی پێکهاتەی ئابووریی سربیا، یان وڵاتێك کە تیایدا گشت بڕیارە گەورەکان و مامەڵەکان لە جەماوەر دەشاررێنەوە، لەم جۆرە چالاکییانەدا بەشداریکردن بۆ ئەوانە دادەنرێت کە لەلایەن دەوڵەتەوە هەڵدەبژێررێن. ڕاستە ئەوان تەندەریان داوە و ڕێکەوتنەکەیان پێبەخشراوە، بەڵام ناچاریش بوون کە بەرتیل بدەن بۆ ئەو ڕێکەوتنی کارە. بەم شێوەیە گەندەڵی بووە ئەنجامی "مەزادێکی ناڕەسمی". ژمارەیەکی زۆرتر لەو گروپانەی کە پەیوەندییان بە کارەکەوە هەیە، شتەکە دەخەنە ڕوو، مرۆڤ دەشێت بەمانە بڵێ گروپی فشارکردن، کە لە پێشبڕکێکردنی یەکتردان. لەم جۆرە "پێشبڕکێی ئازاد"ەدا براوە ئەو کەسەیە کە گەورەترین بەرتیلی پێشکەش کردووە. تەندەر بۆ کاری گشتی لەو وڵاتانەی کە جیاوازییان هەیە لەگەڵ سربیای میلۆسۆڤیچدا لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی تەندەری داخراوی بەڵێندەرەکانە. ئەم میکانیزمە، ئەگەر لەژێرەوە ڕێکەوتنی تیا نەبێت، بە گشتی کار بەدەستهێنانێکی سەرکەوتوو دەهێنێتە دی و ئەگەرەکانی گەندەڵی، بەهۆی ئەوەوە، زۆر کەم دەبێتەوە. بەهەرحاڵ، ئەگەری گەندەڵی هەر دەمێنێت، ئەو ئەگەرانەش سەرلەنوێ بە ئاراستەی گەندەڵکردنی لیژنەی تەندەر دەڕوات. لەگەڵ ئەوەشدا ڕوونی و بە ئاشکراکردنەوەی تەندەرەکان و هەڵگرتنی تەندەرە بە بەڵگەنامە کراوەکە وەك بەڵگەنامەیەکی گشتی، بە ڕادەیەکی زۆر ئەگەرەکانی گەندەڵی کەم دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وا باشترە، لە ڕوانگەی لەناوبردنی گەندەڵییەوە، کە مەزادی ئاشکرا بەکار بهێنرێت و بەوە ڕوونییەکە گەلێك زیاتر دەبێت.

سەرەڕای بەدەستهێنانی کاری گشتی، فرۆشتەنیی گشتی دەشێت ببێتە سەرچاوەیەکی گەندەڵی. فرۆشتەنیی گشتی نموونەیی دەبێت لە کاتی بەتایبەتکردنی دەوڵەت یان کۆمپانیا گشتییەکاندا روو بدات. فرۆشتنی کۆمپانیا گشتییەکان بوارێك بۆ گەندەڵی دروست دەکات. کڕیارەکان پەرۆشی ئەوەن کە لە ڕێی گەندەڵکردنی فرۆشیار، یان ئەو فەرمانبەرەی حکومەت کە جێبەجێکردنی فرۆشتنەکەی لەئەستۆیە نرخی ئەو کۆمپانیایە کەم بکاتەوە کە دەفرۆشرێت. گەورەترین ئەگەری گەندەڵیی لەم جۆرە لە کاتی سەوداکردنی راستەوخۆی لایەنە پەیوەندارەکانە کە لە پێشەوە وتووێژی تایبەت (داخراو)ی بەشدارانی فرۆشتنەکە ئەنجام دراوە. ئەو میکانیزمانەی کە لەم حاڵەتەدا تا رادەیەك سادەیە (بڕوانە خانەی 4، بەتایبەتکردنی تیلیکۆم سربیا). بەهۆی ئەمەوە، بۆ فرۆشتنی کۆمپانیاکانی دەوڵەت بە زۆری تەندەرو مەزاد بەکار دەهێنرێت. شەپۆلی بەتایبەتکردن لە ساڵانی (1990)ەکاندا لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات ئەوە نیشان دەدات کە تەندەرو مەزاد بەربەستێکی پتەون بۆ گەندەڵی لە کاتی بەتایبەتکردندا.

خانەی 4

بە تایبەتکردنی تیلیکۆم لە سربیا:

پرۆنتۆ ئیتالیا، گوێت لێمە؟

بۆ ماوەیەکی دووردرێژ، کۆمپانیای STETی ئیتالیایی یان کۆمپانیای تیلیکۆم ئیتالیای ئەمڕۆ، ئارەزووی کڕینی، بەلای کەمەوە، کۆمپانیایەکی پەیوەندیی تەلەفونی بوو لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا. STET لە هەوڵدانیدا بۆ کڕینی MATAV (هەنگاریا)و SPT (کۆماری چیك) سەرنەکەوت، لەبەر ئەوەش STET هەردوو تەندەرەکەی لەدەست چوو، هەرچەندە ئەو بەرزترین نرخی پێشکەش کردبوو، تەنانەت 10٪ لە سەروو ئەوەوە کە تەندەرەکەی بۆ دەرچوو، رووی کردە سربیا و بڕیاری دا کە ئیتر هەرگیز تەندەرێك نەدۆڕێنێت. مسۆگەرترین رێگە بۆ لە دەستنەچوونی تەندەرێك ئەوەیە کە تەندەر هەر نەبێت. چیرۆکی نەبوونی تەندەر لە ئەیلوولی ساڵی (1996)ەوە دەست پێدەکات و کاتێك کێشەکان سەری هەڵدا، "لامبێرتۆ دینی" وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئیتالیا سەردانی بەلگرادی کرد، بەدزمانەکان دەڵێن ژنەکەی یەکێکە لە گەورەترین پشکدارانی تیلیکۆم ئیتالیا، بەڵام نابێت بڕوا بە بەدزمانان بکرێت. وەزیر دینی ئەوسا وتی کە لە بنەڕەتدا میلۆسۆڤیچ لەوەدا راست بوو کە ئۆپۆزیسیۆنی سربیا نابێت خۆنیشاندان بکات لە هەوڵدانێدا بۆ گێڕانەوەی هەڵبژاردنە پووچەڵکراوەکان (زستانی 1996 – 1997). کەمێك دواتر رێکەوتنێك کرا، بێگومان بە بێ تەندەر، لەمەڕ بەتایبەتکردن کە تیایدا STET بوو بە خاوەنی 29٪ی تیلیکۆم سربیا. نرخەکەی، بە وەبەرچاوگرتنی ئەو مەرجانەی کە بۆ پارە وەگەڕخەران دانراون، دەشێت بە زۆر کەم دابنرێت. مەرجەکان بۆ ئەم وڵاتە بە گشتی زۆر نالەبارن و بۆ پارە وەگەڕخەران، لە سەرووشیانەوە STET، زۆر لەبارن. ئەم هەموو خاڵانە تاوەکو دەگاتە گەندەڵی، یاخود ئەو بەشە پارەیەی کە دراوە لەو شوێنە کۆتایی نایەت کە دەبوایە کۆتایی بهاتایە – واتە لە بوودجەی کۆماری سربیا. داواکاری گشتیی ناوچە لە گتۆرین" لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بەم مەسەلەیە هێنایە گۆڕێ، لەوانەیە بە زوویی وەڵامەکانی ئەم سێ پرسیارە بزانین: کێ؟ چەند؟ کەی؟ بەهەرحاڵ، تەنانەت بەر لەوەی وەڵامی ئەو سێ پرسیارەمان دەست بکەوێت، ئێمە وەڵامی یەکێکیان دەزانین – ئەوەی کە هیچ حکومەتێك لە هیچ کاتێکدا دەبێت چی نەکات.

www.pertwk.com

هەندێك نموونەی بەتایبەتكردن لەو وڵاتانەی كە لە گواستنەوەدان دەشێت بوار بۆ گەندەڵی دروست بكەن. لەم رووەوە سربیا نموونەیەكی باشی پێشكەش بە جیهان كردووە كە چۆن ئەمە نەكرێت. لە سەرەتای 1989دا یاسای سەرمایەی سۆشیال دەرچوو (دواتر بۆ چەند جارێك گۆڕان و راستكردنەوەی تیادا كرا) كە ئەو بارودۆخانەی كردە دامەزراوەیی كە بەتایبەتكردن لە سربیادا بكرێتەوە. پرۆسەی بەتایبەتكردن لە دوای 1994 پێچەوانە كرایەوەو لە رووی پراكتیكەوە وەستێنرا بە جۆرێكی ئەوتۆ كە بەشێكی گەورەی ئابووریی یۆگۆسلاڤیا بە شێوەیەكی رەسمی خاوەنێتییەكەی لای حكومەت یان كەرتی گشتی مایەوەو تاوەكو ئەمڕۆش (نیوەی یەكەمی 2001) هەر بەو جۆرەیە. تەنیا 6٪ی ئابووریی ئێستا بەتایبەت كراوە. دەڵێن كە بەتایبەتكردن دواخراوە تاوەكو بارودۆخێكی وا دەرەخسێت كە "بە شێوەیەكی رەوا جێبەجێ بكرێت". بە پێچەوانەی ئەوەی كە بە ئاشكرا رادەگەیەنرێت، لە راستیدا سەرانی سیاسیی بەرخورداركراو "بەتایبەتكردنێكی ژێربەژێر"ی گەورەیان پیادە كردووە. هەندێك شیتەڵكاران بڕوایان وایە كە دەتوانرێت ئەوە بە سەرەنجام وەربگیرێت كە لە سربیا دەوڵەت هەمووی بەتایبەت كراوە. لەبەر ئەوە گەندەڵی بووە بە یەكێك لە رێگە سەركەوتووەكانی "بەتایبەتكردنی" شتومەكی كەرتی گشتی و دەوڵەت.

لە راستیدا ئەو بەتایبەتكردنە ژێربەژێرە یان لە خۆوە دەربڕینێكی بە ئەدەبە بۆ بە تاڵان گواستنەوەی سەرچاوە گشتییەكان (سۆشیالەكان) یان كۆمپانیاكانی دەوڵەت بۆ ژێر ركێفی تایبەت. زۆرجار میكانیزمەكە ئەوەشی دەگرتە خۆ كە كۆمپانیایەكی تایبەت دابمەزرێت لەلایەن بەڕێوەبەری كۆمپانیا گشتییەكەوە كە خۆی هەر بووە. ئەوە شتێكی باوە كە ئەو كۆمپانیا نوێیە بەناوی ژنی بەڕێوەبەرەكەوە یان خزمێكی نزیكییەوە بێت. وەزیری بەرگریی پێشووی مەكدۆنیا كۆمپانیا تایبەتەكەی خۆی بەناوی خەزوورییەوە تۆمار كردبوو. كە خاوەنێتیی كۆمپانیا تایبەتە نوێیەكە دەبووە هی بەڕێوەبەرەكە، زۆربەی زۆری پارەكان یان سەرچاوەكانی كۆمپانیای دەوڵەت دەگوێزرانەوە. ئەمە زۆرجار پەیوەندیی بە پەیوەندییە یان تۆڕبەندییە بازرگانییەكانەوە هەبوو (تۆڕبەندیی فرۆشتەنی، تۆڕبەندیی دابینكاری، تۆڕبەندیی پارەدابینكردن،...تاد.) هەروەها هەندێك جار گواستنەوەی راستەوخۆ هەبوو، یاخود دەستبەسەراگرتنێكی ئاشكرای شتومەك. بەم شێوەیە نرخی سەرمایەی كۆمپانیای دەوڵەت كەم دەبێتەوە، یاخود سەرمایەكە دەگوێزرێتەوە بۆ كۆمپانیا تایبەتە نوێیەكە. لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسە ناوبراوە چەند كەسێك لێی بەئاگان، پێویستە بێدەنگییان مسۆگەر بكرێت، یاخود هاوكاری وەك دەربڕینێكی پڕ لە ئەدەب لەبری ئەم گەندەڵییە بەكار بێت. بێگوێدانە ئەوەی گەر ژێرییەكە (بەرتیلەكە) یەكسەر بە پارەی دەستی بدرێت یان لە رێی پلەكارێك بە مووچەیەكی باش لە كۆمپانیا تایبەتە نوێیەكەدا كە هاوڕێ بەڕێوەبەرەكە بووەتە خاوەنی.

كارە گشتییەكان و ئەو مامەڵانەی پەیوەندییان پێوە هەیە:

كارە گشتییەكان لە ساڵانی (1930)ەكاندا باو بوو، كاتێك كە لە ویلایەتە یەكگرتووەكان بووە هۆی كاریگەریی ئابووری گەورەو لەبار (تەنانەت لە ئەڵمانیای هیتلەریدا كاریگەریی باشتری هەبوو، بەڵام لە شوێنەكانی تری جیهاندا ناوبانگێكی ئەوتۆی پێنەبەخشین). كارە گشتییەكان بریتین لە جۆرێكی تایبەت لە دابینكاریی گشتی، تەنیا لەبری بەدەستهێنانی شتومەك و خزمەتگوزارییەكان، وەگەڕخستن دابین دەكرێت و

پارەی لە سەرچاوە گشتییەکانەوە بۆ دیاری دەکرێت. لەبەر ئەوە لە بنەڕەتدا میکانیزمەکانی گەندەڵی وەك دابینکاریی گشتی وایە. بەڵێندەرەکان ئامادەن فەرمانبەرانی حکومەت گەندەڵ بکەن بۆ ئەوەی کارێك بەدەست بێنن و نرخەکەی بەرز بکەنەوە، یاخود داهاتیان زیاد بکەن. بەهەرحاڵ، ئاڵۆزیی ئەو پرۆژانەی کە دەبێت جێبەجێ بکرێن لە رێی کاری گشتییەوە، ئەگەری گەلێك جۆر گەندەڵیی جیاواز دەهێنێتە گۆڕێ، تەنانەت بە شێوەیەکی فراوانتر لە حاڵەتی بەدەستهێنانی گشتی. شێوەیەکیان ئەوەیە کە لە رەنگڕشتنی پرۆژەدا داشکاندن بەلای کاری گشتیدا هەبێت بۆ ئەوەی پرۆژەکە بەهایەکی زۆرتری هەبێت لەوەی کە پێویستە (ئەمەش بە "پرۆژەی هەڵئاوساو" ناسراوە). دووەم رێگە تۆڕبەندیکردنە بۆ پرۆژەیەکی دیاریکراو، کە لەم حاڵەدا شارەزاکان راستەوخۆ کڕراون لەبەر ئەوە پشتگیری لەوە دەکەن کە بەرزترین نرخی هەیە بێگوێدانە ئەو راستییەی کە لە رووی ئابوورییەوە هیچ پاساوێکی نییە، کە ئەمەش شێوەیەکی تری گەندەڵییە.

جۆرێکی تایبەتیی گەندەڵی لە کاری گشتیدا، لە ژێرەوە رێکەوتنی بەڵێندەرەکانە. رێکەوتنی ژێربەژێر رێگەیەکە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە تەندەر، بەوجۆرە نرخ زیاد بکرێت یان "هەڵئاوسێنرێت" و بەوەش دەستکەوت بەدەست بێت. روونتر بڵێین، تەندەر دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی باشترین نرخ لێدان و شیاوییەکی ئابووری، تەنیا گەر پێشبڕکێکاران (بەڵێندەرەکان) ژێربەژێر رێکنەکەوتبن. ئەوە شتێکی باوە کە ژێربەژێر رێکەوتن بە یارمەتیی گەندەڵی بەدی دێت.

بەدەستهێنانی کارێکی حکومەتی:

لە زۆر وڵاتدا بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە بەرەو گەشەکردن دەچن، خەڵکی ئامادەن کە پارەیەکی دیاریکراو بدەن بۆ بەدەستهێنانی فرمانێك لە خزمەتگوزارییە حکومەتییەکاندا. بە واتایەکی دی بۆ گەندەڵکردنی فەرمانبەرە حکومەتییەکان تاوەکو خۆشیان ببنە فەرمانبەری حکومەت. بە گشتی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت لەو وڵاتانەدا تا رادەیەك کەمە، لەبەر ئەوە پرسیارێك خۆی دەسەپێنێت: بۆچی کەسێك ئامادەیە پارەیەکی دیاریکراو بدات یان فەرمانبەرێك گەندەڵ بکات تاوەکو ببێتە فەرمانبەری حکومەت؟ هاندەری بنەڕەتیی هەوڵدان بۆ دامەزراندن لە خزمەتگوزارییە حکومەتییەکانی ئەم وڵاتانەدا ئەو داهاتە چاوەڕوانکراوەی گەندەڵییە. روونتر بڵێین، شتێکی چاوەڕوانکراوە کە ئەو پلەکاری فەرمانبەری حکومەتییە لە رێی گەندەڵییەوە داهاتێك بەدەست دێنێت، بۆ نموونە لە دەرکردنی مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان. بە واتایەکی دی، لە رێی گەندەڵکردنی فەرمانبەرانی حکومەتەوە بۆ وەرگرتنی فرمانێکی حکومەتی لە خزمەتگوزاریی حکومەتیدا پارەی بەشداریکردن دەدرێت لە یانەی ئەو کەسانەدا کە دەرگای داهات لەسەر بنەمای گەندەڵی لە بەردەمیاندا والایە. ئەمە دەبێتە جۆرە وەگەڕخستنێك بۆ داهاتوو: ئێستا پارە دەدەم بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دەستکەوتم هەبێت. ئەمە زنجیرەیەك گەندەڵی پێکدەهێنێت. داهاتی سەرەکیی فەرمانبەری حکومەت لەم حاڵانەدا دەبێتە ئەو داهاتەی کە لە گەندەڵییەوە بەدەست دێت، نەك لە مووچە سەرەکییەکەیەوە.

لە سربیای سەردەمی میلۆسۆڤیچدا، ئەو گەندەڵییەی کە بەند بوو بە بەدەستهێنانی فرمانە حکومەتییەکانەوە دەشێت بخرێتە سەر ئەو گەندەڵییەی کە بە گشتی لە بواری دامەزراندندا هەیە. روونتر بڵێین، ئەم گەندەڵییە دەرەنجامی چارەسەرە نەشیاوەکانە لە یاسا ناوخۆییەکانی دامەزراندندا. هەروەها نەبوونی خستنەکاری بازاڕی کارکردن لە سربیادا سەرچاوەیەکی گەورەی گەندەڵیی پێکهێناوە. وەگەڕنەخستنی بازاڕی

www.pertwk.com

کارکردن بە شێوەیەکی رەسمی، بووەتە هۆی پارچەپارچەبوونی بازاڕی کارکردنی ناوخۆو نیشتمانی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بازاڕی بچوك‌و داخراوو قۆرخکراو. لەبەر ئەوەی هیچ لێکدانەوەیەکی ئەنجامە ئابوورییەکان نەبوو، بڕی مووچەکە بە زۆری بەند بوو بەو بەشە ئابوورییەوە کە کۆمپانیاکە کاری تیا دەکات، شتێکی ئاساییشە ئەو فرمانانە ئەو خەڵکانە راکێشن کە لەو بەشانەدان "لە پێشینەن"، بە تایبەتی راکێشان لەلای ئەو فرمانانەوە بوو کە سەر بە کەرتی گشتی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پرسیارە هەبوو: چۆن فرمان بەدەست دێت کە بازاڕی کارکردنی ئازاد نەبێت، یان میکانیزمێك بۆ هەڵبژاردنێکی ئازادو پێشبڕکێ نەبێت تاوەکو هەل لە بەردەم ئەوانەدا بێت کە بەتواناترو ئاواتی بەرزتریان هەیە؟ لەبەر ئەوە، بۆ گەیشتن بە فرمانێکی نوێ، بە تایبەتی لە خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتدا مرۆڤ پێویستی بەوە بوو کە شتەکان رێك بخات. لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا گشتییەکان‌و کۆمپانیاکانی دەوڵەت (سەرانی سیاسەت) شیاوی کۆمپانیایان لا مەبەست نەبوو چونکە ئەوان لە بارودۆخی بازاڕدا کار ناکەن بۆیە زۆر بە ئاسانی بڕیاری ئەوەیان دا کە ئەو جۆرە شتە بکەن. کاتێك کە ئەو توخمە ناوبراوانە یەکیان گرت، بە ئاسانی لەوە دەگەین کە لێرە میکانیزمی جۆراوجۆری گەندەڵی زۆر کارا بوون‌و بە تەواوی هێزیانەوە. لەبەر ئەوەی 41٪ی وەڵامی هاووڵاتییان ئەوە بوو کە ئەوان لە کاتی پێشبڕکێ لە وەرگرتنی فرمانێکدا گەر داوای بەرتیلیان لێبکرێت ئەوا دەیدەن.

گەندەڵیی حکومەتی ناوخۆ:

گەندەڵی لە سربیا لە گشت ئاستەکانی دەسەڵاتدا هەیە، هەروەك چۆن لە حکومەتە فیدراڵ‌و کۆمارییەکەدا هەیە، بە بڕێکی وەبەرچاویش لەسەر ئاستی دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکاندا هەیە. بێگومان لە حکومەتە ناوخۆییەکەدا شێوەیەکی تایبەتی هەیە کە بەندە بەو ئەرکە بەسەردابڕاوەی شارو شارەوانییەکان کە ئاستی ناوخۆیی حکومەت پێکدێنن.

حکومەتی ناوخۆیی سربیا ئەرکێکی گەلێك دیاریکراوی هەیە، گەلێك کەمترە لەوەی کە لە وڵاتانی ناوچەکە یا لە ئەورووپای رۆژئاوادا هەیە. لە ساڵانی (1990)ەکاندا ئەو بە نانێوەندنەکردنەی حکومەتی پێشوو گۆڕا بە پرۆسەی بە نێوەندکردن، یاخود گواستنەوەی ئەرکەکان لە ئاستی ناوخۆوە بۆ ئاستی کۆمار، ئەمەش لە گەلێك بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بەم جۆرە شارو شارەوانییەکان "ئازاد کران" لە گشت ئەو ئەرکانەی کە پەیوەندییان بە پەروەردە، ئاگاداریی تەندروستی، دادگاو پۆلیس، هەروەها لە گەورەترین بەشی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، کەلتوور، چالاکیی بازرگانی، گەشەپێدانی هەرێم‌و هیدی لەو جۆرە. ئەم بادانەوەیە بۆ گواستنەوەی ئەرکەکان لە حکومەتی ناوخۆییەوە بۆ سەر ئاستی کۆمار ئەنجامی بەنیازبوونی رژێمی پێشوو بوو بۆ گواستنەوەی هەموو دەسەڵاتە گرنگەکان، هەروەها سەرچاوە داراییەکان بۆ ئەو ئاستەی کە تیایدا هەست بەوە بکات بەهێزترو بەرگرتر دەبێت، بە رەچاوکردنی ئەو ئەگەرەی کە لە ژمارەیەکی زۆری شارو شارەوانییەکاندا هەڵبژاردنەکان بدۆڕێنێت. ئۆپۆزیسیۆنە دیموکراتەکان هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانیان بردەوەو لە کۆمەڵگە ناوخۆییەکاندا دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەڵام گشت بزوێنەرەکانی دەسەڵات دوور لە دەستی ئەوان‌و لەسەر ئاستی حکومەتی کۆماریدا بوو.

سەرەڕای ئەرکە کارگێڕییەکان بە گشت مانایەکییەوە، شارو شارەوانییەکان لە سربیا بواری پێکهاتەی ژێرخانەیی (کاروباری ئاو، پاشەڕۆ کۆکردنەوە، گواستنەوە، گەرمکردنەوە، گۆڕستانەکان، رووناکی،

شەقامەکان، پارکەکان... تاد.) لە دەستدایە، هەروەها پلاندانانی شارستانەکان، بەکارهێنانی بڕە بەش بۆ گەشەپێدانی خانووبەرەو بەڕێوەبردنی ئەو خانووبەرە بازرگانییانەی کە دەوڵەت خاوەنیانە.

لە چوارچێوەی ئەو ئەرکانەی دەسەلاتی ناوخۆی سربیا کە ناوبران گەندەڵی بەدی دەکرێت‌و چوار بواری سەرەکیی گەندەڵی ئەمانەن:

* بەخشینی شوێنی دروستکردنی کوشك.

* بەخشینی بەکارهێنانی خانووبەرە بازرگانییەکان.

* بەخشینی بڕە بەشی گەشەپێدانی خانووبەرەو مۆڵەتی خانوو دروستکردن.

* دابینکاریی گشتی.

لە گەلێك لە شارەکانی سربیادا، هەر لە بەلگرادەوە، لە دەیینەی رابردوودا گەندەڵییەکی زۆرو پەرەسەندوو سەبارەت بە بەخشینی شوێنی "دروستکردنی کوشك". کوشك (واتە دوکانی بچوك کە زیاتر لە تەختە یان شتی دی دروست دەکرێت) بە دروستکراوێکی کاتی دادەنرێت، لەبەر ئەوە یاسا توندوتیژەکانی پلانی شارستانی نایگرێتەوە، بۆیە بەلای دەسەڵاتدارانەوە بەخشینی شوێن بۆ دروستکردنیان گەلێك ئاسانترە. لەلایەکی ترەوە، کەرتی تایبەت کێشەی نەبوونی خانووبەرەی بازرگانی هەبوو چونکە ئەوەی کە هەیە بە زۆری لەلایەن کۆمپانیا گشتییەکانەوە بەکار دێت‌و بە شێوەیەکی زۆر نەشیاویش. کۆمپانیا گشتییەکان نیازێکی ئەوتۆیان نیشان نەدەدا کە دەستبەرداری خانووبەرە بازرگانییە زیادەکان ببن چونکە گلدانەوەیان هێندە لەسەریان ناکەوێت، چ بە دەست خۆیانەوە بێت یان بە دەست ئەو کۆمپانیا حکومەتییانەوە بێت کە خانووبەرە بازرگانییەکان بەڕێوە دەبەن. لە حاڵەتی دووەمدا کرێکە گەلێك نزمترە لە نرخی بازاڕو تەنانەت گەر لە خراپترین بواریشدا بەکار بهێنرێت سەرچاوەیەکی دارایی تەواوی ئەوتۆ بەدەست دێنێت کە کرێکە بگرێتەوە. تاکە چارەسەری خێرا بۆ کەمی خانووبەرەی بازرگانی لە کەرتی تایبەتدا، تەنانەت لەم بارودۆخەی ئێستاشدا، بە تایبەتی بۆ تاکفرۆشەکان، دروستکردنی کوشکە. گەندەڵیی پەیوەست بە شوێن‌و مۆڵەتی دروستکردنی کوشك بە خێرایی پەرەی سەند، بە تایبەتی لە شوێنە سەرنجراکێشەکانی ناوجەرگەی شاردا. "نرخی" ئاسایی کە بۆ ئەو مەبەستە دەدرێت لە نێوان 5 تا 10 هەزار مارکی ئەڵمانییەو بۆ شوێنە زۆرباشەکان‌و کوشکە زۆر گەورەکان پارەکە گەلێك زۆرترە. دەوڵەتی سربیا خاوەن ژمارەیەکی زۆری یەکەی خانووبەرە بازرگانییەکانە لە شارەکانی سربیادا، بە تایبەتی کۆگاو نووسینگەکان. ئەم خانووبەرە بازرگانییانە بە زۆری لە ڕێی خۆماڵیکردنەوە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم بوونە موڵکی دەوڵەت. سەرچاوەی دارایی ئەم خانووبەرە بازرگانییانە لەلایەن کۆمپانیا گشتییەکانی سەر بە شارەوانیی شارەکانەوە بەڕێوە دەبرێت. گەورەترین بەشی ئەم خانووبەرە بازرگانییانە لەلایەن کۆمپانیا گشتییەکان (یا تێکەڵەکان)ەوە بەکار دێت‌و بەشێکی کەمیشی لەلایەن پیشەسازان‌و کەرتی تایبەتەوە بەکار دێت. ئەو کرێچییانەی ئێستا تیایدان لە ڕێی ڕێکەوتنی نادیارەوە پارێزراون‌و زۆر گرانە بتوانرێت دەربکرێن تەنانەت گەر بە ڕێکوپێکی کرێکەش نەدەن.

گەندەڵی لە بەخشینی خانووبەرەی بازرگانیدا بە رادەیەکی زۆر هەیە. هۆی سەرەکی کەمیی کرێیە گەلێك لە خوار کرێی بازاڕەوە، ئەم سیاسەتەش بە بیانووی پاراستنی کرێچی‌و بەکارهێنەرەوە هێڵراوەتەوە. کاتێك کە کرێ کەم بێت، کەواتە دەستکەوتێك هەیەو کەسێك وەریدەگرێت، چ کرێچییەکە بێت یان ئەو کەسەی بڕیار لەوە دەدات کێ کرێچی بێت‌و بە زۆریش ئەمیانە. ئەم جۆرە گەندەڵییە، وەك ئەوانی تر لەسەر ئاستی حکومەتی

www.pertwk.com

ناوخۆیی دوو جۆرە: یەکەمیان پێدانی پارەی دەستی دووەمیان بەخشینی خانووبەرەی بازرگانییە بە دۆستانی حیزب. بۆ پەرەسەندنی گەندەڵیی پەیوەست بە خانووبەرەی بازرگانییەوە، کێشەی سەرەکی لەسەرخۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەرپەڕاندنی کرێچییەکانە کە ئێستا تێیدانو بەمەش تا رادەیەك ژمارەیەکی کەم شوێن دەمێنێتەوە کە بتوانرێت بە ئازادی رێکەوتنێکی پڕ سوودی لەسەر بکرێت.

زەویی بیناسازیی ناوشار لە سربیا هی دەوڵەتە، حکومەتی ناوخۆ تەنیا بڕیار لەوە دەدات کە بە کێ بدرێت کام پارچەیە بدرێتو چ مافێکی بەکارهێنانی هەبێت. هەر وەکو خانووبەرە بازرگانییەکان، نرخی رەسمی زەویی بینا گەلێك نزمترە لە نرخی هاوچەشنەکەی لە بازاڕدا، هەروەها دەستکەوت هەیە کە دەشێت بدرێت بە کەسێك. کاتێك کە دابینکردنو داخوازیی (العرچ والگلب) زەویی بینا لە بازاڕدا سەقامگیر نەبێت ئەوا گەندەڵی دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا یاسای زەویی بیناسازیی شار ئەوە دەسەپێنێت کە زەویی بینا لەسەر بنەمای پێشبڕکێ دەبەخشرێت. بەهەرحاڵ ئەو یاسایە هیچ کەس جێبەجێی ناکات. لە راستیدا لە رێی سەودای راستەوخۆی لایەنە پەیوەندارەکانو قاییلبوونی دوولایەنییەوە دەبەخشرێت. لە هەردوو بواری بیناکردنی بازرگانیو نیشتەجێییدا چەند خاڵێك هەن کە گەندەڵی دەشێت تیایاندا هەبێتو دووپات ببێتەوە. یەکەمیان بەدیهێنانی مەرجەکانی پلانی شارستانییە، چ بۆ شوێنێك بێت کە پلانی وردەکاریی شارستانی یاخود رێکوپێکی نەبێت، یان بۆ لادان لە پلانەکە گەر پلان بۆ ئەو شوێنە هەبێت. پاشان مەسەلەی مۆڵەتی بینا دروستکردنو لە کۆتاییشدا مۆڵەتی بەکارهێنان. لە هەریەك لەم خاڵانەدا ئەگەری گەندەڵی هەیە، هەروەها بۆ ئەوەی هەردەم باشترین پارە بدرێت بە تایبەتی شوێنە سەرنجڕاکێشەکان (بۆ نموونە، چەند ملیۆنێك بۆ ناوچەی "دێدینیە"ی بەلگراد)، بەشداران لە گەندەڵیدا بە زۆری پشکنەرانی بینان کە کۆنترۆڵکردنی یاسایی دروستکردنەکەیان لە ئەستۆیەو نەرمی نیشان دەدەن بەرامبەر بە پێشێلکاران بۆ ئەوەی پارەیان پێبدرێت.

دابینکاریی گشتی لەسەر ئاستی ناوخۆ، هەروەك هەر کەسێکی دی، باشترین کات بەسەربردنە بۆ فەرمانبەرە گەندەڵەکان. کاتێك کە دابینکارییەکە بواری پێشبڕکێی تێدا نەبوو ئەوا "نرخدانان" شتێکە دەبێت هەر بکرێت. گەندەڵی لە هەردوو لاوە هەیە، لە بوودجەی دابینکارییەکەداو لەو کۆمپانیایانەش کە بۆ سوودی گشتین (هەمیشە کۆمپانیای بەلگراد بۆ گواستنەوەی گشتی ناوی دەبرێت). باشییەکەی لەو راستییەدایە کە دابینکاری لە سربیادا بە گشتی کەمە – لە دە ساڵی رابوردوودا چەند پرۆژەیەکی وەگەڕخستنی کەم هەبوون کە لە لیستی ئەگەری بوونی گەندەڵیدا لە سەری سەرەوە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت دەستکەوتی قەبارە بچوك گەر زوو زوو بێت دەشێت بڕە پارەی باش بەدەست بێنێت.

گەندەڵی لەسەر ئاستی ناوخۆ چ لە بواری کوشك، خانووبەرەی بازرگانی، بینا دروستکردنو پارچە زەوی یان لە بواری دابینکاریی گشتیدا بێت، هەمیشە لەسەر بنەمای حیزب بووە. حیزبی فەرمانڕەوا گەندەڵی رێك دەخاتو فەرمانبەرە (نووسەرە) متمانەپێکراوەکان جێبەجێی دەکەن. هەروەها بەشدارە هاوپەیمانەکان زانییان چۆن بەشداری دەکەن لە دابەشکردنی دەستکەوتەکەدا.

هاووڵاتییانی سربیا دەزانن گەندەڵی هەیە لەسەر ئاستی حکومەتی ناوخۆ. ئەو رووپێوەی کە بۆ ئەم پرۆژەیە ئەنجام درا ئەوەی دەرخستووە کە هاووڵاتییان وا دەزانن کە گەندەڵی گەلێك تەواو لە نێو دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکاندا پەرەی سەندووە – بەو پێوەرەی کە لە $(1-5)$ە بڕی 3.78یان بۆ داناوە. بە پێچەوانەی دامەزراوەکانی تری دەوڵەتەوە، دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان هەر لە ئاستی رێژەیەکی بەرزدا گەندەڵ نین، خاوەن

پرۆژە تایبەتەکان نمرەیەکی خراپ بە حکومەتی ناوخۆ دەدەن، 3.91یان وەك نیشاندەر پێداوەو ئەوەشیان دەربڕیوە کە لەگەڵ هەموو ئەو مامەڵەکردنانەی لەتەك دەزگا گشتییەکانی گشت ئاستەکاندا دەکرێت، گەندەڵیی دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان لە بەخشینی شوێندا پتر دەردەکەوێت.

بێگومان گەندەڵی زیان لە بوودجەی گشتیی کۆمەڵگە دەدات. کاتێك کە نرخی خانووبەرەی بازرگانی، زەویی بینا، یان کوشکەکان نزم بێت ئەوا دەستکەوتەکە (جیاوازییەکە لەگەڵ نرخی بازاڕدا) بۆ کرێچییەکە یان بۆ فەرمانبەری شارەوانی و حیزبەکەی دەبێت نەك بوودجەی گشتی. لەگەڵ زیان لێکەوتنی بوودجەدا زیان لە هاووڵاتییان یاخود کۆمەڵگەی ناوخۆ دەکەوێت.

گەندەڵی لە ئاگاداریی تەندروستیدا: گەندەڵی یان پارەکێشانەوە؟

گەر ئێمە گەندەڵی وەك ئاڵوگۆڕکارییەکی خۆبەخشی دابنێین کە ئەکتەرەکانی ئەو کەسەیە کە بەرتیل وەردەگرێت (کەسێکە کە کارێکی گشتیی لەدەستدایە) لەگەڵ ئەو کەسە کە بەرتیل دەدات (کەسێکە کە هەوڵی بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەك دەدات و ئامادەیە لە پێناویدا پارە بدات) ئەوا رووبەڕووی کێشەیەکی گەورە دەبینەوە گەر بمانەوێت ئەو پێناسەیە بەسەر ئاگاداریی تەندروستیدا بچەسپێنین. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی کە پارەکە دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت خزمەتەکە بەدەست بێنێت (ئاگادارییە پزیشکییەکە) لە رێی ئەو کەسەوە کە ئەرکێکی گشتیی لەدەستدایە (کارمەندی پزیشکی لە کەرتی دەوڵەت بۆ خزمەتگوزاریی ئاگاداریی تەندروستی) لە هەڵوێستێکی ئەوتۆدا نییە کە بتوانێت بە ئازادی بڕیار بدات بێ ئەوەی دەرەنجامی مەترسیداری لەسەر تەندروستی نەبێت گەر پارە نەدات بۆ ئەو خزمەتگوزارییەی کە بە پێی یاسا پێی رەوا بینراوە. بە پێی توێژینەوە ئەزموونییەکەمان 53٪ی ئەوانەی رایان وەرگیراوە بەرتیل دەدەن بۆ بەدەستهێنانی پارێزگاریی تەندروستیی چاکتر کە شوێنی یەکەمی گرتووە لە نێوان نۆ خزمەتگوزاریی تردا. ئەمە مانای وایە مرۆڤ ناتوانێت لێرەدا باس لە هیچ چالاکییەکی خۆبەخشی بکات.

بە پێی شێوەی دەرکەوتنی، کێشەی شێوە نایاساییەکانی پارەدان دەشێت وەك گەندەڵی مامەڵە بکرێن، بەڵام لە گەوهەردا ئەم دیاردەیە لە بواری ئاگاداریی تەندروستیدا لە شێوەی پەتایەکدا پەرەی سەندووە کە لە رووتانەوەو پارەکێشانەوە نزیکە. ئەو کەسەی کە لەژێر باری پێویستیی ئاگاداریی تەندروستیدایە، هەندێك جار لە هەڵوێستێکی وادا نییە کە سەرپشك بێت لە پارەدان بۆ عەمەلیاتێك کە پێویستە ئەنجام بدرێت، یان بۆ چارەسەرکردن بەرەورووی دامەزراوەیەکی بەرزتر یاخود بۆ هەر خزمەتگوزارییەکی هاوچەشن کە درێژیی و جۆرێتیی ژیانی دەشێت پێوەی بەند بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە لەم چەند لاپەڕەیەدا بۆ پێناسەی گەندەڵی پێناسەکەی بانکی جیهانی بەکار دێنین کە دەڵێت بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی پلەوپایەی گشتی بۆ بەدەستهێنانی سوودی تایبەت.

جۆرەکانی گەندەڵی لە ئاگاداریی تەندروستیدا:

گەندەڵی یان پارەدانی نایاسایی لە بواری ئاگاداریی تەندروستیدا لە وڵاتی سربیادا دەشێت لە گەلێك شێوەدا خۆی بنوێنێت:

بەخشین:

بۆ گەلێك لە خزمەتگوزارییەكان، وا پێویست دەكات كە بەكارهێنەران (نەخۆشەكان) پارەی نرخی تێچوونی كەرەسەكان یان ئەو دەرمانانە بدەن كە بەكاری دێنن تاوەكو بتوانرێت خزمەتگوزارییەكە دابین بكرێت. بۆ نموونە، ماوەیەكی دووردرێژ مەڵبەندە تەندروستییەكان یان نەخۆشخانەكان كەرەسەیان نەبوو بۆ كاروبارە بنەڕەتییەكانی ددان، دەستنیشانكردنی نەخۆشی هێندەی پەیوەندیی بە تیشكی (X)ەوە هەبێت، ئەو دەرمانانەی لە ڕێی خوێنبەرەوە دەدرێت بە نەخۆش لەو كاتەدا كە لە نەخۆشخانەیە یان بۆ چارەسەركردن لە مەڵبەندە تەندروستییەكاندا، هەروەها ئەو كەرەسانەی كە بۆ كاروباری عەمەلیات پێویستن. لەم حاڵەتەدا بەڕێوەبەری دامەزراوە پزیشكییەكە لە ڕێی هەندێك لە بەشەكانەوە (ددان، تیشكی X، عەمەلیات، ......) نەخۆشەكان ئاگادار دەكات كە پێویستە هەندێك كەرەسە بكڕن (فیلمی تیشكی X، پڕكەرەوەی ددان، نەشتەر، گۆز، داوی عەمەلیات......) یاخود دەرمان (دەرمان، بێهۆشكەر، ئەو دەرمانانەی لە خوێنبەرەوە دەدرێن بە نەخۆش) كڕینەكە بە گشتی بە دوو شێوە ئەنجام دەدرا: ڕاستەوخۆ لە دەرمانخانەكان (لەم حاڵەتەدا نەخۆش كەرەسەكە دەكڕێت و پاشان دەیدات بە پزیشك یان پەرستیارەكە بەو جۆرەی كە خۆی بتوانێت كۆنترۆڵی بەكارهێنانی دەرمان یان كەرەسە بكات) یاخود لە ڕێی "پارە بەخشینەوە". ڕوونتر بڵێین، لە ماوەیەكی دووردرێژدا داوای پارە لە نەخۆشەكە دەكرا، تەنانەت بۆ چارەسەری حاڵەتە ناكاوەكانیش، تاوەكو بە پارەكە نرخی تێچوونی چارەسەرییە پزیشكییەكە دابین بكرێت. ئەو پارە بەخشینە كە بەند بوو بە جۆری كارە پزیشكییەكەوە دەبوایە نەخۆشەكە بیخستایەتە سەر حسابی نەخۆشخانەكە یان بە دەستی بیدایە بە دەسەڵاتدارە ڕەسمییەكانی نەخۆشخانە[12].

تێچوونی عەمەلیاتی ڕیخۆڵەكوێرە نزیكەی 500 ماركی ئەڵمانییە و عەمەلیاتی چاو نزیكەی 400 ماركی ئەڵمانی و دانانی جومگەی دەستكرد بۆ سمت نزیكەی 3000 ماركی ئەڵمانی. پەیوەندیی تەلەفونی لە ماڵەوە بە مۆبایل و گواستنەوەی پزیشك نزیكەی 0.5 ماركی ئەڵمانی بۆ هەر كیلۆمەترێك. ڕێڕەوی ئەو پارەیەی كە نەخۆشەكە وەك بەخشەرێك داویەتی نادیارە. ئەو پارەیە لە دوایین قۆناغیدا دەچێتە سەر حسابی دامەزراوە پزیشكییەكە. جا ئاخۆ بۆ كەرەسە پێویستەكان و دەرمان بۆ نەخۆشەكان خەرج دەكرێت یان بۆ كڕینی شوققە بۆ ستاف و گەشتكردنی تایبەت بۆ دەرەوەی وڵات؟ بەكارهێنەری خزمەتگوزارییەكە (بەخشەرەكە) هەرگیز ئەوەی بۆ ڕوون نابێتەوە.

لە هەندێك لە دامەزراوە پزیشكییەكاندا ڕێگە دراوە بە پزیشكەكان كەرەسە پێویستەكان بە نەخۆشەكان بفرۆشن. لەسەر بنەمای جیاوازی لە نرخدا (ئەو نرخەی كە بۆ بەدەستهێنانی كەرەسە یان دەرمانەكە داویانە، لەگەڵ نرخی فرۆشتندا) كارمەندانی ئاگاداریی تەندروستی قازانجێكی تر دەكەن.

(12) لێرەدا تەنیا دوو حاڵەت دەخەینە بەرچاو كە سیمای ئەم دیاردەیەی پێوەیە. یەكەمیان ڕێنمایی ژمارە 12/667یە كە لەلایەن بەڕێوەبەری مەڵبەندی پزیشكیی "كرۆشیڤاج"ەوە دەرچووە، یەكەمیان: لە 1ی ئەیلولی 1994ەوە خزمەتگوزارییە پزیشكییەكان بە پێی ئەم لیستە هاوپێچەی نرخ لە بەشەكانی "نەخۆشخانەی گشتی" مەڵبەندی پزیشكیی كرۆشیڤاج پارەیان لەسەر دادەنرێت. نرخی خزمەتگوزارییە پزیشكییەكە لەلایەن بەكارهێنەرەكەوە لە شێوەی بەخشیندا دەدرێت. ئەمە مانای وایە گەر نرخی خزمەتگوزارییەكان بە پارەی دەستی نەدرا بە حەواڵە بوو ئەوا دەبێت ئەم تێبینییەی لەسەر بێت (پارەدان بۆ بەخشین). ئەم دەقە دەبێت لە كاتی پارەداندا بە بەشی نەخۆشخانەی گشتی لەسەر قەواڵەكە بنووسرێت. دووەمیان: بڕیاری ژمارە (1-145-2)ی ئەنجومەنی كارگێڕیی مەڵبەندی پزیشكیی زرێنیانین بوو لە 12ی ئایاری 1997دا. لەنێو گەلێك شتیی دیدا بڕیارەكە دەڵێت ئەمانەی خوارەوە پارەیان لەسەر دادەنرێت "گواستنەوەی نەخۆش بۆ كۆنترۆڵكردنی پشكنینە پزیشكییەكانی یان لە كاتی دەرچوونی لە نەخۆشخانە، هەروەها بۆ ئەو سەردانانەی ماڵەوە بە مەبەستی خزمەتی فریاگوزاری، ئەم پابەندییە منداڵ و ئافرەتی دووگیان دەگرێتەوە".

www.pertwk.com

ڕاستەوخۆ داواکردنی پارە:

دووەم جۆری گەندەڵی، یان پارەدانی نایاسایی ڕاستەوخۆ داواکردنی پارەیە لە نەخۆش یان خێزانەکەی. بۆ مسۆگەرکردنی ئاگادارییەکی باش یا بە خێرایی کار بۆ کردن یان خزمەتگوزاریی فریاگوزاری کە لە ماڵەوە پێشکەش دەکرێت داوای پارە دەکرێت. لێرەشدا چەند شێوازێك هەن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. لە دامەزراوە پلە بەرزەکاندا کە بەرزترین نرخی خزمەتگوزارییان هەیە، یەکێك نەخۆشەکە ئاگادار دەکات کە گوایە ئەو پزیشکەی چارەسەری دەکات کێشەی پارەی هەیە بۆ ڕۆیشتنی بۆ کۆنگرەیەك کە تیایدا بابەتێکی گەلێك گرنگ پێشکەش دەکات، لەبەر ئەوە دکتۆر ئەم ڕۆژانە بە شێوەیەکی گەلێك نائاسایی سەرقاڵە، بۆیە بینینی نەخۆشەکە هەندێك دوا دەکەوێت. پەیامەکە ئاشکرایە — ئەگەر پارە دەدەیت ئەوا بە سوپاسەوە دەبینرێیت، ئەگەر نا ئەوا چاوەڕوان بە.

دووەم جۆری پارە داواکردن، کە لە زۆربەی دامەزراوەکاندا پیادە دەکرێت ئەوەیە کە دۆستێکی باشی پزیشکەکە دەڵێت پێویستە چەند پارە بدرێت. سێیەم جۆر ئەوەیە کە پزیشکەکان خۆیان داوای پارە دەکەن، زۆرجار ڕاستەوخۆ خۆیان بە نەخۆشەکە دەڵێن و هۆیەکەشی ڕوون دەکەنەوە کە بە زۆری کەمیی مووچەو نەبوونی هاندەرە بۆ کارکردن. یان داوای "قەرز"ێك دەکەن کە دەیگێڕنەوە گەر بارودۆخیان وای لێبێت توانای دانەوەیان هەبێت. لە هەردوو حاڵەتەکەدا نەخۆش دەزانێت کە ئەو پارەیەی دەیدات گەڕانەوەی نییە.

ڕەفتاری نایاسایی تایبەت:

لە گەلێك لە دامەزراوە پزیشکییەکاندا هەندێك پزیشك بە ڕاشکاوی ڕەفتاری نایاسایی دەکەن. ئەم شێوازە بۆ پارە وەرگرتن لە نەخۆش بە زۆری لە خزمەتگوزارییەکانی ددان و پێستدا پیادە دەکرێت. بۆ دروستکردنی ددان (کاتی یان جێگیر) نەخۆشەکە بەشدارییەك دەدات کە لەلایەن دەزگاکانی حکومەتی کۆمارییەوە دانراوەو بە ڕێکەوتن لەگەڵ پزیشکی ددانەکەدا، بڕێکی دیاریکراو پارەی بە دەستی پێدەدرێت (بۆ ددانی ئەکریلی کاتی نزیکەی 100 مارك و بۆ تاقمی تەواو نزیکەی 250 مارك و بۆ ڕایەڵبەند "جسر"ی جێگیر 50 مارك بۆ هەر پارچەیەك). پزیشکانی نەخۆشیی پێست دامەزراوە پزیشکییەکان (شوێن، ئامێر، کەرەسە) کە کاری لێدەکەن بەکاری دێنن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

مۆڵەتی نەخۆشی و خانەنشینی:

بەرتیلدان بە پزیشك لە بەخشینی مۆڵەتی نەخۆشیدا هەیە کاتێك کە ڕاست نەبێت. لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم دیاردەیە کەم بوو هێندەی پەیوەندیی بە کارمەندانی کۆمپانیا و کارگەکانمانەوە هەبێت، بەڵام لەلایەن ئەو کرێکارانەوە دەکرا کە لە دەرەوەی وڵاتدا کار دەکەن. بە پێی ڕێکەوتنەکانی دڵنیایی تەندروستی، ئەو سەرەنجامانەی پزیشکەکانمان دیاریی دەکەن دروستن. ئەگەر ئەو کرێکارەی کە بۆ نموونە لە ئەڵمانیا کار دەکات لە کاتی مۆڵەتدا نەخۆش کەوت ئەوا مۆڵەتی نەخۆشیی پێدەدرێت.

بۆ پێدانی خانەنشینیی کەمتوانایی، یا ئاگاداریی و یارمەتیدانی تایبەت، زۆرجار وا پێویست دەکات کە بەرتیل بەو پزیشکانە بدرێت کە ئەنجامی لیژنەکانی خانەنشینکردن بەهۆی کەمتواناییەوە یان ئاگادارکردنی

تایبەت. بڕی پارەی خانەنشینی لە دوو تا سێ هەزار مارکی ئەڵمانیە بە پێی ئاستی کەمتواناییەکە.

خەڵات:

پێویستە مرۆڤ خەڵاتکردنی پزیشکەکانو کارمەندانی پزیشکی لەو جۆرە گەندەڵییانەی کە لای سەرەوە ناوبران جیا بکاتەوە، کە ئەمیان تا رادەیەکی زۆر بەشێکە لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان. خەڵات مانای بەخشینی پارە (کەمجار) یان دیارییە (زۆرجار) بە بێ رێکەوتنێکی پێشەکی. گەر نەخۆشەکە لە شێوازی مامەڵەکردنەکەی قاییل بوو و ویستی سوپاسی پزیشکەکانو ستافە کارمەندەکان بکات، ئەوا بە پێی توانای دارایی خۆی ئەو کارە دەکات. ئەم جۆرە دیاریو پارە بەخشینە لە هەندێك حاڵەتدا ئەوەندە ریشەی قووڵ داکوتاوە کە ئەگەر جێبەجێ نەکرێت دەبێتە شتێکی نائاسایی. بۆ نموونە کاتێك منداڵێك لەدایك دەبێت پێویستە دیاری بدرێت بەو کەسەی کە منداڵەکە دەباتە دەرەوەو دەیداتە دەست باوکەکە یان ئەندامێکی تری خێزانەکە.

نیشانەرەکانی گەندەڵی لە ئاگاداریی تەندروستیدا:

لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە لەم توێژینەوەیە وەرگیراوە لە هەر دوو کەسێك کە رایان وەرگیرابێت لەوانەی کە لە هەڵوێستێکدا بووبن کە پارە بدەن، یەکێکیان بەرتیلی بە پزیشك داوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە هەر چوار هاووڵاتییەك یەکێکیان ئەو کارەی کردووە.

لە پلەدانان بۆ بوارەکانی چالاکیی کۆمەڵایەتی کە زۆرترین گەندەڵییان تێدایە، ئاگاداریی تەندروستی لە پلەیەکی بەرزدایە، یەکسەر لە دوای خزمەتگوزاریی گومرگ، پۆلیسو دادگا. ئەوانەی کە لە راپرسییەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە: "تا چ رادەیەك ئەم پیشانە گەندەڵییان تێدایە؟" پزیشکەکان پلەی سیانزەهەمیان بۆ دانراوە لەنێو نۆزدە پیشەوەردا. تێکرای وەڵامەکان 2.78ی بۆ دانراوە. لە پلەی بەربڵاویی گەندەڵی لە دابینکاریی گشتی یان دەوڵەتدا، ئاگاداریی تەندروستی دووەم پلەی بۆ دانراوە، یەکسەر لە دوای کاری گشتی (ئاوەدانکردنەوەی وڵات).

هۆکانی گەندەڵی لە ئاگاداریی تەندروستیدا:

هۆی بڵاویی گەندەڵی لە ئاگاداریی تەندروستیدا دەبێت بەر لە هەمووی لە بێتوانایی دەزگای دڵنیایی تەندروستیی حکومەتدا بۆی بگەڕێین کە ناتوانێت ئەو پابەندییانەی کە بە پێی یاسای دڵنیایی تەندروستی گرتوویەتییە ئەستۆ جێبەجێیان بکات یاخود بێتوانایی لە پارە دابینکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەوانەی کە دڵنیاییان بۆ کراوە – بەکارهێنەرانی پاراستنی تەندروستی، هەروەها بۆ خستنەکاری دامەزراوە تەندروستییەکانو مووچەی کارمەندانی تەندروستی کە خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوانە دابین دەکەن کە دڵنیاییان بۆ کراوە. پاشان بەربڵاویی گەندەڵی لە ئاگاداریی تەندروستیدا بەهۆی بێ یاسایی کۆمەڵایەتی یاخود قەیرانی ئاکارو لە دواییشدا لە رادەبەدەر زۆربوونی هەژاریی جەماوەرو لەناو ئەوانیشدا کارمەندانی تەندروستی.

ئاستی نزمی دابینکردنی دارایی کە بۆ ئاگاداریی تەندروستی تەرخان دەکرێت یەکەم هۆی قەیرانە گشتییەکەی بواری ئاگاداریی تەندروستییەو هەروەها پتر فراوانبوونی گەندەڵی. لە ماوەی چەند دەیینەیەکدا سیستمی ئاگاداریی تەندروستی لە سربیا گەشەی کردو مافی بەکارهێنەرانی زۆرتر بوو تا وای لێهات کە لە

سەروو داهاتە ئابوورییەکانی ولاتەوە بێت. کاتێك کۆماری یۆگۆسلاڤیای فیدراڵ کەوتە بەر قەیرانی ئابووری، هەموو لاوازییەکانی سیستمی ئاگاداریی تەندروستی و دڵنیایی تەندروستی ئاشکرا کەوتە روو. ئەمە نەك هەر بووە هۆی هاتنەخوارەوەی ئاستە پێوانەییەکەی ئەوانەی کە لە ئاگاداریی تەندروستیدا کار دەکەن بەڵکو هەروەها دابەزینێکی بەهێزی ئاستە پێوانەییەکانی ئاگاداریی تەندروستی و مەسەلەی بوونی سیستمی ئاگاداریی تەندروستی لە چەند ساڵی رابردوودا.

دابەزینی مووچە لە بەشی ئاگاداریی تەندروستیدا یەکەم دەرەنجام بوو، پاشان بناغە تەکنیکییەکانی ئاگاداریی تەندروستی بەهۆی بێتوانایی کڕینی ئامێری نوێ و خزمەتگوزارییەکانی. لە کۆتاییشدا کەمیی دەرمان و کەرەسە پزیشکییەکان و خۆراك لە مەڵبەندە پزیشکییەکاندا بووە کێشە.

بەهۆی کەمبوونەوەی بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ ئاگاداریی تەندروستی، کەمبوونەوەی جۆرێتیی خزمەتگوزاریی تەندروستی هەیە، زیاد لەوەش بە گومانبوونی هاوولاتی لە ئاگاداریی تەندروستی کە ئێستا هەیە. لە بواری پارەدانی ئاساییدا، هاوولاتییان، بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکان، بەهۆی کەمیی دەرمان و کەرەسە پزیشکییەکانەوە ناچارن پارەی زیادە بدەن لە پاڵ پارەی دڵنیایی تەندروستیدا کە بە تەوزیمی دەیدەن.

قەیرانی ئاکارەکان: ئەوانەی کە لە بەشی پاراستنی تەندروستیدا دادەمەزرێن، ناتوانن بەرگری بکەن لە بەرامبەر گۆڕانی بەها گشتییەکان و ئەو بنەما ئاکارییانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەن. لە کاتێکدا کە دەوڵەتەکە بە پرۆسەی گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووری و بە قەیراندا دەڕۆیی، هەلی پێشکەوتن نەما، بەر لە هەمووشیان بۆ ئەوانەی کە دەستبەرداری سیستمی بەها کۆنەکان نەدەبوون (فێربوون، کاری باش، ئەنجامدانێکی وەبەرچاو لە کارو لە ژیانی تایبەتدا، ڕێزگرتنی تەواو لە یاسا). گەلێك لەوانەی بۆچوونی ئاکاریی لاوازیان هەبوو، تێبینیی ئەوەیان کرد کە سیستمێکی بەهاکان گۆڕا بە یەکێکی دی بە جۆرێك کە ئەوانەی پێویستە رێ لە چالاکییە نایاساییەکان بگرن خۆیان بە نایاسایی دەستکەوتیان بەدەست هێنا و پاراستنی سیاسیش وای لێهات کە لە یاسا بەهێزتر بێت. ئەوان خۆیان بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە لەو شتانەدا کە ئەوسا قەدەغە بوون و ئێستا تەواو بوونەتە رەفتاری شیاو.

هاندەرێکی دی بۆ کارمەندانی پزیشکی هەیە کە روو بکەنە چالاکیی نایاسایی (پارەسەندن لە نەخۆش لە بەرامبەر خزمەتگوزارییە دابینکراوەکاندا، داوای بەرتیل کردن، بەکارهێنانی ئاسانکارییەکانی دەوڵەت بۆ بەکارهێنانی تایبەت، دزینی ئامێرو کەرەسە، ...... تاد.) ئەویش رەفتاری بەڕێوەبەرانی دامەزراوە پزیشکییەکانە. کارگێڕی لاواز بوو، لەسەر بنەمای دڵسۆزی بوو بۆ حیزب و فەرمانی لای سەروویان. هەر لەو کاتەوە کە لەسەر ئەو بنەمایە دانران بەڕێوەبەرەکان هیچ جیاوازی و گۆڕانێکیان بە خۆیانەوە نەدیوەو لەبەر ئەوە ئەوانەی کە هەڵبژێران باشترین نەبوون بەڵکو دڵسۆز بوون. ئەمە لەگەڵ بەنێوەندکردنێکی تەواوی سیستمی ئاگاداریی تەندروستی لە سربیا یان رۆڵی یەکلاکەرەوەی وەزارەت لە هەموو مەسەلەکاندا گونجێنرا بوو. بەڕێوەبەرەکان ئامرازی گونجاویان بۆ بەڕێوەبردن و پلاندانان و بەپرۆگرامکردن و کۆنترۆڵکردنی جۆرێتی بەکار نەدەهێنا. تاکە رۆڵیان گواستنەوە بوو لە نێوان ئاستەکانی سەرەوە، وەزارەت (یان کۆمیتەکانی حیزب) و ستافی کارمەنداندا. ئەو رێوشوێنە تەواو یاساییەی بەڕێوەبەرانی دامەزراوە پزیشکییەکان کە تەنانەت چالاکییە تاوانکارییە ئاشکراکانیشیان دەگرتە ئەستۆ نەیاندەتوانی کاریگەرییەکی پۆزەتیڤیان لەسەر ستاف هەبێت تاوەکو گشت چالاکییەکانیان بە پێی پرینسیپە ئاکارییەکانی پیشەکەو بە پێی یاسا جێبەجێ بکەن. بەهەرحاڵ،

ئێستا لەسەر دزی ئەو بەڕێوەبەرانەی گرنگترین دامەزراوە تەندروستییەکانی ولات بەڕێوە دەبەن دەگیرێن تەنانەت یەکێك لەوانە بۆ ماوەیەك وەزیر بوو، دەشێت ئەمە بەڵگەیەکی پاڵپشتی بەهێز بێت بۆ ئەوەی لە سەرەوە باس کرا. بە گشتی تا پلەی ئەو دامەزراوەی مرۆڤ هەوڵی خزمەتگوزاریی پزیشکیی تیا دەدات بەرزتر بێت هێندە بڕی ئەو پارەیە زۆرترە کە دەبێت لە بەرامبەر خزمەتەکەدا بیدات و هیچ گومانیشی تیا نییە کە لیستی نرخەکان پێشکەش بە نەخۆشەکان دەکرێت.

ئارەزووبوونی بەڕێوەبەرانی دامەزراوە پزیشکییەکان بۆ ئەوەی کارەکان بە شێوازێکی نایاسایی بکەن بەرەو لای کارمەندان تەشەنەی کرد. لەبەر ئەوە تۆڕێکی بەرتیل وەرگران یاخود هی ئەوانەی کە پارە لە نەخۆشەکان دەکێشنەوە رێك خرا بۆ پەیڕەوکردنی ئەم لۆژیکە "گەر بەڕێوەبەر بتوانێت بیکات، منیش دەتوانم، گەر سەرۆکی بەش بتوانێت بیکات منیش دەتوانم، گەر هاوڕێکار بتوانێت بیکات منیش دەتوانم، گەر پزیشك بتوانێت بیکات منیش دەتوانم، گەر پەرستار بتوانێت بیکات منیش دەتوانم". بزوێنەری گەندەڵی لە شێوەیەکی ستوونیدا لە گشت دامەزراوە پزیشکییەکاندا پێکهاتووە و نرخێکی ورد و ئاشکرای بۆ دانراوە بە جۆرێکی وا کە گشت ئەوانەی گەندەڵ بوون پێکەوە لە پەیوەندییەکی هاوتادا بن. لەلایەکەوە ئەو بڕە پارەیەی کە یاریدەدەرێکی پەرستار وەریدەگرێت بۆ ئاگاداریکردنی ئاسایی کاری ئەندامی لەشی نەخۆشێك کە توانای جووڵانی نییە هەرگیز زۆرتر نییە لەو بڕە پارەیەی کە لەلایەن پەرستارەکەوە وەردەگیرێت بۆ بەدیهێنانی ئاگادارییەکی ورد، ئەو بەرتیلەش کە وەریدەگرێت هەمیشە کەمترە لەوەی کە لەلایەن پزیشکەکەوە وەردەگیرێت. لەلایەکی ترەوە ئەو پەیوەندییانەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی پێکدەهێنرێن دەبنە هۆی پیلانی بێدەنگی کاتێك مەسەلەی بەرتیل دەخرێتە کار.

ئەی بۆچی ئەوانەی بەشداریی چالاکیی تاوانکاری ناکەن لە بواری ئاگاداریی تەندروستیدا بێدەنگن؟ بۆچی ئەو راستییانەی کە باش ئاگایان لێیەتی ناخەنە روو؟ بەر لە هەموو شتێك بەهۆی ئەو سزایانەوە کە لەوانەیە بەرەوروویان ببێتەوە لەلایەن هاوڕێکارەکانیانەوە یان کارمەندانی ترەوە لە چوارچێوەی رێکخراوەکەیاندا. روونتر بڵێین، لەبەر ئەوەی کارێکی گرانە کە گەندەڵی بە بەڵگە بسەلمێنرێت، ئەگەری ئەوە هەیە هەوڵی تاکەکسێك کە گەندەڵ نییە یاخود دژ بە گەندەڵی دەجەنگێت کاریگەر نەبێت. ئەو سزایانەی کە دەشێت بەرەورووی ببێتەوە گەلێك زۆرن، هەر لە پێنەدانی پارەی دەوامی زیادەوە تا کاری زۆر بەسەرادان، گواستنەوە بۆ پلەکارێکی دەرەوەی مەڵبەندی دامەزراوەکە یان تێکدانی کارەکانی. ئاشکرایە کە ئاشکراکردنی گەندەڵیی کارمەدانی ئاگاداریی تەندروستی زۆر دەکەوێت لەسەر ئەو کەسە و سوودیشی زۆر کەمە یا هەر نییە.

ئەی ئەوانەی کە داوای پارەیان لێدەکرێت بۆچی ئامادە نین دەم بکەنەوە؟ چونکە دەترسن ببنە هۆی ئازاردانی خۆیان یان خێزانیان. ئەو راستییە هەیە کە تەنانەت گەر لە حاڵەتێکدا گەندەڵییەکە بە بەڵگە بسەلمێنرێت، هەمیشە ترسی ئەوەیە هەیە کە ئەمە لەناو دامەزراوە پزیشکییەکەدا دوژمنان دروست بکات و ببێتە هۆی مامەڵەی جۆراوجۆر بەرامبەر بەو کەسە یان خێزانەکەی کاتێك کە لە داهاتوودا پێویستییان بە یارمەتیی پزیشکی هەبێت.

کەمیی مووچە: گەشەکردنی خێرای هەژاری لەناو کۆمەڵگەدا کاریگەریی لەسەر ئەوانە هەبوو کە لەوەوپێش تەواو یان بە باشی مووچەیان دەدرایە. مووچە لە بەشی ئاگاداریی تەندروستیدا بۆ ماوەیەکی درێژ بارێکی زۆر خراپی هەبوو. هەر لە ساڵی (1991)ەوە تا گۆڕانکارییەکانی تشرینی یەکەمی 2000 مووچەی

پزیشك بە زۆری نەدەگەیشتە سەروو 150 مارکی ئەڵمانیو بە گشتی لە خوار ئەوەوە بوو بێجگە لەو ماوەیەکی کە هەڵاوسان (تچخم)ێکی زۆر هەبوو، هەروەها هەڵاوسانی لە رادەبەدەری نێوان حوزەیرانی 1992و کانوونی دووەمی 1994. لە کاتی دەستتێوەردانی هەڵبژاردنەکانی (1996 – 1997)دا مووچە نەدەگەیشتە سەروو 100 مارکی ئەڵمانی. لە هەمان کاتدا، گەلێك پیشە هەبوون کە مووچەکەیان باشتر بوو تەنانەت ئەو پیشانەش کە پێویستیان بە ئاستێکی نزمی رۆشنبیری هەیەو مەترسییان لەسەر تەندروستیی کارمەندانیان کەمترەو بەرپرسیارێتیشیان لە بەرامبەر دەرەنجامی کارەکەیان کەمترە.

لە کۆمەڵگەدا سیستمێکی بەها دامەزرا ئەویش ئەوەیە کە نرخت بە هێندەی ئەو برە پارەیەیە کە هەتە. ئەو پیشانەی کە پێشتر بەرز نرخێنرابوون، لەنێوییشیاندا پیشە پزیشکییەکان، تەواو بێ نرخ بوون. گەلێك لەوانەی کە نەیانتوانی بچنە کەرتی تایبەتی پزیشکییەوە بوونە بارمتەی فرتوفێڵ تاوەکو لە رێی پارە پەیداکردنی نایاساییەوە بتوانن لە کۆمەڵگەدا بچنەوە شوێنی خۆیان وەك کەسێکی رێزلێگیراو. گەلێك کەس دەستیان دایە چالاکیی نایاسایی بۆ مانەوەیان یاخود بەهۆی نەبوونی توانای مسۆگەرکردنی بارودۆخی ئاسایی بۆ دابینکردنی هەلی خوێندنو پەروەردەکردنی منداڵەکانیان.

رووتاندنەوەیەکی گشتی:

تاوەکو ئێستا ئێمە سەرنجمان لە جۆرە گەندەڵییە کلاسیکییەکانی سربیا داوە، کلاسیك بەو مانایەی کە خراپ بەکارهێنانی سیستمە یاساییە دروستەکان دەگرێتەوە، هەروەها دۆزینەوەی رێگە بۆ دەستکەوتی تایبەت لەو چوارچێوەیەدا. بەهەرحاڵ، ئەوانەی کە دەسەڵاتیان لەژێر دەستدا بوو هەر بەوەوە نەوەستان. ئەوان هەوڵی رێگەیەکی راستەوخۆیان دا بۆ قازانجکردنو ئەو رێگەیەشیان دۆزییەوە. لەم دوو خانەیەی لای خوارەوەدا بە کورتی دوو رووتانەوەی گەورە دەخەینە بەرچاو، یەکێکیان رووتانەوەی جەماوەرو ئەوی دیکەش هی شتومەکی دەوڵەتە.

<table>
<tr><td>

خانەی 5

بانکی قووچەکی "دایکی سربیا":

لە نیوەی یەکەمی ساڵانی (1990)کاندا "بانکی دافیمینت" ژمارەیەکی زۆری مەعمیلەکانی رووتانەوە. رێژە قازانجێکی گەلێك گەورەی بۆ پارەی بیانیو بۆ دینار دانابوو، بەمەش مەعمیلێکی زۆری راکێشا، لە دواییشدا سەرکەوتوو نەبوو. ئەم بانکە بانکێکی قووچەکیی کلاسیکی بوو، لە کاتێکدا کاری دەکرد، وروژمی هاتنی پارەی مەعمیلە نوێیەکان گەورەتر بوو لە وروژمی دەرچوونی پارەی مەعمیلە کۆنەکان. لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە هەن دەتوانرێت بریار لەوە بدرێت کە سەرانی دەوڵەت پشتگیرییان لەم دەستبرینە گەورەیە کردووە. بانکەکە بە ناوی (دافینا میلانۆڤیچ)ەوە دامەزرا کە ئامادەیی بازرگانیی تەواو کردبوو، چەند جارێکیش لەسەر فرتوفێڵو ساختە سزا درابوو. بە درێژایی ئەو کاتەی کە (دافیمینت) کاری تیا دەکرد، ئەوە ئاشکرا بوو کە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیریی لێدەکرێتو ئەویش کاری حەشاردانی خەڵەتاندنی هاووڵاتییانی بەرێوەدەبردو بریاری لێدەدا. بانکەکە بەرزترین رادەی متمانەی پێبەخشرابوو لەلایەن پارەدەرانەوەو ئەمەش هوشیارانە بە فێڵ دڵنیایی بۆ مەعمیلەکان رێك دەخست. ئەوانەشی کە پشتپەردە بوون خەریکی دانانی سیاسەتی بازرگانیو رێژەی سوودبوون. لە کاتی قەیرانەکەی بانکدا لەسەر ئەوە قاییل بوون کە "کۆنترۆڵێکی

</td></tr>
</table>

بەهێز مسۆگەر بکەن بە جۆرێك کە پرۆسەی یەکگرتنی بانك نەگاتە خەڵکی وەك وەبەرچاوگرتنێکی ئەگەری دەرەنجامی (سیاسی)ی ناڵەبار – نێگەتیڤ –، هەروەها هاوکاران و ئەو کەسانەی کاریگەرییان هەیە و لە پرۆسەکەدان، لەبەر ئەو هۆیانە ناویان نائاشکرا بمێنێتەوە". تەنانەت نیاز وابوو کە ئەم بانکە دەبێت متمانەی "مافی کڕینی سەرجەمی قەرزە بیانییەکانی کۆماری سربیای بدرێتێ لە ڕێی بەکارهێنانی پارەی بیانیی ناو بانك کە دەبوایە لەو بارەیەوە پێش کات ڕاوێژکاری لەگەڵ سەرەك کۆماردا بکردایە"، واتە لەگەڵ سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچدا هەروەك لە یەکێك لە یاداشتنامە زۆر نهێنییەکانی ئەو سەردەمەدا هاتووە. ئەو یاداشتنامانە ئەوە نیشان دەدەن کە حکومەت بەشدارێکی کارا بووە لە چالاکییەکانی بانکی دافیمینت و سەرۆك میلۆسۆڤیچ زۆر باش ئاگادار بوو لەوەی کە لەوێ ڕووی دەداو لەوەش کە بەرزترین نوێنەرانی سەرکردایەتیی ئەوسای دەوڵەت و سەرکردایەتیی بانکی نیشتمانیی یۆگۆسلاڤیا و بانکی نیشتمانی سربیا لەو دەستبڕینی خەڵکییە بەشدار بوون کە ئەم بانکە ئەنجامی دابوو.

تاوەکو ئەمڕۆش ئەوە ڕوون نییە کە لە ڕێی بانکی دافیمینتەوە چەند پارەی هاووڵاتییان بە تاڵانی براوەو کێ سوودمەند بووە. خودی دافینا میلانۆڤیچ لە نووسینەکەیدا لە دەرەوەی وڵات، کە بە ڕەزامەندیی ڕژێمی پێشوو لەوێ بوو، ئەوەی دەربڕیوە کە دەوڵەت بە ڕێگەی جۆراوجۆر بڕی 880 ملیۆن مارکی ئەڵمانیی بردووە.

خانەی 6

تاڵانکردنی ڤێلاو شوققەکانی حکومەت:

لە دەیینەی پێشوودا بەتاڵانبردنێکی گەورە لە پارەی دەوڵەتدا بۆ نیشتەجێبوون لەلایەن سەرانی بەرزی دەوڵەت و حیزبەوە ئەنجام درا. سیستمەکە سادە بوو: کۆمسیۆنی دەوڵەت بۆ نیشتەجێبوون ڕێگەی بەوە دابوو خانووی حکومەتی لە بەرامبەر بڕە پارەیەکی کەمدا بکڕێت لەلایەن فەرمانبەرە گرنگەکانەوە یا ئەوانەش کە گرنگ نین و هەندێك جار بۆ ئەو ستافە کارمەندانەی کە لەلای ئەوان لەپێشن (شۆفێران، سکرتێرەکان). بەوجۆرە لە دوولاوە یاسا شکێنرا، یەکەم لەبەر ئەوەی بە پێی یاسای نیشتەجێ و یاسای شتومەك لە کۆماری یۆگۆسلاڤیای فیدراڵ، خانووی حکومەتی دەشێت بە تایبەت بەکار بێت لە کاتی بەردەوامبوون لە کارکردن لە پۆستی دەوڵەتداو نابێت بکڕێت یان لە موڵکی دەوڵەتەوە بکرێتە موڵکی تایبەت. دووەم، لەبەر ئەوەی بە نرخێکی وا هەرزان کڕران کە هیچ پەیوەندییەکی بە نرخی بازاڕەوە نەبوو. گەورەترین خراپ بەکارهێنان بۆ سێ بەشی نیشتەجێبوون پیادە کرا: فیدراڵ، کۆماری و دیپلۆماسی. لەنێو بەرزترین فەرمانبەرەکاندا کە بە تایبەتی ناوبانگی هەبوو پارەی ئەو دیپلۆماسییە بوو کە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر ڤێلای گەورە و نموونەیی کەشخە بوو لە چاکترین شوێنەکانی بەلگراد (دێدینیا، کۆشوتنیاك، سێنیاك). ئەوانەی کە لەم ڕووتاندنەوەیە یەکجار سوودمەند بوون، سەرۆك کۆمار، سەرەك وەزیران، وەزیرەکان، باڵیۆزەکان، ئەفسەر پلە بەرزەکانی سوپا، سەرانی دەزگاکانی دادگا، گومرگ و پۆلیس، سەرۆکی ئۆرگانەکانی دەوڵەت و حیزب و بەڕێوەبەرانی میدیا (ڕاگەیاندن)، کەسانی دیی لەو جۆرە.

بە پێی بەشێك لەو دەرەنجامانەی لێکۆڵینەوەکە نزیکەی 1100 شوققەی حکومەتی فیدراڵ و 1264ی حکومەتی کۆماری بە شێوەیەکی نایاسایی تەرخان کراون. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە تۆمارکردنی شوققەکانی دەوڵەت تەواو نییەو ژمارەی شوققە تەرخانکراوەکان گەلێك زیاتر دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاکە

www.pertwk.com

زانیاریی لە بەردەستدا نییە لەمەڕ ئەو دەرەنجامانەنی لێکۆڵینەوە لەسەر بەکارهێنانی شوققەی حکومەت لە بەشەکانی تری دەوڵەتدا (پۆلیس، وەزارەتی بەرگری، ...... تاد.

ڕژێمی پێشوو پیاوانی خۆی لەسەر گوێڕایەڵی و دڵسۆزی خەڵات دەکرد لە ڕێی بەدەستهێنانی سامانی نایاساییەوە. بۆیە بەم شێوەیە سربیا بوو بە وڵاتێکی هەژار کە بەرپرسەکانی دەوڵەمەندن.

جۆڤۆ ڤوکیلیچ .

هۆیەکانی گەندەڵی

هەر کۆمەڵگەیەك، سربیاش لەمە بەدەر نییە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر دژ بە گەندەڵی بجەنگێت، پێویستە ئەو هۆیانە دیاری بکات کە پشتگیری لە دروستبوون و خستنەکارو بڵاوبوونەوەی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە مرۆڤ ئەو ڕاستییە سەلمێنراوە وەبەرچاو بگرێت کە گەندەڵی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی لەوە ئاڵۆزترە کە لە سەرەتاوە دێتە بەرچاو. هۆیەکانی و دەرکەوتنی گەلێك زۆرن و کاریگەرییەکانی تا ڕادەیەك بەسەر گشت بەشەکانی کۆمەڵگەدا بڵاو بۆتەوە. تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگەی گەندەڵبوو، هەروەك ئەوەی لە دەیینەی پێشوودا لە سربیا ڕووی دا، نیشانەی "نەخۆشی"ی کۆمەڵگەیە. نەخۆشییەکە، لەنێو گەلێك نیشانەی دیدا، لە ڕێی نەبوونی بڕوای خەڵکی بە دامەزراوەکان و لاوازبوون و داڕزانی ئەو سیستمی بەهایانەن کە هەن، هەروەها لە ڕێی تێکڕا نادیاریی ڕێڕەو و نەبوونی دڵنیاییەوە دەردەکەوێت. هەروەك لە ڕێی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکەوە ئاشکرامان کرد، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییانی سربیا گەندەڵی بە یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی کۆمەڵگە دادەنێن، تەنانەت دەیخەنە پێش کێشە ئابوورییەکانیشەوە.

گەندەڵیی گەورە سەرەڕای کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی، دەشێت کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی هەبێت — کە بریتییە لەوەی ئاشکراو ڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەدات کە کێشەیەك لە سیستمی دامەزراوەکان و یاساکاندا هەن. لەبەر ئەوە سەرنجی بیرو بۆچوونی دەخاتە سەر هۆیە بنەڕەتییەکانی کێشە سەرەکییەکانی نێو کۆمەڵگە. لەم بارەیەوە دەشێت ئەم پرسیارە بکرێت: ئایا گەندەڵی هەیە، خۆ ئەگەر هەیە، ئەو هۆیە بە دەزگاکراوانەی گەندەڵی لە سربیا چین؟ بەم شێوەیە شیتەڵکردنەکە گۆشەنیگا دەخاتە سەر تێڕوانینی پەیوەندیی هاوبەشی نێوان توخمە سەرەکییەکانی سیستمەکانی ئابووری، سیاسی و یاسایی لە سربیا، هەروەها شێوازی خستنەکاریان لە دروستبووندا و ئاست و چڕیی گەندەڵییەکە.

"گاری بێکەر"ی ئەمریکایی کە خەڵات وەرگری نۆبڵە بڕوای وایە کە هۆی گەندەڵی هەردەم وەك یەکە: بوونی دەوڵەت یان دەستتێوەردانی دەوڵەت کە بریتییە لە دابەشکردنەوەی سامان بەسەر گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا. هەر ڕێسایەك و یاسایەك یان پرۆگرامێکی گشتی بوارێکی ئازاد بۆ یاریکردن بە بەرژەوەندییەکانی هەندێك لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەڕەخسێنێت. بەوجۆرە پەیوەندییە بەهێزەکەی نێوان چوارچێوە بەدەزگاکراوەکانی کۆمەڵگە و گەندەڵی پەیدا دەبێت. لەو جۆرە بارودۆخانەدا خاوەن پرۆژە تایبەتەکان هێندە بەتەنگەوە نین بۆ ئەوەی هەوڵیان بخەنە گەڕ بۆ چاککردنی تەکنۆلۆژیا و ڕێکخستنی ناوخۆیی کۆمپانیا و پێشخستنی کارگێڕیی کارە بازرگانییەکان و پێشبڕکێی بازاڕ، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر ئەوەی مەبەستیانە سەپاندنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە وەك بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان لە کاتی دیاریکردنی کارپێکردنی ڕێسا ئابوورییەکان. ئەم چالاکییە پێی دەوترێت هەوڵدان بۆ دەستکەوت هەروەك لە چاپتەری پێشەکییەکەدا بە درێژی ڕوون کرایەوە. ئەو پرۆسە ناوبراوانە بە تەواوی لە سربیادا هەبوون.

هۆیە ئابوورییەکانی گەندەڵی:

شیتەڵکردنی تری کارکردنی پێشووی پەیوەندیی نێوان دامەزراوە ئابوورییەکان یاخود ئەو سیاسەتە ئابوورییەی جێبەجێ دەکرا لەلایەك، لەتەك بوونی گەندەڵی لە سربیا لە دەیینەی رابردوودا لەلاکەی تر بەراورد دەکات. تایبەتمەندێتیی نێوەندیی چوارچێوە بەدەزگاکراوەکان یا ئەو سیستمە ئابووریيانەی کە وای کرد گەندەڵی لە سربیا هەبێت و هاندەری بێت بریتی بوو لە ئابووریی خستنە ژێردەستی دەوڵەت و بەربلاویی دەستتێوەردانییەوە و بڕیاری سەپێنراو لەلایەن دەوڵەتەوە و سیاسەتی جیاکاریی کۆمەڵایەتی، هەروەها سزا ئابوورییەکانی سەر سربیا. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی میکانیزمەکانی گەندەڵیی جیهانین و لە گشت وڵاتان بە هەمان شێواز وەگەڕ دەخرێن و لەوانەیە لە سربیا تەنها هەندێك تایبەتمەندێتیی خۆیان هەبێت.

ئابووریی دەوڵەت:

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە، چی بووە هۆی ئاستێکی یەکجار بەرزی گەندەڵی لە سربیادا، لە روانگەی ئەو دامەزراوە ئابووریيانەی ئێستا یان پێشووەوە، پێویستە سەرەتا دە ساڵ بگەڕێینەوە دواوە. لە سەرەتای (1990)ەکاندا کە پۆپەی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان بوو، هەڵگیرسانی جەنگ و پاشانیش لێکهەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت (کۆماری ئیشتراکیی یۆگۆسلاڤیای فیدراڵیی پێشوو)، ئەمە لە هەمان کاتدا پێویستیی پێکهێنانی پێکهاتە ژێرخانەییەکی نوێی سیستمی ئابووریی دیاری کرد. گواستنەوە بۆ میکانیزمی جۆراوجۆری رێکخستنی ئابووری بووە هۆی پێویستیی پێکهێنانی دامەزراوەی ئابووریی جۆراوجۆر.

ئەو خراپترین سیناریۆیەی لە سربیا کەوتە کار ئەوەبوو کە سیستمێکی بە دەزگاکراو داڕوخا و لە هەمان کاتدا سیستمێکی بریگر دانەمەزرا. بەم شێوەیە رێڕەوە پێویستییەکە بزر بوو، دەوڵەتێکی بێسەروبەری بەدەزگاکراو دروست کراو وەك دەرەنجامێکیش هەموو ئەو فاکتەرانە دزیکراسی و گەندەڵیی لێکەوتەوە.

لە سەرەتای (1990)ەکاندا سربیا کارە یەکلاکەرەوەکانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری جێبەجێ نەکران، لەبەر ئەوە دەزگا هاوچەشنەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی و بازاڕی ئابووری دانەمەزرا بوون. هەرچەندە بە رەسمیی دامەزراوەکانی تایبەتی بازاڕ هەبوو، ئابووریی سربیا لە دەیینەی رابردوودا بێگومان تەواو بە شێوەیەکی دەوڵەتی کاری دەکرد. لەبری هەنگاونان بەرەو گواستنەوە، لە رووی تێڕوانینی ئابووریی سیستمدارەوە، چەند دەیینەیەك بەرەو دواوە گەڕایەوە. دروستکردن و تەرخانکردنی سەرچاوەکان بە پێی ئارەزووەکانی بەکارهێنەران یان بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا تا رادەیەك سەربەخۆکان بەڕێوە نەدەچوو، بەڵکو بە پێی چالاکییە کارگێڕییەکانی حکومەتەوە.

لەبەر ئەوەی لە رێی بازاڕەوە ئەنجامەکانی کارە بازرگانییەکان ساغ ناکرێتەوە، دەستتێوەردانی سیاسی لە پرۆسەی کارە بازرگانییەکاندا بارودۆخێکی بەرخورداریی بۆ هەندێك کەس و گروپ دروست کردبوو. کەسان و گروپە سیاسییە کاریگەرەکان بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی خۆیان لە شێوەی "ئامانجە ستراتیژییەکان"ی دەوڵەت یا کۆمەڵگەدا بە گشتی دەسەپاند. پرۆسەکە زیاتر ئاڵۆز بوو بەهۆی ئەو راستییەوە کە گەورەترین بەشی سەرانی سیاسەتمەدار لە هەمان کاتدا سەرانی بەڕێوەبەرە کارگێڕییەکانی کۆمپانیا (هەمیشە قۆرخکراو)ەکانی بەرهەمهێنان و بازرگانی یاخود بانکە گەورەکان بوون. هەروەها ئەوەش سەرنجڕاکێشە کە

ئەنجامەکانی رووپێو بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا گشتییەکان لە سەرەوەی لیستی ئەو پیشانەوە دادەنێت کە بەشدارن لە گەندەڵیدا. بەوجۆرە 75٪ی هاووڵاتییان بڕوایان وایە کە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانی دەوڵەت گەندەڵن. ئەمان یەکسەر لە دوای فەرمانبەرانی گومرگ دانراون کە ئەوان نزیکەی 78٪ی هاووڵاتییان کە بەشداریی رووپێوەکەیان کردووە بڕوایان وایە کە زۆر گەندەڵن.

ئەوەی لە سربیا رووی دا هەمان ئەوەبوو کە چەندین دەیبینە لە چوارچێوەی تیۆریی دامەزراوەیی ئابووریدا شیتەڵ کرابوو. کەسەکان لە راستیدا بە شێوەیەکی ژیانە کاردانەوەیان هەبوو بەرامبەر بە بزوێنەرە دەرەکییەکان، یاخود باشترین پلەیان بۆ خۆیان دابین کرد، چونکە سنووردارکردنە سیستمییەکەیان وەبەرچاو گرتبوو. پەیوەندییەکی بەهێز لەسەر بنەمای بەرژەوەندی لە نێوان ئابووریی و دەوڵەتدا دروست بوو، لە نێوان دەوڵەت و بەشێك لە کرێکارەکان و یەکێتییە بازرگانییەکان، هەروەها لە نێوان بانکەکان و ئابووریدا. بەم جۆرە تۆڕێکی بەرژەوەندییە تێکئاڵاوەکان و تۆڕبەندی دروست کرا بۆ پشتگیریکردنی ئەو بارودۆخە یان تەنانەت پشتگیری لە بەهێزکردن و زیادکردنی دەستتێوەردانی دەوڵەت.

ئەو میکانیزمانەی کە زۆرتر بەکارهێنراون رێسای چالاکییە ئابوورییەکان و کۆنترۆڵکردنی نرخ بوو. بەهەرحاڵ، ئەوانە تەنیا بەشێك لە میکانیزمە زۆرو زەبەندەکانی گەندەڵی لە سربیا دەنوێنن.

رێسای دەوڵەت بۆ چالاکییە ئابوورییەکانی سربیا:

هۆیە بنەڕەتییە بەدەزگاکراوەکانی گەندەڵی لە سربیا لە بەپێوەرکردنێکی لە رادەبەدەری ئابووریدا دەبینرێت. کۆنترۆڵکردنی نرخ نەیتوانی چارەی مەسەلەی هاوکێشەیی تەواوی داوکاری و بوونی کالاّ (العرچ والگلب) بکات کە بووە هۆی کێشەی نوێ و تەنانەت ترسناکتر، کێشەکان کەڵەکە بوون و حکومەت هەوڵی چارەسەرکردنیانی دەدا لە رێی بەکارهێنانی هەمان ئەو دیاردانەی کە ببوونە هۆی پەیدابوونیان و بە پلەی یەکەمیش لە رێی دەرکردنی رێنمایی زیاترەوە ("وا ئامۆژگاری کراوە"، "رێگە نادرێت"، "وا فەرمان دراوە"). فراوانبوونی پێوەرە ئابوورییەکانی سربیا بووە هۆی هەڵوێستێك کە هەندێك جار تەنانەت شارەزاکانیش نەیاندەتوانی لە رێبازەکەی خۆیاندا سەرکەوتوو بن. لەبەر ئەوە فراوانبوونی پێوەرکارییە ئابوورییەکان بووە هاندەرێك، کە دەشێت لە ئەنقەست نەبێت، بۆ گەندەڵی. رێسای لەرادەبەدەر زۆر بووە هۆی دروستبوونی کاریگەرییەکی پێچەوانە – "هەڵئاوسانی" دامەزراوەیی کە بووە هۆی لادانێکی راستەوخۆ لە رێساکان. رێسا ئابوورییەکان یاخود کۆنترۆڵی ئابووریی لەو جۆرە بارودۆخانەدا هیچ مانایەکیان نامێنێت، زۆرجار گەلێك لە بەهای ئەو مامەڵەیە زۆرترە کە لە رووی یاساییەوە کۆنترۆڵ کراوە. یاسا کۆن و بەناوبانگەکەی سربیا ئەوەیە کە کاتێك کەسێك هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو شتێك دەدات لە راستیدا ئەوە دەسەلمێت کە هیچ شتێك کۆنترۆڵ نەکراوە.

گومان لەوەدا نییە کە رێسای زۆر بۆ چالاکییە ئابوورییەکان یاخود سەپاندنی سنووورداری بۆ بازاڕی ئازاد، خاکێکی بەپیتە بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی گەندەڵی. رێساکانی دەوڵەت، بۆ نموونە، رەنگدانەوەی هەیە لە دەرکردنی مۆڵەتی ناردنەدەرەوە و لە دەرەوەهێنان و بڕە بەشەکەی، دەرکردنی مۆڵەت یان رەزامەندی لەسەر ئەنجامدانی چالاکیی کارە بازرگانییەکان لە گەلێك لە بوارەکاندا، یان رێکەوتن لەسەر ئەنجامدانی هەندێك مامەڵە، دەرکردنی پلانی شارەوانی و مۆڵەتی دی بۆ پرۆژە وەگەڕخەرەکان یان دروستکردنی خانوو، مۆڵەتی

کارکردن، ......تاد. لەبەر ئەوەی بە بێ ئەو جۆرە مۆڵەتانە ناتوانرێت چالاکیی کارە بازرگانییەکان ئەنجام بدرێن، یان قازانج بەدەست بێت، هەریەك لەو مۆڵەتانە لە بازاڕدا بەهای خۆی هەیە. خاوەن پرۆژە تایبەتەکان ئامادەن کە نرخێکی دیاریکراو بدەن بەو جۆرە مۆڵەتانە، بەڵام زۆرتر نەبێت لەو قازانجەی کە لە کاتی دەستنەکەوتنی مۆڵەتەکەدا لەکیسیان دەچێت، بێ گوێدان بەو راستییەی کە هەرکەس گەر هەندێك مەرجی تایبەتیی تێدا بێت مافی ئەوەی هەیە بە خۆڕایی ئەو مۆڵەتانەی پێبدرێت. سەرەڕای ئەوەش خاوەن پرۆژە تایبەتەکان ئامادەن کە لە بەرامبەر بە خێرایی دەرکردنی ئەو جۆرە مۆڵەتانەدا پارە بدەن، چونکە چاوەڕوانکردنی مۆڵەت دەبێتە هۆی لەدەستچوونی قازانج. ئەزموونەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەگەر کەسێك ئامادە بێت بڕە پارەیەك بدات، ئەگەری زۆر هەیە کە رێگەیەك بۆ ئەوە بدۆزێتەوە. گەندەڵی لەو کاتەدا دروست دەبێت کە مۆڵەتەکان وەك ئەوانەی باس کران لە بازاڕدا شوێنی خۆیان بکەنەوە، واتە لەبری ئەوەی بە ئاسایی دەربکرێن لە رێی گەندەڵکردنی فەرمانبەری حکومەتەوە کە بەرپرسی دەرکردنیانە بفرۆشرێن.

نموونەیەکی باوی رێسای دەوڵەت ئەوەبوو کە پێی دەوترا پابەندییەکانی تۆمارکردنی رێکەوتنە بازرگانییە بیانییەکان. بۆ هەر رێکەوتنێکی لەم جۆرە، بازرگانە لە دەرەوەهێنەرەکە، یان بۆ دەرەوەنێرەرەکە دەبێت مامەڵەکە تۆمار بکات و فۆرمێك پڕ بکاتەوە یاخود هەموو زانیارییە داواکراوەکان دابین بکات و تۆمارکردنەکە بۆ ئاژانسە دەوڵەتییە تایبەتمەندەکە پەسەند بکات. لە سەرەتاوە ئەم تۆمارکردنانە لە بانکی نیشتمانیی یۆگۆسلاڤیا پەسەند دەکران دواتر چالاکییەکە گوێزرایەوە بۆ وەزارەتی بازرگانیی دەرەوەی فیدراڵ. ریزگرتن لە بەردەم ئەو وەزارەتە گەلێك زۆر بوو، لە هەموو بارودۆخێکیشدا کە ریزگرتن هەبوو رێگەش بۆ بەرێکردنیان دروست دەبێت. لەنێو یەکەمین ئەو کارانەی کە حکومەتی فیدراڵیی نوێی خستییە گەڕ پووچەڵکردنەوەی سەپاندنی ئەو تۆمارکردنە بوو. لە روانگەی تۆمار راگرتنەوە هیچ گۆڕانکاری نەبوو. ئەوەی کە نەما ریزگرتن بوو لە بەردەم فەرمانگە حکومەتییەکانداو پێویستی بەرێکردنی ریزەکان و جیاوازییەکەش لەلایەن فەرمانبەرەکانی بەشی پەسەندکردن (راستاندن)ی تۆمارەکانەوە تێبینی دەکرا، ئەوان بە بێ کارو لەوانەیە بە بێ هیچ شتێکی تریش مانەوە.

سزا ئابوورییەکان:

جۆرێکی تایبەت لە "دامەزراوەیی بەردەوام" یاخود ژینگەی کاروباری بازرگانی لە ئابووریی سربیادا لە دەیینەی رابردوودا بەهۆی سزا ئابووری و سیاسییەکانەوە دروست بوو کە لە ساڵی 1992دا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوو. لە (1990)ەکاندا ئەو سزایانە بەهێز کران، لابران، جارێکی دی جێبەجێ کران، گۆڕدران، دابەش بوون وەك ناوخۆیی و دەرەکی و لە کۆتایی ساڵی 2000دا بە تەواوی لابران. ئەو سزایانە بوونە سەربارێك بۆ بەهێزکردنی سیما لە بنەڕەتدا هەڵوەشاوەی سیستەمە ئابوورییەکەی دەوڵەت. لەلایەکی ترەوە رژێمی کۆن لە روانگەی کۆمەڵگەوە، کاردانەوەیەکی ناماقووڵی هەبوو. لەبری واڵاکردنی بازاڕو بوار رەخساندن بۆ هاندانی توانا خۆماڵییەکان و زیادکردنی دەستپێشکەریی تاکەکەس، دەسەڵاتداران بڕیاری

ڕاگیرکردنی توخمو پرۆسەکانی ئەو سیستمە ئابوورییە وشكو ناتەواوەی دا.

لەبری پشتگیریکردنی دەستپێشخەریی ئازادیی تایبەتو شوێنکردنەوەی کارکردنی بازرگانی بۆ بەشە ئابوورییە سەرەکەوتووەکە، هاندانێکی سیاسی بۆ بەرزکردنەوەی "ئابووریی دەرئاسا"و جۆرەها شێوازی ڕووتانەوەی جەماوەر دەستی پێکرد، بە تایبەتی ئەو کاتە ناوبانگی پەیدا کرد کە "دەرئاساکانی" بواری بانك ڕووی دا ئەویش کردنەوەی بانکە تایبەتەکان بوو کە ڕێژەیەکی قازانجی خەیاڵییان لە بەرامبەر دانانی پارەی بیانیدا پێشکەش دەکرد.

بەوجۆرە سزا ئابوورییەکان لە ڕێی "ئابڵووقە ئابوورییە" ناوخۆییەکەوە کە ڕژێم سەپاندبووی پشتگیریی لێدەکرا. لە ڕاستیدا دەسەڵاتدارانی سربیا ئەوەیان خەملاندبوو کە پەرەسەندنێکی کۆنترۆڵنەکراوی دەستپێشخەری دەشێت لە ماوەیەکی تا ڕادەیەك کورتدا ببێتە هۆی جیاکارییەکی جیاوازیی ئابووریو سیاسیی بەرژەوەندییەکانو بە پێی ئەوەش دەبێتە هۆی دابەشبوونی تایبەت بە هەڵبژاردنی هێز. شانبەشانی ئەم خەملاندنە کەمێك پشتگیری لە دەستپێشخەریی تایبەت کرا، بەڵام تەنیا لەو مەوداو بەشە ئابوورییانەدا کە دەسەڵاتداران لایان پەسەند بوو. هەموو شتێکی دەرەوەی ئەو سنوورە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵ دەکراو هێور دەکرایەوە. بەم شێوەیە ئەم دژبەیەکدییە هاتە ئاراوە: بازرگانانی سربیا لەژێر دوو ئابڵووقەدا بوون، یەکێکیان لە ڕێی سزاکانەوەو ئەوی دی (ناوخۆیی) لەلایەن دانەرانی سیستەمو سیاسەتی ئابوورییەوە سەپێنرابوون. ئەمانەش بارودۆخێکی نایاب بوون بۆ پشتگیریکردنی تاوانو گەندەڵی.

بەربەستکردنی ئابووری بووە هۆی کەمیی گەلێك کاڵاو بوارێکی گەورەی بۆ ئابووریی ناڕەسمی (ڕەش)و گەندەڵییەکی هاوچەشن کردەوە. لەو جۆرە بارودۆخانەدا گەندەڵی بریتی بوو لە نرخێکی تایبەت بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپە بیانیو خۆماڵییەکاندا. بازاڕی ناڕەسمی هەمیشە لەو بارودۆخانەدا هەیە کاتێك کە بەرژەوەندیی بەکارهێنەر لە هەندێك جۆری کاڵاو خزمەتگوزاریدا بێت کە مامەڵەی یاساییان لەتوانادا نییە. بەوجۆرە، ئەم بازاڕە هەر بە تەنیا بۆ ئەو شمەكو خزمەتگوزارییانە نییە کە بازرگانی پێکردنیان قەدەغەیە یان بە چالاکییەکی تاوانکاری دادەنرێن. لێکدابڕینی بازاڕێکی یەکگرتوو هەڵوێستێکی دروست کردو هەندێك کاڵا بەردەوام بە کەمی دابین دەکرێن کە تەنیا لە ڕێی سزا ئابوورییەکانەوە جەختیان لەسەر دەکرایەوە. هەموو ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی ئەوەی کە بازرگانیی بابەتە کەمەکان خەڵکی بە تەواوی ڕاکێشێت. شتێکی ئاساییە کە ئەم جۆرە چالاکییانە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەسەڵاتداراندا بمێنێتەوە، بە تایبەتی ئەو دەسەڵاتدارانەی کە هەر لەوانەی سربیای ساڵانی (1990)ەکان دەچن. لەو شوێنانەی کە کۆنترۆڵی دەسەڵاتداران بەهێزە، زەمینە بۆ گەندەڵی ئامادەیە.

ئەو کارانەی دەوڵەت کە پەیوەندییان بە دەستتێوەردانی حکومەتەوە نییە لە ئابووریدا:

ئەو هۆیانەی گەندەڵی کە پێشتر باس کران بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندییان بە دەستتێوەردانی دەوڵەتەوە هەیە لە بازاڕدا، یاخود ئەو کارانەی کە لە ڕێیانەوە دەوڵەت چالاکییەکانی بازاڕی ئازاد سنووردار دەکات بێگوێدان بە هاندانو بە دەرەنجامەکان. بەهەرحاڵ، سەرەڕای ئەوە گەلێك هۆی گەورە بۆ گەندەڵی هەن کە پەیوەندییان بە دەستتێوەردانی دەوڵەت بە بازاڕەوە نییە، بازاڕ بە مانا کلاسیکییەکەی. لەم حاڵەدا ئێمە مامەڵە لەتەك ئەو کارانەی دەوڵەتدا دەکەین یاخود ئەو کارانەی کە گشت دەوڵەتێك ناچارە ئەنجامی بدات، بێگوێدان بە ئاستی دەستتێوەردانکارییەکەی لە ئابووریدا یان مەودای دەستتێوەردانی دەوڵەت.

www.pertwk.com

بێگومان كارێكی سەرەكیی دەوڵەت خستنەكاری یاساكانە. بە بێ خستنەكاری یاساكان یان بوونی ڕێسای یاسایی، ئاشكرایە كە كۆمەڵگەیەكی بە باشی ڕێكخراو نایەتەدی‌و لەبەر ئەوەش بازاڕی ئازاد نابێت. ڕوونتر بڵێین، یەكێك لەو مەرجە پێویستەكانی دامەزراندن‌و خستنەكاری بازاڕی ئازاد بریتییە لە پارسانێكی كارای مافی بوونی شتومەكی تایبەت. گەر مافی بوونی شتومەكی تایبەت پارێزراو نەبێت، یان گەر ئەو خاوەن پرۆژە تایبەتانەی كە لە بازاڕدان نەتوانن سوود لە بەری ڕەنجەكانیان وەربگرن، ئەوا چیدی هیچ پەرۆشییەكیان نابێت بۆ چوونە نێو بازاڕو بۆ لە ئەستۆگرتنی چالاكییە ئابوورییەكان. تەنیا ئاژاوەو تاڵانكردنی ئەو شتومەكانەی كە هەن دێتە گۆڕێ‌و هیچ كەسیش پەرۆشی ئەوە نابێت كە بەهای نوێ دروست بكات‌و دابهێنێت. هەموو چالاكییەكان بەرەو دابەشكردنەوەی سامان ئاراستە دەكرێن، نەك بەرەو پێكەوەنانی.

ڕوونتر بڵێین، هەر خاوەن پرۆژەیەكی تایبەت ئەم پرسیارە دەكات: من بۆ دەبێت كار بكەم‌و شتومەكانم زیاتر بكەم، كە سبەینێ كەسێك زۆر بە ئاسانی لێمی بسێنێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ڕوونە. بێجگە لە تاوانكاران هیچ كەس ئارەزووی لە ئەنجامدانی كاری خۆی نییە. هەمان گەیشتنە ئەنجام بەسەر كاری داهاتووی دەوڵەتدا دەسەپێت كە چاودێریكردنی ئەنجامدانی ڕێكەوتنەكانە.

هەموو مامەڵەكانی بازاڕ بریتین لە هەندێك لە ڕێكەوتنەكان (كۆنتراكتەكان). هەندێك لەو ڕێكەوتنانە ڕەسمی‌و نووسراون‌و هەندێكیشیان نارەسمین. ڕێكەوتنەكان بە ئارەزووە، واتە لایەنە ئارەزوودارەكان ئازادانەو بێ هیچ زۆرلێكردنێك دەگەنە ڕێكەوتنێك، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی كە لە بەرژەوەندیی هاوبەشیاندایە. بەهەرحاڵ، هەردوو لایەنی ڕێكەوتوو، بە گشتی، پەرۆشی ئەوەن كە ڕێكەوتنەكە بشكێنن یان جێبەجێی نەكەن چونكە لەو ڕێیەوە دەتوانن قازانج یان سامانی تایبەتییان زیاتر بكەن. بەهۆی ئەم هاندەرانەوە ئەوە گرنگییەكی سەرەكیی هەیە كە دەوڵەت یاخود دەسەڵاتدارەكانی دادگا ئەنجامدانێكی پاك‌و كارای ئەو ڕێكەوتنانە مسۆگەر بكەن. ئەگەر دەوڵەت ئەمە ئەنجام نەدات، كەم كەس ڕێكەوتن گرێدەدەن‌و بازرگانی لە بازاڕدا نابێت یاخود چالاكییە ئابوورییەكان كەم دەبنەوەو بازاڕ نامێنێت. هەر بە هەمان شێوەی مەسەلەی پاراستنی مافی شتومەكی تایبەت، لێرەشدا هیچ كەس پەرۆشی دروستكردن‌و داهێنانی بەهای نوێی نابێت‌و گشت چالاكییەكان بەرەو سەرلەنوێ دابەشكردنەوەی سامان ئاراستە دەكرێن نەك بەرەو پێكهێنانی سامان. ئەو فرمانانەی دەوڵەت كە باس كران هۆی لەبارن بۆ گەندەڵی.

پرسیاری سەرەكی ئەمەیە: كەسێك ئامادەیە چەند پارە بدات بۆ ئەوەی دەرەنجامی كارە تاوانكارییەكەی نەگرێتە ئەستۆ، یاخود بۆ شكاندنی یاسا یان ڕێكەوتن؟ بڕە پارەكە بەندە بە خراپە تاوانكارییەكەو ئەو سوودەی كە كەسەكە بەدەستی دێنێت لە ڕێی خراپە تاوانكارییەكەوە، هەروەها ئەو سزایەی كە بۆ خراپە تاوانكارییەكە دانراوەو ئەو مەسەلە نالەبارانەی (نێگەتیڤانەی) كە بەندن بە جێبەجێكردنی ئەو سزا دانراوەوە. بە واتایەكی دی پرسیارەكە ئەمەیە: كەسێك ئامادەیە چەند پارە بدات بۆ ئەوەی خۆی لە سزای گرتن بەدوور بگرێت، یان كەسێك بە چەند، بۆ نموونە، سێ ساڵ ئازادی لەبری گرتن دەنرخێنێت؟ ئاشكرایە ئەوانەی خراپە تاوانكاری دەكەن، ئامادەن پارەیەكی زۆر خەرج بكەن بۆ ئەوەی لە ڕێی گەندەڵكردنی فەرمانبەری حكومەتەوە خۆیان لە سزای خراپە تاوانكارییەكان بەدوور بگرن. لەبەر ئەوەی خراپە تاوانكارییەكان پارەیەكی باشیان بۆ مسۆگەر دەكات، دەشێت ئەوە بووترێت كە لەم حاڵەتەدا لە سربیا داخوازی بۆ گەندەڵی هەیە.

ئامانجی گەندەڵكاران لەسەروو هەموویەوە گشت فەرمانبەرە حكومەتییەكانی بەشی دادوەرین. ئەمەش هەر

www.pertwk.com

بە تەنیا دادوەرەکان ناگرێتەوە کە یاسا تا رادەیەك لە هەموو بارودۆخێکدا مافێکی ئارەزووکاری (بە هەندێك سنووردارکردنەوە) پێبەخشیون بۆ بڕیاردانی سزایەك (بێگومان، جیاوازی زۆرە ئەگەر کەسێك سێ ساڵ یان دە ساڵ زیندانی بێت). هەمان شت تا رادەیەکی زۆر بەسەر لێکۆڵەرەوەکانیشدا دەسەپێت کە دەتوانن لە ڕێی خاترکارییەوە نەیەڵن هەندێك لەو حاڵەتی یاساشکاندن یان بەرپرسیارێتیی تاوانکارییانە بچێتە بەردەم دادگا. لە دواییشدا هەمان شت بەسەر پۆلیسیشدا دەسەپێت وەك بەشێك لە دەزگای جێبەجێکردن کە کارە خاترانەیەکانیان دەشێت ببێتە هۆی شاردنەوەی گەلێك خراپە تاوانکاری.

بەم جۆرە ئێمە دەگەینە ئەرکی دواتری دەوڵەت کە پاراستنی ئاسایشی گشتییە. بە بێ بوونی ئاستێکی شیاوی پاراستنی ئاسایشی گشتی، کۆمەڵگەی هاوچەرخ ناتوانێت لە کاردا بێت. گەر ئاسایشی جەستەیی (کەسی)ی هاووڵاتیانو سەلامەتیی شتومەکیان لە مەترسیدا بێت، هیچ کەس پەرۆشی ئەوە نابێت چالاکی ئەنجام بداتو سامانی کۆمەڵگە زیاتر بکات. هەموو کەس گشت سەرچاوەکانیان وەگەڕ دەخەن بۆ پاراستنی ئاسایشەکەیان، هەندێکی دیش بۆ ئەوەی ئاسایشی خەڵکیی دی بخەنە مەترسییەوەو بۆ ڕێکخستنی دزیی سەرچاوەکانیان دەخەنە گەڕ.

تاوانکارانی راستیو ئەوانەی کە دەشێت ببن ئاسایشی گشتی پێشێل دەکەن بۆ ئەوەی سامانیان زیاتر بکەن. هەندێکیان بۆ زیادکردنی سامانە داراییەکانیانو جۆرەها حاڵەتی نەخۆشییان بۆ تێرکردنی گیانی پڕ لە تاوانکارییان لە ڕێی ئەنجامدانی ئەو خراپە تاوانکارییانەوە. هەموو ئەوانە پەرۆشن بۆ گەندەڵکردنی پۆلیس تاوەکو ڕێ لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییە پڕ تاوانانەیان نەگیرێت کە سوودی بۆ ئەوانەو بۆ کۆمەڵگەش وێرانکارییە. گەندەڵکردنی پۆلیس تا رادەیەك لە کردارێکی سادەدا خۆ دەنوێنێتو تا رادەیەکیش بەڵگەی دروست هەیە (کتێبو فیلمی سێرپیکو). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو گەندەڵییەی کە بەندە بە تێکدانی ئاسایشی گشتییەوە وەنەبێت بە تەنیا هەر پەیوەندیی بە پۆلیسەوە هەبێت، بەڵکو تەشەنە دەکات بۆ دەسەڵاتدارانی دادگا {"دۆن ڤیتو" (کۆلینۆ) پیاوێکی سادەیە کۆنترۆڵی دادوەرەکانی دادگای ناوچەکە دەکاتو نایەڵێت ئێمە (خێزانەکانی تری سەر بە مافیا) بەکاریان بهێنین} . گەندەڵکردنی پۆلیسو دادگا بۆ پێشێلکردنی ئاسایشی گشتی یان شکاندنی یاساکان مەترسییەکی زۆر گەورەی هەیە، لەبەر ئەوەی لەو بارودۆخانەداو بە شێوەیەك کە ناتوانرێت خۆی لێبەدوور بگیرێت گەندەڵی بەرەو تاوانی ڕێکخراو دەچێت. پەیوەندیی نێوان گەندەڵیو تاوانی ڕێکخراو دواتر باسی لێدەکرێت.

لە کۆتاییدا، یەکێك لە کارە باوەکانی دەوڵەت ئاسایشی نیشتمانییە. بەو پێیە هەموو دەوڵەتێك خزمەتگوزاریی سوپایی هەیە کە ڕێ لە هەر جۆرە پێشێلکارییەکی ئاسایشی نیشتمانی دەگرێت. میکانیزمی گەندەڵی لە خزمەتگوزارییە سوپاییەکاندا لە هەندێك لاوە وەك میکانیزمی ئەو گەندەڵییە وایە کە پەیوەندیی بە بەدابینکاریی گشتییەوە هەیە، بەڵام هەندێك تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە. بەشێك لە دابینکارییە گشتییەکانی هێزە چەکدارەکان مامەڵە لەتەك چەكو ئامێرە سوپاییەکاندا دەکات کە ئەمانەش بەرهەمی سادە نین کە بۆ کۆمەڵێك لە بەکارهێنەرانی لای سەروو بن. زۆر لەو شتانە بە تایبەت بۆ سوپا دروست کراون لەبەر ئەوە لە کاتی دەستکەوتنیاندا ناتوانرێت زانیاریی بازاڕ بەدەست بێت. بەرهەمهێنەرانی ئامێرە سوپاییەکان پەرۆشی ئەوەن ئەو کارمەندانەی سوپا گەندەڵ بکەن بەدەستهێنانی ئەو چەکانەیان لە ئەستۆیە تاوەکو سوپا بڕیارێك بدات کە لە بەرژەوەندیی ئەو بەرهەمهێنەرانەدا بێت. پارەدانەکە مەرج نییە بە دەستی بێت. "کۆلۆنێلی ئازیز، کاتێك کە

www.pertwk.com

بە مووچەیەکی باش خانەنیشین دەبێت، لە دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکەماندا شوێنێکت وەك راوێژکاری بەڕێوەبەرەکەمان بۆ دانراوە. ئەرکەکانت هێندە زۆر نابن بە پێچەوانەی پاداشتەکانتەوە". سەرەڕای ئەوە، سیستمی خزمەتی تەوزیمی سوپا، پەرۆشییەك لەلای گشت ئەو کەسانە دروست دەکات کە نایانەوێت ساڵ دوانزەی مانگ بە بەرگی سوپاوە بەسەر ببەن بۆ ئەوەی کارمەندانی فەرمانگەی ناونووسکردن گەندەڵ بکەن تاوەکو خۆیان لە خزمەتی سوپا بدزنەوە. بۆ ئەوەش تەکنیکی جۆراوجۆر دەشێت بەکار بێت. بۆ نموونە راستەوخۆ گەندەڵکردنی کۆمسیۆنی ناونووسکردن یاخود گەندەڵکردنی لیژنە پزیشکییەکان کە دەتوانن ئەوە بکەنە بەڵگە کە گەندەڵکارەکە توانای خزمەتکردنی نییە. لێدوان لەمەڕ میکانیزمە شیاوەکانی گەندەڵی بۆ خۆدزینەوە لە پابەندبوون بە خزمەتکردن لە سوپادا بەم پرسیارە کۆتایی پێدێنین: ئایا مارکۆ (ی سلۆبۆدان) میلۆسۆڤیچ خزمەتی کرد؟

زۆر گرنگە تێبینیی ئەوە بکرێت کە لە زۆر باری دەستتێوەردانی دەوڵەتدا، کێشەی گەندەڵی دەشێت لە رێی لەیاسابەدەرکردنەوە چارەسەر بکرێت یاخود لە رێی لابردنی ئەو دەستتێوەردانەی دەوڵەتەوە. بەهەرحاڵ، کارەکانی دەوڵەت، وەك یاسا خستنەکار، پێویستە جێبەجێ بکرێن، لەبەر ئەوە ناشێت ئەو خزمەتانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێن وەلانرێن، ئەمەش مانای وایە هەمیشە گەندەڵی شوێنی خۆی دەکاتەوە. لەبەر ئەوە ستراتیژی دژە گەندەڵی لەم بارودۆخانەدا بە ناچاری دەبێت جیاواز بێت لە ستراتیژییەکانی دژە گەندەڵی لە بارودۆخەکانی دەستتێوەردانی دەوڵەتدا، بە تایبەتی لەوانەدا کە دژە بەرهەمدارن، بێگوێدان بەوەی کە ئاخۆ گەندەڵی بەدوا دێت یان نا.

هۆیە سیاسییەکانی گەندەڵی لە سربیا:

مەرجە کۆمەڵایەتییە پێشەکییەکانی گەندەڵی:

ئایا کۆمەڵگە هەن ئارەزووی گەندەڵییان هەبێت؟ بە پێی سیما جیاکەرەوەکانیان، دەشێت دابەشکردنێك بۆ کۆمەڵگەکان دابنرێت بۆ ئەم کۆمەڵگەیانەی کە گەندەڵی لە چارەیان نووسراوەو ئەوانەش کە بەو جۆرە نین. ئاخۆ سربیا لە کام گروپەیاندایە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستیی بە وردبوونەوە هەیە لە مەرجە پێشەکییەکانی کۆمەڵگە بۆ گەندەڵی. هەرچەندە مەرجە پێشەکییەکانی کۆمەڵگە بۆ گەندەڵی گەلێك زۆرن‌و پێکەوە بەستراون، با هەوڵ بدەین گرنگترینیان دیاری بکەین.

سیمای پەیوەندییە مرۆییەکانی ناو کۆمەڵگە یەکەم مەرجی پێشینەی گەندەڵی پێك دەهێنێت. لە هەندێك کۆمەڵگەدا پەیوەندییە فراوانە تایبەتەکان لە رووی نەریتی باوەوە زۆر بەهێزن، لە کاتێکدا کە لە هەندێکی دیدا لاوازن. زانایەکی رەگەزی مرۆناسیی خەڵکی هیندستان، لە سەرەتای (1990)ەکاندا شیتەڵکردنێکی بەراوردکاریی نێوان پەیوەندییەکانی خەڵکی گوندێکی دانیمارك‌و گوندێکی هیندستان کرد. بە پێی ئەو شیتەڵکردنە، پەیوەندییە فراوانەکان لە گوندە دانیمارکییەکەدا شێوازێکی گەلێك رواڵەتیی هەبوو. دانیشتوانەکان بە ئاستەم یەکتر دەناسن‌و هەرگیز سەردانی یەکتر ناکەن‌و پەیوەندییە هاوبەشە بەردەوامەکان زۆر دەگمەنن. گوندنشینەکان زانیاریی زۆر کەمیان لەسەر ئەوانی دی‌و تەنانەت لەسەر دراوسێکانیشیان هەیەو هێندەش بەتەنگ ئەوەوە نین کە زیاتریان لەبارەوە بزانن. تەنانەت پەیوەندیی نێوان منداڵان‌و دایك‌و باوکیان بەهێز نییە. کاتێك منداڵەکان گەورە دەبن دایك‌و باوکیان بەجێ دێڵن‌و لە شوێنێکی دی نیشتەجێ دەبن‌و بە

دەگمەن سەردانیان دەکەن و زۆربەی پەیوەندییەکانیان لە ڕێی تەلەفونەوەیە. بە پێچەوانەوە، پەیوەندییە فراوانە کەسییەکان لە گوندێکی هیندستاندا زۆر بەهێزن. هەموو خەڵکەکە، بە تایبەتی خێزان و دراوسێکان لە رووی کردەییەوە پێکەوە دەژین و بە ئاسانی یاخود رۆژانە سەردانی یەکتر دەکەن، پێکەوە بەرەوڕووی کێشەکانیان دەبنەوە و ئامادەیی بۆ پشتگیریکردنی یەکتر دەردەبڕن. هەموو کەس هەموو شت دەربارەی هەموو کەسانی دی دەزانێت و بەتەنگەوەن کە هەموو شتێك لەبارەی خەڵکی گوندەکەوە بزانن.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پێناسەی بنچینەیی بۆ گەندەڵی و ئەوە بێنینەوە یادمان کە گەندەڵی کاتێك هەیە بە ئەنقەست لە بڕیارداندا پرینسیپەکانی بێلایەنی پێشێل بکرێن بە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانج. گومان لەوەدا نییە کە کەلتووری پەیوەندییە فراوانە کەسییەکان لە گوندە هیندییەکەدا دەوروبەرێکی گەلێك گونجاوتر پێك دێنێت بۆ دروستبوونی گەندەڵی، ئەمە بە بەراورد لەگەڵ کەلتووری پەیوەندییە فراوانە کەسییەکاندا لە گوندە دانیمارکییەکەدا. روونتر بڵێین، لێکدووریی هاوبەشی خەلکی لە گوندە دانیمارکییەکەدا چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی گەلێك پەسەندتر پێکدێنن بۆ رێزگرتن لە پرینسیپەکانی بێلایەنی. خەڵکی تا رادەیەك یەکتری ناناسن، بۆیە بەلای ئەوانەوە ئاسانترە کە بێلایەن بن. ئەم بێلایەنییە تا رادەیەك ئەنجامی کەلتووری پەیوەندییە فراوانە کەسێکانیانە. ئەگەر کەسێك خەڵکی گوندە دانیمارکییەکە ببێتە فەرمانبەری حکومەت، هیچ کەسێکی خەڵکی گوندەکە (تەنانەت دایك و باوکیشی) بیر لەوە ناکاتەوە کە داوای خزمەتێك یان بڕیارێکی خاترکاریی لێبکات. تەنانەت گەر داواشی لێکرا، ئەوا زۆرکەم ئەگەری ئەوە هەیە بەوە قاییل بێت کە بڕیارە خاترانەکە بدات. بەم شێوەیە سیمای پەیوەندییە فراوانە کەسییەکان بارودۆخێکە بۆ نەبوونی زەمینە بۆ داخوازیی گەندەڵی و بۆ دابینکردنی.

بە پێچەوانەوە لێکەوەنزیکیی خەڵکی گوندە هیندییەکە بناغەیەکی کۆمەڵایەتیی لەبار پێکدێنێت بۆ گەندەڵی. بە پێی نەریتی باو هەر کەسەو بەشدارە لە هەر کێشەیەکی خەڵکی تردا. ئەگەر کەسێکی خەڵکی گوندێکی هیندستان ببێتە فەرمانبەری حکومەت، ئەو بەردەوام دەبێت لەسەر رەفتارکردن بە پێی نموونەی ئەو کەلتوورەی کە هەیانە. هەموو کەسێك ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکات کە بڕیاردانی لە بەرژەوەندیی خزم و دراوسێ و هاوڕێکانی بێت. لەم نموونە رەفتارەدا، بەلادا داشکاندن لە بڕیاردەرکردندا نەك هەر بە ناپەسەند دانانرێت بەڵکو لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە زۆریان پێباشە وەك بەشێك لەو کەلتووری پەیوەندییە فراوانە کەسییەی کە پێشتر دروست بووە. لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوە پەسەند نییە کە بێلایەن بێت. ئەم جۆرە نموونەیەی پەیوەندییە فراوانە تاکەکەسییەکان بنچینەیەکی کۆمەڵایەتیی لەبار پێکدێنێت بۆ پەرەسەندنی داخوازی و دابینکاریی گەندەڵی. نموونەی رەفتاری بێلایەنانە یاخود نەبوونی گەندەڵی بە پێچەوانەی ئەو سیستمی بەهایانەیە کە لایان دروست بووە.

ئەو نموونە رەفتارانەی باس کران یاخود پەیوەندییە فراوانە کەسییەکان دوو ئەمپەڕو ئەوپەڕ پێکدێنن و زۆر پێدەچێت کە زۆربەی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان لە نێوان ئەو دوو ئەمپەڕو ئەوپەڕەدا بن. بەڵام وا دیارە کە پرۆسەی بە شارستانیکردن بە ناچاری ئاراستەی بەرەو نموونە رەفتارەکەی دانیمارك مل دەنێت یاخود بۆ شکاندنی هەندێك لە پەیوەندییە فراوانە کەسییەکان. نموونەی رەفتار لە شارەکانی سربیادا بە تایبەتی لە شارە گەورەکاندا تا رادەیەك لە پێوەرە نموونەییە ئەوروپاییەکان نزیك بۆتەوە.

جۆرەکانی دەوڵەت و گەندەڵی:

مەرجە پێشینەیەکی کۆمەڵایەتیی گرنگی تر بۆ گەندەڵی لە هەموو دەوڵەتێکی هاوچەرخدا، واتە لە سربیاشدا، پەیوەندیی بە سیمای دەزگا گشتییەکانەوە هەیە، یاخود سروشتی کەرتی گشتی لە هەر تاکە دەوڵەتێکدا. لە دووتوێی نموونە تیۆرییەکانی دەزگا گشتییەکانەوە "ماکس ویبەر" بەناوبانگترین مۆدێلەکانی هێنایە گۆڕێ. ئەو دەزگا گشتییەی ویبەر، یان بیرۆکراسییەو شتێکی ئایدیاڵە یان جۆرێکی پێوانەیی دەزگای گشتییە. لەو نموونەیەی ویبەردا فەرمانبەری حکومەت بە پێی پرۆسەکارێکی ماقووڵ و چەند پرینسیپێکی جیهانی کە شوێنی تاکڕەوی (لە رووی بەلادا داشکاندنەوە) و پەیوەندیی تایبەت و لە هەمووشی گرنگتر تێکەڵکردنی بەرژەوەندیی گشتی لەگەڵ بەرژەوەندی یان سوودی تایبەتداو پارێزگاری لێکردنی لەلایەن فەرمانبەری حکومەتەوە شوێنیان نابێتەوە. لەلایەکەوە ئەوە ئاشکرایە کە نموونە بیرۆکراسییەکەی ویبەر وەسفی دەزگا گشتییەکان یان فەرمانبەرانی حکومەت بە شێوەیەک دەکات کە لە هیچ وڵاتێکدا نییە (هەرچەندە بیروبۆچوونێکی وا هەیە کە گوایە شێوە بیرۆکراسیی پروسیا وەك نموونەیەك بەکار هێنراوە)، لەلایەکی ترەوە ئەوە ئاشکرایە کە لە نموونە دەزگا گشتییەکەیدا هیچ ئەگەرێکی پەیدابوونی گەندەڵی نییە. بەو پێیە، چەندە دەزگا گشتییەکانی دەوڵەت لە نموونە ئایدیاڵەکە لا بدەن، هێندە ئەگەرەکانی دروستبوون و گەشەکردنی گەندەڵی زۆرترن. بە واتایەکی دی، گەر گشت دەزگا گشتییەکان لە جیهاندا بە پێی نموونە ئایدیاڵەکەی ویبەر بن، ئەوا گەندەڵی نابێت.

ئەوەی مایەی نیگەرانییە راستییەکان گەلێك لە نموونەکەی ویبەرەوە دوورن. لە راستیدا فەرمانبەرانی حکومەت لە سربیا و لە وڵاتانی تریشدا گەلێك جیاوازتر لە فەرمانبەرە ئایدیاڵەکانی حکومەت کار دەکەن. روونتر بڵێین، فەرمانبەرانی حکومەتیش مرۆڤن و هەروەك هەموو زیندەوەرێکی دی ئارەزووی پترکردنی سامانیان دەکەن و زۆرجاریش دابەشکردنی چالاکییەکان لە نێوان پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و پترکردنی بەرژەوەندیی تایبەتدا بە تەواوی جیا نەکراونەتەوە. ئەو جۆرە چالاکییەی فەرمانبەرانی حکومەت و بە تایبەتیش هی ئەو نمایندانەی خەڵکی کە هەڵبژێردراون (سیاسەتمەداران)، یاخود نەبوونی توانای روونکردنەوەی ئەو نموونەیە لە رێی نموونەکەی ویبەرەوە دەبێتە هۆی دارشتنی تیۆریی هەڵبژاردەی گشتی کە ئەوە نیشان دەدات لە کاتی بڕیاری بەکۆمەڵدا ئەو بەرژەوەندییە گشتییەی کە دەردەبڕێت نابێت (زۆرجاریش هەروا نییە) پترکردنی سامانی کۆمەڵگە بێت بە گشتی، بەڵکو پترکردنی سامانی تەنیا هەندێك لە گروپەکان. بەهۆی ئەمەوە دیاردەی کێشەی گەندەڵی بە ناچاری لە رووی چەمکەوە فراوانتر دەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە بە تەنیا مامەڵە لەتەك گەندەڵیی کارمەندانی حکومەت، کە بە گەندەڵیی دەزگایی ناو دەبرێت، ناکەین بەڵکو لەتەك گەندەڵی دەسەڵاتدارانی یاساییشدا، کە بە گەندەڵیی سیاسی ناو دەبرێت. جیاوازی لە نێوان ئەو دوو جۆرە گەندەڵییەدا، بە تایبەتی جیاوازی لە نێوان کاریگەریی ئابوورییاندا، لە دواتردا بە درێژی تاووتوێ دەکرێت. بەدەر لەمە، دەشێت بگەینە ئەو سەرەنجامەی کە لە رێی جیاکردنەوەی دەزگا گشتییەکانەوە لە مۆدێلەکەی ویبەر، ئەگەر دروستبوون یا گەشەکردنی گەندەڵی پەرە دەسێنێت. لە بارودۆخی راستیی ئەمڕۆی سربیادا، فەرمانبەرانی حکومەت لەم رۆژگارەدا تا چ رادەیەك لە ئایدیاڵەکانی ویبەر لایان داوە؟ بە رادەیەکی بەرچاو، مرۆڤ دەتوانێت لەسەر بناغەی ئەنجامەکانی رووپێوی بیروبۆچوونی جەماوەرەوەو بە تایبەتیش رووپێویی خاوەن پرۆژە تایبەتەکانەوە چونکە سروشتی کارەکەیان وایە کە رۆژانە پەیوەندییان لەتەك فەرمانبەری حکومەتدا هەیە، ئەو راستییە بڵێت.

بەمجۆرە دەگەینە هۆکارێکی تری گەندەڵی کە ئەویش سیمای دەوڵەتە. لە جیهانی هاوچەرخدا دەتوانین دەوڵەتەکان بە سیمای جیاوازەوە ببینین. جۆرێکی ئەمپەڕیان ئەوەیە کە پێی دەوترێت دەوڵەتی خێرخوازو بە گشتی ئامانجی پترکردنی سامانی خەڵکەکەیەتی. ئەوی ئەوپەڕیان دەوڵەتی دزیکراسییە، یاخود ئەو حاڵەتەی کە دەوڵەت تەنیا هۆکارێکی پترکردنی سامانی تایبەتیی فەرمانڕەواکانە. حاڵەتی یەکەم بریتییە لە تیۆرییەکی پەتی چونکە دەوڵەتێك کە ئەو جۆرە ئامانجەی هەبێت هێشتا لە بواری پراکتیزەکردنی سیاسیدا دانەمەزراوە. جێی نیگەرانییە کە حاڵەتی دووەم تیۆرییەکی پەتی نییە، ئەمەش بە وەبەرچاوگرتنی ئەو لیستە تا رادەیەك دوورودرێژەی فەرمانڕەوا تاڵانچییەکان چ لە مێژووی کۆنداو یان لە مێژووی جیهانیی هاوچەرخدا. ئاشکرایە کە لادان لە هەڵوێستی ئەوپەڕی دزیکراسی ئەگەر گەندەڵی زیاد دەکات، هەروەها دەوڵەتە خێرخوازەکەش لە گەندەڵی نەپارێزراوە. شیتەڵکردنی ئەو میکانیزمانەی گەندەڵی کە دەشێت بن لە بەشی داهاتوودا دەخرێنە بەرچاو. هەرچەندە تا رادەیەك بە ئاسانی دەتوانرێت بڕیار لەسەر سیمای دەوڵەتێك بدرێت کە لەلایەن مرۆڤێکی وەك سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچەوە سەرکردایەتی بکرێت، بەڵام ئێمە دواتر راستیی زیاتر لەبارەی سیمای ئەو دەوڵەتەوە پێشکەش دەکەین.

پێشینە مەرجی کۆمەڵایەتیی دیکە بۆ گەندەڵی لەسەر بنەمای سیمای دەسەڵاتدارانی دەوڵەتە. ئەو سیمایەی کە دەشێت بە باشی لە رێی بەکارهێنانی ئەو بیروبۆچوونانەی کە تا ئەوپەڕی یان بە تەواوی لە رووبەڕوویدا وەستاون بەم جۆرە وەسف بکرێن: دیموکراسیی و دیکتاتۆری (زۆرداری). روونتر بڵێین، سروشتی گەندەڵی وایە کە چالاکییەکە بە نهێنی ئەنجام دەدرێت، یاخود بە ئاشکرا ئەنجام نادرێت. سیمای دیموکراتیی دەسەڵاتداریی دەوڵەت لەسەر بنەمای کۆنترۆڵی بەردەوامی دەسەڵاتە لەلایەن هەڵبژێرەکان یان هاووڵاتییانی ئەو دەوڵەتەوە. لەبەر ئەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتی بۆ دروستبوونی گەندەڵی لە حاڵەتی دیموکراسیدا کەمترە لەچاو حاڵەتی دیکتاتۆریدا کە تیایدا کۆنترۆڵێکی دامەزراوەیی دەسەڵاتی دەوڵەت نییە. دیموکراسی بەو سیمایەیدا دەناسرێتەوە کە بڕێکی زۆر لە زانیاری دەربارەی کاری دەوڵەت بە ئازادی تێدەپەڕێت، ئەمەش بەهۆی بوونی حیزبە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکانو میدیای ئازادو رێکخراوە ناحکومییەکانەوەو هەر شتێکی دی کە شێوە رێکخستنی دیموکراتی پێك دێنێت. بە واتایەکی دی گشت ئەمانە کۆنترۆڵێکی جەماوەریی کاریگەر پێك دێنن لەسەر دەوڵەتو کارەکانیو ئەو سیاسەتمەدارانەی لە دەسەڵاتدانو ئەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت کە دەسەڵاتەکان جێبەجێ دەکەن. هەرچەندە دیموکراسی نەفرەت لێکردنێکی رێگر نییە لە گەندەڵی، بەڵام شێوە دیموکراسییەکە چوارچێوەیەکە گەلێك کەمتر گونجاوە بۆ دروستبوونو پەرەسەندنی گەندەڵی بە بەراورد لەگەڵ دیکتاتۆریدا.

هۆکارێکی کۆمەڵایەتیی گرنگی تری گەندەڵی دەشێت جۆری ئەو پەیوەندییە باوەی نێوان هاووڵاتییانو دەوڵەت بێت. روونتر بڵێین، دەشێت بە شێوازی جیاواز لە دەوڵەت بڕوانرێت. لەلایەکەوە دەشێت دەوڵەت وەك دامەزراوەیەك تەماشا بکرێت کە هەندێك خزمەتگوزاریی بۆ هاووڵاتییەکانی دابین دەکاتو لە بەرامبەر ئەویشدا هاووڵاتییان بەردەوام بێمتمانەییان هەیە. بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەم چەمکە بەتایبەتکراوە، هاووڵاتییانی وڵاتێك لە پلەی پێشەوە تەماشا دەکرێن، لە کاتێکدا دەوڵەت تەنیا وەك خزمەتگوزاریی هاووڵاتییان تەماشا دەکرێت کە تیایدا بە تەواوی کۆنترۆڵی مەوداو جۆرێتیی ئەو خزمەتانە دەکرێت کە دەوڵەت بۆیان دابین دەکات. ئەم چەمکە لیبراڵە لە وڵاتە ئەنگلوساکسۆنەکاندا زاڵەو بێمتمانەییەکی بەردەوامی هاووڵاتییان لە بەرامبەر دەوڵەتدا هەیەو مانای ئەوە دەبەخشێت کە سەرچاوە گەورەکان لەژێر کۆنترۆڵی دەزگا کارکەرەکانی دەوڵەتدا

دەخرێنە گەڕ. لەبەر ئەوە ئەگەرە کۆمەڵایەتییەکان وەك بنچینەیەك بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی کەمترە یاخود ئەگەری دروستبوون و گەشەکردنی گەندەڵی لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەدا کەمترە. لەلایەکی ترەوە دەشێت دەوڵەت بە تەواوی لە شێوازێکی جیاوازتردا ببینرێت. ئەمە ئەو دەوڵەتەیە کە وەك بابەتێکی رێزلێگرتنی نزیك لە پەرستنەوە تەماشا دەکرێت. دەوڵەت لە پێشەوەیەو هاووڵاتییان تەنیا پیاوی دەوڵەتن (رەعیەتن) یاخود هۆکارن بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی دەوڵەت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەمکە زۆرجار پەیوەستە بە دەوڵەتی پروسیاوە، هەروەها بە فەلسەفە سیاسییەکەی هیگڵەوە، ئەو جۆرە تێڕوانینە لە دەوڵەت تا رادەیەك لە گشت وڵاتانی جیهاندا هەیە لە دوای نەمانی دەوڵەتی پروسیا. دەبێت مرۆڤ تەنیا ئەو پەیامەی سەرۆکی ئەمریکا جۆن کەنەدی بێتەوە یاد کە لە بۆنەی دانانیدا بە سەرۆك وتی: "مەپرسە وڵاتەکەت چیت بۆ دەکات، بەڵکو دەتوانیت چی بۆ وڵاتەکەت بکەیت". تەنانەت بسمارك خۆیشی شەرم لەو جۆرە دەربڕینە ناکات. بەهەرحاڵ، کێشەکە لەوەدایە کە تێڕوانین لە دەوڵەت لەسەر بنەمای رێز یان پەرستن زەمینەیەکی بەپیت بۆ گەندەڵی دروست دەکات. "رەعیەت" دەستوەرنادەنە کارەکانی دەوڵەت و ئەگەرێکی کەمتر هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت و لە دوایین شیتەڵکاریدا هەموو شتێك بە ناوی ئامانجە بەرزەکانەوە رێی پێدەدرێت، تەنانەت گەندەڵیش.

لە (1990)ەکاندا لە سربیا زۆر کەس وەك شتێکی گەلێك رێزدار دەیانڕوانییە دەوڵەت تەنانەت تا ئاستی پەرستن. نیشتمانپەروەری بووبووە وشەیەکی سەرەکی و بە هەڵە بەکارهێنراو. خۆبەخشەکان بەرەو بەرەکان دەچوون و زۆریان گەڕانەوەیان نەبوو، تەنانەت بێ ئەوەی ئامانجی ئەو جەنگە بزانن کە شەڕیان تیا دەکرد. لەو کاتەدا ئەوانەی سربیایان بەڕێوە دەبرد زۆرباش لە هێزی ئەفسووناویی وشەکانی دەوڵەت و نیشتمانپەروەری گەیشتبوون. ئەوان هەرگیز بەتەنگ دەوڵەتی سربیاوە نەبوون و لاوازترین بیرۆکەیان لە بارەی ئەوەوە نەبوو نیشتمانپەروەری چییە. بە ناوی ئامانجە بەرزەکانەوە چوارچێوەیەکیان بۆ تالانی و کۆکردنەوەی سامان دروست کردبوو. ئامانجە بەرزەکان و بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵایەتی و شتی دی لەو جۆرە جێی بایەخی ئەوان نەبوو. گەلێك لە ئامانجە بەرزەکان وەك هۆیەکی سارد و زۆر بچوك بووبووە کارێکی رۆژانە. بەهۆی ئەو جۆرە "نیشتمانپەروەران"ەوە، لە سەرەتای سەدەی پێشوودا (جێمس جۆیس) کە ئایرلەندەی جێهێشت ئەمەی نووسی: "نیشتمانپەروەریی دوایین پەناگەیە بۆ دوایین دەرۆزەکەران".

گەندەڵیی نانێوەندکراو و بەنێوەندکراو:

کە هاووڵاتییەك یان خاوەن پرۆژەیەکی تایبەت رووبەڕووی گەندەڵی دەبێتەوە، نمایندەیەکی دەسەڵاتدارانی لە بەردەمدایە – کارمەندێکی حکومەت، پۆلیس، دادوەر یان کەسێکی دی. هاووڵاتییەکە نەفرەت لە چاوچنۆکیی ئەوان و لە بەدبەختیی خۆی دەکات، بەڵام زۆرجار نازانێت چ جۆرە گەندەڵییەك چاوەڕێیەتی: ئایا ئەوان تەنیا داهاتەکەیانی پێ زیاد دەکەن لە رێی بەرتیل وەرگرتنەوە و ئەم بەزمە بۆ خۆیان دەگێڕن یاخود مەسەلەکە لەوە گەورەترە، بە بەشداریی پلە بەرزەکانی دەزگا گشتییەکان و سیاسەتمەدارانە؟

لەو وڵاتانەدا کە تەواو دیموکراسین، گەندەڵییەکی کارگێڕی کەم باڵی کێشاوە بەسەر ئەو شوێنانەدا کە تاکە فەرمانبەرانی دەوڵەت بە تەنیا کار دەکەن، یاخود لەوانەیە گروپێکی بچوك پێکەوە کار بکەن و لە پشتی یاسا و

www.pertwk.com

هاوڕێکاران و لێکۆڵەرەوانەوە. جۆری گەندەڵی هەمان شتە، بەدەر لەوەی کە ئەو گەندەڵییە نووسەرێکی لای خوارەوە بێت یان وەزیر بێت. ئەوە گرنگە کە ئێمە مامەڵە لەتەك کەسانێکدا دەکەین کە خۆیان لەسەروو یاساوە دادەنێن لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان و لەولاشەوە دەوڵەت ئاوڕ لەو چالاکییە ناداتەوە. ئەمە ئەو شتەیە کە زۆرجار پێی دەوترێت گەندەڵیی نانێوەندکراو. بەهەرحاڵ، لە زۆر لەو وڵاتانەدا کە لە قۆناغی گواستنەوەدان و زۆر لەو وڵاتانەش کە لە گەشەکردندان گەندەڵی لەسەر ئاستێکی بەرزی گرنگ ئەنجام دەدرێت. کەسانی خاوەن هێزو گروپەکان هەوڵ دەدەن کە بەسەر دەوڵەتدا زاڵ ببن یاخود بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و بۆ کەڵەکەکردنی سامانی تایبەتییان بەکاری بێنن. هەندێکجار نیمچە سەرکەوتن و هەندێکجاری دیش سەرکەوتنی تەواو بەدەست دێنن.

دوو جۆرە گەندەڵی کە لە رووی تیۆرییەوە ئاشکران بریتین لە نانێوەندکراو و بەنێوەندکراو. لە گەندەڵیی نانێوەندکراودا دەوڵەت پاکەو فەرمانبەرانی حکومەت بۆ خۆیان کاری گەندەڵی دەکەن و ترسی گرتن و سزادانیان هەیە.

گەندەڵی بەنێوەندکراو جۆرێکی تەواو جیاوازی گەندەڵییە، لەم جۆرەدا مرۆڤ ئەو ئەگەرە بەدەر دەکات کە دەوڵەت و ئەوانەی بەڕێوەی دەبەن پاکن. تێڕوانینێکی تەواو جیاواز لەئارادایە. سەرکردایەتیی دەوڵەت دەبێتە دروستکەری گەندەڵی و دەزگاکانی دەوڵەت دەبنە ئامرازێکی پێکەوەنانی سامان بۆ ئەندامانی نێو بازنەی فەرمانڕەوایان.

وەك باندێکی دز بیانهێنە بەرچاو کە ئامانجیان بەدەستهێنانی هێزو دەوڵەمەندبوونە. ئەو باندەش کەسێك سەرۆکایەتیی دەکات کە توانای زۆر گەورەی هەیەو بڕیار لە دابەشکردنی تالانییەکان دەدات لە نێوان ئەندامەکانی گروپەکەداو پێویستە زۆر کەمیان نەداتێ چونکە ئەگەری کار گەیاندنە دادگا سەر هەڵدەدات، بەڵام هێندەش زۆر نەبێت بۆ ئەوەی لە خۆڕایی بەشدارییەکەی کەم بکات. کەواتە ئامانجەکەی زیادکردنی داهاتی خۆیەتی، بەڵام هەروەها دڵسۆزیی خۆی بۆ هاوکارانی دزێتییەکەی دەهێڵێتەوە تاوەکو دەرینەپەڕێنن یا نەیدەن بەدەستەوەو بە جۆرێك کە بەشێك لە بەرتیلە بەدەستهاتوکەیان بۆ مسۆگەر بکات. ئەم دەستبەرداربوونە لە بەشێك لە داهاتەکە دوو ئامانجی هەیە: راگرتنی هاوکاران لەسەر بایەخدان بە مەسەلە هاوبەشەکانەوە، هەروەها راگرتنیشیان لەسەر پەیوەندییان لەگەڵ فەرمانڕەوا لە رێی هەڕەشەی سزادانی گەندەڵییەوە گەر هەوڵی بە سەربەخۆیی کارکردن بدەن. میکانیزمێکی بەکەڵکی دی بۆ پترکردنی پەیوەندی، دانانی مووچەیەکی کەمە بۆ فەرمانبەری حکومەت چونکە ئەو کاتە ناچار دەبن لە گەندەڵییەوە بگلێن تاوەکو بتوانن ژیانێکی شیاو بژین. ئەمە جارێکی دی دەیانخاتەوە بەر رەحمەتی دەسەڵاتدارەکانی لای سەرەوە.

نموونەی گەندەڵیی بەنێوەندکراو، هەروەك دەبینین، سروشتێکی سیاسیی دیاری هەیە. کەشە سیاسییەکە گەندەڵی دروست دەکات، هەروەها مەوداو جۆرێتییەکەی و گەندەڵی لە ناوەوە گەشە دەکات هێندەی پەیوەندیی بە سیستمی سیاسییەوە هەبێت.

سیستمی سیاسیی سربیا:

لە سالانی (1990)ەکاندا سیستمێکی سیاسیی تایبەت لە سربیا دامەزرا کە یارمەتیدەرێکی باشی گەشەکردنی گەندەڵی بوو، تەنانەت پێدەچێت بە شێوەیەکی وا داڕێژرابێت کە گەورە فەرمانڕەوا سیاسییەکان

بتوانن لەسەر حسابی دەوڵەت و کۆمەڵگە بە گشتی دەوڵەمەند ببن. دەستووری نوێی ساڵی 1990 لە سربیا، سەرەڕای هەندێك لە ناتەواوییەکانیشی، سیستمی ئیشتراکیی لەناو بردو ئازادیی سیاسی، دیموکراسی و سیستمی فرەحیزبیی راگەیاندو دەرگای بۆ ئەگەری دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی خستە سەرپشت. بەهەرحاڵ، ژیان لە دوای دەستوورو یاساوە نەڕۆیشت بەڵکو رێگەیەکی تری گرتەبەر. گەورە فەرمانڕەوا سیاسییەکان کۆنترۆڵی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی سربیایان گرتەوە دەست، بە پێچەوانەی مەرجە سەرەکییەکانی دەستوورو گەلێك لە یاساکان، بە گیانێکی ئازادو دیموکراسیانەترەوە نووسرایەوەو تەنانەت کۆنترۆڵی بەسەر گەلێك لە بوارەکاندا زیادی کرد.

ئەو رژێمەی لە (1990)ەکاندا تاوەکو 5ی تشرینی یەکەمی 2000 پڕ بە مانای وشەکە ئۆتۆکراتی بوو. راگری رژێمەکە لە دوو لایەنەوە سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ بوو. یەکەم لە سایەی ئەوەوە رژێمەکە مایەوە چونکە ئەو شارەزای تەکنۆلۆژیای سیاسی بوو هەروەها بەتوانا بوو لە تەکتیك و یاریکردن لە پشتی پەردەوە بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ناهەموارییە چاوەڕوان نەکراوەکان. لە رێی شارەزایی سیاسیی تەواوی ئەوەوە، دەسەڵاتێکی گەورەی بەسەر پۆلیسی نهێنیی سربیا (SPS)دا هەبوو، کە ئەمەش هەمئاهەنگیی پێویستیی بە رژێم دابوو و هیچ کەس نەیدەوێرا بە رووی سەرکردەدا هەڵسێت. ئەمە رێکخراوێکی دیکتاتۆریی پێکهێنابوو کە لەسەرخۆ کاری خۆی دەکرد.

دووەم، ئەو بە تەنیا گشت بڕیارە سیاسییە گرنگەکانی دەردەکرد، لەوانەیە پاش راوێژکردن لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بووبێت. ئەو بڕیای دا سربیا کام رێگە بگرێتەبەرو سیستمی سیاسیی دەبێت چۆن بێت و چی بکرێت لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا، یا لەگەڵ سیاسەتی ئابووری یان سیاسەتی دەرەوەداو هەروەها گشت لایەنەکانی دیکەی ژیان. ئەو بڕیاری لە ئامانجە سیاسییەکان دەداو سیستمی بەهاکانی دەسەپاندو بڕیارە ستراتیژییەکانی دەردەکرد. ئەوانی دی وەك سەربازێکی گوێڕایەڵ جێبەجێیان دەکرد. ئەو چەند هاوکارانەی قۆناغی بەرزبوونەوەی میلۆسۆڤیچ بۆ دەسەڵات کە بە بیری خۆیان کاریان دەکرد بەرەبەرە پلەو پایەکانیان لەدەست دا. ئەوانەی کە هاتنە پێشەوە دەترسان و رێزیان پیشان دەدا بێ ئەوەی هێندە لەو کارە ئاڵۆزانە بگەن کە ئەو ئەنجامی دەدا، بڕوایان بە سەرکردە هەبوو لەبەر ئەوە تەنیا کاریان ئەوەبوو فەرمانەکانی وەربگرن و جێبەجێی بکەن. سیستمێك دروست بوو زۆر لە هی شازادە (میلۆش)ی سەدەی نۆزدەهەم دەچوو کە بە مێشکێکی کراوەوە لەبری هەموو نەتەوە بیری دەکردەوە.

لەلایەکی ترەوە، قۆناغی سەرەتای گواستنەوەی سیاسی و ئابووریی یوگۆسلاڤیای پێشوو، لە دەوروبەری 1990دا بووە هۆی هێنانی دامەزراوە دیموکراسیەکان، تەنانەت لەسەر ئاستێکی پێوانەیی کێشەیەکی هێنایە گۆڕێ کە ئەویش دامەزراندنی سیستمێکی ئۆتۆکراتی بوو. میلۆسۆڤیچ ئەم ستراتیژییەی هەڵبژارد: ئەو رژێمێکی ئۆتۆکراتی دامەزراند، لەگەڵ پشتگوێخستنی شێوازە دیموکراتییەکە هێندەی کە بەدیهێنانی ئامانج پێویستی بکردایە. ئەو تەنیا بە رواڵەت دیموکراسیی هێشتبووەو تا ئەوپەڕی توانا هەوڵی دەدا خۆی لەوە بەدوور بگرێت کە دەسەڵاتەکەی بە نایاسایی و ناشەرعی تاوانبار بکرێت. ئەو هەڵبژاردنەکانی رێك دەخست بەڵام ئەوەندەی کە بۆ سەرکەوتنی پێویست بوایە دەستی تێوەردەداو فرتوفێڵی تیا دەکرد. یاساکان لە رێی پەرلەمانێکی شەرعییەوە دەردەچوون، بەڵام بە بێ ئەوانیش دەتوانرا دەربکرێن. لە کۆتاییدا ئاواتی هەندێك شەرعێتیی میلۆسۆڤیچی گەیاندە دارمانی سیاسی: ئەو بە هەڵە قەبارەی جەماوەری خۆی هەڵسەنگاندو لە

هاوینی ساڵی 2000دا هەڵبژاردنە فیدراڵییەکانی ڕێك خست کە بووە هۆی تێکشکانی.

میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی پایەکانی ڕژێم سیاسەتە کۆنەکەی کارمەندە کۆمۆنیستەکان بوو، یاخود دانانی خەڵکی دڵسۆزو گوێڕایەڵ لە گشت شوێنە گرنگەکانی دەوڵەتدا وەك شوێنی کۆمەڵایەتی و دارایی و ڕاگەیاندن (میدیا) و بوارەکان دی. بۆ مسۆگەرکردنی دڵسۆزی، سیستمێك بە تایبەتی بۆ خەڵاتکردنیان دانرابوو کە هەندێکجار لە شێوەی مووچەیەکی زۆردا بوو هەر کە ئەوە لە توانادا بوو، هەندێکجاری دی لە ڕێی بەخشینی بەرخورداری لە ڕادەبەدەری شاراوەوە بوو. بۆ نموونە بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان نەك هەر مافی ئەوەیان هەبوو کە مووچەی زۆر بۆ خۆیان دابنێن، بەڵکو هەروەها بە چەندین شێوە کە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا زانراو بوو دزییان لە کۆمپانیاکانیان دەکرد. بۆ نموونە بەڕێوەبەری دەستەی بەڕێوەبردنی پیشەسازیی نەوت لە سربیا کە فەرمانبەرێکی بەرزی (JUL)یشە 204 هەزار دۆلاری ئەمریکایی وەرگرت لە بەرامبەر بەئەندامبوونیدا لە دەستەی بەڕێوەبردنی لقی کۆمپانیاکە کە لە لەندەن تۆمار کرابوو بەڵام هیچ داهاتێکی بازرگانیی خۆی نەبوو، ئەندامەکانی تری ئەنجومەنی کارگێڕی بڕە پارەیەکی هەندێك کەمتریان وەرگرت (2001/4/13 داناس).

لەلایەکی ترەوە دادوەرە گوێڕایەڵەکان نەیانتوانی مووچەیەکی زۆر مسۆگەر بکەن، بەڵام گەلێك بەرخوردارییان پێبەخشرا، وەك شوققەی دەوڵەت بێ ئەوەی هیچ چاوەڕوانییەکی بۆ بکەن و دواتریش بە پارەیەکی کەم دەفرۆشرانەوە (نموونە بەناوبانگەکەی ساختەکاریی هەڵبژاردنەکەی 1996 – 1997 و ئەو خەڵاتانەی بە دادوەرەکان بەخشرا). سەرنووسەران و بەڕێوەبەرانی ڕاگەیاندنە سەرەکییەکانی دەوڵەت مووچەیەکی تەواو زۆریان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا داهاتی تریشیان لە سەرچاوە شاراوەکانەوە هەیە.

یەکەم پایەی دەسەڵات ڕاگەیاندن (میدیا) بوو. پروپاگەندەو ڕۆڵی پشتگیریلێکردنیان لە ڕژێم گرنگییەکی تەواوی هەبوو. لەو ڕاگەیاندنانەدا دەسەڵاتداران بە چاکترین جۆر دەخرانە ڕوو، ڕۆژانە سەرکەوتنە مەزنەکانیان و بەڵێنەکانی داهاتوویان دەخرانە بەرچاو. هەرچەندە هەژاری، جەنگ، لێکدابڕانی دەوڵەت و شکستییەکان بەردەوام بوون. چالاکییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە بەردەوامی بڵاوندەکرانەوەو خودی ئۆپۆزیسیۆنیش وەك خیانەتکارو ناشیاو دەخرایە بەرچاو. هەموو کێشەکان وا دەخرانە بەرچاو کە شتێکی کاتین و هەرگیز یەك تاکە ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵاتداران نەدەکرا. ڕاگەیاندنی سەربەخۆ خنکێنرابوو بە تایبەتی ڕاگەیاندنی ئەلەکترۆنی. ڕژێم بایەخێکی زۆری دابوو بە تەلەفزیۆن وەك هۆکارێکی سەرەکیی پەیامی پروپاگەندە چونکە دەیانزانی خەڵکە هەژارکەوتووەکە کەمتر دەیانتوانی سوود لە پەخشی ڕۆژنامە وەربگرن لەبەر ئەوە تەلەفزیۆن بایەخی زۆری پێدرا. ڕێگە بە دامەزراندنی میدیای نوێی سەربەخۆ نەدەدرا. مۆڵەتی نوێ بۆ پەخش بە ئاسانی بۆ ئەو میدیایانە وەردەگیرا کە لەلایەن ڕژێمەوە کۆنترۆڵ دەکران و بۆ کەسی دی نەبوو. پەخشکردن بە بێ مۆڵەت سزا دەدراو لە توانادا نەبوو بەدی بێت بەهۆی دەستبەسەراگرتنی ئامێرەکانەوە. کۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر ئیستگە تەلەفزیۆنە تایبەتەکان زۆری نەخایاند چونکە ڕژێم خێرا بوو لە دەستبەسەراگرتنەوەیان (بۆ نموونە ئیستگەی تەلەفزیۆنی بەلگراد – ستۆدیۆی B). چاپەمەنی بۆ پروپاگەندەو مێشك شتن بەکار دەهێنرا (ڕۆژنامەکانی پۆلیتیکا و فیچیرنیا نۆڤۆستی... تاد). ڕۆژنامەی سەربەخۆ نەبوو چونکە ناوبەناو هێور دەکرانەوە یان دەخنکێنران، بۆ نموونە لە ڕێی سزادانیانەوە بە پێی یاسای زانیاری و لە ڕێی دەستبەسەراگرتنی نایاساییەوە (ناشا بۆربا، ئیکۆنومیسکا پۆلیتیکا) و لە ڕێی هەڕەشەکردن لە دامەزراوە چاپەمەنییەکان کە هاوکاریی چاپکردنیان بۆ دابین نەکەن هەروەها بە ئەنقەست دروستکردنی کێشەی کەمیی کاغەزی ڕۆژنامە (لە

www.pertwk.com

ڕێی قەدەغەکردنی هێنانی لە دەرەوەی وڵاتەوە)...... تاد.

ئەو کۆنترۆڵە فراوانەی ڕژێم لەسەر ڕاگەیاندن (میدیا) کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پەرەسەندنی گەندەڵی هەبوو چونکە ئەو کۆنترۆڵە جەماوەرییەی لابرد کە دەتوانن لە ڕێی میدیاوە بیخەنە سەر دەسەڵاتداران. کاتێکیش کە دەوڵەتو دەزگاکانی پێویست بەوە نەکات جەماوەر لە کارەکانیان ئاگادار بکەن بەپیتترین زەمینە بۆ گەشەکردنی گشت ڕەفتارە نایاساییەکان دروست دەبێت، لە نێویشیاندا گەندەڵی.

دووەم پایەی ڕژێم دەزگای سەرکوتکردن بوو، لە سەروو هەمووشیانەوە پۆلیسو هەروەها دادگا. پۆلیس بووبووە پارێزەری ڕژێم نەك پارێزەری دەوڵەتو یاسا. هەر لە ڕێی بەکارهێنانی هێزەوە پارێزگاری لە ڕژێم نەدەکرد، بەڵکو وەك دەزگایەکی لێکۆڵینەوەش چاوی لە ئاستی دەسەڵاتداراندا دەنووقاند. ئەندامانی سەرانی فەرمانڕەوا دەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان یاساکان بشکێننو گشت سەرەنجامە کۆتاییەکانیشی بە یەك تەلەفون بسڕنەوە. لەوەش خراپتر سنوور لە نێوان تاوانکارو پۆلیسدا بەرەو نەمان دەچوو، تاوانکاران بەدڕەفتارییان بۆ پۆلیس ئەنجام دەداو لە هەمان کاتدا پۆلیسیش چالاکیی تاوانکارییان ئەنجام دەدا (پارەکێشانەوەو چالاکیی دیکەی گەندەڵی).

دوشان میخایلۆڤیچ، وەزیری ئێستای کاروباری ناوخۆ دەڵێت: "ئەم وەزارەتە کرابووە دەزگایەکی پۆلیسیو تاوانکاریو لەگەڵ سەرکردەکانی جیهانی تاوانکاریدا پەیوەندییان هەبوو"، هەروەها دەڵێت: "زۆر سەختە ئەوە دەرکەوێت کام کارمەندانەی وەزارەت لە چالاکیی تاوانکارییەوە گلاونو کام تاوانکارەش پێناسەی ڕەسمیی بەشی خزمەتگوزاریی ئاسایشی گشتی یا نهێنیی هەیە". لە دادگادا ڕۆڵی سەرەکی هی سەرۆکی دادگاکان بوو کە لەلایەن ڕژێمەوە دادەنرانو تا ئێستاش دڵسۆزن بۆی. گشت دادوەرییە گرنگو ناسکەکان دەدرانە دەست دادوەرە دڵسۆزەکانی خۆیانو پێیان دەوترا یاخود فەرمانیان پێدەدرا کە چ بڕیارێك دەربکەن. بارودۆخی دادگا لەو چەند ساڵەی دوایی ڕژێمی میلۆسۆڤیچدا دەشێت زۆر بە باشی بەم دەربڕینەی یەکێك لە پارێزەرەکان بەرچاو بخرێت: "لە ڕابردوودا دەبوایە من بەرتیلم بدایە بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەبار (پۆزەتیڤ) بەدەست بێت، ئێستا چەندین بەرتیل دەدەم تاوەکو بڕیارێکی یاسایی بەدەست بێت".

کاتێك کە پۆلیسو دادگا لە خزمەتی دەسەڵاتداراندا بن لەسەر بنەمای دڵسۆزی، ئەوا گرنگترین بەربەستەکانی بەردەم گەندەڵیی بەنێوەندکراوو بە نانێوەندکراو لادەچن. کاتێك کە هیچ کەس دژ بە گەندەڵی نەجەنگێت، ئەوا گەندەڵی بڵاو دەبێتەوەو گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی گەمارۆ دەداتو ئەوانەش ڕۆڵی تیا دەبینن ئەندامەکانی سەرانی فەرمانڕەوان.

سێیەم پایەی دەسەڵات کۆنترۆڵکردنی دارایی وڵات بوو. دەسەڵاتی دیکتاتۆری کە دارایی کۆنترۆڵ نەکات هەلی مانەوەی نییە. سیاسەتی دەسەڵاتداران سەبارەت بە کارمەندان دانانی کەسانی دڵسۆزی خۆیان بوو بۆ بەڕێوەبردنی بانکەکانی دەوڵەت، ئەوانیش بانکەکانیان لە سیستەمی یەکگرتووی وڵاتدا ڕێکخست، هەروەها لەتەك هی ڕژێمی فەرمانڕەوادا. بانکەکان کارە بازرگانییەکانیان لەسەر بنەمای هاندەری سوود ئەنجام نەدەدا بەڵکو وەك خزمەتگوزارییەکی دەسەڵاتداران خزمەتیان پێشکەش دەکرد. لەبەر ئەوەی هەر لە زووەوە هاووڵاتییان بڕوایان بە کاری بانك نەمابوو، بانکەکان زیاتر پشتیان بە بانکی نیشتمانیو کارەکانی دەبەستو لە بنەڕەتدا بووبوونە لقی بانکی نیشتمانی. ڕۆڵی سەرەکییان ئەوە بوو کە ڕێ لە بەفیڕۆچوونی دارایی دەسەڵاتداران بگرن، هەروەها ڕێ لە کەوتنە ژێر ڕکێفی کۆمپانیا تێکەڵەکان لە ڕێی هەڕەشەی

www.pertwk.com

دەستبەسەراگرتنی پارە دانراوەکانیان هەرکات پێویستی کرد، ئەمە وەك کاریگەرییەکی لاوەکی بووە هۆی جیاوازکاری لە مامەڵەکردنی کەرتی تایبەتی سەربەخۆدا. لەناو بانکە تایبەتەکاندا ئەو بانکە تایبەتانەش کە هی کەسانێکی نزیك بە رژێم بوون کۆنترۆڵ کران. یەکێك لە کارە ئابرووبەرەکان ئەوەی بانکی قووچەکیی دافیمێنت بوو کە خاوەنە رەسمییەکەی "دافینا میلانۆڤیچ" بوو، بەڵام خاوەنی راستییەکەی سەرکردەکانی کۆماری سربیا بوون.

چوارەم پایەی رژێم کۆنترۆڵکردنی کۆمپانیا گەورەکان بوو. ئامانجی سەرەکیی ئەم کۆنترۆڵە سیاسی بوو: هێورکردنەوەی کرێکاران کە ئەگەرێکی ترسناك بوون بۆ نەهامەتیی رژێم. ئامانجی دووەمیش کۆکردنەوەی سامانی تایبەتیی سەرانی فەرمانڕەوا بوو لە رێی چەندین میکانیزمەوە.

گۆڕانی ئاکارەکان:

لە سەرەتای ساڵانی (1990)ەکاندا گۆڕان لە پەیوەندییەکانی سەرانی فەرمانڕەوادا کرا لە رووی خاوەنێتی یاخود موڵکی تایبەتەوە. نەوەی پێشوو لە فەرمانبەرانی سەردەمی کۆمۆنیست هەر لە کاتی فەرمانڕەوایی (جۆزێف برۆز تیتۆ)وە ئەو ئاواتەیان نەبوو کە دەوڵەمەند بن‌و موڵکی تایبەتیی خۆیان دەست بکەوێت، بەڵکو بەو سوودە قایل بوون کە لە رێی بوونە ئەندام لە سەرکردایەتیی کۆمۆنیستدا بەدەستیان دەهات، ڤێلاکانی کەرتی ئیشتراکی‌و ئوتومبێلی رەسمی‌و گەشتی خۆڕایی بۆ دەرەوەی وڵات‌و پارەیەکی باش بۆ رابواردن‌و پشوو بەسەربردنێکی هاوینەی تێروپڕو هەرزان لە رۆخی دەریا‌و چایکانداو شتی دیی لەو بابەتە. ئەوان بڕوایان وابوو سیستمی ئیشتراکی تا هەتاهەتایە دەمێنێت‌و پێویست بەوە ناکات، هەروەك مشوورخواردنێك، سەرمایەی خۆیان گەورەتر بکەن، خۆ بە تایبەتی گەر بێت‌و لەگەڵ گیانی بیروڕای ئەواندا نەگونجێت. تیتۆ بۆ گشت ئەوان خاوەندێك بوو کە دەیان ڤێلای لە گشت پارچەکانی وڵاتدا هەبوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆر ئوتومبێلی کەشخەو یەخت‌و نۆکەرو کاری هونەری‌و ئافرەتی دۆست‌و هەرشتێکی دی کە ژیانێکی باش بۆ ئەو بەدی بێنێت. لە ساڵی (1990)دا سیستمێکی فرەحیزبی لە سربیادا دامەزرا، ئەو سیستمەش هەرچەندی شێوێنرابوو بەڵام ئەو راستییەی وەبیر دەهێنا کە هیچ رژێمێك هەتاهەتایی نییەو شێوازە کۆنەکانی بەدیهێنانی ژیانێکی شیاو بۆ فەرمانبەران چیدی کەڵکی نییە. سەرەڕای ئەوەش بیروڕاکانی کۆمۆنیست لەمەڕ موڵکی تایبەت تێپەڕی کردبوو لەبەر ئەوەی سربیا چووبووە یەکەم قۆناغی گواستنەوەوە کە لەو قۆناغەدا، بەلای کەمەوە لە رووی پێوانەییەوە، سنوورداری لەسەر بەدەستهێنانی سامان لابراو بەرەو بڵاوبوونەوەی موڵکی تایبەت رۆیشت. توانا‌و پێویستی بۆ پەرەسەندنی سامان دروست بوو، سەرانی فەرمانڕەوا ئەو هەلەیان لەکیس خۆیان نەداو نموونە کۆنەکە لەناودا نەما‌و چاوچنۆکی جێی گرتەوە. کاتێك کە لە 1987دا میلۆسۆڤیچ بەرەو دەسەڵات دەچوو ئەو ئاماژەی بەوە دەدا کە لە شوققەیەکی ئاسایی شاردا دەژی بە پێچەوانەی (ئیڤان ستامبۆلیك)ی رکەبەرە سیاسییەکەیەوە، کە لە ڤێلایەکی (دێدینیا) نیشتەجێ بوو. لەوەدا هەمان شێوازە کۆنەکەی کۆمۆنیستەکانی بەکار دەهێنا کە ئاکاری دەستگرتنەوە بوو. هێندەی پێنەچوو کە میلۆسۆڤیچ خۆشی بەرەو (دێدینیا) گواستییەوە‌و بە نرخێکی هەرزان ڤێلایەکی بۆ خۆی کڕی. ئەمە هێمای سەردەمێکی نوێ‌و گۆڕان بوو لە پەیوەندییەکانی سەرانی فەرمانڕەوا لەگەڵ ساماندا.

چالاککاریی دەوڵەت:

حوکمی یاسا مانای سنووردانانە بۆ چالاکییەکانی تاکەکەسان و بۆ هی دەوڵەتیش: سنووردارکردن بۆ تاکەکەسان لە پەیوەندییە هاوبەشەکانیاندا تاوەکو نەبنە هۆی لاوازکردنی ئازادیی یەکتر هەروەها بۆ ئەوەی موڵك و بەڵێننامەکان بپارێزن. سنووردارکردنی چالاکیی دەوڵەت بۆ ئەوەیە کە مەودای ئازادیی تاکەکەس کەم نەکاتەوە. بەهەرحاڵ دەوڵەتی چالاك ئەو سنووردانانە قەدەغە دەکات کە چەمکی لیبراڵ دیموکرات لەمەڕ حوکمی یاسا دەیسەپێنێت و هەوڵی ئەوەش دەدات کە بارودۆخە بەئامانجکراوەکان بهێنێتە دی، یاخود ئەو بارودۆخانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەوە وەبەرچاو گیراون و گەلێك لایان باشترە لەو بارودۆخانەی کە لەلایەن سیستمێکەوە دەهێنرێتە گۆڕێ کە لەسەر بنەمای ململانێی ئازادە لە چوارچێوەی کۆمەڵێك ڕێسای زۆر گشتیدا. بە واتایەکی دی، دەوڵەتی چالاك بەو رۆڵە قاییل نییە کە ببێتە پارێزەری ڕێسای ئەو گەمەیەی تیایدا کەسێك هەوڵی بەرژەوەندیتیی خۆیەتی، بەڵکو ئەو دەوڵەتە دەیەوێت کاریگەری بخاتە سەر خودی گەمەکەو لەوەش گرنگتر دەرەنجامەکانی. بە گشتی ئەمە بە مەبەستی سەرلەنوێ دابەشکردنەوە دەکات. لەلایەکی ترەوە ئازادیی ئابووری، هەروەك چۆن تیۆرەکانی ئابووری و ئەزموونەکانی مێژووش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، دەرەنجامی ئابووری نایابتر بەدی دێنن بە بەراورد لەتەك ئەو رژێمانەی کە سەر بە دەوڵەتی زۆر چالاکن. هەروەك چۆن (ئادەم سمیپ) زۆر چاك وتوویەتی: "زۆرکەم پێویستە بۆ ئەوەی وڵاتێك لە دڕندەییەوە بەرەو بەرزترین ئاستی ئاسوودەیی ببرێت تەنیا ئاشتی و کەمیی باج و بە باشی دابەشکردنی دادوەری نەبێت، هەموو شتێکی دی لە ڕێی ڕیزبەندی سروشتیی شتەکانەوە دێتە دی". ئەم وتەیە گشت شتێك دەخاتە روو.

حکومەتی پێشووی سربیا نموونەیەکی باوی دەسەڵاتدارێکی زۆرداری تەماحکارە. سووتەمەنی و پەیینی بۆ جوتیارەکان دابین دەکرد، شوققەی دروست دەکرد و پیشەسازیی لە کارگەکاندا دادەمەزراند، دەرمانی دابین دەکرد و مووچەی دەدا و بڕیاری لەسەر ئەوە دەدا چی لە دەرەوە بهێنرێت و چیش بنێررێتە دەرەوە هەروەها لەوە دەدا بانکەکان قەرز بە کێ بدەن و بە کێی نەدەن و نرخەکانی دادەنا. خۆی وەك باوکێکی باش دەردەخست کە ئاگاداریی منداڵەکانی دەکات و هەوڵ دەدات هەموو پێویستییەکانیان بۆ دابین بکات. بێگومان ئەمە کارێك نییە کە دەبێت دەوڵەت بیکات، نەك هەر لەبەر ئەوەی کە دەسەڵاتداران بە زۆری لە کۆمەڵێك نەزانی بواری ئابووری پێکهاتوون، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە هیچ حکومەتێك ناتوانێت ئەو کارە بە شێوەیەکی لەبار بکات. پاشان بە پێی ئەو هاوکێشەیەی کە سەدەیەك تەمەنی بوو ئەقڵە ڕێبەرەکەی حکومەتی سربیا بەرپرسیار بوو لەو شتە کەمە باشانەی کە هەبوون و هەموو کێشە گەورەکانیش هەڵەی کەسانی تر بوون.

بۆ نموونە یاسادانان لە بواری ئابووریدا بە گشتی کارەسات بوو. چەند جۆرێك یاسا هەبوون کە:

* زۆربەیان بێکەڵك بوون لە رووی تەکنیکە یاساییەکەیانەوە، کە ئەگەری ئازادیی جێبەجێکردن و خراپ لێکدانەوەیان لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە دروست دەکرد کە ئەمەش بەسەر کۆمپانیا و تاکەکەسانیشدا دەشکایەوە.

* زۆربەی یاساکان بە ئەنقەست کرابوونە ڕێگر، بۆ نموونە بازرگانیی ئازاد بە پارەی بیانی قەدەغە کرابوو لە ڕێی سەپاندنی سزای گرتنەوە و هیچ کەسێکیش روونی نەدەکردەوە بۆچی. دوو لێکدانەوە هەن کە هەردووکیان وەك یەك ڕێیان تێدەچێت: لەبەر ئەوەی پیاوانی سەر بە دەوڵەت بتوانن پارەی بیانی لە پارەی نوستووی دەوڵەت بە نرخێکی رەسمیی هەرزان بکڕن، هەروەها تاوەکو بتوانرێت تەنگ بەو

کاسبکارانە هەڵچنن کە ئەندامی هاوپەیمانێتیی فەرمانڕەوایان نین.

* ژمارەیەکی زۆری یاساکان کارێکی وایان کردبوو کە کەمینە دەسەڵاتدارە دزیکراسییەکە لە ڕێی گەلێك جۆر بەرخورداریی قۆرخکراوەوە دەوڵەمەند ببن. نموونەیەکی چاك، ئەو پشکەی لە دەرەوەهێنانو بۆ دەرەوەناردنە کە بەخشرابوو بە ئەندامانی حیزبە فەرمانڕەواکان. دەبێت تێبینیی ئەوەش بکرێت کە بە ڕەسمی نەدەتوانرا بزانرێت کام کۆمپانیایانە ئەو پشکانەیان وەرگرتووە.

* ئەو چەند یاسا کەمەی کە باش بوون جێبەجێ نەدەکران. بۆ نموونە یاسای نابووتبوون لەسەر گەلێك لە بانكو کۆمپانیا بەناو گرنگەکاندا جێبەجێ نەدەکرا.

* زۆرجار یاسا ناوخۆییەکانی حکومەت دەخرانە شوێنی یاساکانو ئەو یاسا ناوخۆییانەش دەستووری نەبوون. بۆ نموونە، حکومەتی سربیا زووزوو گومرگی لەسەر شت دادەنا هەرچەندە دەستوور بە ئاشکرا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە تەنیا یاسا دەتوانێت ئەوە بکات، حکومەتی سربیا زۆرجار لە ڕێی یاسا ناوخۆییەکانییەوە مەسەلەکانی لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵدا ڕێك دەخست (لە دەرەوەهێنان، باجی مامەڵە، دیسیپلینە داراییەکان، ...... تاد).

* حکومەتی سربیا زۆرجار وا کاری دەکرد، هەروەك ڕێنماییەکی یاسایی هەبێت کە مافی دەستتێوەردانی هەبێت، هەرچەندە شتێکی وا لە ئارادا نەبوو. نموونەیەکی دیاری ئەوە خراپ بەکارهێنانی یاساکانی دژ بە قۆرخکردن بوو لە سەپاندنی کۆنترۆڵی کارگێڕی لەسەر نرخ لەو بوارانەدا کە قۆرخکردنی تیا نەبوو.

* دەزگاکانی دەوڵەت زۆرجار بە ئەنقەست چالاکیی نایاسایی ئەنجام دەدا. نموونەیەك بۆ ئەمە ئەو دەستبەسەراگرتنە نایاساییەی (ICN گالینایك)ی تەواو یاسایی بوو لەلایەن دەوڵەتەوە لەسەر بنەمای بڕیاری دەزگایەك کە مافی ئەوەی نەبوو، لە هەمان کاتدا خۆدزینەوە بوو لەو پابەندییانەی کە بە پێی بەڵێننامە لەسەری ڕێك کەوتبوون. نموونەی دووەم مانەوەی پۆستی بەڕێوەبەری کۆمپانیا لەلای وەزیرەکان کە ئەمەش دژ بە بڕگەی بەندی 49ی یاسای کارگێڕیی گشتی بوو.

ئەوە ئاشکرایە کە دەسەڵاتدارە پێشووەکان ڕێزیان تەنانەت یاسایەتییە بنچینەییەکانیش نەگرتووە. یاساکان لای ئەوان تەنیا بۆ ئەوە پێویست بوون کە پێشبڕکێی کۆمپانیا سەربەخۆکان کەم بکەنەوە لەبەر خاتری کۆمپانیاکانی خۆیانو لە پێناوی ئەوەشدا کە دەوڵەمەند ببن بێ گوێدانە ئابووریی وڵات. دەوڵەت بەدیهێنەری سەرەکی بوو بۆ وێرانکاریی یاسا لە سربیادا. یاسا بە ئەنقەست لاوازکراوەکانیو نەبوونی ڕێزگرتن لە یاساکانی خۆیو تەنانەت لەوەش خراپتر، خراپ بەکارهێنانی یاسا دەرەنجامی تەواو نالەبار (نێگەتیڤ)ی هەبوو لەسەر بە گشتی ڕێزنەگرتن لە یاسا. کاتێك ئەو کەسەی کە دەبێت خۆی نموونەی پابەندبوون بێت بۆ یاسا بەو جۆرە ڕەفتار بکات، ئەوا هیچ سەیر نییە کە هەموو کەسانی دی هەمان ڕێڕەو بگرن. کاتێك کە دەوڵەت خۆی ئەکتەرێکی دادپەروەر نەبوو لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئەوا نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە تاکەکەسانو کۆمپانیاکان لە بەرژەوەندیی خۆیان دانەشکێنن. دەوڵەت ئاوەکە دەکاتە قوڕاوو ماسییەکانیش بە چاکترین شێوە تەراتێنی تیا دەکەن. تاکو ئێستا لێرە دەوڵەت دەوڵەتی حیزبو دزیکراسی بووەو لەوە چووە کە بۆ ئەوە هاتبێتە کایە کە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی چینێکی بچوك دابین بکات. گەندەڵی بەربڵاوو تاوانی بەپلانکراو لەناو دەسەڵاتداراندا سەری هەڵدا.

ڕژێمی میلۆسۆڤیچ خۆی بە بەرپرسیار دادەنا لە بەرامبەر هەڵبژێرەرانو جەماوەرو یاساداو کۆنترۆڵێکی

www.pertwk.com

زۆری بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگادا هەبوو بە جۆرێك کە هاوکێشەیی وردبینی لە ڕێی دابەشکردنی هێزەوە کارێکی لە توانا بەدەر بێت. دەوڵەت دەیتوانی ئەوەی خۆی پێی خۆش بێت بیکات و ئەمەش تا ئەوپەڕی خرابووە کار.

هۆیە یاساییەکانی گەندەڵی لە سربیا:

پێشەکی:

بارودۆخی یاسایی گەندەڵی بەو فاکتەرانە دادەنرێت کە دەشێت لە تایبەتمەندییەکانی سیستمی یاساییدا هەبن و دەبنە هۆی دروستبوون و فراوانبوونی گەندەڵی. دەشێت بە پێی مەرجەکانی بەم شێوانەی خوارەوە دابەش بکرێن:

1) ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان هەیە لەو ڕووەوە کە خێراتر یان خۆشتر لە ڕێی گەندەڵییەوە مافەکان بەدەست بێن.

2) ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان هەیە لەو ڕووەوە شتێکی گرانە یان لە توانا بەدەرە کە بە بێ گەندەڵی بەدەست بێت.

3) ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان هەیە لەو ڕووەوە کە لە ڕێی گەندەڵییەوە بتوانرێت شتێك بەدەست بێت کە مافی وەرگرتنی نییە.

4) ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان هەیە لەو ڕووەوە کە لە ڕێی گەندەڵییەوە خۆ لە سزا یان هەر سەرەنجامێکی یاسایی نالەباری دی بەدوور بگیرێت، بە جێبەجێکردنی یاساییەکی سەپێنراویشەوە.

دوو حاڵەتی یەکەم بۆ سەرەنجامەکانیان دەرکردنی بڕیارێکی یاسای (یان چالاکییەکی دی کە لەسەر بنەمای یاسا بێت) دەوێت. گەندەڵی ئامانجی ئەوەیە کە پرۆسەکە "خێراتر بکات" یان ببێتە هۆی ئەوەی کە بڕیار دەرکردنەکە، بەهۆی یاسا شکاندنەوە، پووچ بکرێتەوە. دوو حاڵەتەکەی تریان مانای ئەوەیە کە لە ڕێی گەندەڵییەوە کەسێك بەنیازە بڕیارێکی نایاسایی بخاتە کار.

لە یەکەم گروپی حاڵەتەکاندا گەندەڵی بووە هۆی یان هیچ نەبێت وای کرد بتوانرێت بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە هەندێك لە دەزگاکانی دەوڵەت یان فەرمانبەرێکی دەوڵەت یان فەرمانبەرێکی کۆمپانیا، یاخود هەندێك کەسانی ڕەسمیی تر کە لە پلە شوێنێکدان و دەتوانن، بێ هیچ دەرەنجامێك، ئەرکی خۆیان بەجێنەهێنن، یان بە شێوەیەکی شیاو و ڕێکوپێك ئەنجامی نەدەن بەو جۆرەی کە لێیان چاوەڕوان دەکرا. لە نموونەی دووەمدا، دەزگا یان کەسە ڕەسمییەکە دەتوانێت، بێ هیچ دەرەنجامێك دژ بە یاسا کار بکات.

گەر ئێمە وەك دیاردەیەك لە گەندەڵی بدوێین، نەك وەك چەند ڕووداوێکی لە ناوەڕۆکدا تاوانکارانە، ئەوا دەتوانرێت ئەو گریمانەیە داڕێژین کە ئەم دیاردەیەش چەند هۆیەکی تایبەتیی یاسایی هەیە، یاخود سیستمە یاساییەکە، یان زۆر وردتر بڵێین شێوەی یاسایی بە هەردوو ڕەگەزە پێکهێنەرە پێوانەیی و ڕاست و دروستەکەیەوە، بە جۆرێکی ئەوتۆیە کە ڕێگە بە هەردوو جۆرە بڕیار یان چالاکییەکە دەدات لە ژێر کاریگەریی گەندەڵیداو هەرچەندە ئەوەش بە شێوازێکی تا ڕادەیەك شاراوە بێت.

لە خوارەوە هەندێك کەموکوڕیی سیستمی یاسایی دیاری دەکەین کە بەو شێوەیەی باسی لێکراوە گەندەڵی دروست دەکات یان وا دەکات کە گەندەڵی بتوانرێت ئەنجام بدرێت، بەهۆی ئەو شێوە ناوەکییە

چەسپیوەی سیستمی یاساییەوە. هەربۆیە مەسەلەکە ئەو هۆیانە نین کە دەشێت بە شێوەیەکی بەربڵاو بە جۆرێکی دی پۆلێن بکرێن.

دژبەیەکی لە سیستمی یاساییدا:

سیستمێکی یاسایی رێکوپێك ئەوە دەگرێتە خۆ کە، یەکەم: پێکەوە گونجانی ستوونیی سیستمی یاسایی کە لە رووی تیۆرییەوە بە زۆری پێی دەوترێت بەدیهێنانی پرینسیپە دەستووریو یاساییەکان. خۆ ئەگەر بە مەبەستی بە سادەیی دەرخستن مرۆڤ پرینسیپە فیدراڵییەکان وەلا بخات، کە لەم حاڵەتەیدا ئێمە لێی دەدوێین خۆی لە خۆیدا لاواز بووە، هێشتاکە ئەوە هەر پێویستە کە گشت رێساکانی یەکە کارگێڕییە فیدراڵەکان لەگەڵ دەستوورو یاسای فیدراڵدا گونجاو بنو لە رێی ئەوەشەوە ئێمە ئەوە بە گریمانە وەردەگرین کە یاساکان لەگەڵ دەستووردا دەگونجێنو هەروەها یاسا ناوخۆییەکانیش لەگەڵ دەستوورو یاسادا، هەروەها دەستووریێتیو یاساییەتیی لەگەڵ بنەما بنچینەییەکانی یاسای ئۆتۆنۆمیدا. دادگای دەستووری پێویستە ئەو گونجانە ستوونییە مسۆگەر بکات. بەهەرحاڵ، بە پێی گەلێك بۆچوون بە شێوەیەکی پڕ لە کێشە کاری کردووە بۆ هێورکردنەوەی بە تایبەتی لەم دەیینەی دواییەدا. سەرەڕای ئەوە، گونجانی ئاسۆیی سیستمی یاسایی پێویستەو نەبوونی دژبەیەکیی هاوبەش لە رێساکانداو لە هەمان ئاستی دەسەڵاتدا. گەر دوو یاسا هەمان مەسەلە بە دوو جۆری جیاواز رێك بخەن، ئەوا سیستمەکە گونجاو نییە. تیۆریی یاسایی ئەو رێسایانە دیاری دەکات کە ئەو نەگونجاوییانە لێك بداتەوە، بۆ نموونە (یاسایەکی دیاریکراو جێبەجێکردنی یاسایەکی گشتی پووچەڵ دەکاتەوە یاخود یاسایەکی نوێ ئەوەی پێشوو پووچەڵ دەکاتەوە)، بەڵام ئەم رێسایانە نەك هەر تەواو نین (ئەی گەر یاسا کۆنەکە گشتیتر بوو چی روو دەدات؟)، بەڵکو گومان سەبارەت بە ناوەرۆکی رێسا یاساییەکە دروست دەکەنو ئەو دەسەڵاتەش دەدەن بەو کەسەی کە جێبەجێیان دەکات کە بە ئارەزووکاری کار بکات. بێگومان ئەمەش رێخۆشکەرە بۆ گەندەڵی.

ئەمە مەترسییەکی تایبەتیی هەیە کاتێك کە نەگونجاوییەکە رەهەندێکی کاتیی هەبێت، یان کاتێك کە هەندێك بەشی دیاریکراوی سیستمی یاسایی یا رێساکان بە تەواوی بگۆڕێنو ئەوانی دی پەیڕەویی ئەو گۆڕانە نەکەن (گەر ئەوە رەچاو بکەین کە دوایین کات بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسا دەستوورییانەی کە گونجانی رێساکانو دەستووریان رێك دەخست چەند جارێك درێژ کرایەوە، بێگومان ئەمە بۆ ئێمە ئەو حاڵەتەیە). چ کەلێنێکی یاساییو شتی ناماقووڵ دەشێت لێرەدا ببێت؟ ئەوە دەشێت لە رێی نموونەیەکەوە بخرێتە بەرچاو، (من ناڵێم کە ئەوە پەیوەندیی بە گەندەڵییەوە هەبووە): ئەوە روونکەرەوە بوو کە (PTT) دەسەڵاتی دەرکردنی مۆڵەتی تەلەفونی مۆبایلی پێدرا بوو.

فرەیاساو کەلێنی یاسایی:

فرەیاسا لە جۆرێکی تایبەتی پەیوەندییەکان لە رێی رێسا یاساییەکان یاخود فرەیاساو بەهۆی ئەوەشەوە دەسەڵاتێکی زۆری دەوڵەتو دەزگاکانی، بە ناچاری یەکێك لەم دوو دیاردەیە دروست دەکات: خاوکردنەوەی مەسەلە یاساییەکان بە شێوەیەکی نالەبار (جۆرەها شێوەی گەندەڵی، ریزگرتن کورت دەکەنەوە) یاخود دابڕان لە یاساو چوونە نێو ئەو پەیوەندییانەوە کە دەبێت لە رێی یاساوە بخرێنە ناوچەی بێ یاساییەوە کە وا دیارە

www.pertwk.com

لەوێدا هەموو شتێك ڕێپێدراوەو لەژێر كۆنترۆڵدا نییە.

ئەم دیاردەیە لە گەلێك بواردا هەیە. بە زۆری لە بازرگانیی دەرەوەو مامەڵەی پارەی بیانیدا تێبینی دەكرێت، هەروەها لە پلانی شارەوانیو یاساكانی بیناكردندا، خۆ دیاردەكە لە ژیانی ڕۆژانەی هەر مرۆڤێكی ئاساییدا هەیە. مرۆڤ پێویستە، بۆ نموونە، ئەو ڕێسا ئاڵۆزو ناڕوونانەی كە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەبوونو توانای وەرگرتنی دەرمانی خۆڕاییان ڕێك دەخست لەسەر بنەمای ڕەچەتەی پزیشك، سەرەنجامەكەشی ئەوە بوو كە سوپاس بۆ گەندەڵیی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، دەرمان دابین دەبوو بەڵام بۆ كەسانی دی ئەوە نەبوو.

لە ناوەرۆكدا، فرەیاسایی دەبێتە هۆی بە پێی ئارەزووكاریی جێبەجێكردنی ڕێساكانو ئەمەش ژینگەیەكی نموونەییە بۆ گەندەڵی.

هەمان كاریگەری سەر هەڵدەدات گەر بێتو ئەو ڕێسا یاساییانە لەنێودا نەبن كە دەشێت پەیوەندییەكی وا ڕێك بخەن كە ناوەرۆكەكەی خواستەكان یاسایی دەكات. پاشان كەلێنی یاسایی هەیە، بە گشت لێكدانەوە یاساییەكانو بە پڕكردنەوەی كەلێنە یاساییەكان، ئەو دەزگا دەوڵەتییەی كە یاسا جێبەجێ دەكات بە ناچاری ئازادییەكی زۆری هەیە لە هەڵبژاردنی ئەو شێوازەی كە پەیوەندییە یاساییەكانی پێ ڕێك دەخات. لە بارودۆخی تێكچوونی پلە ئاستەكانی دەزگاكاندا، ئەمە ئەگەری لێكدانەوەیەكی نەگونجاو یان پراكتیزەكردنێكی نایەكسان دەگەیەنێت. بێگومان ئەمەش ئەو بۆشاییەیە كە دەرگای گەندەڵی دەخاتە سەرپشت.

ڕێسا ناوخۆییەكان (كارنامەكان):

نەرمی (توانای گۆڕانكاری) لە سیستەمی یاساییدا وەك پێویستییەك ئەوەی پێدەوێت كە لەنێو ئەم یاسایانەدا توانا بۆ دەزگا جێبەجێكەرو كارگێڕییەكان بهێڵێتەوە بۆ دەركردنی ڕێسا ناوخۆییەكان (ڕێساكان، فەرمانەكان، ڕێنماییەكان) كە زۆر لە نزیكەوە شێوازی جێبەجێكردنی یاسا ڕێك دەخەن.

هەمیشە مەترسییەكی شاراوە هەیە، بە تایبەتی لەو سیستەمە یاساییانەدا كە كەلتوورو ویژدانی یاساییان تێدا نییە، كە شێوازی ڕێكخستنی پەیوەندییە یاساییەكان دەشێت ببێتە هۆی نەبوونی متمانەی یاسایی. نەبوونی متمانەی یاسایی ژینگەیەكە گەندەڵی تیایدا دروست دەبێت. ئەم ڕێسایانە ڕووبەڕووی گۆڕانكاریی خێراو سادە دەبنەوەو بەمجۆرەش بەرژەوەندیی هەندێك لایەن دەپارێزێتو ڕێگە لە هی هەندێكی تر دەگرێت.

بۆیە پێویستە ئەم جۆرە تەكنیكە یاساییە بە وردی بەكار بهێنرێت كە ئێستا كاتی باسی ئەو مەسەلەیە نییە. سەرباری ئەوەش، هەندێكجار لێرە ڕێسا ناوخۆییەكان ئەو شتانەیان ڕێك خستووە كە بە پێی سروشتیان یاساین یاخود دەقێكی دەستووریی ئاشكران. سەختترین نموونە هەڵوێستی دەركردن یان گۆڕینی باجە بە پێی ڕێسا ناوخۆییەكان. (دادگای دەستووری تەنیا كاتێك ڕای خۆی دەردەبڕێت كە ڕێسا ناوخۆییەكان لە كارپێكردن بوەستێنرێن بە بێ جێبەجێكردنی بڕیارە پێشینەكان یاخود گێڕانەوەی ئەو باجانەی كە بە پێی ڕێسا ناوخۆییەكان دراون). بە پێچەوانەوە لە ڕێی ڕێسا ناوخۆییەكانەوە تاكەكەسانو هەندێك قەوارە یاساییەكان لە باج یان ڕەسم یاخود گومرگدان دەبەخشران كە خۆی لە خۆیدا وەك گەندەڵییەكی فراوان وایە: دەوڵەت بەدەستهێنانی كەرەسە بۆ هەندێك كەس مسۆگەر دەكات لە ڕێگەیەكی نایاساییەوە.

"كاركردن بە پێی ڕێسا ناوخۆییەكان" دەشێت بە هۆكارێكی یاسایی گەندەڵی دابنرێت. بە تەواوی ئەوە دەردەخات كە سیستەمە یاساییەكە ڕوون نییەو گەلێك ئاڵۆزەو بەهۆی ئەوەشەوە مافەكانی تاكەكەس ڕوون نینو

مسۆگەر نین. ئەمەش ژینگەیەکی لەبارە بۆ تاکڕەوی و گەندەڵی.

شیتەڵکردنەوەی دەزگا یاساییە کلاسیکییەکان:

دەزگای یاسایی کلاسیکی ھەن کە یاسایەکی تەمەن یەك سەدەیی ھەیەو پێشەکی ڕێساکانی ھەڵسوکەوتی بۆ گشت بابەتەکان تیادا روون و ئاشکرا کراوە. بۆ نموونە کاتێك وشەی "خاوەنێتی" بەکار دەھێنرێت، ئەوە ئاشکرایە کە تەنیا خاوەنەکە مافی دەستبەسەراگرتن و بەکارھێنانی شتەکەی ھەیەو ھەموو خەڵکانی دی دەبێت دەستبەرداری ھەر کردارێك بن سەبارەت بە بەکارھێنانی شتومەکی کەسانی دی. بەڵێندەرێتی دەبێت وەك دیاریکراوە جێبەجێ بکرێت، ھەروەھا گەر قەرزار نەیویست یان نەیتوانی قەرزەکە بداتەوە، ئەوا دەبێت لە ڕێی دەستبەسەراگرتن و فرۆشتنی ئاشکرای شتومەکەکانییەوە پارەکە وەربگیرێتەوە. ئەوەی دەبێتە ھۆی زیان گەیاندن بە خەڵکی دی دەبێت بە زۆرەملێ زیانەکەی پێببژێرێت و خۆ ئەگەر دڵنیایی (تأمین) ھەبوو، ئەوا دەبێت کۆمپانیای دڵنیاییەکە زیانەکە ببژێرێت.

ئەم دەزگایانەو ھی تریش بە جۆرێك داڕێژرابوونەوە لە گەشەپێدانی سیستەمی یاساییماندا کە ئەو دڵنیاییە یاساییەی کە بناغەی سیتمەکە بوو لەناو چووبوو.

کاتێك کە باس لە خاوەنێتی دەکەین، تا رادەیەك کات بەفیڕۆدانە ئەوە دەستنیشان بکەین کە نەبوونی یاسایی ئەو دەزگایەی پێی دەوترا خاوەنێتیی سۆشیال (ھاوبەش) بەھەند وەربگیرێت. شتومەکێك کە بڕیار لە پلەکاری ھەڵگرەکەی نەدراوەو لەگەڵ نەبوونی خودکارگێڕیدا (ھەرچەندە نموونەیەکی خراپە بەڵام ھێشتاکە ھەر یاساییە) خاوەنێتیی سۆشیال (ھاوبەش) بووە ژینگەیەکی بڕیاردان بە بێ بوونی بناغەیەکی ماف و بەرپرسیارێتیی کارگێڕی. لەبەر ئەوە ئەم ژینگەیە گەلێك لەبارە بۆ دروستبوونی گەندەڵی. ئەو نموونە گەندەڵییەی بەتایبەتکردنی رەش، بۆ نموونە لە ڕێی دەستبەسەراگرتنی بازاڕو مەعمیلەکانی پرۆژە سۆشیالەکان لەلایەن بەڕێوەبەرەکانییەوە. ئەمە شتومەکێکە کە پارێزگاریی لێناکرێت و دەشێت ببێتە ھۆی رەوانەکردنی گەندەڵی بۆ بوارەکانی تریش.

سەبارەت بە شتومەکی دەوڵەتیش جیاوازییەکی ئەوتۆ نەبوو، لەوانەیە ئێمە تاکە وڵاتێکی جیھان بین کە تیایدا بەڕێوەبەری فەرمانگەی گومرگ بتوانێت ئوتومبێلی دەستبەسەراگیراو بکاتە دیاری نەك تەنیا بۆ دەستوپێوەندەکانی، بەڵکو بۆ خەڵکی شارەکەی خۆی کە تێکەڵیی لەگەڵیاندا ھەیە، ھەروەھا بۆ ئەو پرۆفیسۆرانەی لە زانکۆ مامۆستای منداڵەکانی بوون یان بۆ ئەو پزیشکانەی چارەسەریی نەخۆشیی بۆ کردووە.

ئەم ھەڵوێستە شتومەکی تایبەتیش لەناو دەبات. بە مەبەستی روونکردنەوە دەتوانین یاسای شتومەکی ھاوبەش باس بکەین کە تیایدا لایەنە ھاوبەشەکانی (ئەپارتمان) بینایەك مافی خاوەنێتیی ھاوبەشیان ھەیە، بەڵام بە پێی یاسا ناتوانن ھیچ شتێکی لێبکەن: گۆڕانکاری یان دروستکردنی نھۆمێکی تر لە بینایەکدا کە بە تەواوی موڵکی ھاوبەشە، بڕیارەکان لەلایەن دەزگاکانی شارەوانییەوە دەردەچوو، ئێستا رێدراوە لەلایەن 51٪ی ئەو خاوەنە ھاوبەشانەوە بکرێت بە مەرجێك دەزگا شارەوانییەکان مۆڵەتی پێویستی بۆ دەربکەن. ئەمە ھۆیەکە بۆ دروستبوونی گەندەڵی و تا رادەیەك رێگە بە کاری یاسایی دەدات سەبارەت بە بەدیھێنانی بڕیار بۆ گۆڕینی شێوە بەکارھێنانی بەشە ھاوبەشەکانی بینا یاخود دروستکردنی نھۆمی تر. بە ھەمان شێوە فرۆشتنی پشکی بینا کە قەدەغەیەو لە ھەمان کاتدا باجی لەسەرە. ئاشکرایە چارەسەر بۆ گەندەڵی لە یەکخستنی موڵك و دەزگا یاساییە کلاسیکییەکاندایە.

www.pertwk.com

بڕیاردانی ئارەزووکاری:

دەوڵـەتێکی لـە رووی یاسـاییەوە ئاسـایی، پرینسـیپەکانی ڕێسـاکانی یاسـا ئـەوە دەگرێتـە خـۆ کـە گشـت دامەزراوەکانی دەوڵەت لە رێی یاساوە سنووریان بۆ دانرابێت. وەك لێبەدەرکردنێك تەنیا هەر هێندە هەیە کە رێ بە ئەنجامدانی بڕیاری ئارەزووکاریو سوودگەڕی دەدات.

نەك هـەر پێویسـتە ئـەو جـۆرە لێبەدەرکردنانـە زۆر بـە تونـدی سـنووردار بکرێـت، بـەڵکو لـە بـارودۆخی وادا پێویستە یاساپرسەکارییەکان تا ئەوپـەڕی بکرێنـە بەربەسـت لـە پێنـاوی ئـەوەی پابەنـدبوونێکی مـاقووڵو شیاو دابین بکات بۆ لەناوبردنی بڕیاری ئارەزووکاری. بە پێچەوانەوە، لاوازییەك لە هەڵوێستێکی لەو جۆرەدا دەرگا والاکردنە لە بەردەم گەندەڵیدا.

لە یاسای ئێمەدا ئەمە زۆر بە ئاشکرا دەبینرێت لەو بارودۆخانەدا کە مافپێدانی گشتی شانبەشان لەگەڵ مـافی بڕیـاردانی ئارەزووکاریـدا دەدرێـت بـەو خزمەتگوزارییانـەی کـە هـی دەزگـا رەسمییـەکانی دەوڵـەت نـین. بـۆ نموونـە، گەنـدەڵی لـە ئاگـاداریی تەندروسـتیدا یـەکێك لـە هۆکـانی ئـەو راسـتییەیە کـە پزیشـکەکە بڕیـاری ئارەزووکاری دەدات لەسەر ئەوەی کە نەخۆشەکە سوود لە مافی خۆی بۆ ئاگاداریی تەندروستی ببینێت: کێو کەی دەبێت بنێررێت بۆ لای چاکترین پسپۆر بە مەبەستی پشکنین، کێ دەبێت رەوانەی نەخۆشخانە بکرێتو کێ رەوانە نەکرێت، کێ مـافی چارەسازیی هـەبێت لـە کانیـاوە کانزاییـەکان؟ لەبـەر ئـەوە شـتێکی سـەیر نییـە کـە ئـەو رووپێوەی بەشێکی ئەم توێژینەوەیەیە کارمەندانی تەندروستی بە یـەکێك لـە گەنـدەڵترین گروپـەکان دەسـتنیشـان بکات.

توانای تێکئالاوو ناکۆکیی تواناکان:

لـەژێر نـاوی توانـای تێکئـالاودا پێناسـەی هەڵوێسـتێك دەکـەین کـە چـەند دامەزراوەیـەکی جیـاوازی دەوڵـەت بەتوانان لە بەردەوامبوون لەسەر هەمان مەسەلەی یاساییو هەریەکەیان لە کـەرتێك یـان بوارێکـدا. مەسـەلەیەکی وەها، بۆ نموونە، ئەوانەی پێیـان دەڵـێن بڕیـارە کارگێڕییـە تێکئالاوەکـان کـە لـە ئەنجامدانیانـدا چـەند دەزگایـەك بەشداری دەکەن، کاتێك کە دۆکیومێنتەکە تەواو دەبێت ئەوسا ئەوان هەموویان بڕیارەکانیان دەردەکەنو دەبێتـە دۆکیومێنتێکی تەواو.

بـە هـەمان شـێوە، بـە مەبەسـتی ئـەم شـیتەڵکردنە، کاتێـك کـە لـە هەڵوێسـتێکدا پێویسـت وابێـت چـەند دامەزراوەیەکی دەوڵەت دۆکیومێنتی خۆیان دەربکەن، بۆ نموونە کاتێك مەسەلەکە پێویست بە دەرکردنی چەند مۆڵەت یان دەسەلاتپێدان هەبێت لەلایەن چەند دەزگایەکەوە.

تەنانەت کاتێك کە توانای ئەم دەزگایانە بە روونیو وردی بڕیاری لێدەدرێتو کاتێك دەزانرێت کـام دەزگا و لە کام بارودۆخدا چی دەکات، هاوولاتی ئەو کۆسپانەی لە بەردەمدا دەبێت کە زاڵبوون بەسـەریاندا سـەختە. تەنانەت هەڵوێستەکە سەختتر دەبێت کاتێك کە دۆکیومێنتەکانی دەزگا جیاوازەکان بە هاوبەشی دەگونجێنرێن،

www.pertwk.com

یان ریزبەندیی دەرکردنەکەیان بە وردی بڕیاری لێنەدراوە، یاخود کاتێك ئەو کەسەی کە دەیەوێت مافێکی تایبەت بەدەست بێنێت لەم دەزگا بۆ ئەو دامەزراو دەستی دەستیی پێدەکرێت. ئەمە نێوەندێکە بۆ گەڕان بە شوێن چارەسەرێکدا لە ڕێی "پەیوەندییە تایبەتەکان"ەوە لەگەڵ دەزگا بڕیاردەرەکاندا یاخود لە ڕێی گەندەڵییەوە. هەر کەسێك هەوڵی مسۆگەرکردنی مۆڵەتی خانووبەرە دروستکردنی دابێت باش لەم هەڵوێستە دەگات و شیتەڵکار ئەو پرسیارە دەکات ئاخۆ توانا ئاڵۆزەکان بۆ ئەوە داڕێژراون کە فشار بخەنە سەر هاووڵاتی.

تەنانەت هەڵوێستەکە دەشێت گەلێك ئاڵۆزتر بێت کاتێك ئەو شتە هەبێت کە پێی دەوترێت ناکۆکیی نێگەتیڤی تواناکان، ئەمەش کاتێکە کە دوو دەزگا یان زیاتری دەوڵەت توانای ڕێکەوتن یان ڕەزامەندی یاخود پاراستنی مافێکیان نەبێت، یان کاتێك کە دوو دەزگا یان زیاتری خاوەن توانا بڕیاری هاوبەشی دژبەیەك دەردەکەن.

چارەسەر لە سادەکردنی سیستمی یاساییدایە، لەو بارانەدا کە کارپێکخستن لەلایەن چەند دەزگایەکی بەتوانای دەوڵەتەوە پێویستە پرینسیپی یەك دەروازەیی، کە لە دەرەوەی وڵاتدا بەناوبانگە، بخرێتە کارو لەم ڕێیەوە هاووڵاتی پەیوەندی بە یەك دەزگاوە بکات تا ئەو دەزگایە خۆی پەیوەندیی بە دەزگا پەیوەندارەکانی ترەوە بکات.

کاری کۆنترۆڵ و بەرپرسیارێتی:

لەبەر ئەوەی ئەو پلەکانە ئاستە هەیە کە بنەمایەکی یاسایی هەیە، بێگومان دەبێت پلەکانە ئاستێکی دەزگاکانیش هەبێت. لە هەمان کاتدا دوو ئاستی بڕیاردەرکردن بنەمایەکی دەستووریی هەیە (بەندی 22، خاڵی 2 لە دەستووری کۆماری سربیا).

لەبەر ئەوە ئەو دامەزراوانەی ئاستێکی بەرزتریان هەیە لە بەرامبەر دامەزراوەکانی خوار خۆیاندا ئەرکی کۆنترۆڵکردنیان هەیەو سەبارەت بە بەدیهێنانی مافەکانی تاکەکەس ئەرکێکی داخوازیکارییان هەیە.

لە گەلێك بوارەکاندا بۆچوونی دووفاقی و کارایی کۆنترۆڵکردنی کارو بڕیارەکانی دەزگاکە تا رادەیەکی زۆر زیانی لێکەوتووە. یەکەم، ئەو ئاستە بەرزەی بەنێوەندکردنەی کە "چاکسازی" بووەتە سیمای و لێرە لە دەیینەی رابردوودا جێبەجێ کرا، کارێکی وای کرد جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەو دەزگایانەدا نەمێنێت کە ئاستێکی جیاوازیان هەیە. دەزگا هەرێمییەکانی ریزی پێشەوە کە بە زۆری لەلایەن دەزگا نێوەندییەکانەوە دیاری دەکرێن و بە پێی ڕێنماییەکانی ئەوان کاردەکەن و مافی پارێزگاریکردنیشیان هەیە. هیچ زانیارییەکی ئامارکاری نییە، بۆ نموونە، سەبارەت بە ژمارەی ئەو تکاکارییانەی کە لەمەڕ مەسەلەکانی باجن و پەسەند کراون، بەڵام تەنانەت لێوردبوونەوەیەکی ڕواڵەتی ئەوە نیشان دەدات کە ئەو ژمارەیە تا ڕادەیەك کەمە.

لەبەر ئەوە، لە ڕێی پرۆسەی تکاکارییەوە کرداری کۆنترۆڵکردنیان بە ناتەواوی ئەنجام دەدرێت، بە گشتی وای لێتێگەیشتوون کە چاودێری کاری دەزگاکانی لای خوارەوە لەلایەن دەزگاکانی لای سەرەوە. هەندێك لە چارەسەرە دامودەزگاییەکان کاری کۆنترۆڵکردن لاواز دەکات. لەم ڕێگەیەوە ئەو ڕێسایەی کە داخوازیی جێبەجێکردن لە بەدەرکردن دوا ناخات، هەروەك لە یاسای پرۆسەی گشتیی یاساییدا دانراوە، بووەتە هۆیەکی بەکارهێنانی فشار لەسەر هاووڵاتییان بە شێوەیەکی بەربلاو. لەبەر ئەوە تکاکاری جێبەجێکردن دوا ناخات لە گەلێك لە مەسەلەکانی باج و ئەو حاڵەتانەدا کە پەیوەندییان بە بیناکردنەوە هەیە (بۆ بڕیارەکانی قەدەغەکردنی

بیناکردن یاخود رووخاندنی بینا)و لە مەسەلەکانی گومرگدا. لەلایەکی ترەوە، ئەگەری دواخستنی جێبەجێکردن بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار دەهێنرێت.

بەمجۆرە دەزگاکانی ئاستی یەکەم بوارێکی گەلێك فراوانی هەڵسوکەوتیان پێدرابوو وەك هەڕەشەیەك لە رێی بەزۆر جێبەجێکردنی دوایین بڕیارەوە لە قۆناغی یەکەمداو هەروەها بڕیاردان لەسەر جێبەجێنەکردنیان. لەبەر ئەوەی دژە ئەنجامدان یاخود گێڕانەوە، گەر هەبێت (لەم زوانەدا ئەوە بڵاو کراوەتەوە کە خزمەتگوزاریی گومرگی فیدراڵ چەند ملیۆن مارکێکی ئەڵمانی هەیە کە دەبێت بیگێڕێتەوە لەبری ئەو شتانەی کە بە نایاسایی دەستیان بەسەردا گیراوە "پێشێلکاریی گومرگ")و توانای ئەوەی نییە کە زیانەکان بگێڕێتەوە، ئەمە شوێن بۆ گفتوگۆی نێوان دەزگاکان و لایەنەکان دەکاتەوەو زۆرجار دەبێتە هۆی گەندەڵی.

نەبوونی کۆنترۆڵی کارگێڕی لەلایەن دامەزراوە گشتییەکان و شێوەکانی تری کۆنترۆڵ کە دەرەنجامی پرینسیپی بڕیاردانە دوو ئاستەکانە، بیرۆکەی خزمەتگوزاریی حکومەتێکی خاوەن بەرپرسیارێتی یان دەوڵەت کەم دەکاتەوە، هەروەها هەستی نەبوونی بەرپرسیارێتی هەلێکی زێڕین بۆ گەندەڵی دروست دەکات.

یاسا سزاییەکان و گەندەڵی:

یاسا سزاییەکان، لە سەروو گشت یاساکانی تاوان و کەلوپەل و کارگێڕییەوە دەشێت بە دوو شێوە پەیوەندیی بە گەندەڵییەوە هەبێت. لە لایەکەوە، هەموو ئەو لاوازییانەی سیستمی یاسایی کە باس کران و گەندەڵی دروست دەکەن، دەشێت لەم بوارەشدا سەر هەڵبدات و سێ شت دەبێت باس بکرێن:

* لە یاسای تاواندا مرۆڤ دەشێت تێبینیی ئەوە بکات کە بوونی ئەوەی پێی دەوترێت دادوەریی تایبەتی تاوانکاری و تاوانبارکردن، کە لەو یاسایانەدا هەن و مەسەلەیەکی تایبەت رێك دەخەن و لە یاسای تاواندا نین و هەندێکجار گەلێك مەترسیدارن. بۆ نموونە تاوانبارکردنی مەترسیدار کە ئاستی سزاکەی زۆرە دەکرێت لە یاسای ئاشتیی جەماوەری و یاسای خاوەندارێتی و هەڵگرتنی چەکدا ببینرێنەوە. هەندێکجار مامەڵە لەتەك تاوانبارکردنێکی "فەرامۆشکراو"دا دەکەین کە زۆر کەم جێبەجێ دەکرێن و پرۆسەکە پابەندە بە سیاسەتی (بڕیارلێدان، ئارەزوو)ی دەزگاکانی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون. لەبەر ئەوە لە بواری پراکتیزەکردندا مرۆڤ بە دەگمەن دەبینێت تەنگ پێهەڵچنین هەبێت لەسەر شکاندنی خاوەنێتیی شتە بیری و پیشەسازییەکان، هەرچەندە ئێمە باس لە رووداوە زۆر باوەکان و سەرجەم پیشەسازییەکان دەکەین بۆ نموونە وەك بڵاوکردنەوەی تۆماری ڤیدیۆ و مۆسیقا بە نایاسایی.

* هەندێك لەوانەی کە پێیان دەوترێت پێوەرە رواڵەتییەکان ناوەرۆکی تاوانبارکردنەکە بوون کە لە بنچینەدا بڕیار لە هەندێك لەو یاسایانە دەدەن کە هی تاوان نین. لێرەشدا، هەروەها، دەشێت جۆرەها سیاسەتی سزادان پەیڕەو بکرێت. ئەمە رواڵەتێکی گەلێك دیارە لە تاوانەکانی فەرمانبەراندا، یاخود لە تاوانە بازرگانییەکاندا، بۆ نموونە لە خراپەکاریی "مامەڵەی بازرگانی کە بنەما ئاکارەکان پەیڕەو ناکات". هەروەها بۆ نموونە مامەڵە یاساییەکانی رێکخەرانی بانکە پلەکانەییەکان بوارێکی فراوانی بڕیاردانی ئارەزووکاری دەردەخەن.

* هەروەها هەندێك پێوەرە پرۆسەکارییەکان، کە هەندێکجار گەلێك گرنگن، رێگە بە هەندێك چالاکیی جۆراوجۆر دەدەن کە جەماوەر بە دیاردەی گەندەڵی دادەنێن. ئەوەی کە نموونەیەکی گەلێك باوە ئەو

ڕێسایانەن کە بڕیار لە گرتن دەدەن (هەندێکیان، لە دوای دە ساڵ بەکارهێنانیان، دادگای دەستووری فەرمانی ئەوەی دا کە نادەستوورین). هەراسانکردنی جەماوەرو ئەگەری کاریگەری خستنەسەر شایەت کارێکە هێندە نەرمیی لە بۆچووندا تیایە کە دەشێت هەموو بڕیارێك بگرێتەوە. لەلایەکی ترەوە، دیاردەی گەندەڵی دەشێت لە ڕێی ژمارەو جۆری تاوانبارکردنەکەوە کە مامەڵە لەتەك گەلێك جۆر گەندەڵی و سیاسەتی سزادانداا دەکات.

کاتێك کە باس لە تاوانبارکردن دەکرێت، هەرچەندە ڕەشنووسی گۆڕانکارییەکانی یاسای تاوانکاری لە سربیا کە لە نیسانی 2001دا ئامادە کرا بەندی نوێی تێدایە (گەندەڵی لە بەدەستهێنانی دەرامەتی گشتیدا، گەندەڵی لە کاتی بەتایبەتکردندا)، دەشێت هەڵوێستەکە بە نالەبار ناوببرێت. سیاسەتی سزادان، بە ڕەچاوکردنی ئەو ژمارە تا ڕادەیەك کەمەی داوا یاساییەکان، ناتوانرێت بخەمڵێنرێت. کێشەکە بە ئاشکرا خۆی لە لێکۆڵینەوەو لە دادگاییکردندا دەبینێتەوە.

سەرەنجام:

ئەمڕۆ گەندەڵی لە سربیا یەکێکە لە گەورەترین و سەختترین ئەو کێشانەی کە وڵات لە میلۆسۆڤیچ و شوێنکەوتووەکانی بۆی ماوەتەوە. گەندەڵی لە سربیای سەردەمی میلۆسۆڤیچدا لە خۆوە نەبوو، تەنانەت یەکێك بوو لەو دیاردانەی کەمتر لە خۆوە ڕوو بدات. گەندەڵی لە کرۆکی ڕژێمەکەدا بوو. ئەو دیاردەیە بۆیە هەبوو چونکە فەرمانڕەواکە ئەوەی دەویست، نەك لەبەر ئەوەی ئەو هێندە لاواز بوو کە نەتوانێت ڕێی لێبگرێت.

لە ڕوانگەی دامودەزگاییەوە هۆی سەرەکیی گەندەڵی لە سربیا ئەو بۆشاییە تایبەتییە بوو کە لە دامودەزگاکاندا هەبوو، ڕوونتر بڵێین، دەزگاکانی سیستمی کۆنی کۆمۆنیست وازیان لێهێنرابوو، دەزگا کارەکانی سیستمی بازاڕی نوێ یاخود دەزگاکانی دیموکراتیی سیاسی هێشتا دانەمەزرابوون. لەسەر ئاستی دەزگا ئابوورییەکان یاخود ئەوانەی سیاسەتی ئابووری، هەرچەندە ڕژێمی پێشوو دەیویست وا نیشان بدات کە کۆمەڵگە گەلێك ڕێکوپێك ڕێك خراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئارەزووی ئەوە نەبوو کە کار بۆ بوونی پرۆژەی تایبەتی ئازاد بکرێت. پێدەچێت نیازەکە تەواو بە پێچەوانەوە بووبێت و هاتبێتە سەر ئەوەی کە ژمارەی کۆمپانیا نوێیەکان و هێزە ئابوورییە نوێیەکان بە بەردەوامی لەژێر کۆنترۆڵێکی ڕاستەوخۆدا بن. کارە بازرگانییە بەسوودەکان زۆر بە توندی بۆ مەعمیلە سیاسییە هەڵبژاردەکان دانرابوون. لەو کارە بازرگانیانەدا تا ڕادەیەکی زۆر پرۆژە تایبەتە لێکدراوەکان و چالاکییە تاوانکارییە باوەکان هەبوون.

بە کورتی بڵێین، دەستتێوەردانی دەوڵەت یاخود کاریگەریی دەوڵەت لەسەر مامەڵە ئابوورییەکان لە سربیای سەردەمی میلۆسۆڤیچدا تا ئەوپەڕی گەلێك زۆر بوو، ئازادیی ئابووری بەربەست کرابوو. ئەو ڕاستییە زانراوەی کە سنووردارکردنی هەر ئازادییەکی تاکەکەس، بە تایبەتی ئازادیی ئابووری لە هەمان کاتدا مانای دروستکردنی بارودۆخێك دەگەیەنێت کە هاندەر بێت بۆ گەندەڵی، ئەم ڕاستییەش لە سربیادا ئەوپەڕی کاریگەریی نیشان دا. بڕیاردەرە جیهانییەکان لە پەیوەندییەکانی سیستمی ئابووریدا بارودۆخێکی بۆ گەشەکردنی گەندەڵی لە سربیا هێنایە گۆڕێ. لەبەر ئەوەی کە ئابووریی بازاڕ لە کاردا نەبوو، یاخود دوایین ئەنجام لەسەر بنەمای پێشبڕکێی بازاڕی ئازاد بوو، هەندێك لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان ئاواتی ئەوەیان دەخواست کە یاساکان (چوارچێوە دامودەزگاییەکان) لە بەرژەوەندیی خۆیان ڕێك بخەنەوە. ئەمە دەشێت بە دوو

www.pertwk.com

شێواز ئەنجام بدرایە: بە بەدەرکردنیان لەو ڕێسایانەی کە هەن یاخود ڕێساکان وا ڕێك بخەنەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندیی تاکەکەسدا بگونجێن.

سەرلەنوێ دابەشکردنەوە، کە وەك نموونەیەکی کارگێڕی لەلایەن دەوڵەتەوە سەپێنرابوو، نەتوانرا بە شێوەیەکی ڕوونو لەبەرچاو جێبەجێ بکرێت. زۆرجار ئەوە دوور لە چاوی جەماوەر ئەنجام دەدراو دەبووە هاندەرێکی باش بۆ گەندەڵی. بە واتایەکی دی، هاندەری پۆزەتیڤی دروست کردو "خواست" لەسەر ڕەفتاری گەندەڵی پەرەی سەند. لەولاشەوە ئەو چوارچێوە دامودەزگاییەی باسی لێکرا هاندەرێکی باشی بۆ سیاسەتمەدارەکان پێکهێنا تا ئەو پلەوپایانە دەستەبەر بکەن کە دەسەڵاتێکی ئابووریی تایبەتیان هەیە، یاخود ئەو پلەوپایەو کارانەی کە لە ماوەیەکی تا ڕادەیەك کورتدا بتوانرێت زۆر سوودمەندانە بەکار بهێنرێن. لەبەر ئەوەی کە دەوڵەت توانای کۆنترۆڵکردنی ئابووریی هەبوو زۆر بە ئاسانی ئەو سیاسەتمەدارانەی هێنایە ناوەوە کە ئارەزووی گەندەڵییان هەبوو، لەم ڕێیەوە "دابینکردن"ێکی زۆری ئەو خزمەتگوزارییانە دەستەبەر کرا.

لە کۆتاییدا ئەوەی کە بە تایبەت سەرنج ڕادەکێشێت لەو ڕاستییەدایە کە لە توێژینەوە ئەنجامدراوەکەدا تێبینیی لێکراوە، شتێکی خۆشە کە هاووڵاتییانی سربیا بێ یاسایی و نەبوونی جێبەجێکردنی یاسا وەك هۆیەکی سەرەکیی گەندەڵی دادەنێن (15٪)، هەروەها قەیرانی ئاکار (17٪)، لە کاتێکدا سیستمی ئابووریی و دەستتێوەردانی دەوڵەت لە ڕەوتی ئابووریدا بایەخێکی کەمتری پێدراوە کە دەکرێت هەر پشتگوێ بخرێت. بە هەمان شێوە پەیوەندیی جەنگو سزا ئابوورییەکان بایەخێکی زۆری پێنەدراوە وەك ئەوەی کە هۆی گەندەڵی بن. ئەمە لە ڕاستیدا ئەوە دەگەیەنێت کە هاووڵاتییانی سربیا هێشتاکە توانای ئەوەیان نییە کە سیماکانی سیستمی ئابووریی و ئەو ئاستی گەندەڵییەی لە سربیادا هەن پێکەوە گرێ بدەن، بەڵکو بە جۆرە دیاردەیەکی لاوەکی دادەنێن.

هۆکاری سیاسیی بنەڕەتی بۆ گەندەڵی لە سربیا هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، شێوەی ڕژێمی پێشوو بوو. سربیا دەوڵەتێکی دزیکراسی بوو کە تیایدا دەزگاکانی سیستمەکە، یاخود شێوەی کارکردنی ئەو دەزگایانە، بۆ ئامانجە بنەڕەتییەکەی، کە زۆرکردنی سامانی تایبەتیی فەرمانڕەوا بوو، گونجێنرابوو. ئا لەم خاڵەدا جیاوازییەکی گەورەی نێوان دیکتاتۆرەکانی کۆمۆنیستو ئەوانی دوای کۆمۆنیستدا بەدی دەکرێت. لە کاتێکدا کە سەرکردە کۆمۆنیستەکان بڕوایان بە نەمریی پرۆژە سیاسییەکەیان هەبوو سەرقاڵی پرۆسەکان یاخود زیادکردنی بەرخوردارییە هەنووکەییەکان بوون، دیکتاتۆری پاش کۆمۆنیست خەریکی زیادکردنی سامانی کەڵەکەکراوی تایبەتیی خۆی بوو. ئەو بەشی ئەوە گومانی لە دڵدا بوو کە بزانێت پرۆژە سیاسییەکەی نەمری بۆ نەنووسراوە (خۆ هیچ پرۆژەیەك لە ئارادا نەبوو بێجگە لە تالانکردنێکی بێ وێژدانانە)، لەبەر ئەوە خۆی بۆ ڕۆژانی ڕەش ئامادە دەکرد. بۆ چارەنووسی ڕەشی ئەو کاتێك کە ڕۆژی ڕەشی هات سامانی کۆکراوەی فریای نەکەوتو پێدەچێت فریای خاوو خێزانیشی نەکەوێت.

سەبارەت بە سیستمی یاسایی سربیا دەشێت ئەوە بووترێت کە سیستمێکی ئاڵۆزو کۆنەو لە هەمان کاتدا چەندین جار گۆڕاوەو پڕە لە کەلێنی یاسایی، یاسایەکی پڕ کۆسپو ناچیزەیە. لە سیستمێکی یاسایی وەهادا، تەنانەت گەر لەلایەن باشترین دەزگاکانی دەوڵەتیشەوە جێبەجێ بکرێت، چار نییە نادڵنیایی یاسایی هەر دەبێت. بەهەرحاڵ، دەزگاکانی دەوڵەت لەم وڵاتەدا، بە دادگاکانیشەوە، کاتێك کە باس لە جۆرێتیی و ڕێکخستنو ئاکارەکان دەکەن وتەکانیان شایانی بەهەندوەرگرتن نین.

نادڵنیایی یاسایی و نادڵنیایی لە دەرەنجامی دادوەرییەکی یاسایی و هەروەها ئەگەری ئەوەی کە یاسا لە هەمان بارودۆخ یان هەڵویستی هاوچەشندا بە شێوەیەکی جیاواز جێبەجێ دەکرێت وا لە هاووڵاتییان دەکات کە لە دەست دەوڵەت پارێزراو نەبن. بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافەی کە هەیەتی زۆرجار هاووڵاتی لە هەڵویستێکی تکاکاریدایە کە تکاکەی دەرەنجامێکی مسۆگەری نییە. لەبەر ئەوە شتێکی سەیر نییە کە گەندەڵی سەرهەڵبدات وەك پرۆسەیەك بۆ باشکردنی باری بەدەستهێنانی مافەکان. بەهۆی ئەمەوە، شتێکی ئاسانترە کە گەندەڵی ببێتە رێگەیەك بۆ بەدیهێنانی ئەوەی کە مافێکی یاسایی نییە هەروەها بۆ خۆ بەدوورگرتن لە سزا یاساییەکان. لەبەر ئەوە، سیستمێکی یاسایی کە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدابێت دیاردەی گەندەڵی لە گشت بوارەکانی تریشدا دروست دەکات، ئەو بوارانەی کە تیایدا یاسا یاخود بریارێك یان کردارێك دەزگایەکی دەوڵەت تاکە هۆیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێك. گەندەڵی لە بواری پەروەردەو ئاگاداریی تەندروستیدا، وەك گەلێك شتی دی، بەهۆی ئەو مافە نادیارانەی نەخۆشەوەیە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە رووی یاساییەوە روون نەکراونەتەوەو نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی لەلایەن ستافە تەندروستییەکانەوە، یاخود برێکی زۆری دەسەڵاتی ئارەزووکاری (بۆ نموونە) لە کاتی تۆمارکردن لە خوێندنگەو زانکۆکانداو نابەرپرسیارێتیی فێرکاران بەهۆی هەستکردن بەوەی کە سیستمی یاسایی شلەو دەتوانرێت خۆ لە سزا بەدوور بگیرێت، ئەمانەش هەموو کار دەکەنە سەر بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لەم بوارەدا.

چارەسەر بۆ گەندەڵی لە چاکسازییەکی ریشەیی تەواوی سیستمی یاساییدایەو کاتی ئەوە هاتووە.

کاریگەرییەکانی گەندەڵی

جۆرەکانی گەندەڵی و کاریگەرییان:

جۆرە جیاوازەکانی گەندەڵی کاریگەریی جیاوازیان هەیە، چ لە رووی جۆرەوە بێت یان لە رووی بەهێزیی کاریگەرییەکانەوە بێت. بەر لەوەی دەست بکەین بە شیتەڵکردنی کاریگەرییەکانی گەندەڵی لە سربیا، پێویستە جۆرە بنەڕەتییەکانی یاخود لایەنەکانی گەندەڵیمان لەیاد بێت کە لە چاپتەری پێشەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باس کرا.

بە پێی میکانیزمی گەندەڵی، یاخود دەرەنجامە ئابوورییەکانی، دەشێت چەند جۆرێك (لایەنێك) لە گەندەڵی دەستنیشان بکەین:

* ئەو گەندەڵییەی کە رێ لە جێبەجێکردنی یاساکان ناگرێت، وەك دەڵێن گەندەڵی بە بێ دزی.

* ئەو گەندەڵییەی کە لە پشت یاساکانەوە دەکرێت یاخود یاساکان دەشکێنێت، وەك دەڵێن گەندەڵی لەگەڵ دزیدا.

* ئەو گەندەڵییەی کە دەبێتە هۆی گۆڕین یان دانانی یاسای نوێ.

ئەو حاڵەتە گریمانەییەی کە پێشت تاووتوێ کرا یاخود نموونەی لە دەرەوەهێنانی مۆز دەشێت بۆ روونکردنەوەی ئەو سێ جۆرە گەندەڵییەی لای سەرەوە بەکار بهێنرێت، یاخود بۆ جیاوازیی نێوان هاندەرەکانی (پاڵنەرەکانی) و میکانیزمو دەرەنجام یان کاریگەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گشت لایەنەکانی گەندەڵی.

ئێستاش وا هەر ئەو گریمانەیە رەچاو دەکەین کە سیاسەتی دەوڵەت بۆ سنووردارکردنی لە دەرەوەهێنانی

www.pertwk.com

مۆز لەسەر بنەمای دەرکردنی مۆڵەتە بۆ لە دەرەوەهێنانی. هەروەها هەموو گریمانەکان کە لە نموونەکانی پێشوودا بەکارهێنران هەر راستن (بڕوانە چاپتەری پێشەکی).

گەندەڵی و جێبەجێکردنی یاساکان:

گەر وا دابنێین کە، بۆ نموونە، مۆڵەت بۆ گشت کۆمپانیا پەیوەندارەکان دەردەکرێت کە مەرجەکانیان تێدایە، ئەوسا نموونە گەندەڵییەك سەرهەڵدەدات کە رێ بە جێبەجێکردنی یاسا دەدات. وردتر بڵێین، کارمەندانی حکومەت کاری خۆیان بە باشی ناکەن و دەرکردنی مۆڵەت دوا دەکەوێت کە ئەمەش مەترسیی لەسەر چالاکیی بازرگانیی ئەو کۆمپانیایانە هەیە کە هەوڵی وەرگرتنی ئەو مۆڵەتانە دەدەن. لەبەر ئەوە، ماقووڵترین کارێك کە ئەو کۆمپانیایانە بیکەن ئەوەیە کە بڕە پارەیەکی دیاریکراو بدەن تاوەکو مۆڵەتەکەیان بۆ دەربکرێت یان دەرکردنەکەی پێش بخەن. بە واتایەکی دی، ئەوان ئامادەن کە لە رێی گەندەڵییەوە بڕێك پارە بدەن بۆ ئەو مۆڵەتە خۆڕاییەی کە بە پێی یاساکان مافێکی تەواوی خۆیانە.

لەوانەیە دوو هۆ هەبن بۆ ئەو رەفتارەی کارمەندانی حکومەت کە باسی لێکرا. یەکەم: هیچ هاندەرێك نییە کە ئەوان بە رێکوپێکی کاری خۆیان بکەن. بێگوێدانە خێرایی و بە باشی ئەنجامدانی کار مووچە هەروەك خۆیەتی و لەبەر ئەوە گەشبینبوون سەبارەت رەفتاری کارمەندی حکومەت لەسەر بنەمای کەمکردنەوەی ئەرکە (تێچوون) لە بەرامبەر داهاتدا. دووەم: لەبەر ئەوەی ئەوان دەزانن کە کۆمپانیاکان ئامادەن لەبەر بەخێراکردنی دەرکردنی مۆڵەت بەرتیلیان دەدەنێ، بەم شێوەیە کارمەندانی حکومەت دەیانەوێت ئەگەری پێدانی بەرتیل بۆ بەخێراکردنی پرۆسەی دەرکردنی مۆڵەت زیاتر بکەن. چەندە دەرکردنی مۆڵەتەکان دوا بخەن، هێندە ئەگەری ئەوە زۆرتر دەکەن کە کۆمپانیاکان بەرتیلیان پێبدەن.

تەنانەت بوارێکی گەورەتر بۆ ئەم جۆرە گەندەڵییە دروست دەبێت ئەگەر دەوڵەت بڕیاری سنووردارکردنی ژمارەی مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان بدات لە رێی دەرکردنیان بە پێی ریزبەندیی گەیشتنی داخوازییەکان (یەکەم بێت، یەکەم بەڕێ دەکرێت) پاشان هەر کۆمپانیایەکی لە دەرەوەهێنان ئارەزووی ئەوە دەکات کە لە رێی گەندەڵکردنی ئەو کارمەندانەی حکومەتەوە کە مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان دەردەکەن بکەونە پێشەوەی لیستی بازرگانە لە دەرەوەهێنەرەکان یاخود ئەو هێڵانە بشکێنن کە لە بەردەمیاندا کراوە.

وێنەی 6 – 1

مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان – گەندەڵی و جێبەجێکردنی یاسا



www.pertwk.com

با وا دانێین کە بڕی گەندەڵی 500 مارکی ئەڵمانی بێت بۆ هەر یەکەیەکی بەرهەم (با بڵێین بۆ یەک تەن مۆز). لە وێنەی (6 – 1)دا کە تێکڕای بڕی گەندەڵی وەك جیاوازیی (ن* – ن0)و، بڕی کۆی گەندەڵی بە پانتایی (ن0ی1ن*) دیاری کراوە. لەم حاڵەدا گەندەڵی نابێتە هۆی گۆڕینی هاوکێشەیی بڕی مۆزی دابینکراو لە بازاڕدا (ر) ئەو بڕە دابینکراوە دەستتێوەردانی دەوڵەت بڕیاری لێدەدات، هەروەها گۆڕان لە هاوکێشەیی نرخدا نییە (ن)، تاکە شت کە زۆر دەبێت کۆی نرخی تێچوونە بۆ کۆمپانیاکە، یاخود زۆربوونی نرخی دابینکردن و لە بەرامبەریشدا کەمبوونی قازانجی ئابووری (دەستکەوت) کە کۆمپانیاکان بە دەستی دێنن. تیاچوونی قازانج بە زیادبوونی داهاتی کارمەندانی حکومەت قەرەبوو دەبێتەوە، لەبەر ئەوە لێرەدا تەنیا دابەشکردنەوەی داهات یاخود خۆشگوزەرانی لە ئارادایە. گەلێك گرنگە تێبینی ئەوە بکرێت کە لەم حاڵەتەدا لە دەستچوونە تەرخانکارییەکە، یاخود لە دەستچوونی خۆشگوزەرانی بەهۆی تەرخانکردنی نالەباری سەرچاوەکانەوە دەرەنجامی دەستتێوەردانی دەوڵەتە لە کاری بازاڕی ئازاددا نەك بەهۆی گەندەڵییەوە. بە واتایەکی دی، ئەو لە دەستچوونی خۆشگوزەرانییەی باس کرا هەر روو دەدات بێ گوێدانە مەسەلەی بوونی گەندەڵی. هەروەها گۆڕانی بڕی گەندەڵی کار ناکاتە سەر بڕی لەدەستچوونی خۆشگوزەرانی، گۆڕانی بڕی گەندەڵی تەنیا کار دەکاتە سەر بڕی دەستکەوتی کۆمپانیاکان – لە دەرەوەهێنەرەکان (خشتەی 6 – 2). وەك شتێکی گونجاو لەگەڵ گشت ئەوەی وترا، لەم جۆرە گەندەڵییەدا، بێ گوێدانە دەرەنجامەکانی لەسەر تەرخانکردنی سەرچاوەکان، ئێمە مامەڵە لەتەك جۆرێك لە گەندەڵیدا دەکەین کە کەمترین مەترسیی هەیە.

خشتەی 4

مۆڵەتەکانی لە دەرەوەهێنانی مۆز – گەندەڵیی بێ دزی

	دەستتێوەردانی دەوڵەت	دەستتێوەردانی دەوڵەت بە بێ گەندەڵی	دەستتێوەردانی دەوڵەت بە گەندەڵییەوە
نرخی هاوکێشەیی	2 000	3 500	3 500
بڕی هاوکێشەیی	150	100	100
کۆی تێچوون	300 000	200 000	200 000

خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی	337 500	225 000	225 000
دەستکەوت (کۆ)	0	150 000	150 000
دەستکەوتی کۆمپانیا	0	150 000	999 – 1 149
بڕی گەندەڵی	0	0	– 149 999 1

بەشێکی دیاریکراوی ئەو گەندەڵییەی کە لە سربیا تۆمار کراوە لەم جۆرە گەندەڵییەیە. بە پێی ئەنجامەکانی رووپێویی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان، لە کۆی 17 حاڵەت (جۆری) گەندەڵی لە (10)یاندا ئێمە مامەڵە لەتەك گەندەڵییەکدا دەکەین کە ئامانجی بەدیهێنانی هەندێك مافە، یاخود جێبەجێکردنی یاسایە. بەهەرحاڵ، مرۆڤ دەبێت ئاگادار بێت لە بەکارهێنانی ئەم زانیارییانەدا، یاخود لەوەدا کە بگەینە ئەو سەرەنجامەی کە ئەمە بەربڵاوترین جۆری گەندەڵییە لە سربیادا، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك: یەکەم، ئەو کەسەی کە بەرتیل دەدات، جۆری ئەو گەندەڵییەی ئەو دەیکات گرنگییەکی نییە، لەبەر ئەوە جۆرێنکردنی گەندەڵییەکە بەلایەوە مەبەست نییە. خاوەن پرۆژەی تایبەت هەر ئەوەی بەلاوە مەبەستە کە مامەڵەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات. دووەم، لە گەلێك حاڵەتدا، خاوەن پرۆژە تایبەتەکان بە راشکاوی وتوویانە کە نازانن جۆری گەندەڵییەکە چی بووە، لەبەر ئەوە مرۆڤ دەبێت ئاگادار بێت کاتێك مامەڵەی ئەوانە دەکات کە وەڵامیان سەبارەت بە پرسیاری جۆری گەندەڵی داوەتەوە. لە کۆتاییدا لە رووی سایکۆلۆژییەوە ئەوە گەلێك ئاسانترە بۆ کەسێك کە بەرتیلی داوە بڵێت ئەو لەبەر ئەوە ئەو کارەی کردووە کە مافی خۆی بەدەست بێنێت.

ئەو بەدوورگرتنەی کە باس کرا لە مەسەلەی گەیشتن بە سەرەنجامدا ناڕاستەوخۆ ئەنجامەکانی بیروڕای وەرگیراوی جەماوەر سەبارەت گەندەڵی لە سربیا پشتگیریی لێدەکات. وردتر بڵێین تەنیا 20٪ی ئەوانەی رایان وەرگیراوە لەو بڕوایەدان کە ئەم جۆرە گەندەڵییە بەربڵاوترینە لە سربیادا کە ئەمەش دژ بە ئەنجامەکانی ئەو رووپێوەیە کە بۆ خاوەن پرۆژە تایبەتەکان ئەنجام درا. سەرەڕای ئەوەش، تەنیا 9٪ی ئەوانەی کە رایان وەرگیراوە بڕوایان وایە کە ئەم جۆرە گەندەڵییە مەترسییەکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. لەبەر ئەوە، بە شێوەیەکی دیاریکراو یاخود تا مەودایەکی دیاریکراو پێکچوونێك هەیە لە نێوان دەرەنجامە تیۆرییەکان و بۆچوونی بیروڕای جەماوەری ناوخۆ سەبارەت بە مەترسیی ئەم جۆرە گەندەڵییە.

لەبەر ئەوە، لە حاڵەتی گەندەڵییەکدا کە بۆ جێبەجێکردنی یاسا یاخود بۆ بەدیهێنانی مافێکی دیاری کراوە، ئەوا ئێمە مامەڵەی شێوە یان جۆرە گەندەڵییەك دەکەین کە کەمترین مەترسیی هەیە واتە گەندەڵییەك کە کەمترین کاریگەریی نالەبار (نێگەتیڤ)ی هەیە. بەهەرحاڵ، نابێت مرۆڤ بەوە هەڵبخەڵەتێت و وا بزانێت کە ئەو کاریگەرییانە گرنگ نین. ئەو کاریگەرییانە گەلێك گەورەن لە بواری پەرت و بڵاوکردنی دەوڵەت و تواناکانی، بە تایبەتیش لە رووی متمانەکردن بە دەوڵەتەوە، گەر بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە مسۆگەر کراوە پێویست وا بێت پارە و کات بخرێنە کار، کەواتە زۆر ئاشکرایە کە ئەو دەوڵەتە نابێت متمانەی پێبکرێت.

گەندەڵی و کارکردن لە پشت یاساوە:

ئەم جۆرە گەندەڵییەی تر ئەوەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە پشت یاساوە کار بکرێت یاخود یاسا

www.pertwk.com

بشکێنرێت. وردتر بڵێین، هەر کۆمپانیایەك کە مۆز لە دەرەوە دەهێنێت هەوڵی ئەوە دەدات کە بڕی ئەو مۆزەی دەیهێنێت زیاد بکات (لەبەر ئەوەی هەر بڕە مۆزێکی زیاتر کە بیهێنێت، قازانجەکە زۆر دەکات، هەروەك چۆن دەستکەوتەکەش زۆرتر دەکات). ئەمە مانای وایە کە ئەوان هاندەریان هەیە بۆ زۆرکردنی بڕی ئەو مۆزەی ڕێی پێدراوە کۆمپانیاکەیان بیهێنێت، ئەمەش لە ڕێی گەندەڵکردنی کارمەندانی حکومەتەوە، کە ئەو زیادکردنەش دەبێت هۆی زیادکردنی بڕی سەرجەم ئەو مۆزەی ڕێی پێدراوە بۆ ئابووری بە گشتی.

سەرەڕای ئەوەش، ئەو کۆمپانیایانەی کە لە لیستی وەرگرتنی مۆڵەتدا نین بەرژەوەندیی ئابوورییان لەوەدا هەیە کە ئەوانیش بتوانن مۆز لە دەرەوە بهێنن. بە واتایەکی دی، داخوازی هەیە لەسەر مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانی تر، یاخود بوارێکی دابینکار بۆ گەندەڵی کە کاری لە دەرەوەهێنانی بڕی دی مۆز ئاسان دەکات. ئەگەر مۆڵەتی نوێی نایاسایی دەربکرێت، ئەوا یاساکان دەشکێنرێن و دەوڵەت لە هەڵوێستێکی وادا نییە کە بە شێوەیەکی کاریگەر یاساکان جێبەجێ بکرێن، ئەو یاسایانەی، کە هیچ نەبێت لە بنەمادا، بۆ زۆرکردنی خۆشگوزەرانیی میللەتەکەیەتی.

با وا دانێین کە لە ڕێی گەندەڵییەوە، بازرگانە لە دەرەوەهێنەرەکان (25 تەن) لە بڕی مۆزی لە دەرەوەهێنراویان زیاد کرد. لە چوارچێوەی ئەم نموونەیەدا ئەوە پیشان دراوە، کە بەهۆی گەندەڵییەوە، بڕی هاوکێشەیی دابینکراو زیاد بووە (ر" < ر1) و هاوکێشەی نرخ کەمی کردووە (ن" > ن1)، هەروەها تێکڕای قازانجی لە دەرەوەهێنەر کەمی کردووە (ن" – ن0 < ن" – ن0)، یاخود ئەو دەستکەوتەی کە بەدەستی هێناوە، هەروەها خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگە زیادی کردووە (ن" ی " < ن1 جـ ")، بێگومان بە هەمان شێوەش خۆشگوزەرانیی کارمەندانی حکومەت.

وێنەی 6 – 2

مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان – گەندەڵی و لە پشت یاساوە کارکردن



شتێکی خۆشە کە لەم حاڵەتە تیۆرییە یان گریمانەییەدا گەندەڵی دەبێتە هۆی باشکردنی سەرچاوە تەرخانکراوەکان، یاخود زیادکردنی تێکڕای خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوەی بەهۆی گەندەڵییەوە لە پشت یاسای دژە بەرهەمهێنەری دەوڵەتەوە کار کرا. ئەمە تەنیا ئەوە دەردەخات کە بە تێکڕایی دەستتێوەردانی لەم جۆرەی دەوڵەت چەند نەگونجاوە لە ڕوانگەی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتییەوە. لە یەکەم تێڕوانیندا وا

دەردەکەوێت کە گەندەڵی لەم حاڵەتەدا هەموو خراپ نییە (خشتەی 6 – 2).

خشتەی 6 – 2

مۆڵەتەکانی لە دەرەوەهێنان – گەندەڵیی و کارکردن لە پشت یاساوە

	دەستتێوەردانی دەوڵەت	دەستتێوەردانی دەوڵەت بە بێ گەندەڵی	دەستتێوەردانی دەوڵەت بە گەندەڵییەوە
نرخی هاوکێشەیی	2 000	3 500	2 750
بڕی هاوکێشەیی	150	100	125
کۆی تێچوون	300 000	200 000	250 000
خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی	337 500	225 000	281 250
دەستکەوت (کۆ)	0	150 000	93 750
دەستکەوتی کۆمپانیا	0	150 000	93 749 – 1
بڕی گەندەڵی	0	0	1 – 93 749

بەهەرحاڵ، نابێت هەروا بە زوویی ئێمە دڵی خۆمان خۆش بکەین. کاریگەریی نالەباری ئەم جۆرە گەندەڵییە لە مەودایەکی درێژدا دەردەکەوێت. وردتر بڵێین، دەوڵەت لە ڕێی ئەم جۆرە گەندەڵییەوە بێ توانا دەبێت لە ئەنجامدانی دەستتێوەردانیدا بۆ گشت حاڵەتەکان، نەك هەر تەنیا ئەو حاڵەتانەی کە دەستتێوەردان تیایاندا دژە بەرهەمهێنەرە. لەبەر ئەوە، دەوڵەت بێ توانایە لە ئەنجامدانی هەرکام لە سیاسەتەکانی خۆی. سەرەڕای ئەوە، ئەم جۆرە گەندەڵییە دەوڵەت بێ توانا دەکات لە بواری کارە کلاسیکییەکانیدا کە ئەمە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندیی نییە بە دەستتێوەردانی بازارەوە، وەك، بۆ نموونە، جێبەجێکردنی یاساکان. سەرەڕای ئەوە، نەمانی متمانە بە دەوڵەتو بە توانای سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە، لە پاراستنی مافی موڵکی تایبەت کە ئەمەش لە مەودایەکی دووردا دەبێتە هۆی ڕاگرتن یان لەناوچوونی سەرمایەی تایبەت، ئەمە لەلایەك، یاخود کەمبوونی وورۆژمی خستنەگەڕی تایبەت لەسەر خاکی ئەو دەوڵەتە لەلایەکی ترەوە. ئەمەش، هەروەك دواتر دەردەخرێت، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەیەکی درێژخایەنی ڕێژەی پەرەسەندنی ئابووری لەو وڵاتەدا.

بە پێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان لە سربیا، ئەوان بڕوایان وایە کە کەمترین بەشی ئەو گەندەڵییەی ئەوان بەشداری تیادەکەن ئەو گەندەڵییەیە کە بەهۆیەوە یاسا دەشکێنرێت یاخود ئەو گەندەڵییەی کە لە پشت کارکردنە یاساییەکانەوە ئەنجام دەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕوایان وایە کە گەورەترین ژمارەی حاڵەتی ئەم جۆرە گەندەڵی پەیوەندیی بە خزمەتگوزاریی گومرگو دەزگای باجەوە هەیە یاخود پۆلیسی دارایی. کەمێك لەمەوبەر ئەوەمان وت کە سەبارەت بەم مەسەلەیە ئەنجامەکانی ڕووپێویی خاوەن پرۆژە

تایبەتەکان دەبێت بە هەندێك بەدووورگرتنەوە وەربگرین. بە پێچەوانەوە، وەڵامی ئەوانەی کە بەشدارییان لە بیرو راپرسیيە جەماوەرييەکەدا کردبوو ئەوەی دەردەخست جەماوەر رای وایە ئەم جۆرە گەندەڵییە یاخود ئەو گەندەڵییەی لە پشت یاساکانەوە دەکرێن لە هەموویان بەربڵاوترە (46٪ی ئەوانەی رایان وەرگیراوە)، هەروەها ئەمە بووەتە مەترسییەکی کۆمەڵایەتیی زۆر گەورە (31٪ی ئەوانەی رایان وەرگیراوە بڕوایان وایە کە ئەمە ترسناکترینە).

گەندەڵی و گۆڕینی یاساکان:

ئەو دوو جۆرە گەندەڵییەی پێشوو کە بە گەندەڵیی کارگێڕی ناو دەبرێن، یاخود ئەو جۆرە گەندەڵییەی کە لەسەر بنەمای بڕیاری خاترانەیە. جێبەجێکردنی تەواو یاخود بێ خاترانەی یاساکان لەکار دەخات. بەهەرحاڵ، بە پێی دەرەنجامە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی، مەترسیدارترین جۆری گەندەڵی ئەوەیە کە پێی دەڵێن گەندەڵیی سیاسی، ئەمە ئەو جۆرە گەندەڵییەیە کە دەبێتە هۆی گۆڕینی رێساکان، یان گۆڕینی یاسا و یاسا ناوخۆییەکان کە لەگەڵ بەرژەوەندیی تایبەتیی گەندەڵکارەکاندا بن. بە واتایەکی دی، ئەم جۆرە گەندەڵییە ئەوە دەهێنێتە گۆڕێ کە دەستتێوەردانی دەوڵەت بە پێی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی گەندەڵکار دادەڕێژرێت و جێبەجێ دەکرێت. بە کورتی، گەندەڵکاران کە زۆرجار کەسانی خاوەن توانای داراییـن لە کۆمەڵگەدا، کۆنترۆڵی دەوڵەت دەکەن. لەو حاڵەتە گریمانەییەی لە دەرەوەهێنانی مۆزدا، بەرژەوەندیی ماقووڵی هەریەك لە بازرگانە لە دەرەوەهێنەرەکان لەوەدایە کە بڕی لە دەرەوەهێنانەکە سنووردار بێت، یاخود هاوکێشەیەکی نوێ لە بازاڕدا دابمەزرێت بە جۆرێك کە تەواو زیادکردنی دەستکەوت مسۆگەر بکات، بێگومان بەو مەرجەی کە ئەوان بەردەوام مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانی هەبێت. ئەمە مانای وایە کە کۆمپانیاکان پەرۆشی ئەوەن کە لە رێی هەوڵی هاوبەشەوە (کاری بەکۆمەڵ) کاریگەری بخەنە سەر نوێنەرە هەڵبژێراوەکانی جەماوەر، یان دەسەڵاتی یاسایی تاوەکو لە رێی گۆڕینی یاساییەوە، یاخود رێساکانەوە ئەوان لە دەرەوەهێنانی مۆز زیاتر سنووردار بکەن. ئامانجەکەیان ئەوەیە کە لە دەرەوەهێنانی مۆز بکرێتە 75 تەن، چونکە ئەو بڕە، لە چوارچێوەی نموونە گریمانەییەکەدا دەبێتە هۆی زیادکردنی دەستکەوت یاخود قازانجی دارایی ئەوان.

وێنەی 6 – 3

مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان – ئەو گەندەڵییەی یاساکان دەگۆڕێت



www.pertwk.com

دەرەنجامەكانی ئەم جۆرە گەندەڵییە بریتییە لە پتر كەمكردنەوەی هاوكێشەیی دابینكراو (ر">ر٬>ر0)و پتر زۆركردنی هاوكێشەیی نرخ (ن">ن٬>ن0)، هەروەها زۆركردن یان تا ئەوپەڕكردنی دەستكەوت (ن0 ه و ن" > ن0 أ جـ ن٬). نەك هەر دەستتێوەردانی دژە بەرهەمهێنەری دەوڵەت مەودای هاوكێشەیی دابینكردنی كەم كردەوەو هاوكێشەیی نرخی لە بازاڕدا زۆر كرد، سەبارەت بە هاوكێشەیی بازاڕی ئازادو بێ سنوور، بەڵكو ئەم جۆرە گەندەڵییە دەبێتە هۆی بەهێزكردنی دەستتێوەردانی ئەو دەوڵەتەو پتركردنی كاریگەرییە خراپەكانی. لەم جۆرە گەندەڵییەدا خراپبوونێكی توند هەیە لە تەرخانكردنی سەرچاوەكاندا یاخود كەمبوونەوەیەكی ئاشكرای خۆشگوزەرانیی كۆمەڵگە. وردتر بڵێین، ئەم جۆرە گەندەڵییە دەبێتە هۆی پتر بەهێزكردنی دەستتێوەردانی دژەبەرهەمهێنەری دەوڵەت. بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی خۆیان گەندەڵكاران دەیانەوێت دەوڵەت یان هێزی زۆرەملێی ئەو بەكاربهێنن بۆ سەپاندنی دەستتێوەردان لە كاروباری بازاڕدا تاوەكو دەستكەوتی ئابوورییان بگەیەننە ئەوپەڕی.

خشتەی 6 – 3

مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان – گەندەڵی كە یاساكان دەگۆڕێت

	دەستتێوەردانی دەوڵەت	دەستتێوەردانی دەوڵەت بە بێ گەندەڵی	دەستتێوەردانی دەوڵەت بە گەندەڵییەوە
نرخی هاوكێشەیی	2 000	3 500	4 250
بڕی هاوكێشەیی	150	100	75
كۆی تێچوون	300 000	200 000	150 000
خۆشگوزەرانیی كۆمەڵایەتی	337 500	300 000	253 125
دەستكەوت (كۆ)	0	150 000	168 750
دەستكەوتی كۆمپانیا	0	150 000	749 – 1 168
بڕی گەندەڵی	0	0	– 168 749 1

بە پێی دەرەنجامە ئابووریو كۆمەڵایەتییەكانی، ئەم جۆرە گەندەڵییە بێگومان ترسناكترینە. وردتر بڵێین،

www.pertwk.com

لەم ڕێیەوە دەوڵەت یاخود ئەو چوارچێوە دامەزراوەییەی کە چالاکییە ئابوورییەکان جێبەجێ دەکات بە پێی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی ئەو کەسانەیە کە بە ئامانجی پێشخستنی بەرژەوەندییەکانیانە ئامادەن بەرتیل بە کەسانی دی بدەن، بە تایبەتی ئەوانەی کە خاوەن هێزن و دەشێت بەکەڵك بن. بەم جۆرە دەوڵەت لەوە دەردەچێت کە چی دی "موڵکی خەڵکی" بێت و دەبێت بە گۆڕەپانێکی تایبەت بۆ ئاڵوێلکەرانی هێزە ئابوورییەکان. بەدەر لە نموونە گریمانەییەکەمان ئەم جۆرە دەوڵەتە دەبێت کۆمارێکی ڕاستی بۆ مۆز.

کام بەشەی گەندەڵی لە سربیا لەم جۆرە زۆر ترسناکەیە؟ بە پێی ئەو ئەنجامانەی لە نێوان ئەو خاوەن پرۆژە تایبەتانەی کە بیروڕایان وەرگیراوە، بەشێکی زۆر کەمی ئەو چالاکییە گەندەڵییانەی کە ئەوان بەشدارییان تیا کردووە ڕووبەڕووی گۆڕینی یاساکان و یاسا ناوخۆییەکان و ڕێساکان کرابوون کە هەرگیز نە دەگەیشتە 10٪. بەهەرحاڵ، لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامە، مرۆڤ نابێت بگاتە ئەو دەرەنجامە یەکگرتووەی کە ئەم جۆرە گەندەڵییە لە سربیادا بەربڵاو نییە. وردتر بڵێین، ڕووپێوی ناوبراو خاوەن پرۆژەی تایبەتی بچوکی تێدایە کە ئەو بوارەیان نییە بگەنە ئەو خەڵکەی کە بتوانن کاریگەری بخەنە سەر داڕشتن یا دەرکردنی ئەو جۆرە یاسا و یاسا ناوخۆییانە لە شێوەی خاترانەکاریدا. ئەم جۆرە گەندەڵییە بۆ "گەورە" بازرگانەکان دانراوە یاخود بۆ ئەو کەسانەی کە لە بازنەی فەرمانڕەوایانەوە نزیکن (یان هەر خۆیان بەشێکن لەو بازنەیە) و دەتوانن پلەوپایەکەیان بخەنە کارو لە ڕێی گەندەڵی و بەرتیلەوە کاریگەری بخەنە سەر داڕشتن و دەرکردنی یاسا و یاسا ناوخۆییەکان یاخود ئەو ڕێسایانەی کە لە بەرژەوەندییانە.

بە پێچەوانەوە، ڕاپرسیی بیروڕای جەماوەر یاخود ڕووپێوی بۆ چوون سەبارەت بە گەندەڵی لە سربیا ئەنجامی تەواو جیاواز دەخەنە ڕوو. وردتر بڵێین، 24٪ی ئەوانەی ڕایان وەرگیراوە بڕوایان وایە کە ئەو گەندەڵییەی کە ئامانجی گۆڕینی یاساکان و دەستکاریکردنیانە تا لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتەکاندا بگونجێت بەربڵاوترین جۆری گەندەڵییە لە سربیا. سەرەڕای ئەوەش شتێکی دڵخۆشکەرە کە 44٪ی ئەوانەی ڕایان وەرگیراوە بڕوایان وایە کە ئەم جۆرە گەندەڵییە ترسناکترینە بۆ کۆمەڵگە. لەبەر ئەوە، بە ئاگابوون لە مەترسی گەورەی ئەم جۆرە گەندەڵییە لە بیروبۆچوونی خەڵکی سربیادا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە کە هێشتا زۆر شت ماوە کە دەبێت بکرێت تاوەکو ئەم هەڵوێستە پتر بکرێت.

لەبەر ئەوە، دیارە کە بەشێکی زۆر لەو گەندەڵییەی لە سربیا تۆمار کراوە لەم جۆرە گەندەڵییەیە یاخود گەندەڵییە بۆ گۆڕینی یاساکان. ئەم جۆرە گەندەڵییە لە ڕژێمی میلۆسۆڤیچدا بۆ کەسە هەڵبژاردەکان دانرابوو – هاوڕێ نزیکەکانی فەرمانڕەواو ئەو کەسانەی کە زۆر لێوەی نزیکن. گەندەڵکارەکان لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە چوارچێوەیەکی یاسایی یان سیستمێکی ئابووری لە سربیا داڕێژن کە لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتەکانیاندا بگونجێت. ئەو کەلێنە بۆ ئەو جۆرە گۆڕینەی یاسا یان بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی هەروەك لە هەموو ڕژێمێکی دزیکراسیدا لەلایەن خودی فەرمانڕەواکە خۆیەوە دەهێنرایە گۆڕێ.

لە کۆتایی وردبوونەوەدا لە جۆرە جیاوازەکانی گەندەڵی و کاریگەرییان، دەشێت ئەو ڕاستییە دەستنیشان بکەین کە ئەو نموونە گریمانەییەی مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانی مۆز کە لە کاتی وردبوونەوەکەدا بەکارمان هێنا حاڵەتێکی نموونەییە بۆ دەستتێوەردانی دژە بەرهەمهێنەری دەوڵەت. ئەمەش نەك هەر زەمینەیەکی بەپیت بۆ گەندەڵی پێك دێنێت، بەڵکو ئەم جۆرە دەستتێوەردانەی دەوڵەت، تەنانەت ئەگەر گەندەڵیش نەبێت، دەبێتە دژە بەرهەمهێنەر چونکە لە خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگە کەم دەکاتەوە. لە ڕێی لەناوبردنی ئەم دەستتێوەردانەی

www.pertwk.com

دەوڵەتـەوە، خۆشـگوزەرانیی کۆمەڵـگە پـتر دەبێـت، ئەمـەش بـە دوو شـێوەیە: لـە رێـی لـەناوبردنی ئەگـەری گەندەڵییەوەو هەروەها لە رێی تەواو نەهێشتنی دەستتێوەردانی دژە بەرهەمهێنەری دەوڵەتەوە.

دەرەنجامە ئابوورییەکانی گەندەڵی:

دەرەنجامە ئابوورییـەکانی گەنـدەڵی گـەلێك زۆرن و پێویسـتە بـە درێـژی لێـی ورد ببینـەوە. وردتـر بڵێین، بۆ ماوەیەکی درێژ زۆربەی ئەوانەی لەنێو بازنەی زانا سیاسییەکاندا بوون وەك هیونتینگتون، گفتوگۆیـان لەسـەر گریمانەیەك دەکرد کە دەشێت گەندەڵی لە رووی ئابوورییەوە بەکەڵك بێت. گریمـان گـەر دامـەزراوە گشـتییەکان، یان بیرۆکراسییەکان، زۆر بەنێوەندکراوو وشك بن، ئەوا چاکتر وایە کە ناڕەوا بن نەك رەوا. واتە، ئەوسا گەنـدەڵی دەبێت بە ئامرازێك بۆ "چەوکردنی رەوڕەوەی کار"، بە واتایەکی دی، گەنـدەڵی لـەو بارودۆخانـەدا وا دەکات کە بوونی بۆ باشکردنی ئابووری کارێکی شیاو بێت.

ئـەو جـۆرە گریمانەیـە دەشـێت شـتێکی فێرکـاری بێـت، هـەر هـیچ نـەبێت لـە سـەرەتاوە. تاکـە کێشـە ئەوەیـە ئەوانەی کە پشتگیریی لێدەکەن لـە نائومێدییـەکی تـەواودان، بـەڵام گـەلێك کـارێکی سـەختە بـەو گـرەوە قاییلیان بکەیت بەر لەوەی کە هەست بە دەرەنجامی گونجاوییان لە بەرامبەر گەندەڵیدا بکەن. لەبـەر ئەمـە پێویسـتە کـە بـە شێوەیەکی سیستماتیکی لـە دەرەنجامـە ئابوورییـەکانی گەنـدەڵی بکۆڵرێتـەوەو لـە شـێوازە سـەرەکییەکانی و لـەو شێوە تایبەتانەشی کە لە سربیا هەستی پێکراوە. ئەو دەرەنجامانە دەشێت بدرێن بەو کەسانەی کـە لـە کۆتاییـدا بوونەتە شوێنکەوتووی گریمانەییەکەی هیونتینگتۆن لە سربیادا.

توانای ئابووریی تەرخانکاری:

ئەو نموونە تیۆرییانەی پێشتر باس کران هەندێك دەرەنجامی جۆراوجۆری گەندەڵییان خستە روو سـەبارەت بە توانای تەرخانکاری یاخود گۆڕینی کورتخایـەنی خۆشـگوزەرانیی کۆمەڵایـەتی. ئـەو حاڵەتـە گریمانەییـەی کـە ئێمە رەچاومان کرد ئەوەی نیشـان دا کـە دەرەنجامـەکانی گەنـدەڵی یـاخود گـۆڕینی کورتخایـەنی خۆشـگوزەرانی دەشێت جیاواز بن. گرنگترین دەرەنجامـەکان سـەبارەت بـە کۆمەڵـگە هـی ئـەو جـۆرە گەندەڵییەیـە کـە یاسـاکانی یاخود چوارچێوەی ئاستە کۆمەڵایەتییەکە دەگۆڕێت و دەیکاتە دەرەنجامێکی درێژخایـەن و تـا رادەیـەك بـەردەوام لەسەر کۆمەڵگە. دەرەنجامی شیتەڵکاریی ئەم حاڵەتە گریمانەییە بە زۆری ئەوە دەردەخات کە لە هەموو ئەو بارودۆخانـەدا کـە دەسـتتێوەردانی دەوڵـەت هەیـە، یـاخود کەمکردنـەوەی لـە دەرەوەهێنـان هەیـە دەبنـە هـۆی کەمبوونـەوەی خۆشـگوزەرانی، هـەروەها ئـازادی کـارکردنی بـازاڕ دەبێتـە هـۆی زۆرکردنـی خۆشـگوزەرانیی کۆمەڵایەتی.

لەبەر ئەمە زۆر گرنگە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: بۆچی تەنانەت دەوڵـەتێکی خێرخـواز لـە دەرەوەهێنان سنووردار دەکات؟ هۆیەکی شیاو پاراستنی دروستکەرانی خۆماڵیی ئەو کاڵا ناوبراوەیە. لـە حاڵـەتی مۆزەکەدا، گەلێك دەوڵەت وەك سربیا بەرهەمی مۆزی خۆماڵیی نییەو ئەو بەڵـگەیە کەڵکێکی نییە. پاراسـتنی هاوکێشـەی خەرجیی دەوڵەت لە رێی کەمکردنەوەی لە دەرەوەهێنانەوە دەشێت هۆیـەکی دیکـەی ئـەو دەسـتتێوەردانە بێـت. بەهەرحاڵ ئەمـەش دەشـێت لـە رێـی سـەپاندنی گومرگێکی زۆرەوە جێبـەجێ بکرێـت کـە سـەرەڕای کـەمبوونی لـە دەرەوەهێنان داهاتێکی تایبەت بۆ بوودجەی دەوڵەت دەستەبەر دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، گـەلێك وڵات وەك وڵاتـی

خۆمان (تاوەکو ئایاری 2001 کە لەو کاتەوە بە پێی ڕێنماییە یاساییەکانی بازرگانیی دەرەوە مۆڵەتی لە دەرەوەهێنان نەما بۆ هێنانی هەر بابەتێك بێت) سنووردارکردنی لەم جۆرەیان هەرماوە. بۆ ئەمەش دوو لێکدانەوەی ماقووڵ هەیە، یەکەم، دەوڵەتێکی خێرخواز متمانەی بە خزمەتگوزاریی گومرگی خۆی نییە یاخود بە کارمەندانی حکومەت، بەڵکو بڕوای وایە کە بەهۆی پاراستنی ناتەواوی گومرگەوە لە دەرەوەهێنان پتر دەبێت، یاخود زۆربوون لە ورووژمی بوودجەدا نابێت. دووەم، دەوڵەتێکی دزیکراسی دەیەوێت داهاتی خۆی زۆر بکات یاخود داهاتی ئەوانەی کە بەشێکن لە گروپە تالانچییەکەو لە هەردوو ئەو حاڵەتانەدا مۆڵەت میکانیزمێکی باشترە لە گومرگ.

لەو حاڵەتە گریمانەییدا کە لێك درایەوە، لابردنی بەربەست یاخود نەهێشتنی دەستتێوەردانی دەوڵەت تاکە ستراتیژییەکی کاراو ماقووڵە بۆ جەنگان دژ بە گەندەڵی. نەهێشتنی بەربەست ئەگەری دروستبوون و گەشەکردنی گەندەڵی لا دەبات و دەبێتە هۆی پتربوونی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی. ئەمە دژ بە یەکبوونێکی تێدایە کە گەندەڵی لە هەندێك حاڵەتی دەستتێوەردانی دەوڵەتدا کاریگەرییەکی لەبار (پۆزەتیڤ)ی کورتخایەنی هەیە لەسەر خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی یاخود کارایی کورتخایەنی تەرخانکردنی سەرچاوەکان پتر دەکات چونکە کەمێك یان بە تەواوی ڕێ لە جێبەجێکردنی دەستتێوەردانی دژە بەرهەمهێنەر دەگرێت هەرچەندە لە یەکەم سەرنجداندا تەنیا چەند حاڵەتێکی کەمی ئەم جۆرە دەستتێوەردانەی دەوڵەت هەیە، شیتەڵکردنێکی فراوانی ئەم جۆرە دەستتێوەردانە لە زۆر وڵاتدا، تەنانەت ئەوانەی کە تەواو گەشەیان کردووە نەك هەر لەلایەنی ئابوورییەوە بەڵکو لە ڕووی دامودەزگاییشەوە، حاڵەتێکی سەرسوڕمێنی دەستتێوەردانی دژە بەرهەمهێنەری دەوڵەت نیشان دەدات کە هەندێکیان بە کورتی لە پێشەکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باس کراون.

بەهەرحاڵ، ئەو نموونە باسکراوانە نابێت بکرێنە گشتاندن. هێشتاکە ئەو جۆرە دەستتێوەردانانەی دەوڵەت هەن، وەك ڕێنمایی یاسایی بۆ قۆرخکارییە سروشتییەکان کە هەر نەبێت لە بنەمادا خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیی زیاد دەکات و لەبەر ئەوە نابێت لەناوببرێن. بۆیە بەربەست لابردن لەم حاڵەتانەدا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناتوانرێت پاساو بدرێت. لەو حاڵەتانەدا بە تایبەتی کاریگەریی گەندەڵی لەسەر کارایی تەرخانکردنی سەرچاوەکان یاخود خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگە تەواو نالەبارە. ئەو گەندەڵییەی پەیوەستە بە ڕێنمایی یاسایی ئابووریی قۆرخکردنی سروشتییەوە بوار بۆ ڕەفتاری قۆرخکاریی خاوەن پرۆژەی تایبەت دروست دەکات کە دەرەنجامێکی تەواو نالەباری لەسەر خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی دەبێت.

نرخی مامەڵەی گەندەڵی:

ئەو وردبوونەوانەی پێشوو لە دەرەنجامەکانی گەندەڵی سەبارەت بە کارایی تەرخانکاری یان سەبارەت بە گۆڕینی کورتخایەنی خۆشگوزەرانی لە کاتی بوونی گەندەڵیدا هەموو لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیە بوو کە مامەڵەکاریی گەندەڵی تێچوونی نییە یاخود یەکسانە بە هیچ یا نزیکە لە هیچەوە. تێچوونی مامەڵەکاری ئەو تێچوونانەیە کە دەبێت بۆ مامەڵەیەك (وەك گەندەڵی) جێبەجێ بکرێت. ئەگەر تێچوونی مامەڵەی گەندەڵییەکە یەکسان بێت بە هیچ، ئەوا گەندەڵییەکە تەنیا دەبێتە گۆڕینی خۆشگوزەرانی، یاخود دابەشکردنەوەی ئەو خۆشگوزەرانییەی کە هەیەو خۆی لە خۆیدا لە خۆشگوزەرانیی گشتیی کۆمەڵگە ناگۆڕێت لە ماوەیەکی کورتخایەندا.

بوونی تێچوونی مامەڵەکاری مانای وایە، کە بۆ گەندەڵی یاخود بۆ جێبەجێکردنی، پێویستە سەرچاوەی راستەقینە بخرێتە گەڕ کە هەڵی تێچوونیان هەیە. بە واتایەکی دی گشت ئەو سەرچاوانە، ئەگەر گەندەڵی نەبوایە، دەشێت بخرایەتە گەڕ لە چالاکییەکانی ترداو لەوانەدا کە لەچاو گەندەڵیدا بەهایەکی نوێی دروست دەکرد یاخود خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی. زۆر بە وردی ئەو هەڵی تێچوونانە بۆ تەرخانکردنی ئەو سەرچاوانە دەبنە تێچوونی مامەڵەی گەندەڵی. گەندەڵی بە خۆڕایی نییە – لەم حاڵەتەشدا خواردن بە خۆڕایی نییە. لەبەر ئەوە، مەسەلەی سەرەکی لە کاریگەریی گەندەڵیدا ئەوەیە کە ئاخۆ تێچوونی راستەقینەی مامەڵەکە چییە. تێچوونی مامەڵەکاریی گەندەڵی لە ژمارەیەکی زۆر لە تێچوونی جیاواز پێکدێت کە گەلێك لەو تێچوونانە تا رادەیەك بەرزن. ئەمە شتێکی سروشتییە چونکە سروشتی گەندەڵی سروشتێکی نایاسایی یان چالاکییەکی شاراوەیە. ئەم راستییە بە دوو شێوە تێچوونی مامەڵەکارییەکە پتر دەکات: یەکەم، لەبەر ئەوەی چالاکییەکی نایاساییەو لە جێبەجێکردنیدا دەزگا یاساییەکانی سیستمەکە، لە هیچ وڵاتێکدا، ناشێت بەکار بهێنرێن. وردتر بڵێین، گەندەڵی بریتییە لە رێکەوتنێکی تایبەت کە لەو رێیەوە هەردوو لایەنەکە پابەند دەبن بە هەندێك چالاکییەوە – بۆ نموونە گەندەڵکراوەکە مۆڵەتێکی لە دەرەوەهێنانی گونجاو دەردەکات، هەروەها گەندەڵکارەکە بڕێك پارەی گونجاو دەدات. گەر پێشێلکردنی رێکەوتنەکە هەبێت یاخود هەر لایەنێکی رێکەوتنەکە پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد، ئەگەر پاراستنی رێکەوتنەکە یان یەکێك لە لایەنەکانی لەلایەن دادگاوە لە ئارادا نابێت. گەندەڵکراوەکە نایەوێت گەندەڵکارەکە بدات بە دادگا چونکە، بۆ نموونە، هێشتا هەموو پارەکەی نەداوەتێ – بێگومان نایەوێت دەسەڵاتداران لەو مامەڵەیە ئاگادار بکات لەبەر ئەوەی کارێکی نایاساییەو خۆیشی تیایدا بەشدارە، بۆیە جێبەجێکردنی رێکەوتنەکە کەوتۆتە سەر مۆرکەرانی (ئیمزاکەرانی)و لێرەشدا هیچ ئەگەرێکی چاوخشاندنەوەیەکی دامەزراوەیی (رەسمی) بە جێبەجێکردنەکەیدا لە ئارادا نییە. بە واتایەکی دی دانانی بریگرێکی دی بۆ شێوازی چاودێریکردنی جێبەجێکردنی رێکەوتنی گەندەڵی شتێکی پێویستەو بۆ ئەوەش سەرچاوەی گەورە پێویستە.

دووەم، هەروەك هەر چالاکییەکی نایاسایی دی، ئەوە شتێکی پێویستە کە سەرچاوەکان بخرێنە گەڕ تاوەکو ئەم چالاکییە ئاشکرا نەبێت. لەبەر ئەوەی کە گەندەڵی تاوانکارییەو لە رووی یاساییەوە لە گەلێك لە وڵاتاندا بەر سزا دەکەوێت، لە روانگەی بەشدارانی گەندەڵییەوە، ئەوە کارێکی ژیرانەیە کە رێگەیەکی باش دابنرێت بۆ پاراستنی جێبەجێکردنی ئەم چالاکییە، کە ئەمەش سەرچاوەی دیکەی پێویستە. ئەوانەی گەندەڵکراون پێویستە بە باشی پلان بۆ خودی مامەڵەکە دابنێن، هەروەها بۆ نەهێشتنی بەڵگەو بە نهێنی هێشتنەوەی پارە خەرجکردنەکە، بۆ چارەسەرکردنی گشت کێشە باسکراوەکان و گشت ئەم کارانە پێویستی بە خستنەگەڕی سەرچاوەی راستەقینەیە.

با لە هەندێك (بێگومان نەك لە هەموو) تێچوونی مامەڵەکارییەکانی گەندەڵی ورد ببینەوە. یەکەم، دەبێت ئەو کارمەندانەی حکومەت بدۆزرێنەوە کە ئامادەن بۆ گەندەڵبوون، یاخود دۆزینەوەی کەسانی "شیاو" لە دەزگا گشتییەکاندا کە ئەمەش کاتی دەوێت هەروەها خەریککردنی خەڵکێك و زۆر بە ئاگادارییەوە زانیاری پێدان تاوەکو لە هەوڵدانی گەندەڵکردنی کارمەندانی حکومەتدا مەترسیی تەواو کەم بکرێتەوە.

پاشان پێویستە مرۆڤ رێکەوتنێکی نارەسمی لەسەر گەندەڵییەکە دابرێژێت یاخود بە وردی ماف و لە ئەستۆگرتنەکانی بەشدارانی گەندەڵییەکەو چۆنێتیی جێبەجێکردنی رێکەوتنەکە دیاری بکات. لەو

جێبەجێکردنەدا ئەو میکانیزمەی کە بەجێهێنانی لە ئەستۆگرتنەکان (بە تایبەتی لەلایەن گەندەڵکراوەکەوە) یاخود شێوازی بەدیهێنانی مافەکان دەخرێنە دووتوێی ڕێکەوتنی گەندەڵییەوە.

لە کۆتاییدا، مرۆڤ پێویستی بەوەیە کە کۆنترۆڵکردنی میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە دیاری بکاتو ئەو سەرچاوانە تەرخان بکات کە خزمەت بەو مەبەستە دەکەن.

هەموو ئەوەی باس کران تێچوونی گرانی مامەڵەکاریی گەندەڵی یاخود نرخی تێچوونی هەڵی سەرچاوەکان کە لە جێبەجێکردنی گەندەڵیدا بەکار دێن، پێکدێنن. بۆ نموونە، هەروەك (تانزی) باسی دەکات، وا خەمڵێنراوە کە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا لەو وڵاتانەدا کە ئاستی گەندەڵی تیایاندا بەرزە نزیکەی 20٪ی کاتی کارکردنیان لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو کارمەندانەی حکومەتدا بەکار دێنن کە ئارەزووی گەندەڵییان هەیە. ئەمە مانای ئەوەیە کە پێنج یەکی سەرچاوەکانی کاری لەم جۆرە بۆ دابینکردنی نرخی تێچوونی تەرخانکراوەیی گەندەڵی تەرخان دەکرێت.

بێگومان پێویستە ئەو بڕە کاتەی بەشێکی کارەکەی بخرێتە سەر، کە تا ئێستا نازانرێت چەندە، کە کارمەندانی حکومەت لە گفتوگۆی گەندەڵیدا بەسەری دەبەن لەبری ئەنجامدانی ئەرکە ڕاستەقینەکەیاندا کە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەوڵەت یاخود ڕێنماییە یاساییەکانێتی. ئەنجامەکانی ڕووپێویی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان لە سربیا ئەوەی دەرخستووە کە نزیکەی سێیەك (34٪)ی ئەوانەی رایان وەرگیراوە لەو بڕوایەدا نین تێچوونی مامەڵەکاری هەبێت کە ئەوان دابینی بکەن، بەو مانایەی کە تەنانەت هیچ بەشێك لە کاتی کارەکەیان بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی بەکار نایەت (هەرچەندە ئەمەش روو دەدات)و نزیکەی پێنج یەکێك (21٪) دەڵێن کە ئەوان کەمتر لە 1٪ی کاتی کارەکەیان بۆ ئەوە بەکار دێنن. بەهەرحاڵ نزیکەی چواریەك (24٪)ی ئەوانەی رایان وەرگیراوە وایان هەژمار کردووە کە تا لە 25٪ی کاتی کارەکەیان بۆ مامەڵەکردن لەتەك گەندەڵی یاخود ئەنجامدانیدا بەکار دێت، نزیکەی 5٪ی ئەوانەی رایان وەرگیراوە دەڵێن کە بۆ مامەڵەکردن لەتەك گەندەڵیدا پتر لە 25٪ی کاتی کارەکەیان بەکار دێنن. ئەم ئەنجامانە چەند پلەیەکی گرنگی نرخی تێچوونی مامەڵەی گەندەڵی لە سربیا نیشان دەدەن. یەکەم ئەو کاتی کارکردنەی کە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان لە ئەنجامدانی گەندەڵیدا بەکاری دێنن تەواو جیاوازە، بەڵام بە گشتی دەشێت کە بە کاتێکی زۆر بخەمڵێنرێت. دووەم، جیاوازییەکە دەشێت بەو ڕاستییە لێك بدرێتەوە کە هەندێك لە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان هەوڵی ئەوە دەدەن بە هەر شێوەیەك بێت خۆیان لە گەندەڵی یان لە بەرتیلدان بەدوور بگرن. ئەم جۆرە خاوەن پرۆژە تایبەتانە کاتێکی یەکجار زۆر بەسەر دەبەن بۆ گەڕان بە شوێن ڕێگەیەکدا کە خۆیان لە بەرتیلدان بەدوور بگرنو ئەمەش نرخێکی تەواو زۆرە کە گەندەڵی دەیسەپێنێت بەسەر خاوەن پرۆژە تایبەتەکاندا. گەر ئەو کاتی کارکردنەی خاوەن پرۆژەیەکی تایبەت بەکاری دێنێت بۆ گەڕان بە شوێن ڕێگەیەك بۆ خۆ بەدوورگرتن لە بەرتیلدان، بەر لە هەموو شتێك، بەسترابێت بە بڕی بەرتیلەکەوە، لەبەر ئەوە ناشێت ئەووە بکەینە گریمانە کە بڕی بەرتیلەکە لە خاوەن پرۆژەیەکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازیی دەبێت، بەڵکو بە زۆری پەیوەندیی بەو چالاکییە بازرگانییەوە دەبێت کە ئەو خەریکییەتی.

ئەنجامەکانی ڕووپێویی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان ئەوە نیشان دەدەن کە کۆی خەرجییان بۆ گەندەڵی لە 1٪ تا 10٪ی سەرجەم داهاتیانە. پێدەچێت کە ئەو جیاوازییە لە بەشداریکردندا بووبێتە هۆی جیاوازیی ئەو کاتەی کە بەسەر دەبرێت بۆ مامەڵەکردن لەتەك گەندەڵیدا، یاخود بە تایبەتی بۆ مامەڵەکردن لەتەك ئەو ڕێگەیانەی دەبنە هۆی خۆ بەدوورگرتن لە گەندەڵی. بێگومان تاوەکو بڕی ئەو بەرتیلەی دەدرێت زۆرتر بێت هێندە خاوەن

www.pertwk.com

پرۆژە تایبەتەکان پەرۆشتر دەبن بۆ ئەوەی هەوڵ بخەنە گەڕ (کاتی کارکردنیان) بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ خۆ بەدوورگرتن لەو پارەدانە. بە بێ گوێدانە ئەو هاندەرانەی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان، گومان لەوەدا نییە ئەو کاتی کارکردنەیان کە بۆ چالاکیی بەرهەمهێنان یاخود بۆ ئەو چالاکییانەی کە بەهای نوێ بەدەست دێنن بەکار ناهێنرێت دەشێت گەورەترین نرخی مامەڵەی گەندەڵی پێکبهێنێتو ئەنجامەکانی ڕووپێو ئەوە نیشان دەدەن کە ئەم نرخی تێچوونە لە سربیا گەلێك بەرزە.

کاتێك کە لە قەبارەی نرخی تێچوونی مامەڵەکانی گەندەڵی ورد دەبینەوە، یاخود لە کاریگەریی ئەو نرخی تێچوونانە لەسەر خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی پێویستە جیاوازی لە نێوان گەندەڵیی بەنێوەندکراوو نێوەندنەکراودا بکەین. گەندەڵیی بەنێوەندکراو، لە ڕووی تیۆرییەوە، گەلێك گونجاوترە بۆ چارەسەرکردن لە گۆشەنیگای ئەو بڕی تێچوونانەی مامەڵەکانییەوە، وردتر بڵێین، لە حاڵەتی بەنێوەندکردنی تەواودا تەنیا یەك ڕێکەوتن لەسەر گەندەڵی، واتە یەك مامەڵە، هەیە. لەبەر ئەوە تێکڕای نرخی تێچوونی مامەڵەکە نزمترە. بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی لە دەرەوەهێنانی مۆز، هەروەك نموونەکەی لەمەڕ خۆمان، تەنیا یەك ڕێکەوتنی گەندەڵی پێویست دەبێت لەتەك کارمەندە دەسەڵات پێدراوە حکومەتییەکەدا کە دەشێت کابرایەکی سیاسەتمەدار بێت، بۆ نموونە وەزیرێك – ئیتر هەموو کارەکانی تر تەنیا ڕۆتینە. گەندەڵیی نانێوەندکراو واتە زۆربوونی پەرشو بڵاوییەکەی، ژمارەی ئەو ڕێکەوتنە گەندەڵییانە زۆر دەکات کە پێویستە بکرێن، واتە ژمارەی مامەڵە گەندەڵییەکان، لەبەر ئەوە بە ناچاری نرخی تێچوونی مامەڵەکە زۆر دەکات. لە ڕێی تەواو پەرشو بڵاوی یاخود نانێوەندکردنی گەندەڵییەوە (کە هەر کەسەو پارووی خۆی دەوێت) دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تێکڕای نرخی تێچوونی مامەڵەی گەندەڵییەکە گەلێك زۆر دەبێتو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێکی گەورەی سەرچاوەکانی کۆمەڵگە بۆ چالاکییە نابەرهەمهێنەرەکان یاخود بۆ ئەو چالاکییانە تەرخان دەکرێت کە بۆ دابەشکردنەوەی خۆشگوزەرانییە نەك بۆ ئەو چالاکییانەی کە بەهای نوێ دێننە گۆڕێ. گەندەڵیی بەنێوەندکراو لە هەندێك ڕووی تایبەتەوە بریتییە لە شتێکی باش لە هەلۆیستێکی خراپدا. بەر لە هەموو شتێك نرخی تێچوونی مامەڵەکە کەمتر دەکات. دووەمیش، جەنگان دژ بە گەندەڵیی بەنێوەندکراو تا ڕادەیەك ئاسانترە، بێگومان مەرجی پێشەکیش بۆ ئەمە بوونی خواستێکی بەهێزی سیاسییە. کێشەکە لەوەدایە کە لە بارودۆخی گەندەڵیی بەنێوەندکراودا، لەبەر ئەو هۆیەی کە ئاشکرایە، زۆرجار ئەو خواستە نییە.

گونجاوترین پێوانە (خەمڵاندن) بۆ پلەو ئاستی پەرشو بڵاویی گەندەڵی لە کۆمەڵگەیەکدا بریتییە لە ژمارەی ئەو شوێنانەی کە دەبێت لە بەرامبەر بەدەستهێنانی هەمان خزمەتگوزاریدا بەرتیلی لێبدرێت. ئەنجامەکانی ڕووپێویی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان لە سربیا ئەوە نیشان دەدەن کە نزیکەی 65٪ی ئەوانەی ڕووپێوەکەیان لەسەر کراوە ناچار کراون کە دوو جار یان زیاتر بەرتیل بدەن. بەهەرحاڵ لەو 65٪ی وەڵامانە، دووبارەبوونەوەی دوو جار یان زیاتر پارەدان جیاوازیی زۆری تێدایە، نزیکەی 30٪ی وتوویانە کە دووبارەبوونەوەکە هەمیشە، زۆرجار یان بە زۆری هەیە. بە پێچەوانەوە لە ئەنجامەکانی ڕووپێوی بیروڕای خەڵکیدا ئەزموونی هاووڵاتییان تا ڕادەیەك جیاوازە. لەنێو ئەوانەدا کە بە ئەزموونی گەندەڵیدا تێپەڕیون 63٪یان تەنیا لە یەك شوێن پارەیان داوەو 26٪یان لە دوو شوێنو 15٪یان لە سێ شوێن یان زیاتر پارەیان داوە. لەبەر ئەوە، وا دیارە کە لە سربیا دوو ئاستی بەربڵاوی یاخود بەنێوەندکردنی گەندەڵی هەیە. لە کاتێکدا ئەو گەندەڵییەی کە ڕووبەڕووی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان دەبێتەوە تا ڕادەیەك پەرشو بڵاوە، دەبینین ئەو

www.pertwk.com

گەندەڵییەی ڕووبەڕووی هاووڵاتییانی سربیا دەبێتەوە تا ڕادەیەك بەنێوەندکراوە. بە بێ بوونی توێژینەوەی دی، ناتوانرێت لێکدانەوەیەکی ماقووڵ بۆ ئەم دیاردانە بکرێت کە لە یەکەم تێڕوانیندا دژ بە یەك دێنە بەرچاو. بەهەرحاڵ زۆر گرنگە ئەوە دەستنیشان بکرێت کە ئەو ڕاستییەی پەرش و بڵاویی گەندەڵی لەمەڕ خاوەن پرۆژە تایبەتەکان جەختکردنەوەیە لەسەر بوونی نرخی تێچوونێکی زۆری گەندەڵی، یاخود بەسەربردنی گەلێك لە کاتی کارکردنی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان بۆ بەشداریکردن لە مامەڵە گەندەڵیدا.

گەر ئەم جۆرە پێکهاتەیەی بازاڕی گەندەڵی بە پێی بنەمای گریمانەکانمان بێت کە سربیا بە شێوازێکی دزیکراسی بەڕێوە دەبرێت کە بە پێناسە مانای گەندەڵیی بەنێوەندکراو دەگەیەنێت، ئەوا مەسەلەیەکی تر سەرهەڵدەدات. بە واتایەکی دی، ئاخۆ دەشێت ئەو ئەنجامانەی زووتر باس کران وەك بنەمایەکی ئەزموونی لێکبدرێنەوە بۆ ڕەتکردنەوەی گریمانەکانمان؟ وەڵامەکە نەخێرێکی ئاشکرایەو بە پێی هیچ هۆکارێك وا نییە. وردتر بڵێین، دزیکراسی مانای بەنێوەندکردنی گەندەڵییە لە ڕووی پلاندانان و بە گشتی جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەنجامدانی گەندەڵی لە چوارچێوەی دزیکراسیدا مەرج نییە بە ناچاری هەر بەنێوەندکراو بێت. ئەمەش، بەر لە هەموو شتێك، پابەندە بە ژمارەیەکی زۆر هۆکارەوەو یەکێك لەوانە ژمارەی ئەو کەسانەن کە لە ڕیزی دابینکردنی گەندەڵیدان (یاخود کارمەندانی حکومەت) ئەوانەی لەنێو گەندەڵیی دزیکراسیدان. پێدەچێت لە سربیا، وەك بەشێك لە دزیکراسی، دوو جۆر دابەشکردنی پێکهاتەی بازاڕ یاخود ڕێکخستنی پیشەسازیی گەندەڵی هەبووە. یەکێکیان ئەوەیە کە پەیوەندیی بە خزمەتگوزاریی گەندەڵییەوە هەیە بۆ ئابووری یان بۆ ئەو پرۆژانەی کە تا ڕادەیەك پەرشوبڵاون، ئەویتریان ئەوەیە کە پەیوەندیی بە خزمەتگوزارییەکانی گەندەڵییەوە هەیە بۆ هاووڵاتییان و تا ڕادەیەك بەنێوەندکراوە. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەوە دێتە پێش کە نرخی تێچوونی مامەڵەی گەندەڵی لە بارودۆخی گەندەڵیی پرۆژە تایبەتەکاندا زۆرترە. بەهەرحاڵ ئەمە کاریگەریی لەسەر هاووڵاتییان یان بەکارهێنەران هەیە چونکە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان، بێگومان بەشێکی زۆری ئەو نرخی تێچوونی مامەڵەیە دەخەنە سەر نرخی بەرهەمەکانیان و لە ڕێی ئەوەشەوە ئەو نرخە دەخەنە سەر شانی هاووڵاتییان.

نرخی تێچوونی مامەڵەی گەندەڵی بەندە بە تێچوونە ماددییەکانی جێبەجێکردنی ئەم جۆرە ڕێکەوتنەو ئەو تێچوونانەش بەندن بە ئەگەری ئەوەی کە ئاخۆ ڕێکەوتنی گەندەڵییەکە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێت.

مرۆڤ دەشێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بگاتە ئەو ئەگەرە، لەسەر بنەمای ئەو زانیارییەی کە پەیوەندیی بە ژمارەی ئەو ڕێکەوتنە گەندەڵییانەوە هەیە کە جێبەجێ کراون. ئەنجامەکانی ڕووپێویی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەوان زۆر بە دەگمەن یان هەرگیز بە بێ بەدیهێنانی ئەو خزمەتگوزارییەی کە لەسەری ڕێککەوتن بووەو پارەی بۆ دانراوە پشتیان تێهەڵکرابێت. ئەمە تەنیا 5٪ی حاڵەتەکان بووە. لە 12٪ی حاڵەتەکاندا لە کاتێکدا کە هەموو ئەوانی دی ئەو خزمەتگوزارییەیان بەدەست هێناوە کە پارەیان بۆ داوە (هەمیشە، زۆرجار، بە زۆری) ئەمە ڕووی داوە. بە واتایەکی دی، ئەگەرێکی گەلێك زۆر هەیە کە ئەو خزمەتگوزارییەی پارەی بۆ دراوە بەدەست بێت. ئەمە سەبارەت بەو گەندەڵییانەی کە پەیوەندییان بە هاووڵاتییەوەیە لە مەودایەکی فراوانتردا ڕاست دەردەچێت. بە پێی ئەنجامەکانی بیروبۆچوونی جەماوەر 90٪ی هاووڵاتییانی سربیا کە لە هەڵوێستی ئەوەدا بوو بن بەرتیل بدەن، ئەو خزمەتگوزارییەیان بەدەست هێناوە کە لە کارمەندە حکومەتییە گەندەڵەکەیان خواستووە یاخود ئەو خزمەتگوزارییەی کە لە پێناویدا بەرتیلیان داوە. لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت کە نرخی تێچوونی جێبەجێکردنی مامەڵەی گەندەڵی تا ڕادەیەك کەمە، لەبەر ئەوەی

ئەگەری جێبەجێکردنەکەی گەلێك بەرزە. بەهەرحاڵ، ئەمە دەشێت سەرلێتێکردە بێت. وردتر بڵێین، تەواو دەشێت کە ئەم ئەگەرە بەرزە هەر تەنیا ئەنجامی ئەو نرخی تێچوونە بەرزەی مامەڵەکارییەکە بێت، یاخود ئەو سەرچاوە زۆرانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی گەندەڵییەکەدا دەخرێنە گەڕ.

بێ گوێدانە ئەو مشتومڕەی باس کرا، هەموو ئەو ئەنجامانەی دیاری کران سەبارەت بەوەی کە نرخی تێچوونی مامەڵەکە لە سربیا تا ڕادەیەك بەرزەو بەشێکی گەورە لە تێکڕای نرخی تێچوونی گەندەڵی پێك دێنێت. ئەو نرخی تێچوونی مامەڵەیە دەرەنجامێکی گەلێك نالەباری هەیە لەسەر تەرخانکردنی سەرچاوەکان و بەو پێیەش لەسەر خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی. نرخی تێچوونی مامەڵەی گەندەڵی، لە مەودایەکی نزیکدا، لەوانەیە گەورەترین دزێوی بێت کە بەهۆی گەندەڵییەوە هاتۆتە گۆڕێ.

کاریگەریی گەندەڵی لەسەر خۆشگوزەرانی لە مەودای دووردا:

بە پێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە باس کران، یاخود بە پێی قەبارەی نرخی تێچوونی مامەڵەکە، گەندەڵی زۆر لە تاوانکارییەکی ڕێکخراو دەچێت لەبەر ئەوەی هەردوو چالاکییەکە نایاسایین (پەیوەندیی نێوان گەندەڵی و تاوانی ڕێکخراو دواتر باس دەکرێت). لەبەر ئەوە هیچ کام ناتوانن دەزگا یاساییەکانی سیستەمەکە بەکار بهێنن و دەبێت چالاکییەکانیان ژێربەژێر بێت. هەردوو چالاکییەکەش مامەڵە لەتەك دابەشکردنەوەی خۆشگوزەرانیدا دەکەن نەك دروستکردنی. لە ڕێی ئەم چالاکییانەوە هیچ بەهایەکی تر یاخود خۆشگوزەرانییەکی نوێ دروست نابێت. لەبەر ئەوە هەردوو چالاکییەکە وێرانکەرن بۆ هەر کۆمەڵگەیەك.

لە وردبوونەوەی دیاردەی تاوانی ڕێکخراودا "فیۆرینتینی و پیڵتزمان" ئاماژە بەو ڕاستییە دەدەن کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دوو جۆر چالاکی هەن: دروستکەر کە خۆشگوزەرانی دروست دەکات یان تێکڕایی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگە زۆر دەکات و دابەشکردنەوەکە (هەروەك گەندەڵی و تاوانی ڕێکخراو) هەر تەنیا دابەشکردنەوەی ئەو خۆشگوزەرانییە کە هەیە دەگرێتەوە. پرسیاری سەرەکی بۆ داهاتووی هەر کۆمەڵگەیەك ئەمەیە: چۆن ئەو سەرچاوانەی کە هەن لە نێوان ئەو دوو گروپە چالاکیانەدا تەرخان دەکرێن؟ ئەگەر گەورەترین بەشی سەرچاوەکان بۆ چالاکییە دروستکەرەکان تەرخان بکرێن، ئەوا بەهای نوێ پێك دێت و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگە زۆرتر دەبێت. ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە داهاتووی هەیە. گەر گەورەترین بەشی سەرچاوەکان بۆ چالاکیی دابەشکردنەوە تەرخان بکرێت، ئەوا هیچ بەهایەکی نوێ پێك نایەت و هیچ خۆشگوزەرانییەکی نوێ نابێت. تەنیا یەك گۆماوی لیخنی پڕ لە تیمساح دەبێت. ئاستی ئاوی گۆمەکە هەردەم نزمتر دەبێت و تیمساحەکان دڕندەتر دەبن، تالانی کەم دەبێتەوە و لە کۆتاییدا گۆمەکە بەرەو وشکبوون دەڕوات و هیچ گۆمێکی دی و هیچ تیمساحێکی دی نابن و هەروەها هیچ کام لەوانەی لەو گۆماوەدا بوون. ئەو کۆمەڵگانەی کە تەواو دەکەونە نێو گەندەڵی و تاوانی ڕێکخراوەوە داهاتوویان نییە و لێکهەڵدەوەشێن.

چۆن سەرچاوەکان لە نێوان ئەو دوو جۆرە چالاکییەدا تەرخان دەکرێن و بە چ ڕێژەیەك بەندن بە ژمارەیەك فاکتەرەوە؟ بەهەرحاڵ، فاکتەری سەرەکی چوارچێوە دامەزراوەییەکەیە، یاخود ئەو مەودایەی کە ئەو چوارچێوەیە کاریگەریی هەیە لەسەر بەرهەمهێنەری سەرچاوەکان لەم چالاکییانەدا. وردتر بڵێین بەم جۆرە چوارچێوە دامەزراوەییەکان دەبنە هاندەر بۆ کەسانی بواری ئابووری کە سەرچاوەکانیان بۆ ئەو چالاکییانە تەرخان بکەن. دەبێت بە دوای هۆیەکانی ئەو چوارچێوە دامەزراوە ئابوورییە بەرزە، یاخود توانای دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا لەو چوارچێوە دامەزراوەییەدا بگەڕێین کە هانی تەرخانکردنی سەرچاوەکان دەدات لە ڕێی چالاکییە

www.pertwk.com

دروستکەرەکان بە باشی بەکارهێنانیان لەو رووەوە. توانا ئابوورییە لاوازەکانی کۆمەڵگەکانی دی نابێت تەنیا بەوە لێك بدرێتەوە کە سەرچاوەی کەمیان لە بەردەستدایە، بەڵکو بەهۆی ئەو چوارچێوە دامەزراوەییەشەوە کە هاندەر نییە بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەکان لە کاری دروستکردندا بەڵکو بۆ تەرخانکردنیانە لە دابەشکردنەوەدا. ترسناکترینی فاکتەرەکان ئەوەن کە ئەوانەی سەرچاوەکانیان لە چالاکییەکانی دابەشکردنەوەدا خستۆتە گەڕ، یاخود تایبەتمەندبوون لەو چالاکییانەی وەك تاوانکاری رێکخراو یان گەندەڵیدا دەیانەوێت کاریگەریی تریان هەبێت لەسەر گۆڕانکارییەکانی چوارچێوەی دامەزراوەیی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تاوەکو بتوانن ئاستی بەرهەمهێنەریی ئەو سەرچاوانەی خۆیان زۆر بکەن کە تازە خستوویانەتە گەڕ، ئەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی سەرچاوەکان لە شێوی بەرهەمهێنەرەوە بۆ چالاکیی نابەرهەمهێنەر – کە ئەوەش رێگەیەکی مسۆگەرە بۆ راوەستانی گەشەی کۆمەڵگە. سربیا لە ساڵانی (1990)ەکاندا بەرەو ئەو رێگەیە برا.

ئەمە لێدوان سەبارەت بە کاریگەریی مەودافراوانیی گەندەڵی دەهێنێتە گۆڕێ. پرسیاری سەرەکیی پەیوەندار بە کاریگەریی مەودافراوانیی گەندەڵی ئەمانەن: چۆن سەرچاوەی نوێ رادەکێشرێت و تەرخانکردنێکی کارایان بۆ دەستەبەر دەکرێت؟ بە واتایەکی دی، چۆن گەشەکردنێکی ئابووریی بەردەوام و زۆرکردنێکی درێژخایەنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی یاخود خۆشگوزەرانیی درێژخایەنی ئابووریی وڵات دەستەبەر دەکرێت؟

توێژینەوەی ئەزموونی بە بێ هیچ گومانێك ئەوەی نیشان داوە کە ئەو وڵاتانەی ئاستێکی زۆری گەندەڵییان تیا تۆمار کراوە رێژەیەکی نزمتر لە گەشەکردنی ئابوورییان هەیە. چەند هۆیەك هەن بۆ بوونی ئەو دەرەنجامانەی گەندەڵی، یاخود چەند میکانیزم تاقی کرایەوە کە مامەڵە لەتەك بریگرێتیی تەرخانکردنی سەرچاوەکان بە چالاکییەکانی دروستکردن و دابەشکردنەوەوە دەکات. هەڵوێست سەبارەت بەم کێشەیە لە سربیا دەشێت لە خواستی لاواندا سەبارەت بە کارە پیشەییەکان ببینرێت.

مرۆڤ پێویستە ئاواتی ئەوە بخوازێك کە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی نیوەی دووەمی ساڵی 2000 ببنە هۆی گۆڕانی سیستمی کۆمەڵایەتیی ئەو بەهایانەی کە لە سربیای سەردەمی میلۆسۆڤیچەوە مابۆوە و بە پێی ئەو بەهایانەش تاوانکاران هاووڵاتیی بەڕێز بوون و ئەو شایەرانەش کە هیچ توانایەکی مۆسیقاییان نەبوو هاووڵاتیی بەڕێز بوون و تا رادەیەك بە هونەرمەند دادەنران.

دووەم میکانیزم پەیوەندیی بە وەگەڕخستنی بیانیی راستەوخۆوە هەیە. وردتر بڵێین، بەهۆی نەبوونی سەرمایەوە لە گەلێك لاتدا هۆکاری سەرەکیی گەشەکردنی ئابوورییان لە خستنەگەڕی بیانیی راستەوخۆدا خۆی دەبینێتەوە. پرۆسەی بەجیهانیکردن (عەولەمە) لەم دواییانەدا بووە هۆی دروستکردنی پەیوەستییەکی بەهێزی نێوان وەگەڕخستنی بیانیی راستەوخۆ و رێژەی گەشەکردن لە گەلێك وڵاتدا، کە تا رادەیەك گشت وڵاتان دەگرێتەوە، وڵاتە تەواو گەشەکردووەکان نەبێت. گەر ئاستێکی بەرزی گەندەڵی هەبێت لە یەکێك لە وڵاتەکاندا، ئەوا پارە وەگەڕخەرانی بیانی دوودڵ دەبن لە بەدیهێنانی پارە وەگەڕخستنەکانیاندا یان ئەگەر بەدیهێنانی ئەو وەگەڕخستنانەیان کەم دەبێتەوە. بەو جۆرە، بڕی ئەو پارەیەی کە دەبێت بۆ گەندەڵی بدرێت لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو وەگەڕخستنانە، هەرچەندە دەبێتە هۆی زۆربوونی نرخی تێچوون، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. لەوە گرنگتر ئەو راستییەیە کە ئاستێکی بەرزی گەندەڵی یان بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، دەبێتە هۆی نەبوونی دڵنیایی یاخود بوونی مەترسی لە رووی پارە وەگەڕخەراندا، نەك هەر تەنیا لە کاتی وەگەڕخستنەکەدا بەڵکو

لەتەك سوورە ئابووریی ئەو پرۆژەیەشدا کە ئەو پارەیەی تیا وەگەڕ خستووە. زۆربوونی ئەگەری مەترسی بڕی تێچوون زۆر دەکات کە ئەوەش نرخی ئەو دەستمایەیە پتر دەکات کە لەلایەن پارە وەگەڕخەرەوە دەدرێت. لەبەر ئەوە، پێویستە ئەو چاوەڕێی زۆرترین ڕێژەی قازانج بکات لەو پرۆژەیەی کە پارەی تیادا وەگەڕ دەخات. گەر لە وڵاتێکدا بەهۆی گەندەڵییەوە نرخی سەرمایە بەرز ببێتەوە، ئەو ئەگەرە هەیە کە قازانجە چاوەڕوانکراوەکە هێندە نابێت کە ئەو نرخە بگرێتەوە. لەبەر ئەوەی پارە وەگەڕخەرە بیانییە ڕاستەوخۆکان جیاوازیی نێوان ڕێژەی قازانجی گەڕاوەی چاوەڕوانکراو لەگەڵ نرخی ئەو سەرمایەی دەیدەن کەم دەکەنەوە، ئەوان ئەو وڵاتانە هەڵدەبژێرن کە مەترسیی لەسەر وەگەڕخستن کەمترە (نرخێکی کەمی سەرمایە)، لەبەر ئەوە ئەو وڵاتانەی کە ئاستێکی زۆری گەندەڵییان تێدایە دەکەونە دەرەوەی وورووژمی وەگەڕخستنی بیانیی ڕاستەوخۆوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ڕێژەی گەشەکردنی ئابوورییان. سەرەڕای ئەوەش، لەبەر ئەوەی پارە وەگەڕخەرە بەتواناکان گەلێك بێزارن لە بوونی مەترسی، لەو وڵاتانەی گەندەڵییەکی زۆریان تێدایە سەرمایەیەك دەردەکەوێت کە جامبازکارییە، یاخود ئەو پارە وەگەڕخەرانە دەردەکەون کە ناوبانگێکی گومانلێکراویان هەیە. ئەمەش دیسان ڕێژەی گەشەسەندنی ئابووری کەم دەکاتەوە لەو وڵاتانەی گەندەڵییەکی زۆریان تێدایە.

لەتەك وەگەڕخستنی بیانیی ڕاستەوخۆدا، گەندەڵی کاریگەریی لەسەر دەستەبەرکردنی دارایی لە بازاڕی سەرمایەی جیهانیدا، یاخود کاریگەریی لەسەر بەدەستهێنانی قەرز هەیە لەم بازاڕەدا. چوونە نێو بازاڕی سەرمایەی جیهانی سوودی بۆ هەموو ئەو وڵاتانە هەیە کە دابینبوونی سەرمایە تیایاندا کەمە. لەو ڕێیەوە ڕێژەی قازانجی سەرمایەی ناوخۆ کە تا ڕادەیەك بەرزە (وەك دەرەنجامێکی کەمیی سەرمایە) دێتە خوارەوە، ئەمەش مانای وەگەڕخستنێکی زۆرتر یاخود ڕێژەیەکی بەرزتری گەشەسەندنی ئابووری دەگەیەنێت. بەهەرحاڵ، ئاستێکی بەرزی گەندەڵی مەترسیی لە خستنەگەڕی سەرمایە لەو وڵاتەدا زۆر دەکات، کە ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بڕی ئەو سوودەی کە لەلایەن قەرزدەرەکانەوە داوا دەکرێت. ئەمەش بە ناچاری دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوکێشەیی قازانج کە دەشێت سەرمایەی لە بازاڕی جیهانی بۆ قەرز بکرێت. زیادبوونی ڕێژەی قازانجی هاوکێشەیی بە ناچاری مەودای وەگەڕخستن کەم دەکاتەوەو لەو ڕێیەشەوە ڕێژەی پەرەسەندنی ئابووریی ئەو وڵاتە کەم دەکات.

تا چ ڕادەیەك ئەو گەندەڵییە تێبینیکراوەی سربیا لە دەیینەی پێشوودا کاریگەریی لەسەر گەشەسەندنی ئابووریی وڵاتەکە یاخود لەسەر گۆڕانی درێژخایەنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی بووە؟ ئەم پرسیارە دەشێت بکرێتە دوو بەش: یەکێکیان لەبارەی کاریگەریی گەندەڵی لەسەر وەگەڕخستنی بیانیی ڕاستەوخۆو ئەویتریان لەبارەی دەرکەوتنی سربیا لە بازاڕی سەرمایەی نێودەوڵەتیدا. سەبارەت بە وەگەڕخستنی بیانیی ڕاستەوخۆ، لە دە ساڵی ڕابردوودا ئەو کارە لە سربیا نەکرا لەبەر چەندین هۆ. هەندێك لەو هۆیانە ڕەسمی بوون (قەدەغەکردنی وەگەڕخستن وەك بەشێك لە سزای سیاسی دژ بە وڵاتەکە)، هەندێکیشیان بنەڕەتی بوون (مەترسیی لە ڕادەبەدەر وەگەڕخستن، بە تایبەتی ئەو مەترسییانەی کە بە مەترسیی نابازرگانی یا سیاسی ناو دەبرێن). بەم جۆرە، ناسەقامگیریی سیاسی کە جەنگو گۆڕانی سنوورو ڕووداوی نائاسایی دیکەی بە دوادا هات ئەو دۆخی مەترسییەی بۆ وەگەڕخستنی بیانیی ڕاستەوخۆ دروست کرد بە جۆرێك ڕێژەیەکی هێندە بەرزی قازانج نەبوو کە بتوانێت قەرەبووی مەترسییەکی وەها بکاتەوە. لەو جۆرە بارودۆخانەدا، گەندەڵی پەیوەندیی بە پارە وەگەڕخەرانەوە نییە. بە واتایەکی دی ئەوان گەلێك بەر لەوەی کە لە مەترسیی گەندەڵی ورد ببنەوە بڕیاری

وەگەڕنەخستنی سەرمایەی خۆیان داوە. شتێکی سەمەرەیە کە تاکە وەگەڕخستنی بیانیی راستەوخۆی گەورە لە سربیا لە (1990)ەکاندا وەگەڕخستنی (STET)ی ئیتالیاییو (OTE)ی یۆنانی بوو کە لەوانەیە لە رێی یارمەتیی گەندەڵییەوە بەدی هاتبن.

سەبارەت بە ئامادەبوون لە بازاڕی سەرمایەی نێودەوڵەتی، سربیا یان کۆماری یۆگۆسلاڤیای فیدراڵ وڵاتێکی تەواو قەرزار بوو بە جۆرێك لە دە ساڵی رابردوودا هیچ بوارێکی بۆ چوونە نێو بازاڕی سەرمایەی نێودەوڵەتیی نەبوو، تاوەکو ئێستاش ئەو بوارەی هەر نییە تاوەکو پابەندییەکانی خۆی بە خاوەن قەرزە نێودەوڵەتییەکانەوە رێك نەخات. تەنیا کاتێك کە پابەندییەکانمان بەرامبەر بە خاوەن قەرزە بیانییەکان رێك خست، وڵاتەکەمان دەتوانێت ئامادەیی هەبێت لەو بازاڕەدا. هەر تەنیا ئەو کاتەشو لەسەر بنەمای ئەو پارەیەی بۆ مەترسی دەدرێت، زانیاریی دروستی سەبارەت بە کاریگەرییەکانی گەندەڵی پێدەگات لەسەر پارەی زیادەی بوونی مەترسی کە دەبێت بدرێت، یاخود کاریگەری لەسەر رێژەی پەرەسەندنی ئابووریی وڵات. ئەمە هێشتاکە بۆ داهاتوو لە بەردەمماندایە.

لە کۆتاییدا ئێمە لە رێی وردبوونەوە لە پەیوەندیی نێوان گەندەڵیو تاوانکاریی رێکخراوەوە دەگەینە بەدەستهێنانی سەرەنجامی کاریگەرییە ئابوورییە درێژخایەنەکانی گەندەڵی. هەرچەند جیاوازیی گەورە هەیە لە نێوان هەندێك لە پێناسەکانی تاوانکاریی رێکخراودا، ئەوە ئاشکرایە کە تاوانکاریی رێکخراو لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی بەهێزی نێوان تاوانو دەوڵەتە، یاخود لە دەستبەسەراگرتنی هەندێك لە کارەکانی دەوڵەتدایە (لە سەروو هەمووشیانەوە، جێبەجێکردنی یاساکان) لە رێی تاوانکاریی رێکخراوەوە. گەندەڵیش میکانیزمی سەرەکییە لەم گۆڕانکارییەدا یاخود لە دەستبەسەراگرتنی ئەو کارانەدا. ئەمەش، بەر لە هەمووی، کاتێك کە مرۆڤ مامەڵە لەتەك گەندەڵیی پۆلیس یان دەسەڵاتدارانی دادگای دەوڵەتدا دەکات. تاوانکاریی رێکخراو دواتر وەك دەوڵەتێکی نوێ خۆی دەردەخات، یاخود وەك دەوڵەت لە نێو دەوڵەتدا کە هێز یاخود جێبەجێکردنی یاساکانی لە بەشێکی کۆمەڵگەدا قۆرخ کردووە. لە بارودۆخی ئاساییدا تاوانی رێکخراو بە بێ گەندەڵی نابێت.

بەو پێیە لە سربیا، هەروەك لە هەر وڵاتێکی دیکەدا، بەرژەوەندیی تاوانی رێکخراو لەوەدایە کە گەندەڵی پتر بێتو لە رێی ئەوەشەوە دەست بەسەر زۆرترین کارەکانی دەوڵەتدا بگیرێت تاوەکو هێزی خۆیو کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە زۆر بکات. پەرەسەندنی گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی مەرجێکی پێشەکی بۆ گەشەسەندنی رۆڵی تاوانکاریی رێکخراو. ئەمەش رۆڵی بنەڕەتیی دەوڵەت، یاخود ئەرکی سەرەکیی دەوڵەت واتە جێبەجێکردنی یاساکان لاواز دەکات. سەرجەم کۆمەڵگەش دەبێتە قەوارەیەکی نارێکخراو کە تیایدا هیچ کەس پەرۆشی ئەوە نییە بە شێوەیەکی بەرهەمهێنەر سەرچاوەکانی بخاتە کار. کۆمەڵگە دەبێتە ئەو گۆماوەی کە پڕە لە تیمساح وەك کەمێك پێشتر باس کرا، گەر گۆڕانکاری روو نەدات ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە بەرەو وێرانی دەچێت – گۆماوەکە وشك دەبێت.

لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی گەندەڵی:

هەژاری، کەم تا زۆر، هۆکارێکی بڕیاردەری گشتیی ئەمڕۆی سربیاو بەشێکی زۆری خوارووی رۆژهەڵاتی ئەوروپایە. دابەزینی ئاستی ژیان لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا بە شێوەیەکی زۆر توندو لە سەروو هەموو شتێکیشەوە لە رێی رووداوە هەژێنەرەکانی دەیەی پێشووی سەدەی رابردوواو هەروەها کشانەوەی

www.pertwk.com

گواستنەوەی ئاسایی بووە هۆی دابەزینێکی توندی بەرهەمی نیشتمانی کە بووە هۆی کەمبوونەوەیەکی گەورەی پارەی کڕێ.

هەژارییەکی لە رادەبەدەر بووە هۆی ژمارەیەك کێشە، هەر لە کێشەی تایبەتیی تاکەکەس و خێزانەوە تا دەگاتە بێ ئومێدیی تەواوی گروپەکانی کۆمەڵگە. گەلێك لە ئەندامانی سەرانی کۆمۆنیستی دوێنێ و کاربەدەستانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە سەر بە چینی ناوەند بوون بە خێرایی هەژار بوون و لە پلەوپایەو ئاستە ماددییەکەیان هاتە خوارەوە. دەرەنجامی ئەو ئاست هاتنە خوارەوەیە کەمبوونەوەی ڕێزیان بوو. دابەزینی ئاستی ژیانیان لەگەڵ پەرەسەندنی نائارامیی و نادڵنیایی لە پلەوپایەکانیان بووە هۆی لەناوبردنی سیستمی بەها پێشووەکانیان. بۆ گەلێك کەس و خێزانەکان شتەکان تەواو بە پێچەوانەوە هەڵگەڕانەوە. ئەوان زۆر بە گران ئەو بارودۆخە باسکراوەیان پێ قایل دەبوو بە تایبەتی ئەگەر ئەوە رەچاو بکەین کە ئاستی ژیانی پێشوویان (بەر لە گۆڕانکاری) لەسەر بنەمای ئەو کارانە نەبوو کە جێبەجێیان دەکرد، بەڵکو بە تایبەت لەسەر بنەمای ئەو پلەوپایەیە بوو کە ئەوان لە پێکهاتەی پلەکانەی سەرانی فەرمانڕەوادا هەیان بوو. لە هەمان کاتدا، لە سربیا دوای پەنجا ساڵ ڕێلێگرتن لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیی کۆمۆنیست وا ئێستا گەشەکردنی کەرتی تایبەت هەیە. بێ رەچاوکردنی ژمارەیەك بارودۆخی نالەبار ئەو کەرتە تایبەتە تازە دروستکراوە هەنگاو بە هەنگاو دەستی پێکرد تاوەکو بڕێکی زۆر سەرچاوەی دارایی پێکەوە بنێت. ئەمەش ئەو راستییە پشتگیریی لێدەکات کە بەشداریی کەرتی تایبەت لە بەرهەمی نیشتمانیی سربیادا نزیکەی 40٪ دەبێت. گەشەکردنی کەرتی تایبەت دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پایەی ماددیی ئەندامەکانی. لەبەر ئەوەی گۆڕانی هێز هەیە لە کەرتی ئیشتراکییەوە بۆ کەرتی تایبەت، گۆڕانکاری هەیە لە ئەندامانی سەرانی فەرمانڕەواوە بۆ بازرگانانی کەرتی تایبەت، سەرەڕای ئەو راستییەش کە هەمان ئەو ئەندامانەی سەرانی فەرمانڕەوای سەردەمی کۆمۆنیست بۆ ماوەی پەنجا ساڵ لە رکەبەرە ئایدیۆلۆژییە توندڕەوەکانی خاوەنێتیی تایبەت و بازاڕ بوون. ئەو پرۆسەیەی باس کرا دەبێتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی. بەوجۆرەش لەلایەك چینێکی بچوکی دەوڵەمەند دروست بوو کە بە زۆری ئەندامانی سەرانی فەرمانڕەوای کۆمۆنیستی دوێنێ بوون و لەلایەکی ترەوە جەماوەرێکی زۆری خەڵکی هەژار. ئەمە هۆیەکی ترە بۆ داڕمانی سیستمی بەها پێشووەکان. زۆر زیرەکانە کێشەی هەژاری لە سربیا لە ئەنجامەکانی رووپێوەکەماندا بە باشی خراوەتە روو، چونکە لەناو دە کێشەدا کە خراونەتە پێش چاوی ئەوانەی رووپێوەکەیان لەسەر ئەنجام دراوە هەژاری و تاوان و ناسەقامگیریی سیاسییان بە گرنگترین سێ کێشە داناوە. خۆ ئەگەر وەڵامەکانی پلەی[13] یەکەم و دووەمی بخەینە سەر ئەوا هەژاری وەك گەورەترین کێشە لەلایەن 48.1٪ و تاوان لەلایەن 31٪ی ئەوانەی رایان وەرگیراوە دیاری کراون. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی ئاستی رۆشنبیرییان کەمترە هەژاری تا رادەیەك بە گرنگتر دادەنێن و ئەوانەی ئاستی رۆشنبیرییان زیاترە ناسەقامگیریی سیاسی لایان گرنگترە. لەمەوە ئەوە تەواو ئاشکراتر دەبێت کە هەژاری، لە دوای دە ساڵ گەڕانەوەی ئابووری بەرەو دواوە، یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی سربیا.

وەك کێشەیەك کە بە تایبەت پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە، ئەوانەی کە رایان وەرگیراوە هەژارییان دیاری کردووە. وردتر بڵێین، وەك کێشەی یەکەم لەلایەن نزیکەی نیوەی (48٪) هاووڵاتییانەوە دیاری کراوە و وەك کێشەی پلە دوو لەلایەن نزیکەی پێنج یەکێکەوە (18٪). لە پلەی دووەمدا وەك کێشەیەکی تایبەتیی خۆیان

---

(13) لة رووثيَوةكةدا وا ضاوةروان كرابوو كة بة ثيَى طرنطييان لة نيَو دة كيَشةدا ثلة بؤ دوانيان دابنيَن.

بێکاری لەلایەن (9.1٪)ەوە بە پلەی یەکەمو لەلایەن (14.1٪)ەوە بە پلەی دووەم دیاری کراوە. وەك کێشەی سێیەم ئەوانەی کە رایان وەرگیراوە خراپیی باری ئابووری دیاری کراوە، 8.5٪یان بە پلەی یەکەم دایاننەوەو 9.7٪یان بە پلەی دووەمیان داناوە. بە کورتی، بە پێی بڕوای هاووڵاتییان، هەژاری وەك کێشەی زۆرینەی هاووڵاتییانی سربیا لە گشت ئەوانی دی گرنگترەو لە دوای ئەویش دووانی تریان لە نێو ئەو دە کێشەیەدا ئەوانەن کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبنە هۆی هەژاری، بێکاریو لاوازیی ئابووری.

پەیوەندیی نێوان گەندەڵیو هەژاری بێگومان زۆر ئاڵۆزەو گەلێك رواڵەتی هەیە، هەندێك لەوانە پەیوەندیی هاوبەشو هەندێکیان لاوازو هەندێکیشیان بەهێزن. زۆرجار دیاردەی هەژاری وەك هۆی سەرەکیی گەندەڵی ناودەبرێت. شتێکی خۆشە کە راپرسیی بیروبۆچوونی جەماوەر لە سربیا ئەوە پیشان دەدات کە بەشێکی زۆری جەماوەر هەژاری بە هۆکاری سەرەکیی گەندەڵی دادەنێن. بەهەرحاڵ، بەلای ئێمەوە ئەوە گەلێك خۆشترە کە (لەم بارودۆخەدا) لە کاریگەرییەکانی گەندەڵی لە سربیا بۆ سەر هەژاری ورد ببینەوە.

لە وردبوونەوە لە کاریگەرییە ئابوورییەکانی گەندەڵی یاخود کاریگەرییەکانی سەبارەت بە تەرخانکردنی سەرچاوەکان (بۆ گۆڕانی کورتخایەنی خۆشگوزەرانی) ئەوە تێبینی کراوە کە گەندەڵی نرخێکی زۆری تێچوونی مامەڵەکاری دروست دەکات کە ئەوەش تا رادەیەکی زۆر دەکەوێتەوە سەرشانی بەکارهێنەران لە هاووڵاتییانی ئەو شوێنە. نرخی گەلێك لە شمەکەکان بەرزترن چونکە بەرهەمهێنەران یاخود لە دەرەوەهێنەرانو فرۆشیاران تا رادەیەکی زۆر ئەو بڕە پارانەی کە بۆ گەندەڵی داویانە دەیخەنە ئەستۆی بەکارهێنەران (کڕیاران). لەبەر ئەوە توانای کڕینی جەماوەر کەم دەبێتەوە چونکە بەهۆی گەندەڵییەوە نرخی شمەکەکان بەرز بوونەتەوە. بێگومان نرخ بەرزبوونەوە بۆ گشت بەکارهێنەران (کڕیاران) وەك یەکە. بەهەرحاڵ، ئەمە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی رادەی نایەکسانیی ئابووری، یاخود جیاوازیی کۆمەڵایەتی. هەمان بەرزبوونەوەی نرخی شتێك لە نێو ئەو شتانەی کە بەکارهێنەران دەیانەوێت دەبێتە هۆی دروستبوونی توانای کڕینی جیاواز لەلای ئەوانەی کە دەوڵەمەندنو ئەوانەی کە هەژارنو بەم جۆرەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوە نایەکسانیی ئابووری. لەبەر ئەوە ئەم جۆرە گەندەڵییە دەبێتە هۆی دابەشکردنەوەی راستو دروستیی داهات لە هەژارەوە بۆ دەوڵەمەند یاخود دەبێتە هۆی زیادبوونی نایەکسانیی ئابووری لە کۆمەڵگەدا. بە واتایەکی دی هەژاران هەژارتر دەبن.

لە کۆتاییدا، ئەوە خراوەتە بەرچاو کە گەندەڵی رێژەی گەشەسەندنی ئابووری لە وڵاتدا کەم دەکاتەوە، یاخود دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گەشەسەندنی درێژخایەنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی. بەو شێوەیە ئەگەری ئەوە کەم دەکاتەوە کە لە رێی گەشەسەندنی بەرهەمی نیشتمانییەوە کێشەی هەژاری سووك بکرێت بێ گوێدان بەو دابەشکردنی داهاتە، یان ئەو خۆشگوزەرانییە. ئەو کێکەی کە دابەش دەکرێت چەندە بچوك بێت، ئەوا پارچەکانی هێندە بچوکتر دەبن، جا ئەو کێکە هەر چۆنێك دابەش بکرێت.

ئەوە شتێکی گرنگە کە گەندەڵی رێ لە دەستتێوەردانی دەوڵەت دەگرێت یاخود لە کاری دەخات سەبارەت بە دابەشکردنەوەی داهات یان لە یارمەتیدانی گروپە زۆر هەژارەکاندا. بۆ نموونە، لەبەر کەمبوونەوەی داهاتی حکومەت بەهۆی گەندەڵییەوە، دەوڵەت ناچارە بوودجەی خەرجی کەم بکاتەوە، بە زۆریش ئەو بابەتانەی کە بۆ هەژارترین کەرتەکانی دانیشتوان تەرخان کراون. دەشێت ئەمە بەو نموونەیە روون بکەینەوە کە دەسەڵاتدارانی سۆشیالیستی پێشووی سربیا ماوەی دوو ساڵ هاوکاریی منداڵانیان دوا خست. گەر خەرجیی حکومەت کەم نەکرێتەوە ئەوسا لە رێی بە گشتی بەرزکردنەوەی باجەوە دابین دەکرێت کە ئەمەش بە زۆری کاریگەریی لەسەر

گروپە زۆر هەژارەکانی کۆمەڵگە هەیە. لەم ڕێیەوە دابەشکردنەوەکە دیسان لە هەژارەوە بۆ دەوڵەمەند جێبەجێ دەکرێت، واتە زۆربوونی نایەکسانیی ئابووری.

لە کۆتاییدا، لەگەڵ زۆربوونی هەژاریدا بەرەڵایی کۆمەڵایەتی زۆر دەبێت. هاوکات، هەژاریو بەرەڵایی کۆمەڵایەتی کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر ئاستی چوونە نێو گەندەڵییەوە هەیە. ئەمەش مانای وایە کە هەژاری کاریگەریی راستەوخۆی هەیە لەسەر فراوانبوونی گەندەڵی لە نێوان فەرمانبەرانی حکومەتدا. بەم جۆرە دەگەینە ئەو پێچە تەشیلەییە ئەفسووناوییەی کە هەر فاکتەرێك کاریگەریی لەسەر ئەوی دی هەیە: هەژاری لەسەر گەندەڵی، بەرەڵایی لەسەر گەندەڵی، هەروەها گەندەڵی لەسەر هەژاریو بەرەڵایی. هەر پێچێکی خولە تەشیلەییەکە لە دوای خۆی گەورەتر دەبێت.

سەرەنجام:

کاریگەرییەکانی گەندەڵی یاخود کاریگەرییە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی گەلێك مەترسیدارن بۆ هەر کۆمەڵگەیەك. مەترسیی کاریگەرییەکانی گەندەڵی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەندە بە گەلێك هۆکارەوە. بێگومان یەکێك لەو هۆکارانە بەربلاویی گەندەڵییە – تا گەندەڵی زۆرتر بێت، خراپترە. هەردوو ڕووپێوە ئەزموونگەرییەکەمان (ڕاپرسیی بیروڕای جەماوەرو ڕووپێوی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان) ڕاستەوخۆ ئەوەیان دیاری کرد کە گەندەڵی لە سربیا گەلێك بڵاوە. نابێت مرۆڤ هیچ گومانێکی لەو مەسەلەیە هەبێت. تەنانەت ناشێت لەگەڵ وڵاتانی تردا بەراوردی بکەین. هەندێك لەو ئەنجامانەی ڕووپێوەکەمان بۆ سربیا دەبێت بە ڕاستی بە تەنگییەوە بێین. کاریگەرییەکانی تری گەندەڵی تا ڕادەیەکی زۆر بەندن بە جۆری ئەو گەندەڵییەی کە لەو وڵاتەدا زاڵە. بۆیە مەترسیدارترین گەندەڵی ئەو جۆرەیە کە ڕێ دەدات بەوەی یاساو ڕێنماییە یاساییەکان بە پێی بەرژەوەندیی تایبەتیی گەندەڵکاران جێبەجێ بکرێن. ڕووپێوەکە ئەوەی دەرخستووە کە ئەم جۆرە گەندەڵییە لە سربیا گەلێك لە بەرچاوە. ئەو دزیکراسییەی کە ئێمەی تێدا دەژین کارێکی وای کردووە کە بازرگانە خاوەن هێزە سیاسیو ئابوورییە تازە بابەتەکان بتوانن کاریگەری بخەنە سەر چوارچێوە یاساییەکان یاخود سیستمی ئابووریو لەگەڵ پێویستییەکانی خۆیاندا بییانگونجێنن کە زۆرکردنی دەستکەوتو سامانی تایبەتە تا ئەوپەڕی.

نرخی تێچوونی مامەڵەکاریی گەندەڵی ڕاستەوخۆ خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی کەم دەکات. تا ئەو تێچوونی مامەڵەکارییە زۆرتر بێت، خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی کەمتر دەبێت.

توێژینەوەکەمان ئەوە دەردەخات کە لە سربیا نرخی تێچوونی مامەڵەکاری گەلێك زۆرەو بەر لە هەموو شتێك ئەو برە کاتەی کارکردن کە خاوەن پرۆژە تایبەتەکان لە مامەڵەی گەندەڵیدا بەسەری دەبەن. ئەو گشت سەرچاوانەی کە لە ئەنجامدانی گەندەڵیدا بەکار دەهێنرێن لە هیچ شوێنێکی دی بەو جۆرە بەکار نایەن – بۆ بەدیهێنانی بەهای نوێو زۆرکردنی خۆشگوزەرانی. هەروەها ئەوە خرابووە بەرچاو کە گەندەڵی کاریگەرییەکی نالەبار (نێگەتیڤ)ی هەیە لەسەر هەژاری، یاخود یەکێك لە کاریگەرییەکانی ئەوەیە کە هەژارەکان تەنانەت هەژارتر دەبن یان نایەکسانی ئابووری لە کۆمەڵگەدا زۆر دەبێت.

www.pertwk.com

دەرەنجامە درێژخایەنەکانی گەندەڵی گەلێك خراپترە بۆ کۆمەڵگە. لە هەندێك کاتی دیاریکراودا کۆمەڵگە لە خاڵی وەرچەرخاندایە. لەم کاتەدا سربیا دەتوانێت وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوە هەڵبژێرێت بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەر کە بەهای نوێ دەخوڵقێنێت یاخود دەشێت لە هەمان توولە رێدا بمێنێتەوە کە وڵاتی پیادا دەبرا لە سەردەمی رژێمی پێشوودا – توولە رێی گەندەڵی و تاوانی رێکخراو.

ستراتیژیی دژە گەندەڵی:

گەندەڵی لە سربیا گەلێك بە فراوانی بڵاوبۆتەوەو بووەتە وەیشوومەیەکی کۆمەڵایەتیی گەورە. رەگەکانی قووڵن و چنگیان بە گشت لایەنێکی کۆمەڵگەدا کردووە.

ئەرکی گەورەی بنیاتنانەوەی سربیا، کە لە رێی گۆڕانکارییە سیاسییە ئەنجامدراوەکانی ئەیلوولی (2000)ەوە هاتە دی، دابڕانێکی ریشەیی (رادیکاڵی) لە رابردوو کردۆتە گریمانەو لە رێی خستنەکاری ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ گۆڕان لە رەفتاری تاکەکەسان و رێکخراوەکانیان. هەروەها بەر لە هەموو ئەوانی دی گۆڕانی دەوڵەت.

یەکێك لە توخمە گرنگەکانی بنیاتنانەوە جەنگانە دژ بە گەندەڵی. زۆر شتمان لە بارەیەوە زانی و لێیدواین، ئێستاش کاتی ئەوەیە کە دژی بجەنگێین و دەشزانین لەو جەنگەدا قەدبڕو چارەسەری ئاسان نییە. بەڵام ئەو جەنگە هەموو هەوڵێك دەهێنێت چونکە گەندەڵی بە تەنیا هەڕەشە نییە لەسەر ئازادی و مافی مرۆڤو دەزگا دیموکراسییەکان، بەڵکو لەسەر پێشکەوتنی ئابووری و زۆربوونی هەژاریش.

جەنگان دژ بە گەندەڵی نابێت مەسەلەی تەنیا کاتێك یان شالاوێك بێت، بەڵکو ببێتە هەوڵێکی بەردەوام بۆ راگرتن و جێبەجێکردنی ئەنجامەکان و بەدیهێنانی ئامانجی نوێ. ئەمەش بەشێکە لە ستراتیژییەکی فراوانتر – ستراتیژیی دروستکردنی حکومەتێکی کاراو خاوەن رێز.

حکومەتی نوێی سربیا چەند جارێك ئەوەی راگەیاندووە کە نیازی وایە زۆر بە توندی و جیددی مامەڵە لەتەك گەندەڵیدا بکات، سەرەك وەزیران لە وتاری دەستبەکاربوونیدا ئەوەی بە پێشینەی کاری حکومەتەکەی داناوە، یەکەمین ئەنجامەکانیش بەم جۆرە بوون: چەند کەسێك گیران و بە گەندەڵی یاخود بە خراپ بەکارهێنانی کاری حکومەتی تاوانبار کران، چەند دەستەیەك پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لە خراپ بەکارهێنانی ئابووری و مامەڵە داراییەکان و رۆڵیان ئەوەبوو کە لێکۆڵینەوە لە بارەی گەندەڵیی رژێمی پێشووەوە بکەن. رەشنووسی بڕیاری جەنگان دژ بە گەندەڵی ئامادە بکەن و پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانیی سربیای بکەن، هەروەها سەبارەت یاسای باج لەسەر دەستکەوت بەدەستهێنان. لە رەشنووسی نوێی یاسای سزادا بەشێك پەیوەندیی بە سزادانی گەندەڵی و شتی لەو جۆرەوە هەیە. هێشتاکە ئەمانە تەنیا هەنگاوی یەکەمن لە رێگەیەکی دووردرێژدا.

سربیا پێویستی بەوەیە ئابلۆوقەیەکی ستراتیژیی تەواوی دیاردەکە بدات لە رێی دژە گەندەڵییەوە، لەسەر بنەمای خۆ تەرخانکردنی سەرکردایەتیی سیاسیی وڵات بۆ جەنگان دژ بە گەندەڵی و چاکسازی لە دەزگاکاندا بە ئامانجی رێلێگرتن و دەرکردنی یاسای دژە گەندەڵی و جێبەجێکردنی یاساو کاری هاوبەشی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی. خێراترین رێگە بۆ سەرنەکەوتن نەبوونی وزەیە لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی کاریگەریی تەواو بخرێتە سەر پێکهاتە بیرۆکراتییەکان، هەروەها خاوی و نەگونجاوی لە چاکسازیداو جەختکردنە سەر گەندەڵیی "بچوك"و (پشتگوێخستنی گەورەکان) و بوونی جەنگی دژە گەندەڵی لەسەر

www.pertwk.com

چالاکییەکانی سەرکردە سیاسییەکان لەبری ئەوەی بخرێتە سەر دەزگاکان کە زۆرتر بەردەوام دەبێت.

ستراتیژییە بنەڕەتییەکان:

پرینسیپەکان:

لەناوبردنی گەندەڵی لە سربیا نابێت مامەڵە لەتەك نیشانەو دیاردە دەرەکییەکانیدا بکات، بەڵکو پێویستە لەسەر بنەمای زانینی هۆیە بنچینەییەکانی بێت. هۆیەکانی گەندەڵی لە سربیا دامودەزگایین یاخود لە دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە دادەکەون، هەروەك لە چاپتەرەکانی پێشوودا تێبینی کرا. کاتێك کە فەرمانبەر یان کارمەندێکی دەوڵەت:

* ئازادییەکی فراوانی بڕیاردانی هەبێت،
* لەلایەن جەماوەرەوە بەرپرسیار نەکرێت،
* هاندەرێکی نەبێت بۆ ئەوەی دادپەروەرانە کار بکات، ئەوا دەربازبوون لە گەندەڵی نایەتە دی.

مرۆۋ دەتوانێت بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان بخاتە سەر هۆیە دامودەزگایەکانی گەندەڵی، هەرچەندە نەك یەکێك لە هۆیەکانی، بەڵکو وەك هۆکارێك (فاکتەرێك) کە کاری گەندەڵی ئاسانتر دەکات، یاخود جەنگان دژ بە گەندەڵی سەختتر دەکات. لە دە ساڵی رابردوودا کەشێکی تایبەتی دانبەخۆداگرتن لە ئاستی گەندەڵیدا لەناو هاووڵاتییانی سربیا دروست بوو: ئەو کارە زۆرجار بە وەیشوومەیەکی پێویست دادەنرا کە تاکە رێگەیەکە بۆ ئەوەی وا بکەیت ئیشێك بکرێت، تەنانەت بە توندی تاوانبار نەدەکرا. ئەو تێڕوانینە لە گەندەڵی لەژێر کاریگەریی هەژاری، جەنگ، هەواداری بۆ سەرکردەکانی پارتە سیاسییەکان، لاوازیی رەوایی دەسەڵاتداران (لەبەر ئەوەی کە سەرکوتکەرو کەمتوانا بوونو شتومەکیان بۆ جەماوەر دابین نەدەکرد) بوو. سەرەڕای ئەوەش رژێمی پێشوو تەواو سەرکەوتوو بوو لەوەدا کە گەندەڵییەکەی وەك شتێك دەربخات کە دەربازبوونی لێ نییەو هەوڵی ئەوەی دا هاووڵاتییانی سربیا بەوە قاییل بکات کە لەوە زیاتر رێگەیەکی دی نییە بۆ کارئەنجامدان لە کاتی جەنگو سزا سەپاندندا. بە شێوەیەکی تەواو گشتی پرۆسە سیاسییەکە بۆگەن بوو، هەروەها یاسا لە رووی پراکتیکەوە لە کار وەستێنرابوو، یاساکان بە هەڵبژاردەکاریو بە پێی ئارەزووی دەسەڵاتداران جێبەجێ دەکران. کاتێك کە دەسەڵاتدارانی لای سەروو یاساکانی خۆیان بشکێنن، ئیتر هاووڵاتییان هەست ناکەن کە هیچ پابەندبوونێکیان پێوەی هەیە.

لەگەڵ رووخانی رژێمی پێشوودا لەوانەیە ئەگەری گەندەڵییەکی رێکخراو یان بەنێوەندکراو لەسەر بەرزترین ئاست نەمابێت هەروەك ئەوەی کە لە کاتی رژێمی پێشوودا هەبوو. لەگەڵ گەشەکردنی دیموکراسیو بەدەستهێنانی ئازادیدا کەمتر رێی تێدەچێت کەسێك لەو پلەو شوێنەدا بێت کە رێکخراوێکی بەنێوەندکراوی ئەوتۆ بخاتە کار کە ئەرکی سەرەکیی بەرگریکردن بێت لە هێزی سیاسیی خۆیو بەدەستهێنانی سامانی تایبەت لە رێی خراپ بەکارهێنانی پلەوپایەی کارەکەی یان بۆ گەندەڵییەك کە ئامانجەکەی بەدەستهێنانی کەسانی شوێنکەوتووی دڵسۆز بێت بە مەبەستی پشتگیری لێکردنی بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا. وا دیارە لە داهاتوودا بەزمەکە بە شێوەیەکی ستاندەر دەبێت واتە گەندەڵییەکی نانێوەندکراو، هەرچەندە کە لە ئاستەکانی لای خوارەوە ئەو جۆرە نابێت (واتە لەسەر ئاستی کارمەندان)، بەڵام دیسان ئەگەری گەندەڵیی گەورە لەسەر ئاستی پلەوپایە بەرزەکانی دەوڵەت دەبێت. ئەو ئەگەرە نابێت کە سیستمی مەعمیلی بەردەوام گەشە بکاتو بە پێی

www.pertwk.com

ئەوە کەسێك لە ڕێی دڵسۆزی نیشاندان بۆ کەسانی لای سەروو پێش بکەوێت لەسەر حسابی یاسا.

لە رووی دەزگاییەوە، سێ ئاراستە بنچینەییەکەی جەنگ دژ بە گەندەڵی ئەمانەن:

* کەمکردنەوەی رۆڵی دەوڵەت لە ڕێی کەمکردنەوەی توانا ئارەزووکارییەکەی کە ئەمەش مەودای ئەو چالاکییانەی کەم دەکاتەوە کە دەشێت لە ڕێی گەندەڵییەوە خراپ بن. ئەم کەمکردنەوەیەی رۆڵی دەوڵەت دەشێت لە ڕێی بێ یاساییکردن یان لە ڕێی دەرکردنی ڕێسا وەخۆگەڕخراوەکان جێبەجێ بکرێت، بێ یاساییکردن مانای لابردنی یاساکانە لە بەردەم چالاکییەکی دیاریکراوداو مافدان بە بڕیاردەرێکی تایبەت کە ئازادانە بڕیار لەو چالاکییە بداتو نموونەیەکی باش بۆ ئەوە ئەو لابردنەی مۆڵەتی بازرگانیی دەرەوەو گشت سنووردارکردنە کارگێڕییەکانی ئەم دواییە بو وهەروەها بە ئازادیکردنی بازرگانی لەو رووەوە کە گشت کەسێك دەتوانێت بە ئازادی شمەكو خزمەتگوزاری لە دەرەوە بهێنێت یان رەوانەی دەرەوە بکات بێگومان لە دوای دانی بڕی دیاریکراوی پارەی گومرگ، لەو مەسەلانەی دەوڵەتدا کە بە نایاساییکردن شیاو نییەو تا رادەیەکی زۆر پێویست بەوە دەکات کە میکانیزمێك بۆ بڕیاردانی دەمودەست دابنرێت لە ڕێی دابڕینی بەسەر ئەو بارودۆخانەدا کە پێویستە بەرەورووی ببێتەوە لە کاتی جێبەجێکردندا، بە جۆرێك کە بەرەورووبوونەوەی بنەمایەك دەبێتە بناغە بۆ بڕیارێك نەك ئارەزووکاری یان هەل قۆزتنەوە لەلایەن کارمەندی حکومەتەوە.

* بەرپرسیارێتی مانای ئەوەیە دامەزراوە حکومەتییەکانو کارمەندان ئەوە بگرنە ئەستۆ کە هاووڵاتییان سەبارەت بە کارەکەیان ئاگادار بکەن، هەروەها هاووڵاتی مافی هەبێت کە کاری پێویست بەرامبەر ئەو فەرمانبەرانە ئەنجام بدرێت کە رەفتاریان بە لایانەوە پەسەند نییە، گرنگترین گەرەنتی بۆ تەواو بەرپرسیارێتیی فەرمانبەرانی دەوڵەتو حکومەت ئەوەیە کە هاووڵاتییان مافی ئەوەیان هەبێت دەسەلاتداران لە ڕێی هەڵبژاردنەکانەوە بگۆڕنو لە بەرامبەر بەدڕەفتارییو خراپ بەکارهێنانو بە گشتی لە بەرامبەر گەندەڵیدا سزایان بدەن. بۆ ئەوەی هاووڵاتییان بتوانن کاری فەرمانبەرانی دەوڵەت هەڵسەنگێنن پێویستە روونکاری دابین بکرێت، یاخود چاودێریکردنی ڕێڕەوی کاری فەرمانبەرانە لەلایەن جەماوەرەوە، بۆ نموونە دانیشتنەکانی پەرلەمانو حکومەت لە بەردەم میدیاکاندا بە ئاشکرا ئەنجام بدرێن، بە زۆرەملێ بلاوکردنەوەی راپۆرت سەبارەت بە کارەکانی دامەزراوە حکومەتییەکانو شتی دیی لەم جۆرە. رۆڵێکی تەواو گرنگی تر دەشێت سەرپەرشتیکردنی کاری دەزگاکانی جێبەجێکردن بێت لەلایەن پەرلەمانەوە.

* پێکهاتەی هاندەر لەلای ئەو خەڵکەی کە ئەرکەکانی حکومەت جێبەجێ دەکەن توخمێکی گرنگە لە گەندەڵیدا چونکە ئەوە بناغەی هەژمارکردنی بەهای قازانجە لەلای کەسەکە، لەلایەکەوە، ئەو ئەگەرەی کە لە ڕێی بەرتیل وەرگرتنەوە مرۆڤ دەتوانێت ژیانێکی خۆش مسۆگەر بکات بێگومان هاندەرێکی بەهێزە بۆ گەندەڵی، بەلام سیاسەتێکی گونجاو دەشێت کار بکاتە سەر بەهاکانی گەندەڵی بۆ تاکەکەسو هاندەری بەدڕەفتاری لەناو دەبات، نموونەی ئەو سیاسەتانە بەرزکردنەوەی مووچەی کارمەندانی حکومەتە کە ئەوسا زۆر کەم بوو، بەردەوام بەرەوپێشبردنی پیشەیی، پێکەوەگرێدانی سەرپەرشتیکردنێکی بەهێزو سزادانێکی کاریگەر، گەشەپێدانی پێوەرە ئاکارییەکانو هەستی خزمەتگوزاریی گشتی، خستنەڕووی نموونەی تایبەت لە کارگێڕیداو شتی دیی لەم جۆرە.

ئامانجی ئەم کارانە گۆڕینی دروشمی فەرمانبەرانە لە "مەترسیی کەمو دەسکەوتی زۆر"ەوە بۆ "مەترسیی

www.pertwk.com

زۆرو دەستکەوتی کەم". ڕێکخستنی ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە (ئەو هەڵوێستەی کە تیایدا فەرمانبەرێك بڕێکی زۆر بەرژەوەندیی تایبەتیی هەیەو بەستراوە بە کارە ڕەسمییەکانییەوەو دەتوانێت کاریگەریی هەبێت لە دەستکەوتی تایبەتدا). لەبەر ئەوەی لە سربیا تێگەیشتنێکی تەواویان نییە لەسەر قووڵیی ئەم کێشەیە، بۆیە ڕێنمایی یاسایی دیکەی فراوانتر پێویست دەبێت.

سەرباری گۆڕانکارییە دامەزراوەییەکان، کە لە دواییدا زیاتر باسی لێدەکەین، جەنگی دژ بە گەندەڵی پێویستە هەوڵی ئەوە بدات هەڵوێستی جەماوەر بگۆڕێت بەرامبەر بە گەندەڵی، یاخود کاریگەریی ئەوەی هەبێت کە دەبێت هەڵوێستیان بەرامبەری لە کەمێك نالەبار (نێگەتیڤ)ەوە بگۆڕێت بۆ زۆر نالەبار. هەڵوێستێکی هەڵەی گەلێك لە هاوولاتییان لەوەدایە کە گەندەڵی بە دابەشکردنەوەیەکی ئاسایی داهات دادەنێن کە لە نێوان هاوولاتییان (یان کۆمپانیاکان)و کارمەندانی حکومەتدایەو هیچ کاریگەرییەکی نالەباری ئابووریو کۆمەڵایەتیی نییە، بە واتایەکی دی ئەوان پێیان وایە ئەوە مەسەلەیەك نییە کە پارەی دەرامەت بۆ کێ دەبێت، دیارە ئەمەش هەڵەیە. لەبەر ئەوە، پێویستە بەردەوام کاریگەرییە کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسییەکانی گەندەڵی دەربخرێن، یاخود ئەو نرخەی کە سربیا بەهۆی ئەم دیاردەیەوە دەیدات. پترکردنی هوشیاری سەبارەت ئەم بارە کۆمەڵایەتییانەی گەندەڵی، یاخود کاریگەرییە تەواو نالەبارەکانی لەسەر کۆمەڵگە، دەشێت ببێتە هۆی گۆڕینی ئەو ژینگەیەی کە گەندەڵی تیایدا ڕوو دەدات، هەروەها بۆ پەرەسەندنی ڕکەبەرایەتیی گەندەڵیو داخوازیی جەماوەر بۆ چاکسازی تاوەکو ڕێگری لە گەندەڵی بکرێت. دەکرێت بە گەلێك شێوە کاریگەری بخرێتە سەر تێگەیشتنی گەندەڵیو دەرەنجامە نالەبارەکانی وەك شالاوی ڕاگەیاندن، لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو سیمینارو وانەبێژیو ڕێگەی دی.

گرنگترین توخمەکانی جەنگی دژە گەندەڵی خواستی سیاسییە، یاخود ئەو ئارەزووەی دەسەڵاتداران کە بە ڕاستی دژ بە گەندەڵی بجەنگن، ئەو خواستە سیاسییە دەشێتو پێویستیشە لەلایەن جەماوەرەوە کاریگەریی بخرێتە سەر لە ڕێی بەردەوام فشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانو پارتە سیاسییەکان. وردتر بڵێین، گەر خواستی سیاسی نەبێت یان بە ڕادەی پێویست نەبێت ئەوسا جەنگان دژ بە گەندەڵی ئەنجامی تەواو بەدەست ناهێنێت، بەڵکو ئاستی دێتە خوارەوەو دەبێتە پرۆسەیەکی سەرنجڕاکێشی دادگاو بانگەشەو خۆدەرخستنێکی دەرەکی وەك هەندێك وتاری ئاگرینو پووچی سیاسی کە هیچ ئەنجامێکی ڕاستی نابێت. مرۆڤ نابێت چاو لەوەی کینیا بکات کە سنووقی پارەی جیهانی قەرزێکی هەڵوەشاندەوە لەبەر زۆریی گەندەڵی: داواکاری گشتیی دەوڵەت لێدوانێکی بە نووسین دەرکرد تیایدا دەڵێت "ئەم بەیانییە حکومەت یەکەیەکی دژە گەندەڵیی دامەزراند تاوەکو چاودێریی کارەکانی لیژنەی دژە گەندەڵی بکات کە بە دوای کارەکانی گروپی کارای دژە گەندەڵی دەچێت کە پێشتر بۆ لێکۆڵینەوە لە کارەکانی لیژنە تایبەتەکەی حکومەت کە ئەمساڵ لە کاتێکی پێشتردا دامەزرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی شێوازی بەرزی گەندەڵی لەنێو فەرمانبەرە گەندەڵەکانی حوکمەتدا (1997). گەندەڵی بەم جۆرە ناتوانرێت لەناو ببرێت. پێویست ناکات کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی یان دامەزراوە داراییە جیهانییەکان بە سربیا بڵێن دەبێت چی لە کێشەی گەندەڵی بکات. پێویستە ئێمە خۆمان ئەوە بزانینو ئەو کارە بکەین چونکە جەنگان دژ بە گەندەڵی یەکێکە لە بەرژەوەندییە نەتەوەییە سەرەکییەکانی سربیا. وردتر بڵێین، ئێمە پێویستمان بەوەیە خۆمان دژ بە گەندەڵی بجەنگێین لەبەر بەرژەوەندیی خۆمان نەك بۆ ئەوەی خواستەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەدی بهێنین".

سیاسەت و جەنگان دژ بە گەندەڵی:

بواری سیاسەت لە سربیا گەورەترین دروستکەری گەندەڵی بوو لە ماوەی رابردوودا، ئەمەش نەك هەر لە رێی یاسا رێلێگرەکان و نەبوونی بەرژەوەندی لە باش کارکردنی حکومەتدا بەڵکو، لەسەروو هەموویەوە، لە رێی سیستمێکی بەنێوەندکراوی گەندەڵییەوە (دزیکراسی) کە ئامانجی بەدەستهێنانی سامانی تایبەت بوو لەلایەن سەرانی فەرمانڕەواوە و هەروەها بۆ دروستکردنی دڵسۆزی لای ئەو کەسانەی کە لە ئاستەکانی خوارەوەی دەسەلاتدان لە رێی گلاندنیان لە سیستمێکی فروانی گەندەڵیدا. رژێمی پێشوو لە ئاستی بەرپرسیاریدا نەبوو لە بەرامبەر جەماوەری هەڵبژێرو لە بەرامبەر یاساشدا، رژێم بە زۆری هەڵبژاردنەکانی لە رێی فرتوفێڵ و دەستتێوەردانی میدیاوە دەبردەوە لە کاتێکدا کە یاساکانی خراپ بەکار دەهێنا یان زۆر بە ئاسانی دەیشکاندن. ئەو رژێمە دەستی بەسەر دەسەڵاتی یاسایی و جێبەجێکردن و دادوەریدا گرتبوو، هەروەها کارێکی وای کردبوو لە رێی دابەشکردنی هێزەوە نەتوانرێت چاودێری ئەنجام بدرێت.

کەوتنی رژێمی پێشوو بواری ئازادیی سیاسیی فراوان کردو رێگەیەکی بۆ دیموکراسی کردەوە. ئەو دوو شتەش لە رێی دامەزراوەی باش و حکومەتی بەرپرسیارەوە پارێزگاریی لێدەکرێت نەك لە رێی نیازباشی سیاسییەکانی نەوەی نوێ.

دوو رێگە هەن کە بەرپرسیارێتیی دەزگا حکومەتییەکان و فەرمانبەران زۆرتر دەکەن و کاریگەرییان لەسەر رەفتاریان دەبێت: یەکەمیان کێبڕکێی سیاسی کاریگەریی لەسەر کاری رۆژانەی فەرمانبەران هەیە لە رێی ئەو فشارەی کە بەهۆی بەرەوڕوو هەڵبژاردن رۆیشتنەوە حیزبی فەرمانڕەوا (یا هاوپەیمانێتی) پێویستی بەوەیە کە بە فایلێکی خاوێنەوە بچێتە بەردەم دەنگدەران. کاتێك کە هەڵبژاردنەکان ئازاد بن حکومەت وەڵامی جەماوەری دەنگدەری لە لایە، بەڵام گەر "تاوانەکانی" گەورەو ئاشکرا بن ئەوا هەڵبژاردن دەدۆڕێنێت. لەو بارەدا دەنگدەران سزای حکومەت دەدەن لەبەر نشوستییەکانی و خراپ کار راپەڕاندنی کە گەندەڵیش دەگرێتەوەو دەشبێتە مەسەلەیەك بۆ شاڵاوی هەڵبژاردن. لە گشت هەڵبژاردنەکانی سربیادا هەر لە ساڵی 1990 تاوەکو ئێستا گەندەڵی نەکراوەتە مەسەلەیەکی گرنگ، ئەمە شتێکی ئاسایی بوو گەر باری سیاسیی وڵات و هەرێم رەچاو بکرێت. بەهەرحاڵ، ئەمە نابێت هەر بەو جۆرە بمێنێتەوە. لەگەڵ دامرانەوەی ئارەزووی سیاسیدا دەبێت گرنگی بدرێتە مەسەلە رۆژانەکان کە لە نێویاندا گەندەڵی شوێنێکی دیاری هەیە. هاووڵاتییان هەمیشە کەمتر لە لاوازیی دەزگاکانی دەوڵەت و ئەو کەسانەی کاری تیا دەکەن ئاگادارین.

لەبەر ئەوەی کێبڕکێی سیاسی لە ئاستی بەرپرسیارێتیی سیاسییەکان زیاد دەکات، ئەوە کارێکی گرنگە بۆ سربیا کە شێوازێکی سیاسیی سەقامگیر دابمەزرێت لەسەر بناغەی ژمارەیەکی کەم حیزبی گەورە کە لەلایەن جەماوەرێکی فراوانەوە پشتگیریان لێدەکرێت. ژمارەیەکی زۆر لە حیزبە بچوکەکان سیستمە سیاسییەکە پارچە پارچەو ناسەقامگیر دەکەن و لە یاسایی دامەزراوە سیاسییەکان کەم دەکەنەوەو دەبنە هۆی پتر بەرادیکالیزمکردنی بارودۆخە سیاسییەکە. ژمارەیەکی کەمتر لە حیزبە گەورەکان هەمیشە ئامانجی ژمارەیەکی باش لە دەنگدەرانەو بەو هۆیەشەوە پتر گۆشەنیگا دەخەنە سەر نێوەندی ئاوێزە سیاسییەکە. کلۆڵیی سربیا لەوەدایە ئێستا لەو شێوازە ئایدیاڵە دوور دەکەوێتەوە. حیزبە بچوکەکان و هەندێکجار ئەوانەی پەراوێز خرابوون بەهێزتر دەبن، ئەمەش لە رێی بەکارهێنان یان خراپ بەکارهێنانی بەشدارییان لە هەرێمی سربیای

www.pertwk.com

سەرکەوتووداو هاووڵاتییان بۆ لای خۆیان رادەکێشن لە رێی بەڵێندان بە بەخشینی پلەوپایە لەو حکومەتەدا کە تازە دەسەڵات دەگرێتە دەست، گەر ئەمان بێنە ناو حیزبەکەوە. ئەمە کردارێکی گەندەڵییە، لەبەر ئەوە سربیا پێویستی بە دۆخێکی سیاسیی کامڵترو گەورەکردنی حیزبەکان هەیە، جا ئەوە لە رێی یەکگرتنی ئەو حیزبانەوە بێت یاخود بە دەستبەسەراگرتنی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان بێت.

وەك لایەنێکی گەلێك گرنگی خستنەکاری پارتە سیاسییەکان و چالاکییەکانی پارتی و کەسایەتییە سیاسییەکان پارە دابینکردنە بۆیان، هەروەها گرتنە ئەستۆی بڕی تێچوونی شاڵاوەکانی هەڵبژاردنە. ئەزموونی وڵاتە گەشەکردووەکان بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە تا رادەیەکی زۆر گەندەڵی پەیوەندیی بە پارە دابینکردنی شاڵاوی هەڵبژاردنەکانەوە هەیە، نەك هەر تەنیا بە بەرتیل وەرگرتن لەلایەن سیاسەتمەدارەکانەوە. لە سربیادا گەندەڵی پەیوەندیی بە حیزبە سیاسییەکانیشەوە هەبوو لە رووی پارە دابینکردن بۆ شاڵاوەکانی هەڵبژاردن و هەروەها بە بەرژەوەندیی تایبەتیی ئەندامانی حیزب. سەرەڕای ئەوە حیزبەکانی رژێمی پێشوو لەگەڵ هەندێك لە حیزبە دیموکراتخوازەکانی هەرێمی سربیا کەم تا زۆر بەشێك بوون لە نێو ئەو بازنە گەندەڵییەدا.

لە رێی یاسای گونجاو و چاودێریی وردی پارە دابینکردنی حیزبەکانەوە پێویستە ئەمانە مسۆگەر بکرێن:

* روونی و یاسایی پارە دابینکردن بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە ئەو پارەیەی بە شێوەیەکی یاسایی دابین کراوە بتوانرێت لە رێی بەڵگەنامەی دروستەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت و ئاشکرا بکرێت و لە هەمان کاتدا هەر پارە دابینکردنێك کە بەڵگەنامەی نووسراوی نەبێت (وەك نووسراوی پارە بەخشین و هیدی لەو جۆرە) سزا بدرێت. لە سربیادا گەلێك شەڕە قسە هەبوو لە کاتی ململانییە سیاسییەکەدا، بەڵام دابینکردنی پارەی حیزبەکان لەو دەیینەییەی پێشوودا نەبووبووە مەسەلەیەکی سیاسی هەروەك رەزامەندییەکی بێدەنگ هەبووبێت لە نێوان حیزبەکاندا کە هێرش نەکەنە سەر یەك.
* پارە دابینکردن تا رادەیەکی دیاریکراو لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ حیزبەکان چونکە چالاکیی حیزبەکان، لەگەڵ گشت کەموکوڕییەکاندا هەر شتێکن لە بەرژەوەندیی گشتین هەروەها لەبەر ئەوەی کێبڕکێ ئەو چارەسەرییانە دێنێتە گۆڕێ کە کەمێك باشترن. پارە دابینکردن لەلایەن حکومەتەوە پێویستیبوونی سەرچاوەی تایبەت بۆ پارە دابینکردن کەم دەکاتەوە کە دەشێت هاندەر بۆ ئەو سەرچاوانە لەسەر بنەمایەکی گومانلێکراو بێت. ئاشکرایە ئەو یاسایەی کە لە سربیا هەیە یاسایەکی باش نییەو پێویستیشە ئەو نیازە دێرینەی هەرێمی سربیا جێبەجێ بکرێت و یاسایەکی نوێ دەربکرێت.
* ئەگەرێکی شیاوی دی سنووردارکردنی ئاستی خەرجییە. لە رێی ئەمەوە هەوڵی ئەوە دەدرێت کە سیاسەت بەنرخترر بێت و دیسان ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گەندەڵی لە سیاسەتدا. لەلایەکی ترەوە گەر ئەم سنووردارکردنە ببێتە رێسایەك ئەوا ناکۆك دەبێت لەتەك ئازادیی سیاسی و مافی هەر کەسێك لە بەکارهێنانی پارەکانی بۆ پشتگیریکردنی ئەو بیروبۆچوونەی کە هەیەتی. دەشێت کە پروپاگەندە بۆ حیزبە سیاسییەکان لە تەلەفزیۆندا بە خۆرایی بۆ حیزبە سیاسییەکان پترو فراوان بکرێت کە ئەمەش پێویستی بۆ کۆکردنەوەی پارە کەم دەکاتەوە.
* سنووردارکردنی مافی پارە بەخشین، بەخشینی پارە لەلایەن دەوڵەت و کۆمپانیا تایبەتەکانەوە پێویستە بکرێتە نایاسایی هەروەك لە هەندێك وڵاتدا کراوە، ئەمە پەیوەندیی راستەوخۆی حیزبەکان و بەرژەوەندیی تایبەتی ناهێڵێت. دەکرێت پارە دابینکردنی حیزبەکان لە دەرەوەی وڵاتەوە قەدەغە بکرێت چونکە ئەو

جۆرە پارە دابینکردنەش دەبێتە ڕێگەیەك بۆ بازدان بەسەر ڕێساکاندا.

* قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دەوڵەت بۆ مەبەستەکانی حیزب، ئەو حیزبانەی هێزیان لەدەستدایە نابێت پارەو کەلوپەلی دەوڵەت بەکار بێنن (ئوتومبێل، نووسینگە، ...... تاد.) بۆ مەبەستەکانی حیزب.

ڕوونیو کۆنترۆڵی کاری فەرمانبەران لەلایەن جەماوەرەوە دەبێتە توخمێکی دیموکراسیو تەواوکاری پرۆسەکە لەژێر سایەی ڕژێمی پێشوودا هیچ کۆنترۆڵێکی جەماوەر لەسەر چالاکییەکانی ڕژێم نەبوو، گشت بڕیارە گرنگەکان بە دزییەوە دەردەچوونو لە سنووری چەند کەسانێکی کەمداو ئەوی دی گشتی پروپاگەندە بوون.

کۆنترۆڵی جەماوەر لەسەر کاری سیاسییەکانو فەرمانبەرانی حکومەت لە زۆر وڵاتدا ئامرازێکی تەواو گرنگە نەك هەر بۆ جەنگان دژ بە گەندەڵی بەڵکو بۆ بە گشتی بەدیهێنانی کارگێڕی. ڕوونیی مەسەلە جەماوەرییەکان دەشێت بە زۆر شێوە فراوان بکرێت: بە ئاشکرا بەستنی دانیشتنەکانی پەرلەمانو حکومەتو دەزگا جێبەجێکەرەکانو هەروەها دادگاکان، بڵاوکردنەوەی تۆمارەکانی دەنگدان بۆ نمایندەکانو نوێنەرەکان، بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانەی دەزگاکانی دەوڵەتو بڕیارەکانی دادگا، ...... تاد.

بەم جۆرەو لە ڕێی یارمەتیی میدیاوە فشار لەسەر فەرمانبەران زۆر دەبێتو چالاکییەکانی گەندەڵییان گەلێك گران دەبێت. بێگومان سیاسەتی سزادان دەبێتە دوایین چارەسەر. گرنگییەکی تایبەت دەبێت بدرێتە ڕێکخستنی ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان یاخود ئەو هەڵوێستانەی کە تیایاندا فەرمانبەرێك بەرژەوەندییەکی تایبەتیی (ماددی) هەیە کە بەستراوە بەو چالاکییە ڕەسمییانەی کە لە توانایدایە یان پێدەچێت بتوانێت بیانکاتو ئەنجامدانی ئەو کارە ڕەسمییانەی کاریگەریی لەسەر دەستکەوتی تایبەتیی خۆی هەیە. لە سربیا تێگەیشتنێکی تەواو سەبارەت بە قووڵیی ئەم کێشەیە نییە لە ناو خەڵکیداو نە لە ناو ئەندامە سیاسەتمەدارەکانی ئاستی سەرەوەدا، چ ئەوانەی پێشوو یان ئەوانەی ئێستا. گەلێك کەس لەوە ناگەن کە نەبوونی ئاکار کاریگەریی خۆی لە فەرمانگەیەکی گشتییەوە دەخاتە سەر دەرەنجامی سوودی کارێکی تایبەتو هەروەها ئەو نەبوونی ئاکارەش نابەستن بە بیرۆکەی گەندەڵییەوە. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حکومەتی پێشوو لە سربیا پۆستی بەڕێوەبەری کۆمپانیایان بۆ خۆیان هێشتەوەو ڕاستەوخۆ مەسەلە گشتییەکانیان بۆ سوودی تایبەت بەکارهێناوە[14].

چەند ڕێگەیەکی یاسایی هەن بۆ سنووردارکردنی ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان. بەهەرحاڵ، لە سربیا بۆ وەزیرەکانو فەرمانبەرە گەورەکانی دەوڵەت ئەوە قەدەغەیە کە کاری گشتیی دی بگرنە دەست[15]، بەڵام ئەم ڕێسایە بە تەنیا بەس نییە. یەکەم پێویستە فراوان بکرێتو وردتر بێتو دووەم پێویستە ئەو کێشە یاساییەی سزادان کە ئێستا هەیە چارەسەر بکرێت. لە سەرەتاوە لە ڕووی یاساییەوە بە دامەزراندنی داواکاریی دادوەری، پاشان پێویستە یاساکان ئەو پابەندییەی فەرمانبەران بچەسپێنن کە لەگەڵ وەرگرتنی پۆستێکی حکومەتیدا دەبێت چی سامانیان هەیە تۆماری بکەن کە ئەمەش سامانیان لە سەرەتای وەرگرتنی پۆستەکەو لە کۆتاییشدا

---

(14) بۆ نموونە کۆمثانیای (Simpo) نرخی بەرهەمەکانی خۆی ضەندین جار بەرز کردۆتەوە، ریَك بەر لەوەی بە طشتی نرخەکان دیاری بکریَن. بەریَوەبەري (Simpo) جیَطری سەرۆکی حکومەتی سربیا بوو و ئاطاداری زانیاریی ناوخۆیی بوو و بەکاری دەهیَنا.

(15) یاسای دەزطا طشتییەکان.

www.pertwk.com

کۆنترۆڵ دەکات و پەرۆشی بۆ گەندەڵی کەم دەکاتەوە[16]. هەروەها ئەوە شتێکی پێویستە کە بە شێوەیەکی یاسایی ڕێکخستنی تۆمارکردنی ئەو خەڵاتانەی کە لەلایەن فەرمانبەرانەوە وەردەگیرێت بگیرێتە ئەستۆو نرخیان دیاری بکرێت تاوەکو گەندەڵی لە نیشانەی بایەخپێدان جیا بکرێتەوە. هەر بە تەنیا دەرکردنی ئەو جۆرە یاسایە لە پەرلەماندا بەس نییە، بەڵکو پێویستە جێبەجێکردنیشی مسۆگەر بکرێت کە ئەمە تاوەکو ئێستا نەکراوە.

ئاکارەکان و جەنگان دژە بە گەندەڵی:

ئەو ئاستە نزمەی متمانەی هاووڵاتییان بە دەسەڵاتداران و فەرمانبەرانی دەوڵەت بووەتە بەرووداوەستانێکی نالەبار بۆ ڕژێمە دیموکراتییە نوێیەکەی سربیا، سەرەڕای ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە جۆرێتیی دامەزراوە دیموکراسییەکان و گەشەکردنی ئابووری پابەندە بە ڕەفتارە ئاکارییەکانی فەرمانبەرانی حکومەتەوە. کاتێك کە ئەوان کارێکی هەڵە ئەنجام دەدەن، متمانەی هاووڵاتییان و ئەوانەی لە بواری ئابووریدا کار دەکەن کەم دەبێتەوە. لەگەڵ گۆڕانە سیاسییەکاندا چالاکیی سەربەخۆی فەرمانبەرانی حکومەت لە سربیا زۆرتر بوو. ئەو کۆنترۆڵە بەهێزەی سەرکردایەتی سیاسیی وڵات لەسەر کاری گشت دەزگا لاوەکییەکان و تاکەکەسان لەسەر بنەمای ئەندامێتیی حیزب و دڵسۆزیی بۆ سەرکردە ئێستا گۆڕاوە بە ڕێڕەوێکی بەنانێوەندکراو و خۆبەڕێوەبردنێکی زیاتری دەزگاکانی دەوڵەت و فەرمانبەران. ئەم ئەنجامە وەك بەشێك لە پلانێك یان ڕێڕەوێکی جیاواز بەدەست نەهات، بەڵکو وەك ئەنجامی دیموکراتیزەکردن و شێوازی کەسێتیی فەرمانڕەوا سیاسییەکان (هاوپەیمانێتیی هەژدە حیزب) بوو، هەروەها لاوێتیی تەمەنی دامەزراوە دیموکراتییەکان و نەبوونی ئەزموونی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لای فەرمانڕەوا نوێیەکان. فەرمانبەرانی حکومەت ڕووبەڕووی ئامانجی جۆراوجۆرو ناکۆکیی بەرژەوەندی بوونەوە بەهۆی چاکسازیی دامەزراوە جەماوەرییەکان و گواستنەوەی بەرپرسیارێتی و ژێریی کارگێڕی فراوانترو پەیوەندیی گۆڕاوی نێوان کەرتە گشتی و تایبەتەکان و هەروەها پتر گۆشەنیگا خستنەسەر بازاڕ. سەرەڕای ئەمە، گۆڕانی خێرا لە دەوروبەرداو لە نێویشیدا بەها بنچینەییەکانی دامەزراوەکان، لەتەك نادڵنیایی سەبارەت بە ڕەفتاری داهاتووی فەرمانبەرانی دەوڵەت. لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا شێوەی گەندەڵی لە سربیا دەگۆڕێت. لە کاتێکدا کە لە سەردەمی میلۆسۆڤیچدا گەندەڵییە بەنێوەندکراوە گەورەکە لە بەرژەوەندیی سەرانی فەرمانڕەوا (دزیکراسیدا) خۆی سەپاندبوو، لەوانەیە لە داهاتوودا گەندەڵییەکی بچوکتری بیرۆکراسیی ئاسایی بڵاو ببێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە بایەخێکی زۆرتر بە جەنگان دژ بەم جۆرە گەندەڵییە بدرێت.

ستاندەرە ئاکارییەکان یەکێکە لە تاقیکردنەوە بنەڕەتییەکانی توانای خراپ بەکارهێنانی زۆرداریی ئارەزووکاری. بە بێ بوونی "بارۆمەترۆکی ئاکار" نەك هەر تەنیا پێوانەکردنی ئاستی گەندەڵی دەبێتە کارێکی گران، بەڵکو جەنگگێڕانیش دژ بە گەندەڵی سەخت دەبێت. ستاندەرە ئاکارەکان بەربەست لە بەردەم سیستەمی هاندەری تاکەکەسدا دادەنێن یاخود پێشنیازی ئەوە دەکەن چی باشەو چی خراپە. گەر فەرمانبەرێکی حکومەت پابەندی ستاندەرێکی ئاکارو بەها بنچینەییەکانی دامەزراوەکان نەبێت، ئەوا ئەمە دەبێتە یاسا شکاندن و نیشانەشە کە دەشێت گەندەڵی ببێت و تەنانەت ئەگەریشی هەیە.

(16) ضةند وةزيريَكى حكومةتى هةريَمى سربيا لةو كاتةدا كة ثؤستةكةيان وةرطرت بـة شيَوةيةكى ئاشكرا طشت شتومةكة ماديية‌كانى خؤيان تؤمار كرد، بةلآم ئةو كارة بة وردى نةكراء، هيض كةسيَكى ديش ضاوى ليَيان نةكرد.

www.pertwk.com

سەرەڕای قاییلبوون بە ئامانجەکان و پێویستیی دروستکردنی ستاندەرە ئاکارەکان، لە جیهانی سەردەمدا دوو ڕێڕەوی تا رادەیەك جیاواز لە جێبەجێکردنی ستاندەرە ئاکارەکاندا بەکار دەهێنرێن: یەکەمیان لەسەر بنەمای تەواو پابەندبوون بەو ڕێسایانەوە کە پرۆسەکارە کارگێڕییەکانیان دیاری کردووە و میکانیزمی کۆنترۆڵ و ڕێسای دووروودرێژ سەبارەت بەوەی فەرمانبەری حکومەت دەبێت چی بکات و چۆن بکات و هەروەها چی نەکات تێدایە، دووەم ڕێڕەو لەسەر بنەمای ئەو پرینسیپ و ئامانجانەو لەسەر بە پیشەوەریکردن و بەهێزکردن لە ڕێی پاڵنەرو هاندانی رەفتاری باشەوە.

سربیا پێویستی بە هەردوو ڕێبازەکە هەیە. دامەزراوە جەماوەرییەکانی ئێستا ئەوە فێر بوون کە گوێڕایەڵی فەرمانەکان بن، بەڵام بە بێ جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەکارانەی لەسەر بنەمای یاساکان و بە پیشەوەریکردن و بە هاندەریش تەواو دەکرێن. لەبەر ئەوە پێویستە ڕێسای نووسراوی هەڵسوکەوت بۆ دامەزراوەکان دابنرێت کە دەبێت بە چاکی پەیڕەو بکرێن و شکاندنیان سزا بدرێت.

لەلایەکی ترەوە پێویستە هوشیاری سەبارەت بە پرینسیپ و ئامانجەکانی دامەزراوە حکومەتییەکان بەهێز بکرێت و هاندەری گونجاو پێشکەش بکرێت و لەناو فەرمانبەرانی حکومەتدا هەستی خزمەتکردنی خەڵکی و دەوڵەت بڵاو بکرێتەوە.

پرینسیپە مۆدێرنەکانی ئاکار لە کارکردنی دامەزراوە حکومەتییەکاندا ئەو ئامۆژگارییەی تێدایە کە ڕێکخراوی وڵاتە ئەوروپاییەکان داویەتی بە حکومەتەکانی وڵاتە ئەنجامەکان و حکومەتەکانی تر:

* ستاندەرە ئاکارەکان دەبێت روون بن تاوەکو فەرمانبەرەکان بتوانن لێی تێبگەن و جێبەجێی بکەن، لەبەر ئەوە پێویستە پرینسیپ و ستاندەرە ئاکارەکان دابڕێژرێن و بڵاو بکرێنەوە.
* ستاندەرە ئاکارەکان پێویستە بخرێنە دووتوێی یاساوە چونکە یاساکان دامەزرێنەری کەمترین پابەندییەکانی ستاندەرە بنچینەییەکانی رەفتاری فەرمانبەری حکومەتن. بەو جۆرە ستاندەرە ئاکارەکان بریتین لە چوارچێوەیەك بۆ لێکۆڵینەوە و کاری جڵەوگیری (دیسیپلین) و سزادان.
* پێویستە فەرمانبەرانی حکومەت ماف و پابەندییەکانی خۆیان بە تەواوی بزانن تاوەکو بتوانن بە شێوەیەکی دروست کاردانەوەیان هەبێت کاتێك کە رووبەڕووی کردارێکی هەڵە دەبنەوە و پێویستە ئاگاداری گشت پرۆسەکارە دیاریکراوەکان و زنجیرەی بەرپرسیارێتییە تایبەتەکان بن هەروەها هی مافەکانیان بۆ پاراستنیان لە دەست ئەوانەی سەروو خۆیان.
* سەرکردە سیاسییەکان بەرپرسیارن لە پاراستنی ستاندەرە ئاکارە بەرزەکان بە تایبەتی لەو ڕێیەوە کە خۆیان ببنە نموونە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا.
* ئەو فەرمانبەرە حکومەتییانەی ئاستێکی بەرزتریان هەیە بەرپرسیارن لە پارستنی ستاندەرە ئاکارەکان لە ڕێی رۆڵی پێشەنگییان لە کارگێڕیدا چونکە ئەوان لە شوێنێکی وادان کە رەفتارێکی ئاکاری نموونەیی بخەنە بەرچاوی فەرمانبەرانی خوار خۆیان هەروەها بەرچاوی هاووڵاتییان.
* پێویستە بارودۆخی کار هاندەر بێت بۆ رەفتاری باش، ئەوە پێویستە بۆ گەشەپێدانی بارودۆخی هاندەر بۆ رەفتارە ئاکارەکان، هەروەك چۆن بارودۆخی لەبار (پۆزەتیڤ) بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی تایبەتی وەك قەرەبوو هەروەها راهێنان و شتی دی لەو جۆرە پێویستن.

ڕێبازی ئاکار سەبارەت بە کێشەی گەندەڵی هەروەك کێشەکانی دی ناشێت خۆی لە خۆیدا تەواو بێت، نەك

www.pertwk.com

هەر لە سربیا بەڵکو لە هەر شوێنێکی دی. بەهەرحاڵ، بەکەمزانینی کێشەکە ناشێت بەرهەمی باشی هەبێت. ئەوە گومانی تێدا نییە کە تەنیا لە ڕێی پێکەوەبەستنی چەند ڕێگەیەکی جیاوازی جەنگان دژ بە گەندەڵی دەشێت ئەنجامی باش بەدەست بێت و ڕێبازی ئاکار شوێنی گرنگی خۆی هەبێت لەو پێکبەستنەدا.

لە ڕێسا بەدەربوونی ژیانی ئابووری:

پێشەکی:

زۆر گرانە وەڵامێکی ڕاست (بە واتایەکی دی واقیعی بێت و لە پراکتیزەکردندا بەکەڵك بێت) بۆ ئەو پرسیارە دابنێین کە چۆن کۆمەڵگە دەتوانێت بە سەرکەوتوویی دژ بە گەندەڵیی بەرفراوان بجەنگێت. وەك دەبینین ئێمە مامەڵە لەتەك کێشەیەکی گەلێك گرنگدا دەکەین لەو ڕاستییەوە کە گەندەڵی بووەتە کێشەیەکی گرنگ و بەردەوامی گشت کۆمەڵگەکان، تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە لە پێکهاتەدا دیموکراتین و بازاڕێکی ئابووریی تەاوو سەقامگیریان هەیە. لەبەر ئەوە گەندەڵی لەو وڵاتانەشدا کە دەزگای پەیوەنداری سەد ساڵەیان هەیە کاری خۆی دەکات.

دەتوانین، لەگەڵ هەندێك ڕوونکردنەوەی ئاسانکاریدا، دوو جۆرە ڕێباز یان دوو ستراتیژی جیهانی بۆ جەنگان دژ بە گەندەڵی لێك جیا بکەینەوە. یەکێك لە چارەسەرییەکانی کێشەی گەندەڵی کە زۆرجار پێشنیاز دەکرێت پتر بە بیرۆکراسی کردنە. ئەمە مەسەلەکە دەهێنێتە سەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی دامەزراوەیی ڕێکوپێك پرۆسەی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی کاری فەرمانبەرانی حکومەت بەهێز بکرێت. لە ڕاستیدا ئەم ڕێبازە لەوە بەدەر نییە کە هەوڵدانێك بێت بۆ "کوژاندنەوەی ئاگرەکە"، بەڵام چالاکییەکە بەلای ئەوەدا ناچێت کە دژ بە هۆکاری ئاگرەکە بوەستێت. بادانەوە بەلای ئەم ڕێبازە ستراتیژییەدا لە گەڕان بە شوێن چارەسەری کێشەی گەندەڵیدا دەشێت لە هەڵوێستی زۆرینەی هاووڵاتییانی سربیاوە سەبارەت بە هۆیەکانی گەندەڵی سەرچاوەی هەڵگرتبێت. هەروەك لە ئەنجامەکانی ڕووپێوەکەوە دیمان، ئەوان بڕوایان وایە کە نەبوونی یاسا و بێ یاسایی گەورەترین هۆکارن بۆ گەندەڵی.

دووەم ڕێبازی ستراتیژی لەو هەڵوێستەوە سەرهەڵدەدات کە مرۆڤ پێویستە کار دژ بە هۆیەکانی گەندەڵی بکات، یاخود پێویستە دەزگای بازاڕی ئابووریی ئازاد دابمەزرێنرێت. ئەم جۆرە ستراتیژییە یەکێك لە واتاکانی ئەوە دەبەخشێت کە ئاستێکی بەرز بۆ لە ڕێسا بەدەرکردن و ئازادکردنی ژیانی ئابووری هەبێت.

ئەوە شتێکی سەرنجڕاکێشە کە زۆربەی هاووڵاتییان لە ڕاستیدا بە گومانن لە بەرامبەر ئەو ئەگەرەی کە گەندەڵی بە تەواوی لەناو ببرێت. بەم جۆرە 40.5٪ی ئەوانەی ڕایان وەرگیراوە وای بۆ دەچن کە گەندەڵی لە سربیا هەر دەمێنێت، هەرچەندە لە هەمان کاتدا بڕوایان وایە کە دەشێت تا ڕادەیەك ئاستی کەم ببێتەوە. تەنیا 4.9٪ی ئەوانەی کە ڕایان وەرگیراوە تەواو گەشبینن یاخود بڕوایان وایە کە گەندەڵی دەشێت بە تەواوی لەناو ببرێت. هەڵوێستی ئێمە ئەوەیە کە ستراتیژی کارکردن دژ بە هۆکانی گەندەڵی دەبێت پەسەند بێت، یاخود دەبێت ئەنجامی باشتری هەبێت بۆ سربیا لەچاو ستراتیژی بە بیرۆکراتیکردندا. ئێمە بە تایبەتی بەلای ئەم هەڵوێستەداین کە لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ڕووپێوی خاوەن پرۆژە تایبەتەکان بەدەست هات.

هێزی بیرۆکراسی:

ئایا شتێکی واقیعییە کە چاوەڕێی ئەوە بین بیرۆکراسی زۆرترو پتر چاودێری و کۆنترۆڵ بتوانێت چارەسەری کێشەی ئەو گەندەڵییە زۆرەی سربیا بکات؟ دەشێت چەند مەسەلەیەکی کراوە بخەینە روو کە بە شێوەیەکی جیددی لەم کێشەیە ورد ببینەوە. بەر لە گشت شتێك، پێویستە مرۆڤ ئەو کێشەیەی لەیاد بێت کە لەگەڵ هەر بەڵگەکارییەکدا سەرهەڵدەدات: کارەکانی مرۆڤ کاریگەریی ویستراوو نەویستراویشی هەیە، لەبەر ئەوە کارە بیرۆکراسییەکان، تەنانەت ئەوانەی کە باش بەنیاز گیراون، لە دەرەنجامی نەویستراوو چاوەڕوان نەکراوی نالەبار بەدەر نین. ئەمە تاکە کێشە نییە لە جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییەدا سەر هەڵدەدات. گەر کەسێك هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی لە سربیا بدات تەنیا لە رێی کۆنترۆڵ و سزاوە، ئەوسا کێشەکە لەو ئاستەی ئێستایەوە دەگوێزرێتەوە بۆ پلە ئاستێکی سەرووتر. ئەمەش پێویستی بە فراوانترکردنی زنجیرەی کۆنترۆڵەکە لە راستیدا پێویستی بە "بیرۆکراسییەکی نوێ" هەیە کە ئەرکی کۆنترۆڵکردنی ئەو کەسانەی لە ئەستۆ دەبێت کە کاری کۆنترۆڵکردن دەکەن، زۆر بە زوویی ئەم پێویستیی کۆنترۆڵکردنەیان سەرهەڵدەدات. بەم جۆرە بازنەکە بەردەوام دەبێت و بیرۆکراسی بە شێوەیەکی بەسیستمکراو هان دەدرێت و گەورە دەکرێت.

گشت ئەوەی کە باسمان لێکرد هیچی نوێی تێدا نییەو بریتییە لەو کێشەیەی کە ئێمە دەمودەست دەستنیشانمان کردووەو لە جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییەدا لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا دێتە رێ، هەرچەندە ئەوان سیستمێکی ناوخۆیی گەشەکردوویان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی فەرمانبەرانی حکومەت. جێبەجێکردنی ئەو جۆرە ستراتیژییە گەلێك سەخت دەبێت گەر ئەو چوارچێوە دامەزراوەییەو بەر لە هەموو شتێکیش چوارچێوە یاساییە – سیاسییەکەی سربیامان لەیاد بێت. با باسی ئەوە بکەینەوە کە 67.1٪ی هاووڵاتییان بڕوایان وایە کە سیستمی دادوەری متمانەی پێناکرێت و 58.1٪یش پێیان وایە کە ئەو سیستمە ناتوانێت بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ بکات. هاووڵاتییان و خاوەن پرۆژە تایبەتەکانیش هەمان شتیان خەملاندووە. ئەم ستراتیژییە تەنیا کاتێك جێبەجێ دەکرێت کە گەندەڵی بگاتە ئەو ئاستانەی کە بەرزترن و تەنانەت ئەوساش کەمتر دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی خەڵکییەوە. بیرۆکراسی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەتیش لە پەیوەندییە ئابوورییەکاندا، هەروەك لەوەوپێش بینیمان، لە راستیدا هۆی سەرەکیی کێشەی گەندەڵی بەرفراوانە لە سربیا، لەبەر ئەوە بە بیرۆکراسیکردن ناتوانێت ببێتە چارەسەرێکی لەبارو ستراتیژییەك بۆ تێکۆشان دژ بەو دیاردەیە.

لە رێسا بەدەربوون و بەلیبراڵکردن:

گەر شێوازەکانی گەشەکردنی گەندەڵی و سەختی گرتنی و توانای "خۆ حەشاردانی" و پەرەسەندنی رەچاو بکەین دەبینین ناتوانرێت بە شێوەیەکی لەبار لە رێی کارە کارگێڕییەکانەوە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت. لیستی ئەو کارە لەبارانەی کە دەبێت بۆ رێگرتن لە گەشەکردنی گەندەڵی و بڵاوبوونەوەی ئەنجام بدرێن دەبێت لەسەر بنەمای هۆکارەکانی بێت. گەر بە زمانی ئابووری بدوێین دەبێت بڵێین: پێویستە هاندەرەکانی گەندەڵی لەناو ببەین. ئەم چارەسەرییە لەتەك بیرکردنەوەی بیروڕای لیبراڵدا گونجاوەو لە رێسا بەدەرکردن و بەلیبراڵکردنی بازاڕ پڕبەپڕی مانای وشەکە دادەنێت. ئەو چالاکییانەی باس کران زۆر وردتر مانای جێخۆشکردن بۆ دەستپێشخەریی تایبەت و کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی دەوڵەت گەلێك سەپاندنی جۆراوجۆری ژیانی ئابووری دەگەیەنێت. پێویستە گشت ئەو هاندەرانەی کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی ئەکتەرانی ئامادە بۆ گەندەڵکردن (خواست)، هەروەها ئەوانەش کە ئامادەی گەندەڵبوونن (دابینکردن) تا ئەوپەڕی کەم بکرێتەوە بۆ نزمترین

ئاستی. ئەمەش لەناوبردنی مەرجە پێشەکییەکانی ئابووری – سیستمی بۆ دەرکەوتنی ئەکتەرانی گەندەڵی دەگەیەنێت.

هەموو لەناوچوونێکی ئازادیی ئابووری، هەروەك بە دوورودرێژی خستمانە روو، مەرجی پێشەکییە بۆ دروستکردن و بەردەوامی و فراوانبوونی میکانیزمی گەندەڵی بە گشت ئەو کاریگەرییە نالەبارانەشەوە کە بەدوایدا دێت دروست دەکات. هاوکات ئەمە وا دەگەیەنێت کە تەنیا لە رێی ئەو کرداری بەدامەزراوی کردنانەوە (یاسایی، سیاسی، ئابووری) کە پارێزگاری لە فراوانکردنی ئازادیی ئابووری و سیاسی دەکات و لەسەر ئەو بنجی بەستووە دەتوانرێت مەرجی پێشەکیی پێویست دابنرێت تاوەکو گەندەڵی کەم بکرێتەوە و بەربەست بکرێت.

گەر باری ئێستای کۆمەڵگەی سربیا رەچاو بکەین ئەوە دەبێتە شتێکی بنەڕەتی کە پێویستە هاوکات توخمەکانی بازاڕی ئابووریی ئازاد و کۆمەڵگەی دیموکرات دابمەزرێنین. بەم شێوەیە کارکردن بۆ جەنگان دژ بە گەندەڵی لە سربیادا بریتی دەبێت لەو کارانەی دەکرێن بۆ چاکسازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. کاتێك کە تەنیا ئاگامان لە سیستمە ئابوورییەکە دەبێت، لە راستیدا گۆڕانکارییەکە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە ئەو مەرجانە بهێنرێنە گۆڕێ کە دەبنە هۆی بەدیهێنانی باری ئابوورییەکی پڕ لە کێبڕکێ. ئەمەش مانای رێخۆشکردنە بۆ دەستپێشخەریی تایبەتیی ئازاد و هەروەها رێساکانی چالاکیی بازاڕ کە روون و دیاریکراون و لە رووی دامەزراوەییەوە پارێزراون و زۆر بە چاکی رێزیان لێدەگیرێت.

بۆ لەناوبردنی ئەو هۆیانەی کە لە سربیا گەندەڵی دروست دەکەن، پێویستە ستاندەرە گریمانەییەکانی بازاڕی ئابووری زیندوو بکرێنەوە یاخود وردتر بڵێین سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە: چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی سەقامگیرو ئازادی لە رێکەوتنداو پرۆژەی تایبەتیی تاکەکەس. لە رێسا بەدەرکردنی ژیانی ئابووری مانای ئاژاوە نییە هەروەك لەلایەن هەندێك کەس یا لایەنی سیاسییەوە، لە رووی نەزانی یان بۆ مەبەستێکی نادروست، لێك دەدرێتەوە. پێبڕکێ رەمەکییەکەی بازاڕ لە سربیا پێویستە ئەوە رەچاو بکات کە سیستمێکی بەهێزی رێساکانی بازاڕ پێویستە ئەو دەزگایانە دابمەزرێنرێنێت کە پشتگیری لە ئابووری بازاڕ دەکەن و ئازادییەکی تەواوی ئابووری بۆ بەشدارە چالاکەکانی دابین دەکەن.

کارێکی گرنگ کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی سیستمی ئابووری و هەروەها گرنگە بۆ نەهێشتنی هۆیەکانی گەندەڵی بریتییە لە ئازادکردنی نرخ. ئەمە لەبەر چەند هۆیەك ناتوانرێت خۆی لێبەدوور بگیرێت. بەر لە گشتی بۆ ئەوەی بتوانرێت لە کۆتاییدا ئەوە روون بکرێتەوە کە لە سربیا کام بەرهەمهێنەر توانای خۆگرتنی هەیە لە بەردەم فشاری کێبڕکێداو کامیشیان ئەو توانایەی نییە. ئازادکردنی نرخ دەبێت کۆتایی بەو سەرلێتێکچوونەی بازاڕ بهێنێت. سەبارەت بە ئاستی سەرکەوتنی هەندێك کۆمپانیا و پیشەسازی و کارێکی وا بکات کە ئەوان بتوانن ئەو پرۆگرامی بەرهەمهێنانەنە دەستنیشان بکەن کە سوودێکی راستەقینەی بەراوردکاریان هەیە. بارودۆخێکی وا کە شیاوییەکەی تەنیا بە سەرکەوتن لە بازاڕی کراوەدا پێوانە دەکرێت، لە هەمان کاتدا هاندەر بۆ هاوپەیمانێتی لە بواری چالاکیی ئابووریدا کەم دەکاتەوە و خواست لەسەر خزمەتگوزارییە گەندەڵەکان کەم دەکاتەوە. لە لایەکی ترەوە، پێویستە سیاسەتی ئابووری ئەم پرۆسەیە پەیڕەو بکات. ئەمەش مانای وایە، کە بە پلەی یەکەم، ئەو بارودۆخانە دروست بکرێن کە تیایدا حکومەت رێ لە بەشداریی چالاکانەی خۆی بگرێت لە پرۆسە ئابوورییەکاندا. ئەوە گەلێك گرنگە ئەو هێزەی قەدەغە بکرێت کە

بتوانێت قازانجەکان سەرلەنوێ لەنێو بەشدارەکاندا دابەش بکاتەوە. پێویستە لە ڕێگەیەکی دامەزراوەییەوە ئەوە بکرێتە کارێکی لە توانا بەدەر کە سیاسەتێکی ئابووریی جیاکاریخواز پەیڕەو بکرێت. لە کاتی لە ڕێسا بەدەرکردنی ئابووریدا فەرمانبەرانی حکومەت توانای ئەوەیان نییە کاریگەری بخەنە سەر پرۆسە ئابوورییەکان و بەو جۆرەش بە شێوەیەکی بابەتییانە توانای ئەوەیان نابێت خزمەتگوزاریی گەندەڵی بخەنە بەردەست. گشت ئەم کارانەش دەبێت هاندەر بن بۆ دروستکردنی ئاکاری کارکردنی بازرگانیی جیاواز کە تاوانی تیا نەکرابێتە بناغە، هەرچەندە ئەمە لە ماوەیەکی کورتدا نایەتی دی.

لە ڕێسا بەدەرکردنی چالاکیی ئابووری بەم جۆرە دەبێت هۆی کەمکردنەوەی هێزی ئابووریی سەرانی سیاسەتمەدار، شتێکی ماقووڵ دەبێت گەر پرۆسەکانی لە ڕێسا بەدەرکردن بە نانێوەندکردنی سیاسی و ئابووری بە دوادا بێت کە ئەوەش مانای بەهێزکردنی حکومەتی ناوخۆ دەگەیەنێت. ئێمە لە بەشێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرلەنوێ دێینەوە سەر ئەم بەشی ستراتیژیی دژە گەندەڵییە.

ئامۆژگارییە سەربەخۆکان:

بە شێوەیەکی گشتی هەموو سنووردارکردنێکی ئازادی لە ڕێی دەزگاکانەوە تا ڕادەیەک دەبێتە هۆی گەندەڵی. ئەم کاریگەرییە بە تایبەتی بەسەر ئازادیی ئابووریدا دەچەسپێت. پێویستە مرۆڤ ئەو ڕاستییە پشتگوێ نەخات کە بە بێ بوونی ئازادیی ئابووری، ئازادیی سیاسی بە تەنیا خۆی (کە لە ئاستێکی بەرزی بە دیموکراتکردنی کۆمەڵگەدا خۆی دەنوێنێت) ناتوانێت ڕێ لە گەندەڵی بگرێت.

بۆ ئەوەی ئەو شێوازە بەڕێوەبردنەی کە دەوڵەت لە سربیا تیایدا خاوەن دەستەو هۆی سەرەکییە بۆ گەندەڵیی فراوان، بگۆڕێت بە شێوازی ئابوورییەکی کێبڕکێکار. پێویستە گۆڕانکارییەکی دامەزراوەیی گەورە ئەنجام بدرێت کە لە پێویستیی گۆڕانکاریی خێرای هەندێك لە یاسا گرنگەکانی سیستمی ئابووریدا خۆی دەنوێنێت. ئەو گۆڕانکارییانەش پێویستە ئازادیی ئابووری پتر بکەن و بیپارێزن:

1) بۆ ئەوەی بگەینە لە ڕێسا بەدەرکردنی ئابووری لە سربیا، بەر لە هەمووی پێویستە سەرمایەو موڵکە گشتییەکان و ئەوانەی دەوڵەت تایبەت بکرێن. بە بێ بەتایبەتکردن، کە دەبێت بە تایبەتکردنێکی خێراو زۆرەملێ و فراوان بگرێتەوە، ناتوانرێت پێکهاتە ژێرخانەییەکی دامەزراوەیی نوێ دابمەزرێنرێت. بە بێ دامەزراوەییە نوێیەکە ناتوانرێت پرۆژەی تایبەتیی ئازادو شیاو هان بدرێت و پارێزگاریی لێبکرێت. تەنیا شتومەکی تایبەت دەتوانێت لەو بارودۆخانەدا میکانیزمێکی ڕاستی بازاڕ لە سربیادا دابمەزرێنێت و بەو جۆرەش بەسەر ئەو ئابوورییە بەدەوڵەتکراوە ڕەگوڕیشە داکوتاوەدا زاڵ ببێت کە ئێمە وەك گرنگترین هۆکارە دامەزراوەییەکانی گەندەڵی دەستنیشانمان کرد. هەروەها ئەوە خراوەتە ڕوو کە شتومەکی تایبەت لە ڕابردوودا بووبووە ڕێگرێکی بەهێز لە بەردەم گەندەڵیدا.

یاسای نوێی بەتایبەتکردن بووەتە هەنگاوێك لە ڕێڕەوە ڕاست و دروستەکەدا چونکە هەروەك شێوازە بنچینەییەکانی بەتایبەتکردن ئەم یاسایە پێشبینی ئەوە دەکات کە فرۆشتنی سەرمایەو شتومەکی گشتی و دەوڵەت لە ڕێی تەکنیکە کێبڕکێکارەکانەوە دەبێت وەك تەندەرو نرخ زیادکردن (مەزاد). لەمەدا دەبێت ئەگەری گەندەڵی بەدەرکرێت چونکە بە گشتی کێبڕکێی لایەنە وەگەڕخەرەکان توانای فرۆشیارەکان (دەوڵەت و فەرمانبەرەکانی) پەك دەخات کە بڕیاری ئارەزووکاری دەربکەن یاخود بەرتیل وەربگرن.

www.pertwk.com

بەهەرحاڵ، تەنانەت تەکنیکەکانی کێبڕکێش هەموو کاتێکی خۆیان لە بەردەم گەندەڵیدا ناگرن، کاتێك کە نرخ پێشکەشکردنەکە لەسەر بناغەی یەك بنەما نییە بۆ نموونە تەنیا نرخ، بەو جۆرەش بە ئاسانی دەتوانرێت بڕیار لەوە بدرێت کە بۆ کێ دەبێت، لە کاتی بەتایبەتکردندا بە زۆری نرخ گرنگترین بنەمایە، بەڵام بنەمای دیکەش بەکار دەهێنرێن وەك ئامادەیی کڕیار بۆ پارە خستنەگەڕ لە کۆمپانیاکەدا، یاخود هێشتنەوەی ژمارەیەکی دیاریکراوی فەرمانبەر. کاتێك کە چەند بنەمایەك هەبوو، ئەوا تاکە چارەکردنی مەسەلەی ئەوەی بۆ کێ دەبێت لەدەست دەردەچێتو زۆرجار بڕیارەکە لەسەر بناغەی هەستی تاکەکەس یاخود ئەو کەسانە دەبێت کە بڕیارەکە دەردەکەن لەسەر بنەمای ئەوەی کە خۆیان بە گرنگی دەزانن یاخود لەسەر بناغەی بەرتیل.

ستراتیژیی حکومەتی سربیا بۆ بەتایبەتکردن لەسەر بناغەی فرۆشتن بوو لە ڕێی تەندەری گەورەترینو چاکترین کۆمپانیاکانەوە، بنەماکانی هەڵبژاردنی چاکترین پێشنیاز نرخەکەیو مەودای خستنەگەڕی کۆمپانیاکەو هێشتنەوەی کارمەندەکانە. لەبەر ئەوە ئەگەری گەندەڵی دێتە گۆڕێ. لۆژیکی ئابووری ئەوە دەگەیەنێت کە وا باشترە تەنیا پشت بە یەك بنەما ببەسترێت – نرخەکە – بەڵام بارودۆخە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکەو بیروڕاکان هاندەرن بۆ ئەوەی دوو بنەماکەی تریش بێنە کایەوە.

تاکە چارەیەك دژ بە گەندەڵی لە کاتی فرۆشتن لە ڕێی تەندەرەوە دەشێت روونی بێت لە پرۆسەی بڕیاردەرکردندا، بەڵام خۆش ئەوەیە یاسای بەتایبەتکردن بڕیار لەوە نادات کێ بڕیار لەسەر دیاریکردنی خاوەن تەندەری هەڵبژێردراو دەدات، هەروەها لەسەر دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکەو یان ئاژانسی بەتایبەتکردنەکە، بەڵکو ئەم مەسەلەیە واز لێدێنێت بۆ ڕێسای دیکە، کە ئەمەش شتێکی باش نییە.

2) هاوتا لەتەك گۆڕینی یاسای بەتایبەتکردندا پێویستە دەستپێشخەریی گۆڕینی ئەو یاسایە بکرێت کە بڕیار لە دروستکردنی کۆمپانیای نوێ دەدات. پێویستە ئەو یاسایە لە رووی شێوەو یاساییەوە سادە بکرێت. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پرۆسەکارەکە تەواو کورت بکرێتەوەو لەو ڕێیەشەوە گشت ئەو پرۆسەکارەی کە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیای نوێ بەکار دێت. پێویستە پرۆسەکە خێراترو کاراتر بێتو بواری خاترانەی تیا نەبێت. لە رووی پراکتیکەوە پێویستە ژمارەیەك لە مەرجەکانی مۆڵەت کە سروشتێکی تەکنیکییان هەیە لا ببرێن، وەك ئەوانەی کە پەیوەندییان بە تەندروستیو وزەو مەسەلەکانی ترەوە هەیە. ئەو کاریگەرییە لەبارەی (پۆزەتیڤەی) کە لەم جۆرە گۆڕانکارییەوە بەدی دێت دەشێت چەندلایەنە بێت. لە سەروو هەموویەوە ئەمە ئەگەری خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی ڕەسمیی ئەو کارمەندە حکومەتییانە کەم دەکاتەوە کە لەو زنجیرە کارە بیرۆکراسیە ئاڵۆزەدا بەشدارن. لەلایەکی ترەوە ئەو ساکارکردنە یاساییەی پرۆسەکاری دامەزراندنی کۆمپانیای نوێ دەبێتە هۆی دروستکردنی ژینگەیەکی جیاواز بۆ بازاڕ. بەمجۆرە بارودۆخەکە بەرەو کەمبوونەوەی ئەو ئاستە زۆر چڕەی پێکهاتەی بازاڕ لە سربیا، یاخود لەچاو رابردوودا کێبڕکێیەك لە پێکهاتەی بازاڕدا دروست دەکات. ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنی بەشێکی گەورە لەو هۆیانەی گەندەڵی لە سربیادا چونکە بوارێکی کەم دەمێنێتەوە بۆ ڕێسا کارگێڕییەکان.

3) گشت ئەو مامەڵانەی پەیوەندییان بە بەدەستهێنانی گشتییەوە هەیە پێویستە گەلێك روونو ئاشکراتر بن. ئەمەش مانای وایە کە دەبێت لەبەر کۆنترۆڵی رای گشتیدا بن، هەروەك ئەو دەزگا گونجاوانەی کە بە دوای یاساییبوونیاندا دەچن. لەلایەکی ترەوە پرۆسەکارەکانی بەدەستهێنانی گشتی نابێت بە تەنیا بۆ کۆمپانیا ناوخۆییەکان تەرخان بکرێن، وا ماقووڵترە ئەو کۆمپانیا بیانییەش بگرێتەوە کە لەو بوارەدان. لە بارودۆخێکی

www.pertwk.com

وادا کێبڕکێ بەهێز دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە باشترین بارودۆخەکاندا شتەکان ڕێك بخرێن. بێگومان ئەمە وا ناگەیەنێت کە ئەمە بەس بێت بۆ ئەوەی گەندەڵی لەو چالاکییانەدا تەواو لەناو ببرێت (بە کۆمەڵ دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامانی کۆمسیۆنی ئەوروپایی لەسەر گەندەڵی بە باشی ئەوە دەردەخات)، بەڵام لەو ڕێیەوە کە باس کرا گەلێك کەم دەبێتەوە.

4) ئەو گۆڕانکارییانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕێخۆشکردن بۆ دروستبوونی پرۆژەی تایبەتیی نوێ هەیە پێویستە گۆڕانکاریی دی بە دوادا بێت لە یاسای کارکردن و دامەزراندندا. لەو بارودۆخەی ئێستادا کە ئاستێکی گەلێك بەرەسمیکراوی پاراستنی کرێکاران هەیە و نەبوونی کێبڕکێی ئازاد لە نێوان کرێکارانی یەك کۆمپانیادا، هەروەك نەبوونی لە نێوان ئەوانەی کاردەکەن و ئەوانەی بێکارن شتێکە یارمەتیی بەردەوامی نادات. پێویستە بەرەو ئەوە بچین بازاڕێکی کارکردنی وا دابمەزرێت کە بە مانای وشە بازاڕی کارکردن بێت، یاخود ئەو میکانیزمانە دابنرێن کە کارکردن بە پێی زانیاری و توانای کرێکاران تەرخان دەکرێن، یان ئەو پرۆسانەی کە زانیاری و تواناکان دەبنە تاکە بنەمای هەڵبژاردن. لەو جۆرە بارودۆخەدا کە بنەمای کارایی تاکە بنەمای پەیوەندارە، بە ئاسانی شوێن بۆ ئەوە نابێتەوە کە بەهۆی گەندەڵییەوە پلەکارێکی باش بەدەست بهێنرێت. جەختکردنە سەر بازاڕی کاری "سەخت" و بە توندی پێ داگرتن لەسەر ڕێزگرتنی یاساکان دەبنە هۆی کەمبوونەوەی "بازاڕی ڕەش" بۆ کارکردن و لەبەر ئەوەش کەمبوونەوەی بڕی پەرۆشی بۆ گەندەڵی.

5) گۆڕانکاری لە باجداندا پێویستە، سیستمی باج، هەروەك لەمەوبەر دیمان، تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستەوخۆ هاندەر بوو بۆ گەندەڵیی فراوان لە سربیا. لە سەروو هەمووشییەوە، ئەو سیستمە گەلێك ئاڵۆز و نەگونجاوە گەر جێبەجێکردنێکی بێ پێچوپەنامان بوێت. لەبەر ئەوە، پێویستە ئەو سیستمە تەواو ئاسان بکەین و وای لێبکەین ڕوون و ئاشکرا بێت تاوەکو ئەگەری لێکدانەوەی "دیکە" کەم ببێتەوە، هاوتاش لەگەڵ ئەو کەمبوونەوەیەدا ئەگەری خراپ بەکارهێنانی کەم ببێتەوە. شتێکی باش دەبێت مافە ئارەزووکارییەکانی دەوڵەت لەم بوارەدا بە تەواوی لەناو ببرێت. بە واتایەکی دی، پێویستە کە تا ئەوپەڕی توانا ئەو بوارە کەم بکرێتەوە کە ئێستا کۆمپانیا بەرخورداركراوەکان و تاکەکەسان هەیانە بۆ خۆدزینەوە لە باج. گۆڕینی پێکهاتەی بڕی دانراوی باج، بە تایبەتی کەمکردنەوەی باجی مووچە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی "بازاڕی ڕەش" و هاتنەوەی بۆ ژێر ڕکێفی بازاڕی ڕەسمی.

6) هەروەها بواری بازرگانیی دەرەوە پێویستە بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕابردوو ڕێك بخرێت. لە ڕێسا بەدەرکردنی ئەم کەرتە مانای ئازادکردنی بازاڕی ناوخۆیە، یاخود پێویستی بۆ نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەم بازرگانیی دەرەوە. ئازادکردن مانای قەدەغەکردنی سنووردارکردنی لە دەرەوەهێنان و ناردنەدەرەوەی بەهەندکراوە و هەروەها هێنانە خوارەوەی ئاستی گومرگ دانانە. ئەمەش مانای نەهێشتنی سیستمی مۆڵەتی ناردنەدەرەوە دەگەیەنێت هەروەك گشت کارەکانی پاراستنی دیکەی سیاسەتی ئابووری. پێویستە سیستمی بازرگانیی دەرەوەش هەروەك سیستمی باج ڕوون و ئاشکراو تا ئەوپەڕی توانا ئاسان بێت و تا ئەوپەڕی تواناش دەسەلاتی ئارەزووکاریی تیادا کەم بێت. لەم ڕووەوە ڕێنماییە یاساییەکان بە تایبەتی هاندەرێکی گەورە بوون بۆ گەندەڵی لە سربیا. ئەوە بە ڕێکەوت نییە کە هاووڵاتییان خزمەتگوزاریی گومرگیان بەو چالاکییە داناوە کە گەندەڵییەکی زۆری تێدایە (4.47)، هەروەها 31.7٪ی ئەوانەی ڕایان وەرگیراوە گومرگیان بەو دەزگایە داناوە کە زۆرترین گەندەڵیی تێدایە. ڕووپێوی لە دەرەوەهێنان و ناردنەدەرەوە لە سەرووی گشت هۆیەکانی تری

گەندەڵییەوەن و پلەی دووەم و سێیەمیان پێدراوە. لە ڕێسا بەدەرکردن و ئازادکردنی بازاڕ ئەم چالاکییانەی گەندەڵی، تا رادەیەك زۆر بە زوویی، ناهێڵێت. لە ماوەی چەند مانگی پێشوودا هەنگاوی گرنگ بەرەو چاکسازی و ئازادکردنی بازرگانیی دەرەوە نراوە، بەڵام هێشتاکە بوار بۆ گۆڕانکاریی دیکە زۆرە. وەگەڕخستنی ئەو چەند کارە لە ڕێسا بەدەرکردنانەی باس کران شتێکی ئاسان نابن لە سربیا چونکە ئەو گەندەڵییە فراوانەی دەیینەی پێشوو بووەتە هۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی گەورە. لەلایەکەوە ئەو پرۆسانەی هێنایە گۆڕێ کە بوونە هۆی پەککەوتنی کۆمەڵایەتی و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵانی خاوەن فشار (لۆبی)ی دروست کرد کە لە رووی داراییەوە خاوەن هێزن و کاریگەرییان هەیەو رێ لە هەر جۆرە لە ڕێسا بەدەرکردن و ئازادکردنێك دەگرن یا خود بەرهەڵستی دەکەن. ئەم (لۆبییانە)، کە دەستنیشانکردنیان کارێکی گران نییە، هیچ گومانی تیا نییە کە دەبنە هۆی گەورەترین بەرهەڵستکردنی لە ڕێسا بەدەرکردن و ئازادکردنی چالاکیی ئابووری چونکە هەوڵی ئەوە دەدەن کە بارودۆخی بەرخورداریيە پێشووەکەیان بهێڵنەوە.

ئەو کێشەیەی لای سەرەوە باس کرا لە هەمان کاتدا دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی گەورە بۆ سەلماندنی هێزو توانای بڕیاردانی دەسەڵاتدارانی نوێی سربیا لە جێبەجێکردنی چاکسازییە ئابوورییە بنەڕەتییەکان و پاساودانەوە بۆ ئەو بڕوایەی کە دەنگدەران پێی دابوون (لە سەدا 60ی هاووڵاتییان وا لە دەسەڵاتدارانی نوێ رادەبینن کە کەمترین ئاستی گەندەڵییان هەبێت). هەروەها ئاستێکی بەرزی متمانە لەلایەن خاوەن پرۆژە تایبەتەکانەوە دەربڕراوە بەرامبەر بە دەسەڵاتدارە نوێیەکان. ئێستاش نۆرەی ئەمانە کە راستیی ئەو متمانەیە بسەلمێنن.

چاکسازیی سیستمی دادوەری:

پێشەکی:

چەند بگرەوبەردەیەك لەسەر ئەو گریمانەیە هەیە کە هۆیە سەرەکییەکانی دیاردەی گەندەڵی لە دادگادا دەرەکییەو مەودا فراوانەی لە ئەنجامی سەرجەم قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و سوانی ئاکارە گشتییەکان و شڕبوونی سیستمی یاسایی و قەیرانی دەزگاکانە. هەر لەمەوە ئەو گریمانەیە سەرهەڵدەدات کە جەنگان دژ بە گەندەڵی لە دادگادا ناشێت سەرکەوتوو بێت هەر بە تەنیا لە رێی ئەو گۆڕانکارییانەوە کە دەکرێن لەو هۆکارە دەرەکییانەی وا دەکەن گەندەڵی بکرێت و هاندەر بن بۆی. لەگەڵ ئەمەشدا چاکسازی لە دەزگاکانی دادگادا مەرجێکی پێشەکییە بۆ لەناوبردن یان کەمکردنەوەی گەندەڵی.

ئەو دەقانەی لەمەودوا دێن و گۆشەنیگایان لەسەر چاکسازیی دادگایە، پتر لەوەی لەسەر فاکتەرەکان یان بابەتەکانی دی بێت، کورتەی ئاراستەی چاکسازییەخوازراوەکان دیاری دەکات بە پێشنیازە هەست پێکراوەکان لەسەر بنەمای راستییە هەست پێکراوەکان هەر لە هەڵوێستی دەزگاکانی دادگاوە تاوەکو بە فاکتەرە مرۆییەکان دەگات.

پێشەکیی سەرەکی ئەوەیە کە لە دووتوێی ئەو دەستوورەی ئێستادایە (بەندی 96 لە دەستووری کۆماری

سربیا)، هەروەها بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان[17] – دادگای سەربەخۆ – کە بەهەرحاڵ مانای ئەوە نییە لەژێر کۆنترۆڵدا نەبێت یاخود بەرپرسیار نەبێت.

پەیوەندیی دادگاو دەسەلاّتدارەکانی دی لە جەنگاندا دژ بە گەندەڵیی دادگا:

دادگا لە رێی سەربەخۆییەکەیەوە بە باشی لە گەندەڵی دەپارێزرێت. دوو رەهەند بۆ ئەو سەربەخۆییە هەن: سەربەخۆیی دادگا وەك دەزگایەكو سەربەخۆیی دادوەر وەك کەسێك.

سەربەخۆیی دادگا وەك دەزگایەك لە سەربەخۆیی دەستە پەیوەندارەکانی بەشە یاساییو جێبەجێکەرەکانی حکومەتو هەروەها ئۆرگانەکانی دیو رێکخراوەکانو تاکەکەسەکاندا دەردەکەوێت.

سەربەخۆیی دادوەرەکان وەك تاکەکەسان لەوەدا دەردەکەوێت کە بە ئازادی بڕیارەکان دەربکەنو بەلادا داشکاندنیان تێدا نەبێت لەسەر بنەمای بڕیاردانی خودی سەبارەت راستییەکانو هەروەها بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێت لە یاساکە بگات بە بێ سنووردارکردنو کاریگەری خستنەسەرو فریودانو هاندەرو فشارو دەستتێوەردان چ راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ لە هەر کەسێکەوە بێتو بۆ هەر هۆیەك بێت. گەلێك کاریگەری هەمیشە هەوڵی گەیشتنە بە دادگا، جا گەیشتنیان یان نەگەیشتنیان بە تایبەتی بەندە بە دادوەرەکەوە. دادوەر نابێت هیچ دەسەلاّتێکی بەسەرەوە بێت بێجگە لە یاساو داد. دادوەران نابێت بە ئاراستەکاریی فەرمانڕەواو سەرکردەکان، سوپا یان پۆلیس، حیزب یان مافیا، خزم یان هاوڕێ، پیاوی باش یان ناسیاوەوە بەڕێوە بچنو بێجگە لە ویژدانی خۆیان لەژێر رکێفی هیچ کەسدا نەبن. لە کاتێکدا کە لە ئەنجامدانی گەلێك لە کارە حکومەتییەکاندا بەشی خۆی رۆتین هەیە، دەبینین بۆ ئەوەی سەرکەوتووانە کاری دەسەلاّتی دادوەری ئەنجام بدرێت مرۆڤ تا رادەیەك پێویستی بە هێزێکی ماقووڵی خودایی هەیە چونکە دادوەر بڕیار لە ژیانو مردن، ئازادیو بەندکردن، موڵكو خاوەنێتی، زیانو قەرەبوو، راستیو درۆ، یاساییو بێ یاسایی، دادو بێ دادی، بەکارهێنانو خراپ بەکارهێنانی یاسا دەدات، واتە گرنگترینو لاوەکیترین شتومەكو بەرژەوەندییەکانی خەڵکیو کۆمەڵگە. لەبەر ئەمە پێویستە دادوەر شیاوی ئەو شوێنە بێت کە بەڕێوەی دەباتو بەم شێوەیەش ئەو جێی متمانەی ئەو خەڵکە دەبێت کە بە ناویانەوە بڕیار دەردەکات. بڕوا لە رێی بەهێزکردنی رێزو ژیانی شەرەفمەندانە، حوکمدانی بێ بەلادا داشکان، پتەویی کەسێتی، شکۆمەندیو ئازاییەوە بەدەست دێت. هەروەها لە رێی رەشنووسە دادوەرییەکانەوە کە رێنماییە یاساییەکانی بەم جۆرەیە: سەربەخۆ بە، دادپەروەر بە، پیشەوەر بە، ئازاد بە، ئازا بە، گونجاو بە، گەندەڵ مەبە، پابەند بە، دوور بە لە سیاسەتو، راست بە لەتەك یاساکاندا.

پێویستە دادگا لە سیاسەت بەدوور بێت کە ئەوە تا رادەیەکی زۆر دەبێت هۆی گەندەڵکردنیو سەرەڕای ئەوەش تووشی بەلادا داشکاندنی چینایەتیی دەکات. پێویستە دادگا سەر بە چینێك نەبێت وەك ئەو کاتەی کە دەوڵەت دەوڵەتی حیزب بوو، لەبەر ئەوە دادگا دەشێت ببێتە دادپەروەر کاتێك کە لە دەوڵەتێکی دیموکراتیدا دەبێت.

(17) بؤ نموونـة بروانـة بنـةما سـةرةكييةكانى سـةربةخؤيي دادطـا كـة لةلايـةن كؤمةلَـةى طشـتيى نةتـةوةيةكطرتووةكانـةوة لـة 1985دا ثةسةند كراوة.

www.pertwk.com

ڕێگەی گۆڕان لە دادگایەکی سەر بە چینەوە بۆ دادگایەکی دادپەروەر، دادوەرێکی سەر بە چین، ئەو نۆکەرە گوێڕایەڵەی دەوڵەتی حیزب دەگۆڕێت بە دادوەرێك دادپەروەرو بە پەیامبەرێك حوکمی یاسا. دادوەرێکی دادپەروەر بە دوای خواستەکانی چینی فەرمانڕەوادا ناگەڕێت، بەڵکو لە هەر دادوەرییەکدا هەرکەسەو چیی هەبێت پێی دەبەخشێت، لە دادوەرییەکی نایەکساندا دادوەر بەو شتە نایەکسانانەی هەمئاهەنگن لەتەك نایەکسانیی دادوەرییەکەداو لە بەرامبەر کەسێکی دیدا هەروەها بەرامبەر بە خۆی. دادوەری دادپەروەر توانای بەرگریکردنی هەموو فشارو کاریگەرییەکی هەیە. لەبەر ئەوە پێویستە کەسێتییەکی بەهێزی هەبێت.

لە یاسای یۆگۆسلاڤیاو سربیادا پرینسیپی دابەشکردنی هێز بانگەشەی بۆ کراوە: دادگاکان سەربەخۆو ئازادن. بەهەرحاڵ، ئەو پرینسیپە بە تەواوی کاری پێنەکراوەو چەندین لادان لەو پرینسیپە سەربەخۆیی دادوەران و دادگاکان لە بەشەکانی تری حکومەت بە جۆرێك دەکاتە مەسەلەی مشتومڕێکی ئەوتۆ بتوانرێت بەرگری لەو گریمانەیە بکرێت کە وای دادەنێت ئەوان لەبەر کاریگەریی نوێنەرانی هێزی یاسایی و جێبەجێکردندان، واتە سەرانی سیاسەتمەدار بە شێوەیەکی ئەوتۆو لە مەودایەکی وادا کە مرۆڤ بتوانێت باس لە گەندەڵی بکات. ئەوەش لەم خاڵانەدا خۆی دەنوێنێت:

* شێوازی هەڵبژاردنی دادوەران و سەرۆکی دادگاکان کە تیایدا ڕۆڵی سەرەکی هی دەسەڵاتی یاسادانان و پەرلەمان و دەستە کارگێڕییەکانیەتی، لەگەڵ کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (وەزارەتەکان).
* شێوازی دابینکردنی پارە، لەبەر ئەوەی دادگاکان و دادوەران لە ڕێی بوودجەی گشتییەوە پارەیان بۆ دابین دەکرێت لەسەر پێشنیازی بەشی جێبەجێکردن و بڕیارلێدانی پەرلەمان و پارەکان لەلایەن وەزیرەوە ڕێك دەخرێت، هەڵوێستی دادگاکان وەك دەزگا، هەروەها دادوەران بەندە بە بارودۆخی بوودجەکەوە. پشتبەستنی مادییان لەوەش زیاترە چونکە پارە دابینکردنەکە پارەی بەرخورداریش دەگرێتەوە، بۆ نموونە (بێگومان ئەمە شتێکی کەم بایەخ نییە) بەخشینی ئەپارتمان یاخود قەرز پێدان بۆ کڕینی. بیست ساڵ لەمەوبەر نووسەری ئەم دەقە ئەوەی نووسیوە کە هەر "دابەشکردنەوەیەکی" ئەپارتمانە گشتییەکان یان ئەوانەی کە دەوڵەت خاوەنیانە (کە ئەمڕۆش بە ناوی "کڕین"یانەوە لە بارودۆخێکی بەرخورداریدا دابەش دەکرێن) کارێکی ناڕەوایە جا بنەماکانی پلان بۆ دانان و جێبەجێکردن هەر چۆنێك بێت. زۆر بە سادەیی بڵێین لە کاتی کێبڕکێدا یەکێك هەموو شتێکی دەست دەکەوێت و ئەوانی دی هیچ.

پشتبەستنی مادیی دادگاو دادوەران چەند شێوەیەکی زیرەکانەی دیکەی هەیە کە تیایدا چەند ڕۆڵێکی گرنگ دەبینرێت لە ڕێی دابەشکردن و ئاراستەکردنی پارەکان لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەراندا لەلایەن دامودەزگاکانی دادگاوە، بۆ نموونە لە ڕێی (تا ڕادەیەك) بە تایبەتی بەشداری پێکردنی دادوەران لە کۆبوونەوەیەکی گەشتیاریدا، یان وەرگرتنی شتومەك و نوێکردنەوەی نووسینگەو شتی دی لەو جۆرە. گومان نییە گشت ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی دادوەران بکەونە ژێر کاریگەریی بەشی جێبەجێکردن یان ژێر ئەو فاکتەرە سیاسییانەی کە ئەوانی هێناوەتە گۆڕێ، تا ڕادەیەکی ئەوتۆ کە دەشێت بە گەندەڵی دابنرێت.

لە ڕووی دامودەزگاییەوە ئەم بارە دەتوانرێت بگۆڕرێت لە ڕێی پێشکەشکردنی بوودجەیەکی جیاواز بۆ دادگا (دادوەری) کە دادگا سەربەخۆیی خۆی هەبێت لە پلاندانان و بەدیهێنانی بەکارهێنانیدا. دەشێت بەشێك لەم بوودجەیە لەو باجانەی دادگا خۆی دابین بکرێت.

لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە باری ماددیی دادوەران بە جۆرێکی وەبەرچاو باش بکرێت، بە شێوەیەکی خێراترو سەربەخۆ لەو بەرزبوونەوە گشتییەی ئاستی ژیان لە سربیا (یۆگۆسلاڤیا). بێگومان کەمیی مووچە پاساو نییە بۆ گەندەڵی، بەڵام گومان نییە کە بارودۆخێکی لەبارە بۆی بە تایبەتی کاتێك کە ئەو مووچانە لەسەر رۆخ یان لە خوار کەمترین پێداویستیی ژیانەوە بن‌و کاتێکیش داهاتی دادوەران (کە یاسا رێیان پێنادات سەرچاوەیەکی داهاتی دیکەیان هەبێت) برە گشتییەکەی نزمتر بێت لەوەی بۆ بەشەکانی دیکە دابین کراوە.

هەڵبژاردنی دادوەران‌و سەرۆك دادگاکان:

ئەم مەسەلە زۆر گرنگەی لە بەشی رابردوودا هاتە گۆڕێ‌و سەبارەت بە سەرەتای هەڵبژاردن بوو بۆ وەرگرتنی ناونیشانی دادوەرو باری بەردەوامبوونی دادوەران‌و پرۆسەی لابردنیان لەو پلەکارەیان هەروەها بەرزکردنەوەیان یاخود هەڵبژاردنیان بۆ دادگا بەرزترو بەرزترەکان. هەروەها ئەم مەسەلەیە رەهەندێکی تایبەتیی هەیە، مەسەلەی گواستنەوە، گۆڕینی ئەو بارودۆخەی کە هەیە لە رووی سەرچاوە مرۆییەکان کە لە دادگادا هەیە هەروەها کاتێك مامەڵە لەتەك رێکخستنە دەزگاییەکانی ئەم بوارەدا دەکرێت.

1) ئەو ستافەی دادوەری کە ئێستا هەیە، هیچ نەبێت بە پێی زۆربەی خەمڵاندنەکان، هێندەی پێویست نییە. ئەم خەمڵاندنە دەشێت لە رێی شیتەڵکردنەوەیەکی ماقووڵەوە بەرگریی لێبکرێت:

یەکەم، گەر گفتوگۆکردن سەبارەت بە پێویستیی گۆڕینی شێوازی خستنە سەرکاری دادوەرەکان هیچ مانایەکی هەبێت، ئەوا دەبێت بەوە دەست پێبکەین کە ئەم شێوازەی ئێستە هەیە وەك پێویست نییە، گەر باش نەبێت واتە جۆرێتییەکی باشی دادوەرو سەرەك دادگاکانی دابین نەکردووە.

دووەم، گەر خەمڵاندنەکە ئەوە دەربخات کە گەندەڵی لە دادگادا بە شێوەیەکی بەرفراوان هەیە – کە هەرواشە – ئەمەش لە ئەنجامی رووپێوەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیەو چەند رووپێوێکی پێشووترەوە بڕیاری لێدەدرێت (ئەم خەمڵاندنە لەناو چەندین شتی دیکەدا کە لە رێی دادوەران خۆیانەوە بووە لەو رووپێوەدا کە لەلایەن یەکێتیی دادوەرانەوە لە ساڵی 1988دا رێکخرابوو)، پاشان پرسیارێك کە دەشێت بخرێتە پێش ئەوەیە ئایا ئەوە مەرجێکی سەرەکیی جەنگان دژ بە گەندەڵی نییە کە ستافی دادگا بە شێوازو مەودایەکی وا بگۆڕرێن کە بەسەر گۆڕانکارییە "ئاسایی"ەکاندا زاڵ بێت؟

لە کۆتاییدا، ئەوەش شتێکی زانراوە کە دادگا لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی گۆڕیوەو فەرمانگەی دادوەر زۆر دادوەری لێ لابراوە، دادوەری نوێ دامەزراون‌و بنەمای سیاسی رۆڵی گەورەی بووە لەوەداو ئەو ئابووریزانانەی کە ئەزموون‌و زانیاریی دادوەرییان نییە بۆ بەرزترین فەرمانگە دادوەرییەکان دامەزراون بە پێی توانای سیاسی‌و شتی دیی لەو جۆرە. ئەو راستییەی کە سەرۆکی ئێستای دادگای دەستووریی سربیا کەسێکی ئابووریزانەو پێشتر "کارگێڕێکی سیاسیی کۆمەڵایەتی" بووە، نموونەیەکی ئەو مەسەلەیەیە (بێگومان ئەمە ئامادەیی بۆ گشت جۆرە گەندەڵییەك دروست دەکات).

گەر ئەو گریمانانەی لای سەرەوە دروست بن، ئەوسا دەشێت ئەم پرسیارە بخرێتە بەردەم: ئایا پێویست ناکات ئەندامانی ستافی دادگا تاقی بکرێنەوەو ئەوانەی کە دەرکەوت جۆرێتییەکی لاوازیان هەیە لە دادگا دوور بخرێنەوەو هەروەها ئەوانەش کە پلەوپایەی دادوەر خراپ بەکار دێنن؟ ئەم پرسیارە لە گەلێك لەو وڵاتانەی کە

www.pertwk.com

لە قۆناغی گواستنەوەدان سەری هەڵداوەو لە هەندێك شوێن (بۆ نموونە كۆماری چیك) وەڵامێكی پۆزەتیڤی بووەو هەڵبژاردنەوەیەكی گشتی بۆ دادوەرەكان ئەنجام دراوە. لە یاسای ئێمەدا ئەم بیرۆكەیە كۆسپێكی دەستووریی لە بەردەمدایە، دەستوورەكە بانگەشەی جێگیریی دادوەران دەكات. دادوەر تەنیا لە كاتێك پۆستەكەی لەدەست دەدات كە بە وردی هۆكان باسكرابن (بەندی 101 لە دەستووری كۆماری سربیا). ئەو گریمانەیەی كە هۆی گۆڕینەكەیەو ئەو "هەوڵ"ەی بۆ لابردنی ئەو دادوەرانەیە كە بە پێی بارودۆخە دەستووری و یاساییەكان "بە نەشارەزایی و بێ ویژدانانە كاری خۆیان وەك دادوەرێك ئەنجام داوە" پێناچێت دڵخۆشكەرو هاندەر بن. لە پرۆسەی لابردندا رۆڵی یەكلاكەرەوە، بە پێی یاسای دادگاكان، دادوەران خۆیان هەیانە (كۆبوونەوەی گشتیی دادگای دەستووری سربیا)، لەبەر ئەوە لەوانەیە كە دەنگ بۆ لابردنەكە نەدەن. چاكسازیی دەستووری پێناچێت بیرۆكەیەكی زۆر سەرنجراكێشەر بێت، نەك هەر لەبەر ئەوەی كە دەستووری سربیا زۆر بە گران دەگۆڕرێت، بەڵكو لەبەر ئەوەش كە لە كۆمەڵگەیەكی وەك ئەوەی ئێمەدا بەردەوامیی دادوەران بووەتە میراتییەك (كە تا رادەیەك تازە پەیدا بووە) كە قوربانی پێدانی كارێكی ترسناكە.

لەبەر ئەم هۆیە بیرۆكەیەكی پراكتیك سەر هەڵدەدات: وەك بەشێك لە چاكسازیی دادگا، كە بەهەرحاڵ شتێكی پێویستە، ئەو دادگایانەی كە ئێستا هەن هەڵوەشێنرێنەوە، واتە دادوەرەكانیشیان، ئینجا دادگای نوێ دابمەزرێن. ئەم چارەسەرییەی لە پشت دەستوورەوە دەكرێت، كە هێندە نایاب نییە، دەشێت كردەیی بێت گەر بێت و هەڵبژاردن(ەوە)ی دادوەرەكان لەگەڵ گشت ئەو بنەمایانەدا بگونجێت كە دەبێت چاكسازیی دادگا بیگرێتە خۆ.

2) شێوازی هەڵبژاردنی دادوەران، هەروەك پێشتر باس كرا، مۆركی ئەوەی پێوە دیارە كە كۆنترۆڵی رەسمیی دەسەڵاتی نێوەندیی یاسایی لەسەرە لەگەڵ كارگەرییەكی شاراوەی دەسەڵاتی جێبەجێكردنداو لە رێی ئەوانیشەوە كاریگەریی رێپێنەدراوی بنەما سیاسییەكان. چەند بیرۆكەیەك هەن بۆ چاكسازی ئەمە:

أ) هەڵبژاردنی راستەوخۆی دادوەران، ئەو هەڵبژاردنانەش دەبێت لەلایەن هاووڵاتییانەوە جێبەجێ بكرێت وەك هەڵبژاردنەكانی دی كە بۆ دیاریكردنی نوێنەرانی دەسەڵاتداران ئەنجام دەدرێن، هەندێك ناقاییلی هەیە سەبارەت بەوەی كە ئەمە لەتەك تەقالیدی ئەو یاسا كیشوەرییانەدا ناگونجێت كە ئێمە بەشێكین لێی، هەروەها پەیوەندییەكی لۆژیكی لەتەك بەردەوامیی دادوەراندا نییە كە ئەوە بووەتە بناغەی سەربەخۆییەكەیان، لە دواییشدا ئەوەی كە زۆر گرنگە ئەوەیە كە لە هەڵبژاردنی راستەوخۆدا بنەمای شارەزایی و پیشەوەری بە پلەی دووەم دێت یان بەلای كەمەوە ئەو بنەمایە دەكەوێتە بەر مەترسی.

ب) بەنانێوەندكردن، لە چوارچێوەی گشتیی ئەو سیستەمەدا كە ئێستا هەیە بە جۆرێك كە دادوەران لەلایەن دەزگاكانی یەكە ناوخۆییەكانەوە (حكومەتە ناوخۆییەكان، هەرێمەكان یان كۆمارەكان) هەڵبژێررێن كە دادگا لە سنووریدا كار دەكات. ناقاییلی سەبارەت بەمە ئەوەیە كە لە سنوورێكی وا بچوكدا كاریگەریی هێزە سیاسییەكە گەورەتر دەبێت.

ج) هەڵبژاردنی دادوەران لەلایەن دەزگایەكی پیشەوەریی سەربەخۆوە، ئەمەش دەڵێن دژ بە دەستوورە كە دەسەڵاتی هەڵبژاردنی دادوەرانی بە كۆمەڵەی نیشتمانی (پەرلەمان) داوە.

د) دانانی دەستەیەكی شارەزای سەربەخۆ كە رۆڵێكی یەكلاكەرەوەی هەبێت (وەك تاكە خاوەن دەسەڵاتێك كە پێشنیازی كاندیدەكان بكات) لە پرۆسەی هەڵبژاردنیاندا، لە هەمان كاتدا هەڵبژاردنە رەسمییەكە بەرەورووی

www.pertwk.com

کۆمەڵەی نیشتمانی بکرێتەوە.

بەش بە حاڵی نووسەری ئەم دەقە دوایین ئەگەرم لە هەموویان بە لاوە ماقووڵترە. سەرەتا، لەگەڵ ئەو ویستە گشتییەدا گونجاوە کە هەندێك لە کارە تەقلیدییەکانی دەوڵەت بدرێت بە دەزگا سەربەخۆکان (بۆ نموونە دەزگایەکی رێکخەری پەیوەندییە تەلەفونییەکان، میدیا، ....). بە شێوەی نامیندەیی و سەربەخۆ ئەم دەزگایە گەر توانا و متمانەیی تەواوی هەبێت دەشێت پشتگیر بێت بۆ بەرزترین ستاندەرە پیشەوەریی و ئاکارییەکان و گەشەیان پێبدات (بێگومان، گەر بەهۆی توخمەکانی ترەوە وەك رێزی کۆمەڵایەتی و ستاندەری دارایی پیشەی دادوەر وابێت باشترین کاندید رابکێشێت). ئەو بیرو بۆچوونانەی سەبارەت ئەندامانی ئەم دەزگایەن: دەبێت لە دادوەری هەڵکەوتوو و خاوەن ئەزموون، پرۆفیسۆرانی یاسا، پارێزەران و هەروەها نامیندەی هەڵکەوتووی بواری پیشە یاساییەکان پێکهاتبن.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کە لاوازیی ئەم پێشنیازە بخرێتە روو. بەر لە هەمووی، بیروڕاکان سەبارەت بە دەزگای سەربەخۆ یەك ناگرن، دامەزراوەیەکی تایبەت ئەم دەزگایە دیاری دەکات، کەواتە دەزگاکە لە ئاستی ئەو دامەزراوەیەدا تەواو سەربەخۆ نییە. (ئەم کەلێنە دەشێت کەم بکرێتەوە لە رێی دابەشکردنی سیستمی ئەندامە پێشنیازکراوەکان، هەروەها بە جیاکردنەوەی لە بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی دادوەرەکان. بۆ نموونە کاندیدەکانی دەزگاکە دەشێت لەلایەن یەکێتیی دادوەرانەوە دیاری بکرێن یاخود ئەو رێکخراوەیەی کە دادوەرەکان تیایدا کۆ دەبنەوە، یان ئەکادیمیای یاسا، یان رێکخراوی پارێزەران یاخود یەکێتیی خاوەن پیشە یاساییەکان). دەزگایەکی لەم جۆرە شوێنێکی رەسمیی بەهێزی هەیە (ئەندامەکان بە ئاسانی لانابرێن) بە بێ ئەگەری سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوە، کە ئەمەش متمانەبوونێکە بۆ سەربەخۆیی تەواوی دەزگاکە. کۆمەڵەی نیشتمانیش کە لە دواییدا بڕیار لەسەر پێشنیازەکان دەدات تەنیا دەتوانێت لە سنووری ئەو پێشنیازانەدا کار بکات کە دەزگاکە کردوونی.

پێکهاتەی دادوەریی و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن دادگاوە:

پێکهاتە تەقلیدییەکەی دادوەری لە سربیا (تیایدا ئەو دادگایانە خاوەن دەسەڵاتن کە لێوەشاوەیی گشتییان هەیە و یەك جۆریش لە دادگا تایبەتمەندەکان هەن کە ئەویش بازرگانییە)، لە رێی رێساکانی لێوەشاوەیی و هەندێك لە رێساکانی پرۆسەکارو چەند لاوازییەك دەردەکەون کە دەشێت ببنە ژینگەیەکی لەبار بۆ دروستبوونی گەندەڵی وەك دیاردەیەك نەك وەك مەسەلەی تاکەکەسێك.

وەك دەرەنجامێکی خراپی ئەو پێکهاتەیەی کە ئێستا هەیە و دەشێت پشتگیری لە دروستبوونی گەندەڵی بکات ئەمانە تێبینی کراون:

* نەبوونی دادگای تایبەتمەند یان هەر هیچ نەبێت بە شێوەی دامەزراوەیی تایبەتمەندکردنی دادوەرەکان کە دەبێتە هۆی ناتەواوی لە کارامەیی دادگاکان و زۆربوونی رۆڵی شارەزایانی دادگا، کە دەرەنجامی دادگایی بەندە بەوانەوە و گشت ئەمانەش بوارن بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی.
* تەواو بە ئاسانی و بە هەرزانی گەیشتن بە دادگا (کەمیی باجی دادگا و نەبوونی سەپاندنی نامیندەی پیشەوەر یان پارێزەر تەنیا لە هەندێك دادگاییدا نەبێت) بووەتە هۆی پەیدابوونی ژمارەیەکی زۆر لە دادگایی هەرزان بەها کە دادگا پەك دەخات و دەبێتە هۆی ناکارامەیی و هەمدیسان دروستبوونی ژینگە بۆ

گەندەڵی.

* دەرگا لەسەرپشتبوون بۆ دووبارەکردنەوەی دادوەریو چارەسەری یاسایی نائاسایی دیکە، مانای ئەوە دەبەخشێت دادگای باڵا رۆڵی پووچکردنەوەی بڕیاری لانەما، وەك راستییەکی سەپاو دادگاکان سێ ئاستیان هەیە، بەڵام هەروەها وا دەکات کە پرۆسەی دادگا تاوەکو دەگاتە دوایین بڕیار ماوەیەکی زۆری پێدەچێت (سربیا زۆر بە گران بگاتە ئاستی ئەو کۆنترۆڵەی دادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ لە جێبەجێکردنی بەندی 6 لە رێکەوتننامەی ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ)، ...... تاد.

بۆ هەڵوێستی چاکسازی دوایین خاڵ لەوانەی لای سەرەوە شایانی ئەوەیە گۆشەنیگای بخرێتە سەر. دابەشکردنێکی روون بۆ رۆڵی دادگای باڵا لە چاوپێگێڕانەوەو پووچەڵکردنەوەدا دەبێتە هۆی زۆرکردنی دەسەڵاتی. هاوکات مرۆڤ دەشێت چاوەڕوانی ئەوە بێت کە وەگەڕخستنی دادگایەکی یەکگرتوو بێتە کایەوە بە مانا بەرتەنگەکەی ئەو بیرۆکەیەو یەکێك لە دەرەنجامە پۆزەتیڤەکانی ئەوەیە کە بڕیاری نادروست (وەك دەرەنجامێکی گەندەڵی) زۆر لە بەرچاو دەبێت، هەر لەبەر ئەوەش کارێکی گەلێك گران دەبێت. کاردانەوە کۆمەڵایەتیو دادوەرییەکەی ئەو جۆرە دادوەرییانە ئەگەری زۆرتری هەیەو دەبێتە هۆی بەربەستکردنی گەندەڵی لە دادگادا.

هەروەها دادگا لە رێی دامەزراندنی رێکخستنێکی یاساییەوە لە گەندەڵی دەپارێزرێت کە بەهۆیەوە دادگا بە شێوازێکی رێکوپێکترو کارامەتر کاری خۆی دەکات. ئەم جۆرە کارکردنەش کاتێك دێتە دی گەر یەکەم پێگەی دەسەڵاتی دادوەری والا بێت. گەر دادگا تایبەتمەندەکان بەشدار بن لە سەرجەمی لێوەشاوەییەکانداو دادگاکانی چاوپیاگێڕانەوە ئاگاداری تەواوی ئاستی دووەمی دەسەلاتی دادوەری بێتو دادگای کارگێڕی بزانێت چۆن ئەو دادوەرییە کارگێڕییانەی کە لە دادگای باڵاو دادگا هەرێمییەکانەوەن چارەسەر دەکات. گشت ئەمانە لەو یاسایە چاوەڕوان دەکرێت کە سەبارەت دادگاکانو دادوەران راگەیەندراوە.

دادگایەکی سەرلەنوێ بنیاتنراوە توانای بەرگریکردنی دادوەرەکان لە بەرامبەر بە فریودانی گەندەڵیدا بەهێز دەکات.

پارێزەران:

لە وڵاتی ئێمەدا پارێزەران بە شێوەیەکی تەقلیدی لە سنووری چالاکییەکی سەربەخۆو ئازاد لە زنجیرەیەکدا رێك خراونو لەو رووەوە هیچ هۆیەکی ئاشکرا بۆ گۆڕانکاریی دامەزراوەیی گەورە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك مەسەلە پێویستی بە سەرنجی تایبەت هەیە. بە شێوەیەکی تەقلیدی لەم وڵاتەدا ئەو زنجیرەیە لە بەردەم وەرگرتندا کراوەیە بە پێی سیستمێك بۆ تۆمارکردن گەر مەرجە تەقلیدییەکان لەو کەسانەدا هەبن. هەوڵدان بۆ سنووردارکردنی وەرگرتن پێدەچێت بەهۆی (دژە) بازاڕەوە بوو‌بێت چونکە ژمارەیەکی زۆر لە پیشەوەرە یاساییەکان بوونە پارێزەر زۆریان لەبەر ئەو هۆیانەی کە سروشتێکی ئابوورییان هەیە (وازهێنان لە پۆستە حکومەتییەکان کە مووچەی کەم بوو هەروەها لەو کۆمپانیانەی کە بەشی یاساییان هەبوو...... تاد) تەنانەت لەبەر نەبوونی شیاویی سیاسی بۆ پیشە یاساییەکانی تر. بێگومان دەشێت مرۆڤ بیر لە ستاندەرە پیشەوەرییەکان بکاتەوە لە دانانی مەرجدا بۆ تۆمارکردنو چوونە ریزی پارێزەرانەوە، هەروەها بیر لەو شێوازە بکاتەوە کە تاقیکردنەوەی کۆمەڵەکەی پێ رێك خراوە، بەڵام ئەوانە گشتیان مەسەلەی ئارەزوونو کەم بایەخن.

www.pertwk.com

مرۆڤ هیچ هۆیەکی ماقووڵی نییە بۆ ئەوەی کۆسپی گەورە بخاتە بەردەم ئەم جۆرە چالاکییە یاساییە، هەرچەندە شتێکی ناخۆشە کە هەندێك جار ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێك لەو کەسانەی کارێکی دی لە پیشە یاساییەکاندا نادۆزنەوە پەنا دەبەنە بەر ئەم پیشەیە. داخستنی کۆمەڵەکان لە بەردەم ئەندامانی نوێدا بەهۆی کێبڕکێیەوە (هێندە کار نییە بەشی ئەو گشت پارێزەرانە بکات) کارێکی پەسەند نییە. ئەم مەسەلەیە پێویستی بەوەیە کە لە ڕێی بازاڕی خزمەتگوزاریی یاساییەوە ڕێك بخرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دوو مەسەلە لەلایەن جەماوەرەوە خرانە پێش چاو کە شایستەی تێڕوانینن:

یەکەمیان مەسەلەی ئەگەری ئەوەی کە دادوەرە پێشووەکان ببنە پارێزەر. ئاشکرایە ئەگەرێکی تەواو زۆری ئەوە هەیە کە کێبڕکێیەکی ناڕەوا لێرەدا بێتە گۆڕی لەبەر ئەو ئاستە تایبەتییەی کە ئەو پارێزەرانە لە دادگادا هەیانە کاتێك کە دەستبەکار دەبن. ئەمە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەگەری گەلێك جۆر لە گەندەڵی دەگرێتەخۆ. بۆیە قەدەغەکردنێك پێشنیاز دەکرێت سەبارەت بە تۆمارکردنی دادوەرە پێشووەکان وەك پارێزەر بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراو (3 تا 5) لە سنووری ناوچەی ئەو دادگایەی کاریان تیا کردووە. لە یەکەم تێڕوانیندا ئەم بیرۆکەیە کەلێنی تێدایە. یەکەم، کاری پارێزەر لەم وڵاتەدا پەیوەست نییە بە سنووری ناوچەی یەك دادگاوە لەبەر ئەوە دەربازبوون لەو سنووردارکردنە ئاسانەو دەبێت سیستمێکی دی بۆ سنووردارکردنو کۆنتڕۆڵو بەدەرکردن دابنرێت. دووەم، گەر ئەوە بە تەواوی جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەبێتە کۆسپێکی گرنگ بۆ پەڕانەوەی دادوەرەکان بۆ ئەم پیشەیە، لەبەر ئەوەی لەم وڵاتەدا ناوچەی جموجۆڵ بە شێوەیەکی تەقلیدی بچوکەو تەنانەت بەهۆی باری ئابوورییەوە بووەتە کارێکی گران. سێیەم، سنووردارکردنێکی تەواو توند دەشێت لە ڕووی بۆچوونی دەستوورییەوە لاواز بکرێت. بوونی پیشە بۆ هەمووان لە بارودۆخێکی یەکساندا (بەندی 35 لە دەستووری کۆماری سربیا).

ویستو ئارەزووە گشتییەکە زۆرجار پێچەوانەی ئاراستەکەیە، ئارەزووی گۆڕین لە پارێزەرەوە بۆ دادوەر وەك ئەنجامی بەرەوپێشچوونی پیشەیی.

پرسیاری دووەم ئەوەیە سەبارەت بە شایستەیی کۆنترۆڵکردنی پیشەیی پارێزەرە کە دەشێت بە کورتی بەم جۆرە بخرێتە ڕوو:

بۆچوونە ڕیزی پارێزەرانەوە، ئایا دەشێتو پەسەندە کە هەندێك مەرجی بنەڕەتیی پەیوەندار بە کەسی کاندیدکراوو ژیانی پێشوویەوە هەبێت وەك گەرەنتییەك بۆ ئەوەی ئەم پیشەیە، وەك پیشەیەك کە متمانەیەکی تایبەتیی هەیە، کەسانێك کە مشتومڕ لەسەر ڕەوشتیان هەیە یاخود ئارەزوویان بەلای شکاندنی یاساو پێوەرە ئاکارەکاندا هەیە، یان تەنانەت بەلای گەندەڵیدا، نەیەنە ناو ئەم پیشەیەوە.

وەڵامی پۆزەتیڤ کۆمەڵێك مەسەلەی دی دێننە گۆڕێ، بۆ نموونە:

* ئایا ناشایستەیی بۆ پیشەی پارێزەر دەبێت لە ڕێی دەستەواژەیەکی گشتییەوە بێت کە بە ئارەزوو دەکشێتو خەملاندنی ئارەزووکاری بۆ ئەو دەزگایانە بەجێ دێڵێت کە بڕیاریان لەسەر دەدات یاخود لە ڕێی دانانی کۆمەڵێك هۆوە بۆ نموونە پەیوەندییان بە ئەنجامدانی هەندێك تاوانی خراپەکارییەوەیە. یەکەم شێواز یان مەترسی داسەپاندنی هەیەو دووەمیشیان سەرباری ئەوەی کە بیرتەنگیی تێدایە سەبارەت بەو ئامانجەی کە هەیەتیو مەسەلەی زیندووکردنەوەی ئەنجامدەری تاوانی خراپەکاری دێنێتە گۆڕێو هەروەها خاوێنکردنەوەی تۆماری سزا، ... تاد.

* ئایا ڕێساو جێبەجێکردنی دەبێت ببێتە بەشێکی سەربەخۆی ماف و بڕیارلێدانی کۆمەڵەی پارێزەران، یاخود بە جۆرێکی دی ڕێسایەکی یاسایی بێت و تیایدا دادگا کۆنترۆڵی بڕیارلێدانی هەبێت.

ئەو لایەی کە هەڵدەبژێررێت، نەك هەر دەرەنجامی ڕەسمیی هەیە، بەڵکو بە شێوازێکی نوێ مەسەلەی سەربەخۆیی کۆمەڵەی پارێزەران دێنێتە گۆڕێ.

شتێکی خۆشە کە ئەو دوو کێشەیەی پێشوو بەم جۆرە پێکەوە ببەستین: ئاخۆ ئەو کەسەی کە بەهۆی نەشارەزایی و بێ ویژدانی لە پۆستی دادوەر دەرکرا بێت دەتوانێت پیشەی پارێزەر بگرێتە دەست؟ گەر ئەو دادوەرێکی تا ئەو ڕادەیە خراپ بووبێت کە دەربکرێت، چی گەرەنتیی ئەوە دەکات کە ببێتە پارێزەرێکی شیاو؟ بەهەرحاڵ، وەڵامێکی پۆزەتیڤ دەشێت تەنانەت بمانگەیەنێتە سنووردارترکردنی جێبەجێکردنی مەرجەکانی لابردنی دادوەران و بە شێوەیەکی پراکتیکی مامەڵە لەتەك لابردنی پیشەوەرێتیدا بکەین.

ئاشکرایە، ئێمە مامەڵە لەتەك مەسەلەیەکی چاکسازیی ئاڵۆزدا دەکەین کە پێوەرێکی وردی بۆ مشتومڕەکان دەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەگەرە هەڵبژاردەیە وردبوونەوەیەکی تەواوی دەوێت.

پارێزەری گشتی:

پارێزەری گشتی بریتییە لە "دەزگایەکی سەربەخۆ کە حوکم بەسەر ئەو کەسانەدا دەدات کە تاوانکاری، یان هەر کارێکی دی کە بە پێی یاسا دەبێت سزا بدرێت، ئەنجام دەدەن، هەروەها ئامرازە یاساییەکان دەخاتە کار بۆ پاراستنی دەستووریێتی و یاسایەتی". (بەندی 103 لە دەستووری کۆماری سربیا).

لە چاکسازیی ئەم دەزگا ناسکەدا دەشێت دوو شیاوی لە دەسەڵاتی یاساییدا تاقی بکرێنەوە: حوکمدان بەسەر ئەو کارانەدا کە سزا هەڵدەگرن و پاراستنی یاساییەتی و دەستووریێتی لە ڕێی تا ئەوپەڕی بەکارهێنانی ئامرازە یاساییەکان (داخوازی بۆ پاراستنی یاساییەتی) بۆ بەرژەوەندیی جەماوەرو لەسەر خواستی لایەنە پەیوەندارەکانی پرۆسە دادگاییەکاندا.

کاتێك مرۆڤ ئەو خاڵانە دیاری دەکات کە ئەو دوو دەسەڵاتە یاساییە پێکەوە دەبەستن ئەو پرسیارە دەمێنێت کە ئاخۆ شتێکی شیاوە گەر هەمان دەزگا لەلایەکەوە تایبەتمەند بێت و لەلایەکی دیکەشەوە توانای ئەوەی هەبێت مامەڵە لەتەك نایاساییەتیی گشت بەشەکانی یاساو هەموو جۆرە دادگاییەکاندا بکات.

لەوانەیە پارێزەرە گشتییەکان لە ئەنجامدانی ئەرکی دووەمدا کەمێك سەریان سووك بووبێت لەوەتەی لە سیستمی یاساییماندا لێکۆڵەر هاتۆتە ئاراوە. لە دیاریکردنی دەسەڵاتی یاسایی ئەودا، هەروەك لە چاکسازیی پلەکارەکەو دەسەڵاتی یاسایی داواکاری گشتیی دەوڵەتدا پێویستە ڕۆڵی ڕاستەقینەی پارێزەرە گشتییەکان هەبێت لە پاراستنی (گشتیی) یاساییەتیدا.

کاتێك باس لە دەسەڵاتی یاسایی پارێزەری گشتی دەکرێت، چەند مەسەلەیەك سەرنج ڕادەکێشن:

* لە هەندێك بارودۆخدا بڕیاردان لەسەر دادگاییکردنی تاوان بە پێی بنەمای هەل، لە ڕێی حوکمدانی ئارەزووکارییەوە دەبێت. لە باشترین حاڵەتدا ئێمە مامەڵە لەتەك ئەو ڕێسایانەدا دەکەین کە دەبێت نائاسایی بن و بە ڕوونی دەربڕراین.

* دامەزراندنی ڕێکخراوێکی بەنێوەندکراوی قووچەکی بۆ پارێزەرە گشتییەکان (کە خۆی لە خۆیدا پەسەند

نییە) لە ڕێی ڕێنماییەوە داسەپاوە. دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە لێکدانەوەی یەکسانو جێبەجێکردنی یاسا بە شێوەیەکی هاوچەشن پێویستە، ڕێنماییە داسەپاوەکان دەبنە ئامرازێکی ترسناك کە دەشێت هەمیشە ببنە سەرچاوەیەکی هاوتەریبو کۆنترۆڵنەکراوی یاساو ئەمەش یاساییەتی لاواز دەکاتو ڕێگە بە کرداری جۆراوجۆر دەداتو بوار بۆ کاریگەریی گەندەڵی دروست دەکات.

* بەر لە دانانی یاداشتی تۆمەتبارکردن، دەبێت بە وردی پێناسەی پەیوەندیی نێوان سێگۆشەی دادوەری لێکۆڵینەوە، پارێزەری گشتیو پۆلیس بکرێت. هەرچەندە پارێزەری گشتی پابەندە بە ئەنجامدانی کاری داوای تاوانبارکردن هەر کە بە تاوانەکە یا بە تاوانکارەکەی زانی، زۆرجار پارێزەری گشتی نەبوونی کاری ئەنجامدراو بە نەبوونی تاوانبارکردن لەلایەن پۆلیسەوە لێك دەداتەوە. هەروەها پارێزەرە گشتییەکان نەبوونی دادگایی تاوانکار بە "نەبوونی پۆلیس لە یەکێتییەکەدا" لێك دەداتەوە، لەو ڕاستییەوە کە پۆلیس ئەو کاری لێکۆڵینەوەیە ناکات کە پارێزەری گشتی داوای کردووە. لەبەر ئەوە مرۆڤ پێویستە بیر لە دامەزراندنی هێزی پۆلیسی تاوان بکاتەوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر پەیوەندی بە پارێزەری گشتییەوە هەبێت، هەروەك ئەوەی کە لە هەندێك وڵاتدا هەیە. بەم جۆرە لەو ناکۆکییە نێگەتیڤەی دەسەڵاتی یاسایی پارێزەری گشتیو پۆلیس خۆبەدوور دەگیرێت کە دەشێت ئەو بەئەنقەست لە دادگایی بەدەرکردنەی تاوانکار (گەندەڵی) لە پشتیەوە خۆی مەڵاس دابێت.

ئەم شتە دەشێت ڕاست بێت سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان پارێزەری گشتیو دادوەری لێکۆڵینەوە. دوای بڕیاردان لەسەر دەستکردن بە لێکۆڵینەوە، دادوەری لێکۆڵینەوە خۆی دەبێتە سەرۆکی پرۆسەکارەکەو پارێزەری گشتیش دەبێت لەسەر بنەمای ئەو پرۆسەکاری لێکۆڵینەوەیە بڕیار لەسەر تاوانبارکردنو ناوەڕۆکەکەی بدات. "سووکە تاوانبارکردن"و بەهێزکردنی لە کاتی دادگاییە سەرەکییەکەدا بۆ بەرژەوەندیی تاوانبارکراوەکە بەوە پاساو دەدرێتەوە کە کارپێکخستن لە نێوان پارێزەری گشتیو دادوەری لێکۆڵینەوەدا نییە. ئەمە بوار بۆ بڕیار دەرکردنی ئارەزووکاریو یاری پێکردن دەڕەخسێنێت کە ئەمەش زەمینەیەکی ئاشکرای گەندەڵییە.

چاکسازی لە کاری پارێزەری گشتیدا پێویستەو دەبێت وریایانەو بە شێوەیەکی هاوکێشەیی ڕێبازەکەی بگرێتە بەر.

دامودەزگای دادگاو شارەزایانی دادگاو بەشدارانی دیکەی پرۆسەی دادگاییکردن:

شارەزاییو پیشەوەرێتیو مۆدێرنی ئەو ڕواڵەتە گرنگانەن کە لە چاکسازیی دامودەزگای دادگادا پێویستنو کاریگەریی گەورەیان لەسەر کەمکردنەوەی ئەگەری بوونی گەندەڵی دەبێت. لەبەر ئەوەی ئەم چاپتەرە سەبارەت بە چاکسازیی سیستمی دادگایە، ئێمە تەنیا هەندێك لەو گۆڕانکارییە پێویستانە ناو دێنین کە ڕەهەندێکی یاساییان هەیەو هەروەها لەو حاڵەتە گەندەڵییانەی کە لە پراکتیکدا دۆزراونەتەوە، لەگەڵ خۆبەدوورگرتن سەبارەت بە ژمارەی ئەو حاڵەتانەو هەروەها شێوەی کردارەکان.

* چاکسازی ئەو ڕێسایانەی کە سەبارەت بە پرۆسەی چالاکییەکانن کە لەلایەن نووسەرانی دادگاوە ئەنجام دەدرێن تاوەکو ئەگەری بڕیاردانی ئارەزووکاریو هەروەها لە یاسا لادان کەم بکرێتەوە. بۆ نموونە چاکسازی ئەو ڕێسایانەی کە سەبارەت بە بەڵگەنامە دانەدەستو تۆمارگەو ئارشیفە ڕەسمییەکانو ئامرازە مۆدێرنەکانی تۆمار هەڵگرتن (بە کۆمپیوتەرکردن... تاد) دەگرێتەوە.

* ساكاركردنی ڕێسا تەكنیكییەكان سەبارەت بە پرۆسەكاری جێبەجێكردنو بەرپرسیارێتی گەورەتر بۆ ستافی جێبەجێكەر.
* دەسەلاتێكی وردتر بۆ بەڕێوەبردنی دادگا سەبارەت بە كارگێڕیی دادگا.

دامەزراوەی شارەزایانی دادگا، وەك یەكێك لە خاڵە ناهەموارەكانی دادگا، زۆر بە گران دەشێت لە ڕێی ئامرازە دامەزراوەییەكانەوە بگۆڕێت. كێشەكە لە پێوەرە (ستاندەرە) پیشەوەریو ئاكارەكاندایەو دەكرێت هەندێك بەرەوپێشچوون بەدەست بێت لە ڕێی ڕێكخستنێكی پیشەوەرییانەی هەندێك لە پیشەكان (یەكێتییە پزیشكییەكان، ڕێكخراوەكانی خاوەن پیشەی تۆمار گلدانەوەو هیدی لەو جۆرە) بە مەرجێك ڕێكخراوەكان میكانیزمێكی وەگەڕخستنی پیشەوەریو ئاكاریان هەبێت. دەشێت ئەو ڕێكخراوە پیشەوەرییانە مافی ئەوەیان پێبەخشرێت كە بەشداری بكەن لە ناونانی شارەزا هەمیشەییەكانی دادگادا.

سەرەنجام:

گەر ئەو گریمانەیە ڕاست بێت كە هۆیە سەرەكییەكانی گەندەڵی لە دادگادا دەرەكینو لەلایەكەوە لەو شوێنانەدا كە لێوەی دێنە دادگاوە ئەو بەرژەوەندییانە دروست دەكەن كە لە ڕێی دادگاوە بەدەست دێن، لەلایەكی تریشەوە بنچینە یاساییەكان پەیوەستن بە سەرجەمی كەموكوڕییەكانی سیستمی یاساییەوە. چاكسازی لە سیستمی دادگادا تەنیا یەكێكە لەو توخمانەی ستراتیژیی دژە گەندەڵی بە گشتیو هەروەها لە دادگاشدا.

لە شیتەڵكردنەكەوە ئەوە دێتە گۆڕێ كە ستراتیژییەكی لەو جۆرە پێویستە لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە بێت:

* "پاكسازی"ی لەو كادیرانەی كە لە دادگادان، یاخود بە پێی یاساو دەستوور ئەو كەسانە لابرێن كە بە شێوەیەكی نەشیاو ئەركەكانی دادگا جێبەجێ دەكەنو ڕۆشنبیریی پیشەوەریو ئەزموونیان جێبەجێكردنێكی سەركەوتووی ئەو كارە زامن ناكات.
* بەهێزكردنی سەربەخۆیی دادگا لە بەشەكانی دیكەی حكومەت لە ڕێی كۆمەڵێك كار بۆ كردنی دامەزراوەییەوە كە سەربەخۆیی دارایی یەكێكیانە.
* گۆڕینی ئەو سیتمە یاساییەی هەڵبژاردنی دادوەرانو كەسانی دی كە كاری یاساییان لەدەستدایە، ئەمەش بە ئامانجی بەهێزكردنی سەربەخۆییەكەی.
* ڕێكخستنێكی كاراو ڕوونی سیستمی دادگاكانو مۆدێرنكردنیان لە ڕووی تەكنیكییەوە.
* بەهێزكردنی لایەنی پیشەوەریو بەرپرسیارێتیی بەشدارانی دیكەی پرۆسەی دادوەریكردنن لە دادگادا.

چاكسازیی سیستمی دارایی:

كۆكردنەوەی داهاتو خەرجیی دەوڵەت توخمی سەرەكی پێك دێنێت لە نیشاندانی هێزی دەوڵەتدا، بەڵام هۆیەكی گرنگو سەرەكیی گەندەڵیشە لە گەلێك وڵاتدا.

بە درێژایی چەندین سەدە گەلێك شێواز دانرا بۆ پاراستنی دەوڵەت لە گەندەڵی بە تایبەتی لە ڕووی كۆكردنەوەی پارەی گومرگەوە، لەو شێوازانەش تۆمار ڕاگرتنو وردبینی بەڵام سەركەوتنی گەورە بەدی نەهات

www.pertwk.com

بە تایبەتی لە رووی خەرجیی گشتییەوە.

خۆدزینەوە لە باج و پارەی گومرگ و پارەی دیکە لە سربیا گەلێك زۆرە. ناتوانین بڵێین کە ئەمە بە ئاسانی دەکرێت بێ ئەوەی بەرپرسیارێتیی دەزگاکانی باج و گومرگ یان کارمەندانی ئەو فەرمانگەیانەی تێدا نەبێت، یاخود بڵێین ئەم تاوانکارییە تەنیا رەنگدانەوەی لاوازیی کارکردن و خراپیی رێکخستنە.

گەورەترین سەرچاوەی گەندەڵی لە سربیا، هیچ نەبێت تاکو ئێستا، لە فەرمانگەی گومرگدایە. سیستمێکی ناڕوون و کۆنترۆڵنەکراو دانرابوو کە تەنیا یەك کەس بەڕێوەی دەبات ئەویش بەڕێوەبەری فەرمانگەی گومرگە. ئەوانەی بەرخوردارکراون دەتوانن هەموو شتێك بکەن هەر لە هێنانی کەلوپەلی قەدەغەوە تاوەکو نەدانی پارەی گومرگ. ئەوانی دی، هەروەك ژمارەیەکی زۆر لەوانەی پرسیاریان لێکرابوو دەریانخست، ناتوانن تەنانەت، ئەو شتانەش بهێنن کە هێنانیان یاساییە. گەندەڵیی بچوك بە خێرایی پەرەی سەند[18]. تەنانەت فەرمانبەرە دەستپاکەکانی گومرگیش زیانیان لێکەوت[19].

لە بواری کۆکردنەوەی باج و رەسمی تردا گەندەڵی هەیە، لە پرۆسەی بڕیاردان لەسەر بڕی باج کەمتر سەری هەڵداوە و پتر لە پرۆسەی کۆکردنەوە و کۆنترۆڵی کۆکردنەوەکەدا هەیە. گەورە بازرگانانی سەر بە رژێمی پێشوو باجیان نەدەداو لەلایەن پۆلیسی داراییشەوە کۆنترۆڵ نەکرابوون. لەبەر بەرژەوەندیی ئەوان تەنانەت باجی داهاتی ساڵانەی هاوولاتییانیش نەمابوو. ئەوان لەوە بەدەر کرابوون. بازرگانانی بچوکتریش دەیانتوانی خۆیان لە باجدان دەرباز بکەن، یان لە رێی کەمکردنەوەی هەژمارکردنی داهاتیان یاخود سووك و ئاسان نەیان دەدا (ئەمەش بە بێ سزادان دەمایەوە لە رێی بەرتیلدانەوە). هەروەها لایەنی خەرجیی سیستمی دارایی بەر گەندەڵی کەوتبوو. بەهەرحاڵ، لە دەیینەی رابردوودا لە سربیادا پارە وەگەڕخستنێکی گەورە لەلایەن دەوڵەتەوە نەبوو هەروەها ئەو شتانەی زۆر گرانبەها بوون نەدەگڕران، لەبەر ئەوە هەلی گەندەڵیی زۆر گەورە لە داهات بە دابینکارییە گشتییەکاندا بوو. لە داهاتوودا لەتەك پەرەسەندنی ئابووری و زۆربوونی خەرجیی دەوڵەتدا شتەکانیش دەگۆڕێن. بەهەرحاڵ، رۆژانە گەندەڵیی بچوکتر لە کاتی دابینکاریی بچوکدا روو دەدات بە تایبەتی ئەوەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆدا زۆر بە باشی ئاشکرایە.

داهاتە گشتییەکان:

هەموو ستراتیژییەکی سەرکەوتووی دژە گەندەڵی لە بەشی باجدا، هەروەك لە هەر بەشێکی تریشدا، دەبێت لە هاندەرەکان و ئەگەرەکانی رەفتاری گەندەڵانەوە سەرچاوە هەڵبگرێت. بۆ هاندان، پێویستە گەشە بە هەستی پەیامداری و هاوڕێیەتی لە نێو کارمەندانی حکومەتدا بدرێت، بەڵام هەر تەنیا ئەمە بەس نییە شتێکی باشە کە هەردوو جۆرە هاندەری پۆزەتیف و نێگەتیف هەبێت. لەنێو هاندەرە پۆزەتیڤەکاندا گرنگترینیان میکانیزمی

(18) ئەم نوکتەیە لەناو خەلکیدا باوە: فەرمانبەریَکی طومرط لەوي تریان دەثرسیَت: ضی ثێشکەش بە هاوریَکەمان بکەین بۆ جەذنی لەدایکبوونی، مارسیدسیَك؟ هاوریَکەی وتی نا کەمە. خانوویەك؟ نا هەر کەمە. ئەی بهیَلین تەنیا یەك رۆذ بۆ خۆی کار بکات؟ نا، ئەمەیان طەلیَك زۆرە.

(19) نووسەری ئەم دەقە ئاطاداری ئەم مەسەلەیەیە: فەرمانبەریَکی لاو لە طومرط لیستی ذمارەی ئەو ئوتومبیَلە بارهەلطرانە (وا بزانم جطەرەیان ثێبوو) داوە بەو فەرمانبەرەی سەروو خۆی کە متمانەی ثآ بووە، ئەو ئوتومبیَلانە لە سنوور ثەریونەتەوە بآ هیض نووسراوء کۆنترۆلکردنیَك، ئەمیش لەوە زیاتر هەولی هیضی تری نەدابوو ضونکە زانیبووی ئەوە قاضاغیَکە لەلایەن سەرۆکی فەرمانطەی طومرطء دەولەتەوە ثشتطیریی لیَکراوە. داماوە بە زوویی بۆ ماوەی دوو رۆذ طیرا تاوەکو بۆی ببیَت بە دەرس.

www.pertwk.com

بڕیاردانی مووچەیە لەسەر بنەمای کارئەنجامدانی هەرکەسە لەوانەی باج کۆ دەکەنەوەو هەروەها پۆلیسی دارایی. ئەم میکانیزمی قەرەبووکردنەوەیە ئێستا لە سربیا هەیە، بەڵام وەك پێویست بە زۆری بەکار نەهاتووە، پارە زیادەکە بە یەکسانی بەش دەکرێت یاخود بەرپرسی کارەکە لەسەر بنەمای ئارەزووی خۆی کێی دەوێت و کێی ناوێت دابەشی دەکات. پێویستە پرۆسەی بەشکردنی پارەی هاندەر بە روونی و ئاشکرایی ئەنجام بدرێت تاوەکو دابەشکردنی ناڕەوا بەربەست بکرێت و کاری باش خەڵات بکرێت. کاتێك بڕیار لە بڕی پارەی هاندەر دەدرێت پێویستە هاوکێشەیەك دابنرێت، ئەمە دەبێت لە سەرێکەوە تەواو هاندەر بێت بەڵام لە سەرێکی ترەوە پێویستە نەبێتە ئەرکێکی گران بەسەر بوودجەوەو پێویستە کارمەندان زۆر هان نەدرێن نەوەکو، بەهۆی زۆر پەرۆشییەوە، باری هاووڵاتییان خراپتر بکەن.

سزادان لەسەر گەندەڵی هاندەرێکی نێگەتیڤە. سزادان دەبێت بە ئاشکرا بێت تاوەکو ببێتە بەربەستێك بۆ ئەگەری پێشێلکاریی دی. سزادان وەك تاکە چارەسەر بۆ گەندەڵی بە گشتی ئەنجامی باش بەدەست ناهێنێت چونکە هەر بە تەنیا گەندەڵی کەم ناکاتەوە، بەڵکو پەرۆشیی کارکردنیش. لەبەر ئەوە پێویستە سزادان ببەسترێتەوە بە هاندەرە پۆزەتیڤەکانەوە.

کاریگەری خستنە سەر هاندەری ئەو فەرمانبەرانەی لە دەزگاکانی داهاتی گشتی و "پۆلیسی دارایی"دا کار دەکەن بەس نییە بۆ ئەوەی گەندەڵی بەربەست بکرێت، پێویستە ئەمە بە سیستمێکی کارکردن تەواو بکرێت کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئەگەری بڕیاردانی ئارەزووکاری لەلایەن فەرمانبەرەکانەوە.

ئاسانکردنی یاساکانی باج و پرۆسەکارەکانی دەشێت باشترین ڕێگە بێت بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری گەندەڵی. ئەو سیستمە داراییەی کە ئێستا لە سربیا هەیە گەلێك ئاڵۆزەو پتر لە دوو سەد جۆر باج و رەسمی جۆراوجۆری گرتۆتە خۆ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لێبەدەرکردن کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی روونیی سیستمەکەو بوارێکی فراوان بۆ بڕیاردانی ئارەزووکاری دەرەخسێنێت و لەویشەوە بۆ گەندەڵی. گۆڕینی ژمارەیەکی زۆر لە یاساکانی باج لە ساڵی 2001دا بوو بە یەکەم هەنگاو لە ڕێڕەوێکی باشدا (بە تایبەتی لە رووی فراوانکردنی بنەمای باجەوە)، بەڵام لە ڕێڕەوی کەمکردنەوەی ژمارەی جۆرەکانی باج و تەواو ئاسانکردنی پرۆسەکارەکان و لابردنی بڕیاردانی ئارەزووکارییەوە وەکو پێویست نییە.

هەروەها بەهێزکردنی کۆنترۆڵی ناوخۆش پێویستە تاوەکو ئەوە روونەدات، بۆ نموونە، کە باجدەرێك سوودی دەستگیر ببێت بەهۆی ناچالاکیی دەزگاکەوە یاخود بەهۆی نەبوونی کۆنترۆڵ لەسەر مامەڵە بازرگانییەکان، یان بەهۆی ئەوەی کە چاودێرێکی بەرتیلپێدراو پەیڕەوی پرۆسەکارە بڕیارلێدراوەکە ناکات. شتێکی بەکەڵکە گەر بەشێکی تایبەت بۆ دژە گەندەڵی لە دەزگای داهاتی گشتی و پۆلیسی داراییدا دابمەزرێت و ئەرکی ئەوە بێت دژ بە گەندەڵی بجەنگێت.

کۆنترۆڵکردنی کۆکردنەوەی داهاتی دەوڵەت و مامەڵەکردن لەتەك پارەی بوودجەدا نابێت هەر بە تەنیا ملکەچی کۆنترۆڵی ناوخۆ بێت (لەلایەن دەزگا و وەزارەتە شیاوەکانەوە)، بەڵکو دەبێت هەروەها ملکەچی کۆنترۆڵی دەرەکیش بێت. سیستمی دارایی سربیا ئەو دامەزراوەیەی نییە کە لە گەلێك وڵاتدا هەیەو دەزگایەکی چاودێرییەو شارەزایی هەیەو سەربەخۆیەو لە رووی دەسەڵاتەوە بەستراوە بە کۆمەڵەی نیشتمانیی سربیاوە لەسەر شێوەی فەرمانگەی گشتیی ژمێریاری کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە. ئەو دامەزراوەیەش چەند ئەرکێکی هەیەو یەکێك لەوانە چاودێریی شارەزایانەو شیتەڵکاریی چالاکییەکانی دەزگای باج و

www.pertwk.com

کۆنترۆڵکردنێتی لەنێویشیدا لایەنی دژە گەندەڵی.

شتێکی بەکەڵك دەبێت گەر یاسای روونیی دارایی پارە دابینکردنی نیشتمانی پەسەند بکرێت کە لە رێی ئەوەوە زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە سیستمی دارایی ئاشکرا دەبێت و بەر لە گشتیشی ئەو زانیارییانە لە بەردەست کۆمەڵەی نیشتمانیدا دەبێت کە یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی سەرپەرشتیکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.

دابینکاریی گشتی:

دابینکاریی گشتی هەمیشە بوارێکی ناسك بووە لە رووی گەندەڵیدا. لە مێژووی نوێی سربیادا، یەکەم ئابڕووچوونی گەندەڵی نزیکەی سەدەو نیوێك بەر لە ئێستا پەیوەندیی بە دابینکاریی سەربازییەوە هەبوو، کە ئەویش بەند بوو بە وەزیری سوپاو خزمە بازرگانەکانییەوە. زۆر بە ئاسانی ئەو هۆیانە بەدی دەکرێن کە لە دابینکاریی گشتیدا خەڵکی بەرەو چالاکیی نایاسایی رادەکێشن. لەلایەکەوە ئەو داهاتانە بریتین لە بەشێکی گەورەی خەرجیی گشتیی خەڵکی و بەرهەمی گشتیی وڵات، هەروەها زۆرجار بەهای کۆنتراکتە تایبەتەکان گەلێك بەرزەو لەلایەکی تریشەوە ئەو بەرتیلەی کە ئەگەری هەیە بۆ ئەو کەسەی کە بڕیار لەسەر داهات دەدات دەشێت چەند جارێك هێندەی ئەو دەرامەتە بێت کە لە گشت ژیانیدا بەدەستی دێنێت. فریودانەکە گەلێك گەورەیەو زۆرجاریش مەترسییەکە گەلێك بچوکە.

گەورەترین ئەگەری گەندەڵی لە پرۆژەی بنیاتنانە گەورەکاندایە، رێگەوبانی سەرەکی، بەنداو، پرۆژەکانی ئاو، فرۆکەخانەکان، بینا حکومەتییەکان، ... تاد. نەك هەر لەبەر ئەوەی کە بڕی پارە وەگەڕخراوەکانی ئەو پرۆژانە گەلێك زۆرە، بەڵکو هەروەها لەبەر ئەوەشە کە ئەو پرۆژانە ئاڵۆزن و لەبارن بۆ گۆڕینی بڕی بابەتی کەرەسەکان (مواد) هەروەها جۆرێتیی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن. ئەمە کڕینی شتومەکی گرانبەهاشی لەتەکدایە وەك فرۆکە، ئامێرە سەربازییە تەکنیکییەکان، پاس و ئوتومبێلی بارهەڵگر، ئامێرەکانی بیناسازی، مولیدەو شتی دیکەی لەو بابەتانە. بەهەرحاڵ دەستکەوتی بچوکتری وەك کەلوپەلی فراوانکردنی فەرمانگەو جلوبەرگ، سووتەمەنیی و شتی دیکەی لەو جۆرەش دەشێت جێی بایەخ بن.

دابینکارییە زۆر گەورەکان نابنە گەورەترین کێشە چونکە گەر ئارەزوو بکرێت بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێن. زامنکردنی رەوایی دابینکاریی بچوکتر گەلێك گرانترە چونکە بە ژمارە زۆرترن و سوودی کەمتر دەگەیەنن.

بە زۆری بڕوا وایە کە گەندەڵی لە دوایین قۆناغی گفتوگۆکردن لەسەر رێکەوتن روو دەدات یاخود هەردوو لایەنەکە راستەوخۆ بەر لە گەیشتن بە رێکەوتنێکی بازرگانی لەسەر گەندەڵییەکە پێك دێن، کاتێك کە گشت نرخدانە پێشنیارکراوەکان زانران. بەهەرحاڵ، رێکەوتنەکە گەلێك زووتر گرێدراوە، هەر لە قۆناغە سەرەتاکانەوەو لەو کاتەوە کە فەرمانبەرەکەی حکومەت داخوازیی کڕینەکە پێشکە دەکات (کاتێکیش کە تایبەتمەندییەکان لەبەر لایەنێکی تایبەت دەگۆڕرێن) یاخود کاتێك لیستی دابینکەرە شیاوەکان ئامادە دەکرێت (هەروەها کاتێك کە لایەنێك دەخرێتە ناوەوەو لایەنێکی دی بەدەر دەکرێت). بێگومان گەندەڵی هەروەها رێکەوتنێکی دابینکەرەکانە لەسەر ستراتیژییەکی هاوبەش کە بەرزترین نرخ زامن دەکات پاشان لە بارودۆخی کێبڕکێدا رێکەوتنەکە گرێ دەدرێت. گەندەڵی لە دوای دەستکردن بە کۆنتراکتەکەش هەر دەبێت چونکە ئەوەی خزمەتگوزارییەکە دابین دەکات هەوڵی ئەوە دەدات لەو مایەکارییە دەربچێت کە گرتوویەتییە ئەستۆ لە رێی

www.pertwk.com

بەرتیلدانەوە یاخود داهاتێکی دی بەدەست بهێنێت کە ئەوەش دەبێتە هۆی نەشیاویی ئاستی جۆرێتیی خزمەتگوزارییەکان یاخود چەندێتیی هەندێك لەو شتومەکانەی دابین دەکرێن.

سیستمێکی باش بۆ دابینکاریی گشتی ئاستێکی باشی شتومەكو خزمەتگوزاری زامن دەکات کە دەوڵەت پێویستییەتی بۆ بەڕێکردنی کارەکانی، بە نرخێکی شیاوو لە کاتی گونجاوداو بە جۆرێتییەکی باش. ئەو سیستمە کاریگەریی هەیەو پارەش دەگێڕێتەوە. پێویستە مەرجەکانی بەدەستهێنانی شتومەك بە شێوەیەکی بەرفراوان بانگەشەی بۆ بکرێتو کۆنتراکتەکە بدرێتە ئەو کەسەی کە گشت پێوەرە داواکراوو خواستەکان بەدی دێنێو باشترین نرخ پێشنیاز دەکەن. ڕێساکانی دابینکاری پێویستە ئاشکراو ڕەوا بنو پرۆسەی روونیو ئەنجامەکانیشی پێشبینکراو بن.

باشترین ئەنجامەکان لە روانگەی شیاویی ئابووریو لە رووی کەمکردنەوەی گەندەڵیشەوە لە ڕێی کێبڕکێی بەشداریکردنی زۆرترین ژمارە لەوانەی نرخ لێدەدەن بە پێی ئەو گریمانەیەی کە ئەوان شیاو بن یاخود لە تاقیکردنەوەی بەتوانایيو پشتپێبەستندا دەرچوو بن. توخمە سەرەکییەکانی ئەو جۆرە کێبڕکێیە ئەمانەن:

* ئاگاداکردنی گشتی سەبارەت کێبڕکێکەو داوای بەشداریکردن.
* بە بەڵگەنامە (دۆکیومێنت) جۆری دابینکارییەکە دەربخرێتو پێناسەی پرۆسەی کێبڕکێکە بکرێت، مەرجەکانی کۆنتراکتەکەی تێدابێتو لیستی ئەو بنەمایانەش کە بەکار دەهێنرێن بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسەی بۆی دەردەچێت.
* نرخە پێشنیازکراوەکان لەناو زەرفی داخراودا پێشکەش دەکرێنو لە کاتو شوێنێکدا کە پێشتر دیاری کراوەو زانراوە دەکرێنەوەو بە ئامادەبوونی نوێنەری لایەنە نرخ لێدەرەکان.
* هەڵسەنگاندنی نرخە لێدراوەکان بە بێ بەلادا داشکاندن لەلایەن کەسێکی شیاوەوە دەکرێت بێ ئەوەی کاریگەریی نرخ لێدەرەکانو لایەنەکانی تری لەسەر بێت.
* کۆنتراکتەکە دەدرێت بەو نرخلێدەرەی کە گشت مەرجەکان بەدی دێنێتو باشترین نرخی لێداوەو بە پێی ئەو بنەمایانەی پێشتر بڵاو کراونەتەوە.

دابینکاری لە ڕێی کێبڕکێوە توانای فەرمانبەری حکومەت سنووردار دەکاتو لە ڕێی ئەوەشەوە دەوڵەت لە گەندەڵی دەپارێزێت. ئەم جۆرە دابینکارییە بڕیاردەرکردنی ئارەزووکاریی سەبارەت بە هەڵبژاردنی نرخلێدەرو جۆری شتومەکەکان ناهێڵێت چونکە لەسەر بنەمای پرۆسەی کێبڕکێو دانانی پرۆسەکارێکی ئاشکراو بنەمای هەڵبژاردنە.

ئەو خواستانەی لای سەرەوە لە ڕێی تەندەری کراوەوە بە باشی بەدی دێن. تەنیا لە هەندێك جۆری دابینکاریدا بەکارهێنانی سیستمی تەندەری تەواو ناتوانرێت بەکار بێت یان سوودی نییە، لەبری ئەوە تەندەری سنووردار یا تەکنیکێکی تر بۆ دابینکاری بەکار دەهێنرێت. گەلێك ڕێکخراوی هەمەلایەنەو ڕێکخراوە داراییەکان شێوازێکی کێبڕکێیان بۆ دابینکاریی گشتی هێناوەتە گۆڕێو پێشکەشیان کردووە. ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی ولاَتان هان دەدات بۆ ئەوەی ڕێساکانی ئەو بەکار بهێنن، لە کاتێکدا بانکە نێونەتەوەییەکانی گەشەپێدان (بانکی جیهانی، بانکی ئەوروپا بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان، ...... تاد.) ئەو قەرز (و مەرجە) دادەنێن کە دەبێت لە کاتی پێداندا ڕێساکانی ئەمان پەیڕەو بکەن. ئامانجیان ئەوەیە کە بە باشترین شێوە قەرزەکە بەکار بهێنرێت کە ئەمە جەنگان دژ بە گەندەڵیش دەگرێتەوە.

لەبەر ئەوەی کۆماری یۆگۆسلاڤیای فیدراڵ ئەندامی بانکی ئەوروپا بوو بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان (EBRD)و لەبەر ئەوەی دەستی کرد بە وەرگرتنی قەرز لەم دامەزراوەیە، ئێمە رێساکانی تاووتوێ دەکەین‌و تێبینیی ئەوەش دەکەین کە ئاخۆ بەسەر ئەو پرۆژانەدا دەچەسپێت کە بە تەواوی لەلایەن (EBRD)ەوە داراییان بۆ دابین دەکرێت هەروەها ئەو پرۆژانەش کە ئەو بەشێك لە داراییەکەیان بۆ دابین دەکات. لە هەمان کاتدا ئەمە دەبێتە نموونەیەکی باش بۆ دابینکاریی گشتی.

بانکی ئەوروپا بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان داوا لە مەعمیلەکانی دەکات کە لە کاتی دابینکاریی گشتیدا تەندەرێکی کێبڕکێی کراوە بەکار بهێنن. تەنیا لە هەندێك حاڵەتی تایبەتدا دەشێت کۆنتراکت لەسەر بنەمای تەندەری هەڵبژاردە یان لەسەر بنەمای پێشنیازە تایبەتەکان بێت.

تەندەری کراوە پرۆسەکارێکە، ئەمانە دەبەخشێت:

1) هەموو نرخلێدەرە پەیوەندارەکان دەبێت پێشتر بە باشی ئاگادار کرابن سەبارەت بە خواستەکانی کۆنتراکتە داهاتووەکە.

2) هەموو نرخلێدەرەکان هەلی یەکسانیان لە بەردەمدا بێت بۆ داواکاری پێشکەشکردن‌و بردنەوەی کێبڕکێکە. بەمجۆرە فراوانترین کێبڕکێ مسۆگەر دەکرێت کە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی لەسەر ئابووری‌و شیاوی دەبێت.

ئەو بانکە تەنانەت جیاوازی لە نێوان بەشداراندا ناکات لە رووی ئەوەی بەشدارەکە خەڵکی کام وڵاتە. هەموو کۆمپانیاکان مافی بەشداریکردنیان هەیە لە تەندەردا بێ ئەوەی گوێ بەوە بدرێت کە ئەو کۆمپانیایە هی وڵاتێکە کە ئەندامە لە بانکەکەدا یا هی وڵاتێکی دیکەیە. تاکە مەرجی بەشداری توانای کۆمپانیاکەیە لە جێبەجێکردنی کۆنتراکتەکەدا.

بانکی ئەوروپا بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان ئەو مافەی بە خۆی داوە، لە کاتی گەندەڵیدا، کە پێشنیازی پرۆژەکە رەت بکاتەوەو ئەو قیستی قەرزانە رابگرێت گەر وەرگرەکە کاری خێرا ئەنجام نەدات، هەروەها دەتوانێت لە تەندەرەکانی داهاتوودا ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداریی گەندەڵییان کردووە ئەو شیاوییەی پێیان دراوە لێیان وەربگرێتەوە (ناشایستەیان بکات). لە هەمان کاتدا ئەو بانکە بەندێك دەخاتە کۆنتراکتەکەوە بە پێی ئەوە مافی ئەوە بە خۆی دەدات کە وردبین بنێرێت بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە کۆنتراکتی دابینکاریی گشتییان پێدراوە تاوەکو تێبینیی قەواڵەو تۆمارەکانیان بکات.

بۆ ئەو کاڵاو خزمەتگوزارییانەی نرخیان لە سەروو 300 هەزار یۆرۆوەیە تەندەری کراوە سەپێنراوە هەروەها بۆ ئەو بیناسازییانەی کە لە سەروو پێنج ملیۆن یۆرۆوەن تاوەکو بەکارهێنانی ئەو تاکتیکە کەم بکاتەوە کە لە رێی دابەشکردنی دابینکارییە گەورەکەوەیە بۆ چەند دانەیەکی بچوکتر بەم جۆرەش خۆ لە تەندەری کراوە بدزرێتەوە. (EBRD) لە رێساکانیدا ئەمە ئاشکرا دەکات: "هیچ داخوازییەکی دابینکاری نابێت دابەش بکرێت بەو نیازەی کە نرخی کۆنتراکتەکە لەوەی دیاریکراوە کەم بکرێتەوەو بەو جۆرە خۆ لەو رێسایە بدزرێتەوە". بۆ ئەم دابینکارییانەی کە نرخیان لەوە کەمترە ئەم بانکە مەعمیلەکانی لەسەر ئەوە "هان دەدات" کە هەر تەندەری کراوە بەکار بهێنن، بەڵام دەشتوانن پرۆسەی دیکە بەکار بهێنن لەسەر بنەمای کێبڕکێ‌و روونی.

پرۆسەکاری ستاندەر بۆ دابینکاری لە رێی کێبڕکێوە ئەم پێنج هەنگاوە دەگرێتە خۆ:

1) ئاگادارکردنی ئەوانەی ئارەزوودارن لەوەی کە دەتوانن نرخ لێبدەن.

2) کەی پێویستی کرد پێشەکی شایستەبوون داوا بکرێت.
3) بانگەوازکردن بۆ نرخ لێدان و دابینکردنی بەڵگەنامەکانی تەندەر.
4) پێشکەشکردنی نرخە لێدراوەکان، هەڵسەنگاندنیان و هەڵبژاردنی باشترین نرخ لێدەر.
5) بەڕێوەبردنی کۆنتراکتەکە (پیادەکردنی).

ئاگادارکردنەوە لەمەڕ تەندەری داهاتوو بەو ئامانجەیە کە هەل بە لایەنە ئارەزوودارەکان بدرێت خۆیان بە باشی بۆ خودی تەندەرەکە ئامادە بکەن (ڕێکەوتن لەگەڵ بەڵێندەرە بچوکەکان، دابینکردنی متمانەی بانك، ...... تاد). ئامانج لە پێشەکی شایستەبوون ئەوەیە ئەو نرخلێدەرانە بەدەست بێن کە بە ڕاستی توانای ئەنجامدانی کۆنتراکتەکەیان هەیە، بە تایبەتی لە پرۆژە گەورەو ئاڵۆزەکاندا، هەروەها بۆ ئەوەی شارەزایی و توانایان لە ڕووی تەکنیکی و ستاف و داراییەوە ڕەچاو بکرێت.

تەندەری هەڵبژاردەیی کە لە پێشەوە دامەزراوەکانی دەوڵەت کۆمەڵێك نرخلێدەر هەڵدەبژێرن و هەر تەنیا ئەوان بۆ نرخلێدان بانگهێشت دەکەن، ئەم جۆرە دەشێت لە هەندێك بارودۆخدا ئەنجام بدرێت: کاتێك کە بەرهەمەکە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیەو زۆر ئاڵۆزە، کاتێك کە ژمارەی دابینکاران دیاری کراوەو هەروەها کاتێك کە دابینکارییەکە زۆر بە پەلەیە.

دەکرێت نرخلێدانەکە بەرەوڕووی تەنیا یەك دابینکار بکرێتەوە، بەڵام تەنیا کاتێك کە مامەڵە لەتەك یەك جۆر کاڵا یان خزمەتگوزاریدا دەکرێت، یان کاتێك کە بەرهەمەکە تایبەتەو بۆ یەکخستنیەتی لەتەك ئەو کەلوپەلەی کە هەن بە پێی ستاندەرەکان.

بانکی ئەوروپا بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان ڕێ بە تەندەرپێدانی پیشەسازە ناوخۆییەکان دەدات کاتێك کە دابینکارییەکە نرخێکی کەمی هەبێت و کاتێك نرخەکانی ناوخۆ لە نرخە جیهانییەکان کەمتر بن، هەروەها کاتێك ئەوە ئاشکرا بێت کە کۆمپانیا بیانییەکان ئارەزووی بەشدارییان لە تەندەرەکەدا نییە. ئەو تەندەرانە بە پێی ڕێساکانی تەندەری کراوە جێبەجێ دەکرێن.

بۆ ئەو کاڵایانەی کە تایبەتمەندییەکی ستاندەریان هەیەو نرخیان کەمە، دەکرێت شێوازی کڕینی ئاسایی لە بازاڕدا ئەنجام بدرێت، واتە سێ نرخی جیاواز وەربگیرێت.

ئەو پرۆسەکارەی دابینکاریی گشتی کە بانکی ئەوروپا بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان لە مەعمیلەکانی دەخوازێت لەسەر بنەمای (ڕێکەوتنی دابینکاریی گشتی)ە کە لەلایەن ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانییەوە پەسەند کراوەو قایلبوون بەو ڕێکەوتنە نەبۆتە مەرج بۆ چوونە ڕیزی ئەو ڕێکخراوە. بانکی جیهانیش پرۆسەیەکی لەم چەشنە پەیڕەو دەکات بۆ ئەو پرۆژانەی کە پارەیان بۆ دابین دەکات جا تەواوی پارەکە بێت یان بەشێکی.

پەسەندکردنی ئەم ڕێسایانە یان ڕێسای هاوچەشن بۆ ڕێکخستنی دابینکاریی گشتی بواری بڕیاردانی ئارەزووکاریی دەزگاکانی دەوڵەت کەم دەکاتەوەو بەمەش ئەگەری گەندەڵی کەم دەبێتەوە، بەڵام بە تەواوی بەربەستی ناکات. هەردەم هەندێك بوار بۆ ڕێکەوتن و بەرتیل هەر دەبێت چونکە ڕێساکان ناتوانن پێشبینی لە گشت هەڵوێستێك بکەن، هەروەها ئەگەری بڕیاردانی ئارەزووکاری بە تەواوی بەدەر ناکرێت. ئەنجامی باش لە ڕێی یەکخستنی هەوڵەکانی دژ بە گەندەڵی دێتە دی. پێویستە گشت کەسێك ئاگاداری ئەوە بێت کە شکاندنی ڕێساکانی دابینکاریی گشتی، پێشێلکارییەکە دەبێت ئاشکرا بکرێت و سزا بدرێت. پرۆسەیەکی کارا پێویستە بۆ چاودێریی دابینکاری لەلایەن دەزگایەکی ترەوە کە لە پیشەوەرە سەربەخۆکان پێکهاتبێت. هەروەها پێویستە

www.pertwk.com

بە وردبینیی پرۆسەی دابینکاری هەیەو سیستمێکی دادوەریی سەربەخۆی گەندەڵنەبووش پێویستە بە بێ بەلادا داشکان دوایین بڕیار لەوە بدات کە یاساشکێنی کراوەو سزای پێشێلکارەکە بدات، هەروەها مووچەیەکی باش بۆ فەرمانبەرانی حکومەت پێویستە تاوەکو ببێتە خەڵاتی دەستپاکییان و پێویست بەوە نەبێت گەندەڵی بکەن.

لە شەش مانگی رابردوودا هەندێك گۆڕانکاری لە سیستمی دابینکاریی گشتی لە سربیا رووی داوە. کەسانی فەرمانڕەوا تەکنیکە کێبڕکێکارەکانی دابینکاری وەك دەستپێشخەرییەکی خۆیان بە باشترین ئەو شێوازەی کە دەیزانن جێبەجێ دەکەن. بە زۆری نرخلێدانەکان کۆ دەکرێنەوە کە ئەمەش هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پێشچوونە بە بەراورد لەتەك ماوەی پێشووتردا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەوە بەس نییە چونکە ئەوە شێوازێکە زۆر کەم روونی و کێبڕکێی تێدایە. لەبەر ئەوە، وا پێویست دەکات یاسایەك بۆ دابینکاریی گشتی دەربچێت کە تەندەرێکی سەپێنراو بۆ دابنکاری و پرۆسەکارێکی روون بۆ گشت دابینکارییە بەهادارەکان بخاتە گەڕ.

چاکسازیی دامودەزگا گشتییەکان:

دامودەزگای گشتی پێویستە خزمەتی هاووڵاتییان و خەڵکی بکات نەك خزمەتی بەرژەوەندیی خۆی یان بەرژەوەندیی کەسان یان حیزبە فەرمانڕەواکان. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دامودەزگای گشتی پشتگیری بەها دیموکراسییەکان بکات هەروەها ئەو پرینسیپانەی بە پێی دەستوور دانراون و پابەند بێت بە بەرزترین ستاندەرە ئاکارییەکانەوەو خزمەتگوزارییەکان بە شێوازێکی بێ بەلادا داشکان و دادپەروەرانە دابین بکات، هەروەها ئەو پارەیەی کە هەیە بە شێوەیەکی شیاو بەکار بهێنێت و هانی بەشداریی هاووڵاتییان بدات لە بڕیاردەرکردنداو لەژێر سەرپەرشتیدا بێت و کارەکەی روون بێت لە رێی دابینکردنی زانیاریی راست و لە کات و وادەی خۆیداو پیشەوەرو لەسەر بنچینەیەکی یاسایی بێت و پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی هەبێت لەسەر بنچینەی کارئەنجامدان و تواناکان.

دامودەزگای گشتی پێویستە تا ئەوپەڕی لە سیاسەت دابڕاوبێت. بەرزترین پلەکانی دامودەزگای گشتی هەمیشە لە نوێنەرانی ئەو حیزبانە پێکدێن کە دەسەڵاتیان بەدەستە، بەڵام ئەوانی دی کە لە پۆستەکانی خوارتردان و هەروەها کارمەندە ئاساییەکان پێویستە لە رووی سیاسییەوە پیشەوەری سەربەخۆ بن. پێویستە ئەوان بەردەوامیی دامودەزگای گشتی مسۆگەر بکەن تاوەکو لە هەر گۆڕانێکی حکومەتدا کە لە داهاتوودا دەکرێت ئەو دەزگایە لاواز نەبێت و پێویستیشە زانیاریی پیشوەری کۆ بکاتەوەو فراوانی بکات، بەوجۆرەش کارەکەیان بە باشترین شێوە ئەنجام بدەن و ئامۆژگاریی سیاسەتمەدارەکان (وەزیرەکان) بکەن. بە سیاسەتکردنی دامودەزگای گشتی دەرگا لە بەردەم شکاندنی پرۆسەکارو یاساکاندا لەوەشەوە بۆ گەندەڵی واڵا دەکات.

دامودەزگای گشتی پێویستە دەسەڵاتە ئارەزووکارییەکەی بە شێوازێکی پۆزەتیڤ ئەنجام بدات، واتە تەنیا ئەو ئامانجانە بەدەست بێنێت کە بۆ بەدیهێنانیان دەسەڵاتی پێدراوەو دەبێت بەلادا دانەشکێنێت و تەنیا ئەو فاکتەرانە بەکار بهێنێت کە پەیوەندییان بە مەسەلەکەوە هەیە، هەروەها رێز لە پرینسیپی یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا بگرێت و بە خێرایی بڕیارەکان دەربکات و رێزی پرینسیپە گشتییەکان بگرێت، بەڵام هەڵوێستە تایبەتەکانیش رەچاو بکات.

کاتێك دامودەزگای گشتی بڕیار لە مەسەلەیەکی تایبەت دەدات پێویستە پابەندی پرۆسەکارێکی دروست بێت: لایەنەکان لە شێوازی بڕیارەکە ئاگادار بکات کە سەبارەت بە خواستەکەیە، گوێ لە لایەنەکە بگرێت و ئەو راستی و دەربڕینانەی کە دەیخاتە روو رەچاو بکات، هۆی دەرکردنی بڕیارەکە ئاشکرا بکات. ئەو لایەنەی کە پرۆسەکاری چاوپیاگێڕانەوە دژ بە بڕیارەکە بەکار دێنێت ئاگادار بکات. بە گشتی پرۆسەکاری چالاکییەکانی دامودەزگا پێویستە لە یاسادا بنووسرێت، نەك بە سەپاندن بن یان دانرێن بۆ ئارەزووکاریی وەزیرەکان یان دامەزراوەکانی تری دەوڵەت.

وردبینی کارێکی پێویستە و لەتەك ئەو کارئەنجامدانە رێکوپێك و پابەندبوون بە یاسای گشتی پرۆسەکاری کارگێڕی و یاسا تایبەتەکانی کارگێڕیدا دەگونجێت، بە تایبەتی لە بواری باج و گومرگ و مەسەلە ناوخۆییەکاندا. پرۆسەکە پرۆسەکارە کارگێڕییە ناوخۆییەکانیش دەگرێتەوە و ئەوەش دەخوازێت کە هەموو پرۆسەکارەکان دەبێت بە نووسین یان لە کۆمپیوتەردا هەڵگیرابن. رێساکانی لەمەڕ زانیاری سەبارەت بە گەندەڵی (ئاگادارکردنەوە) پێویستن تاوەکو کارمەندانی حکومەت هان بدرێن کە لە هەندێك بارودۆخدا پێشێلکاریی ئەوانەی سەروو خۆیان بخەنە روو.

سیاسەتی سەرکەوتووی حکومەت سەبارەت بە دژە گەندەڵی لە لێکدانی ئەو ئامرازو چالاکییانە پێکهاتووە کە بە شێوەیەکی هاوبەش گونجاون و لە بوارە کارگێڕییەکاندا بەدەم بارودۆخەکانەوە دەچن. هەموو شێوازەکانی پاراستن و میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردن پێویستە لە چوارچێوەی پێکهاتەی هەنووکەیی ئابووری، سیاسی، یاسایی، رێکخراوەیی و وەگەڕخستندا رێکخرابن. لە بەدەمەوەچوونی پێداویستییە هەنووکەییەکاندا، پێویستە ئەم میکانیزمانە بۆ پێداویستییە مۆدێرنەکانی رەوتی کۆمەڵگەی ئەوروپایی بە پلان کرابن و بۆ میکانیزمە شیاوەکانی دەوڵەت بگونجێن. بۆیە دەبێت کۆنترۆڵێکی ناوخۆیی باش رێکخراو بۆ کارگێڕی و چاودێریی دەرەکی هەبێت. هەروەها پیشەوایەتی و کارگێڕییەکی شیاو لەسەر بنەمای ستاندەرو ئەزموونە نێونەتەوەییەکان پێویستە. چوارچێوە کارە یاساییەکان لە چەقی ستراتیژییەکانی دژە گەندەڵییەوە. یاساکان، بە تایبەتی یاسای تاوان هەروەها یاسای کارگێڕیی گشتی، ستاندەرە سەرەکییەکانی رەفتارکاری کارمەندانی حکومەت پێناسە دەکەن. لەبەر ئەوە پیاچوونەوەیەکی دوورودرێژی ئەم دۆکیومێنتانە کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی سیستمەکە هاوکێشەیی تێدا بێت. یاسا و رێسا و رێنماییە یاساییەکان بە شێوازی لێکۆڵینەوە و حوکمدان بەسەر تاوانکاردا جێبەجێ دەکرێن. پێداچوونەوەی سیاسەتی جێبەجێکردنی یاساش کارێکی پێویستە. دەبێت پرۆسەی ئاگادارکردنەوە و دۆزینەوە و لێکۆڵینەوەو دادوەری و سزادانی بەدڕەفتاری و گەندەڵی لەسەر بنەمای پابەندبوونی تەواو بێت بەو رێسا یاساییانەوە کە لەگەڵ ستاندەرە دانراوە ئەوروپاییەکاندا گونجاون. پرۆسەکاری ناوخۆیی پێویستە بۆ بڕیاردان لە راستییەکان بێت نەك شوێنی یاسا بگیرێتەوە.

رەشنووسی یاسای نوێی تاوان ژمارەیەك بەندی نوێی تێدایە سەبارەت بە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنان یان دزینی دارایی گشتی لە بوودجە یان لە بەدابینکاریی گشتییەکاندا و گەندەڵیی تایبەت بە کاری پارێزەران و سیستمی پاراستنی تەندروستی و پەروەردە و راگەیاندنی گشتی و میدیا و فرتوفێڵکردن لە ئەنجامەکانی پێشبڕکێ وەرزشییەکاندا. کۆمەڵێك لە بەندەکانی یاسا (بەندەکانی 256 – 265) بارودۆخی هەنووکەیی وڵات دەخەنە روو نەك وەڵامێکی شیاوی بەسیستمکراو بن بۆ ئەو کێشانەی کە پەیوەندییان بە گەندەڵی و بەرتیل و گەلێك لەو چالاکییە هەلبازییانەی بواری خزمەتگوزاریی گشتییەوە هەیە. جێگەی داخە، رەشنووسی یاسای

تاوان گەلێك شتی تێدا فەرامۆش کراوە. پێدەچێت تا رادەیەك توند بێت لەبەر ئەوە پێویستی بە روونکردنەوەی زیاترو بەردەوامی پێدان هەیە. ئامرازی یاسایی بۆ بەربەستکردنی گەندەڵی دەبێت بەرفراوانترو بەسیستمکراوتر بێت و پەیوەندییە هاوبەشەکانی دەبێت بەهێزتر بن و راستەوخۆ کێشەکانی تریش رێك بخات وەك ناکۆکیی نێوان بەرژەوەندییەکان و شتی دی لەو جۆرە. لەبەر ئەوە گەر یاسای تاوان بەو شێوەیەی ئێستا بیری لێدەکاتەوە پاراستنی ئەوانە مسۆگەر بکات، ئەوا یاسایەکی نوێ سەبارەت بە گەندەڵی و ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان پێویستە. یاسا نوێیەکە پرۆسە تایبەتەکانی تاوانبارکردن بۆ گشت خزمەتگوزارییە گشتییەکان دیاری دەکات، بە تایبەتی بۆ فەرمانبەرە گەورەکانی حکومەت و کەسایەتییە ناودارەکان و بەڕێوەبەرانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، لە کاتێکدا کە ئەوانە لە چوارچێوەی ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان و رەفتارە گەندەڵییەکانی دیکەدا کار بکەن.

پێویستە یاسایەکی نوێ سەبارەت بە کارئەنجامدانی کارمەندانی حکومەت لەسەر بنەمای ئەزموونی وڵاتانی دی دەربکرێت. شانبەشانی دەرکردنی ئەو یاسایەی کە لەمەڕ کارئەنجامدانە و چوارچێوە ئاکارییەکان بۆ گشت کارمەندانی حکومەت دابین دەکات، پێویستە حکومەت کاری پێویست ئەنجام بدات بۆ مسۆگەرکردنی کارلێکی نێوان چەمکی دەزگا گشتییەکان لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی و پرۆسەکارە دیاریکراوەکان و ئەو چەمکەی لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی ئاکاری و یەکبوونە. لەبەر ئەوە لە بەربەستکردنی گەندەڵیدا پێویستە حکومەت بە توندی جەخت بکاتە سەر دەقی تەواوی یاسا و لە هەمان کاتیشدا بەرەوپێشبردنی ئەنجامدانی یاسا کە ئەوەش بنەمای ئاکاری بۆ گشت خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت دابین دەکات. پێویستە تێگەیشتن هەبێت بۆ پەیوەندیی نێوان: 1) دامودەزگایەکی گشتیی بەنێوەندکراو کە لەسەر بنەمای یاسا و گوێڕایەڵییە و، 2) ئەو خزمەتگوزارییە گشتییەی کە لەسەر بنەمای پرۆسە و تەواوگیرییە. لەلایەکی ترەوە ئەو چوارچێوە ئاکارییەی لەسەر بنەمای ئەو ئاواتانەن کە بەدەستهێنانیان سەختە و هەروەها هاندان لە مۆدێلێکی گەشەپێدراوی دامودەزگای گشتی کە ئەنجامدان بنەمای بێت و ئەوەش کرۆکی خزمەتگوزاریی گشتیی مۆدێرنە. دەسەڵاتی رەهای دەوڵەت نابێتە بناغە بۆ گۆڕانکاری. پێویستە ئاکارەکان پەسەند بکەین، نەك هەر تەنیا مسۆگەرکردنی کارپێکردنی یاسامان لا مەبەست بێت.

سەر راستی و پیشەوەری و پابەندبوون، بەها بنچینەییەکانی گشت دامودەزگا گشتییە مۆدێرنەکانە. ئەوەش بواری یەکسان بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پاراستنی کەمایەتییەکان و یەکسانی لە بەردەم یاسادا پتر دەکات. پێویستە بەها کۆنەکانی دامودەزگا گشتییەکان (یاسایی و دیسپلین و دڵسۆزی بۆ کار) بخرێنە پاڵ بەها نوێیەکان (شیاوی و روونی و هوشیاریی سەبارەت بە مافەکانی هاووڵاتی)، کە ئەمانەش خواستە کۆمەڵایەتییەکان دەخەنە روو هەروەها گۆڕان لە ئاواتەکانی هاووڵاتییاندا و گۆڕانکاری لە شێوازو تەکنیکەکانی کارگێڕیی گشتی.

یاسای ئاکار یاخود یاسای کارئەنجامدان و رێنمایی یاسایی سەبارەت بە رەفتاری کارمەندانی حکومەت شتێکی پێویستن گەر بارودۆخی وڵات رەچاو بکەین. دەشێت ئەو یاسایە وەك بڕیارێکی حکومەتی دەربکرێت. دروستکردنی پێکهاتە ژێرخانەییەکی ئاکار پێویستی بە هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ مەشقکردن و دانانی ستاندەرو کارگێریی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی بارودۆخێکی کارگێڕی کە ئاکارەکان وەبەرچاو دەگرێت و کاریگەرییەکی لەبار (پۆزەتیڤ) لەسەر پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە

زوویی هەستی پێدەکرێت. کاتێك هاووڵاتییان دەبینن کە خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ بەرژەوەندیی گشتی بەکار دەهێنرێن ئەوسا متمانەیان بە دامەزراوە گشتییەکان و دامەزرێنەرانی دەبێت. لەم بارەی ئێستای ئێمەدا هەندێك نوێکردنەوە پێویستە بۆ بنیاتنانی چوارچێوەیەکی ئاکاری بەرفراوان. لە سەدەی رابردوودا ئەو رێکخستنە بە نانێوەندکراوەی کۆمەڵگەکەمان دەشێت هەندێك ئایدیا دابین بکات کە نەریتی باون و لە مێشکماندا دروست بوون. یەکبوون و دامودەزگای گشتی دوور لە گەندەڵی و کارکردنی رۆژانەی کارمەندانی حکومەت لەسەر بنەما ئاکارەکان شتێکی سەرەکییە بۆ بنیاتنانی سیستمێکی بە نانێوەندنەکراوی مۆدێرن کە دەبێتە پێناسەیەکی کەسایەتیی دامەزراوە گشتییەکانی خوارەوە و متمانەی هاووڵاتییان بەو دامەزراوانە بەهێز دەکات.

بڕیاری سیاسیی پتەوو بەهێزی ئەم حکومەتەی ئێستا گرنگییەکی گەورەی هەیە. دەبێت بکرێتە کارێکی رەسمی و لە رێی چالاکیی گونجاوەوە بە دواداچوونی هەبێت. چاکسازیی دامودەزگاکان ناتوانرێت ئەنجام بدرێت بە بێ ئەو چالاکییە رێکخراوانەی کە بۆ بەربەستکردنی گەندەڵین.

لەم دەوروبەرەی ئێمەدا کە ئارەزووی نهێنکارییە، پێویستە پشتگیرییەکی بەهێز لە روونی بکرێت و چەند کارئەنجامدانێکی سەرەکی پێویستن:

* گشت چالاکییەکانی کارمەندانی حکومەت دەبێت لەسەر بنەمای رێساکان بن و هۆ هەبن بۆ بڕیارلێدان، تەنیا لە هەندێك حاڵەتدا نەبێت، کە ئەویش دەبێت زۆر سنووردار بێت، رێگە بە بڕیاری ئارەزووکاری دەدرێت. پێویستە دەسەڵات و مەودای مافی بەکارهێنانی ئارەزووکاری تاوەکو ئەوپەڕی کەم بکرێتەوە چونکە ئەو مافە زەمینەیەکی بەپیت بۆ گەندەڵی دابین دەکات.
* پێویستە توانای کارگێری بۆ راستکردنەوەی زۆربەی بڕیارەکان هەبێت کە دەشێت لە رێی بەنانێوەندکردنێکی شیاوەوە جێبەجێ بکرێت.
* بڕیار لە ستاندەرەکان بدرێت بۆ سنووردارییی کاتی کارە کارگێڕییەکان.
* پرۆسەکارێکی یاسایی و رێکخراو هەبێت بۆ رێدان بە میدیاکان کە ئاگایان لە چالاکی و ئەنجامەکانی کارە کارگێڕییەکان بێت.

پێویستە ستراتیژییەکی دژە گەندەڵیی تەواو بەرفراوان دابنرێت کە پلانکارێکی لەتەکدا بێت، ئەمەش بە هاوکاریی دەزگاکانی دەوڵەتی (مەرکەزی) وەك: وەزارەتی کاروباری ناوخۆ، وەزارەتی کاروباری دەرەوە، وەزارەتی داد، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی پەیوەندییە بیانییەکانی ئابووری هەروەها خزمەتگوزاریی گومرگی فیدراڵ. پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییە پەیوەندیی باش و مەشق پێکردن و تەواو شارەزابوون لە ستراتیژیی دژە گەندەڵی بگرێتە خۆ.

پلانێکی شیاو بۆ مەشقکردن (راهێنان) بە پێی پرۆگرامی تایبەت بۆ کارمەندانی حکومەت لەسەر گشت ئاستەکان و لە هەموو بەشەکاندا توخمێکی گرنگی چاکسازییە لە دامودەزگا گشتییەکاندا هەروەك ستراتیژیی جەنگان دژ بە گەندەڵی.

پێویستە دامەزراندنی کارمەندانی نوێ وا رێك بخرێت کە یەکسانیی تێدا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لە هەندێك بەشەکاندا ئەو دامەزراندنە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن بێت. پرۆسەی دامەزراندن لە کارێکی نوێدا بۆ ئەوانەی تازە دەستبەکار دەبن دەبێت راهێنانی زۆرەملێی بۆ ئاکارو یاسای رەفتاری باش و دژە گەندەڵی بگرێتە

خۆ. دەبێت پرۆگرامێکی بەرفراوان بۆ راهێنان و پرۆگرامێکی رۆشنبیریی شیاو بۆ ئەو دەزگاو ئاژانسانەی حکومەت دابنرێت کە پتر ئەگەری گەندەڵییان تێدایە.

راهێنانی چڕو تایبەت بۆ ئەو دەزگایانە پێویستە کە چالاکییەکانی جەنگان دژ بە گەندەڵی بگرنە خۆی وەك پۆلیس و دادگاو هێزی بەرگری.

هەڵبژاردن بۆ دامەزراندن لە دەزگاکانی حکومەتدا دەبێت لەسەر بنەمای خاوێنی تۆماری رەفتار بێت، پاشان راهێنانێکی بەرفراوان پێویستە دابین بکرێت بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە وەك دەزگای باج، خزمەتگوزاریی گومرگ، دابینکاریی گشتی، وەگەڕخستنی گشتی و هەروەها ئەو خزمەتگوزارییانەی کە تایبەتن بە هاوکاریی و بازرگانی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا کە کۆمپانیای سەر بە دەوڵەتن یان ئەوانەن کە کۆنترۆڵ کراون.

میکانیزمەکانی بەرپرسیارێتی دەبێت لە رێی یاساوە رێك بخرێن و تەواو روون بن. دەشێت گەندەڵی بە ئاسانی دیاری بکرێت. چوارچێوە یاساییەکەی بەرپرسیارێتی پێویستە تا ببێتە چوارچێوەیەك بۆ چالاکییەکانی گشت خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بڕیار لە ئەنجامی هەوڵەکانی دژە گەندەڵی بدات و ئەنجامدانی کارە یاساییە شیاوەکان مسۆگەر بکات. پێویستە لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ دژە گەندەڵی پێکبهێنرێت و دەسەڵاتی ئەوەی بدرێتێ کە گروپی کارکردنی تایبەت بۆ جەنگان دژ بە گەندەڵی لە هەندێك لە بەشەکاندا دابنێت. ئەو لیژنەیە بە شێوەیەکی سەربەخۆ یاخود وەك پشتگیریکردن لە چالاکییەکانی دەزگا ئەنجامدەرەکانی دی چالاکییەکانی ئەنجام دەدات. لێکدانی پرۆسەکارەکان شتێکی پێویستە گەر دەوروبەرە گشتییەکانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان وەبەرچاو بگرین. هەروەها پێویستە ستراتیژیی دژە گەندەڵیی دەوڵەت توانای هەندێك لە رێکخراوە ناحکومییەکان (NGOs) و یەکێتییە بازرگانییەکانیش بگرێتە خۆ. هاوکاریی نێوان حکومەت و رێکخراوە ناحکومییەکان و یەکێتییەکان کارێکی هاوبەشی بەهێز دابین دەکات و بەدەستهێنانی جۆرێتییەکی باش و ئەنجامدانی کارەکانی جەنگان دژ بە گەندەڵیش خێرا دەکات. هەروەها یاسا نوێیەکە پێویستە ئەوە بخوازێت کە گشت کارمەندە پلە بەرزەکانی حکومەت باری دارایی و دەرامەت و موڵك و سەرمایە بازرگانییەکانیان تۆمار بکەن.

پێویست وایە پرۆسەکارە کارگێڕی و چاودێرییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان و گشتگیر گەشە پێبدرێن کە ئەمەش کارمەندی بەرپرسیار دەستنیشان دەکات بۆ دۆزینەوەی رەفتاری بەدوور لە ستاندەرەکان و پرۆسەکارەکانی پارێزگاریی و سزادان دەهێنێتە گۆڕێ.

چاکسازی لە دامودەزگا گشتییەکاندا دەبێت لەسەر بنەمای ئەزموونی وڵاتەکانی دی ئەنجام بدرێت هەروەها سیستمێکی گەشەپێدراو بۆ جەنگان دژ بە گەندەڵی. بەوجۆرە پێویستە گشت شێوە دیارو نادیارەکانی گەندەڵی بە تاوانێکی خراپەکاری بخرێتە روو. سەرەڕای ئەوەش گشت شێوەکانی تری گەندەڵی وەك گەندەڵیی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەروەها لە هەندێك بارودۆخدا هەوڵدان بۆ گەندەڵی دەشێت بە تاوانێکی خراپەکاری بخرێنە روو. پێویستە یاسا نوێیەکە رێنمایی یاسایی شیاو دابین بکات.

ئەنجامی کاری کۆنترۆڵکردنی ناوخۆیی لە رێی وردبینی لە ناو وەزارەتەکان و بەشەکان و رێکخراوەکانی دیکەدا دەبێت بخرێتە بەردەستی جەماوەر. ئەو پرۆسەکارەی کە وا دەکات ئەم پرۆسەیە بشێت ئەنجام بدرێت پێویستە بخرێتە دووتوێی یاساوە و لەو رێیەشەوە پارێزگاریی لێبکرێت.

پێویستە وردبوونەوەی سەربەخۆو گشتگیر لە چالاکییەکانی دامودەزگا گشتییەکان لەسەر گشت ئاستەکان بە چەند شێوازێك بکرێتە کارێکی دامەزراوەیی. سەرەڕای لیژنەی پەرلەمان، ئەوەش پێویستە کە وردبینییەکی دەرەکیی سەربەخۆ لەلایەن باشترین ئاژانسی وردبینیو لێکۆڵینەوە بۆ حسابەکان ئەنجام بدرێت. دەسەڵاتی دادوەریی هەردوو دامەزراوەکە دەبێت بخرێتە ناو تەواوی دامودەزگا گشتییەکانەوە. ئەنجامەکانی وردبینیو لێکۆڵینەوە پێویستە بەلای کەمەوە ساڵی جارێك بڵاو بکرێنەوە.

پێویستە شیتەڵکارییەکی تەواوی نشوستییەکانو ڕەوتە تاوانکارییەکانو ڕەفتارە نائاکارییەکانی ڕژێمی پێشوو بکرێت. پێویستە پرۆگرامێکی دژە گەندەڵی لە دوای تەواوکردنی شیتەڵکارییەکە دەست پێبکرێتو دەبێت ئەو پرۆگرامە بەکەڵکی کارکردنێك خێرا بێتو بەزەیی تێدا نەبێت، گەر گشت جۆرەکانی گەندەڵیو هۆو ئەنجامەکانو ئەو سزایانەی بڕیاریان لێدەدرێتو جێبەجێ دەکرێن دیاری نەکرێن ئەوا ستراتیژیی دژە گەندەڵی سەرکەوتوو نابێت. کارێکی پێویستە کە دامەزراوەیەکی نێوەندی دیاری بکرێت بۆ ڕێکخستنی جێبەجێکردنی ئەو کارانەی پەیوەندییان بە گەندەڵییەوە هەیە لەسەر بنەمای چوارچێوەیەکی یاسایی گونجاو هەروەها بۆ دابینکردنی ڕێنماییە گشتییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆو بۆ دانانی سیاسەتێکی پارێزگاری لە گشت دەزگاو ڕێکخراوەکانی دامودەزگا گشتییەکان.

هەروەها پێویستیشە گشت ڕێکخراوە ناحکومییە پەیوەندارەکانو ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشدار بکرێن لە ئامادەکردنی سیاسەتێکی گونجاوو بنیاتنانی قابیلییەکی تێکڕای جەماوەر لەسەر خۆپاراستن لە گەندەڵیو هەروەها ستراتیژییەك بۆ کاری بەربەستکردن لەسەر ئاستی وڵاتو هەرێمو خۆ گەر پێویستیش بکات لەسەر ئاستی تاکە ڕێکخراوەکانیش.

پێویست بەوە دەکات "پەیمانگەی دامودەزگای گشتی" هەبێت. پەروەردە بەو پێیەی کە زانیاری زیاد دەکاتو گەشە بە تواناکان دەدات لە سنووری دامودەزگا گشتییەکاندا بۆتە توخمی سەرەکیی ستراتیژیی چاکسازیی دامودەزگا گشتییەکان. پێویستە گەشە بە توانا نوێیەکان بدرێت بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانکاریی سەرەکیو گۆڕانکاری لە ڕەفتاردا. ستراتیژیی دژە گەندەڵی پێویستی بە سیستمێکی تایبەتی وردو ڕێکخراوو بەنێوەندکراوو ستاندەر هەیە بۆ دروستکردنی خێراو کاریگەریی تواناکانو زانیاری. ئەمەش تەواو حکومەت بەهێز دەکات لە چالاکییەکانیدا بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیی دژە گەندەڵی. سەرەڕای ئەوەش یارمەتیی وەزارەتەکانو ئاژانسەکانی تر دەدات کە بە باشی لە سیاسەتی جەنگان دژ بە گەندەڵی بگەنو جێبەجێی بکەن. پەیمانگەکە پلانێکی ڕۆشنبیری بۆ تەواو بەشەکان دابنێت کە توخمەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانی لەمەڕ دژە گەندەڵیی تێدا بێت لەسەر بنەمای پرۆگرامە هاوچەشنەکانی وڵاتانی دی. هەروەها پێویستە پەیمانگەی دامودەزگای گشتی توانای ئەوەی هەبێت کە چەندین پرۆگرامی ڕۆشنبیری تایبەت دابنێت لەسەر بنەمای ئەزموونە جیهانییەکان کە بە پێی پێداویستیی دامەزراوەکان گونجێنرابن.

لەناو ریزی پۆلیسی سربیادا پێویستە هێزی کاری پۆلیس پاك بکرێتەوە لە ڕێی دوورخستنەوەی ئەو پۆلیسانەوە کە لە تاوانو گەندەڵییەوە دەگلێن، ئەوانە چیدی جێیان لەنێو دامەزراوەیەکدا نابێتەوە کە ئەرکی جەنگان بێت دژ بە تاوانو گەندەڵی. هەر کەس لەوان گەندەڵییان لەسەر ساغ ببێتەوە دەدرێنە دادگا. ئەمەش نیشانەیەکی توندو تەمێکەرە بۆ ئەوانی دی کە گەندەڵی سوودی نییەو سەرکردایەتی هێزی پۆلیس بە ڕاستی بڕیاری بەربەستکردنی گەندەڵی داوە.

پێویستە سیستمێکی ناوخۆیی و کۆنترۆڵی دیسیپلین دابنرێت، کە ئەوە لە رابردوودا گەر بەکار بهاتایە ئەنجامی باشتریشی دەبوو. رۆژ لە دوای رۆژ کارێکی سوودبەخشتر دەبێت گەر ئەو سیستمە ناوخۆییەی کۆنترۆڵکردن بگۆڕرێت بە یەکەیەکی رێکخراوەیی تایبەت لە ناو هێزی پۆلیسدا (پۆلیس لەناو پۆلیسدا) کە بە شێوەیەکی داخراو مامەڵەی ئەو چالاکییە نایاساییانەی ئەندامانی هێزی پۆلیس دەکات کە ئاشکرا دەبن.

لەم بوارەدا کۆسپی گەورە لە بەردەم ئاشکراکردن و بەربەستکردنی گەندەڵیدا ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن "یاسای بێدەنگی" یاخود پشتگیریی پیشەوەری و ئەو رێسا نەنووسراوەیە کە گوایە نابێت خەبەر لە هاوڕێکار بدرێت لە کاتی پێشێلکردنی دیسیپلین یاخود تاوانکاریدا و نابێت شایەتی لەسەر بدرێت.

بۆ جەنگان دژ بە گەندەڵی لەناو هێزی پۆلیسدا پێویستە ئەو میکانیزمی کۆنترۆڵە دەرەکییەی کە هەیە بخرێتە گەڕ و هەندێك شێوەی نوێی کۆنترۆڵی مەدەنی وەك لێکۆڵینەوە دابمەزرێنرێت.

پێویستە سربیا ئەم دامەزراوەیە بخاتە گەڕ و لەنێو چوارچێوەکەیدا لێکۆڵەرەوەیەك بە شێوەیەکی داخراو بەرپرسیار بێت لە پۆلیس. یەکێك لە هۆکارەکانی جەنگان دژ بە گەندەڵی ئەوەیە کە پێی دەوترێت یاسای ئاکاری پۆلیس کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، پاشان لە ژمارەیەك وڵاتی وەك (کەنەدا، فەرەنسا، ئینگلتەرە و وێڵز، سلۆڤانیا، ...... تاد.) دەرچوو.

پێویستە شێوازەکان و ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی ئەو دامەزراوانە باش بکرێن کە پەیوەندییان بە رۆشنبیریی پۆلیسەوە هەیە. تەنانەت "ئارچیباڵد رەیز" گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە پێویستە رۆشنبیرکردنی پۆلیس "گەلێك بایەخداتر بێت لە هی کەسانی تر" چونکە بەرپرسیارێتیی ئەوان گەورەترە و پیشەکەیان "گران و ناسك و زۆرجاریش مەترسیدارە"، لەبەر ئەوە پۆلیس "ناتوانرێت بە خێرایی دروست بکرێت". لە هەموو گرنگتر بۆ خۆپاراستن و بەربەستکردنی گەندەڵی لەناو هێزی پۆلیسدا، بوونی ویست و ئارەزووی سیاسییە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. بە بێ ئەوە، تەنانەت گەر کارێکی دیاریکراو دەست پێبکرێت، نابێت چاوەڕوانی سەرکەوتنێکی راست بین. جەنگی دژ بە گەندەڵی تەنیا کاتێك دەشێت ببرێتەوە کە سەرکردەکان و حکومەت ویست و ئارەزوویان هەبێت کە ئەو مەترسییە سیاسییە بگرنە ئەستۆ کە رابردوو راگرن و ئەو دامەزراوانە بنیات بنێن کە لە رێی ئەوانەوە ئابوورییەکی سەردەم لە بازاڕێکی ئازاددا دادەمەزرێت.

بێگومان بەستنەوەی یۆگۆسلاڤیا بە پرۆگرامە نێودەوڵەتییەکانی دژە گەندەڵییەوە سوودی دەبێت لە بەربەستکردنی گەندەڵیدا، کە بە زۆری لە شێوەی تاوانی رێکخراودایە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەشدا. گەندەڵی هاندەرە بۆ تاوانی رێکخراو کە بە قۆناغی دووەمی ئەو کارە دادەنرێت.

لە بواری ئاگاداریی تەندروستیدا پێویستە ژمارەیەك کار ئەنجام بدرێت هەروەك ئەوانەی لە بواری دامودەزگا گشتییەکانی ترو بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا ئەنجام دەدرێن، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك کار هەن تایبەتن بە بواری ئاگاداریی تەندروستییەوە. بێجگە لە توندترکردنی کارە سزاییەکان، بۆ ئەوەی ئاستی گەندەڵی لە بواری ئاگاداریی تەندروستیدا بێتە خوارەوە، پێویستی سیستمی دڵنیایی و پاراستنی تەندروستی چاك بکرێت تاوەکو شێوازی ئەم دیسیپلینە بەرەو کێبڕکێ ببرێت. بۆ ئەوەی بەشی ئاگاداریی تەندروستی بە شێوەیەکی بەربەست نەکراو کار بکات پێویستە رۆڵی دەوڵەت کەم بکرێتەوە تاوەکو هانی کێبڕکێ بدرێت. پێویستە رۆڵی دەوڵەت ببێتە رێکخستنی ئەم بوارە و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی رێنماییە یاساییەکان. دەوڵەت بڕیار لە رێساکانی کارەکە دەدات لە رێی دەرکردنی یاسای دڵنیایی و پاراستنی تەندروستییەوە. کاری

www.pertwk.com

دەوڵەت دەبێت سەپێنەرێكی بێلایەن بێتو خواستی ئەوە بێت گشت لایەنەكان پەیڕەوی ڕێساكان بكەنو هیچ لایەنێك لە پێشتر دانەنێت هەروەك ئەوەی كە ئەمڕۆ دەكرێت. بەهەرحاڵ بۆ ئەوەی كێبڕكێ لە بازاڕی ئاگاداریی تەندروستیدا هەبێت پێویستە پارەی دڵنیایی تەندروستی لەلایەن دەزگا داراییە سەربەخۆكانەوە بێت كە دەستە كارگێڕییەكانیان لیژنەیەكی جێبەجێكەر دادەنێتو بڕیار لە بڕی پارەی پاداشتی دڵنیاییو ئاستی سوودەكانی سەبارەت بە پلانی دڵنیایی هەڵبژێراوەوە دەدات. ئەوەش پێویستە كە كێبڕكێ لە نێوان دامەزراوە پزیشكییەكانی دەوڵەت هەروەها لە نێوان بەشە پزیشكییە تایبەتەكانو ئەوانەی دەوڵەتدا دروست بكرێت. هەروەها لە ڕێی گۆڕینی شێوازی پارەدان بە كارمەندانی پزیشكی، دەكرێت ئەوانەی لە دامەزراوە پزیشكییەكاندا كار دەكەن لەسەر كێبڕكێ هان بدرێن. بەم جۆرە بارودۆخێكی وا دروست دەكرێت كە ستافی تەندروستی هاندەریان هەبێت بۆ جۆرێتییەكی بەرزترو بەو جۆرەش بۆ كارێكی سوودبەخشتر لە رووی ئابوورییەوە. نابێت مووچەكانیان دیاریكراو بێت، بەڵكو دەبێت بە پێی ئەزموونو جۆرێتیی كار بێت.

خاوەن پیشەی پزیشكی ئەو كەسەیە كە پێویستە یارمەتیی تەندروستی بۆ نەخۆش دابین بكات تاوەكو بە پێی بنەمای پزیشكییەكان چاك ببێتەوەو ئاگاداری راستەقینەی پرۆسەی بایەخپێدانی پزیشكی بخاتە روو. پێویستە نەخۆش متمانەی بە پزیشك هەبێت، ئەمەش پەیوەندییەكی ئاكاریی تەواوی نێوان پزیشكو نەخۆش دروست دەكات. هەموو كەسێك توانای ئەوەی نییە بەدەم ئەو خواستانەوە بچێت كە لە پراكتیزەكردنی پزیشكییەوە سەرهەڵدەدات، لەبەر ئەوە پێویستە، هەروەك بنەمایەكی سەرەكیی هەڵبژاردنی خوێندكاران بۆ بواری پزیشكی، توانای سایكۆلۆژی یان بەهێزیی ئاكاری كەسێتیو ئامادەیی بۆ خۆبێبەشكردن لە گەلێك شتو خۆتەرخانكردن بۆ كار رەچاو بكرێت.

پێویستە دەركردنی یاساكانی ئاكار جەخت لەسەر ئەوە بكات كە كارمەندی پزیشكی دەبێت چی بكاتو چی نەكات لە هەر بارودۆخێكدا. گەر پێشكات ئەوانە هەڵنەبژێررێن كە كاری پزیشكی ئەنجام دەدەن نەك هەر جەنگانی دژ بە گەندەڵی بەڵكو جەنگان دژ بە پراكتیزەكردنی پزیشكیی ناشیاویش ئەنجامی پۆزەتیڤی نابێت.

دامەزراوە سەربەخۆكانی دژە گەندەڵی:

سەرەڕای دەزگاكانی دەوڵەت كە بە شێوەیەكی بەردەوامو بە پێی كارەكانیان، وەك پۆلیسو دادگا، بە پێی شێوازێكی تایبەت مامەڵەی گەندەڵی دەكەن، هۆی دامەزراندنی دەزگای نوێ نەبوونی ئامادەییە لەلای ئەو دەزگایانەی كە هەن تاوەكو بە سەركەوتوویی مامەڵەی گەندەڵی بكەن ئەوەش لە ئەنجامی: 1) نەبوونی تواناو راهێنانە لەسەر چۆنێتیی ململانێ لەتەك گەندەڵیدا، یاخود 2) بەشداربوونی خۆیان لە گەندەڵیدا. هەرچەندە هۆی یەكەم كاریگەریی گەورەی هەیە، بەڵام لە سربیا هۆی دووەمیان زاڵە. لەم جۆرە بارودۆخەدا وا چاكە دەزگای نوێ دابمەزرێنرێت كە تۆمارێكی خاوێنیان هەبێتو زانیاریو توانایەكی تایبەتیان پێدرابێت.

ئاژانس:

لەم ساڵانەدا گەلێك وڵات ئاژانس یان كۆمسیۆنی دژە گەندەڵییان دروست كردووە بۆ ئەوەی شێوازی نوێ بۆ بەربەستكردنی گەندەڵی ببیننەوە. لەو بوارەدا سەركەوتن كەم بوو و بە پێچەوانەوە نشوستی رووی دا كاتێك ئاژانسەكان (كۆمسیۆنەكان) خراپ رێكخرابوون، یان كاتێك كە مەبەستی دروستبوونیان بە زۆری بەرەوپێشبردن

بوو.

پرسیاری سەرەکی لە کاتی دامەزراندنی ئاژانسی دژە گەندەڵیدا ئەوەیە کە چۆن سەربەخۆ بوون لە سیاسەت یاخود لە هۆکارە سیاسییەکان مسۆگەر دەکرێت کە دەشێت ئەوە خۆی بەشێك بێت لە بازنەی گەندەڵییەکە. بێگومان سەربەخۆیی تەواو نییە چونکە هەر دەبێت کەسێك ئەو ئاژانسە دابمەزرێنێت و رێساکانی دیاری بکات و پاڵپشتی دارایی بکات و کارەکانی کۆنترۆڵ بکات. بۆ ئەوەی ئاژانس سەرکەوتوو بێت وا چاکە پەیوەندی بە کەسێکی کاریگەرەوە هەبێت (سەرۆك یاخود سەرەك وەزیران) کە بەرپرسیارێتیی جەنگانی دژ بە گەندەڵیی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمە مەترسیدارە چونکە کەسێکی دی دەشێت ئەو پۆستە وەربگرێت، ئەو کەسەش کەمتر چالاکە یاخود کەسێکە دەشێت گەندەڵ بکرێت. پاشان ئاژانسەکە دەشێت وەك ئامرازێك دژ بە رکەبەرە سیاسییەکان یان تەنانەت وەك هۆکارێکی فشارو گەندەڵیش بەکار بهێنرێت. لەبەر ئەوە ئاژانسی دژە گەندەڵی پێویستە سەر بە ئەنجومەنی سربیا بێت و چالاکییەکانی لەژێر چاودێریی دادگای بالادا بێت. بارودۆخی لەبار بۆ دامەزراندنی ئەو جۆرە ئاژانسە لە سربیا لەو راستییەدا خۆی دەنوێنێت کە هیچ لایەنێك کۆنترۆڵی ئەنجومەنی لە دەستدا نییە. لەبەر ئەوە هیچ کەس لە هەڵوێستێکی وادا نییە کە کارمەندێکی گوێڕایەڵی لایەنێك دیاری بکات بۆ سەرۆکایەتیی ئەو ئاژانسە کە ئەمەش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە هۆی گومان دروستکردن لە ئاژانسەکە.

مەسەلەیەکی گرنگی دی دەسەلاتی ئاژانسەکەیە. دەشێت رۆشنبیری و خۆپارێزی بێت، یاخود لێکۆڵەر بێت. چاکتر وایە هەردوو جۆرەکە بێت بە پێی ئەو نموونەیەی کە لە هۆنگ کۆنگ هەیە. کاری لێکۆڵینەوە مانای بوونی ئەو مافەی کە بەڵگەنامەکان بخرێنە بەردەستی هەروەها مافی شایەت بانگکردن و پرسیارلێکردنی.

بۆ ئەوەی ئاژانسەکە سەرکەوتوو بێت لە کارەکەیدا، پێویستە پشتگیرییەکی سیاسیی بەهێز یاخود سەربەخۆیی مسۆگەر بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لەو چالاکییانە بکۆڵێتەوە کە لە ئاستی هێزی بەرزو سەرچاوە تەواوەکان و پرۆسە پێویستەکانی مافدان.

پێویستە یەکەی هاوشێوە لەو لقانەی دامودەزگا گشتییەکاندا دابمەزرێنرێت کە ئەگەری گەندەڵییان تێدایە یاخود گەندەڵی تیایاندا تەشەنەی کردووە. ئەو یەکانە دەبێت سەربەخۆییان کەمتر بێت لە سەربەخۆیی ئاژانسە سەرەکییەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت رۆڵێکی پۆزەتیڤ ببینن لە بەرگریکردنی گەندەڵیی ناو دامودەزگا گشتییەکاندا گەر نیازباشی لەلایەن وەزیری پەیوەندارو ئاژانسە سەرەکییەکەوە هەبێت.

کۆنترۆڵی سەرەکی:

بەشە جێبەجێکەرەکەی حکومەت کە هەردەم لەژێر بەهێزترین فشاری گەندەڵیدایە و گەورەترین ئەگەر هەیە بۆ ئەوەی لە گەندەڵییەوە بگلێت پێویستی بە چاودێریی دەرەکی هەیە. ئەنجومەن ئەو دەسەلاتەی هەیە، بەڵام نوێنەرەکان زۆرجار هێندە شیاو نین بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە بەجێ بهێنن و بەشی جێبەجێکردنیش بەو پێیەی کە بوارێکی باشتری بۆ گەیشتن بە زانیاری هەیە دەتوانێت ئەنجومەن بە هەڵە ببات. لەبەر ئەوە ئەنجومەن پێویستی بە دەستەیەك هەیە کە بەردەوام مامەڵە لەتەك داهاتی دەوڵەت و خەرجییەکانیدا بکات و وردبینییان بکات. بوودجەی دەوڵەت لە هەر وڵاتێکدا شتێکی گەلێك گرنگە لەبەر ئەوە خەرجکردنی دەبێت بسپێررێت بە دەستپاکیی حکومەت و کارمەندەکانی. هەر لەبەر ئەوەشە کە لە گەلێك وڵاتدا دەزگای لەو جۆرە پێکهێنراون کە

سەربەخۆن لە حکومەت و کاری سەرپەرشتیی خەرجکردنی پارەی بوودجەی دەکەن نەك هەر هی دەسەڵاتە نێوەندەکان بەڵکو هی دەسەڵاتە ناوخۆییەکان و کۆمپانیاکانی دەوڵەتیش.

ئەم دەزگایە دەشێت پێی بوترێت کۆنترۆڵی سەرەکی لەسەر شێوەی ئەو دامەزراوە کۆنەی کە نزیکەی سەدەو نیوێك بەر لە ئێستا دامەزرابوو. هەڵبژاردنی کۆنترۆڵکەری سەرەکی وەك سەرۆکی کۆنترۆڵی سەرەکی دەبێت لەلایەن ئەنجومەنەوە بێت و بڕیاریش لەسەر ئەو پارەیە بدات کە پێویستە بۆ کارکردنی کۆنترۆڵی سەرەکی. سەرەڕای کۆنترۆڵکردنی خەرجکردنی بوودجەو پارەکانی تری دەوڵەت دەشێت ببێتە دادگای بوودجە وەك دەزگایەکی ئەزموونداری شیتەڵکاری دەوڵەت یان هەر شتێکی لەو جۆرە.

بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و مسۆگەرکردنی شیاوی دەزگای گۆنترۆڵی سەرەکی پێویستە بنەمایەکی یاسایی هەبێت لە دەستوورو یاساکانداو سەربەخۆیی کارکردن و ڕێکخراوەیی و دارایی هەبێت و مافەکانی پرۆسەو سەرچاوەی تەواوی وردبینیی گشت حسابەکانی دەوڵەتی هەبێت و بتوانێت بە ئازادی دەرەنجامەکان بۆ ئەنجومەن و بۆ جەماوەر ئاشکرا بکات و بۆ وردبینیی ستاندەرە نێودەوڵەتییەکان بەکار بێنێت.

لێکۆڵەر:

حکومەتی نوێی سربیا لەبەر چەند هۆیەك وەگەڕخستنی دامەزراوەی لێکۆڵەری ڕەچاو کرد، لەناو ئەو هۆیانەدا ڕۆڵی لە جەنگاندا دژ بە گەندەڵی لە هەموویان گرنگترە.

لێکۆڵەر پارێزەری خەڵکەو لەلایەن هاووڵاتییانەوە پەیوەندیی پێوە دەکرێت بۆ سکاڵا دەربڕین لە کاری دامودەزگاکانی دەوڵەت یان دامەزراوەکانی تر، هەر کاتێك کە وەك پێویست کارەکانیان ئەنجام نەداو لە ڕێی ئاساییەوە مافێکی تایبەت بەدەست نەهات یاخود مافێك پێشێلکرا یان بەربەستی لە بەردەمدا بوو. لێکۆڵە لەو بڕیارانە دەکۆڵێتەوە کە دژ بە یاسان یان دژ بە ڕێساو ڕێنماییە یاساییەکانەو لەتەك پرۆسەکارە ئاساییەکاندا ناگونجێن، هەروەها ئەو بڕیارانەی کە بەلادا داشکاندنیان تێدایە یان ناڕەوان و جیاوازکارییان تێدایە، هەروەها دەرنەکردنی ئەو بڕیارانەی کە پێویست یان دوا خستنیان و کەمتەرخەمی و بێتوانایی لە کاری دامودەزگاکاندا. لێکۆڵەر دەتوانێت گشت بەڵگەنامە حکومەتییەکان داوا بکات تاوەکو بتوانێت لە سکاڵاکان بکۆڵێتەوە. لێکۆڵەر چالاکیی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی ئاسایی ناگرێتە ئەستۆ بەڵکو هەوڵی وردبوونەوە لە هەڵەی دامودەزگاکان دەدات تاوەکو ڕاست بکرێنەوە.

پێویستە لێکۆڵەر تەواو سەربەخۆ بێت بە تایبەتی لە دەسەڵاتە ڕەسمییەکان تاوەکو سەرکەوتوو بێت و هاووڵاتییان متمانەی پێبکەن، متمانەی هاووڵاتییان مەرجی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی لێکۆڵەر.

پلانی کارکردن:

تێکۆشانی سەرکەوتووانەی دژ بە گەندەڵی پێویستی بە ڕێبازێکی بەرفراوان و کاری بەردەوام و جێبەجێکردنێکی بەهێز هەیە لەسەر بنەمای ئەو ڕێساو بەرپرسیارێتییانەی پێشتر بڕیاریان لێدراوە. توخمە بنچینەییەکانی پرۆگرامی دژە گەندەڵی ئەمانەن:

1) بڕیار: مەرجی پێشینەی سەرەکی بۆ جەنگان دژ بە گەندەڵی بڕیاردانی سەرکردایەتیی سیاسیی وڵات و گشت دەزگا پارمەتیدەرەکان و خواستی ئاشکرایانە بۆ جەنگان دژ بە گەندەڵی لەسەر بنەمای هوشیاری

لەمەڕ کاریگەریی نێگەتیڤی گەندەڵی لەسەر شیاوی و تەواوگیریی کاری دەزگا گشتییەکان و لەوەشەوە لەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی.

2) بەرپرسیارێتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی سربیا: ئەنجومەنی نیشتمانیی سربیا وەك دەربڕێك خواست و دەسەڵاتی جەماوەر، بە بەربەستی سەرەکی دادەنرێت بۆ گەندەڵی و هەروەها گرنگترین هۆکارە بۆ جەنگان لە پێناوی کارگێڕییەکی باشدا لە دژی گەندەڵی، دوو ئەرکە سەرەکییەکەی بریتین لە ئەرکی یاسایی و سەرپەرشتیکردنی کاری بەشی جێبەجێکردن.

3) بەرپرسیارێتیی حکومەت: کاری جەنگان دژ بە گەندەڵی بەرپرسیارێتی حکومەتی کۆماری سربیا و حکومەتی فیدراڵە لە سنووری دەسەڵاتەکەیدا. ئەوان پێویستە جەنگان دژ بە گەندەڵی وەك یەکێك لە کارە لەپێشینەکانیان دابنێن تاوەکو بە شێوەیەکی بەردەوام لە ڕێی دامەزراوەکانی دەوڵەت و هەروەها پێشنیازکردنی چاکسازیی دامەزراوەیی ئەو کارە ئەنجام بدەن.

4) ئاوڕدانەوەیەك لە رابردوو: بەمەش حکومەت لە گشت مەسەلە گەندەڵییە گرنگە زانراو و نەزانراوەکان دەکۆڵێتەوە کە لە ماوەی پێشوودا روویان داوە تاوەکو ئەوانەی کە ئەنجامیان داوە سزا بدرێن و ئەوەش نیشانەیەکی بەهێز بێت بۆ گشت ئەگەرێکی پێشێلکاری.

5) روونی: گشت کارێکی دەزگاکانی دەوڵەت و تاکەکسان تا ئەوپەڕی بۆ جەماوەر روون بکرێنەوە لە ڕێی ئامادەبوونی میدیاکانەوە لە دانیشتنەکانداو هەروەها بڵاوکردنەوەی راپۆرت لە بارەی کاری دەزگاکانی دەوڵەت و هیدیی لەو جۆرە.

6) بەرپرسیارێتی: بەرپرسیارێتی و لێپرسراوێتی لەمەڕ دیاریکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە لە دامودەزگا گشتییەکاندا کار دەکەن، هەر لە حکومەت و دەزگاکانی تری دەوڵەتەوە تا دەگاتە حیزبەکان و سەرکردە سیاسییەکان و گشت کارمەندانی دەزگا گشتییەکان.

7) کەمکردنەوەی بڕیاری ئارەزووکاری: ئەنجامدانی ئەوپەڕی لە ڕێسا بەدەرکردنی ڕێساکان هەر کە لە تواناادا بێت تاوەکو مافی ئارەزووکاریی دامودەزگا گشتییەکان کەم بکرێتەوە و ئەگەری بواری گەندەڵی کەم ببێتەوە.

8) ڕێسا یاساییەکان: یاسای دژە گەندەڵی دەربکرێت و یاسای تاوان تەواو بکرێت تاوەکو چالاکییە گەندەڵییەکان و هەوڵدان بۆ گەندەڵی و ئامادەکردنی بە تەواوی سزا بدرێت.

9) دابینکاریی گشتی: یاسایەك سەبارەت بە دابینکاریی گشتی دەربکرێت کە ئەو دابینکارییە لەسەر بنەمای شێوازە کێبڕکییەکان بن (تەندەرو مەزادو ...... تاد.) کە ئەمەش تایبەت دەبێت بە گشت ئەو دامەزراوانەی کە لە بوودجەو پارەی دەوڵەت سوود وەردەگرن هەروەها کۆمپانیاکانی دەوڵەت.

10) دەزگایەکی نێوەندیی سەربەخۆ بۆ کۆنترۆڵ: دامەزراندنی کۆنترۆڵی سەرەکی، دەزگایەکی سەربەخۆی سەر بە ئەنجومەنی سربیا، بۆ سەرپەرشتی و وردبینیکردنی مامەڵە داراییەکانی گشت بوودجەکان و کۆمپانیا گشتییەکان، هەروەها ئەنجامدانی ئەرکە پەیوەندارەکانی تر. لێکۆڵینەوەو سزادان دەبێت لە دەسەڵاتی حکومەت سەربەخۆ بن و لە بەردەم پشکنینی جەماوەردا بن.

11) ئاژانسی دژە گەندەڵی: لەناو ئەنجومەنی سربیادا لە دەزگایەکی تایبەت بە دژە گەندەڵی ئەم ئاژانسە کاری جەنگان دژ بە گەندەڵی ڕێك دەخات و بەڕێوەی دەبات.

www.pertwk.com

12) دەزگاکانی تری دژە گەندەڵی: لە هەندێك لە بەشەکانی دامودەزگا گشتییەکاندا، وەك پۆلیس، گومرگ، دامودەزگای باج و ئاگاداریی تەندروستیدا دەزگای تایبەتیی دژە گەندەڵی دروست بکرێت.

13) دامودەزگای چاکسازی: لەسەر بنەمای یاسای نوێی دامودەزگا گشتییەکان و پرۆسەکاری بەڕێوەبردن چاکسازی لە دامودەزگا گشتییەکاندا بکرێت.

14) گۆڕینی کارمەندان: بە تایبەتی لە شوێنە گرنگەکاندا وەك (گومرگ، پۆلیس، دادگا و دامودەزگاکانی دی) کۆمەڵێك کارمەندانی حکومەت بخرێنە شوێنی ئەوانی دی.

15) چاکسازیی دادگا: دادگاکان باش بکرێن بەرەو سەربەخۆکردنیان لە دەسەڵاتی بەشی جێبەجێکردن و هەروەها لە هی حیزب و سەرکردە سیاسییەکان.

16) چاکسازیی پۆلیس: بەهێزکردنی کۆنترۆڵی ناوخۆیی و ڕاهێنانی تایبەت بۆیان و دانانی ستاندەرە ئاکارەکان.

17) یاسای نێودەوڵەتی: بوون بە ئەندام لە ڕێکەوتننامەی دژ بە گەندەڵی (OECD)ی ساڵی 1977دا.

18) هاوکاریی نێودەوڵەتی: دابینکردنی هاوکاریی دەوڵەت و دامەزراوەکانی دی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەتەك هاوکارە نێودەوڵەتییەکاندا لە کاتی جەنگان دژ بە گەندەڵیدا.

19) ڕۆشنبیری: چالاکیی ڕاهێنانی درێژخایەن و کورتخایەن بۆ هەندێك لە خزمەتگوزارییە تایبەتەکان و کارمەندانی حکومەت و هاووڵاتییان سەبارەت بە هۆکارەکانی گەندەڵی و کاریگەرییە زیانبەخشەکانی و شێوازەکانی جەنگان دژ بەو دیاردەیە، هەروەها دانانی ناوەرۆکێکی تایبەت لە پرۆگرامی پەروەردەیی قوتابخانەکاندا.

20) ستاندەرەکانی ئاکار: دانانی پێوەرەکانی ئاکار بۆ ڕەفتاری باش و بەرجەستەکردنیان لە یاسادا.

21) میدیا سەربەخۆکان: میدیا سەربەخۆکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە دروستکردنی فشاردا دژ بە گەندەڵیی فەرمانبەرانی حکومەت و چاکترین ڕۆڵی دەبێت لە گەشەپێدانی هوشیاریدا سەبارەت بە جۆر و مەودا و کاریگەرییە زیانبەخشەکانی گەندەڵی. دەکرێت شاڵاوی ڕاگەیاندن و پرۆگرامی تایبەت و زنجیرەی بەڵگەنامەیی دەربارەی دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا ڕێك بخرێت. هەروەها ڕاپۆرت دەربارەی چالاکیی دەزگا کارامەکان و دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان... تاد پێشکەش بکرێن.

22) چالاکیی هاندان و شاڵاوە مەیدانییەکان: بۆ هاندانی جەنگان دژ بە گەندەڵی دەشێت لە دامەزراوە گرنگەکاندا پۆستەر و ئەو باجانەی کە پەیامێکی گونجاویان تێدایە و بڵاوکراوە و بابەتەکانی دیکەی پروپاگەندە و "هەفتەی دژە گەندەڵی" و شتی دی لەو جۆرە بەکار بهێنرێت.

23) چالاکیی توێژینەوە: ئەنجامدان توێژینەوەی بەردەوام و چالاکییە پسپۆرییەکانی دیکە سەبارەت بە کێشەی گەندەڵی و کۆڕ و کۆبوونەوە و شتی دی لەو جۆرە هان بدرێن، هەروەها بڕیاردانە ئەزموونییەکان لەمەڕ بەرەوپێشچوون لە بواری دژە بە گەندەڵیدا لە ڕێی ڕاپرسیی جەماوەرییەوە ڕۆڵێکی تایبەتیی هەیە.